حکومەتی هەرێمی کوردستان/ عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی کۆمەڵناسی

# کەلتووری مەسیحییەکان

## توێژینەوەیەکی ئەنسرۆپۆلۆجی کەلتوورییە لە شاری سلێمانی و کۆیە

خوێندکار

جەزا حەمەصاڵح والي

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە (کۆمەڵناسی – ئەنثرۆپۆلۆجیا)دا

بەسەرپەرشتی

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. نجاة محمد فرج

٢٧١٧کوردی ٢٠١٧ زاینی ١٤٣٨ کۆچی

(( فالأنثروبولوجيا تُمسِكُ بِمرآةٍ ضخمةٍ أمام الانسانِ وتُتيحُ له النظرَ الى نفسِهِ، ليرى ما فيه من اختلافاتٍ لا حَدّ لها ...))

كلايد كلوكهون

( الانسان في المرآة )

(١٩٤٩)

hewalname.com/ku/

کاتێك ئێوە لێکۆڵینەوە لە هەر بابەتێك دەکەن، تەنها ئەو پرسیارە لەخۆتان بکەن، حەقیقەتەکان چین و ئەو ڕاستیانە چین کە ئەو حەقیقەتە دەسەلمێنن؟ تەنها سەیری فاکتەکان بکەن و بزانن چین؟

**Bertrand Russell**

**ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە:**

- **دایکم سومبوولی مرۆڤێکی چەوساوە**
- **ڕۆحی دکتۆر ( شاکر مصطفى سليم ) و دکتۆر ( قيس النوری )کە پێشەنگی زانسی ئەنسرۆپۆلۆجیان لە عێراقدا.**
- **پێشکەشە بە سەرپەرشتیاری ئەم توێژینەوەیە بەڕێز د. نجاة محمد فرج ، مامۆستایەکی دڵسۆز و لەخۆبوردوو**
- **پێشکەشە بە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی و زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، کە دوو بەشی بەسوود و گرنگن بۆ کۆمەڵگەی کوردستانی.**
- **ڕۆحی سێ کەسایەتی بەسوودی مەسیحییەکانی سلێمانی بەڕێزان:**

**( کەریمی عەلەکە، قەشە یوسف پەری، مامۆستا ولیەم یۆحەننا ).**

hewalname.com/ku/

**جەزا حەمەصاڵح والي**

# سوپاس و پیزانین


**لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا مەبەستمە سوپاسی ئەم بەڕێزانە بکەم کە هاوکارم بوون لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا.**

- **سوپاسی بێپایانی مامۆستای دڵسۆز بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر( د. نجاة محمد فرج) دەکەم، کە ئەرکی سەرپەرشتی ئەم توێژینەوەیەی لە ئەستۆ گرت، بەو پەڕی تواناوە هاوکار و ڕێنیشاندەرم بوو، هەمیشە سوپاسی(ماندووبوونی، هاندانەکانی، ڕێنمایی و سەرنج و تێبینییەکانی) دەکەم.**
- **سوپاسی سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی بەڕێز دکتۆر ( ئارام علی فرج)دەکەم، کە لە هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە و پێدانی سەرچاوەدا هاوکاری کردم.**
- **سوپاسی بەڕێزان: پرۆفیسۆر دکتۆر (جەزا تۆفیق طالب) و پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر(سلیم بطرس) و دکتۆر (جوان بەختیار) و دکتۆر (محمد شوانی ) و دکتۆر (عبدالله خورشید)دەکەم، کە لەپێدانی سەرچاوەدا هاوکارییان کردم.**
- **سوپاسی بەڕێز دکتۆر (هاوژین صلیوە عیسا) دەکەم، مامۆستای بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی کۆیە، کە هاوکاری کردم لە دروستکردنی پەیوەندی پیشەیی لەگەڵ مەسیحییەکانی کۆیە و گوندی هەرمۆتە.**
- **سوپاسی بەڕێز دکتۆر(ڕۆژان نوری عبدالله)دەکەم، مامۆستا لەبەشی کوردی زانکۆی کۆیە، کە پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ توێژینەوەکەم ئەنجامدا.**
- **سوپاس بۆ بەڕێز (کامەران ئیسحاق پەری) کە لە پێدانی زانیاری دەربارەی کەلتووری مەسیحییەکانی سلێمانیدا هاوکاری زۆری کردم.**
- **سوپاسی بەڕێزان: قەشە ( أیمن عزیز هورمز) و قەشەی کەنیسەی (ماریوسف) لە سلێمانی و قەشە (دنحا تۆما یوسف) قەشەی کەنیسەی (مریم العذراء) لە گوندی هەرمۆتە دەکەم.**
- **سوپاسی هەموو ئەو مەسیحییانەی شاری سلێمانی و کۆیە و گوندی هەرمۆتە دەکەم، کە چاوپێکەوتنم لەگەڵدا ئەنجام داوون و ماندووم کردوون.**

**جەزا حەمەصاڵح والی**


hewalname.com/ku/

## پێڕستی بابەتەکان


| بابەت | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|
| بڕیاری سەرپەرشتیار | |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | |
| ئەنثرۆپۆلۆجیا- وتەیەکی کلایدکلوکهون | أ |
| پێشکەشە | ب |
| سوپاس و پێزانین | ج |
| پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی کوردی | ١-٢ |
| بەشی یەکەم<br>ڕەگەزە گشتییەکانی توێژینەوەکە و سیستەمی ئیکۆلۆجی | ٣-٣٧ |
| باسی یەکەم<br>ڕەگەزە گشتییەکانی توێژینەوەکە | ٤- ١١ |
| ١- بابەتی توێژینەوەکە | ٤ |
| ٢- گرنگی توێژینەوەکە | ٥ |
| ٣- ئامانجی توێژینەوەکە | ٦ |
| ٤- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ٦ |
| ٥- میتۆدی توێژینەوەکە | ٧ - ٨ |
| ٦- شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری | ٩ - ١٠ |
| ٧- بوارەکانی توێژینەوەکە | ١٠- ١١ |
| باسی دووەم<br>سیستەمی ئیکۆلۆجی شاری سلێمانی و کۆیە | ١٢- ٣٧ |
| ئیکۆلۆجیا | ١٢- ١٣ |
| یەکەم: سیستەمی ئیکۆلۆجی شاری سلێمانی | ١٤- ٢٧ |
| دووەم: سیستەمی ئیکۆلۆجی قەزای کۆیە | ٢٧- ٣٧ |
| بەشی دووەم<br>کەلتووری مەسیحییەکانی شاری سلێمانی | ٣٨- ١٦١ |
| کەلتوور | ٣٩- ٤٢ |
| باسی یەکەم<br>توخمەکانی کەلتووری مەعنەوی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی | ٤٣- ١٤٣ |
| یەکەم: زمان | ٤٣- ٤٨ |
| دووەم: ئاین | ٤٨- ٧٢ |
| سێیەم: توخمەکانی کەلتووری کۆمەڵایەتی | ٧٣- ١٢٣ |

| | |
|---|---|
| چوارەم: پەروەردە | ١٢٣– ١٢٨ |
| پێنجەم: هونەر | ١٢٩– ١٣٣ |
| شەشەم: پزیشکی میللی و تەندروستی | ١٣٤– ١٣٦ |
| حەوتەم: ڕەفتاری سیاسی | ١٣٧– ١٤١ |
| هەشتەم: کۆچ | ١٤١– ١٤٣ |
| **باسی دووەم**<br>**توخمەکانی کەلتووری مادی مەسیحییەکانی سلێمانی** | ١٤٤– ١٦١ |
| **بەشی سێیەم**<br>**کەلتووری مەسیحییەکانی کۆیە و گوندی هەرمۆتە** | ١٦٢– ٢٤٥ |
| **باسی یەکەم**<br>**توخمەکانی کەلتووری مەعنەوی مەسیحییەکانی کۆیە و گوندی هەرمۆتە** | ١٦٤– ٢٢٥ |
| یەکەم: زمان | ١٦٤– ١٦٧ |
| دووەم: ئاین | ١٦٧– ١٧٨ |
| سێیەم: توخمەکانی کەلتووری کۆمەڵایەتی | ١٧٩– ٢١٠ |
| چوارەم: پەروەردە | ٢١٠– ٢١٥ |
| پێنجەم: هونەر | ٢١٥– ٢٢٠ |
| شەشەم: پزیشکی میللی و تەندروستی | ٢٢٠– ٢٢٣ |
| حەوتەم: ڕەفتاری سیاسی | ٢٢٣– ٢٢٤ |
| هەشتەم: کۆچ | ٢٢٥ |
| **باسی دووەم**<br>**توخمەکانی کەلتووری مادی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە** | ٢٢٥– ٢٤٥ |
| **بەشی چوارەم**<br>**ئەنجام و دەرەنجامی توێژینەوەکە و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان** | ٢٤٦– ٢٨٦ |
| یەکەم: ئەنجام و دەرئەنجام | ٢٤٧– ٢٦٤ |
| ئەنجام و دەرەنجام (خاڵە هاوبەشەکانی سلێمانی و کۆیە) | ٢٤٧– ٢٥٩ |
| جیاوازییە کەلتوورییەکانی نێوان کەلتووری مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە | ٢٦٠– ٢٦٤ |
| دووەم: ڕاسپاردەکان | ٢٦٥– ٢٦٦ |
| سێیەم: پێشنیارەکان | ٢٦٧ |
| چوارەم: سەرچاوەکان | ٢٦٨– ٢٧٦ |
| سەرچاوە کوردییەکان | ٢٦٨– ٢٧٠ |
| سەرچاوە عەرەبییەکان | ٢٧١– ٢٧٦ |
| سەرچاوە ئینگلیزییەکان: | ٢٧٦ |
| چاوپێکەوتنەکان | ٢٧٧– ٢٧٩ |


hewalname.com/ru

| | |
|---|---|
| بەڕێوەبەرایەتی و چاپەمەنییە حکومییەکان | ٢٨٠ |
| پاشکۆکان | ٢٨١ –٢٨٦ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی | ٢٨٧ –٢٨٨ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | ٢٨٩ –٢٩١ |


# پێڕستی خشتەکان


| ژمارە | ناونیشان | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | تێکڕای مانگانە و وەرزانە و ساڵانەی بەرزترین و نزمترین پلەکانی گەرمی لە شاری سلێمانی لە ساڵی (٢٠٠٥ – ٢٠١٦) نیشان دەدات | ١٧ |
| ٢ | تێکڕای کۆی باران بارینی وەرزانە و ساڵانە لە شاری سلێمانی بۆ ماوەی ساڵانی ( ٢٠٠٥–٢٠١٥ ) نیشان دەدات | ١٨ |
| ٣ | درێژی ڕێگا سەرەکییەکانی پارێزگای سلێمانی بە(کم) نیشان دەدات | ١٨ |
| ٤ | ژمارەی مەسیحییەکان لە سەرژمێری ساڵەکانی(١٩٤٧، ١٩٥٧ ،١٩٧٧) نیشان دەدات | ٢٤ |
| ٥ | ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی بەپێی دابەشبوونی ئاینی لەسەرژمێری دانیشتوان ساڵی( ١٩٥٧) نیشان دەدات | ٢٥ |
| ٦ | ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بەپێی ئاین ساڵی (١٩٧٧ ) نیشان دەدات | ٢٦ |
| ٧ | نەتەوەی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی لەسەر ژمێری ساڵی(١٩٧٧)نیشان دەدات | ٢٦ |
| ٨ | ژمارەی لەدایکبوون و مردنی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی لە ساڵی (٢٠١٠– ٢٠١٧) نیشان دەدات | ٢٧ |
| ٩ | تێکڕای ساڵانەی بەرزترین و نزمترین پلەکانی گەرما لە شاری کۆیە و گوندی هەرمۆتە لە ساڵی (٢٠٠٥ – ٢٠١٦) نیشان دەدات | ٢٩ |
| ١٠ | تێکڕای کۆی باران بارینی وەرزانە و ساڵانە لەشاری کۆیە بۆ ماوەی ساڵانی (٢٠٠٥ – ٢٠١٥) نیشان دەدات | ٣٠ |
| ١١ | ژمارە ی دانیشتوانی گوندی هەرمۆتە لە سەرژمێری ساڵی (١٩٤٧ ) و (١٩٥٧) | ٣٥ |
| ١٢ | سەرجەمی دانیشتووان و ژمارەی مەسیحیەکان لە گەڕەکەکانی ناوەندی قەزای کۆیە لە ساڵەکانی (١٩٤٧) و (١٩٥٧) نیشان دەدات | ٣٥ |
| ١٣ | کۆی گشتی ژمارەی مەسیحییەکانی ناوەندی قەزای کۆیە و گوندی هەرمۆتە بەپێی سەر ژمێری ساڵەکانی(١٩٤٧) و (١٩٥٧). نیشان دەدات | ٣٥ |
| ١٤ | تەمەنی دانیشتووانی گوندی هەرمۆتە نیشان دەدات | ٣٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | **ژمارەی لە دایکبوون و مردنی مەسیحییەکانی کۆیە و گوندی هەرمۆتە نیشان دەدات** | **٣٧** |
| ١٦ | **زمانی دایکی دانیشتووانی شاری سلێمانی نیشان دەدات، بە پێی سەرژمێری دانیشتووان لە ساڵی (١٩٥٧) نیشان دەدات** | **٤٦** |
| ١٧ | **ژمارەی هاوسەرگیری مەسیحییەکانی شاری سلێمانی لە ساڵی (٢٠١٠-٢٠١٧) نیشاندەدات** | **٨١** |
| ١٨ | **ژمارەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی خوێندنگای گوندی هەرمۆتە نیشان دەدات** | **٢١١** |
| ١٩ | **ئاست و ژمارەی بڕوانامەی مەسیحییەکانی هەرمۆتە نیشان دەدات** | **٢١٢** |
| ٢٠ | **ژمارە و جۆری دوکانی مەسیحییەکانی کۆیە نیشان دەدات** | **٢٢٦** |
| ٢١ | **ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی گوندی هەرمۆتە نیشان دەدات** | **٢٢٧** |
| ٢٢ | **ژمارە و جۆری دوکانی مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە نیشان دەدات** | **٢٢٨** |


hewalname.com/ku/

## پوختەی توێژینەوەکە

کەلتوور و سیستەمی کەلتووری بابەتێکی سەرەکی ئەنسرۆپۆلۆجیایە، توێژینەوە لە کەلتووری گەلان و کەلتووری پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان و کەلتووری خەڵکی ناوچەیەکی دیاریکراو، بابەتێکی گرنگ و سەرەکی توێژینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجیای کەلتوورییە.

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:( کەلتووری مەسیحییەکان )-توێژینەوەیەکی مەیدانی ئەنسرۆپۆلۆجی کەلتوورییە، لە شاری سلێمانی و قەزای کۆیە. بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە (کەلتووری مەسیحییەکان)ی (شاری سلێمانی و قەزای کۆیە و گوندی هەرمۆتە)یە،چونکە مەسیحییەکانی شاری سلێمانی و کۆیە، پێکهاتەیەکی ئاینی و نەتەوەیین و تایبەتمەندی ئاینی و نەتەوەیی و کەلتوورییان هەیە. ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی توێژینەوەی (وەسفی و مێژوویی و بەراوردکاری) ئەنجام دراوە و بە ووردی باسی کەلتووری مەسیحییەکانی شاری سلێمانی و کۆیە دەکات.

گرنگترین ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و تێبینی بە بەشداریکردن لە مەراسیم و بۆنە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانیان) کە بە شێوەیەکی بابەتی و بێلایەنی، زانیارییەکان کۆکراوەتەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوەیان بۆ کراوە. لەم توێژینەوەیەدا زانیاری و مەعریفەیەکی واقعی و حەقیقی، لە سەر کەلتووری مەسیحییەکانی شاری سلێمانی و کۆیە، خراوەتە ڕوو.

hewalname.com/ku/

ئەم توێژینەوەیە، لە (چوار) بەش پێکهاتووە، هەر بەشێك لە (دوو) باس پێکهاتووە:-

بەشی یەکەم: باسی ( ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوە و سیستەمی ئیکۆلۆجی) دەکات و لە (دوو) باس پێکهاتووە: لە باسی یەکەمدا" ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوە دەستنیشانکراوە کە بریتین لە: ( بابەتی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، کۆمەڵگەی توێژینەوە، میتۆدی توێژینەوە، ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان، ڕەهەندەکانی توێژینەوە.)

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: زانینی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی کەلتووری مەسیحییەکانی شاری سلێمانی و قەزای کۆیە. لە باسی دووەمدا" باسی سیستەمی ئیکۆلۆجی شاری سلێمانی و قەزای کۆیە ئەکات و هەروەها پێکهاتەی نەتەوەیی و ژمارەی مەسیحییەکان لە شاری سلێمانی و کۆیە ڕوونکراوەتەوە.

بەشی دووەم: باس و وەسفی کەلتووری مەسیحییەکانی شاری سلێمانی دەکات و لە (دوو) باس پێکهاتووە: باسی یەکەم: وەسفی توخمەکانی کەلتووری مەعنەوی

مەسیحییەکانی شاری سلێمانی دەکات، کە پێکهاتووە لە: (زمان، سرووتی ئایینی، توخمەکانی کەلتووری کۆمەڵایەتی، دابونەریتی هاوسەرگیری و خێزان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پەروەردە، هونەر، کۆچ، چالاکی و ڕەفتاری سیاسی، پزیشکی میللی، یاسا و کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی). لە باسی دووەمدا" وەسفی توخمەکانی کەلتووری مادی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی دەکات کە پێکهاتووە لە:( پیشە، ئاستی ئابووری، دابەشکردنی کار، هاوبەشی لە کار و کەسابەت، کڕین و فرۆشتن، بەکرێدان، موڵکایەتی، دابەشکردنی میرات، هاوکاری کۆمەڵایەتی، جلوبەرگ، خشڵ، شێواز و پێکهاتەی خانوو، شوێنەوار، کەلوپەلی ناوماڵ، خۆراك و خواردن و خواردنەوە، نەریتی خواردن و خواردنەوە، بەرهەمهێنان، ئامێر و تەکنۆلۆجیا، درەخت و ڕۆنی زەیتوون، دەستنووس، دیاری گۆڕینەوە، ئامێرەکانی گواستنەوە، )

لە بەشی سێیەمدا" وەسفی کەلتووری مەسیحییەکانی قەزای کۆیە دەکات و لە (دوو) باس پێکهاتووە:باسی یەکەم: وەسفی توخمەکانی کەلتووری مەعنەوی مەسیحییەکانی کۆیە دەکات، کە پێکهاتووە لە: (زمان، سرووتی ئایینی، توخمەکانی کەلتووری کۆمەڵایەتی، دابونەریتی هاوسەرگیری و خێزان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پەروەردە، هونەر، کۆچ، چالاکی و ڕەفتاری سیاسی، پزیشکی میللی، یاسا و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی). لە باسی دووەمدا" وەسفی توخمەکانی کەلتووری مادی مەسیحییەکانی کۆیە دەکات کە پێکهاتووە لە:( پیشە، ئاستی ئابووری، دابەشکردنی کار، هاوبەشی لە کار و کەسابەت، کڕین و فرۆشتن، بەکرێدان، موڵکایەتی، دابەشکردنی میرات، هاوکاری کۆمەڵایەتی، جلوبەرگ، خشڵ، شێواز و پێکهاتەی خانوو، شوێنەوار، کەلوپەلی ناوماڵ، خۆراك و خواردن و خواردنەوە، نەریتی خواردن و خواردنەوە، بەرهەمهێنان، ئامێر و تەکنۆلۆجیا، درەخت و ڕۆنی زەیتوون، دەستنووس، دیاری گۆڕینەوە، ئامێرەکانی گواستنەوە، ئامێرەکانی کشتوکاڵ کردن )

لە بەشی چوارەمدا ئەنجام و دەرئەنجامەکان و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە نووسراوە.دوای شیکردنەوەی چاوپێکەوتنەکان و زانیارییەکان گەیشتینە چەند ئەنجام و دەرئەنجامێك، کە تێیدا تایبەتمەندییەکانی کەلتووری مەسیحییەکانی شاری سلێمانی و کۆیە و جیاوازییە کەلتووریەکانی نێوان مەسیحییەکانی شاری سلێمانی و قەزای کۆیە دەستنیشان کراوە. لەبەر ڕۆشنیای دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر کۆمەڵێك پێشنیار و ڕاسپاردەی خستووەتەڕوو، کە کۆمەڵگە و وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەت و زانکۆکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان ودەزگاکانی توێژینەوە، دەتوانن سوودی لێوەربگرن.

hewalname.com/ku

hewalname.com/ku/

# بەشی یەکەم

## ڕەگەزە گشتییەکانی توێژینەوەکە و سیستەمی ئیکۆلۆجی

## باسی یەکەم: ڕەگەزە گشتییەکانی توێژینەوەکە

زانایانی ئەنسرۆپۆلۆجیا و زانستە کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر ئەوە هاوڕان، کە پێویستە توێژەر پلان و ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوە دەستنیشان بکات، چونکە گرنگی و پەیوەندی و هەنگاوەکانی لەماوەی کاری مەیدانی توێژینەوەکەیدا، ئاڕاستە دەکات[1]، ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:-

### ١- بابەتی توێژینەوە:

بابەتی توێژینەوە دوو پرسیاری سەرەکی لەخۆ دەگرێت، یەکەم: توێژەر دەیەوێت چی بزانێت؟، دووەم: باشترین ڕێگاکانی بەدەستهێنانی ئەو زانیاریانە چین؟، واتە توێژەر دەبێت بۆ توێژینەوە بابەتێکی ورد و دیاریکراو هەڵبژێرێت، نەك بابەتێکی تێکەڵ و فرە ڕەهەند[2]، بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: (کەلتووری مەسیحییەکان) لە شاری سلێمانی و کۆیە، ئەم توێژینەوەیە لە دیدگا و میتۆدی (ئەنسرۆپۆلۆجیای کەلتوورییەوە)*، وەسف و شیکاری کەلتوور و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاینی و ڕەوشی پەروەردەیی و هونەریی و سیاسی مەسیحییەکان لە شاری (سلێمانی و کۆیە)دا دەکات.

hewalname.com/ku

---

[1] - فتحية محمد ابراهيم، مصطفى حمدي الشنواني، مدخل الى مناهج البحث في علم الانسان، دار المريخ، السعودية، ١٩٨٨، ص١٠٣.

[2] - نفس المصدر، ص ١٠٤-١٠٥.

* - **ئەنسرۆپۆلۆجیای کەلتووری- Cultural Anthropology :** ئەو زانستەیە کە لێکۆڵینەوە دەکات لە داهێنانەکانی کۆمەڵگە، ئامرازەکانیان، ئامێرەکانیان، چەکەکانیان، جۆر و شێوازی دیزاینی خانووەکانیان و نیشتەجێبوونیان، شێواز و جۆری جلوبەرگپۆشینیان، شێوازی ڕازاندنەوە و ئەو خشڵ و جوانکارییانەی بەکاریدەهێنن، هونەر و ئەدەبیاتیان، داب و نەریت و چیرۆك و ئەفسانەکانیان، واتە ئەو زانستەیە کە لێکۆینەوە لەهەموو بەرهەمە ڕۆحی و مادیەکانی کۆمەڵگە دەکات، هەروەها لێکۆڵینەوە لە و وەرگرتن و خواستنی کەلتوور و گەشەی کەلتووریی و گۆڕانی کەلتووری کۆمەڵگە دەکات، لە سەرەتا و ڕیشەی دروستبوونی کەلتوور و شارستانیەت و فرەیی و جۆراوجۆریی کەلتوور و چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی شارستانیەت و کەلتوور دەکۆڵێتەوە. شاکر مصطفى سليم، قاموس الانثروبولوجيا، الطبعة الأولى، جامعة الكويت، ١٩٨١، ص ٢٢٤ . هەروەها ئەنسرۆپۆجیای کەلتووری لقێکە لە ئەنسرۆپۆلۆجیا، کە لە شێوازی ژیان و بیروباوەڕ و دابونەریت و سرووتەکانی کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە و دابەشکراوە بۆچوار بەش: ١- زانستی شوێنەوار، کە گرنگی دەدات بە شوێنەوار و لایەنە مادییەکانی کەلتوور و پرۆسەی گەشەی مێژوویی کەلتوور. ٢- ئەسنۆلۆجیا بریتییە لە لێکۆڵینەوەی جیاوازی و بەراوردکاری کەلتوورییەکان. ٣- ئەسنۆگرافیا - وەسفی کەلتووری کۆمەڵگە. ٤- زانستی زمانەوانی: گرنگی دەدات بە زمان وەك ڕەگەزێکی سەرەکی کەلتوور و وەك ئامرازێکی سەرەکی پەیوەندی مرۆڤی و ئامرازی گواستنەوەی بیروبۆچوون و گوزارشت بە وشە و ئاماژە و هێما. محمد الخطيب، الأنثروبولوجيا الثقافية، الطبعة الثانية، دار علاءالدين، سورية-دمشق، ٢٠٠٨، ص ١٦-١٩.

## ٢- گرنگی و هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەنجامدان و هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە، لەم خاڵانەدا دەخەینە ڕوو:-

أ) توێژینەوەکە بابەتێکی نوێیە و توێژینەوەی زانستی کۆمەڵناسی یان ئەنسرۆپۆلۆجی دەربارەی کەلتووری مەسیحیەکان، لە هەرێمی کوردستاندا نەکراوە. ئەم توێژینەوەیە یەکەمین توێژینەوەی زانستییە لە بواری ئەنسرۆپۆلۆجیادا، دەربارەی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە ئەنجام دەدرێت، دەبێتە توێژینەوەیەکی نوێ لە کتێبخانەی زانکۆکانی کوردستاندا و دەبێتە بناغەیەك بۆ توێژینەوەی ئایندە لەم بوارەدا، بەتایبەت لە بواری (ئەنسرۆپۆلۆجیای کەلتووریدا).

ب) مەسیحییەکان؛ پێکهاتەیەکی خۆجێیی کەلتوورین و بەشێکن لە ئایندارە سەرەکییەکانی جیهان و عێراق و کوردستان. کە پێکهاتەیەکی بنچینەیی کۆمەڵگەی کوردستانی عێراق پێکدێنن و تایبەتمەندی نەتەوەیی و ئاینیی و کەلتوورییان هەیە و بیروباوەڕ و بەها و یاسا و داب و نەریت و سرووتی تایبەتی خۆیان هەیە، گرنگە تایبەتمەندییە کەلتوورییەکانیان بزانین و لێیان تێبگەین، ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە و هەڵبژاردنی ئەم بابەتە.

ج) گرنگیدان بە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی ئاین و کەلتووره جیاوازەکانی کوردستان و کەلتووری لێبووردەیی و دیموکراسی، یەکێکە لە ئامانج و پەیامەکانی دامەزراوەی زانکۆی سلێمانی[1]، گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لەوەدایە، کە هەوڵێکە بۆ مەعریفەی ئایینناسی و لێبووردەیی ئاینی و کەلتووریی لەکوردستاندا.

د) گرنگیەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە وەسف و شیکاری تایبەتمەندییەکانی کەلتووریی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە دەکات، کە دەرئەنجام لە ستراتیجدا، دەبێتە هۆکارێکی یاریدەدەری ئەرێنی، بۆ پەیوەندیی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی کەلتوور و نەتەوە و ئایندارە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا.

هـ) ئەم توێژینەوەیە بۆ پەرلەمانی کوردستان گرنگە، بۆ زانینی کێشە یاساییەکانی مەسیحییەکان، هەروەها دەبێتە بناغەیەك بۆ پرۆژە یاسا و داڕشتنی یاسای نوێی تایبەت بە مەسیحییەکان.

و) ئەم توێژینەوەیە بۆ وەزارەتی(کاروباری کۆمەڵایەتی و پەروەردە و ئەوقاف و کاروباری ئاینی و ڕۆشنبیری و پلاندانان و مافی مرۆڤ ) و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، سودبەخش دەبێت و دەتوانن بۆ کار و پلانی خۆیان سوود لەم توێژینەوەیە وەربگرن.

ز) خاڵێکی تر لە گرنگی و سوودەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئاشنابوونی ناوەندە ئەکادیمییەکان و کۆمەڵگەیە بە گشتی، بە ئاینە جیاوازەکانی وڵاتەکەمان و پەند وەرگرتنە لە خاڵە ئەرێنییەکانی ئایینەکان و هاندانیانە بۆ قبووڵکردنی جیاوازییەکان و پێکەوەژیانی ئاشتیانە.

hewalname.com/ku/

---

[1]- سایتی زانکۆی سلێمانی: /http://univsul.edu.iq/en، About، Vission and Mission، http://univsul.edu.iq/en/mission-and-vission .

**ح)** (کەلتووری مەسیحییەکان) لە سلێمانی و کۆیە ( **وردە کەلتوور**)[*]ە لە کەلتووری گشتی کۆمەڵگەی کوردستانیدا، لە ڕوانگەی ئەنسرۆپۆلۆجیادا، گرنگە توێژینەوە لە وردە کەلتوورەکانی کۆمەڵگەکەمان بکەین، ئەمەش هۆکارێکی تر بوو بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە لە سەر کەلتووری مەسیحییەکان.

## ٣- ئامانجی توێژینەوە:

**ئامانجی توێژینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجی بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە:-** [١]

أ) وەسفی ورد و واقعی دیاردەکانی ژیانی کەلتووری مرۆڤایەتی.

ب) وەسفی سیستەمەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی.

ج) دیاریکردنی شێوازی ژیانی مرۆڤایەتی و کەلتووری .

د) دیاریکردنی بنەما و هۆکارەکانی گۆڕانی کەلتووری و گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتی.

**ئامانجە سەرەکیەکانی ئەم توێژینەوەیە، بریتین لە:-**

**أ)** وەسف و زانینی خەسڵەت و تایبەتمەندییە کەلتوورییەکانی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی و قەزای کۆیە.

**ب)** زانینی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئابووری و هونەری مەسیحییەکانی شاری سلێمانی و قەزای کۆیە.

**ج)** زانینی بەراورد و جیاوازییە کەلتووریەکانی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی و قەزای کۆیە.

**د)** زانین و دەرخستنی پرۆسەی (گۆڕانی کەلتووری) لە کەلتووری مەسیحییەکانی شاری سلێمانی و کۆیەدا.

## ٤- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لەو مەسیحییانەی کە دایك و باوك و باپیرانیان (مەسیحی)ن و لە پێناسی باری شارستانیان نوسراوە(مسیحی) و لە پێش ساڵی (٢٠٠٣)دا دانیشتوی (شاری سلێمانی) و(قەزای کۆیە) بوون و تا ئێستاش لەشاری سلێمانی و قەزای کۆیەدا دەژین، چونکە ئەمانە بەشێکن لە دانیشتوانی ڕەسەنی سلێمانی و کۆیە. واتە ئەم توێژینەوەیە مەسیحییە ئاوارەکان و ئەو مەسیحییانە ناگرێتەوە، کە لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لە ساڵی(٢٠٠٣) و ساڵانی دواتر هاتوونەتە سلێمانی و کۆیە.

---

[*]- **وردە کەلتوور** (**Sub Culture**): یان لقە کەلتووری: ئاماژەیەکە بۆ کەلتووری کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکان، کە لە کۆمەڵگەیەکی گەورەدا دەژین، وردە کەلتوور لە هەندێك توخمی کەلتووریدا، لەگەڵ کەلتووری گشتی کۆمەڵگەدا هاوبەشە، بەڵام لە بەها و بیروباوەڕ و ئاڕاستەکان و شێوازی ژیاندا، لە کەلتووری گشتی کۆمەڵگە جیاوازە، لەهەمان کاتدا وردە کەلتوور و کەلتووری گشتی پەیوەستن بەیەکەوە و بەشێوەیەکی ورد بەیەکدا چوون و پەیوەندی کەلتووری لە نێوانیاندا هەیە. أندرو ادجار وبيتر سيد جويك، موسوعة النظرية الثقافية، ترجمة: هناء الجوهري، الطبعة الأولى، المركز القومي للترجمة،القاهرة، ٢٠٠٩، ص ٢٤٠.

هەروەها لقە کەلتووری: کەلتووری تایبەتی کۆمەڵە خەڵکێکە، کە لە بەها و بیروباوەڕ و شێوازی ژیاندا هاوبەشن و جیاوازە لە کەلتووری گشتی کۆمەڵگە. نخبة من أعضاء هيئة التدريس(قسم الأنثروبولوجيا- كلية الاداب-جامعة الاسكندرية)، الانثروبولوجيا، دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٩، ص ١٢٤.

[١]- ابراهيم ناصر، الانثروبولوجيا الثقافية، الطبعة الثانية، دار الكرمل للنشر، عمان-الاردن، ١٩٨٥، ص٢٣-٢٤.



hewalname.com/ku/

## ٥- میتۆدی توێژینەوە(Methodology):

هەموو لێکۆڵینەوەیەك پێویستی بە میتۆدێك یان چەند میتۆدێکی گونجاو هەیە، لە بواری ئەنسرۆپۆلۆجیاشدا کۆمەڵێك میتۆد لە توێژینەوەدا بەکاردێن، کە هەموویان بە ( ڕێگاکانی توێژینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجی) ناودەبرێن[١].

هەروەها میتۆد ئەو ڕێگە زانستییەیە کە توێژەر بەکاریدەهێنێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و داتا مەکتەبی و مەیدانیەکان و وەسف و ڕێکخستن و شرۆڤەکردنیان[٢]، میتۆدەکانی توێژینەوە لە لێکۆڵینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجیدا ئەو ڕێگەیەیە، کە توێژەر بەکاریدەهێنێت لە لێکۆڵینەوەی کەلتوورێك، یان یان دیاردەیەك، یان کۆمەڵگەیەکی تایبەت، بۆ ئەوەی بتوانێت بگات بەئەنجامی ڕاست و دروست، لە وەسف و دەرخستنی دیاردە و توخمە کەلتوورییەکاندا[٣].

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە چەند میتۆدێکی زانستیمان بەکار هێناوە، گرنگترین میتۆدەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

### أ. میتۆدی ئەسنۆگرافی (المنهج الأثنوغرافي):

ئەم میتۆدە یەکێکە لە میتۆد و ئاڕاستە سەرەکییەکانی توێژینەوە و پەیوەستە بە ئەنسرۆپۆلۆجیای کولتوورییەوە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە گەشەسەندنی توێژینەوە کولتوورییەکاندا [٤].

ئەم میتۆدە بەکاردێت بۆ لێکۆڵینەوەی وەسفی بۆ شێوازی ژیانی کۆمەڵگەیەك یان نەتەوەیەك، یان بۆ توێژینەوە و وەسفکردن و ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییە کەلتوورییەکان، توێژەر دەتوانێت بەم میتۆدە بە شێوەیەکی بابەتی و مەیدانی و بە وردی و دیقەت وەسفی بابەتە کەلتوورییەکانی کۆمەڵگە بکات[٥].

سەرەتا لەلایەن (مالینۆفسکی و بواس)بەکارهاتووە [٦]، هەروەها ئەم میتۆدە توێژەرانی ئەنسرۆپۆلۆجیا سوودی لێوەردەگرن بۆ وەسفکردنی کۆمەڵگە و بابەتی توێژینەوەکەیان. لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی مەیدانی و بابەتی، سوودمان لە میتۆدی (وەسفی)وەرگرتووە، بۆ زانین و وەسفکردنی توخم و ڕەگەزەکانی کەلتووری مەسیحییەکان لە (شاری سلێمانی و قەزای کۆیە).

---

١- فتحية محمد ابراهيم، مصطفى حمدي الشنوانى، المصدر السابق، ص ١١٠.

٢- احسان محمد الحسن، مناهج البحث الاجتماعى،دار وائل للنشر،ط١،الأردن-عمان،٢٠٠٥،ص ١١ .

٣- فاروق أحمد مصطفى، محمد عباس ابراهيم، المناهج الأنثروبولوجية و تطبيقاتها الميدانية، دار المعرفة الجامعية، ٢٠١٠، ص ٢٠.

٤- أندرو ادجار وبيتر سيد جويك، موسوعة النظرية الثقافية، ترجمة: هناء الجوهرى، الطبعة الأولى، المركز القومى للترجمة،القاهرة، ٢٠٠٩، ص ٣٣.

٥- جوان بختيار بهاءالدين، محاضرات فى طرق البحث الانثروبولوجى، كۆرسى ماستەر، ئەنسرۆپۆلۆجيا،زانكۆى سلێمانى، بەشى كۆمەڵناسى،٢٠١٥. محمد حسين محمد شوانى، الاختلاف والتنوع في ظل التضامن الاجتماعى، رسالة الماجستير منشورة، تقدم بها الى مجلس كلية الاداب في الجامعة الموصل،٢٠٠٥، ص٨-٩. جيامبيترو جوبو، اجراء البحث الاثنوجرافي، ترجمة: محمد رشدي، المركز القومى للترجمة، الطبعة الأولى، القاهرة، ٢٠١٤، ص٢٦-٢٩.

٦- شارلوت سيمور-سميث، موسوعة علم الانسان، ترجمة: مجموعة من أساتذة علم الاجتماع، الطبعة الثانية، المركز القومى للترجة، ٢٠٠٩، ص٦٧-٦٨.



newalname.com/ku/

### ب. میتۆدی مێژوویی (Historical Method):

میتۆدی مێژووی یەکێکە لە میتۆدە سەرەکییەکانی ئەنسرۆپۆلۆجیا و (ئیدوار تایلۆر) یەکێکە لە زانایانی ئەنسرۆپۆلۆجیا کە لە توێژینەوەی کەلتووردا بەکاریهێناوە[1]، ئەم میتۆدە بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی مێژووی دروست بوونی کەلتوور و گۆڕانی کەلتووری گرنگە، لەم بوارەدا ئەنسرۆپۆلۆجستی ئەمریکی(بوان) دەڵێت: ئامانجی توێژینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجی تەنها زانینی دابونەریت و بیروباوەڕەکانی ئێستا نییە، بەڵکو گەیشتنە بەو هۆکارە مێژووییانەی کە بوونەتە هۆی دروستبوونیان و پێویستە توێژەر ئاڕاستە مێژووییەکانی هەر کەلتوورێك بزانێت[2]، توێژینەوەی مێژوویی بۆ کەلتوور کارێکی سەرەکی ئەنسرۆپۆلۆجیای کەلتوورییە، میتۆدی مێژووی گرنگی دەدات بە توێژینەوەی بنەما و دروست بوونی کەلتوور و پرۆسەی گەشە و گۆڕانی کەلتووری[3]. چونکە کەلتوور لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مێژووییە، هەر قۆناغێکی مێژوویی جۆری کەلتووری خۆی هەیە.

لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لە (میتۆدی مێژووی)وەرگرتووە بۆ ( زانین و وەسفکردنی توخم و ڕەگەزە کەلتوورییەکانی مەسیحییەکان لە ( ئێستا و ڕابردوودا) و زانینی هۆکار و ئاڕاستەکانی گەشە و گۆڕانکارییە کەلتوورییەکانیان) و وەرگرتنی زانیاری لە تۆمار و بەڵگەنامە فەرمیی و دەستنووس و شوێنەوارە مێژووییەکان و ئامێر و شتە فۆلکلۆری و کەلەپوورییەکان.

### ج. میتۆدی بەراوردکاری ( Comparative Method ):

زانایانی ئەنسرۆپۆلۆجی باسیان لە گرنگی ئەم میتۆدە کردووە و لە توێژینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجیدا بۆ بەراووردکردنی (ژیانی کۆمەڵایەتی و بەراوردی کەلتوورەکان) بەکاریانهێناوە[4]، ئەم میتۆدە لە توێژینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجیدا بۆ خستنەڕووی گەشەی مێژووی کەلتوور و لایەنە لێکچوون و جیاوازییەکانی کەلتوور بەکارهاتووە( لەنێوان یەك کۆمەڵگەدا و لە یەك کاتدا، لە نێوان چەند کۆمەڵگەیەکدا کە کەلتوورێکی هاوبەشیان هەبێت لە یەك کاتدا، لە یەك کۆمەڵگەدا و لە چەند کاتێکی جیاوازدا، لە نێوان چەند کۆمەڵگەیەك یان چەند کەلتوورێکی جیاوازدا لە هەر شوێنێك بێت)[5]. هەروەها بۆ لێکۆڵینەوە و بەراوردی نێوان دوو کەلتوور یان دوو کۆمەڵگەی جیاواز[6].

لەم توێژینەوەیەدا (میتۆدی بەراووردکاری) بەکارهاتووە، بەمەبەستی وەسفکردن و زانینی لایەنە لێکچوون و جیاوازییە کەلتوورییەکان(التشابە والاختلافات الثقافیة) لە نێوان کەلتووری مەسیحییەکانی (شاری سلێمانی) و (قەزای کۆیە).

newalname.com/ku/

---

[1]- احمد أبو زید، محاضرات في الانثروبولوجيا الثقافية،دار النهضة العربية،بيروت،١٩٧٨،ص٦٧-٧٦. قباری محمد اسماعيل، رادكليف براون،مطبعة الوادی، الناشر المعارف بالاسكندرية،١٩٧٧، ص١٨٤-١٨٥.

[2]- فتحية محمد ابراهيم، مصطفى حمدي الشنوانی، المصدر السابق، ص ١٣٠- ١٣١.

[3]- فاروق أحمد مصطفى، محمد عباس ابراهيم، المناهج الأنثروبولوجية و تطبيقاتها الميدانية، دار المعرفة الجامعية، ٢٠١٠، ص ٨٦.

[4]- قباری محمد اسماعيل، رادكليف براون،مطبعة الوادی، الناشر المعارف بالاسكندرية،١٩٧٧، ص٨٧-٨٨، ١١٧-١٢٧.

[5]- مصطفى عمر حمادة، الأنثروبولوجيا و ثقافات الشعوب، دار المعرفة الجامعية، ٢٠١٠، ص٢١.

[6]- حنفى عوض، في علم الانسان دراسات وبحوث فى ثقافة الشعوب والمجتمعات، المكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية، ٢٠١٠، ص ١٠٩. فتحية محمد ابراهيم، مصطفى حمدي الشنوانی، المصدر السابق، ص ١٤٠-١٤١.

## ٦- شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:

زانایان و توێژەرانی ئەنسرۆپۆلۆجی، بۆ جێبەجێکردنی میتۆدە زانستییەکانی توێژینەوە، لە ماوەی توێژینەوەی مەیدانیدا، بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان، چەند شێوازێك پەیڕەو دەکەن. لەم توێژینەوەیەدا گرنگترین شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکان بریتین لە:

**أ) چاوپێکەوتن(المقابلة):**

لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و ئەنسرۆپۆلۆجی مەیدانیدا، چاوپێکەوتن بە یەکێك لە ئامرازە بنەڕەتی و گرنگەکانی کۆکردنەوەی زانیاری دادەنرێت[١]. لەم توێژینەوەیەدا، چاوپێکەوتنی ناڕێکخراو (المقابلة غیر المقننة) بەکارهاتووە، چونکە:- [٢]

١- کرانەوەی(المرونة)زیاتری بۆ توێژەر تێدایە، بۆ گۆڕینی شێوازی پرسیارەکان، بەپێی تایبەتمەندی ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوە و بۆ وروژاندن و دروستکردنی پرسیاری زیاتر.

٢- بوار بۆ ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوە دەڕەخسێنێت، گوزارشت لە خۆیان بکەن.

٣- بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان لە خودی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەوە، بەمەبەستی تێگەیشتنێکی واقعی تر بۆ بابەتەکان.

لەم توێژینەوەدا چاوپێکەوتنمان بەشێوازی (ناڕێکخراو) لەگەڵ (٩٨) کەسی مەسیحی لە (شاری سلێمانی و کۆیە) ئەنجامداوە، بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری و بەئامانجی زانین و وەسفکردنی توخمەکانی کەلتووری مەسیحییەکانی شاری سلێمانی و قەزای کۆیە.

**ب)تێبینی بە بەشداریکردن (الملاحظة بالمشاركة- Participant Observation ):**

تێبینی بە بەشداریکردن ڕێگەیەکی میتۆدییە لە توێژینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجیدا، (مالینۆفسکی) بە ڕەگەزێکی سەرەکی و شێوازێکی میتۆدی دادەنێت لە توێژینەوەی مەیدانی ئەنسرۆپۆلۆجیای کەلتووری و کۆمەڵایەتی هاوچەرخدا[٣]، ڕێگە و شێوازێکی گرنگ و بنەڕەتییە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و ڕاستییەکان و زانا ئەنسرۆپۆلۆجییەکان لە توێژینەوە مەیدانییەکانیاندا بەکاریانهێناوە.[٤]

هەندێك لە زانایانی ئەنسرۆپۆلۆجی (تێبینی بە بەشداریکردن) لە توێژینەوەی مەیدانیدا وەك میتۆدێکی توێژینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجی بەکاریدەهێنن، بەمانای توێژەر بەشداری دەکات لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لە چالاکی و ڕێوڕەسمی ئاینی و کۆمەڵایەتی، کە کۆمەڵگەی توێژینەوە لە ماوەی توێژینەوەکەدا ئەنجامی دەدەن، لە میانەی ئەو بەشداریکردنەدا توێژینەوە لە کەلتوورەکەیان دەکات[٥].

---

١- احسان محمد الحسن، عبدالمنعم الحسنی، طرق البحث الاجتماعی،المصدر السابق،ص ٢٠٧، ٢١٨، ٢١٩.

٢- عبدالله محمد عبدالرحمن، محمد علی البدوي، مناهج و طرق البحث الاجتماعی، دار الطباعة الحرية، الاسكندرية، بدون سنة الطبع،ص ٣٣٥.

٣- محمد عبده محجوب واخرون، تخطيط وتطبيق البحوث الأنثروبولوجية، دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٨، الاسكندرية، ص١٦٧.

٤- عاطف وصفي، الانثروبولوجيا الاجتماعية،الطبعة الثالثة، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨١،ص ١٦٥.

٥- عاطف وصفي، الأنثروبولوجيا الثقافية، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٧١، ص٢٨٤



hetwanname.com/ku/

بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست لە مەراسیم و دابونەریت و سرووتە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان تێبگەین و تایبەتمەندییە کەلتوورییەکان بزانین، بەشێوەیەکی مەیدانی بەشداری مەراسیمە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانی مەسیحییەکانی (شاری سلێمانی و قەزای کۆیە)مان کردووە.

**ج) تێبینی ڕاستەوخۆ (الملاحظة المباشرة):**

تێبینی بە شێواز و ئامڕازێکی گرنگ دادەنرێت لە ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و ئەنسرۆپۆلۆجیدا، هەروەها زانایانی ئەنسرۆپۆلۆجیا شێوازی تێبینی بە پێویست دەزانن لە توێژینەوەی مەیدانیدا، بەتایبەت بۆ زانین و تۆمارکردن و تێگەیشتی ڕەفتار و وێنەی ڕاستەقینەی دیاردە و توخمە کەلتوورییەکان، چونکە توێژەر بە واقعی ڕەفتاری ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی لە کات و شوێن و هەڵوێستی جیاوازدا دەبینێت [١] .

بەمەبەستی زانین و تێگەیشتنی توخم و تایبەتمەندییە کەلتوورییەکانی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە، خوێندکار شێوازی (تێبینی ڕاستەوخۆ)ی بەکارهێناوە. ئەم شێوازەمان بەکارهێناوە بۆ تێبینی شێوازی ڕەفتار و چۆنیەتی جێبەجێکردنی سرووتە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان و شێواز و جۆری جلوبەرگ و خشڵ و نەریتی نان خواردن و خانوو و کەلوپەلی ناو ماڵی(مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە).

**د) تۆمارنامە و بەڵگەنامەی فەرمی(السجلات والوثائق الرسمية):**

بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری و ژمارە، دەربارەی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی و کۆیە و گوندی هەرمۆتە، لە سەردەمە مێژووییە جیاوازەکاندا، خوێندکار (تۆمارنامە و کتێب و دەستنووس و بەڵگەنامەی فەرمی و باوەڕپێکراوی) بەکار هێناوە.

hewalname.com/ku/

## ٧- بوارەکانی توێژینەوە:

لە توێژینەوەی زانستیدا پێویستە توێژەر بە وردی و ڕوونی بوارەکانی توێژینەوەکەی بنوسێت[٢]، بوارەکانی ئەم توێژینەوەیەش بریتیین لە:

**أ) بواری مرۆیی:**

بواری مرۆیی ئەم توێژنەوەیە بریتییە لە: (مەسیحیەکانی شاری سلێمانی) و ( مەسیحییەکانی قەزای کۆیە و گوندی هەرمۆتە)ئەوانەی کە بەشێوەیەکی جێگیر لە شاری سلێمانی و قەزای کۆیەدا ژیاون.

بۆ ئەوەی توێژینەوەکە بتوانێت گوزارشت لە کەلتووری مەسیحییەکانی شاری سلێمانی و قەزای کۆیە و گوندی هەرمۆتە بکات، بواری مرۆیی توێژینەوەکەمان مەسیحییەکانی هەر سێ شوێنی ناوبراو دەگرێتەوە، چونکە چاوپێکەوتن و تێبینی و بەشداریکردنەکانمان لە شاری سلێمانی و سەنتەری قەزای کۆیە و گوندی هەرمۆتەدا ئەنجام داوە.

---

١- محمد حسن غامری، المناهج الأنثروبولوجية، المركز العربي للنشر،القاهرة الحديثة للطباعة، اسكندرية، ص١١١

٢- مهدی محمد القصاص،تصميم البحث الاجتماعي،الطبعة الأولى، دار نيبور،العراق-بغداد،٢٠١٤.ص٤٧.

**ب) بواری شوێنی:**

ئەم توێژینەوەیە لە (شاری سلێمانی) و ( ناوەندی قەزای کۆیە) و (گوندی هەرمۆتە)[*] ئەنجامدراوە، چونکە شاری سلێمانی و کۆیە ناوەندێکی گرنگی بەیەکەوە ژیانی پەیڕەوانی ئاینی مەسیحی و جولەکە و ئیسلام بووە و لە ئێستاشدا ئایندارە جیاوازەکانی تێدا دەژین. هەروەها گوندی هەرمۆتەش تاقانە گوندێکە کە خەڵکەکەی بەنەژاد و بە بنەچە خەڵکی ئەو گوندەن و مەسیحین. هەروەها بەشێك لە مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە لەم گوندەوە هاتوون.

**ج) بواری کات:**

کاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە لە ( ٢٠١٦/٢/١٠) دەستی پێکردووە، تا (٢٠١٧/١١/١) واتە یەك ساڵ و هەشت مانگ. ئاڵۆزی بابەتی توێژینەوەکە و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن، وەك شێوازێکی کۆکردنەوەی زانیاریی و تێبینی بەبەشداریکردن، وایکرد بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، کاتێکی زۆرمان پێویست بێت، چونکە:-

١- کەلتوور چەمکێکی ئاڵۆزە، توێژینەوە لە کەلتووری پێکهاتەیەکی مرۆیی، کاتێکی زۆری پێویستە.
٢-بۆ ئەنجامدان و شیکردنەوەی چاوپێکەوتن، کاتێکی زۆری دەوێت.
٣- مەراسیمەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەش لەچەند مانگێکی جیاوازدا بوون، مەبەستمان بوو بەشداری تێدا بکەین.

hewalname.com/ku

[*]- گوندی هەرمۆتە: گوندێکی دێرینی مەسیحییەکانە، یەکێکە لە گوندەکانی سنوری قەزای کۆیە، لە ڕووی کارگێڕیەوە سەر بە قەزای (کۆیە)یە، دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژئاوای شاری کۆیە، بە نزیکەی (٣)کم لە سەنتەری قەزای کۆیەوە دوورە، بەڵام لەئێستادا بەپێی نەخشەی ماستەر پلانی نوێی شاری کۆیە و بەبڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی کۆیە، کە لەڕێکەوتی ( ٢٠١٢/٩/١٣ )دا، لەلایەن وەزارەتی شارەوانییەوە پەسەندکراوە، گوندی هەرمۆتە بووە بەگەڕەکێکی شاری کۆیە بەناوی (گەڕەکی هەرمۆتە).

نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر، ژمارە (١٥٣٠٤) لە ڕێکەوتی(٢٠١٢/١٠/٨) و کۆنووسی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی شارەوانی کۆیە، ژمارە (٢٦) لە ڕێکەوتی(٢٠١٢/٧/١٧)، لە پاشکۆی ژمارە(١) و (٢)دا نیشان دراوە.

لە ڕووی زمانەوانییەوە، هەرمۆتە ناوێکی ئارامیە، لە وشەی لێکدراوی زمانی سریانی(ئەرعادمۆتا) هاتووە، بەمانای خاکی مردن، ئەمەش واتایەکی گونجاوە، چونکە شەڕی خوێناوی بەهۆی هاتنی سوپای ئیسلامەوە لەم ناوچەیەدا ڕوویداوە. بۆچوونێکی تریش لەناو خەڵکی هەرمۆتەدا هەیە، کەوا (ئەڕمۆتە) بەزمانی سریانی بەواتەی ( هەنار ) دێت، مەسیحییەکانی هەرمۆتە بەهەنار دەڵێن (ئەڕمۆتە) والێکدەدرێتەوە کە گوندی هەرمۆتە ڕەزێکی زۆری هەناری لێبووە، بۆیە ناوی (هەرمۆتە)یان لێناوە. ناوی هەرمۆتە لەبنەچەدا (ئەرمۆتە)یە، بەڵام بەهۆی دیاردەی زمانەوانی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و لەزمانی کوردیدا بووە بە (هەرمۆتە). مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە ئەگەر بەزمانی سریانی لەگەڵ یەکتر قسە بکەن بە (ئەرمۆتە)ناوی دەبەن، بەڵام ئەگەر بەزمانی کوردی قسە بکەن بە(هەرمۆتە)ناوی دەبەن.:

هاوژین صلێوە، مێژووی هەرمۆتە، چاپخانەی زانا- سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٣، ل ٢٣ ،٣٠٩ .

## باسی دووەم:
## سیستەمی ئیکۆلۆجی شاری سلێمانی و قەزای کۆیە

ئیکۆلۆجیای کەلتووری یەکێکە لە بوارەکانی توێژینەوە لە ئەنسرۆپۆلۆجیای کەلتووریدا، کە گرنگی دەدات بە پەیوەندی نێوان دانیشتوان و ژینگەی سروشتی، هەوڵدەدات شیکردنەوەیەکی مادییانە بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و کەلتووری بکات، وەك دەرەنجامی خۆگونجاندنی مرۆڤ لەگەڵ بارودۆخی ژینگەیی[1] .

ئیکۆلۆجیا، لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، واتە پەیوەندی مرۆڤ بەو ژینگەی سروشتییەی تیایدا دەژی، ئەنسرۆپۆلۆجیا گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە کاریگەری گونجان و پەیوەندی کەلتوورەکان و شارستانیەتەکان، بە ژینگەی جوگرافییەوە دەدات، هەروەها لێکۆڵینەوە لە خاسیەت و تایبەتمەندی کەلتوورەکان و دابەشبوونیان بەپێی (ناوچەی جوگرافی و ژینگە سروشتییەکان) دەکات[2].

هەموو کۆمەڵگەیەك، خاك و بارودۆخی جوگرافی و ژینگەیەکی سروشتی دیاریکراوی خۆی هەیە و تێیدا دەژی، ئەو ژینگەیەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی (کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووری) هەیە، زانایانی کۆمەڵناسی و ئەنسرۆپۆلۆجیا جەخت دەکەنەوە، کە فاکتەری جوگرافی کاریگەری لە شێوە و ڕوخساری جەستەی مرۆڤ و دروستبوونی جۆرێکی دیاریکراو لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، هەروەها زانایانی ئەنسرۆپۆلۆجی لە توێژینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجیدا و لە شیکردنەوە و توێژینەوەی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان و (بونیادی کۆمەڵایەتیدا*)، بە پێویستی دەزانن توێژینەوە لە تایبەتمەندیی و فاکتەرە جوگرافی و ژینگەییەکان بکرێت[3].

کەواتە ئیکۆلۆجیا بریتییە لەو زانستەی کە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی و کارلێکی نێوان ژینگەی سروشتی و مرۆڤ دەکات، چونکە ژینگەی سروشتی کاریگەری لە دیاریکردنی جۆر و شێوازی پیشە و چالاکی مرۆیی بەتایبەت لە بواری ژیانی ئابووری و لایەنە مادییەکانی کەلتووردا دەکات[4].

هەروەها ئیکۆلۆجیا ئاماژە بۆ کاریگەری هاوبەش و دوولایەنە لە نێوان مرۆڤ و ژینگەکەیدا

---

[1]- شارلوت سيمور – سميث، موسوعة علم الانسان، ترجمة: مجموعة من أساتذة علم الاجتماع، المركز القومي للترجمة، الطبعة الثانية، ٢٠٠٩، القاهرة، ص ١٥٩.

[2]- شاكر مصطفى سليم،قاموس الانثروبولوجيا، الطبعة الأولى، جامعة الكويت، ١٩٨١، ص ٢٩٠.

*- بونیادی کۆمەڵایەتی: بریتییە لە کۆی پەیوەندی نێوان سیستەم و دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی کۆمەڵگە کە ژیانی کۆمەڵایەتی ڕێکدەخەن و لە هەندێك کاتدا کردارە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ ئاڕاستە و بەردەوام دەکەن. ئارام علی فەرەج، بونیاد و کرداری کۆمەڵایەتی وەك دوو ئاستی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسیدا،تێزی دکتۆرا،زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کۆمەڵناسی،٢٠١٣،ل١٠-١٤.

[3]- احمد أبو زيد، محاضرات في الانثروبولوجيا الثقافية،دار النهضة العربية،بيروت،١٩٧٨،ص١٠٠-١٠١

[4]- دينكن ميشيل، معجم علم الاجتماع، ترجمة: احسان محمد الحسن، دار الحرية للطباعة،دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٠،ص ١١٦.



newalname.com/ku/

دەكات، چونكە كاریگەری لە جۆری ژیان و گوزەرانی كۆمەڵگە و لایەنی ئابووری و كۆمەلایەتی و كەلتووری دەكات [1].

**سێ ڕوانگە و قوتابخانەی جیاواز پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگەی سروشتی شیدەكەنەوە:**

**١. قوتابخانەی ژینگەیی(Determinism):**

ئەم قوتابخانەیە باوەڕی وایە كە ژینگەی سروشتی كاریگەری ڕاستەوخۆ لە كەسێتی مرۆڤ دەكات، فردریك راتزل لە كتێبی(جوگرافیای ئەجناس ١٨٨٢)دەڵێت: مرۆڤ لە ژینگەدا دەژی و ژینگە كاریگەرییەكی گەورەی دەكاتە سەر، مرۆڤ ناچارە خۆی لەگەڵ ژینگەكەیدا بگونجێنێت، مرۆڤ منداڵی ژینگەكەیەتی و ژینگە پەروەردەی دەكات و شێوە و ڕەنگی پێست و چالاكییە ئابوورییەكانی دیاریدەكات[2].

**٢. قوتابخانەی بوون(Possibilism):**

پوختەی ئەم قوتابخانەیە ئەوەیە كە ژینگەی سروشتی كۆمەڵێك بژاردە دەخاتە بەر دەستی مرۆڤ، مرۆڤ بە ویست و ئیرادەی خۆی و بە پێی گونجانی لەگەڵ تواناكانی و ئامانجەكانی و داب و نەریتەكانی ئەتوانێت لێیان هەڵبژێرێت و بەرهەمیان بهێنێت. مرۆڤ تەنها وەك دروستكراوێكی سلبی نابیركەرەوە بەتەواوی و ڕەهایی لەژێر كاریگەری یاسا سروشتییەكاندا نییە، بەڵكو هێزێكی ئەرێنی كارا و بیركەرەوە و خاوەن تایبەتمەندییەكی داینامیكییە بۆ گۆڕان و گەشەكردن[3].

**٣. قوتابخانەی هاوسەنگی(Probabilism):**

ئەم قوتابخانەیە باوەڕی بە كاریگەری ڕەهای ژینگە و كاریگەری ڕەهای توانای مرۆڤ نییە، بەڵكو لەهەندێك شوێن و كاتدا هۆكارە ژینگەییەكان بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەبن و لەهەندێك شوێن و كاتی تردا توانای مرۆڤ بەسەر ژینگەدا زاڵ دەبێت[4].

به بڕوای توێژەر قوتابخانەی هاوسەنگی تێگەیشتنێكی ڕاست و واقعی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگەی سروشتی دەردەخات، چونكە كاریگەری ژینگەی سروشتی ڕەها نییە، بەڵكو بە شێوەیەكی ڕێژەیی كاریگەری لەسەر ڕەفتار و شێوازی ژیان و چالاكییە ئابوورییەكانی مرۆڤ دەكات.

بۆ تێگەیشتن لە كەلتووری مەسیحییەكانی سلێمانی و كۆیە، پێویستە سەرەتا لە ژینگەی سروشتی شوێنی نیشتەجێبوونیان تێبگەین، چونكە ئەنسرۆپۆلۆجستی ئەمریكی ( كروبر) باس لە پەیوەندی بەهێزی نێوان هۆكارە ژینگەییەكان و شێوازی ژیان لە كۆمەڵگەدا دەكات و دەڵێت: ( ناتوانین لە كەلتوورێك تێبگەین بەبێ ئاماژە و تێگەیشتن لە هۆكارە ژینگەییەكان[5].

---

[1] – مصطفى عمر حمادة، الانثروبولوجيا و ثقافات الشعوب، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، ٢٠١٠، ص٥٧.

[2] - زين الدين عبدالمقصود، البيئة والانسان، دار عطوه للطباعة، الناشر المعارف بالاسكندرية، القاهرة، ١٩٨١، ص٩.

[3] - المصدر نفسه،ص ١١

[4] - المصدر نفسه،ص ١٢

[5] – مصطفى عمر حمادة، الانثروبولوجيا و ثقافات الشعوب، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، ٢٠١٠،ص ٦١.



hewalname.com/ku/

ناساندنی ژینگە و شوێنی جوگرافی کۆمەڵگەی توێژینەوە، بۆ (توێژینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجی)[*] گرنگی تایبەتی هەیە، چونکە پێویستە سەرەتا(مۆرفۆلۆجیای کۆمەڵایەتی)[**] و شوێن و تایبەتمەندییە جوگرافیەکەی باس بکرێت. لەم ڕوانگەیەوە، لەم بەشەدا، باسی ئیکۆلۆجیای (شاری سلێمانی)[***] و (قەزای کۆیە) دەکەین.

## یەکەم: سیستەمی ئیکۆلۆجی شاری سلێمانی

### ١. شوێنی جوگرافی شاری سلێمانی:

مەبەست لە شوێنی جوگرافی پەیوەندییە شوێنییەکانی ژینگەیەکە لەگەڵ ئەو ژینگانەی کە چواردەوری دەدەن[١]. دەستنیشانکردنی شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە بایەخێکی گرنگی هەیە، چونکە شوێنی ناوچەکە بەپێی ناوچەکانی دەوروبەریی و فاکتەرە سروشتییەکان دەردەخات، واتە گرنگی (سروشتی و ئابووری و سیاسی)ی ناوچەکە دەخاتە ڕوو[٢].

شاری سلێمانی قەزای ناوەندی پارێزگای سلێمانییە کە یەکێکە لە پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، دەکەوێتە بەشی باکور و باکوری خۆرهەڵاتی عێراقەوە، بەشی ڕۆژهەڵاتی باشوری کوردستان پێکدێنێت. لەگەڵ وڵاتی ئێراندا دراوسێیە بە درێژی (٣٧٨کم)، لە باکور و باکوری خۆرئاواشەوە بە درێژی (١٦١کم) دراوسێیە لەگەڵ پارێزگای هەولێردا، لە خۆرئاوا و باشوری خۆرئاواشەوە بە درێژی (١٩٧کم) هاوسنورە لەگەڵ پارێزگای کەرکوکدا، لە باشوریشەوە بە درێژی (٣٦کم) دراوسێیە لەگەڵ پارێزگای دیالەدا[٣]. لە نەخشەی ژمارە(١)دا نیشان دراوە.

newalname.com/ku/

---

[*]– توێژینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجی بریتییە لە توێژینەوەی (تێبینیکردن و وەسف کردن و بەراوردکردنی)پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتی، لە ناوچەیەکی هەرێمی دیاریکراودا و لە ماوەیەکی کاتی دیاریکراودا.

محمد عبده محجوب، الأنثروبولوجيا السياسية، الطبعة الثالثة، دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٩، ص٣٠ .

[**]– مۆرفۆلۆجیای کۆمەڵایەتی: بریتییە لە لێکۆڵینەوەی کاریگەری فاکتەرە جوگرافی و ژینگەییەکان لەسەر سروشت و شێوە و دینامیکییەتی کۆمەڵگە و جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی و ژمارە و دابەشبوونی جوگرافی دانیشتووان.

احسان محمد الحسن،موسوعة علم الاجتماع،الطبعة الأولى، دار العربية للموسوعات،بيروت–لبنان،١٩٩٩،ص٦١٧.

[***]– مێژوو نووسی کورد (محمد ئەمین زەکی)لەبارەی مێژووی دروست بوونی شاری سلێمانییەوە دەنوسێت: (ئیبراهیم پاشای بابان)لە نزیک سەراکەی(محموود پاشای)مامی، کە لەساڵی (١٧٨١)ی زایینیدا لە نزیک گوندی (مەڵکەندی) دروستی کردبوو، دەستی کردووە بەبینای شارێك، لەساڵی(١٧٨٤)ی زایینیدا ئەم شارە تازەیەی تەواو کردوو، مەرکەزی (ئەمارەتی بابان – ١٦٦٣– ١٨٥١ی‌زایینی) لە(قەڵاچۆلان)ەوە بردە ئەوێ و بەناوی (سلێمان پاشا)ی والی بەغدادەوە ناوی نا (سلێمانی).

محەمەد ئەمین زەکی بەگ، تأریخی سلێمانی و وڵاتی، لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٦٦. کلۆدیوس جێمس ڕیچ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان١٨٢٠، وەرگێڕانی،محەمەد حەمەباقی، تەورێز،١٩٩٢،ل ١٣٧.

[١]– زين الدين عبدالمقصود، البيئة والانسان، دار عطوه للطباعة، الناشر المعارف بالاسكندرية، ١٩٨١، ص١٩.

[٢]– جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولوتيكية للأمن القومى فى اقليم كردستان، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥، ص ٢٤.

[٣]- ميهربان نوشيروان فؤاد، محافظة السليمانية، دراسة في الجغرافيا الإقليمية ، أطروحة دكتوراه (غ.م)، قسم الجغرافيا ، كلية العلوم الإنسانية .جامعة السليمانية ،٢٠١٤،ص٣-٦.

## ٢- شوێنی فەلەکی(پێگەی ئەسترۆنۆمی)شاری سلێمانی:

شوێنی فەلەکی پێگەیەکە بازنەی پانی و هێڵی درێژی دیاری دەکات، جێگیر و نەگۆڕە، گرنگی و ڕۆڵی لەوەدا دەردەکەوێت کە کاریگەری لەسەر کەش و هەوای ژینگە دەبێت، واتە بەهۆی پێگەی ئەسترۆنۆمییەوە دەتوانین خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئاووهەوا بزانین، ئەمەش گرنگە چونگە کەش و هەواش کاریگەری لەسەر مرۆڤ دەبێت[١].پێگەی ئەسترۆنۆمی واتە شوێن بەگوێرەی بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی.[٢]

شاری سلێمانی کەوتۆتە نێوان هەردوو بازنەی پانی(٢٨″٣١‘٣٥°) و (″١٠ ‘٣٨ ٣٥°) باکورو و هەردوو هێڵی درێژی(٤٥″١٧‘٤٥°) و ( ٢٣″ ٢٨‘ ٤٥°) ڕۆژهەڵات[٣] .

## ٣- ئاووهەوای شاری سلێمانی:

ئاووهەوا بەیەکێك لە گرنگترین فاکتەری سروشتی دادەنرێت، کە ڕۆڵی کارای لەسەر سروشتی چالاکییە مرۆییەکانی دانیشتوان هەیە[٤]. ئاووهەوا بەڕەگەزە جیاوازەکانییەوە بەگرنگترین هۆکاری سروشتی دادەنرێت، کە کاریگەری لە ژیان و پیشە و چالاکییەکانی مرۆڤ دەکات[٥]، ئاووهەوا توخمێکە لەتوخمەکانی ژینگەی سروشتی، کە کاردەکاتە سەر چالاکییەکانی مرۆڤ (کەلتووری مرۆیی) و سەر ڕەنگی قژو شێوەی لوت و پێستی مرۆڤ و پۆشاکی مرۆڤ و جۆری خۆراکی،هەروەها کاردەکاتە سەر چالاکی ئابوری و شوێنی نیشتەجێبوون و ڕێگەکانی هاتووچۆ[٦]، لێرەدا بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە بارەی ئاووهەوای شاری سلێمانی بکەین، دەبێت باسی توخمە سەرەکییەکانی ئاو و هەوا بکەین، کە بریتین لە: ( پلەی گەرمی و باران بارین و با).

### أ- پلەی گەرمی شاری سلێمانی:

پلەی گەرمی بەگرنگترین ڕەگەزی ئاووهەوا دادەنرێت، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر چالاکی مرۆڤ و کردارە جۆربەجۆرەکانی دادەنێت،ئەویش بەهۆی ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژیانی ڕۆژانەوە هەیە، هەر گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر پلەی گەرمیدا بێت، دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەخواردن و جل و بەرگ و چالاکی و هەڵس و کەوتی مرۆڤ [٧].

hewalname.com

---

[١]- زین الدین عبدالمقصود، البیئة والانسان، دار عطوه للطباعة، ١٩٨١، ص١٩.

[٢]- جەزا تۆفیق طالب، وانەی کۆمەڵگەی کوردی، کۆرسی ماستەر،ئەنسرۆپۆلۆجیا،زانکۆی سلێمانی،٢٠١٥

[٣]- میهربان نوشیروان فؤاد، محافظة السلیمانیة، دراسة في الجغرافیا الإقلیمیة ، أطروحة دکتوراه (غ.م)، قسم الجغرافیا، کلیة العلوم الإنسانیة .جامعة السلیمانیة ،٢٠١٤،ص٣-٦.

[٤]- کامەران تاهیر سەعید، کۆیە لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی، نامەی ماستەری بڵاوکراوە، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی،چاپخانەی تیشك، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٣٦.

[٥]- عبدالفتاح محمد وهیبة،جغرافیة الانسان،دار النهضة العربیة،بیروت،بدون سنة طبع،ص ١٠٠.

[٦]- قیس النوري وتقی الدباغ،علم الانسان الطبیعی،جامعة بغداد،بغداد،١٩٨٣،ص ٢٥١.

[٧]- عبد علي الخفاف وزمیله، المناخ والانسان، ط١، دار المسیرة، عمان، ٢٠٠٧، ص٥٦.

پلەی گەرمی، یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزکانی ئاووهەوا، کەکاریگەری لەسەر ڕەگەزەکانی دیکەی ئاووهەوا بەجێدەهێڵێت، بەتایبەتی لەوناوچانەی هاوینان پلەی گەرمای تێدا بەرزە و زستانان پلەی گەرمای تێدا نزمە.

بۆ زانینی پلەی گەرمی شاری سلێمانی زانیاری تۆمار کراوی وێستگەی کەشناسی سلێمانی بەکار دەهێنین، کە تێکڕای پلەی گەرمی ساڵانە لەشاری سلێمانیدا دەکاتە (٢٠°س)، تێکڕای بەرزترین پلەی گەرمی ساڵانە دەکاتە (٢٦°س) و تێکڕای نزمترین پلەی گەرمی ساڵانە دەکاتە (١٤°س). ساردترین مانگ لەشاری سلێمانیدا، مانگی کانوونی دووەمە، پاشان بەرە بەرە پلەی گەرما بەرزدەبێتەوە تا دەگاتە گەرمترین مانگ، کەمانگی تەموزە و دووبارە پلەی گەرما لەدوای مانگی ئابەوە نزم دەبێتەوە و بەم شێوەیە ساڵانە دووبارە دەبێتەوە.

**خشتەی ژمارە(١)، تێکڕای مانگانە و وەرزانە و ساڵانەی بەرزترین و نزمترین پلەکانی گەرمی لە شاری سلێمانی لە ساڵی (٢٠٠٥ – ٢٠١٦) [1] نیشان دەدات**

| مانگەکان/ وەرزەکان | ت/ بەرزترین | ت/ نزمترین | تێکڕای پلەکانی گەرما |
|---|---|---|---|
| ١٢ | 13.8 | 4.6 | 9.2 |
| ١ | 10.8 | 2.4 | 6.6 |
| ٢ | 13.1 | 4 | 8.5 |
| وەرزی زستان | 12.6 | 3.7 | 8.1 |
| ٣ | 18.3 | 8.3 | 13.3 |
| ٤ | 23.4 | 12.4 | 17.9 |
| ٥ | 30 | 18.2 | 24 |
| وەرزی بەهار | 24 | 13 | 18.4 |
| ٦ | 36.5 | 23.9 | 30.2 |
| ٧ | 41 | 26.8 | 33.4 |
| ٨ | 41 | 27 | 33.5 |
| وەرزی هاوین | 39.5 | 25.9 | 32.4 |
| ٩ | 35.2 | 22.4 | 28.8 |
| ١٠ | 28.2 | 16.2 | 22.2 |
| ١١ | 19 | 8.9 | 13.9 |
| وەرزی پایز | 27.5 | 15.8 | 21.7 |
| تێکڕای ساڵانە | 26 | 14.6 | 20.1 |

شاری سلێمانی وەك لە خشتەکەدا ئاماژەی پێدراوە لە هاویندا زۆر گەرمەوە و پلەی گەرما بۆ سەرو(٤١) پلەی سەدی بەرز دەبێتەوە، زستانیشی ساردە، کە تێکڕای نزمترین پلەی گەرمای لە مانگی کانوونی دووەمدا بۆ (٢)پلەی سەدی نزم دەبێتەوە. مەسیحییەکانی سلێمانی خۆیان لەگەڵ پلەی گەرمی شاری

[1]– کاری خوێندکار بە زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی سلێمانی، بەشی ئامار،زانیاری بڵاونەکراوە بۆ ساڵانی (٢٠٠٥–٢٠١٥)،٢٠١٦/٤/١٢ .



hewalname.com/ku

سلێمانیدا گونجاندووه، جلوبەرگی هاوین و زستانیان جیاوازە، بەشێکیان لە هاویندا سەفەرەی دەرەوەی وڵات دەکەن، لە بەهار و هاویندا گەشت بۆ سەیرانگاکانی کوردستان دەکەن، لە کۆتایی هاویندا دەست دەکەن بە دروستکردنی سرکە بۆ ترشیات، لە مانگی (٩)دا دەست دەکەن بەدروستکردنی شەراب، لە پایزدا دەست دەکەن بەخۆشکردنی زەیتوون.

## ب- باران بارین:

باران بارین یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئاووهەوا و کاریگەری لەسەر پلەی گەرما و ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی و کەرتی گەشتیاری هەیە. گرنگییەکی زۆری بۆ ژیان و چالاکییە ئابوورییەکانی مرۆڤ هەیە.

**خشتەی ژمارە(٢)، تێکڕای کۆی باران بارینی وەرزانە و ساڵانە لە شاری سلێمانی بۆ ماوەی ساڵانی ( ٢٠٠٥-٢٠١٥ ) [1] نیشان دەدات**

| وەرزی زستان | وەرزی بەهار | وەرزی پاییز | کۆی ساڵانە |
|---|---|---|---|
| ٢٩٤ ملم | ٢٠٢ ملم | ١٢٥ ملم | ٦٢١ ملم |

ئاماژە بەو خشتەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت لە (شاری سلێمانی)دا باران لە وەرزەکانی ( زستان و بەهار و پایز )دا بە بڕێکی باش دەبارێت، بەڵام لە وەرزی (هاوین)دا باران نابارێت.

hewalname.com/kurd

## ت- با:

لە شاری سلێمانی بایەکی خۆجێی هەڵدەکات، کە پێی دەوترێت (ڕەشەبا)، ئەم بایە ڕاستەوخۆ لە چوارچێوەی ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو، بەجیاوازی پاڵەپەستۆی هەوا لە نێوان ناوچە بەرز و نزمە جیاوازەکاندا هەڵدەکات، بەزۆری لە وەرزەکانی زستان و هاویندا ڕوودەدات، لە شاری سلێمانیدا ئەو بایە لە چیای گۆیژەوە هەڵدەکات بە ئاڕاستەی ناو شاری سلێمانی[2]

## ٤- ڕێگاکانی گواستنەوەی سلێمانی:

ڕێگاکانی ئوتومبێل لە شاری سلێمانیدا تاکە هۆکاری بەیەکگەیاندنی ناوچە جیاوازەکانی پارێزگاکەیە، کە یارمەتی دەردەبێت لە گەیشتنی دەرامەتە سروشتی و مرۆییەکان بۆ شوێنی مەبەست و بەکارهێنانیان، شاری سلێمانی بەڕێگای گواستنەوەی وشکانی قیرکراوی ئوتومبێل بە شارەکانی ( هەڵەبجەی شەهید، کەرکوک، دیالە، هەولێر)ەوە بەستراوەتەوە. بەم شێوەیە:-

---

[1]- کاری خوێندکار بە زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی سلێمانی،بەشی ئامار،زانیاری بلاونەکراوە بۆ ساڵانی(٢٠٠٥-٢٠١٥) ، بەشی ئامار،٢٠١٦/٤/١٢ .

[2]- سوران حمە أمين أحمد، التحليل الجغرافى لخصائص الرياح في محافظة السليمانية وامكانات استثمارها، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة السليمانية، كلية علوم الانسانية، ٢٠٠٧،ص ٣٦.

**خشتەی(٣) درێژی ڕێگا سەرەکییەکانی پارێزگای سلێمانی بە(کم) نیشان دەدات[١]**

| ژ | ناوی ڕێگای وشکانی قیرتاوکراو | درێژی بە کم |
|---|---|---|
| ١ | ڕێگای سلێمانی – تاسلوجە–دوکان– کلکەسماق–کۆیە – هەولێر | ١٩٧ |
| ٢ | ڕێگای سلێمانی – تاسلوجە–چەمچەماڵ– کەرکووك | ١٠٩ |
| ٣ | ڕێگای سلێمانی – عەربەت– سیدصادق– پێنجوێن–سنووری ئێران (باشماخ) | ١١٢ |
| ٤ | ڕێگای سلێمانی – عەربەت– سیدصادق– هەڵەبجەی شەهید | ٨٥ |
| ٥ | ڕێگای سلێمانی – عەربەت– دەربەندیخان–کەلار–خانەقین | ١٥٠ |
| ٦ | ڕێگای سلێمانی – تاسلوجە–دوکان–خەلەکان–ڕانیە–قەڵادزێ | ١٦٦ |
| ٧ | ڕێگای سلێمانی– سیتەك– چوارتا–شارباژێڕ | ٢٥ |

**هەروەها فڕۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتی مەدەنی بەناوی( فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی) لە باشووری ڕۆژئاوای شاری سلێمانیدا هەیە و شاری سلێمانی بە زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە بەستۆتەوە. کە سوودێکی زۆری بۆ لایەنی بازرگانی و گەشتیاری و دبلۆماسی و سیاسی هەیە.**

## ٥- پێکهاتەی نەتەوەیی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی:

**نەتەوە گروپێك خەڵکن کە زمان و ئەزموون و شوێنی جوگرافی و ڕەگەز* و بەها و ئاین و بیروباوەڕ و دابونەریت و پێوەری کەلتووری و هەست و سۆز و مێژووی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە. نەتەوە و کەلتوور پەیوەندییەکی هاوبەش و تەواوکاریان بەیەکەوە هەیە، نەتەوە ناسنامەی کەلتووری و کەلتوورێکی ناسراو دیاریکراو بۆ ئەندامەکانی دروست دەکات، کە نەتەوەی پێ دەناسرێتەوە و لە نەتەوەکانی تری جیادەکاتەوە[٢].**

**سەبارەت بە شوناسی نەتەوەیی مەسیحییەکانی سلێمانی کە بەشێکن لە شوناسی نەتەوەیی مەسیحییەکانی کوردستان، دکتۆر ( شاکر خصباك ) دەڵێت: گومان دەکرێت هەندێك لە کوردەکان بووبن بەمەسیحی، ئەمەش( مینۆرسکی ) و ( درایفر ) جەختی لەسەر دەکەنەوە، هەروەها دەڵێت: گروپە سەرەکییەکانی مەسیحی کە لە کوردستاندا دەژین بریتین لە: (ئاشوری) و (کلدان) و (ئەرمەن)**[٣].**

**مەسیحییەکان لە ناو نەتەوەی (کورد)دا ڕێژەیەکی کەم پێدەهێنن، ڕەنگە کەمی ژمارەی مەسیحییەکان و زۆری ژمارەی موسوڵمانەکان لەکوردستاندا بگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە دکتۆر (شاکر خصباك) دەڵێت:**

---

١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی، بەشی پلاندانان، ٢٠١٧، ئاماری بڵاونەکراوە.

*- لێرەدا مەبەست لە ڕەگەز واتە: نەتەوە- العرق- Ethnic-Race

٢ Conrad Phillip Kottak, Cultural Anthropology,Eleventh Edition,McGraw Hill Higher Education , New York,USA,٢٠٠٦,P٨١

**- بواری مرۆیی توێژینەوەکەی ئێمە مەسیحییەکانی(ئاشووری و کلدان سریان)دەگرێتەوە، چونکە (ئاشوری و کلدان و سریان) بوونی کۆمەڵایەتیەتیان لە سلێمانیدا هەیە، بەڵام ئەرمەنییەکان لە ئێستادا بوونی کۆمەڵایەتییان لە سلێمانیدا نەماوە.

٣ – شاکر خصباك، الاکراد – دراسة جغرافية اثنوغرافية،مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٢، ص ٤٨٤. شاکر خصباك، العراق الشمالی، مطبعة شفيق، الطبعة الأولى، بغداد،١٩٧٣،ص ١٨٠.

کوردەکان لەساڵی (٢٠)ی کۆچیدا ئاینی خۆیان گۆڕی لە ئاینی زەردەشتیەوە(کە ئاینی هاوبەشی کوردەکان) بوو، بۆ ئاینی ئیسلام، بەبێ ئەوەی بەئاینی (مەسیحی)دا تێپەڕبن[١].

دەربارەی ناسنامەی نەتەوەی مەسیحییەکانی سلێمانی چەند بیروڕایەکی جیاوازیان هەیە، کە لێرەدا بیروڕاجیاوازەکان دەخەینە ڕوو:-

١) زۆربەی مەسیحییەکانی سلێمانی ڕەچەڵەکی نەتەوەییان دەگەڕێننەوە بۆ نەتەوەی (کلدان)*[٢]، بەشێکی تریان دەڵێن: (ئاشوورین)، بەشێکی دیکەیان دەڵێن: (سریانین). بەشێکی کەمیشیان دەڵێن: (کوردین).

٢) بەشێکی تریان لەو باوەڕەدان کە هەموویان وەك نەتەوە (ئاشوورین) و (کلدان) تەنها ناوی مەسیحییە کاسۆلیکەکانی کوردستانە و مەزهەبە نەك نەتەوە.

٣) بەشێك لەمەسیحییەکانی سلێمانی لەو باوەڕەدان، کە بەشێك لەمەسیحییەکانی سلێمانی بە ڕەچەڵەکی نەتەوەیی کوردن و بەهۆی ئەوەی کە لەسەردەمی هاتنی ئاینی مەسیحی بۆ کوردستان، بوون بەمەسیحیی و زمانی ئاینی مەسیحیش زمانی سریانی بووە و بەهۆی ئاینەکەوە ئەو کوردانەی کە بوون بەمەسیحی فێری زمانی سریانی بوون و زمانی دایکیان بووەتە زمانی سریانی و بەتێپەڕبوونی کاتیش ئەو زمانە بووەتە ناسنامەی نەتەوەیشیان.![٣]، بەڵام زۆرینەیان لەو باوەڕەدان کە (کلدان و ئاشوورین).

بە پێی بیروڕایەکی تر مەسیحییەکانی کوردستان لە نەتەوەی کلدانی ناوەڕاستی عێراق و سەردەمی ئیمپراتۆریەتی بابلی نین، بەڵکو کوردن و دانیشتووی کوردستانن و بەهۆی هەڵبژاردنی ئاینی مەسیحییەوە فێری زمانی سریانی بوون و قسەیان پێکردووە، چونکە لەو سەردەمەدا، زمانی سریانی

---

١ - شاكر خصباك، الاكراد،المصدر السابق، ص ١٨٠.

*- کلدان: یەك لەنەتەوە بنەڕەتییەکانی دانیشتوانی باشووری کوردستانە. عەبدوڵا غفور،جوگرافیای باشووری کوردستان، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی- هەولێر،چاپخانەی رۆژهەڵات،چاپی دووەم،٢٠١٢،ص ٢٢٠ .

کلدانییەکان بە بنەچە و زمان ئارامین و بە ڕەچەڵەك دەچنەوە سەر سامییەکان، لە کۆندا کۆمەڵە هۆزێکی ئارامییان پێکهێناوە و لە وڵاتی نێوان دووڕووبار(عێراق)دا لە مێژەوە ژیاوون.

سیروان شابی بهنان، کلدان العراق، رساله ماجستیر، تقدم بها الی مجلس کلیه الاداب جامعه صلاح الدین اربیل، ١٩٩٩، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بەزمانی کوردی ل٣.

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ: سوعاد یوسف یعقوب حداد، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٥. عبدالاحد یوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ . توانا بەشیر داود، لەدایکبووی:١٩٧٣،پیشە:ئەندازیار، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٩. نوال اسحاق شماس عیسی،لەدایکبووی ١٩٤٣،پیشە پزیشکی دەرمانسازی خانەنشین، سلێمانی،٢٠١٦/٩/١٥ . لطیف پۆلص اسطیفان، لەدایکبووی١٩٣٧، پیشە: خانەنشین، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١. بەیان عیسی یوسف،لەدایکبووی ١٩٦٦، پیشە: دادوەر و ئەندامی داواکاری گشتی سلێمانی،٢٠١٧/١/٣١، سلێمانی. لطیف پۆلص اسطیفان، لەدایکبووی١٩٣٧، پیشە: خانەنشین، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ . الیزابێت داود، سلێمانی ٢٠١٦/٨/٢٦. بەیان عیسی یوسف،لەدایکبووی ١٩٦٦، پیشە: دادوەر و ئەندامی داواکاری گشتی سلێمانی،٢٠١٧/١/٣١، سلێمانی.

جگە لەوەی زمانی ئاینی مەسیحی بووە، زمانی ئەدەبیات و ڕۆشنبیریش بووە، بۆ نموونە دەقی شعری دۆزراوەتەوە کوردییە، بەڵام بە زمانی سریانی نوسراوە[1].

٤) بە بیروبۆچوونێکی دیکە بەشێك لە مەسیحییەکانی سلێمانی لەو باوەڕەدان کە لەناو نەتەوەی کوردا مەسیحی نییە و لەسەردەمی پاوانخوازی ئیسلامدا نەتەوەی کورد بوون بە موسوڵمان و سەرجەم مەسیحییەکانی سلێمانی لەپێکهاتەکانی (کلدان، ئاشووری، سریان)ن و کوردیان تێدا نیە، هەرچەندە دەڵێن: ( لە سەرژمێری دانیشتوونی ساڵی(١٩٧٧)زۆربەمان خۆمان بە کورد ناونووس کردووە و بەهۆی پێکەوە ژیانمان لەگەڵ کوردا خۆمان بە (کوردستانی) دەزانین و لە ڕووی هەڵوێستەوە خۆمان لە کورد جیانەکردووەتەوە)[2].

٥) قەشەی کەنیسەی مار یوسف لە سلێمانی دەڵێت: (( مەسیحییەکانی سلێمانی لە نەتەوەی(کلدانن) کلدان و ئاشوور یەك نەتەوەیە، کە خاوەنی ئیمپراتۆریەت بوون، ئیمپراتۆریەتی (کلدان) کە لە بابل بووە و ئیمپراتۆریەتی (ئاشوور) کە لە نەینەوا و کوردستان و باکوری عیراق بووە، لەدەستوری عیراقیشدا بەیەك نەتەوە هاتووە بەناوی نەتەوەی (کلدۆئاشوور)، بەڵام لە کوردستاندا ناویان بە نەتەوەی (کلدانی سریانی ئاشوری) هاتووە[3].

مەسیحییەکانی کوردستان بەگشتی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان دەگێڕنەوە بۆ گەلی(کلدانی سریانی ئاشووری) واتە: ئەمانە ناوی جیاجیان بۆ یەك نەتەوە، چونکە یەك زمان و کەلتووریان هەیە، بەڵام لە ئاینزادا (المذهب) جیاوازن، ئاشوورییەکان دەڵێن: (ئاسوورییەکان و کلدان و سریان) بەڕەچەڵەکی نەتەوەیی دەچنەوە سەر (ئاشوورییەکان)* [4].

---

[1]- عبدالرقیب یوسف، حدود کردستان الجنوبیة تاریخیا و جغرافیا خلال خمسة الاف عام، الطبعة الثانیة، مطبعة شڤان، السلیمانیة، ٢٠٠٥، ص ٣٦٧-٤٠٤.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ سمیرە حنا عازر، لەدایکبووی: ١٩٥٦، پیشە: ئەمینداری کتێبخانە ، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٧ . ئامانج نجیب شمعون صراف، لەدایکبووی:١٩٥٩، پیشە: ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمن عزیز هورمز، قەشەی شاری سلێمانی لە کەنیسەی مار یوسف، سلێمانی،٢٠١٦/٤/٢٠

* - ئاشووری: ئەم نەتەوەیە هەر لەکۆنەوە لەخاکی کوردستاندا ژیاون، لەسەدەی یەکەمی زاینیدا باوەڕیان بە ئاینی مەسیحی هێناوە، عەبدوڵڵا غەفور،جوگرافیای باشووری کوردستان، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر،چاپی دووەم، ٢٠١٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ل٢٢٠. ئاسوورییەکان(ئاشوورییەکان): یەکێکن لەتیرە ئارامییەکان، تا سەرەتای ئەم سەدەیەش لە کوردستاندا لەناوچەی هەکاری و تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و ورمێ و وان دەژیان. (هینری لایارد)لەساڵی( ١٨٤٩ ) لەکتێبی (نەینەواو پاشماوەکانی) ڕەچەڵەکی ئاسوورییەکان دەگێڕێتەوە بۆ سەر ئیمپراتۆریەتی ئاشووری، لەڕووی زمان و فەرهەنگەوە بەشێکن لەشارستانیەتی ئارامی و لە عێراقدا لە پارێزگای موصڵ و کوردستاندا نیشتەجێبوون. شاسوار.خ.هەرشەمی، مێژووی ئارامیەکان لەکوردستاندا، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی ئۆفسێتی بابان، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٩ ، ل (٢٢٠-٢٢٧).

[4]- عەبدوڵڵا غەفور، ئاسوورییەکانی باشووری کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی- ئەتنۆگرافی،چاپخانەی سپیرێز- دهۆك،هەولێر، ٢٠١٠،ل٥٣- ٥٦

**لە ئەنجامی ئەو چاوپێکەوتنانەی دەربارەی شوناسی نەتەوەییان لەگەڵ مەسیحییەکانی سلێمانیدا ئەنجامماندا گەیشتینە ئەم خاڵانەی خوارەوە:**

١- بە شێوەیەکی گشتی لە ئێستادا مەسیحییەکانی سلێمانی لە پێکهاتەکانی( کلدان، ئاشووری، سریان) پێکهاتوون، لەسەر بنەمای زمان (کلدان و ئاشووری و سریان) یەك نەتەوەن و سێ نەتەوەی جیاواز نین، چونکە یەك زمانیان هەیە کە ( زمانی سریانی)یە، کە لە سەدەی چوار تا سەدەی هەشتی زایینی، زمانی هونەرو ڕۆشنبیری نەتەوەکانی وڵاتانی (دوو ڕووبار و میسیۆپۆتامیا) بووە، وەك ئێستای زمانی ئینگلیزی [1].

٢- ئاینی مەسیحی لە کوردستاندا هەر لە سەدەی یەکەم و دووەمی زاینیدا بڵاوبووەتەوە[2]، بەڵام نەبووەتە ئاینی زۆرینەی کورد، بەڵکو ئاینی کەمینەیەکی خەڵکی کورد بووە، بەڵام بووەتە ئاینی نەتەوەی ( ئاشووری کلدانی سریانی) .

٣- ئاینی مەسیحی کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر مەسیحییەکانی سلێمانی هەیە و ئنتیمایەکی بەهێزیان بۆ ئاینی مەسیحی هەیە و جیاوازی نەتەوایەتی لە نێوانیاندا بەدی ناکرێت، بەجۆرێك کە لێیان دەپرسیت چ نەتەوەیەکیت؟ لەوەڵامدا دەڵێن: مەسیحین. مەسیحی بوون بووەتە ناسنامەیان. ڕەگەزی ئاین، وەك یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی کەلتوور، بنەمایەکی سەرەکی نەتەوەیی مەسیحییەکانی شاری سلێمانییە.

٤-کوردستان لەدێر زەمانەوە لانکەی ژیان و شوێنی نیشتەجێبوونی بەشێکی زۆر لە پێکهاتە ئاینی ئێتنیکییە جیاوازەکانی(کورد و کلدۆئاشور)بووە، کە هەر یەکەیان بەشێکی گرنگ و ڕەسەنی پێکهاتەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی کوردستان پێکدەهێنن و مۆرك و سروشتێکی مۆزایکی(فرەیی) ئێتنیکی و ئاینی جیاوازیان بە ناوچەکە بەخشیوە[3].

٥-مەسیحییەکانی سلێمانی دانیشتوانی ڕەسەن و بنەڕەتی ئەم نیشتمان و وڵاتەن، چونکە زۆربەیان لە (کۆیە و هەرمۆتە و کەرکوك و قەرەداغ و سنە)وە هاتوونەتە سلێمانی، هەروەها شاری سلێمانی بەپێوانە لەگەڵ شارەکانی لەو کۆنتر، وەك شاری هەولێر، شارێکی نوێیە، لە ئێستادا تەمەنی شاری سلێمانی(٢٣٣)ساڵە، بەڵام لە نەخشەکانی سەردەمی ئاشووریدا، بوونی شارێکی کۆن لەهەمان شوێنی شاری سلێمانی ئێستادا، بەناوی(ئاساری Asari) هەیە، کە تەمەنی لە پێنج هەزار ساڵ زیاترە[4].

---

[1]- فيليب دي طرازي، عصر السريان الذهبي، بحث علمي تاريخي أثري، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، القاهرة،٢٠١٢، ص ١٣

[2]- عزيز عبدالاحد، يوميات جولة غبطة البطريرك مار روفائيل الاول بيداود، لأبرشيات اقليم كوردستان، مطبعة وزارة التربية، ١٩٩٨،ص ٥١. سعدي المالح، عنكاوا في الأصل والفصل وملاحظات اخرى، موتتريال- كندا، ١٩٩٧، ص١٤.

[3]- ئامانج حەسەن ئەحمەد، پەیوەندی نێوان کورد و ئاسوورییەکان، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو،٢٠١٤-٢٠١٥، ل ١

[4]- فوئاد حەمە خورشید، شاری سلێمانی( لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای مێژوویی)، گۆڤاری گەرمیان - گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی کوردییە، دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی عێراق دەری کردووە، ژمارە(٢٩) ساڵی(٢٠٠٩)ز، بغداد، مطبعة دار الشؤون الثقافية العامة،ل ٦،١١.

## ٦- ژمارەی دانیشتوان (ژمارەی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی):

**لەم باسەدا ژمارەی مەسیحییەکانی سلێمانی لە چەند ئامارێك و قۆناغێکی جیاوازدا دەخەینە ڕوو:-**

**١) کلودیوس جێمس ڕیچ:**

**لە گەشتنامەکەیدا نوسیویەتی: (( لەساڵی(١٨٢٠)یزاینیدا سلێمانی(٢٠٠٠) دوو هەزار خانووی موسڵمان و (١٣٠)سەدوسی خانووی جوو، (٩)نۆ خانووی مەسیحی کلدانی تێدایە، کەنیسەیەکی مەسیحی بچکۆلەی داڕووخاویشیان هەیە، هەروەها(٥)پێنج خانووی ئەرمەنیشی تێدایە، بەڵام ئەمان قەشە و کەنیسەیان نییە.))[1]**

**٢) مستەر(هارت Huart ):**

**لە ئەثەرەکەی خۆیدا نوسیوویەتی: (( لەساڵی(١٨٢٠)ی زاینیدا واتە لەدوای تەواو بوونی شاری سلێمانی بە(٣٦)سی و شەش ساڵ،ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی(١٠)دەهەزار کەسێك بووە و ژمارەی ماڵەکانیشی(٢١٤٤)ماڵ بووە،کەلەم ژمارەیە(١٣٠)سەدو سی ماڵی جولەکەو(٩)نۆ ماڵی مەسیحی - کلدانی و(٥) پێنج ماڵێکیش ئەرمەنی بووە.))[2]**

**٣) مستەر (لیك لاما- Lyk lama):**

**ئاماژە بەژمارەی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی دەکات و نووسیوویەتی: (( لەساڵی(١٨٦٨)ی زاینیدا ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی بە(٦٠٠٠)شەش هەزار ماڵە کورد و (٣٠)سی ماڵە کلدانی-مەسیحی و ( ١٥ )پانزە ماڵە جولەکە هەژمارکردووە.))[3]**

**٤) (ژاك ڕیتۆری):**

**لەساڵی(١٨٧٨) وەك میسیۆنێرێك سەردانی سلێمانی کردووە و نووسیوویەتی: ( سەرجەمی دانیشتوانی سلێمانی نزیکەی(١٥)پازدە هەزار کەسە،کەلەم ژمارەیە مەسیحییەکان (٢٠) بیست ماڵن و جولەکەکانیش(٢٥٠) دووسەد و پەنجاماڵن.))[4]**

**٥) بەپێی تۆماری کەنیسە لەشاری سلێمانیدا:**

**(لەدوای ساڵی(١٧٨٤ی زاینیەوە، تاساڵی١٩١٤)، ( ٦ ) شەش بنەماڵە مەسیحی لەسلێمانیدا ژیاوون، کە ئەوانیش ئەمانەبوون:(( بنەماڵەی ئیبراهیم تەپونی، بنەماڵەی پۆلص-عەلەکە، بنەماڵەی تۆما، بنەماڵەی شەمعون صەراف، بنەماڵەی عەمران، بنەماڵەی قەدوری ) هەندێك بنەماڵەی تری مەسیحی لەشاری سلێمانیدا ژیاون، بەڵام لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم و جەنگی دووەمی جیهانییەوە هاتوون.))[5]**

---

[1]- کلۆدیۆس جێمس ڕیچ،گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، وەرگێڕانی:محەمەد حەمە باقی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٢،ل ١٢٥

[2]- محەمەد ئەمین زەکی بەگ، تأریخی سلێمانی وە وڵاتی، لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ژین،سلێمانی، ٢٠٠٦،چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، ل٦٧.

[3] - محەمەد ئەمین زەکی بەگ،تأریخی سلێمانی وە وڵاتی،سەرچاوەی پێشوو،ل٦٧.

[4]- ژاك ڕێتۆرێ، گەشتنامەی مسیۆنێرێك بۆ ناوچەکانی کەرکوك و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨،وەرگێڕانی:نەجاتی عەبدوڵڵا،لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ژین،چاپی یەکەم،چاپخانەی شڤان،سلێمانی،٢٠٠٨،ل٤٠.

[5]- عبدالخالد صابر، شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی - لەنێوان ساڵانی ١٧٨٤ز- ١٩١٤ز)چاپی دووەم، چاپخانەی گرین گلۆری - بەیروت،٢٠١٠یزاینی، ل ١٤٦٦-١٤٨٦

**٦) مێجەرسۆن:**

**لەساڵی(١٩١٩)ی زاینی حاکمی سیاسی سلێمانی بووە،ئاماژە بە ژمارەی مەسیحییەکان دەکات و نووسیوویەتی:(( ژمارەی مەسیحییەکان لەشاری سلێمانیدا(٦٠)شەست کەس بوون و ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی لەهەمان ساڵدا بەپێی هەمان ڕاپۆرتی (مێجەرسۆن) (٩٧٢٨) کورد و(٥٧٢) جوو بووە. ))[١]**

**٧) ئەدمۆندز:**

**لەساڵی (١٩١٨- ١٩١٩) ڕاوێژکاری سیاسی بەریتانیا لە بەغدا و لە ساڵی (١٩٣٥-١٩٤٥) ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق بووە، باسی ژمارەی مەسیحییەکانی سلێمانی کردووە و نوسیوویەتی: (( بەپێی ژماردنێکی شارەوانی لەساڵی(١٩٢٥)ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی(١٠ ) دەهەزار کەس بووە، لەم ژمارەیە(٩)نۆ هەزاریان کوردی موسوڵمان و،(٧٥٠)حەوت سەدو پەنجا کەس جوو و (١٢٠)سەد و بیست کەسیشی کلدانی مەسیحی بوون، هەروەها لە کتێبی(کورد تورك عەرەب) نوسیویەتی: یەکێك لەوکەسانەی کە لە سەرەتای دەست بەکارکردنندا هاتە لام (قەشەیەکی کلدانی)بوو، ووتی: نزیکەی (٣٠) سی بنەماڵەن و هەموویان لە گەڕەکی((گۆیژە*))دەژین و زۆربەشیان ((مووتابچی)) کارن.[٢]**

## ٨) لە سەرژمێری دانیشتوان لە ساڵەکانی (١٩٤٧)[٣] و (١٩٥٧)[٤]و (١٩٧٧)[٥]:

**خشتەی(٤) ژمارەی مەسیحی و جووەکان لە سەرژمێری ساڵەکانی(١٩٤٧، ١٩٧٧،١٩٥٧) نیشان دەدات**

| ساڵ | ژمارەی مەسیحی | ژمارەی جوو |
|---|---|---|
| ١٩٤٧ | ٥٠٣ | ١٥١٥ |
| ١٩٥٧ | ٦٧٩ | ٢ |
| ١٩٧٧ | ١٢٥٣ | ٨ |

---

١- محمد ڕەسوڵ هاوار،شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان،بەرگی یەکەم، لەندەن،١٩٩٠ ،ل ١٠٦ - ١٠٧ .

*- سەرەتا مەسیحیەکانی شاری سلێمانی زۆربەیان لەیەك گەڕەکی سلێمانیدا نیشتەجێ بوون کە ئەویش گەڕەکی (گاوران ) بووە، لەدوای دامەزراندنی شاری سلێمانی بەچەند ساڵێك، چەند ماڵێکی مەسیحی لەچەند شوێنێکی وەك (کۆیە، کرکوك، موصڵ، قەرەداغ)ەوە هاتوونەتە سلێمانی و لەو گەڕەکە نیشتەجێبوون، دواتر ژمارەیان زیادی کردووە و پاشان کەنیسەیەکیان لەو گەڕەکەدا دروست کردووە بەناوی (مریم العذراء) گەڕەکەکە کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی نزیك بە گەڕەکی صابونکەران. عبدالخالد صابر، شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

٢- سیسێل جۆن ئیدمۆندس،کورد تورك عەرەب،و:حامید گەوهەری،چاپی سێیەم،لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە،٢٠٠٤،ل ١٢٢،١١٥،١١٤

٣- المملكة العراقية،وزارة الشؤون الاجتماعية،مديرية النفوس العامة،احصاء السكان لسنة ١٩٤٧،ج٢،مطبعة الحكومة،بغداد١٩٥٤،ص ١٦٢ .

٤- الجمهورية العراقية،وزارة الداخلية،مديرية النفوس العامة،المجموعة الاحصائية لتسجيل العام ١٩٥٧،لوائى السليمانية وكركوك،مطبعة العانى-بغداد،ص ٣٢،١٠٢.

٥- وزارة الداخلية،مديرية الامن العامة،مركز الاعداد والتطوير الثقافى،مكتب العلوم النفسية والاجتماعية،التوزيع الدينى للسكان العراقيين،مطبعة مديرية الامن العامة ،بغداد،ص ١٥

لەخشتەکەوە دەردەکەوێت کە مەسیحییەکان لە یەکەم سەرژمێری فەرمی حکومەتی عێراقدا لە ساڵی (١٩٤٧)لە سلێمانیدا هەژمار کراوون و ژمارەی مەسیحییەکانی ناوەندی شاری سلێمانی جگە لە قەزا و ناحیەکان (٥٠٣)کەس بوون، هەروەها لەسەر ژمێری ساڵی(١٩٥٧) ژمارەیان زیادی کردووە بۆ (٦٧٩)کەس، بەهەمان شێوەش لە ساڵی(١٩٧٧) ژمارەیان بەڕێژەیەکی بەرچاوو زیادی کردووە بۆ (١٢٥٣)کەس. ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ گەشەی دانیشتووانی مەسیحی لەو سەردەمەی شاری سلێمانیدا واتە لە ساڵی(١٩٤٧ – ١٩٧٧).

شایەنی باسە وەك لە سەرژمێریی دانیشتوانی ساڵی(١٩٥٧)دا دەردەکەوێت، ژمارەی مەسیحییەکان لە سلێمانیدا(٦٧٩)کەسبووە، لەو ژمارەیە(٣٤٥)کەسیان لە سلێمانیدا لەدایکبوون، (١٧١) نێر و(١٧٤) مێ [1].

**خشتەی ( ٥ ) ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی بەپێی دابەشبوونی ئاینی لەسەرژمێری دانیشتوان ساڵی( ١٩٥٧)[2] نیشان دەدات**

| مەسیحی | موسوڵمان | یەهودی | صابیئە | یەزیدی | ئاینەکانی تر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦٧٩ | ٤٨٠٩٢ | ٢ | ٢ | – | ٢٠ | ٤٨٨١٢ |

وەك لەخشتەی( ٥ ) دەرکەوتووە ژمارەی مەسیحییەکان لەساڵی(١٩٥٧)لەناو سەنتەری شاری سلێمانیدا (٦٧٩)کەس بوون، ئەو ژمارانەی لەخشتەکە نوسراون تەنها ژمارەی مەسیحیەکانی ناو گەڕەکەکانی شاری سلێمانین لە ناوەندی قەزای سلێمانیدا(مرکز قضاء) کە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان دەگرێتەوە.)، بەڵام ژمارەی مەسیحییەکانی لە کۆی پارێزگای سلێمانیدا لەسەرژمێری ساڵی (١٩٥٧)دا دەگاتە(١٩٢٥)کەس[3].

بەپێی سەرژمێری دانیشتوان ساڵی(١٩٥٧)ڕێژەی مەسیحییەکان نزیکەی لە٦٪ی سەرجەمی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق بووە، ئەو ڕێژەیەش دەکاتە ٤٢،٥٪ی سەرجەمی مەسیحییەکانی عێراق، لەهەمان کاتدا ڕێژەیان لەعێراقدا، دەگاتە ٣،٢٪ی سەرجەمی دانیشتوانی عێراق، بەڵام لەسەرژمێری ساڵی(١٩٧٧) ڕێژەیان دادەبەزێ و دەگاتە لە ٣٪ی سەرجەمی دانیشتوانی هەرێم، لەهەمان کاتدا ڕێژەیان لەعێراقدا ٢،١٪ی سەرجەمی دانیشتوان بووە. هۆی ئەم دابەزینەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەمەسیحییەکان کەیفیان بەسنوردارکردنی مناڵبوون دێ و بزاوتی کۆچ کردنیشیان بۆ دەرەوەی عێراق و بۆ شارە سەرەکییەکانی عێراق، بەتایبەت بۆ بەغدا، هەمیشە لەبرەوسەندندا بووە[4].

[1]- الجمهورية العراقية،وزارة الداخلية،مديرية النفوس العامة،المجموعة الأحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧،لوائى السليمانية و و كركوك، مطبعة العانى–بغداد،ص١٠٠.

[2]- الجمهورية العراقية،وزارة الداخلية،مديرية النفوس العامة،المجموعة الأحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧،لوائى السليمانية و كركوك، مطبعة العانى–بغداد،ص٣٢

[3]–المصدر السابق،ص ٤٦

[4]– جەزا تۆفیق طالب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عیراق،نامەی ماستەری بڵاوکراوە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان– سلێمانی،چاپی یەکەم،١٩٩٩،ل١٦٧،١٦٥

**خشتەی ژمارە( ٦) ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بەپێی ئاین ساڵی (١٩٧٧ )[1] نیشان دەدات**

| موسڵمان | مەسیحی | یەزیدی | جوو | صابئە | نەزانراو | هی تر | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦٨٦٩٤٢ | ١٢٥٣ | ٤٨٢ | ٨ | ٣٢ | ٣٩٨ | ٤ | ٦٨٩١١٩ |

لە خشتەکەوە دەزانین کە ژمارەی مەسیحییەکان لە شاری سلێمانیدا، لە سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧)دا،بە بەراورد بە سەرژمێری ساڵی(١٩٥٧) زیادیان کردووە، واتە لە ماوەی (٢٠) ساڵدا (٥٧٤) کەس زیادی کردووە. هەروەها لەسەرژمێری ساڵی (١٩٧٧)[2] نەتەوەی ئەو (١٢٥٣) کەسەی مەسیحییەکانی سلێمانی دیارکراوە، بەم جۆرە:

**خشتەی ژمارە(٧) نەتەوەی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی لەسەر ژمێری ساڵی(١٩٧٧)نیشان دەدات.**

| سەرجەم | کورد | عەرەب | سریانی | ئەرمەن | نەزانراو | تورکمان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەژمارە/١٢٥٣ | ٢٣٠ | ٤٧٧ | ٤١٠ | ٣٩ | ٩١ | ٦ |
| بەرێژە ١٠٠٪ | ١٨٪ | ٣٨،٠٧٪ | ٣٢،٧٢٪ | ٣،١١٪ | ٧،٢٦٪ | ٠،٤٨٪ |

جێگەی باس و سەرنج و بەدواداچوونە لە قەڵەمدانی (٤٧٧) کەسی مەسیحی سلێمانی بە نەتەوەی عەرەب!، دوای بەدواداچوونی توێژەر بۆمان ئاشکرا بوو، کە ئەمە شێواندنی ڕاستییەکانە لە لایەن حکومەتی فاشی بەعس، وەك بەشێك لە پرۆسەی بەعەرەبکردنی مەسیحییەکان، چونکە بەپێی بەدواداچوونی توێژەر دەرکەوت کە هیچ مەسیحییەکی سلێمانی نەتەوەی عەرەب نەبوون، هەروەها ئەوەش سەلما کە لە ڕاستیدا ئەو (٤٧٧) کەسە لە نەتەوەی( کلدانی و ئاشووری)بوون[3] .

هەروەها هەڵبژاردنی (نەزانراو) بۆ شوناسی نەتەوەیی مەسیحییەکان، شتێکی لۆجیکی نییە، بەپێی بەدواداچوونی توێژەر دەرکەوت ئەو ( ٩١ ) کەسەی بە نەزانراو لەقەڵەم دراوون، (کلدانی و ئاشووری) بوون، حکومەتی بەعس ویستویەتی ژمارەی مەسیحییە کلدانی و ئاشوورییەکان کەم بکەنەوە و بە(نەزانراو)لە قەڵەمی داوون، ڕەنگە مەسیحییەکیش وەك خۆپاراستنێك لە دەزگا ئەمنییەکانی بەعس، لەو کاتەدا و لە پرسیاری نەتەوەدا وتبێتی: (نازانم)، چونکە زانیوویەتی ئەگەر بڵێت: (کلدانیم یان ئاشووریم یان کوردم) توشی ئازار و زیندانی کردن ئەبێت، یان بەرژەوەندییەکانی ئەکەوتە مەترسییەوە، کە واتە ژمارەی مەسیحی( کلدانی و ئاشووری) لە شاری سلێمانیدا لە ساڵی(١٩٧٧)دا دەکاتە ( ٩٧٨ ) کەس.[4]

---

[1] – مديرية الامن العامة،مركز الاعداد والتطوير الثقافي،مكتب العلوم النفسية والاجتماعية،التوزيع الديني للسكان العراقيين،مطبعة مديرية الامن العامة ،بغداد،ص ١٥

[2]– المصدر السابق،ص٥٣،٥٢،جدول ١٠

[3]– چاوپێکەوتن لەگەڵ لطيف پۆلس اسطيفان، لەدایکبووی١٩٣٧، پیشە: خانەنشین، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١.

[4]– چاوپێکەوتن لەگەڵ لطيف پۆلس اسطيفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١.

### ٩) ژمارەی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی لە ساڵی(٢٠١٧)ی زاینیدا:

لە ئێستادا ژمارەی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی، (٧٥) حەفتاو پێنج خێزان و (٢٥٠)کەسن[١]، جگە لە ئاوارەکان، سەرجەمی ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی(ناوەندی قەزا)جگە لە قەزا و ناحیەکانی لە ساڵی( ٢٠١٦)ی زاینیدا، ( ٧٠٢,٨٨٢ ) حەوت سەد و دوو هەزار و هەشت سەد و هەشتا و دوو کەسە[٢]. شایانی باسە لە دوای ساڵی(٢٠٠٣)ی زاینییەوە، دەیان خێزانی مەسیحی لە بەغداد و موسڵ و دەشتی نەینەواوە، هاتوونەتە سلێمانی و بەشێکیان تا ئێستاش نەگەڕاونەتەوە و لە سلێمانیدا نیشتەجێبوون، بەڵام لەم ئامارەدا هەژمار نەکراوون، چونکە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان تەنیا ئەو مەسیحییانە دەگرێتەوە کە لە پێش ساڵی(٢٠٠٣)ی زاینییەوە لە سلێمانیدا نیشتەجێبوون.

### ١٠) ژمارەی لە دایکبوون و مردنی مەسیحییەکانی سلێمانی:

ژمارەی لە دایکبوون و مردنی مەسیحییەکانی سلێمانی لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕووندەکەینەوە

**خشتەی ژمارە(٨) ژمارەی لە دایکبوون و مردنی مەسیحییەکانی سلێمانی لە ساڵی(٢٠١٠– ٢٠١٧) نیشان دەدات[٣].**

| ساڵ | ژمارەی لە دایکبوون | ژمارەی مردن |
|---|---|---|
| ٢٠١٠– ٢٠١٧ | ٤٥ | ١٦ |

لە خشتەکەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی لە دایکبوون لای مەسیحییەکانی شاری سلێمانی کەمە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ( سنووردارکردنی ژمارەی منداڵبوون لە لایەن مەسیحییەکانەوە و کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری کوڕی گەنج و خێزانی مەسیحییەکانی سلێمانی بۆ ئەورووپا و ئەمریکا.)

## دووەم: سیستەمی ئیکۆلۆجی شاری کۆیە:

### ١) شوێنی جوگرافی:

شاری کۆیە یەکێکە لەشارە دێرینەکانی کوردستان، دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق، لەنێوان هەر سێ پارێزگای هەولێر و کەرکوك و سلێمانی دایە، لەڕووی کارگێرییەوە سەر بە پارێزگای هەولێری پایتەخی هەرێمی کوردستانی عێراقە، کەوتۆتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر[٤]. لە نەخشەی ژمارە(٢)دا نیشان دراوە.

---

١– چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشەی کەنیسەی ماریوسف قەشە(ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی)،شوێنی چاوپێکەوتن: سلێمانی کەنیسەی ماریوسف، ٢٠١٦/٣/١.

٢– بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی،ڕاپۆرتی ئەنجامی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەماروٚسازی،سەرژمێری گشتی دانیشتووان و نشینگەکانی ساڵی ٢٠٠٩ بۆ پارێزگای سلێمانی لەگەڵ پێشبینی ژمارەی دانیشتووان بۆ ساڵانی ٢٠١٠–٢٠٢٠ .

٣– نوسراوی ژمارە(٢٠١٧/١٢٧)ی کەنیسەی ماریوسف، لە شاری سلێمانی، کە لە پاشکۆی ژمارە(٣)دا دانراوە.

٤- عەبدوڵڵا غەفور،فەرهەنگی جوگرافی کوردستان،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی،٢٠٠٢،ل ٩٢.

## ٢-پێگەی( ئەسترۆنۆمی):

قەزای کۆیە دەکەوێتە خاڵی یەکتر بڕی بازنەی پانی (٣٦،٠٢)ی باکوورو هێڵی درێژی (٤٤،٣٧)ی خۆرهەڵات[١]

## ٣- ئاو و هەوای قەزای کۆیە:

لێرەشدا (پلەی گەرمی و باران بارین ) وەك گرنگترین ڕەگەزەکانی ئاووهەوا باس دەکەین کە کاریگەرییان لەسەر کەلتوورهەیە:-

### أ) پلەی گەرمی:

بۆ زانینی پلەی گەرمی ناوەندی قەزای کۆیە، پشت بەوێستگەی کەشناسی کۆیە دەبەستین:-

**خشتەی ژمارە(٩) تێکڕای ساڵانەی بەرزترین و نزمترین پلەکانی گەرمی لە شاری کۆیە و گوندی هەرمۆتە* لە ساڵی (٢٠٠٥ - ٢٠١٦)[٢] نیشان دەدات**

| تێکڕای بەرزترین پلەی گەرمی | تێکڕای نزمترین پلەی گەرمی | تێکڕا پلەی گەرمی |
|---|---|---|
| ٢٦ | ١٦ | ٢١ |

لەم خشتەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کە تێکڕای بەرزترین پلەی گەرمی قەزای کۆیە (٢٦)پلەی سەدییە و تێکڕای نزمترین پلەی گەرمی (١٦)پلەی سەدییە و تێکڕای پلەی گەرمی قەزای کۆیە (٢١) پلەی سەدییە، هەروەها قەزای کۆیە گەرمترین مانگەکانی (تەموز و ئابە) تێکڕای بەرزترین پلەی گەرمی تێیدا دەگاتە (٤١) پلەی سەدی و ساردترین مانگیشی (کانوونی دووەمە) و تێکڕای نزمترین پلەی گەرما لەو مانگەدا دەگاتە (٤) پلەی سەدی[٣].

ژینگەی سروشتی و ئاووهەوای کۆیە، کاریگەری ڕاستەوخۆی کردووەتە سەر پیشە و چالاکییە ئابوورییەکانی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە، پلەی گەرمی و وەرزەکانی ساڵ کاریگەری کردووەتە سەر جۆری ئەو بەروبوومانەی کە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بەرهەمی دەهێنن، بۆ نموونە لە وەرزی زستاندا( گەنم، جۆ) دەچێنن و لە وەرزی هاویندا دەیدورنەوە. هەروەها لە وەرزی هاویندا بەروبوومی( بامیێ، باینجان، کولەکە، فاسۆلیا، ترۆزی، باینجان، کولەکە، لۆبیا، تەماتە، خەیار، بیبەر)بەرهەم دەهێنن. لە وەرزی پایزدا، زەیتوونەکانیان پێدەگات و دەست دەکەن بە ڕنینی زەیتوونەکانیان، لەمانگی (٩-١٠)دا (شەراب) دروست دەکەن، لەمانگی(١٠)دا زەیتوون خۆش دەکەن[٤].

---

[١]- ئالان غفووری، بونیادی کۆمەڵایەتی کۆیە،ماستەر نامەیەکی بڵاوکراوەیە، توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی کۆمەڵایەتیە، کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی صلاح الدین، ساڵی چاپ ٢٠١٥،چاپخانەی شەهاب- هەولێر،ل ١١

*- ئاووهەوای کۆیە و گوندی هەرمۆتە وەك یەکن.

[٢]- کاری خوێندکار بە زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی کۆیە،بەشی ئامار،زانیاری بڵاونەکراوە بۆ ساڵانی(٢٠٠٥ - ٢٠١٦)

[٣]- هەمان سەرچاوە.

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ:- کەریم عزیز بطرس، لەدایکبووی١٩٤٦، پیشە: خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٧. ئازاد فەرەنسیس کریم، لە دایکبووی ١٩٦٢، پیشە: جوتیار و فەرمانبەر، گوندی هەرمۆتە ٢٠١٧/٢/٢١.

### ب) باران بارین:

باران بارین یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی ئاووهەوا و کاریگەری لەسەر ڕەگەزەکانی تری ئاووهەوا و ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی هەیە و وەك سەرچاوەیەکی گرنگیش لە قەزای کۆیە لە کشتوکاڵ و باخداریدا بەکاردەهێنرێت، بەتایبەتی بۆ بەرووبوومی(گەنم و جۆ) و باخداریی و سەوزەوات.

**خشتەی ژمارە(١٠)، تێکڕای کۆی باران بارینی وەرزانە و ساڵانە لەشاری کۆیە بە (ملم)بۆ ماوەی ساڵانی (٢٠٠٥ – ٢٠١٥)[١] نیشان دەدات**

| وەرزی زستان | وەرزی بەهار | وەرزی پاییز | کۆی ساڵانە |
|---|---|---|---|
| ٣٨٥ | ١٦٤ | ٨٦ | ٦٣٥ |

### ج) با:

**لە قەزای کۆیە بایەکی خۆجێیی هەڵدەکات، کەپێی دەوترێت(ڕەشەبا). ئەم بایە لە هەموو وەرزەکاندا بەتایبەت لە هاوین و زستاندا هەڵدەکات و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بەردەوام دەبێت، هۆکاری هەڵکردنی ئەم بایە پەیوەندی بە جیاوازی پلەی گەرما و پاڵەپەستۆی هەواوە هەیە لە نێوان ناوچە شاخاوییە بەرزەکان و ناوچە نزمەکانی دەوروبەری، واتە هەرچەند جیاوازی ئاووهەوا(پلەی گەرما و پاڵەپەستۆی هەوا) زیاتر بێت ئەگەری ڕوودانی ڕەشەبا زیاتر دەبێت. زنجیرەی چیای هەیبەت سوڵتان ڕاستەوخۆ کەوتووەتە باکور و ڕۆژهەڵاتی قەزای کۆیە، ئەمەش وا دەکات لە ناو شارەکە پلەی گەرما بەرز بێتەوە و لەسەر چیاکانی دەوروبەریشی پلەی گەرما نزم دەبێتەوە، ئەمەش وادەکات پاڵەپەستۆی هەوا بەرز بێت لەسەر شاخەکان و پاڵەپەستۆش نزم دەبێت لەناو شارەکە و بەمەش ڕەشەبا ڕوودەدات[٢].**

**ئەم خەسڵەتە سروشتییەی با، خەسڵەتێکی هاوبەشە لە نێوان ناوچەکانی لێکۆڵینەوە(سلێمانی و کۆیە)کە کاریگەری لەسەر چالاکی مرۆیی و کشتوکاڵی دەکات، بەتایبەت لای کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان لە کۆیە و گوندی هەرمۆتە، چونکە سەرەکیترین چالاکی ئابووری مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە کشتوکاڵکردنە.**

## ٤- ڕێگاکانی هاتووچۆی کۆیە:

**قەزای کۆیە بەهۆی تۆڕەکانی بەستنەوەی ڕێگاوبان و گواستنەوە( بەهۆی ڕێگای گواستنەوەی قیرکراوی ئۆتومبێل) بە هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و کەرکوکەوە بەستراوەتەوە بەم شێوەیە[٣]**

**أ) ڕێگای کۆیە – هەولێر: قەزای کۆیە (٧٧)کم لە هەولێرەوە دوورە.**

**ب) ڕێگای کۆیە –سلێمانی: بەڕێگەی (کۆیە – هەیبەت سوڵتان–بێستانە–دوکان –سلێمانی)ناسراوە و (١١٩)کم لەسلێمانییەوە دوورە، هەروەها لە ڕێگەیەکی ترەوە کە بەڕێگەی(کۆیە–کلکەسماق–دوکان–سلێمانی) ناسراوە(١١٠)کم لە سلێمانییەوە دورە[٤].**

**ج) ڕێگای کۆیە –کەرکوك: درێژییەکەی دەگاتە(٧٥)کم.**

---

[١] - کاری خوێندکار بە زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی کۆیە،بەشی ئامار،زانیاری بڵاونەکراوە بۆ ساڵانی(٢٠٠٥–٢٠١٥).

[٢] - کامەران تاهیر سەعید، کۆیە لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی، نامەی ماستەری بڵاوکراوە، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشك، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ،ل ٥٠.

[٣] – هەمان سەرچاوە، ل٢٤٤–٢٤٥.

[٤] – بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی قەزای کۆیە، بەشی کارگێری هاتووچۆ، لەبەرواری ٢٠١٦/٦/٢٧.

## ٥- پێکهاتەی نەتەوەیی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە:

مەسیحییەکانی کۆیە و گوندی(هەرمۆتە) لەسەر شوناسی نەتەوەییان لەنێوان خۆیاندا هاوڕانین و بیروڕای جیاوازیان هەیە، زۆربەی هەرە زۆریان دەڵێن: (کلدان)ین[١]، هەندێکی دیکەیان بنەچەی نەتەوەییان دەگەڕێننەوە بۆ (ئاشورییەکان) و دەڵێن:( ئاشوورین)، قەشە و شەماشەی گوندی هەرمۆتە دەڵێن: مەسیحییەکانی هەرمۆتە(نەتەوەی ئاشوورین)[٢].

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە خۆیان بە هاوئاین و هاونەتەوەی مەسیحییەکانی سلێمانی و شەقڵاوە و عەنکاوە و القوش و حەمدانیە و دەشتی موصڵ(دەشتی نەینەوا) و تلسقۆف دەزانن، بەڵام خۆیان بەجیاواز لە مەسیحییەکانی هەکاری و دیانە دەزانن، کە سەر بەکەنیسەی ئاشووری ڕۆژهەڵاتن( کەنیسەی نەستۆری).))[٣]

هەروەها بەشێك لە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە دەڵێن: کوردین و بەهۆی مژدەدەرەکانی ئاینی مەسیحییەوە بووین بەمەسیحی و فێری زمانی سریانی بوون، چونکە لەڕابردوودا و لەساڵەکانی سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لە هەموو کەنیسەیەکدا قوتابخانەیەك هەبووە و قەشە و شەماشەکان خەڵکیان فێری زمانی سریانی کردووە[٤]. هەروەها مسیۆنێری فەرەنسی(ژاك ڕیتۆریۆ) بە شێك لە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بەکورد ناویان دەبات.[٥]

سەبارەت بە (کلدان) قەشەی کەنیسەی (مریم العذراء) لە هەرمۆتە دەڵێت: وشەی کلدان لە (هەرمۆتە و کۆیە)دا مەزهەبی ئاینییە و مەبەست و ماناکەی ناگەڕێتەوەی بۆ نەتەوەی (کلدان)کە لە مێژوودا خاوەنی ئیمپراتۆری بابلی بوون، بەڵکو (کلدان)نازناوی کاسۆلیکەکانی کوردستانە و ئەو کاتەی بەشێك لە مەسیحییەکانی(کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری) لە کوردستاندا بوون بە (کاسۆلیکی)، پاپای

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: قەشە(زەییا شابا ججی)لەدایکبووی ١٩٥٧،پیشە:قەشەی کەنیسەی(مریم العذراء) لە گوندی هەرمۆتە و کەنیسەی ماریوسف لە کۆیە، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٢. سەمیرە دنحا سەلمان، لەدایکبووی ١٩٦٩،پیشە مامۆستا، کۆیە،٢٠١٦/٥/٢٩. یوسی حیکمەت حنا،لەدایکبووی ١٩٩٥،پیشە خوێندکاری زانکۆ،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٩. دنحا سەلمان یەڵدا،لەدایکبووی ١٩٣٤، پیشە: خانەنشین، کۆیە، ٢٠١٦/٦/٥. مریەم ئێلیا عمان، لەدایکبووی ١٩٣٤،پیشە ژنی ماڵ، کۆیە، ٢٠١٦/٦/٥. کەژاڵ عمان حنا، لەدایکبووی:١٩٦٧،پیشە:مامۆستا لە پەیمانگای تەکنیکی کۆیە،کۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا،لەدایکبووی ١٩٦٩، پیشە: مامۆستاو سەرۆکی بەشی پەرستاری لەپەیمانگای تەکنیکی کۆیە،کۆیە،٢٠١٦/٩/٤.. دانی سالم عیسا،لەدایکبووی ١٩٩٥،پیشە:خوێندکاری زانکۆ،کۆیە، ٢٠١٦/٦/١٢. اندریا عمان ئیلیا،لەدایکبووی: ١٩٥٧،پیشە،ژمێریاری کەنیسەی مار یوسف لەکۆیە،کۆیە، ٢٠١٦/٩/٥.

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ (قەشە دنحا تۆما یوسف) لەدایك بووی ١٩٧٢ لەگوندی هەرمۆتە،پیشە:قەشەی کەنیسەی ماریوسف لە کۆیە و کەنیسەی مریم العذراء لە هەرمۆتە، عەنکاوە، ٢٠١٦/٤/٦.

[٣]– چاوپێکەوتن لەگەڵ هرمز عیسی کریم،لەدایك بووی ١٩٥٧،پیشە:ئەنجومەنی گوندی هەرمۆتەو پێشمەرگەی دێرین، گوندی هەرمۆتە ،٢٠١٦/٥/١٧.

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: بێستوون عمان حنا، لەدایکبووی ١٩٧١،پیشە: مامۆستا،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٩/٢٢. جاکلین کریم عزیز، لەدایکبووی ١٩٧٧،پیشە مامۆستا،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٩/٢٢.

[٥]- ژاك ڕیتۆریۆ، گەشتنامەی مسیۆنێرێك بۆ ناوچەکانی کەرکوك و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨،وەرگێڕانی:نەجاتی عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان،سلێمانی،چاپی یەکەم،٢٠٠٨،ل٤٧.

ڤاتیکان – (ئۆجینۆس) نازناوی (کلدان)[*]ی ناوە لە کاسۆلیکەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی لە مەزهەبەکانی تر جیا بکرێنەوە.[1]

هەروەها سەبارەت بە نەتەوەی مەسیحییەکان، دکتۆر (بهنام ابو الصوف) مامۆستا لە بەشی شوێنەواری زانکۆی بەغداد لە وانەی(پەیوەندی کلدانی ئەمڕۆ بە کلدانی مێژوو)دا دەڵێت:

( خەڵکی هەموو گوندەکانی موصڵ (تلکێف، القوش، باتنایا، تلسقف، کرملیس، قرقوش و شوێنەکانی دیکەی نزیکی ئەو شوێنانە کە پێیان دەوترێت(کلدان)، بە ڕەچەڵەك ئاشوورین و وەچەی ئیمپراتۆریەتی ئاشوورین و لە ڕووی مێژووییەوە هیچ پەیوەندییەکیان بە نەتەوەی کلدانەوە نییە، بەڵکو(کلدان)تەنها نازناوێکی تازەیە و لە ( ڕۆما )وە هاتووە، بەنموونە من لە شاری موصڵ لە دایکبووم و پەیڕەوی کەنیسەی کلدانیش ئەکەم، بەڵام وەك نەتەوە ئاشووریم و هەموومان( کلدان و سریانەکان )ئاشوورین)[2]

هەروەها دکتۆر (بهنام)دەڵێت: ( ئەو مەسیحییانەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا خۆیان بەنەتەوەی (کلدان) ئەناسێنن، ئاشوورییەکانی مێژوون، چونکە هەموو تایبەتمەندییەکانی نەتەوەی ئاشوورییان لە(خاك و مێژوو و زمان و کەلەپوور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و داهاتووی هاوبەش) تێدایە)[3].

---

[*] - مەسیحییە کاسۆلیکەکان کە لە کوردستاندا پێیان دەوترێت (کلدان)، ئەو ئاشووریانەن، کەوازیان لە مەزهەبی ڕۆژهەڵات هێناوە و لە سەدەی شانزەیەمدا بوونەتە ئاینزای کاسۆلیکی. ئەمەش دوای ئەو جیابوونەوەیەی لە کەنیسەی ڕۆژهەڵاتدا ڕوویداوە و کەنیسەی ڕۆما کەنیسەیەکی جیای بۆ دامەزراندن و ناوی(کلدان)ی دانێ. ئەم ناوەش ئەو ( ئاشوورییانە) دەگرێتەوە کەبوونەتە کاسۆلیکی. سەردەمانێك مەسیحییەکانی کوردستان، کە پێڕەوانی ئاینزای نەستوریان پێکدەهێنا و دوای جیابوونەوەیان لە کەنیسەی نەستۆری لەساڵی(١٥٥٣)یزاینی لەلایەن پاپای ڤاتیکانەوە بە (کلدانی)ناونران. ئەو کاسۆلیکیانەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا (بەکلدانی) دەناسرێن تا ساڵی(١٥٥٣)ی زاینی پەیڕەوانی سەرەکی نەستۆری بوون، ئەو کاتانەش کە ( مەسیحییەکانی کوردستان ) پێڕەوییان لە ئاینزای نەستۆری کردووە و سەر بەیەك کەنیسەی هاوبەش بوون.

لەساڵانی( ١٥٥١-١٥٥٣)ی زاینی، بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتەوە کەنیسەی نەستۆری لەکوردستان کێشەی تێکەوت و مەسیحییە نەستۆرییەکان ڕازی نەبوون(پاتریارکی)کەنیسەی ڕۆژهەڵات بەمیرات لە باوکەوە بۆ کوڕ بێت، (شیمون سولاقای کوڕی دانیاڵ) ئاکرەیی بەنوێنەرایەتی ئەو دەستە جیابووەوەیە، لەڕێگای ئۆرشەلیمی قودسەوە چووە ڤاتیکان و لەسەر دەستی پاپ یولیوسی سێیەم، کاسۆلیك بوونی خۆی و پێڕەوەکانی ڕاگەیاند، پاپا لەسەرەتای ساڵی(١٥٥٣)ی زاینی، مارسولاقای بە پلەی پاتریارکی میزۆپۆتامیا ناردەوە و هاوکات نازناوی (کلدان)ی بەپێڕەوانی تازەی (کاسۆلیك) لە کوردستان بەخشی و لەو کاتەوە پێیان دەوترێت (کلدان کاسۆلیك) و سەر بەکەنیسەی کاسۆلیکی ڕۆژئاوان.

وشەی کلدانی لە (تەورات)دا بۆ گەلێکی لەناوچووی ناوچەکە بەکارهاتووە، پاپای ڤاتیکانیش ئەو ناوە کۆنەیان زیندووکردەوە و ناوی( کلدان )ی لە پێڕەوانی تازەی کاسۆلیك لە کوردستان ناو و بەم جۆرە کلدانییە کاسۆلیکەکانی کوردستان، لەو ساڵە بەدواوە لەهەموو (سروتە) ئاینییەکانیاندا، لە جیاتی ناوهێنانی (نەستوور)، کەجاران باوبوو، وشەی (پاپای ڤاتیکان) بەکاردێنن. ئەوان لەو کاتەوە و تا ئێستاش بەکلدانی دەناسرێن، واتە تا ئێستا(٤٦٤)ساڵ بەسەر دامەزراندنی ( ئاینزای کلدانی ) سەر بەکەنیسەی (کاسولیکی) لە کوردستان تێدەپەڕێ. شاسوار .خ.هەرشەمی،مێژووی ئارامیەکان لەکوردستاندا، لەزنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،چاپی دووەم،چاپخانەی ئۆفسێتی بابان، سلێمانی، ١٩٩٩،ل(١٠٤، ١٠٥) ، (٣٢٩، ٣٣٩) .

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ (قەشە دنحا تۆما یوسف) ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٣/١٩.

[2] – قسم الثقافة والاعلام الحركة الديمقراطية الاشورية،الاشوريون والتسميات المتعددة (بحث)، ١٩٩٢،ص ١٨.

[3] - المصدر نفسه

له سەرچاوەیەکی تردا قەشە (بطرس نصري) لە کتێبی(ذخيرة الأذهان) دەڵێن: (( ناوی (كلدان) لە کوردستانی عێراق تەنها ناوێکی مەزهەبیە و نەتەوە نییە، بەهۆی دابەشبوونی کەنیسەی ڕۆژهەڵات، کاتێك ئاشوورییەکان، کە باوەڕیان بە (کەنیسەی ئاشووری خۆرهەڵاتی نەستۆری)هەبوو، لە ساڵی (١٥٥١)م کەنیسە و مەزهەبی خۆیان گۆڕی و بوون بەکاسۆلیکی و پەیوەندییان کرد بە کەنیسەی کاسۆلیکی لە ڤاتیکان، پاپای ڤاتیکانیش ناوی(كلدان)ی لێنان و لەدوای ئەوە کەنیسەی کلدانی لە ناو گەلی ئاشووری دامەزرا و (ناوی کلدان ) چەسپا و لە نەستۆری( کەنیسەی ئاشووری ڕۆژهەڵاتی) جیاکرانەوە، مانایە پێش ئەو مێژووە، کلدانەکانی ئێستای کوردستان و باکوری عێراق کلدانی نەبوون، بەڵکو ئاشووری بوون.)[١]

هەموو مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە زمانی دایکیان زمانی سریانییە، بەڵام مەرج نیە سەر بەنەتەوەی سریانیش بێت، چونکە زمانی سریانی: زمانی ئاینی مەسیحییە نەك زمانی نەتەوەیەکی دیاریکراو، جێگری پەتریارکی بۆ لێکۆڵینەوەی سریانی دەڵێت:سریانی ڕەمز و هێمایەکی سیاسی و نەتەوەیی نەبووە، بەڵکو ناوێکی ئاینیە بۆ کەنیسەی(أنطاكية).

هەروەهاسریانی: ئاماژەیەکە بۆ مەسیحییەکان و ئاینی مەسیحی، سریانی ئاماژە نییە بۆ نەتەوە و هیچ واتایەکی سیاسی یان نەتەوەیی ناگەیەنێت و ناوی سریانی هێمایەك نەبووە بۆ نەتەوەیەك، بەڵکو ئاماژەیەکە بۆ مەسیحی لەهەر ڕەگەز و نەتەوەیەکبن، هەموو سریانییەك مەسیحییە،بەڵام هەموو مەسیحییەك سریانی نیە[٢]

سەبارەت بەپەیوەندی زمانی سریانی و ئاینی مەسیحی، وەك چۆن زمانی عەرەبی زمانی ئاینی ئیسلامە، زمانی سریانیش زمانی ئاینی مەسیحییە، ئەو کەسانەی ئاینی مەسیحییان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاوکردووەتەوە، بە زمانی سریانی ئاینەکەیان بڵاوکردووەتەوە، هەموو ئەو مەسیحییانەی لە زانستی ئاینی خوێندوویانە دەبێت سریانی فێربن، هەروەها لە کەنیسەکانیش سروتەکان بەزمانی سریانی پەیڕەودەکرێ، هەموو ئەوانەی لەڕۆژهەڵات دەهاتنە سەر ئاینی مەسیحی، سەر بەهەر نەتەوەیەك بوونایە، دەبوو فێری زمانی سریانی بن، تا ئێستاش مەسیحیەکانی (کلدانی و ئاشووری و سریانی) بەزمانی (سریانی) قسە دەکەن[٣]

د.(هاوژین صلێوە)دەڵێت: (کلدان) لە کوردستاندا نەتەوە یان زمان نییە، بەڵکو (مەزهەبێکی ئاینییە)[٤]. لەدەشتی کۆیەدا، ژمارەیەك(بندیان*)هەن، کە پەیوەندییان بەزمانە ئارامییەکەیانەوە نەماوە،

---

[١] - بطرس نصري، ذخيرة الأذهان فى تواريخ المشارقة و المغاربة السريان،مطبعة الاباء الدومنيكان،١٩٤٣،ج٢،ص ٧٢.

[٢] – المطران اسحق ساكا،كنيستى السريانية،الطبعة الثالثة،٢٠٠٧ ،ص ٢٧.

[٣] – شاسوار .خ.هەرشەمی،مێژووی ئارامیەکان لەکوردستاندا،زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی ئۆفسێتی بابان، چاپی دووەم،سلێمانی،١٩٩٩،ل٦٩،٧٦.

[٤] - چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوژین صلێوە، کۆیە–هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٤

* – بندیان: ئەو خێڵەیە، یان ئەو کەسانەن، کە باپیرە گەورەیان مەسیحی بووە و دەڵێن ناوی(یەلدا)بووە و خەڵکی گوندی هەرمۆتە بووە و بۆ ئیش و کار چووەتە دەشتی هەولێر و لەوێ بەهۆی خۆشەویستییەوە هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی موسوڵمان کردووە و وازی لە ئاینی مەسیحی هێناوە و بووە بە موسوڵمان و نەوەکانیشی ئێستا موسوڵمانن و بە خێڵی(بندیان)ناسراوون. واتە ئەو موسوڵمانانەن کە بە ڕەچەڵەکی ئاینی بە چەند پشتێك مەسیحی بوون.

هاوژین صليوە، مێژووی هەرمۆتە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢.

بێگومان ئەو کوردانەش کە لەسەر ئاینی مەسیحی ماونەتەوە، لەچوارچێوەی زمانی سریانی و ئاسوری و کلدانیدان، بەلام لەگەڵ ئەمەشدا زمانی کوردی زۆر باش دەزانن.[1]

توێژەر لەو باوەڕەدایە، کە مەسیحییەکانی کۆیە و گوندی هەرمۆتە، ئەو ئاشووریانەن کە لەساڵی(١٧٧٨)ی زاینی وازیان لە کەنیسەی (ڕۆژهەلاتی ئاشووری) هێنا و چوونە ڕیزی کەنیسەی (کاسۆلیک)ی، کە (پاپای ڤاتیکان) سەرپەرشتی دەکات[2]، هەروەها لە ناوچەی سلێمانی و کۆیە و تەقتەق و سلێمانی و هەولێر چەندین شوێنەوار دۆزراوەتەوە، کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان[3]، ئەمەش بەڵگەیە کە ئاشوورییەکان لەم وڵاتەدا ژیاون و دانیشتوانی ڕەسەن و بنەڕەتی ئەم وڵاتەن.

هەروەها لە کوردستاندا چەند گوندێك هەیە بەناوی(کلێسە) واتە (کەنیسە)، چەندین ناوی گوند لەناوچەکانی کوردستاندا هەیە، کە ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر زمانی سریانی، وەکو: دێرێ –دێر ناوی پەرستگای مەسیحییەکانە، بێگەلاس، بێناس، بێموش، بێکلۆ، بێشیر، باوزێ، بێدەلان، بێتواتە. پێشگری (بێ) و (بێت)، لە زمانی سریانیدا هاوواتای پاشگری (ئاوا)ی کوردی ئێستا بووە، کە نیشانەیە بۆ دێ و گوند و ئاوەدانی[4]. هەموو ئەمانەش پێویستە سەرنجی لێ بگیرێ و بەڵگەی ئەوەن کە کلدان و ئاشوورییەکان و مەسیحییەکان لەم نیشتمانەدا ژیاون و بەشێکن لە دانیشتوانی بنچینەیی ئەم نیشتمانە.

## ٦- ژمارەی مەسیحییەکانی قەزای کۆیە و گوندی هەرمۆتە:

**١- مسیۆنێری فەرەنسی ( ژاك ڕیتۆرێ ):**

لەگەشتنامەکەی خۆیدا لەساڵی( ١٨٧٨) ژمارەی مەسیحییەکانی کۆیە بە(٣٠)سی ماڵ و ژمارەی مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتەش بە(٢٠) بیست ماڵ حساب دەکات[5].

**٢- لەساڵی(١٩١٣)دا:**

لە تۆماری کەنیسەدا ژمارەی مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە لە(١٠٠) سەد کەس پێکهاتووە و یەك کەنیسە و یەك قەشەیان هەیە[6].

---

[1]- هاوژین صلیوە، مێژووی هەرمۆتە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٢-١٨٣.

[2]- قسطنطین.ب.ماتفییف(بارمتي)، الآشوريون والمسألة الآشورية في العصر الحديث، دمشق، ١٩٨٩، ص ١١٠. و سعدي المالح، المصدر السابق، ص ٢٧.

[3]- کەناڵی تەلەفزیۆنی NRT، بەرنامەی هێڵی سوور، شەوی٢٠١٧/٩/٩/٨.

[4]- نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین- چەند بابەتێکی کۆمەڵناسی، کتێبی یەکەم، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، الدار العربیة للعلوم الناشرون، بیروت، ٢٠١٥، ل ١٥٢.

[5]- ژاك ڕیتۆرێ، گەشتنامەی مسیۆنێرێك بۆ ناوچەکانی کەرکوك و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨،وەرگێڕانی:نەجاتی عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان،سلێمانی،چاپی یەکەم،٢٠٠٨،ل٤٧-٤٩.

[6]- المطران لویس ساکو،المسیحیة فی کرکوك تأریخ وبقاء،کرکوك،٢٠١٠،ص ١٠٦.

## ٣- ژماره ی دانیشتوانی گوندی هەرمۆتە لە سەرژمێری ساڵی (١٩٤٧ )[١] و (١٩٥٧)[٢] :

**خشتەی ژمارە(١١) ژمارەی مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە لە سەرژمێری ساڵەکانی(١٩٤٧) و (١٩٥٧) نیشان دەدات.**

| ساڵ | ژ.دانیشتوان | ژ. مەسیحی | ژ. موسوڵمان |
|---|---|---|---|
| ١٩٤٧ | ٢١٨ | ١٩٨ | ٢٠ |
| ١٩٥٧ | - | ٢٧٩ | - |

لە خشتەکەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ژمارەی مەسیحییەکان لە گوندی هەرمۆتە لە نێوان سالأنی (١٩٤٧-١٩٥٧) زیادی کردووە.

سەبارەت بە سەرجەمی دانیشتوان و ژمارەی مەسیحیەکان، لە گەڕەکەکانی ناوەندی قەزای کۆیەدا، لە سەرژمێری دانیشتوان لە ساڵەکانی(١٩٤٧)[٣] و (١٩٥٧ )[٤] دیاریکراوە.

**خشتەی ژمارە(١٢) سەرجەمی دانیشتووان و ژمارەی مەسیحیەکان لە گەڕەکەکانی ناوەندی قەزای کۆیە لە ساڵەکانی (١٩٤٧) و (١٩٥٧) نیشان دەدات.**

| ساڵ | ژ.دانیشتووان ناوەندی قەزای کۆیە | ژ.مەسیحییەکان | ژ.جولەکە | ژ.موسوڵمان |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٧ | ٧٧٠٣ | ٢٨٠ | ٤٣٠ | ٦٩٩٣ |
| ١٩٥٧ | ٨٤٨٢ | ٢٩٣ | - | ٨١٨٩ |

**خشتەی ژمارە(١٣) کۆی گشتی ژمارەی مەسیحییەکانی ناوەندی قەزای کۆیە و گوندی هەرمۆتە بەپێی سەرژمێری ساڵی(١٩٤٧)[٥]و(١٩٥٧)[٦] نیشان دەدات**

| ساڵ | ژمارە |
|---|---|
| **١٩٤٧** | **٤٧٨** |
| **١٩٥٧** | **٥٧٢** |

---

[١]- المملكة العراقية،وزارة الشؤون الاجتماعية،مديرية النفوس العامة،احصاء السكان لسنة ١٩٤٧،الجزء الثانى،لواء اربيل،ص ٢٤٩،٢٤٦ .

[٢]- الجمهورية العراقية،وزارة الداخلية،مديرية النفوس العامة،المجموعة الأحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧،لوائى الموصل واربيل،طبعت بمطبعة الارشاد-بغداد،ص ٢٣٩

[٣]- المملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية،مديرية النفوس العامة،أحصاء السكان لسنة ١٩٤٧،الجزء الثانى، لواءالموصل- لواء كركوك،لواء السليمانية،لواء أربيل،ص ٢٤٩

[٤]- الجمهورية العراقية،وزارة الداخلية،مديرية النفوس العامة،المجموعة الأحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧،لوائى الموصل واربيل،طبعت بمطبعة الارشاد-بغداد،ص ٢٣٧ الجدول التاسع

[٥]- المملكة العراقية،وزارة الشؤون الاجتماعية،مديرية النفوس العامة،احصاء السكان لسنة ١٩٤٧،الجزء الثانى،لواء اربيل،ص ٢٤٩،٢٤٦ . المملكة العراقة،وزارة الشؤون الاجتماعية،مديرية النفوس العامة،أحصاء السكان لسنة ١٩٤٧،الجزء الثانى،لواءالموصل-لواء كركوك،لواء السليمانية،لواء أربيل،ص ٢٤٩.

[٦]- الجمهورية العراقية،وزارة الداخلية،مديرية النفوس العامة،المجموعة الأحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧،لوائى الموصل واربيل،طبعت بمطبعة الارشاد-بغداد،ص ٢٣٩. ص ٢٣٧ الجدول التاسع.

**٤-لە ڕۆژی(٧ی کانوونی دووەمی ساڵی٢٠١٦)دا:**

**مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە بەپێی تۆماری ئەنجومەنی گوندەکە (١٠٢)ماڵ و (٤٢٥)کەس بوون، هەروەها (٣٢)ماڵی(موسوڵمان*)لەو گوندە لەگەڵ مەسیحییەکان دەژین کە(١٥٠)کەسن. کۆی گشتی موسوڵمان و مەسیحییەکانی ئەم گوندە دەکاتە (١٣٤) خێزان و (٥٧٥)کەس[1]. پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوانی گوندی هەرمۆتە لە ساڵی(٢٠١٦) بۆ سێ گروپی جیاواز دابەشبوون.**

**خشتەی ژمارە(١٤) تەمەنی دانیشتوانی گوندی هەرمۆتە نیشان دەدات[2]**

| پێکهاتەی تەمەن (مەسیحی) | نێر | مێ | کۆ |
|---|---|---|---|
| ١ڕۆژ – ١٥ساڵ | ٤٨ | ٦١ | ١٠٩ |
| لە ١٥ – ٦٥ ساڵ | ١٣٤ | ١٤٨ | ٢٨٢ |
| لە ٦٥ – زیاتر | ١٦ | ١٨ | ٣٤ |
| کۆی گشتی | ١٩٨ | ٢٢٧ | ٤٢٥ |
| پێکهاتەی تەمەن (موسوڵمان ) | نێر | مێ | کۆ |
| ١ڕۆژ – ١٥ساڵ | ١٨ | ١٩ | ٣٧ |
| لە ١٥ – ٦٥ ساڵ | ٤٧ | ٥٦ | ١٠٣ |
| لە ٦٥ – زیاتر | ٤ | ٦ | ١٠ |
| کۆی گشتی | ٦٩ | ٨١ | ١٥٠ |

**لەخشتەکەدا دەردەکەوێت مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە ڕێژەی ئەوانەی کە تەمەنیان لە(١٥)ساڵ کەمترە، لەساڵی(٢٠١٥)دا دەگاتە ڕێژەی (٢٥،٦٪)، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی خستنەوی وەچە، لە لایەن مەسیحییەکانی ئەم گوندەوە، ئەمەش بۆتە هۆی کەمی ژمارەی ئەم گروپە، گروپی تەمەن مام ناوەندییەکان، کە دەکاتە تەمەنی (١٥-٦٤) ساڵ، ئەم گروپە دەکەوێتە نێوان هەردوو گروپی منداڵ و پیر، بە گروپی چالاکیش ناودەبرێت، ئەمەش ئەوانە دەگرێتەوە، کە توانای کارکردنیان هەیە ، سەبارەت بە ڕێژەی ئەم دەستەیە لە ساڵی(٢٠١٥ )دا، دەگاتە ڕێژەی (٦٦،٣٪)، ئەمەش بەرزترین ڕێژەیە بە بەراورد بە هەردوو گروپەکەی**

* - موسوڵمانەکانی هەرمۆتە: ئەو موسوڵمانانەن کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٨٨٥) و لە چەند ساڵێکی تری جیاوازدا لە گوندی هەرمۆتە نیشتەجێبوون، یەکەم کەسی موسوڵمان کە لە گوندی هەرمۆتە نیشتەجێ بووە ناوی(حەسەن عبدالله) بووە و بە (حەسەن سوڵتان)ناسراو بووە، سوڵتان ناوی دایکی بووە و لە ساڵی (١٨٨٥) وەك جوتیار و ڕەنجبەرێك و دۆستی(عەولائاغای)کۆیە لە گوندی هەرمۆتە نیشتەجێبووە، لەگوندی (سمایل بەگی) ناوچەی شوانەوە هاتووەتە هەرمۆتە و زەوی و باخی عەولائاغای کۆیەی لە گوندی هەرمۆتە بەرهەمهێناوە، نەوەی ئەم پیاوە تا ئێستاش لەگوندەکەدا دەژین، یەکەم کەسی موسوڵمان لە ساڵی(١٨٨٧) بە ناوی (عبدالله حەسەن عبدالله) لە گوندی هەرمۆتە لەدایك بووە، پاشان لە ساڵەکانی(١٩٣٠ و ١٩٤٠ و ١٩٦٠)کان چوار ماڵی تری موسوڵمان بە ڕەنجبەری و شوانی چوونەتە گوندەکە و پاشان جێخانوویان کڕیوە و نیشتەجێبوون. چاوپێکەوتن لەگەڵ قاسم حوسێن عبدالله(نەوەی حەسەن عبدالله) لەدایکبووی ١٩٦٢، پیشە:مامۆستا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٨.

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ (ریاض عزیز بطرس)شوێنی چاوپێکەوتن:گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٥/١٧.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ (ریاض عزیز بطرس)شوێنی چاوپێکەوتن:گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٥/١٧.

تـــر، گروپـــی تەمەنـــدارەکان (بەساڵاچـــووان) لـــە (٦٥)ســـاڵ و بـــەرە و ســـەر، ڕێـــژەی ئـــەم گروپەش لە ساڵی(٢٠١٥ )دا دەگاتە ڕێژەی (٨٪).

**٥- لە (٢٠١٦/٩/٢١)دا:**

لە ناو گەڕەکەکانی ناوەندی قەزای کۆیەدا، (٣٦)ماڵی مەسیحی نیشتەجێن، کە ژمارەیان (١٥٦) کەسە و بەم شێوەیە دابەش بوون بەسەر گەڕەکەکانی کۆیەدا:

لە گەڕەکی بەفری قەندی(دیانان) (٣)ماڵ، لە گەڕەکی جەمعیە(١٦)ماڵ، لە گەڕەکی هەیبەت سوڵتان (زانکۆ) (١٥)ماڵ، لە گەڕەکی شەهیدان (٢)ماڵ [1].

هەروەها لەناو شوقەکانی کۆیەدا، (٣٦)شوقە دراوە بەمەسیحییەکانی کۆیە و پێی دەوترێت (شوقەی مەسیحییەکان)، سەرجەم ماڵەکانی ئەو شوقەیە مەسیحین، کە ژمارەیان (٢١) ماڵ و (٧٢)کەسە. واتە جگە لە گوندی (هەرمۆتە)، کۆی گشتی ماڵە مەسیحییەکانی گەڕەکەکانی کۆیە (٥٧) ماڵ و ( ٢٢٨ ) کەسن[2]. کۆی گشتی مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە و مەسیحییەکانی ناو سەنتەری قەزای کۆیە (١٥٩)ماڵ و (٦٥٣)کەس. ئەم ئامارە ئەو مەسیحیانەی تێدا نییە، کە لە دوای ساڵی(٢٠٠٣)وە لە بەغداوە و شارەکانی تری عێراقەوە هاتوونەتە کۆیە.

## ٦- ژمارەی لەدایکبوون و مردنی مەسیحییەکانی کۆیە و گوندی هەرمۆتە:

**لە خشتەی ژمارە(١٥)دا، ژمارەی لەدایکبوون و مردنی مەسیحییەکانی کۆیە و گوندی هەرمۆتە دەخەینە ڕوو[3]**

| ساڵ | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ٢٠١٠-٢٠١٧ | لەدایکبوون | کۆیە(٢٨)، هەرمۆتە(٨٤) |
| ٢٠١٠- ٢٠١٧ | مردن | کۆیە(١٠)، هەرمۆتە(٣٠) |

لە خشتەکەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە تاڕادەیەك ڕێژەی لەدایکبوون و مردن، بە پێی گەشەی دانیشتوان، ڕێژەیەکی ئاساییە. گوندی هەرمۆتە بەهۆی زۆری ژمارەی مەسیحییەکانەوە، لەدایکبوون و مردنیشی زۆرترە.

---

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ: ئیسحاق جرجیس یوسف،لەدایکبووی ١٩٣٩،پیشە:مامۆستای خانەنشین،شوێنی چاوپێکەوتن: کۆیە، لەبەرواری ٢٠١٦/٥/٢٢. کەژاڵ عمان حنا، لەدایکبووی:١٩٦٧،پیشە:مامۆستا لە پەیمانگای تەکنیکی کۆیە، کۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، لەدایکبووی ١٩٦٩، پیشە: مامۆستاو سەرۆکی بەشی پەرستاری لە پەیمانگای تەکنیکی کۆیە، کۆیە،٢٠١٦/٩/٤.

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ: أندریا عمان ئیلیا، لەدایکبووی ١٩٥٧، پیشە: ژمێریاری کەنیسەی کۆیە، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١. کەژاڵ عمان حنا، کۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا ،کۆیە،٢٠١٦/٩/٤.

٣- نوسراوی ژمارە(٨)ی کەنیسەی کۆیە و هەرمۆتە،لە ڕێکەوتی(٢٠١٧/١٠/٢٥) لە پاشکۆی ژمارە(٤)دا خراوەتە ڕوو.

# بەشی دووەم

# کەلتووری مەسیحییەکانی شاری سلێمانی

مەسیحییەکانی سلێمانی"ئەو مەسیحییانەن کە زۆربەیان لەگەڵ دروست کردنی شاری سلێمانیدا هاتوونەتە سلێمانی[١]. هەروەها ئەو مەسیحییانەن کە لە ساڵەکانی سەرەتای دروستبوونی شاری سلێمانیدا، بە قۆناغ و ساڵی جیاواز لە ( قەرەداغ و کۆیە و موسڵ و کەرکوك و کوردستانی ئێران –(سنە و ورمێ) و تورکیا )وە لە سلێمانیدا نیشتەجێبوون[٢].

لە سەرەتای ئەم بەشەدا پێش ئەوەی باسی کەلتووری مەسیحییەکانی (سلێمانی بکەین) پێویستە لە چەمکی (کەلتوور) تێبگەین و بیروبۆچوونی زانایانی ئەنسرۆپۆلۆجی دەربارەی بخەینە ڕوو.

زانایانی ئەنسرۆپۆلۆجی ئەمریکی (کلاید کلوکهون و الفرد لوس کروبر) لەساڵی(١٩٥٢)دا لەو کتێبەی تایبەتییان کرد بەچەمکی کەلتوور(١٦٠)پێناسەی جیاوازیان بۆ کەلتوور کۆکردەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگی و ئاڵۆزی ئەم چەمکە[٣]، ئەنسرۆپۆلۆجیا گرنگی بە پێناسەی جیاواز بۆ چەمکی کەلتوور دەدات، هەروەها لەسەر بنەمای تیۆری ڕێژەیی کەلتووریی و جیاوازی کەلتوورەکان، ناتوانین یەك پێناسەی گشتی بۆ کەلتوور بکەین[٤].

ئەسنۆلۆجی ئەڵمانی( گۆستاڤ کلم) لە کتێبی مێژووی کەلتوور(١٨٤٣ز) نوسیوویەتی: کەلتوور بریتیە لە داب و نەریت و زانیاری و شارەزایی و ژیانی گشتی و تایبەتی و ئاین و زانست و هونەر و هەموو ئەمانە لەشەڕ و ئاشتیدا.[٥] ئەنسرۆپۆلۆجی بەریتانی (إدوارد تایلر ١٨٧١ز): کەلتوور بریتییە لە گشتێکی ئاڵۆز، لە مەعریفە و زانست و زانیاری و داب ونەریت و بیروباوەڕ و ئاین و ئاکار و هونەر و بەها و یاسا و هەموو ئەو توانا و داب و بەهرە و شارەزاییانەش دەگرێتەوە کە تاك لە کۆمەڵگەکەیدا وەریدەگرێت، بەو سیفەتەی کە ئەندامە تیایدا[٦].

---

[١] - جمال بابان و ئەوانی تر،سلێمانی شارە گەشاوەکەم،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،بەرگی سێیەم،چاپی سێیەم، سلێمانی،٢٠٠٠زاینی،ل ١٠٥– ١٠٦.

[٢] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. سوعاد یوسف یعقوب حداد، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٥. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠. الیزابێت داود یوسف، سلێمانی ٢٠١٦/٨/٢٦. لطیف پۆلص اسطیفان، لەدایکبووی١٩٣٧، پیشە: خانەنشین، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١. ئامانج نجیب شمعون صراف، لەدایکبووی:١٩٥٩، پیشە: ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠. نوال اسحاق شماس عیسی، لەدایکبووی ١٩٤٣،پیشە پزیشکی دەرمانسازی خانەنشین، سلێمانی،٢٠١٦/٩/١٥. جولێت فایەق عزیز شینە،لەدایکبووی ١٩٥٧، پیشە: فەرمانبەر، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١٠. بەیان عیسی یوسف، سلێمانی،٢٠١٧/١/٣١، سلێمانی.

[٣] – عبدالسلام حیمر، فی سوسیولوجیا الثقافة والمثقفین، الشبكة العربیة للابحاث، الطبعة الاولی، بیروت، ٢٠٠٩، ص٣١.

[٤] – بیاربونت و میشال ایزار واخرون، معجم الاثنولوجیا والانتروبولوجیا،ترجمة:مصباح الصمد،المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع،الطبعة الاولی،٢٠٠٦،بیروت–لبنان،ص٤٢٥ .

[٥] – شاكر مصطفی سلیم،المدخل الی الانثروبولوجیا،مطبعة العانی،بغداد،١٩٧٥،ص ٧٨ .

[٦] – دنیس کوش، مفهوم الثقافة فی العلوم الاجتماعیة، ترجمة: منیر السعیداني، الطبعة الأولی، المنظمة العربیة للترجمة، بیروت–لبنان، ٢٠٠٧،ص٣١. دینکن میشیل، معجم علم الاجتماع، ترجمة: احسان محمد الحسن، دار الرشید للنشر،١٩٨٠، ص٣٦٢ .

**ئەنسرۆپۆلۆجی ئەمریکی(کلارك ویسلەر ١٩٢٣): کەلتوور هەموو چالاکییە کۆمەلایەتییەکان دەگرێتەوە، هەموو ئەو کردار و رەفتارانەیە کە لە رێگەی فێربوونەوە بەدەست هاتوون، وەك: زمان، هاوسەرگیری، سیستەمی خاوەنداریەتی، ئەدەب و داب و نەریت،پیشەسازی ،هونەر،هتد[١].**

**بە بڕوای ئەنسرۆپۆلۆجی ئەمریکی( روبرت لوی Robert Lowie ١٩٣٧): کەلتوور بریتیە لە کۆی بیروباوەڕ و نەریت و نموونەی هونەریی و داب و نەریتی تایبەت بەخۆراك خواردن و پیشە و ئەوەی وەك میراتی رابردوو دەمێنێتەوە و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێتەوە و تاك لە کۆمەڵگەکەیەوە فێری دەبێت، لەڕێگەی فێربوونی هەڕەمەکی یان ڕێکخراوەوە[٢].**

**کۆمەڵناسی روسی (بیتیریم سورۆکین*) لە کتێبی(دینامیکیەتی کۆمەلایەتی و کەلتووری ١٩٤١) نوسیوویەتی: کەلتوور بریتییە لە کۆمەڵێك (مانا و بەها و پێوەر)، کۆمەڵێك دامەزراوە ئەم مانا و بەها و پێوەرانە دەگوازنەوە، بەڵام ئەو چوارچێوەیەی کە تێیدا دروست دەبێت (کارلێکی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان مرۆڤەکانە)واتە چوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، بەواتای کەلتوور ڕوداوێکی کۆمەڵایەتییە[٣].**

**زانای ئەنسرۆپۆلۆجی بەریتانی(مالینۆفسکی١٩٤٢)لە توێژینەوەکانیدا دەربارەی ئەرکی کەلتوور نوسیوویەتی: کەلتوور گشتێکە پێکهاتووە لە ئامێر و یاسا کۆمەڵایەتییەکانی ڕێکخەری ژیانی کۆمەڵ و جڤاتەکانی ناو کۆمەڵگە، هەروەها ئەو بیرۆکە و بیروباوەڕ و داب و نەریت و عورفانەن کە دەبێت مرۆڤ خۆی لەگەڵیان بگونجێنێت بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ و ڕێکخستنی ژیان و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ[٤] . بە بۆچوونی مالینۆفسکی کەلتوور پێکهاتەیەکی گشتی فرمانی تەواوە و پەیوەستە بە پێویستییەکانی مرۆڤەوە[٥].**

**زانای ئەنسرۆپۆلۆجی ئەمریکی (کلاید کلوکهون ١٩٤٩) دەڵێت: کەلتوور بریتییە لە (هەموو نەخشە و شێوازە دیار و نادیارەکانی ژیان، بەهەردوو بەشی عەقڵانی و ناعەقڵانییەوە، کە لە پرۆسەیەکی مێژوویدا دروست بووە و گەشەی کردووە و لە ماوەی مێژوویی هەر کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەیە و ئاراستەی ڕەفتاری خەڵك و تاکەکانی کۆمەڵگە دەکەن)[٦] .**

---

**١ – علی محمد المكاوی، الانثروبولوجيا وقضايا الانسان المعاصر ،الدار الدولية للاستثمارات الثقافية، القاهرة،٢٠٠٧ ،ص ٩٦**

**٢ – كلايد كلوكهن،الانسان فی المراة،ترجمة وتعليق،شاكر مصطفى سليم،بغداد،١٩٦٤،ص ٧١-٧٢.**

*** – دامەزرێنەرو یەکەم سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی لەزانکۆی هارڤارد .**

**٣ – فردريك معتوق،تطور علم اجتماع المعرفة،دار الطليعة للطباعة والنشر،بدون مكان و سنة الطبع، ص ٨٢ .**

**٤ – عبدالحميد لطفى، الأنثروبولوجيا الاجتماعية، الطبعة الثانية، مطبعة دار نشر الثقافة، دار المعارف بمصر،١٩٧١، ص١٤٦-١٥١. قيس النوري ،المدخل الي علم الانسان،دار الكتب للطباعة والنشر،جامعة الموصل،١٩٨٢،ص ١٢٠.**

**٥ – حنفى عوض، فی علم الانسان دراسات وبحوث فی ثقافة الشعوب والمجتمعات، المكتب الجامعی الحديث، الاسكندرية، ٢٠١٠، ص٨٧.**

**٦ – رالف ل.بيلز ،هاری هويجر،مقدمة فی الانثروبولبوجيا العامة،ترجمة محمد الجوهری و السيد محمد الحسينی،الجزء الاول، دار النهضة المصرية، القاهرة،(١٩٧٧،ص ١٣٧ .**

زانای ئەنسرۆپۆلۆجی ئەمریکی(الفرد لوس کروبر ١٩٥٢)بەم جۆرە پێناسەی کەلتوور دەکات: کەلتوور بریتییە لە کۆی بەرهەمهێنراوەکانی مرۆڤ، کە کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە لە سەر مرۆڤایەتی بەهەموو تاك و کۆمەڵەکانییەوە[١]

زانای ئەنسرۆپۆلۆجیای ئەمریکی (رالف لنتون) لە کتێبی Tree of Culture (١٩٥٥) نووسیوویەتی: کەلتوور بریتییە لە کۆی گشتی بیر و هزر و فکر و وەڵامدەرەوەی سۆزداری مەرجدار و شێواز و نموونەی رەفتار، کە تاکەکانی کۆمەڵگە فێری دەبن و وەری دەگرن، لە ڕێگەی ئاراستەکردن و چاولێکەری و بە پلەی جیاوازیش تێیدا هاوبەشن[٢]. هەروەها کەلتوور کۆی داهێنراوەکانی مرۆڤە بەدرێژای مێژوو: دەستنووسەکان و تابلۆ هونەرییەکان و خانووبەرە، زانیاری مرۆڤ بە هۆکاری گونجان لەگەڵ ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی و زمان و داب و شێوازی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ئاین و ڕەوشت و ئاکار دەگرێتەوە[٣].

ئەنسرۆپۆلۆجی بەریتانی هاوچەرخ( رالف بدنکتن- Ralph Pidington ١٩٥٧) مانایەکی فراوان بە کەلتوور دەبەخشێت و دەنووسێت: کەلتوور پێکدێت لە کۆی ئامێرە مادییەکان و بابەتە فکری و هزرییەکان ، کە نەتەوەیەك بەکاری دەهێنێت بۆ تێرکردنی پێداویستییە ژیانی و کۆمەڵایەتییەکانی و خۆگونجاندنی لە گەڵ ژینگەکەیدا[٤] .

کۆمەڵناسی کەنەدی (غی روشیه ١٩٦٨): کەلتوور رێکخراوێکی هێمایی و رەمزییە بۆ گەیاندنی بیروبۆچوون و پەیوەندی لەنێوان تاکەکانی گروپێکی کۆمەڵایەتیدا. هەروەها دەڵێت: کەلتوور کۆمەڵێکی پێکەوە گرێدراوە لەچۆنییەتی بیرکردنەوە و هەست و کردار[٥] .

ئەنسرۆپۆلۆجی عیراقی شاکر مصطفی سلیم (١٩٨٠ ) نووسیوویەتی: کەلتوور هەموو ئەو شت و داب و نەریت و بیر و باوەڕانەن کە لە نەوەکانی پێشووەوە بۆ کۆمەڵگە ماوەتەوە( بە دەر لە سیفاتە ژیانییە سروشتییەکان-ژینگەی سروشتی) واتەپێکدێت لە: سیستەم و بەها و بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی و فکری و ئاینی و شێوازی ڕەفتار و شارەزایی و لێهاتووی تەکنیکی و هونەری، کە بەهۆیانەوە مرۆڤ و کۆمەڵگە کۆنترۆڵی ژینگەکەی دەکات و خۆی لەگەڵدا دەگونجێنێت و پێویستییە ژیانی و کۆمەڵایەتییەکانی دابین دەکات و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێتەوە[٦] .

(ویلیام هاویلز)ی ئەمریکی دەڵێت کەلتوور شێوازی ژیان و جۆری ڕەفتاری کۆمەڵگەیە.[٧]

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە کەلتوور زمان و ئاین و شێوازی ژیان و خزمایەتی و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان و بەها و هێما و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هونەر و پزیشکی میللی و ڕەفتاری

---

١ - علی محمد المکاوی،الانثروبولوجیا وقضایا الانسان المعاصر، المصدر السابق،ص٩٧

٢ - المصدر السابق،ص ٩٦

٣- رالف لنتؤن، الأنثروبولوجیا وأزمة العالم الحدیث، ترجمة: عبد الملك الناشف، مؤسسة فرانكلین للطباعة، بیروت- نیویورك، ١٩٦٧، ل ٢٩٥.

٤ - كلاید كلوكهن، الانسان فی المراة، نفس مصدر، ص ٧١-٧٢.

٥ - عبدالسلام حیمر،فی سوسیولوجیا الثقافة والمثقفین،مصدر السابق،ص ٣١ -٣٢.

٦ - شاكر مصطفی سلیم،قاموس الانثروپولوجیا،الطبعة الاولی،١٩٨١،ص٢٣٠

٧- علی جباوي، الانتروبولوجیا الاجتماعیة،دار الطباعة الحدیثة- دمشق،١٩٨١-١٩٨٢،ص١٨.

سیاسی و پەروەردە و پیشە و چالاکییە ئابوورییەکان و جلوبەرگ و خشڵ و خۆراك و خانووبەرە و کەلوپەلی ناوماڵ و ئامڕازەکانی گواستنەوەو ئامێرەکانی کشتوکاڵکردن دەگرێتەوە.

پێناسەی ڕێککاری خوێندکار: کەلتوور بریتییە لە سیستەمێکی ڕێکخراو، کە پێکهاتووە لەجۆرەکانی ڕەفتاری ڕۆژانەی تاك و شێوازی ژیانی کۆمەڵگە و زمان و بیروباوەڕ و هونەر و یاسا و ڕەوشت و دابونەریت و سرووتەکان و بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها بەرهەمە مادییەکانی مرۆڤیش لە بەرهەمهێنان، پیشە و چالاکییە ئابوورییەکان،بیناسازی،جلوبەرگ، خۆراك، خشڵ، شوێنەوار، تەکنۆلۆجیا، چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامێرەکان و هەموو بەرهەمە دەستییەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، کە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازرێتەوە.

بە بیروبۆچوونی ئەنسرۆپۆلۆجستی ئەمریکی (کلارك ویسلر) **توخم و ڕەگەزە جیهانییەکانی کەلتوور– Universal patterns of culture بریتین لە:** [1]

١–زمان

٢–ڕەگەزە مادییەکانی کەلتوور: نەریتی خواردن، شوێنی مانەوە (خانوو)، هۆکارەکانی گواستنەوە و گەشت، جل و بەرگ، ئامێر و ئامڕازەکان، چەك، پیشە و پیشەسازییەکان،

٣– هونەر : پەیکەر تاشی و وێنەو مۆسیقاو گۆرانی و شعر و ئەدەبیات، ئەفسانە و مەعریفەی زانستی،

٤– فۆرمەکانی سروت: سر،وتی ئاینی، سروتی نەخۆشی، سروتی مردن و پرسە

٥–خێزان و سیستەمی کۆمەڵایەتی: شێوازی هاوسەرگیری، سیستەمی ڕیزبەندی خزمایەتی، میرات، کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی

٦– یاری

٧– خاوەنداریێتی: خاوەنداریێتی خانوو، خاوەنداریێتی شتە گواستراوەکان

٨– ئاستەکانی بەهای شتەکان و ئاڵوگۆڕ و بازرگانی

٩– حکومەتداری: شێوازەکانی ڕامیاری، ڕێکارە یاساییی و دادوەرییەکان و شەڕ و ئامێرەکانی شەڕکردن.

لەم توێژینەوەیەدا ئەم دابەشکارییەی (کلارك ویسلر) وەك بنەما و میتۆدێك بۆ وەسف و شرۆڤەی (کەلتووری مەسیحییەکان) بەکارهاتووە، لەم بەشەدا باسی توخم و ڕەگەزەکانی کەلتووری مەسیحییەکانی سلێمانی دەکەین و دابەشمان کردووە بۆ دوو ڕەهەندی کەلتووری: ( کەلتووری مادی و کەلتووری مەعنەوی). کەلتووری مەسیحییەکانی سلێمانی لەم بەشەدا کراوە بە دوو باس:

باسی یەکەم: توخمەکانی کەلتووری مەعنەوی

باسی دووەم: توخمەکانی کەلتووری مادی.

---

[1]– عاطف وصفی،الانثروبولوجیا الثقافیة،دار النهضة العربیة،بیروت– لبنان،ص ٩٣–٩٤.

## باسی یەکەم:

## توخمەکانی کەلتووری مەعنەوی مەسیحییەکانی سلێمانی

توخمەکانی کەلتووری مەعنەوی، ئەو توخمە کەلتووریانەن،کە ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی ڕۆژانەی تاك و کۆمەڵگەدا دەبینن و بریتین لە:( ڕەفتار، دابونەریت، بیروباوەڕ، ئاین، پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، زمان و بەهاکان )[١] لەچەند تەوەرێکدا توخمەکانی کەلتووری مەعنەوی مەسیحییەکانی سلێمانی دەخەینە ڕوو: –

### یەکەم: (زمان)ی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی:

زمان و کەلتوور دوو بابەتن، کە بەتەواوی ئاوێزانی یەکتری بوون، زانایانی ئەنسرۆپۆلۆجی وەك بابەتێکی سەرەکی باسیان لە پەیوەندی نێوان زمان و کەلتوور کردووە، ئەنسرۆپۆلۆجستی ئەڵمانی ( ئیدوارد ساپیر ) هەوڵی داوە تیوریك ڕوون بکاتەوە دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان کەلتور و زمان، دەڵێت: پێویست ناکات توێژەر لە زانستی ئەنسرۆپۆلۆجیادا زمان بە تەنها وەك بابەتێکی جیاواز و باڵا ببینێت، لەبەر ئەوەی زمان بەتەواوەتی دیاردەیەکی کەلتوورییە، بەڵکو پێویستە لێکۆڵینەوە لە کەلتوور بکات، بەو سیفەتەی لێکۆڵینەوە لە کەلتوور واتە لێکۆڵینەوە لە زمان[٢].

ئەنسرۆپۆلۆجستی فەڕەنسی (کلود لیڤی ستراوس) باس لە بەهێزی و ئاڵۆزی پەیوەندی نێوان زمان و کەلتور دەکات و دەڵێت: ( زمان بەرهەمی کەلتورە، زمانی بەکارهاتوو لە کۆمەڵگەدا، کەلتووری گشتی تایبەت بە دانیشتوان نیشان دەدات و بەرجەستە دەکات. هەروەها زمان بە واتایەکی تر بەشێکە لە کەلتوور و ڕۆڵی ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی کەلتوور دەبینێت.)[٣]

هەروەها زمان ئامرازێکە کە مرۆڤ بەهۆیەوە زانیاری و بیروباوەڕ و دابونەریتەکانی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازێتەوە، هەر بەهۆی زمانەوە هەموو نەوەیەك دەتوانێت ئەزموونەکانی بەشێوازی هێمایی بۆ نەوەی نوێ بگوازێتەوە، زمان ئامرازی گوزارشت کردنە لە بیروباوەڕ و فاکتەری سەرەکییە بۆ پەیوەندی و تێگەیشتنی نێوان مرۆڤەکان و پێکدێت لە هێما و وشە و گوزارشتەکان.[٤].

زمان یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی کەلتوور و ( ئەنسرۆپۆلۆجیای کەلتووری)[٥]، سیستەمێکە لە هێمای زارەکی و ئاماژە بە ئامراز و ڕەفتار و بیرکردنەوە دەکات، مرۆڤ بۆ تێگەیشتن و گۆڕینەوەی بیروبۆچوون بەکاری دەهێنێت، هەروەها زمان تایبەتمەندییەکی مرۆڤەو تەنها مرۆڤ دەتوانێت بۆ تەعبیرکردن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونەکانی خۆی بەکاریبهێنێت، هەرچەندە هەندێك لە گیاندارەکانی تریش ئامرازی گوزارشت کردنی خۆیان هەیە، بەڵام ناتوانن بیروبۆچوون ئاڵ و گۆڕ بکەن. بەمانایەکی تر زمان بەشێکی گرنگی کولتوورە و پەیوەندی و هاوکاری کۆمەڵایەتی بەبێ زمان قورس دەبێت و مەیسەر

---

١- فاروق أحمد مصطفى، محمد عباس أبراهيم، الانثروبولوجيا الثقافية، دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٩، ص ٤٦.

٢- دنيس كوش، مفهوم الثقافة فى العلوم الاجتماعية، ترجمة: منير السعيداني، الطبعة الأولى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠٠٧، ص ٧٥.

٣- المصدر نفسه، ص ٧٦

٤- سامية حسن الساعاتى، الثقافة والشخصية، دار النهضة العربية، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٨٣، ص٧٥.

٥- عاطف وصفى،الانثروبولوجيا الثقافية،دار النهضة العربية،بيروت-لبنان،١٩٧١،ص ٣١ .

نابێت. هەروەها زمان پەیوەندییەکی پتەوی بە ژینگەی سروشتییەوە هەیە، چونکە ژینگەی سروشتی کاریگەری بەهێزی لەسەر خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی زمان هەیە.[1]

دەتوانین بڵێین: زمان بریتییە لە گوزارشتکردن لە تواناو ویستی قسەکردن و تایبەتە بەمرۆڤ، هەموو کۆمەڵێکی مرۆڤ، کۆمەڵێك هێمای دەنگیی بەکاردەهێنن بۆ گوزارشتکردن و پەیوەندی و ڕەفتارکردن، ئەو کۆمەڵە هێما دەنگیانەش بۆ تێگەیشتن لە کەسانی تر، واتای تەواو دەگەیەنن.[2]

لەهەمان کاتدا زمان چەمکێکە و ئاماژەیەکە بۆ سیستەمی پەیوەندی زارەکی جیاکەرەوە و تایبەتمەند و ئاڵۆز، کە مرۆڤ بەکاری دەهێنێت، بۆ گەیاندنی پەیام و بیروبۆچون و تێگەیشتن لەنێوان خۆیاندا، زمان بە سیستەمێکی خاوەن پلەی باڵا لە پسپۆڕیی و گەشەپێدانی سەربەخۆ و شێوازێکی ئاڵۆز لە بەکارهێنانی هێما دەناسرێتەوە [3] .

هەروەها ئەنسرۆپۆلۆجییەکان لێکۆڵینەوە لە زمان دەکەن وەك سیستەمی پەیوەندیکردن و گفتوگۆکردن، کە لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەکاندا پراکتیزە دەکرێت، ئەنسرۆپۆلۆجستەکان باوەڕیان وایە کە مرۆڤ ئامادەییەکی سروشتی تێدایە بۆ قسەکردن، بەڵام قسەکردن غەریزە نییە، بەڵکو سیفەتێکی کەلتووری و کۆمەڵایەتی هەیە و بەهۆی پرۆسەی فێرکردن و وەرگرتنەوە بەدەست دێت، هەروەها زمان سیستەمێکی هێمایی هەیە و هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەك زمانی تایبەت بە خۆی هەیە، بەهۆی جیاوازییە زمانییەکانەوە، بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤەکانی زمانە جیاوازەکان ئاراستەی هزریی و هەست و دەروونیان جیاواز دەبێت و هەڵوێستی جیاوازیان لە تێڕوانین و هەڵسەنگاندندا دەبێت[4].

لەئەنجامی ئەو پێناسانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە زمان بریتییە، لە گوزارشتکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و گشت دیاردە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و توخم و ڕەگەزە کەلتوورییەکان و کاراترین ئامرازە بۆ دەرخستن و گواستنەوەی کەلتوور و ژیار و شارستانییەت، لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر، کۆمەڵگەی فرە زمان، کۆمەڵگەیەکی فرە کەلتوورە و پێشکەوتن و گەشەپێدانی زمان، دەبێتە هۆی پێشکەوتن و گەشەپێدانی کەلتوور.

دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی زمان بەشێك و توخمێکی گرنگ و سەرەکی کەلتووری واتاییە و بریتییە لە گوتن و بیستن، کە بەهۆیەوە پرۆسەی پەیوەندیکردن و لە یەکتر گەیشتن و پێکەوە ژیان جێبەجێدەکرێت. دواتر دەبێتە هەڵگری پێکهاتەکانی کەلتوور و تایبەتمەندییەکانی نەتەوە لەخۆدەگرێت. هەروەها بریتییە لە کۆمەڵە واتایەك،کە لە ئەنجامی کارلێکی کەسییەوە دروست دەبێت و بنەمای سەرەکی سیستەمی پەیوەندییەکانە، خەڵك لە ڕێگەی زمانەوە گوزارشت لە کەلتووری خۆی دەکات. لێرەدا بە چەند خاڵێك زمانی دایك و قسەکردنی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی شیدەکەینەوە:-

---

[1] - شاكر مصطفى سليم،قاموس الانثروبولوجيا،الطبعة الاولى،١٩٨١،ص ٥٥١

[2] - بيار بونت و ميشال ايزار واخرون،ترجمة:مصباح الصمد،معجم الاثنولوجيا والانتروبولوجيا،الطبعة الاولى،٢٠٠٦، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت،ص٧٦٩

[3] - شارلوت سيمور-سميث، موسوعة علم الانسان، ترجمة مجموعة اساتذة علم الاجتماع،باشراف محمد الجوهري،الطبعة الثانية،المركز القومي للترجمة،٢٠٠٩،ص٤٥٠

[4] - قيس النوري، الحضارة والشخصية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي،دار الكتب ، جامعة الموصل، ١٩٨١، ص ١٣٦- ١٤٢.

## ١- زمانی دایك:

بەشێوەیەکی گشتی زمانی دایکی مەسیحییەکانی سلێمانی زمانی(سریانی)* یە، بەڵام چونکە لە ئاینزا (المذهب)ی جیاواز پێکهاتوون و هەر یەك لەو ئاینزایانەش، دیالێکتێکی زمانی تایبەت بەخۆی هەیە، وای لە مەسیحییەکانی سلێمانی کردووە، کە لە دیالێکتی زمانی دایکیاندا تا ڕادەیەك جیاوازبن، بەم شێوەیە:-

أ- زمانی دایکی مەسیحییە کلدانییەکان: زمانی سریانی (دیالێکتی کلدانی)یە[١].

ب- زمانی دایکی مەسیحییە ئاشوورییەکان: زمانی سریانی دیالێکتی(ئاشووری) **یە[٢].

ت- زمانی دایکی مەسیحییە سریانییەکان: زمانی(سریانی) یە.

---

* - زمانی سریانی: زمانی (سریانی) لە هەندێك سەرچاوەدا بە یەکێك لە دیالێکتەکانی زمانی (ئارامی ڕۆژهەڵاتی) هەژمار کراوە، زمانی ئارامی و دیالێکتە جیاوازەکانی لەناو زمانەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، لەسەر ئەو کۆمەڵە زمانانە پۆلێن کراوە کە بە زمانە (سامییەکان) ناسراوون، شاسوار. خ. هەرشەمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩.

زمانی سریانی(السوريث): (( یەکێکە لە زمانە سامییەکان و لە ( ٢٢ ) پیت پێکهاتووە، ڕەگی ئەم زمانە دەگەڕێتەوە بۆ (زمانی ئارامی)- کە زمانی قسەکردنی حەزرەتی عیسابووە. زمانی سریانی دیالێکتێکە لە دیالێکتەکانی زمانی ئارامی و لە زمانە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و لە سەرچاوە زمانەوانییەکاندا بە یەکێك لەم ناوانە ( ئارامی، سریانی، کلدانی ) هاتووە. طيمثاوس ارميا مقدسي(المطران)،قواعد اللغة السريانية،مطبوعات مجمع اللغة السريانية،مطبعة اوفسيت المشرق،بغداد،١٩٧٨،ل ٥-٦. هەروەها زمانی سریانی بووە بە زمانی مەسیحییە ئارامییە ڕۆژهەڵاتییەکان و جێگرەوەی زمانی ئارامیی(زمانی ئارامی ڕۆژهەڵاتی)، شاری ڕەها(ادیسا)ئورفای ئێستا لە تورکیا ناوەندی سەرەکی ئەم زمانە بووە و لەوێوە بۆ ناوچەکانی عێراق و دجلە و فورات بڵاوبووەتەوە و گەشەی کردووە. البير ابونا(الاب)قواعد اللغة الارامية،مطبعة اوفسيت هةولێر،الطبعة الاولى،اربيل،٢٠٠١،ل ١٦-١٧.

زمانی سریانی، بە زمانی (کلدانی)ش ناو دەبرێت، بەڵام زمانەوانان لەو باوەڕەدان کە ڕاستترە بە زمانی (سریانی، یان ئارامی) ناوبنرێت، مەسیحی و جولەکەکانی نیشتەجێی ناوچە کوردییەکانی تورکیا و عێراق و وڵاتی ئێران بە (زمانی ئارامی) کە ناو دەبرێت بە (زمانی سریانی) قسە دەکەن. جاك ريتوريه(الأب)، قواعد لغة السوريث، ترجمة: يلدا توما ككو، الطبعة الاولى، دار المشرق الثقافية- دهۆك، ٢٠١٢،ص ١٣. زمانی سریانی، بەهۆی ئایینی مەسیحی و کەنیسەوە گەشەیکردووە و دیالێکتێکی زیندووی زمانی ئارامییە، حەزرەتی مەسیح گەرچی عیبریشی زانیوە، بەڵام هەر بەزمانی سریانی گفتوگۆی کردووە، شایەنی باسە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧) بەشی زمانی سریانی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی صلاح الدين لە هەولێر کراوەتەوە. چاوپێکەوتنی خوێندکار لەگەڵ کوثر نجيب عبدالاحد، لەدایکبووی ١٩٧٥، پیشە: سەرۆکی بەشی زمانی سریانی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی صلاح الدين، ٢٠١٦/٩/٦، ٢٠١٧/٢/٢١ ، هەولێر.

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، لەدایکبووی:١٩٧٥، پیشە:نوسەرو ڕۆژنامەنوس، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. سوعاد يوسف يعقوب حداد، لەدایکبووی ١٩٤٤، پیشە:مامۆستای خانەنشین، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٥. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، لەدایکبووی ١٩٦٧، پیشە:مامۆستا، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ .

** - جیاوازییەکی زۆر کەمی هەیە لەگەڵ دیالێکتی کلدانی زمانی سریانی.( هاوشێوەی جیاوازی نێوان شێوەزاری (وەچە دیالێکتی)سلێمانی و هەولێری لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست- کرمانجی خواروی زمانی کوردی)، واتە (کلدانی و ئاشووری) هەر یەك دیالێکتە، تەنها لە ناودا جیاوازن.

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ: ڕێڤین نوفل بابايوسف، لەدایکبووی ١٩٨٥، پیشە:ژمێریاری کەنیسەو فەرمانبەر لەبەڕێوەبەرایەتی کاروباری مەسیحییەکانی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٠. ئامانج نجيب شمعون صراف، لەدایکبووی:١٩٥٩، پیشە: ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠.

لەبەرئەوەی زۆربەی مەسیحییەکانی سلێمانی لە نەتەوەی کلدانن، دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی زمانی دایکی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی زمانی (سریانی دیالێکتی کلدانی)یە.[1] هەرچەندە لە شاری سلێمانیدا ژمارەی ئەو کەسانەی زمانی دایکیان(زمانی کلدانی و سریانی) بووە لە سەرژمێریساڵی(١٩٥٧)[2]، (٢١٤) کەس بوون.

**خشتەی (١٦)**

**زمانی دایکی دانیشتووانی شاری سلێمانی نیشان دەدات، بە پێی سەرژمێری دانیشتووان لە ساڵی (١٩٥٧)[3]**

| زمان | ژمارە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| کلدانی و سریانی | ٢١٤ | ٠,١ |
| کوردی | ٤٧٠٧٢ | ٩٨,٦ |
| عەرەبی | ١٠٤٧ | ١ |
| تورکی | ١٥١ | ٠,١ |
| ئێرانی | ٢٥ | |

لە خشتەی(١٥) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نزیکەی یەك لەسەر سێی مەسیحییەکانی سلێمانی زمانی دایکیان بە زمانی (کلدانی و سریانی) دەستنیشانکردووە، چونکە هەر وەك لە بەشی یەکەمدا باسمانکردووە لە ساڵی (١٩٥٧)دا، ژمارەی (مەسیحییەکانی شاری سلێمانی) ( ٦٧٩)کەس بوون.

**٢- زمانی ئاخاوتن:** مەسیحییەکانی شاری سلێمانی لە ماڵەکانی خۆیاندا لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ منداڵەکانیان بەزمانەکانی (سریانی-دیالێکتی کلدانی و کوردی) قسە دەکەن، زمانی سریانی دیالێکتی کلدانی مەسیحییەکانی سلێمانی، جیاوازە لەو دیالێکتە کلدانییەی مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا قسەی پێدەکەن، چونکە لە سلێمانی وشەی کوردی تێکەڵ بووە و کاریگەری زمانی کوردی لەسەرە[4].

مەسیحییەکانی سلێمانی لە ئاخاوتنیاندا بەزمانی سریانی دیالێکتێکی تایبەتییان هەیە، ئەو دیالێکتە بەدیالێکتی پیتی (س) ناسراوە و لەزۆربەی وشەدا دەنگی( پ ، ت، ل ) دەکەن بە دەنگی(س)، بۆ نموونە: لەجیاتی ئەوەی بڵێن ( ئیتێلی )، دەڵێن ( ئیسێلی ) واتە هاتم، لەجیاتی ئەوەی بڵێن ( تالەخ ) دەڵێن ( تاسەخ )، واتە بۆ تۆ، لەجیاتی ئەوەی بڵێن ( متلی) دەڵێن ( مسلی ) واتە مردم . لەجیاتی ئەوەی بڵێن ( لەکاتن ) دەڵێن ( لەکاسن) واتە نایەم . لەجیاتی ئەوەی بڵێن ( کتێتە ) دەڵێن ( کسێسە) واتە مریشك. لەجیاتی ئەوەی بڵێن ( سەبیتە )، دەڵێن ( سەبیسە). ئەمە وای کردووە بەدیالێکتی(کلدانی سلێمانی)ناوبانگ دەربکات[5].

---

1- چاوپێکەوتن لەگەڵ الیزابێت داود یوسف، لەدایکبووی ١٩٥٥، پیشە:مامۆستا، سلێمانی ٢٠١٦/٨/٢٦

2- الجمهورية العراقية،وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الأحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧ ، لوائي السليمانية و كركوك،مطبعة العاني،بغداد،ص ١٠٧ .

3- الجمهورية العراقية،وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الأحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧ ، لوائي السليمانية و كركوك،مطبعة العاني،بغداد،ص ١٠٧ .

4- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەیان عیسی یوسف، سلێمانی،٢٠١٧/١/٣١، سلێمانی.

5- چاوپێکەوتن لەگەڵ کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨.

زۆربەی هەرەزۆری مەسیحییەکانی شاری سلێمانی زمانی قسەکردنی(سریانی*)دەزانن و لەڕابردوودا بەهۆی دایك و باوك و دێرەکان و کەنیسەکان و لەسەردەستی ڕاهیب و قەشە و مەترانەکان فێری زمانی سریانی بوون، لە ئێستاشدا منداڵەکانیان بەهۆی دایك و باوکیانەوە فێری زمانی قسەکردنی سریانی دەبن، هەرچەندە منداڵان و گەنجان بەتایبەتی و زۆربەی مەسیحییەکانی سلێمانی بەگشتی، نوسین و خوێندنەوەی سریانی نازانن و تەنها دەتوانن بەسریانی قسەبکەن و تێبگەن. بەڵام ئەو مەسیحییانەی کە لە (موسڵ)ەوە هاتوونەتە سلێمانی بەشێکیان لە ماڵەوە بە زمانی عەرەبی (موسڵاوی) قسە دەکەن، هەروەها ئەو کەسانەی کە دایکیان یان باوکیان لە ناو شاری موسڵ یان لە شاری بەغدا و بەسرەوە هاتوون زمانی سریانی نازانن.[1]

سەرجەم مەسیحییەکانی سلێمانی زۆر بەباشی فێری زمانی کوردی بوون و لەگەڵ کوردەکان بە زمانی کوردی قسە دەکەن، مەسیحییەکانی سلێمانی لە دەرەوەی ماڵەکانیان کە یەکتری دەبینن ئەگەر هەر خۆیان بن ئەوا بەزمانی سریانی قسە دەکەن، بەڵام ئەگەر کوردێکیان لەگەڵ بێت ئەوا بەزمانی کوردی قسە دەکەن، چونکە زمانی کوردی بەتەواوی دەزانن و نوسین و خوێندنەوەی کوردی بەباشی دەزانن و ئەمەش بەهۆی پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتیان لە ( باخچەی منداڵان و قوتابخانە و گەڕەك و تەلەفزیۆن)ە وە فێری بوون، زۆر جار لەگەڵ یەکتری بەزمانی سریانی و کوردی قسە دەکەن.[2] ئەو خێزانانەی کە دایکیان یان باوکیان زمانی سریانی(کلدانی) نازانن لەگەڵ منداڵەکانیان بە کوردی و عەرەبی قسە دەکەن[3].

**٣- زمانی عەرەبی:**

مەسیحییەکانی سلێمانی لەگەڵ خەڵکی عەرەب بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن و زمانی عەرەبی دەزانن، ئەمەش بەهۆی:[4]

أ- بەشێکیان لە بنەڕەتەوە لە دەشتی نەینەوا و شاری کەرکوکەوە هاتوونەتە سلێمانی.

ب- پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی و ناسیاویان لەگەڵ مەسیحییەکانی شارەکانی بەغداد و کەرکوك و موصڵ هەیە و ژن و ژنخوازی لە نێوانیاندا ڕوویداوە ،

ت- ئەو قەشانەی بۆیان هاتووە زمانی قسەکردنیان عەرەبی بووە و لەدێری شارە عەرەب نشینەکاندا خوێندوویانە.

---

* - تێبینی: کەباس لەزمانی سریانی یان ( سورایە ) دەکەین، کۆکراوەی هەرسێ دیالیکتەکانە کەئەوانیش: ( کلدان، ئاشوری ، سریانی) یە.

1- چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەیان عیسی یوسف، سلێمانی،٢٠١٧/١/٣١، سلێمانی. لطیف پۆلص اسطیفان، لەدایکبووی ١٩٣٧، پیشە: خانەنشین، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١. نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، لەدایکبووی ١٩٥٤، پیشە: خانەنشین، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥.

2- چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەیان عیسی یوسف، سلێمانی،٢٠١٧/١/٣١، سلێمانی. نیان بەشیر داود عەلەکە، لەدایکبووی ١٩٦٥، پیشە: ژمێریار، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٨.

3- چاوپێکەوتن لەگەڵ نیان بەشیر داود عەلەکە، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٨.

4- چاوپێکەوتن لەگەڵ: توانا بەشیر داود، لەدایکبووی:١٩٧٣، پیشە:ئەندازیار، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٩ . شوان جمیل عیسی، لەدایکبووی ١٩٦٩، پیشە: فەرمانبەر، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٨.

پ- بینینی بەرنامەی تەلەفزیۆن و خوێندنی ئینجیل و خوێندنی سروتە ئاینییەکان لە کەنیسە بە عەرەبییە.
ج- لەئێستاشدا هەندێکیان منالەکانیان لە قوتابخانەی عەرەبی دەخوێنن.

٤- زمانی سرووتی ئاینی:

زمانی سرووتی ئاینی مەسیحییەکانی سلێمانی زمانی سریانی دیالێکتی کلدانییە و هەندێك سرووتی ئاینیشیان بەزمانی عەرەبییە[١]، سەبارەت بە زمانی سرووتی ئاینی کلدانییە کاسۆلیکەکانی کوردستان، مێجەرسۆن نوسیویەتی: کلدانەکانی کوردستان ناسراون بە کاسۆلیکی کلدانی، هەموویان پەیڕەوی یەك سرووتی ئاینی دەکەن ئەویش سرووتی کلدانییە و بەزمانی سریانییە[٢].

٥- زمانی سروودی ئاینی:

لە ڕابردوودا، بۆ یەکەمین جار لەمێژووی کەنیسەی کلدانی لەسەر ئاستی عێراق سروودی ئاینیی بە زمانی کوردی لەلایەن کۆراڵی کەنیسە، لە کەنیسەی کلدان لەشاری سلێمانی لەناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابڕدوو وتراوە، سەرجەم تێکستەکان نوسین یان وەرگێڕانی مامۆستا شێخ ( حەسیب قەرداغی) و ئاوازی مامۆستا ( ولیەم یۆحەننا) بوون. بەڵام لە ئێستادا سەرجەم سروودە ئاینییەکان لە کەنیسەدا بە زمانی عەرەبییە، چونکە سروودەکان ڕیکۆردە و گروپی هونەری کەنیسە لەگەڵ مۆسیقاکەدا دەیڵێنەوە، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا، کەنیسە تیپی موزیکی تایبەت بەخۆی نییە. چونکە ئەندامانی گروپی موزیکی کەنیسە(الجوقة) موزیکژەن نین.

بە شێوەیەکی گشتی مەسیحییەکانی سلێمانی لەناوماڵی خۆیان و لەگەڵ مندالەکانیاندا، بە زمانی سریانی دیالێکتی(کلدانی) قسە دەکەن، لە دەرەوەی ماڵ و لەگەڵ کوردە موسوڵمانەکاندا، بە زمانی کوردی قسە دەکەن.

## دووەم: سیستەم و سرووتی ئاینی:

ئاین(Religion) لە کۆمەڵێك بیروباوەڕ و هێما و جێبەجێکردنی سرووت پێکهاتووە، کە لەسەر بنەمای بیرۆکەی پیرۆز پەیدا دەبن[٣] ئاین بریتییە لە ڕەفتاری پەیوەست بە پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە هێزە نادیارەکان و سیستەمی بیروباوەڕەکان و سرووتەکانی پەیوەست بە پیرۆزکردنی ئەو هێزانە[٤].

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەیان عیسی یوسف، سلێمانی،٢٠١٧/١/٣١، سلێمانی. شوان جمیل عیسی، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٨.

[٢]- میجرسون، رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان،ترجمة:فؤاد جميل،الجزء الاول،الطبعة الاولى،،مطابع الجمهورية،بغداد،١٩٧٠،ص١٨٤،١٨٣

[٣]- جون سكوت وجوردون مارشال، موسوعة علم الاجتماع، ترجمة: محمد الجوهرى و اخرون، المجلد الثانى، الطبعة الثانية، المركز القومى للترجمة، القاهرة، ٢٠١١، ص ١٥٧.

[٤]- رالف ل. بيلز و هارى هويجر، مقدمة فى الأنثروبولوجيا العامة، ترجمة: محمد الجوهرى، السيد محمد الحسينى، الجزء الأول، دار نهضة مصر، مؤسسة فرانكلين للطباعة، ١٩٧٦، ص ١٧٤.

بیرمەندانی سەدەی نۆزدە (ئۆگست کونت و لودفیگ فویرباخ) ئاین لە بیرۆکەی خودا بەتاڵکردووەتەوە، ئەم بیرمەندانە باوەڕیان وابووە کە ئایین بەرهەمی مرۆڤ خۆیەتی، فویرباخ جەختی لەوەکردوەتەوە کە (بوونەوەر یان خوای پیرۆز تەنها خودی مرۆڤ خۆیەتی). (کارل مارکس) جەخت دەکاتەوە لە ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە ئایین، ئەمەش لەپێناوی بەرجەستەکردنی سیاسەتێکی کارا کەببێتە هۆی ڕامالینی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کە ئایین بەرهەمی هێناوە، (کارل مارکس) گرنگی داوە بە ڕۆڵی ئاین لە کۆمەڵگە چینایەتییەکاندا، کە ئاین چۆن بەشدار دەبێت لە لاوازکردن یان گەشەکردنی وشیاری چینایەتی لە نێوان تاکەکانی چینی هەلپەرست و چەوسێنەردا، هەروەها مارکس بەم شێوەیە گوزارشت لە ئاین دەکات: ( ئاین دڵی جیهانێکی بێ دڵ و بێ بەزەییە) و (ئاین هەناسەی مرۆڤی چەوساوەیە و ئاین تلیاکی گەلە، (هەستێکی خودیی و پەیپێبردنێکی خودی مرۆڤ خۆیەتی)[١] .

ئاین سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە، لەئەنجامی پەیوەندی مرۆڤ بە بوونەوەرێك یان بوونەوەرەکانەوە دادەمەزرێت، یان ئەو هێزانەی کە لەسەرو سروشت و مرۆڤەوەیە، یان خودایەك، کە مرۆڤ باوەڕی پێیەتی و لەڕێگەی ناوەندێکەوە دەیپەرستێ، مرۆڤ لەوباوەڕەدایە کە ئەوانە نوێنەرایەتی ئەو دەکەن، ئاین بەشێوەی سیستەمی ڕەفتار و ڕەوشت بەرجەستە دەبێت، هەروەها پەیوەندی نێوان خودا و خوداپەرست شێوە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و جێگیر وەردەگرێت، چونکە هەموو کۆمەڵگەیەك باوەڕی وایە کە ئاینی ئەو ئاینێکی ڕاست و هەڵسوکەوت و ڕەفتارێکی نموونەییە، لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئاین بریتییە لە: ( باوەڕ ، بوونی هەڵوێستێکی سۆزداریانەیە بەرامبەر پەرستراو (خودا) و ڕەفتار و هەڵسوکەوتێك کە لە خودا نزیکی بکاتەوە، سازدانی ئاهەنگ و سروتی ئاینی)[٢] .

ئەنسرۆپۆلۆجستی فەرەنسی (مارسیل موس) دەڵێت: کۆمەڵە ئاماژەیەك هەیە دەربارەی پەیوەندی جەدەلی نێوان ئاین و جادوو، مارسیل موس جیاکاری نەکردووە لە نێوانیاندا و چەمکی (سحری ئاینی) بەکارهێناوە[٣]، بەو مانایەی کە ئاین جۆرێکە لە جادوو، یان لە جادووەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئەنسرۆپۆلۆجستی بەریتانی(ئیدوارد تایلەر) باوەڕی وایە کە سەرچاوەی ئاین لە ئەنجامی ( خۆشەویستی و ترس، نوستن و لەخەوهەستان، خەونبینین و ڕاچڵەکین) پەیدابووە و ئاین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و دەرئەنجامی بیرکردنەوەی مرۆڤە و سەرەتا لە ڕۆح پەرستییەوە(Animism) پەیدابووە. هەروەها هەموو سرووت و باوەڕە ئاینییەکان، دەرئەنجامی کۆمەڵە هەڵە و ئەزموونی هەندێك دیاردەن، وەك خەون بینین و نەخۆشی و مردن و ژیان[٤] .

---

[١]- أندرو ادجار وبيتر سيد جويك، المصدر السابق، ص ٣١٣- ٣١٤.

[٢]- لوسي مير، مقدمة في الانثروبولوجيا الاجتماعية، ترجمة: شاكر مصطفى سليم، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ص٤٦١.

[٣]- مارسيل موس، الصلاة (بحث في سوسيولوجيا الصلاة)، ترجمة: د.محمد الحاج سالم، الطبعة الأولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت-لبنان، ٢٠١٧، ص ١٢.

[٤]- ايفانز بريتشارد، الأنثروبولوجيا الأجتماعية، ترجمة: أحمد أبو زيد، منشأة المعارف، الاسكندرية، الطبعة الأولى، ١٩٥٨، ص ٦٠.

زانای ئەنسرۆپۆلۆجستی بەریتانی(جیمس فریزەر) دەربارەی ئاین دەڵێت: ( ئاین درێژە پێدەری جادووە و بنچینەی ئاین لە جادووگەرییەوە(السحر) سەرچاوەی گرتووە و سەرەتای پەیدابوونی ئاینەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ شکستی جادوو، لە بەدیهێنانی خواستی مرۆڤ، لە دەستبەسەردا گرتنی دیاردە سروشتییەکاندا، ئەمەش وای لە مرۆڤ کرد، کە باوەڕ بەبوونی هێزێکی بەتوانای سەروو سروشت بکات، کەناچێتە ژێر ڕکێفی جادووەوە.[1].

ئاین کۆمەڵێك بیروباوەڕە، کە کۆمەڵێك مرۆڤ باوەڕی پێدەهێنن و دەبێتە سیستەمێك و پێوەی پابەند دەبن و زۆربەی کات پەیوەستە بەجیهانی سەروو سروشت. هەروەها ئاین جێبەجێکردنی مەراسیم و سروتی پیرۆزە و باوەڕبوونە بەهێزی رۆحی باڵا، ئەم هێزەش دەگونجێت فرە ڕەهەند یان تاك لایەن بێت، ئاینی سروشتی واتە باوەڕبوون بە بوونی خوا و نەمری رۆح لەگەڵ باوەڕبوون بە هاتنە خوارەوەی سروشی خوایی، ئاینی دانراویش لەسەر بنەمای سروشی و یزدان و عەقڵە[2].

هەروەها ئاین بریتییە لە سیستەمی بیروباوەڕەکان و جێبەجێکردنی سرووتەکان و ئەو بەها فەلسەفییانەی کەبەستراون بە بەدیاریکردنی شتە پیرۆزەکان و تێگەیشتن لەژیان و ڕزگاربوون لە کێشەکانی بوونی مرۆڤ، ئەمەش بە ڕێبازێکی دامەزراوەیی یان لاسایکردنەوە بەرەو ڕزگاربوون دادەنرێت. داب و نەریتە ئاینییەکان، دەرەنجامی هەوڵدانی بەردەوامی مرۆڤە بۆ پەیوەستبوون بە بیرۆکە فەلسەفی و رۆحییەکان، کە هەر کاتێك مرۆڤ بەرەنگاری ئالۆزییەکان و کێشەکانی ژیان بوویەوە پەنای بۆ بەرێت[3].

ئاین سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە، لە ئەنجامی پەیوەندی مرۆڤ بە کائینێك یان چەند کائینێك، یان هێزی سەروو سروشت، یان خوا، یان چەند خوایەك، کە مرۆڤ ئیمانی پێیان هەیە و ئەیانپەرستێت دروست دەبێت، ئەمەش لەڕێگەی چەند نێوەندێکەوە کە بڕوای وایە نوێنەرایەتی دەکەن.هەروەها ئایین لە سیستەمی ڕەفتاریی و یاسایی و ڕەوشتیدا دەردەکەوێت و بەرجەستە دەبێت.

دورکهایم دەربارەی ئاین دەڵێت: ئەو بیروباوەڕ و ڕەوشت و هێما و سروتانەن، کە کۆمەڵگە لەماوەی مێژووی ژیانی مرۆڤایەتیدا دروست و پیرۆزی کردوون، چونکە لە ڕوانگەی دۆرکهایمەوە کۆمەڵگە تەنها کۆمەڵێك تاك نییە کە لە شوێنێك و بارودۆخێکی مادی دیاریکراودا ئەژین، کۆمەڵگە پێش هەموو شتێك کۆمەڵێك ئەفکار و بیروباوەڕ و ڕەوشتی نموونەییە و هۆکاری سەرەکیشیان بۆ بوونی کۆمەڵگە خۆی دەگەڕێتەوە[4]. هەروەها بە بڕوای دورکهایم ئایین دامەزراوەیەکی یەکگرتووە لە بیروباوەڕ و ڕەفتار و سرووتی تایبەت بەکاروباری پیرۆزییەکان و حەرامکراوەکان[5].

لە ئەنجامی بیروبۆچوونی کۆمەڵناسەکان و ئەنسرۆپۆلۆجیستەکان دەتوانین بڵێین: ئاین دیاردەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتییە و هەستێکی ڕۆحییە و بەرهەمی بیرکردنەوە و خەیاڵ و هەستەکانی مرۆڤە، هەروەها سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سیستەمەکانی تری بونیادی

---

[1]- محمد الخطيب، الأثنولوجيا، الطبعة الثانية، دار علاءالدين، دمشق، ٢٠٠٩، ص ١٣٥.

[2]- احمد زكى بدوى،معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية،مكتبة لبنان،بيروت،١٩٨٢،ص٣٥٣ .

[3]- محمد الجوهرى،قاموس علم الاجتماع،الهيئة المصرية العامة للكتاب،القاهرة،١٩٧٩،ص ٨١٥.

[4]- دانيال هيرڤيەليجيه چان بول ويلام،سوسيولوچيا الدين،ترجمة:درويش الحلوجي،المجلس الأعلى للثقافة،الطبعة الأولى،القاهرة،٢٠٠٥،ص ٢٠٣-٢٠٤ .

[5]- أندرو ادجار وبيتر سيد جويك، موسوعة النظرية الثقافية، المصدر السابق، ص٣٠٩-٣١٠.

کۆمەڵایەتییەوە هەیە و سرووت و بەها و پێوەر و دابونەریتی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکاندا، بۆ وەڵام و پێدانی هەندێك مانا، دەربارەی گەردوون و ژیان و مردن و ڕووداوەکان جێبەجێدەکرێت، هەروەها ئاین پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا و پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەکانی ترەوە ڕێکدەخات. شایانی باسە ئاین دیاردەیەکی جیهانییە و بەهایەکی ڕێژەیی هەیە، چونکە بەهۆی جیاوازیی و فرەیی ئاینییەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی ترو لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە. هەروەها ئاین پێویستییەکی ڕۆحی و کۆمەڵایەتییە و ئومێد بە مرۆڤە چەوساوەکان و هەژار و بەشمەینەتەکان دەبەخشێت.

**سەبارەت بە ئاینی مەسیحی(Christianity)**: مەسیحییەت، ئاینیکی جیهانییە، حەزرەتی (مەسیح)* بە دامەزرینەری دادەنرێت، ئەم ئاینە لە سەرەتادا وەك بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە چوار چێوەی ئاینی جولەکەدا لە قودس(ئۆرشەلیم) دەرکەوت، لە سەردەمی داگیرکاری ڕۆمانی لە ساڵی(٧٠)ی زاینی، مەسیحییەت بوو بە ئاینیکی گەشە کردووی سەربەخۆ لە ئاینی جولەکە، ئەمەش بەشێوەیەکی ڕێژەیی دەرئەنجامی ئامۆژگارییەکانی (پۆلس)**ی نێردراو بوو، چونکە ئاینی مەسیحی بڵاوکردەوە و کەنیسەی غەوارەکانی (ئاوارەکان)ی دامەزراند[1].

هەروەها مەسیحییەت یەکێکە لە سێ ئاینە ئاسمانییەکە (جولەکە و مەسیحی و ئیسلام)کە لە دوای ئاینی جولەکەوە لە کۆتایی سەدەی یەکەم و سەرەتای سەدەی دووەمی زاینی لە فەلەستین سەری هەڵداو بڵاوبووەوە، تاگەیشتە میزۆپۆتامیاو کوردستان و تورکیاو لوبنان و ئێران[2] .

ئاینی مەسیحی یەکێکە لە ئاینە ئاسمانییەکان، کاتێك ئەم ئاینە دەرکەوت، جیهان بۆ دوو ئیمپراتۆریەتی (ڕۆمان و فارس)دابەش کرا بوو، ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و باکووری ئەفریقا و ئاسیای بچوك و سوریای دەگرتەوە و ناوەندی ئیمپراتۆریەتەکەش شاری (ڕۆما) بووە. ئیمپراتۆریەتی فارسیش(مملكة الفرثيين)دۆڵی ڕافیدەین و ئاشور و کلد و مادای و فارسی لەخۆدەگرت و ناوەندەکەشی مەدائن بووە، هەندێ لە زانایانی مژدەدەری مەسیحی لەناوچەکە دەڵێن: ئەم

---

*– مەسیح: لەوشەی (مەشییای)عیبرییەوە هاتووە،بەواتای دەست نیشانکراو.لای جولەکەکان تەنها پاشا و پێغەمبەر و کاهین بەچەورکردنیان دەستنیشان دەکران،بەپێی پێشبینییەکانی پەیمانی کۆن(تەورات و زەبوور) جولەکەکان چاوەڕێی ئەو کەسەیان دەکرد کەدێت و ڕزگاریان دەکات لەدەستی ڕۆمەکان و لەهەمان کات کاری پاشا و پێغەمبەر و کاهینیش دەکات، بەڵام کەهات باوەڕیان پێی نەکرد، چونکە باوەڕیان وابوو لەژێر دەستی ڕۆمەکان ڕزگاریان دەکات، نەیانزانی هاتووە لەگوناهەکانیان ڕزگاریان بکات. ئینجیلی پیرۆز، بەزمانی کوردی،چاپی دووەم،ل ٦١٨.

**– پۆلس: مژدەدەرێکی (المبشر)گەورەی ئاینی مەسیحی بووە، یەهودی بووە و بە ڕەگەز ڕۆمانی بووە، لە شاری ئۆرشەلیم مامۆستای ئاینی یەهودی بووە، ئاینی مەسیحی لە سوریا و قبرص و یۆنان و ڕۆمانیا بڵاوکردووەتەوە . موسوعة الكتاب المقدس، دار منهل الحياة و دار الكتاب المقدس، لبنان، ١٩٩٣، ص ٦٨– ٦٩.

1- جون سكوت، و جوردن مارشال،موسوعة علم الاجتماع،ترجمة:محمد الجوهرى واخرون،المجلد الثالث،المركز القومى للترجة،الطبعة الثانية،القاهرة،٢٠١١،ص١٧٩،

2– فرست مرعى،دراسات فى تأريخ اليهودية والمسيحية فى كردستان،دار اراس للطباعة والنشر،اربيل،٢٠٠٨،ص٦١.

ئاینە لەسەر دەستی کۆمەڵێك مەسیحی – یەهودی لە فەلەستینەوە هاتووە بۆ حدیاب (اربیل)، یاخود لە ڕێگەی کەنیسەی (ئەنتاکیا) کەڕۆڵی هەبووە لە بونیادنانی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتەوە هاتووە.[1]

ئاینی مەسیحی، ئەو ئاینەیە کە حەزرەتی(عیسا)[*]ی کوڕی مریەم، لەتەمەنی (٣٠)سی ساڵیدا، لە (ئورشەلیم)[**] و لەناو ئاینی جولەکە بانگەشەی بۆ کرد و لەجیهاندا بڵاوبووەتەوە، دواتریش بوو بەیەکێك لە گەورەترین ئاینی ئاسمانی لەجیهاندا، ئاینی مەسیحی لە چەندین ئاینزای جیاواز لەسەر بنەمای مێژووی پەیدابوون و ژمارە و شوێنی جوگرافی، پێکهاتووە، وەك: ئەرسەدۆکسی و کاسۆلیکی (کەنیسەی سەرجەمی) و پرۆتستانتی(ناڕازییەکان)[2] .

لەم باسەدا بەچەند خاڵێك سیستەم و (سرووتی ئاینی)[***]مەسیحییەکانی سلێمانی دەخەینە ڕوو:–

## ١–خوداناسی مەسیحی(یاسای باوەڕی مەسیحییەکان) :

باوەڕبوون بەخودا لای مەسیحییەکانی سلێمانی بریتییە لە باوەڕبوون بەیەك خودا، کە پێکهاتووە لە باوك و کوڕ و گیانی پیرۆز(الأب والابن والروح القدس)، بەمەش دەوترێت سیانەی پیرۆز (الثالوث الأقدس) هەر سێکیان (الاب والابن والروح القدس) یەك خودان[3]

مەسیحییەکانی سلێمانی لەسەر (یاسای ئیمان)هاوڕان و باوەڕی تەواویان پێی هەیە، لەساڵی (٤٥١) زاینیدا، زاناکانی ئاینی مەسیحی لە جیهاندا، دایانڕشتووە، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

باوەڕیان بەیەك خوداو بەتاك و تەنیایی خودا هەیە، کەپێی دەڵێن(الأب– الله)کە زەوی و ئاسمان و هەسارەکانی دروست کردووە، هەروەها باوەڕیان بە تاقانەیی کوڕی خواش هەیە، کە (عیسای مەسیحە – یسوع المسیح)، باوەڕیان بەوە هەیە کە مەسیح کوڕی خودایە، لە هەمان کاتیشدا خۆی خودایە، هەروەها باوەڕیان بە ڕۆحی خوداش هەیە کە پێی دەڵێن( الروح القدس) واتە رۆحی پیرۆز، هەرسێکیشیان یەك

---

[1]– سعد سلوم" المسيحيون في العراق تاريخ شامل والتحديات الراهنة،ط١:(مؤسسة مسارات للتنمية الثقافية والاعلامية ،بيروت،٢٠١٤)، ص١٣٨.

[*]– عیسا: لە(ئیسۆس)ی یۆنانی وەرگیراوە، بەعیبری پێیدەوتریٚ(یەشوع) واتە خودا(ڕزگاری بەخشە)فریادڕەسە. ئینجیلی پیرۆز، بەشێوەی کوردی سۆرانی،چاپی دووەم،ل ٦١٥.

[**]- یەکێکە لەشارەکانی وڵاتی ئیسرائیل.

[2]– د.عەبدوڵا غفور،ئاسوورییەکانی باشوری کوردستان– لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی– ئەتنۆگرافی، هەولێر،٢٠١٠، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی سپیرێز–دهۆك،،ل٩٥

[***]– سرووت(Rites): کۆمەڵە جوڵە و کردەوە و چالاکییەکی نەریتی دووبارەکراوەیە، بەزۆری پەیوەستن بە ئایین و جادوگەرییەوە، داب و نەریت هۆکار و مەبەستەکانی سرووت دیاری دەکات، هەروەها سروت هەمیشە پەیوەستە بە ژیانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئەنجامی دەدەن(مومارەسەی دەکەن). لوسي مير، مقدمة في الانثروبولوجيا الاجتماعية، ترجمة: شاكر مصطفى سليم، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ص ٤٠٠. رادکلیف براون دەڵێت: سرووتەکان بریتین لە ئامرازی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و دەروونی چالاك، کە خزمەتی کۆمەڵگە دەکات بەتایبەت لە بوارەکانی یاسا ڕەوشتییەکاندا، بۆ سەلماندنی کۆنترۆڵی بونیادی کۆمەڵایەتی لەسەر هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ. قيس النوري، الأساطير وعلم الاجناس، مؤسسة دار الكتب، جامعة الموصل، ١٩٨١، ص٩٥.

[3]– ر.ك.سبرول، حقائق وأساسيات الايمان المسيحي،ترجمة: نكلس نسيم سلامة، مكتبة المنار، دار نوبار، قاهرة، ٢٠٠٠، ص٤٠.

خودان، باوەڕیان وایە کە پێش دوو هەزار ساڵ، خودا لە شێوەی مرۆڤدا(کە عیسای مەسیح ) بوو، هاتە سەر زەویی و خۆی کردە قوربانی بۆ مرۆڤایەتی. واتە خودا بەسێ شێوە خۆی سەلماندووە بۆ مرۆڤ[1].

أ) کتێبی پیرۆز (ئینجیل)جەخت لە تاك و تەنهایی خوا و خوایەتی (باوك و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز) دەکاتەوە.

ب) هەر سێ بەشەکەی (سیانەی پیرۆز) بەکاری جیاواز جیادەکرێنەوە، بۆ نموونە باوك (الأب)بوونەوەر و جیهانی دروست کردووە، کوڕ (الابن) خۆی کردووەتە قوربانی گوناهەکانی مرۆڤ، گیانی پیرۆز (الروح القدس) تازەگەری و پیرۆزکردن ئەنجام دەدات و بەشدار دەبێت لەهیدایەتی خەڵك بۆ ئاینی مەسیحی و یارمەتی دەری مرۆڤە بۆ ئەوەی گوناه نەکات.

ج) بە مانایەکی تر باوەڕی خودا و کوڕی خودا و ڕۆحی پیرۆز (الاب والابن والروح القدس)، بەم شێوەیە تەفسیر دەکرێت: خوای باوك(الأب): واتە دروستکەری مرۆڤ و زەویی و ئاسمان و هەسارەکان. خوای کوڕ(الابن): واتە حەزرەتی مەسیح، کە خوای ڕزگارکەری مرۆڤایەتییە. (الروح القدس): واتە خودای ڕۆح یان ڕۆحی پیرۆز، واتە خودای یارمەتیدەر، واتە یارمەتی باوەڕداری مەسیحی دەدات بۆ لێخۆشبوون و پارێزگاری کردن[2].

## ٢- ئینجیل(کتێبی پیرۆز):

ئینجیل وشەیەکی یۆنانییە واتە (مزگێنی)، بە ئینجیل دەوترێ(پەیمانی نوێ)، چونکە (کتێبی پیرۆز) لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم پێی دەڵێن: ( پەیمانی کۆن) واتە تەوراتی حەزرەتی موسای جولەکەکان، بەشی دووەمیش پێی دەڵێن(پەیمانی نوێ) واتە ئینجیلی حەزرەتی مەسیح، ئینجیل سەرەتا لە لایەن (مەتتا) کە یەکێك بووە لە دوانزە قوتابییەکەی(مەسیح)نوسراوەتەوە، زۆربەی ئەو ڕووداوانەی باسی دەکات بە چاوی خۆی بینیوویەتی. پاشان (یۆحەننا ) کە یەکێك بووە لە قوتابیەکانی مەسیح، نوسیویەتیەوە، هەروەها دوو کەسی تریش بەناوەکانی(مەرقۆس، لۆقا) نووسیویانەتەوە.

ئینجیل پێکهاتووە لە ژیان و وتە و بەسەرهاتەکانی مەسیح و نامەکانی قوتابیانی مەسیح و نێردراوان(مژدەدەرەکان)- ( پۆلس و پەترۆس و یۆحەننا) ئەم نامانە ئینجیل تەفسیر دەکەن و بۆ چەند وڵات و شاریان ناردووە[3].

## ٣- پلەکانی ئاینی مەسیحی: [4]

### أ- پاپا:

سەرپەرشتی سەرجەم مەسیحییەکانی جیهان دەکات و لە (ڤاتیکان)دادەنیشێت و لە ئێستادا ناوی فەرەنسیسی یەکەمە(فرنسیس الأول- البابا فرنسيس) .

---

[1]- چاوپێکەوتنی خوێندکار لەگەڵ: قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، لەدایکبووی ١٩٨٢، پیشە: قەشەی کەنیسەی ماریوسف لەسلێمانی، سلێمانی ، ٢٠١٧/٩/١.

[2]- چاوپێکەوتنی خوێندکار لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی ، ٢٠١٧/٩/١١.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی ، ٢٠١٧/٩/١١.

[4]- چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١٨.

**ب- پەتریەرك:**

سەرپەرشتی مەسیحییەکانی وڵاتێك دەکات، لە ئێستادا پەتریەرکی عێراق و کوردستان ناوی(د.لویس ساکۆ)یە و لە شاری بەغداد دەژی، لەهەمان کاتدا سەرۆکی کلدان کاسۆلیکەکانی عێراق و جیهانە، واتە سەرۆکی ئەو ئاشوورییە ڕۆژهەڵاتیانەیە، کە بوون بە کلدان کاسۆلیك .

**ت- مەتران:**

سەرپەرشتی چەند کەنیسەیەك لە چەند شارێکدا دەکات، لە ئێستادا مەترانی سلێمانی و کەرکوك ناوی(د.یوسف تۆما)یە و سەرپەرشتی کەنیسەکانی شاری کەرکوك و سلێمانی دەکات.

**پ- قەشە:**

سەرپەرشتی کەنیسەیەك یان دوو کەنیسە دەکات، لەشاردا بێت، یان قەزا، یان گوند. هەروەها قەشە: ئەو کەسەیە کە کەنیسەیەك بەڕێوە دەبات و پێش نوێژی بۆ مەسیحییەکان دەکات و ژنیان بۆ مارە دەکات و منداڵیی مەسیحییەکان لە ئاوهەڵدەکێشێت و ناوی دەنێت، سەرجەم سروتە ئاینییەکان و مەراسیمە کۆمەڵایەتییەکان لە کەنیسەدا جێبەجێ دەکات و لێپرسراوی مەسیحییەکانی سنووری کەنیسەکەی خۆیەتی، موچەی لە حکومەت نییە و لە مەترانییە موچە وەردەگرێت [1].

**ج- شەماشە:**

کەسێکە یارمەتی قەشە دەدات لە نوێژ و سرووتەکانی جەژن و مەراسیمی مارەکردن و سرووتی ناشتنی مردوودا. دەگونجێت پیاو بێت یان ئافرەت بێت، لە ئێستادا کەنیسەی سلێمانی شەش شەماشەی هەیە،(٣)کوڕ و (٣)کچ. شەماشە (٣) پلەی هەیە: ١- شەماشەی خوێندەوار(قاريء) قۆناغی سەرەتاییە و پەیمانی کۆن(تەورات)دەخوێنێتەوە. ٢- شەماشەی رسائلی: واتە پەیامی (پۆلس) لەکاتی نوێژی بەکۆمەڵدا لە کەنیسەدا دەخوێنێتەوە. ٣- شەماشەی ئینجیلی: ئەگەر قەشە لە کەنیسەدا ئامادەنەبوو، ئینجیل لەنوێژی بەکۆمەڵی کەنیسەدا دەخوێنێتەوە، [2].

## ٤- کەنیسەکانی شاری سلێمانی:

**لە شاری سلێمانیدا مەسیحییەکان دوو کەنیسەیان هەیە:**

### أ- کەنیسەی ( مريم العذراء) لە گەڕەکی صابونکەران:

ئەو نووسینەی کە لە دیواری دەرەوەی ئەم کەنیسە دێرینەی شاری سلێمانی نوسراوە مێژووی بنیادنانی ئەو کەنیسەیە دەردەخات و دەقەکەی بەزمانی کوردی ئەمەیە:-

(( کەنیسەی کلدانی لەسلێمانی بەناوی مريم العذراء، لەساڵی(١٨٦٢)ی زاینی لەسەردەمی پاپا پیوسی نۆیەم و مار یوسف ئۆدۆی بەتریکی بابل و مار شەمعوون میطرا پۆلیصا، بەیارمەتی شەماس یەڵدای بازرگانی دانیشتووی سنە - کە یەکێکە لە شارەکانی ئێران و کۆمکاری پیرۆز، بنیات نراوە.))[3]

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی ، ٢٠١٧/١/٢٠

[2]- رفل زيد أنيس، لەدایکبووی ١٩٩٦، پیشە: خوێندکاری زانکۆ لە کۆلێژی ئەندازیاری و شەماشەی خوێندەوار(قاريء) لەکەنیسەی ماریوسف لە سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٧/٧/١٠.

[3]- عبدالخالد صابر، شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی - لەنێوان ساڵانی ١٧٨٤ز- ١٩١٤ز)چاپی دووەم، چاپخانەی گرین گلۆری - بەیروت، ٢٠١٠ی‌زاینی، ل ١٤٦٤.

لەسەرەتادا ئەم کەنیسەیە پەیوەستی مەترانی کلدانی شاری سنە بووە لە ئێران[١]، بەڵام ئێستا سەر بە مەترانیەی کەرکوکە[٢].

ئەم کەنیسەیە پێکهاتووە لە (٧) ژوور و (٢)هۆڵ، کە بریتین لە: ( کتێبخانە، ژووری ڕاهیبەکان، میوانخانە، نوسینگەی قەشە، چێشتخانە، ژووری پێشوازی میوان، ژووری( خوێندنی مەسیحی)، هۆڵی کۆبوونەوە،هۆڵی نوێژکردن)، هەروەها ئەم کەنیسەیە (٥) خانوو و گەراجێکی فیتەری لەبەرانبەر و تەنیشتی خۆیدا هەیە، کە سەرجەمیان موڵکی کەنیسەن، ڕووبەری خانووەکانیش پێکهاتوون لە: ( ٧٥م، ٩٠م، ٢٥٠م، ٢٥٠م، ١٤٠م، گەراجەکەش ٢٢٠مەترە) لە ئێستادا ئەم خانووانە جگە لە یەکێکیان کە ماڵی قەشەی تێدایە، ئەوانی دیکە ئاوارەی مەسیحییان تێدایە، بەڵام پێش ئاوارەبوونی مەسیحییەکانی موصلّ و دەشتی نەینەوا بەکرێ دراون، کە زۆربەی کرێچییەکانیشیان لە موسوڵمانەکانی سلێمانی پێکهاتوون[٣]. پێکهاتوون[٣].

لە ئێستادا ئەم کەنیسەیە بووە بە (دێر)* و قەشەی ئەم کەنیسەیە قەشە (ینس بیترۆل)ە کە ئەڵمانیەو (راهیب)ە، بە ڕەگەز ئەڵمانیە و جنسیەی سویسری هەیە و (١٥)ساڵ لە سوریا لای ڕاهبەنەی (ابراهیم الخلیل) لە دێر (موسى الحبشي) ڕاهیب بووە[٤].

## ب- کەنیسەی ( ماریوسف ):

ئەم کەنیسەیە لە گەڕەکی ئەندازیارانە، لە تەنیشت(هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی)، لە ساڵی (١٩٩٣) دەستکراوە بە دروستکردنی، لەساڵی(٢٠٠٣) تەواو بووە، قەشە(ئیبراهیم یوسف ألیاس ) یەکەم قەشەی ئەم کەنیسەیە بووە[٥]، ئەم کەنیسەیەش پێکهاتووە لە دوو نهۆم، نهۆمی یەکەم پێکهاتووە لە ( هۆڵێك بۆ پێشوازی، ژووری پێشوازی میوان – دیوانی کەنیسە، ژووری قەشە، چێشتخانە، ٣ ژووری میوانخانە، هۆڵی بۆنەکان، ماڵی قەشە، ماڵی شەماشە)، نهۆمی دووەم پێکهاتووە لە هۆڵێکی گەورەی نوێژ و سەربانێك[٦].

بەپێی ئینجیلی پیرۆز مەسیح وتوویەتی: ( لەهەرشوێنێکدا، دووان یاخود سیان بەناوی منەوە کۆبوونەوە،ئەوا من لە نێوانیاندا دەبم)[٧].

---

١- ژاك ڕێتۆرێ، گەشتنامەی مسیۆنێرێك بۆ ناوچەکانی کەرکووك و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨، وەرگێڕانی:نەجاتی عەبدوڵڵا، لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٤٠

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی ، ٢٠١٦/٣/١.

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ عبدالمسیح یوسف یعقووب، لەدایکبووی ١٩٥٧، پیشە: شەماش لە کەنیسەی مریم العذراء، سلێمانی، ٢٠١٦/٧/٢٠.

*- دێر: دێر ئەو شوێنەیە کە راهیبەکان تێیدا دەژین، ماڵێکە یان خانویەکە کە کەنیسەیەکی بچوکی تێدایە بۆ نوێژکردن، مەکتەبەی تێدایە بۆ خوێندنەوە، هەموو راهیبێك یان راهیبەیەك ژوری تایبەتی خۆی هەیە بۆ خەوتن، سەردانی کەنیسەی ئەو شوێنەش دەکەن کەتێیدا دەژین.

٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، پیشە: قەشەی کەنیسەی ماریوسف لە سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٦/٣/١.

٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەیمەن عزیز هورمز، هەمان چاوپێکەوتن.

٦- تێبینی ڕاستەوخۆی توێژەر.

٧- مەتتا ١٨/ ٢٠

ئەم کەنیسانە جگە لە ئەرکە ئاینییەکانیان، چەند چالاکییەکی تری ڕۆشنبیری ئەنجام دەدەن لەوانە:- ( کردنەوەی خولی زمانی سریانی، کردنەوەی خولی مۆسیقا، سازکردنی گەشت و چادرگە، کردنەوەی خولی پەروەردەی ئاینی) سەرجەم ئەم چالاکییانە منالاَن و لاوانی کوڕ و کچی مەسیحییەکانی سلێمانی بە تێکەڵی و بێ جیاوازی ڕەگەزی بەشداری تێدا دەکەن[1].

ت- لە ساڵی (٢٠٠٧)وە لە گەڕەکی (چوارچرا)ی شاری سلێمانی کەنیسەیەکی تایبەت بە مەزهەبی (ئەرسەدۆکس) دروستکراوە، بە ناوی کەنیسەی ( مريم العذراء و مارمرقس)، ئەم کەنیسەیە زیاتر بۆ ئەو مەسیحییانە دروستکراوە، کەخەڵکی وڵاتی (مصر)ن و مەزهەبیان ئەرسەدۆکسە و لە پارێزگای سلێمانیدا کار دەکەن[2].

## ٥- ئاینزا (المذهب):

ئاینزای مەسیحییەکانی شاری سلێمانی تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە نەتەوەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە بەسەر (سێ) ئاینزادا دابەشبوون:-

أ) سەرجەم مەسیحییە کلدانەکانی سلێمانی پەیوەستن بە(ئاینزای کاسۆلیکی ڕۆژئاوا) و پەیوەندیدارن بە ڤاتیکان و پاپای ڤاتیکان بەمەرجەعی(ناوەندی) خۆیان دەزانن، ئەمانیش زۆربەی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی پێکدەهێنن[3].

پەیڕەوانی ئەم ئاینزایە باوەڕیان وایە کە (مەسیح) کوڕی خودایە و لە (مەریەمی پاکیزە) لەدایک بووە، لە بەر ئەوە باوەڕیان وایە کەحەزرەتی (مەسیح) دوو سروشتە، سروشتێکی خودایی و سروشتێکی مرۆڤی، یەك شێوازە لەیەك کەسدا، ئەویش خوداوەندیانەیە، مەزهەبی کاسۆلیك پەیوەندیدارە بە ڕۆما، لەڕووی مێژووییەوە دەسەڵاتی ڕۆمای کاسۆلیکی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەمی زایینی[4].باوەڕیان بەیەك خوداو بەتاك و تەنیایی خودا هەیە، کەپێی دەڵێن(الأب- الله)کە زەوی و ئاسمان و هەسارەکانی دروست کردووە، هەروەها باوەڕیان بە تاقانەیی کوڕی خواش هەیە، کە (عیسای مەسیحە - يسوع المسيح)، باوەڕیان بەوە هەیە کە مەسیح کوڕی خودایە، لە هەمان کاتیشدا خۆی خودایە، هەروەها باوەڕیان بە ڕۆحی خوداش هەیە کە پێی دەڵێن( الروح القدس) واتە رۆحی پیرۆز، هەرسێکیشیان یەك خودان، باوەڕیان وایە کە پێش دوو هەزار ساڵ، خودا لە شێوەی مرۆڤدا(کە عیسای مەسیح ) بوو، هاتە سەر زەویی و خۆی کردە قوربانی بۆ مرۆڤایەتی. واتە خودا بەسێ شێوە خۆی دەرخستووە و سەلماندووە بۆ مرۆڤایەتی. خودا(الأب-الله)باوکی مەسیحە، مەریەم دایکی خودایە، واتە باوەریان بە (الأب و الابن و

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزيز هورمز بۆتانی، سلێمانی ، ٢٠١٧/٧/٣.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ نهاد نجم يعقووب، لەدایکبووی، ١٩٧٢، پیشە: فەمانبەر و شەماشە و ڕاهیبەی کەنیسەی مەزهەبی ئەرسەدۆکس لە گەڕەکی چوارچرای شاری سلێمانی(کەنیسەی مريم العذراء و مار مرقس)، ٢٠١٧/٦/١٠.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. عبدالاحد يوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ . اليزابێت داود، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٦. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠.

[4]- عصام ابراهيم محمد، طائفة الكلدان فى العراق- دراسة انثروبولوجية،رسالة ماجستير غير منشورة،جامعة بغداد،كلية الاداب،قسم الاجتماع،٢٠٠٧،ص ٣٣.

الروح القدس)هەیە، حەزرەتی مەسیح لە ڕۆحی خودا دروستبووە، لەبەر ئەم بەڵگەیەش خودا( الأب-الله)باوکی مەسیحە، مەریەم دایکی خودایە[1].

**ب)** مەسیحییە ئاشوورییەکانی سلێمانی، پەیوەستن بە ئاینزای(ڕۆژهەڵاتی ئاشووری) و پەیوەندیدارن بە کەنیسەی ڕۆژهەڵات (الكنيسة الشرقية). لەبەر ئەوەی کەنیسەی (ڕۆژهەڵاتی ئاشووری) لە سلێمانیدا نییە، سەردانی کەنیسەی(کلدان کاسۆلیکی) دەکەن و سرووتی مەراسیمەکانی خۆیان لەم کەنیسەیەدا جێبەجێ دەکەن[2]. کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری، کەنیسەیەکی نەتەوەییە و تایبەتە بە ئاشوورییەکان. پەیڕەوانی ئەم ئاینزایە باوەڕیان وایە، کە حەزرەتی مەسیح دوو سروشت و دوو(ئەقنوم-شێوان)هەیە، یەکێکیان کوڕی خودایە بە سروشتە خوداوەندییەکەی، دووەمیان کوڕی مرۆڤە بە سروشتە مرۆڤییەکەی، مریەمی پاکیزە حەزرەتی مەسیحی وەك مرۆڤ لێ بووە و خودایەکی بەرجەستەی لێ نەبووە، بەڵکو مرۆڤێکی ئاسایی لێ بووە، ئەو مرۆڤەش(مەسیح)ە و دوای لەدایك بوون، وشەی خودای تێدا توایەوە، بەم بەڵگەیە نابێت بەمەریەم بگوترێ (دایکی خوداوەند)، بەڵکو ئەو (دایکی مەسیحە).[3]

**ج)** زۆربەی مەسیحییە سریانییەکانی شاری سلێمانی پەیڕەوی ئاینزای (ئەرسەدۆکس) دەکەن[4].

ئەم ئاینزایە لە تێڕوانینیان بۆ خودایەتی مەسیح لەگەڵ ئاینزای کاسۆلیك هاوڕان، بەڵام لە تێگەیشتنیان بۆ مەریەمی پاکیزە جیاوازن، ئەمان باوەڕیان وایە: کە نابێت بەمەریەم بوترێ (دایکی خوداوەند)، بەڵکو ئەو (دایکی مەسیحە)، ئەمان باوەڕیان وایە کە(الأب) خودایە، (الابن) عەقڵی خودایە، (الروح القدس) ڕۆحی خودایە، کە هەر سێکیان یەك خودان، مەسیح دوو سروشتی هەیە، یەکێیان مرۆڤە(ناسوت)، ئەوی دیکەیان خودایە(لاهوت-الله)، بەشە خوداییەکەی چووەتە ناو بەشە مرۆییەکەیەوە، مەسیح کەلە خاچ درا تەنها بەشە مرۆڤییەکەی بۆ ماوەی(٣) ڕۆژ مرد، پاشان هەستایەوە بۆ ئاسمان[5].

شایانی باسە مەسیحییەکانی سلێمانی جیاوازی مەزهەبیان پەیڕەو نەکردووە، مەسیحییە ئاینزا (مەزهەب)ئاشووری و ئەرسەدۆکسەکان، بەهەمان شێوەی مەسیحییە(کلدان کاسۆلیکەکان) لە شاری سلێمانیدا بە بێ جیاوازی، سروتە ئاینییەکانیان لە (کەنیسەی کلدان کاسۆلیك - کەنیسەی ماریوسف و کەنیسەی مریم العذراء) لە سلێمانی جێبەجێدەکەن، ئەم کەنیسانەش ئەندامن لە (کەنیسەی کاسۆلیکی جیهانیدا)، کەنیسەکانی(مریم العذراء و ماریوسف) لەگەڵ ئەوەی بەدرێژایی مێژوو سەرجەم قەشەکانی سەر بە مەزهەبی (کلدان - کاسۆلیکی) بوون، کەنیسەیەك بوون بۆ هەموو مەسیحییەکان، هیچ کات ئاشوورییەك هەستی بەوەنەکردووە ئەو کەنیسەیەی بۆی دەچێت، کەنیسەیەکە تایبەتە بە کلدان، بەڵکو هەموو ئاینزا جیاوازەکان بەکەنیسەی خۆیان زانیوە.

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی ، ٢٠١٦/٣/٢٧.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: هاول خزقیە مشو، لەدایکبووی ١٩٦٧، پیشە: سەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیری کلدان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٨ . ڕێڤین نوفل بابایوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٠.

[3]- عصام ابراهيم محمد،طائفة الكلدان فى العراق-دراسة انثروبولوجية،رسالة ماجستير غير منشورة،جامعة بغداد،كلية الاداب، قسم الاجتماع،٢٠٠٧،ص ٣١، ٣٤. شاسوار.خ.هەرشەمی، مێژووی ئارامیەکان لە کوردستان، سەرچاوەی پێشوو،ل٩٤. المطران اسحق ساكا، كنيستي السريانية، الطبعة الثالثة، دمشق،٢٠٠٧،ص٤٦.

[4]- چاوپێکەوتن لەگەڵ سمیرە حنا عازر، لەدایکبووی: ١٩٥٦، پیشە: ئەمینداری کتێبخانە ، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٧ .

[5]- چاوپێکەوتن لەگەڵ نهاد نجم یعقووب، لەدایکبووی، ١٩٧٢، پیشە: فەمانبەر و شەماشە و ڕاهیبەی کەنیسەی مەزهەبی ئەرسەدۆکس لە گەڕەکی چوارچرای شاری سلێمانی بەناوی کەنیسەی(مریم العذراء و مار مرقس)، ٢٠١٧/٦/١٠.

## ٦- نوێژ:[١]

زانای ئەسنۆلۆجی فەرەنسی(مارسیل موس ١٨٧٢-١٩٥٠)لە کتێبی (الصلاة -بحث في سوسیولوجیا الصلاة) نوسیوویەتی: نوێژ لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی گەشەکردووی کۆمەڵایەتییە، کە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەرداهاتووە و بەردەوامیش لە گۆڕاندا دەبێت، سروتێکی ئاینی زارەکییە، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە شتە پیرۆزەکانەوە، یەکێکە لە دیاردە سەرەکییەکان لە ژیانی ئاینیدا، لوتکەی دیاردە ئاینییەکانە، ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی هەیە و کردارێکی کۆمەڵایەتییە، ئاڕاستەی هێزی ئاینی(خوا)دەکرێت. نوێژ لە ناوەڕۆکدا سروتێکی ئاینی و کردارێکی نەریتییە و جەستەی مرۆڤ بە کۆمەڵە شێوە و جووڵەیەکی دیاریکراو ئەنجامی دەدات و کاریگەری قووڵ لە هەستی مرۆڤدا دەکات[٢].

بە بڕوای (ئیدوارد تایلەر) نوێژ لە سەرەتادا گوزارشتێکی سادە و کاتی بووە و بۆ بەرژەوەندی مادیی ئەنجام دراوە، کە ئاڕاستەی هێزە سەروو سروشتییەکان کراوە و بۆ ڕۆحەکان ئەنجام دراوە[٣].
هەروەها نوێژی (صلاة الهمج) لە بنەڕەتدا نوشتەی جادووگەری خۆپاراستن و کردنەوەی بەخت بووە[٤].
زانای ئەنسرۆپۆلۆجستی بەریتانی (ڕۆبرت رانولف ماریت) دەڵێت: نوێژ گەشەی کردووە و گۆڕانی بەسەرداهاتووە و سەرەتا لە جادووگەرییەوە سەرچاوەی گرتووە و گۆڕاوە بۆ نوێژ و لە ملکەچیدا دەوەستێت[٥].

لە ئاینی مەسیحیدا نوێژ و نزا و پاڕانەوە لە خودا، بە دووهەمین بنەما، لە پاش باوەڕکردن بەخودا، بۆ گەشەکردنی باوەڕ، هەژمار دەکرێت، بەومانایەی ئیمانداری مەسیحی بۆ گەشەکردنی باوەڕەکەی نوێژ دەکات. مەسیح لەبارەی نوێژ کردن دەڵێت:((کاتێك کەنوێژ دەکەن وەك دووڕووەکان مەبن، کەحەزدەکەن بەپێوە لەتەنیشت و سوچی شەقامەکان نوێژ بکەن تا خەڵکی بیان بینن، راستیتان پێدەڵێم:بەمە ئەوان پاداشتی خۆیان وەرگرتووە، بەڵام تۆ کاتێك نوێژ دەکەیت ، بڕۆ ژورەکەت و دەرگا لەسەرخۆت دابخە و نوێژ بکە بۆ باوکی نەبینراوت، ئەو باوکەی هەموو نهێنیەك دەبینێت، ئەو پاداشتت دەداتەوە.))[٦].

هەروەها مەسیح دەڵێت: کاتێك نوێژ دەکەن، وشەکان ئەوەندە دووبارە مەکەنەوە، وەك بتپەرستەکان دەیکەن، ئەوان وابیردەکەنەوە کە بەدووبارەکردنەوە وەڵام وەردەگرن، وەك ئەوان مەبن، چونکە باوکتان دەزانێ پێویستیتان بەچیە، پێش ئەوەی داوای لێبکەن، دەتوانن بەم شێوازە نوێژ بکەن:

---

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ: چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی ، ٢٠١٦/٣/٢٧، ٢٠١٧/١/٦. کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. ڕێڤین نوفل بابایوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٠. سوعاد یوسف یعقوب حداد، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٥. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ . عبدالاحد یوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ . الیزابێت داود یوسف ، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٦. توانا بەشیر داود، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٩ .

٢- مارسيل موس، الصلاة ((بحث في سوسيولوجيا الصلاة))، ترجمة: د.محمد الحاج سالم، الطبعة الأولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت-لبنان،٢٠١٧، ص ٨-١٢.

٣- المصدر نفسه ص ٩٢

٤- المصدر نفسه ص٩٤

٥- المصدر نفسه ص ٩٥

٦- (مەتتا٦/ ٥-٦)

((ئەی باوکمان لەئاسمان، باناوت پیرۆز بێت، باپاشایەتییەکەت بێت، باخواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت وەك لە ئاسمان پەیڕەو دەکرێت، نانی ڕۆژانەمان هەموو ڕۆژێك بدەریٚ، لەگوناهمان خۆش ببە، ئێمەش لەهەڵەی ئەوانەی کەهەڵەمان بەرامبەر دەکەن خۆش دەبین، مەمانخەرە تاقیکردنەوە، بەڵکو ڕزگارمان بکە لەشەیتان. ))[١].

نوێژێکی دیکەی مەسیحییەکان کە ڕۆژانە دەیخوێنن و ناسراوە بەنوێژی (صلاة السلام الملائكي) بریتییە لە: (( السلام عليك يا مريم، يا ممتلئة نعمة، الرب معك.مباركة انتِ في النساء ومباركة ثمرة بطنك سيّدنا يسوع المسيح. يا مريم القديسة يا والدة الله، صلّي لاجلنا نحن الخطأة، الآن وفي ساعة موتنا، آمين.))[٢].

شایانی باسە نوێژی مەسیحییەکان دەستنوێژ گرتنی ناوێت، بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژانە بەیانیان و ئێواران کاتی نوێژی مەسیحییەکانە، هەرچەندە بەزۆری شەوان نوێژ دەکەن، لە ئێستادا ڕۆژانە لە سەعات( ٥ی ئێوارە ) لە کەنیسە نوێژ دەکرێت کە تەنها قەشە و شەماشە بەشداری دەکەن، بەڵام ڕۆژانی یەك شەممان سەعات(٨ی بەیانی و ٥ی ئێوارە)لە کەنیسە نوێژ دەکرێت، نوێژی مەسیحییەکانی سلێمانی لە ڕۆژانی یەك شەممەندا چەند تایبەتمەندییەکی هەیە لەوانە:[٣]

أ- ژن و پیاو و کوڕو کچ و منداڵ بەشداری تێدا دەکەن و بیٚ جیاکاری بەیەکەوە دادەنیشن.

ب- گروپی موزیك (الجوقة )* چەند سرودێکی ئاینی بەمۆسیقاوە دەڵێن.

ت- چەند منداڵێك و شەماشەی کەنیسەکە لە لای چەپی قەشە دادەنیشن و گروپی موزیك لە لای ڕاستی قەشەوە دانیشتوون.

پ- بەشداربووانی نوێژ بە کۆمەڵ چەند جارێك دوعا دەکەن و لەگەڵ گروپی موزیك سروودی ئاینی دەڵێنەوە. واتە نوێژ ی یەك شەممانی کەنیسە خواپەرستی و پاڕانەوەیەکی بەکۆمەڵی هاوبەشە.

ج- لە کۆتاییدا لەلایەن قەشەوە (قوربان)** دەدرێت بە سەرجەم بەشداربووانی نوێژ و ئەوانیش دەیخۆن.

ح- دوعا بۆ مردووەکان دەکەن و ناویان دەهێنن.

خ- نزیکەی یەك سەعات بۆ سەعات و نیوێك دەخایەنێت.

---

[١]- مەتتا/٦/٧-١٤)

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەیمەن عزيز هورمز بۆتانی، سلێمانی، ٢٠١٦/٣/١، ٢٠١٦/٤/٧. .

[٣]- تێبینی بە بەشداری ڕاستەوخۆی توێژەر لە نوێژی ئێوارەی ڕۆژانی یەك شەممانی کەنیسەی مار یوسف، لە (٢٠١٦/٣/٢٨، ٢٠١٧/١/١، ٢٠١٧/٢/٨، ٢٠١٧/٢/٢٦، ٢٠١٧/٣/١٩، ٢٠١٧/٤/١٤، ٢٠١٦/٤/١٦، ٢٠١٥/٥/٢٨، ٢٠١٧/٨/١٥، ٢٠١٧/٩/١٤.

*- گروپی موزیکی کەنیسە (الجوقة): گروپێکی هونەری موزیکە و تایبەتە بە کەنیسە و لە کوڕان و کچانی مەسیحی پێکاتووە، لە کاتی نوێژی یەکشەممان و لە جەژنەکاندا، لە کەنیسەدا سروودی ئاینی دەڵێن. چاوپێکەوتن لەگەڵ: لیڤیار نەزهەت مەتتا، لەدایکبووی ١٩٩٢، پیشە: کارمەندی کۆمپانیای کەرتی تایبەت و ئەندامی گروپی جەوقە لە کەنیسەی ماریوسف لە سلێمانی، سلێمانی،٢٠١٧/٨/١٢.

**- قوربان(نانی پیرۆز): پارچەیەك نانی بچووکە و لە قاڵبێکی دیاریکراودا لە ئارد و شەراب دروست دەکرێت و هێمای جەستەی مەسیحە .

بەشێك لەمەسیحییەكانی سلێمانی ڕۆژانە یەكجار كاتی عەسر یان شەوان كەدەچنە جێگەی نوستن یان بەیانیان لە ماڵەوە نوێژ دەكەن، هەروەها بەشێك لەمەسیحییەكانی سلێمانی عەسری یەكشەممان نوێژ دەكەن، بەشێكی دیكەشیان كە زۆربەیان ئافرەتن، یەكشەممان سەعات (٥)ی ئێوارە دەچن بۆ كەنیسە و لەوێ بە كۆمەڵ لەگەڵ قەشە نوێژ دەكەن[1].

زۆربەی مەسیحییەكان لەجەژنەكان و لە پرسەدا نوێژ دەكەن، زۆربەی كات مەسیحییەكان لەكاتی نانخواردن سوپاسی خوا دەكەن بۆ ئەو نیعمەتەی پێی بەخشیوون و ڕۆژانە ئایەتی:(بسم الاب والابن والروح القدس والاله الواحد امين) دەخوێنن، ئەم ئایەتەش جۆرێكە لە نوێژكردن لای مەسیحییەكان وەك (بسم الله الرحمن الرحيم)ی موسوڵمانەكان وایە.

## ٧- ڕۆژوو:

بەڕۆژوو بوون، لەئاینی مەسیحیدا یەكێكە لە سروتە ئاینییەكان و مەسیح هانی باوەڕدارانی دەدات لە كاتی ڕۆژوو گرتندا خۆدەرخەر نەبن، چونكە مەسیح لەمزگێنییەكەیدا (لە ئینجیلدا) دەربارەی ڕۆژوو جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا دەكاتەوە هەروەك چۆن لە نوێژیشدا هەمان ڕاسپاردەی هەبووە. لەم بارەیەوە مەسیح لە ئینجیلی پیرۆزدا دەڵێت:

(( كاتێك بەڕۆژوو دەبن ڕووگرژ مەبن وەك دووڕووەكان كە ڕوو گرژ دەكەن، بۆ ئەوەی بۆ خەڵكی دەربخەن كە بەڕۆژوون، ڕاستیتان پێ دەڵێم ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتوە، بەڵام تۆ كەبەڕۆژوو دەبیت، دەموچاوت بشۆ سەرت چەور بكە و بۆنی خۆش لەخۆت بدە، هەتا بۆ خەڵك دەرنەكەوێ كەبەڕۆژوویت بۆ باوكی نەبینراوت نەبێت، ئەو باوكەی هەموو نهێنییەك دەبینێت، ئەو پاداشتت دەداتەوە.))[2]

لە ئاینی مەسیحیدا بەپێی ئینجیل و گێڕانەوەی مەتتا و لۆقا، مەسیح لەتاقیكردنەوەی لەلایەن شەیتان توانیوویەتی(٤٠) ڕۆژ بەڕۆژوو بێت، لەم بارەیەوە بڕوانە ئینجیلی پیرۆز تاقیكردنەوەی عیسا(مەسیح) (( عیسا بەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە برایە دەشتودەر، بۆ ئەوەی لەلایەن شەیتانی ئیبلیسەوە تاقی بكرێتەوە، دوای چل ڕۆژ و چل شەو بەڕۆژوو بوو، برسی بوو.))[3]

گرنگترین جۆرەكانی بەڕۆژوو بوون لای مەسیحییەكانی سلێمانی بریتین لە(سێ) جۆری ڕۆژوو:-[4]

**أ) ڕۆژووی گەورە (الصوم الكبير يان صوم قيامة المسيح):**

ڕۆژووی گەورە لە مانگی(شوباتی ) هەموو ساڵێك دەستپێدەكات و دەكەوێتە پەنجا ڕۆژی پێش (جەژنی هەستانەوە )ماوەكەی(٤٠)ڕۆژە، لەگەڵ ڕۆژانی یەكشەممە لەبەرئەوەی ڕۆژی زیندووبوونەوەی مەسیح و پیرۆزی مەسیحییەتە، مەسیحییەكان بەڕۆژوو نابن، هەروەها یەكەم پێنج شەممەی پێش جەژنی

---

[1]- تێبینی ڕاستەوخۆی خوێندكار لە نوێژی بەكۆمەڵی ڕۆژانی یەكشەممەی كەنیسەی مار یوسف لە سلێمانی .

[2]- مەتتا ٦/١٦-١٨

[3]- مەتتا ٤ / ١-٣

[4]- چاوپێكەوتن لەگەڵ: كامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. ڕێڤین نوفل بابایوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٠. سوعاد یوسف یعقوب حداد، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٥. نەجلە پەترۆس ئەسكەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ . عبدالاحد یوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ . الیزابێت داود یوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٦. سمیرە حنا عازر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٧. چاوپێكەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی ، ٢٠١٦/٣/٢٨.

هەستانەوە کەپێی دەوترێت(خميس الفصح)واتە ئەو ڕۆژەی مەسیح قاچی قوتابییەکانی دەشوات و ڕۆژی (شەمەی ڕوناکی) کە دەکەوێتە یەك ڕۆژ پێش جەژنی هەستانەوە، بەڕۆژوو نابن، کۆی گشتی دەکاتە نزیکەی(٥٠) ڕۆژ، واتە لەناو ئەو (٥٠) ڕۆژەدا (٤٠)ڕۆژ بەڕۆژوو دەبن. لەماوەی ئەو (٤٠)ڕۆژەدا کە بەڕۆژوو دەبن لە سەعات (١٢)ی نیوەڕۆدا ڕۆژوو دەشکێنن و لەو ماوەیەدا نابێت گۆشت و شیرەمەنی بخۆن، جگە لە گۆشتی ماسی، کە ڕێگەپێدراوە بیخۆن. هەروەها لەماوەی ئەو چل ڕۆژەدا مەسیحییەکان خێر دەکەن، شایانی باسە بەشێك لەمەسیحییەکانی سلێمانی ئەم (٤٠)ڕۆژە بەڕۆژو و دەبن و بەشێکیشیان تەنها ڕۆژانی هەینی بەڕۆژو و دەبن و بەشێوەیەکی گشتی ژنان زیاتر لەپیاوان بەڕۆژوو دەبن.

**ب) ڕۆژووی بچووك (الصوم الصغير – صوم ميلاد السيد المسيح):**

ئەم ڕۆژووە (٢٥) ڕۆژە و لە (١ی کانوونی یەکەم)دەست پێدەکات تا (٢٤ی‌کانوونی یەکەم)، ئەو مەسیحییانەی کە (ئاشوورین) و ئەوانەی مەزهەبی(ئەرسەدۆکس)ن ئەم (٢٥) ڕۆژە بەتەواوی بەڕۆژوو دەبن، بەڵام ئێستا ئەم ڕۆژووە لای مەسیحییە(کلدان کاسۆلیکەکان)ی سلێمانی تەنها یەك ڕۆژە و دەکەوێتە(٢٤ی کانوونی یەکەم) واتە یەك ڕۆژ پێش جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح.

**ج) صوم الباعوثا:**

بەجیا لەکەنیسەکانی دیکەی دونیا، لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان مەسیحییەکان لەگەڵ ڕۆژوی گەورە و ڕۆژووی بچوك، ڕۆژوویەکی تریشیان هەیە کە (٣)ڕۆژە و بەڕۆژوی (سێ ڕۆژانە) ناسراوە و پێی دەوترێت( صوم الباعوثا*) و کاتەکەی دەکەوێتە یەکەم (دووشەممە و سێ شەممە و چوارشەممە)ی مانگی شوباتی هەموو ساڵێك. ئەمەش نەریتێکی کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە نەینەوا پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری بووە.

## ٨– جەژنی مەسیحییەکانی سلێمانی:

مەسیحیەکانی سلێمانی دوو جەژنی سەرەکییان هەیە و پێوەی پابەندن، یەکەمیان: (جەژنی لەدایك بوونی مەسیح)، کە دەکەوێتە(٢٥ ی کانوونی یەکەم)ی هەمووساڵێك، دووەمیشیان: (جەژنی زیندووبونەوەی مەسیح)، کە لەیەکشەمەی یەکەمی پاش (صوم الكبير) واتە پاش ڕۆژوی(٤٠)ڕۆژەیە و زۆربەی کات دەکەوێتە مانگی نیسانەوە. سەرجەم مەسیحییەکانی سلێمانی بەپیر و گەنج و منداڵ و ژن و پیاوەوە بەشداری ئەم دوو جەژنە دەکەن. لێرەدا باسی ئەو دوو جەژنە سەرەکییە و جەژنەکانی تر بەم شێوەیەی خوارەوە دەکەین:–[١]

---

* - وشەی باعوث وشەیەکی زمانی ئارامی کۆنە، بەمانای ( داواکردن – الالتماس)

[١] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. سوعاد يوسف يعقوب حداد، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٥. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ . عبدالاحد يوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ اليزابێت داود، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٦. سميره حنا عازر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزيز هورمز بۆتانی، سلێمانی ، ٢٠١٦/٣/٢٨.

## أ- جەژنی لەدایك بوونی مەسیح :

حەزرەتی مەسیح لە شاری(بەیت لەحم)* لەدایك بووە، ئینجیلی پیرۆز دەربارەی لەدایكبوونی عیسای (مەسیح) لە شاری (بەیت لەحم) دەڵێت:

((تۆ ئەی بەیت لەحمی خاکی یەهودا، کەمتر نیت لەشارەکانی دیکەی یەهودیا، چونکە لەم شارەدا فەرمانڕەوایەك دەردەکەوێت، گەلی ئیسرائیلم بۆ بەڕێوە دەبات.))[1]

لە ئینجیلدا بەم شێوەیە باسی لەدایکبوونی (مەسیح) کراوە:

( لە کاتێکدا (مەریەم) دەزگیرانی (یوسف)بوو، پێش ئەوەی بگوێزرێتەوە، بەهۆی ڕۆحی پیرۆز سکی پڕبوو. یوسفی دەزگیرانی کوڕێکی چاك بوو، نەیویست ئابڕووی ببات، بڕیاریدا بە نهێنی وازی لیٚ بهێنێت. کاتێك بیری لەمە دەکردەوە، فریشتەیەکی خوداوەند، لەخەودا پێی وت: ( ئەی یوسفی کوڕی داود، مەترسە لەوەی مریەم بهێنیت، چونکە ئەوەی ئەو سکی پێی هەیە لە ڕۆحی پیرۆزە. کوڕێکی دەبێت ناوی دەنێیت (مەسیح)، چونکە گەلەکەی لە گوناهەکانیان ڕزگار دەکات. کاتێك یوسف خەبەری بووەوە، مریەمی هێنایە لای خۆی، بیٚ ئەوەی لەگەڵی جووت بێت، تا لەدایکبوونی منداڵەکە، کاتێك لە دایك بوو ناوی نا(مەسیح)[2].

لای مەسیحییەکان لەدایکبوونی مەسیح جەژنێکی پیرۆز و تایبەتییە، چونکە بە باوەڕی ئەوان لەو ڕۆژەدا ڕزگاری مرۆڤایەتی و پادشایەتی خودا لەسەر زەوی لەدایك بووە، ئەم ڕۆژە لە سەرجەم مەزهەبەکانی ئاینی مەسیحیدا کراوە بەجەژن. ڕێوڕەسمەکانی ئەم جەژنە بریتین لە: ئامادەبوون لە نوێژی جەژن لە کەنیسە و بەشداریکردن لە شکۆدارکردنی ئەو ڕۆژە بە نوێژ و سرودی ئاینی و وەرگرتنی سڵاوی ئاشتی مەسیح، پاشان کۆبوونەوەی خێزانی لە ماڵی یەکێك لە ناسیاوەکان یان خزمان، هەندێك جاریش ئاهەنگی خێزانی مەسیحییەکان لە نێوان خۆیاندا ساز دەکەن، هەروەها قەشەی کەنیسە لە ڕۆژانی جەژندا سەردانی هەموو ماڵە مەسیحییەکان دەکات بۆ پیرۆزبایی کردنی جەژن، لە هەمان کاتدا مەسیحییەکان لە نێوان خۆیاندا بۆ جەژنە پیرۆزە سەردانی یەکتری دەکەن. [3]

لە ڕابردوودا نوێژی جەژن لە بەیانی ڕۆژی(٢٥)ی کانوونی یەکەم لە کەنیسە دەکرا، بەڵام لە ئێستادا لەشەوی( ٢٤ /٢٥ )ی کانوونی یەکەم لە کەنیسە دەکرێت[4]، چونکە مەسیحییەکان دەڵێن: لەبنەڕەتدا مەسیح لەنیوەشەودا لەدایك بووە[5]. هەروەها ڕایەکی تریش دەربارەی لەدایکبوونی مەسیح

---

* - شارێکی بچووکە و ٨کم لەباشووری ڕۆژئاوای ئۆرشەلیم(قودس)ەوە دورە، مەسیح و حەزرەتی داود لەم شارە لەدایك بوون.(مەتتا ٢/٥)ئینجیلی پیرۆز، بە زمانی کوردی دیالێکتی سۆرانی، چاپی دووەم، ل ٦٠٧

[1] - مەتتا ٦/٢

[2] - مەتتا ١: ١٨-٢٥.

[3] - بەشداری و تێبینی ڕاستەوخۆی خوێندکار لە نوێژی جەژنی لەدایکبوونی مەسیح، شەوی ٢٠١٦/١٢/٢٥/٢٤، لە کەنیسەی ماریوسف، سلێمانی.

[4] - چاوپێکەوتن لەگەڵ لطیف پۆلص اسطیفان، لەدایکبووی١٩٣٧، پیشە: خانەنشین، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١

[5] - چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشەی کەنیسەی ماریوسف قەشە(ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی،٢٠١٦/٣/١.

هەیە دەڵێت: مەسیح لە درێژترین شەوی ساڵ واتە لە (شەوی یەڵدا)* لەدایك بووە و لەدرێژترین ڕۆژی ساڵیش لەخاچ ئەدرێت[١].!

## ب- جەژنی زیندووبوونەوەی مەسیح(عید القیامة) :

ئەم جەژنە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ڕۆژی دوای کۆتا ڕۆژی (ڕۆژووی گەورە)،واتە بەزۆری دەکەوێتە سەرەتا یان ناوەڕاستی مانگی(نیسان)ی هەموو ساڵێك، جەژنی قیامە جەژنێکە تیایدا مەسیحییەکان ئاهەنگ دەگێڕن بەبۆنەی زیندووبوونەوەی حەزرەتی عیسای مەسیح، هەرچەندە ساڵانە بەهۆی گۆڕانکاری لە ڕۆژژمێری زاینییدا بەرواری جەژنی قیامەش دەگۆڕێت، بەڵام زۆربەی ساڵ دەکەوێتە ڕۆژانی نێوان (٢١ی ئازار بۆ ١٦ی نیسان) لە ئینجیلدا دەربارەی زیندووبوونەوەی مەسیح نوسراوە:

(( عیسا بە(مەریەم مەجدەلی)** وت:

دەستم لێ مەدە، چونکە هێشتا بۆ لای باوك بەرزنەبوومەتەوە، بەڵام بڕۆ لای برایانم و پێیان بڵێ: من بەرزدەبمەوە بۆ لای باوکم و باوکتان خودام و خوداتان.))[٢]

ئێوارەی ڕۆژی هەینی کە مەسیح لە خاچ دەدرێت، دوای لە خاچ دانەکەی مەیتەکەی دەخەنە ئەشکەوتێك و بەردێکی گەورە ئەخەنە بەردەم ئەشکەوتەکە، رۆژی دواتر واتە ڕۆژی شەممە (مەریەمی پاکیزە)واتە دایکی مەسیح و مەریەم مەجدەلی و چەند کەسێکی تر دەچنەوە بۆ ئەو ئەشکەوتەی کە مەسیحی تێدا شاردرابووەوە، بەڵام کە دەچنەوە ئەشکەوتەکە ئەبینن بەردەکە لابراوە و مەیتەکەی مەسیحی تێدا نەماوە، لە پڕ ڕوناکییەك ئەبینن، بەم ڕۆژە دەڵێن(شەممەی ڕوناکی)، ڕۆژی دواتر واتە ڕۆژی یەك شەممە هەمان ئەو کەسانە دەچنەوە بۆ لای ئەشکەوتەکە، بەمەبەستی سۆراغی لاشەی مەسیح، لەو ڕۆژەدا مەسیح بە زیندووی دەردەکەوێتەوە، ئەم جەژنە یادی ئەو زیندوبوونەوەیە.[٣]

ئەم جەژنە بەدووەم جەژنی سەرەکی مەسیحییەکان دەژمێرێت و لای مەسیحییەکان تایبەتمەندی خۆی هەیە و زۆر گرنگە لەلایان، چونکە بەهۆی ئەم هەستانەوەیەوە، مەسیح خودایەتی خۆی

---

* - یەلدا: مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە لێکدانەوەی هۆنراوەی (شەوی یەلدایە، یا دەیجورە ئەمشەو، کە دیدەم دوور لە تۆ بێنوورە ئەمشەو ؟! ) دەڵێت: یەلدا: وشەیەکی زمانی سریانییە واتە (لەدایکبوون)، درێژترین شەوی ساڵە، کە دوا شەوی دوا مانگی وەرزی پاییزە. بۆیە ناونراوە شەوی یەڵدا، چونکە حەزرەتی عیسا لەو شەوەدا لەدایکبووە. نالی(دیوانی نالی) لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، چاپی نۆهەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە، ل٣٩٧-٣٩٨.

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ کامەران ئیسحاق پەری،سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ: لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز، سلێمانی،٢٠١٦/٣/٢٧.

** - ئەو ژنەیە کەلەسەردەمی مەسیحدا ئیمانی بە حەزرەتی مەسیح هێناوە و لەکاتی لەخاچدانی مەسیحدا دەم و چاوی حەزرەتی مەسیحی پاکردووەتەوە، لەکاتی زیندووبوونەوەی حەزرەتی مەسیحدا یەکەم کەس بووە حەزرەتی مەسیحی ناسیووەتەوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ کامەران ئیسحاق پەری،سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨.

٢- یۆحەننا ١٧/٢٠

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ: لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز، سلێمانی،٢٠١٦/٣/٢٧.

سەلماندووە. لەم جەژنەدا بۆماوەی (یەك هەفتە) مەسیحییەكانی سلێمانی شادی دەردەبڕن و ئاهەنگ دەگێڕن و سەیران و گەشت دەكەن.

ڕێوڕەسمەكانی جەژنی زیندوبونەوەی مەسیح دوو ڕۆژە و سەرەتاكەی بە (شەممەی ئۆشانا)* دەست پێدەكات، پاشان پێنج شەممەی قاچ شتنی منداڵان(خميس الفصح)** و (هەینی حەشری گەورە– هەینی خەمباری–جمعة الالام)*** و (شەممەی ڕوناكی) و یەكشەممەی هەستانەوەی مەسیح و دەركەوتنی مەسیح بۆ مریەم مەجدەلی و دایكی مەسیح(مەریەمی پاكیزە) و قوتابییەكانی، (جەژنی هەستانەوە)یادی ئەو هەستانەوەیە كە دوو ڕۆژە، بەم شێوەیە ئێوارەی شەممە و بەیانی یەك شەممە و دوو شەممە، مەراسیمە ئاینییەكە و نوێژی جەژن و پیرۆزبایی تێدا دەكرێت.(١)

مەسیحییەكانی سلێمانی بەم شێوەیەی خوارەوە مەراسیمەكانی ئەم دوو جەژنە پەیڕەو دەكەن:–(٢)

**١– نوێژی جەژنی لەدایكبوونی مەسیح:**

شەوی(٢٤/٢٥ی مانگی ١٢)سەعات (٩)ی شەو لە هۆڵی نوێژكردنی كەنیسەی (مار یوسف) نوێژی جەژنی لەدایكبوونی مەسیح(جەژنی كریسمس)دەكرێت، منداڵان و نەوجەوانان و گەنج و پیر و ژن و پیاو بەشداری لە نوێژی جەژندا دەكەن، دوای هاتنە ژوورەوەی خەڵكەكە و قەشە سەرەتا گروپی موزیك(الجوقة) لەگەڵ ڕاهیبەكان سرودێك ئەڵێن، دوای ئەو كەسێك دووعا بۆ مردووەكان دەكات و ناوی ئەو مردووانەی كە پێش مردنیان پەیوەستبوون بەم كەنیسەیەوە دەخوێنێتەوە، دواتر كوڕ و كچێك لە نەوجەوانان كە جلی سپی سادەیان لەبەردایە دێن وتارێك دەخوێننەوە، پاشان قەشە نوێژ دەخوێنێت، دواتر كەسێك لە نوێژخوێنان كە ئەندامی لیژنەی كەنیسەیە وتارێك بەكوردی دەخوێنێتەوە، دواتر قەشە چەند ئایەتێكی ئینجیل دەخوێنێتەوە، پاشان قەشە وتارێك بە زمانی عەرەبی پێشكەش دەكات، پاشان ژن و پیاوێك لە نوێژخوێنەكان دەچنە سەر شانۆ و دوعا دەكەن، دواتر گروپی موزیك سرودێك دەڵێن، پاشان قەشە وتارێك دەخوێنێتەوە و دوعای بەشداربووان دەخوێنێتەوە، پاشان نوێژی بەكۆمەڵ دەكرێت، پاشان گروپی موزیك و سەرجەم ئامادەبووان سرودێك دەڵێن، پاشان قەشە (قوربان)دەخاتە سەر زمانی مەسیحییە بەشداربووەكان و نوێژخوێنەكان، پاشان لە كۆتایدا قەشە دوعا دەكات و سوپاسی خەڵكەكە دەكات بۆ بەشداربوونیان و نوێژ سەعات(١٢)ی شەو كۆتایی دێت(٣).

---

*– شەممەی ئۆشانا(ئۆشەعنا): یەكەم شەممەی پێش لەخاچدانی مەسیحە، ئەو ڕۆژەیە(ئەو شەممەیە)بووە كە مەسیح ئەچێتە ناو شاری ئورشەلیم (قودس)و خەڵكەكەش بەچڵی زەیتوون و بەدەربڕینی خۆشی و شادی پێشوازی لێدەكەن.

**– لەم پێنج شەممەیەدا مەسیح قاچی قوتابییەكانی خۆی دەشوات و ماچیان دەكات و باسی لەخاچدانەكەی خۆشیان بۆ دەكات و دواهەمین ئێوارەخوانی مەسیحە لەگەڵ قوتابیەكانی. پێنج شەممەی پێش لە خاچدانەكەیەتی.

***– یەكەم هەینی پێش جەژنی هەستانەوەیە، واتە هەینی پێش جەژنی هەستانەوەیە و دەكەوێتە سەرەتای مانگی نیسان ئەو ڕۆژەیە كە حەزرەتی مەسیحی تێدا لەخاچ دەدرێ.

١– چاوپێكەوتن لەگەڵ قەشەی كەنیسەی ماریوسف قەشە(ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی، ٢٠١٦/٣/١.

٢- چاوپێكەوتن لەگەڵ لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١.

٣– تێبینی بەبەشداری ڕاستەوخۆی خوێندكار لە نوێژی جەژنی لەدایكبوونی مەسیح، شەوی ٢٠١٦/١٢/٢٥/٢٤، كەنیسەی ماریوسف،سلێمانی.

**٢- نوێژی جەژنی هەستانەوەی مەسیح:**
ئەم نوێژەش وەك هەموو نوێژەكانی تری كەنیسە، نوێژێكی بە كۆمەڵە و پیاو ئافرەت و پیر و گەنج و منداڵ بەشداری تێدا دەكەن، سەرەتا گروپی جەوقە بەزمانی عەرەبی سرودێكی ئاینی دەڵێن، دواتر قەشە دوعا و نوێژ دەكات بە زمانی سریانی، دواتر گروپی جەوقە بە مۆسیقاوە سرودێكی ئاینی بەزمانی عەرەبی دەڵێن، دواتر پەیامی (پۆلس) لە لایەن بەشداربوویەكی نوێژەكەوە دەخوێنرێتەوە، دواتر قەشە ئینجیل بەزمانی سریانی و عەرەبی دەخوێنێتەوە، لە كۆتایدا قەشە قوربان دەدات بە بەشداربووان و ئەوانیش ئەیخۆن[١].

**٣-نانی جەژن:**
مەسیحییەكانی سلێمانی لە ڕابردوودا شەوی جەژن و بەیانیانی ڕۆژی جەژن چێشتنی جەژنیان لێناوە و دوای گەڕانەوەیان لە كەنیسە نانی جەژنیان خواردووە، بەڵام لە ئێستادا پێش نیوەڕۆی ڕۆژی جەژن چێشت لێدەنێن و نیوەڕۆی ڕۆژی جەژن چێشتی جەژن دەخۆن، كە زیاتر (گۆشت و بریانی و قەیسییە) و هەندێك لە ماڵە مەسیحییەكان لە جەژنی لە دایكبوون و هەستانەوەدا (قەل)لێدەنێن، نانی جەژنی مەسیحی بەكۆمەڵ دەخورێت، زۆربەی كات ماڵە مەسیحییەكان وا ڕێك دەكەوون كە هەموو خێزانەكە بەیەكەوەنانی جەژن بخۆن، بەڵام ئەگەر خێزانەكە خێزانێكی دابڕاووبن هەوڵ دەدەن لەگەڵ ناسیاوێكیان یان خزمێكیان پێكەوە نانی جەژن بخۆن.[٢]

مەسیحییەكانی سلێمانی لە ڕۆژی جەژندا چێشتی جەژنیان بۆ دراوسێ موسوڵمانەكانیان بردووە، موسوڵمانەكانیش لەجەژنی ڕەمەزان و قورباندا بەهەمان شێوە چێشتی جەژنیان بۆ دراوسێ مەسیحییەكانیان بردووە.[٣]، ڕۆژی جەژنی هەستانەوە، بەیانیان دوای نوێژ، كە لە كەنیسە ڕۆشتنەوە بۆ ماڵەوە، لەماڵەوە هێلكە دەخۆن و نیوەڕۆكەی چێشتی خۆش لێدەنێن.

**٤- دیوەخانی كەنیسە:**
پاش تەواكردنی نوێژی جەژن قەشە یان مەترانی كەنیسە دەچێتە دیوەخانی كەنیسە بۆ پێشوازیكردن لەوخەڵكانەی كەدێن بۆ پیرۆزبایی كردن، لەپێش ڕاپەڕینی خەڵكی كوردستان لە ساڵی (١٩٩١) پارێزگاری سلێمانی بۆ پیرۆزبایی كردنی جەژن چووەتە كەنیسە، لەپاش ڕاپەڕین بەڕێز (مام جەلال) سكرتێری گشتی (ی ن ك) و پارێزگاری سلێمانی چوونەتە كەنیسە بۆ پیرۆزبایی كردنی جەژن، پاشان زۆرینەی بەرپرسە حكومی و حیزبییەكان بۆ پیرۆزبایی جەژن چوونەتە كەنیسە. لە دیوەخانی كەنیسەدا، قاوە و شیرینی بۆ ئەوانەی كەدێن بۆ پیرۆزبایی كردنی جەژن دابەش دەكرێت، قەشەی كەنیسە و چەند پیاوێكی مەسیحی بەخێرهاتنی میوانەكان دەكەن و بەڕێیان دەكەن[٤].

---

[١]- تێبینی بە بەشداری ڕاستەوخۆی توێژەر لە مەراسیمی نوێژی جەژنی هەستانەوە، لە كەنیسەی ماریوسف لە سلێمانی، ٢٠١٦/٤/١٦.

[٢]- چاوپێكەوتن لەگەڵ شوان جمیل عیسی، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٨.

[٣]- چاوپێكەوتن لەگەڵ لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١.

[٤]- تێبینی بە بەشداریكردنی خوێندكار لەجەژنی زیندووبوونەوەی عیسای مەسیح، لەكەنیسەی ماریوسف لە سلێمانی، ٢٠١٦/٣/٢٧،

**٥- جەژنە پیرۆزە:**

مەسیحییەکانی سلێمانی لە کەنیسە جەژنە پیرۆزە لە یەکتری دەکەن، بەشێکیشیان بۆ جەژنە پیرۆزە سەردانی ماڵی یەکتری دەکەن، هەروەها موسوڵمانەکانیش سەردانی ماڵە مەسیحییەکان دەکەن بۆ جەژنە پیرۆزە و لە پێشوازیشدا چکلێت و شیرینی و چا و قاوە و میوە دادەنرێت.

**ت- جەژنی خەتەنەکردن**(عيد الختانة و رأس السنة الميلادية):

دەکەوێتە (١ی کانوونی دووەم)ی هەموو ساڵێك و یادی خەتەنەکردنی حەزرەتی (مەسیح)ە کە لە تەمەنی هەشت ڕۆژیدا بە پێی ڕێنماییەکانی ئاینی جوولەکە خەتەنە کراوە.

**پ- جەژنی لەئاوهەڵکێشانی مەسیح** (عيد تعميد المسيح- عيد الدنح- عيد العماذ-عيد عماد المسيح):

ئەم جەژنە دەکەوێتە(٦ی کانوونی دووەمی) هەموو ساڵێك.

**ج- جەژنی سولاقا** (عيد الصعود):

ئەم جەژنە دەکەوێتە چل ڕۆژ دوای جەژنی هەستانەوە، لەم جەژنەدا مەسیحییەکانی سلێمانی ئاو بەیەکتریدا دەکەن، لە(ئینجیل)دا هاتووە کە مەسیح بەرزبۆتەوە بۆ ئاسمان. بەپێی گێڕانەوەی ئینجیل پاش ئەوەی کە مەسیح زیندوو دەبێتەوە، بۆ ماوەی( ٤٠ )ڕۆژ لەگەڵ نێردراوانی لەسەر زەوی ژیاوە، دواتر لە ڕۆژی پێنجشەممە لە کێوی (زەیتون)* بەرزبۆتەوە بۆ ئاسمان، لەڕوی ئاینییەوە بەرزبونەوەی مەسیح بۆ ئاسمان بە گرنگترین ڕوداوی ژیان و مردن و زیندوبونەوەی مەسیح دەزانرێت و ئەم جەژنە یادی ئەو بەرزبوونەوەیە[١].

یەکێك لە سیماکانی جەژنی (سولاقا) ئاو بەیەکدیدا کردنە کە دەکەوێتە مانگی (ئایار) و ئەمەش بەجێهێنانی سروتێکی ئاینی مەسیحییە و گرێدراوی بۆنەی چوون بۆ ئاسمانی(مەسیح)ە و نەریتێکی بەجێماوەی کۆنە بۆ دەربڕینی خۆشی و شادی بەهاتنەدی وتەی مەسیح کە پادشای سەرزەمینە. ئاو بەیەکدا کردن تەنها لە نێوان دایك و منداڵەکانیدا قۆرغ نابێتەوە، بەڵکو بچوك و گەورەی ئەندامانی کۆمەڵگەی مەسیحی تێدا بەشدارە و لە شێوەی کەڕنەڤاڵێکدا نمایش دەکرێت، لە ڕابردوودا لە گەڕەکی سابونکەران(مەسیحییەکان)ی شاری سلێمانی پەیڕەو کراوە، لە ئێستادا لە سلێمانی نەریتی ئاو بەیەکدا کردن لەم جەژنەدا ناکرێت. چونکە مەسیحییەکانی سلێمانی لە ئێستادا هەر ماڵەیان لە گەڕەکێکن و وەك ڕابردوو هەموویان لە یەك گەڕەکدا نیشتەجێنین.

**ح- عيد حلول الروح القدس على الرسل:**

دەکەوێتە ناوەڕاستی مانگی ئایار یان سەرەتای مانگی حوزەیران لەم ڕۆژەدا ڕۆحی پیرۆز دەچێتە سەر قوتابییەکانی مەسیح.

**خ- جەژنی بەرزبوونەوەی مەریەمی پاکیزە بۆ ئاسمان:**

ئەم جەژنە دەکەوێتە(١٥ی ئابی)هەموو ساڵێك، ئەم جەژنە یادی ئەو ڕۆژەیە کە مەریەمی پاکیزە بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان، مەسیحییەکانی سلێمانی لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا هەموو ساڵێك لە

---

*- کێوی زەیتوون: کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی شاری قودس(ئۆرشەلیم)

١- ئینجیلی پیرۆز/ کرداری نێردراوان ١١:١

کەنیسەی(مار یوسف)کۆدەبنەوە بۆ ئەنجامدانی سروتی ئاینی(قداس)ی بەکۆمەڵ و نزیکەی (٢) سەعات بەردەوام دەبێت، قەشە نوێژ دەخوێنێت و ئامادەبووان بەکۆمەڵ دەیڵێنەوە، ئافرەت و پیاو و پیر و گەنج و منداڵ لەم جەژنەدا بەشدارن، دوو گروپی منداڵان و نەواجەوانانیش بەشداری دەکەن، گروپی منداڵان بەشێکیان جلی ڕەنگ سوری تایبەتی لەبەر دەکەن وەك ڕەمزێك بۆ قوتابییەکانی حەزرەتی مەسیح، بەشێکی تریشیان جلی سپی لەبەردەکەن وەك هێمای شەماسە بوون، گروپی نەوجەوانانیش جلی ئاسایی لەبەر دەکەن و بەخوێندنی چەند سرودێکی ئاینی بەشداریی لەجەژنەکەدا دەکەن و بەو گروپە دەوترێت(گروپی جەوقە)لەکۆتایشدا لە هۆڵی کەنیسە بەشداربووەکان بەکۆمەڵ شیرینی دەخون.[1]

## د- جەژنی خاچی پیرۆز (عید الصلیب):

ئەم جەژنە یادی ئەو ڕۆژەیە کە دوای( ٣٠٠ )ساڵ لەخاچدانی مەسیح، مەسیحییەکان ئەو خاچەیان دۆزییەوە کە مەسیحی پێ لەخاچ درابوو، مەسیحییەکانی سلێمانی ئێوارەی ڕۆژی(١٤/١٣ی ئەیلوول) لە کەنیسە ئاگر دەکەنەوە و ڕۆژی (١٤ی‌ئەیلوول) ڕۆژی ئەم جەژنەیە، سەرەتا سرودێکی ئاینی بە کۆمەڵ دەخوێنن، دواتر بەکۆمەڵ دوعا دەکەن، دواتر وتاری قەشە دەخوێنرێتەوە[2].

هەروەها ڕۆژی(١٤ی‌ئەیلوول)ی هەموو ساڵێك ئێوارەکەی سەعات(٥,٣٠)پێنج و سی دەقیقە نوێژ دەکرێت، سەرەتا گروپی موزیك(الجوقة) سرودێك دەڵێن، دواتر قەشە کە خاچێکی بەدەستەوەیە و شەماشەکان و چەند منداڵێك کە خوێندکاری کەنیسەن، لە سەرەتای هۆڵەکەوە بە هۆڵەکەدا دەڕۆن و دەچنە سەر شانۆی هۆڵی نوێژکردنی کەنیسە، قەشە و خەڵکەکە بە کۆمەڵ چەند دوعایەك دەخوێنن، دواتر شەماشە وتارێك دەخوێنێتەوە، هەروەها گروپی موزیك سروودێك دەڵێن، دواتر قەشە وتارێك دەخوێنێتەوە. شەماشەکان جلی سپی سادە لەبەردەکەن، منداڵان (ئەوانەی لەگەڵ قەشە دەچنە سەر شانۆ) جلی سوور و سپی لەبەر دەکەن.[3].

## ژ- جەژنی ئۆشەعنا:

دەکەوێتەی ڕۆژی یەك شەممەی پێش جەژنی هەستانەوە، ئەو ڕۆژەیە کە حەزرەتی مەسیح (٦) ڕۆژ پێش ئەوەی لە خاچ بدرێت چووە بۆ شاری ئۆرشەلیم و خەڵك بەچڵی زەیتوونەوە پێشوازییان لێکردووە[4]. ئەم ساڵ ئەم جەژنە ڕۆژی(٢٠١٧/٤/٨) لە کەنیسەی (مار یوسف)دا یاد کرایەوە، لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا کەنیسە بە چڵی زەیتوون دەڕازێننەوە، پیر و گەنج و ژن و پیاو منداڵان لە نوێژ و مەراسیمی ئەم جەژنەدا لە کەنیسە بەشداریی دەکەن، نوێژ و مەراسیمی ئەم جەژنە لە سەعات(٥:٣٠)ی ئێوارە دەست پێدەکات، هەموو بەشداربووان چڵێك زەیتوون بەدەستەوە دەگرن، یان دەیکەن بەیەخەیانەوە،

---

[1]- تێبینی بەبەشداری ڕاستەوخۆی خوێندکار لە سروتی ئاینی مەراسیمی جەژنی بەرزبوونەوەی مەریەمی پاکیزە بۆ ئاسمان کەنیسەی مار یوسف، سلێمانی، ١٥/ئابی ٢٠١٦.

[2]- تێبینی بە بەشداری ڕاستەوخۆی خوێندکار لە مەراسیمی جەژنی خاچ، لە کەنیسەی مار یوسف لە سلێمانی، ٢٠١٦/٩/١٣، سەعات ٦-٨ی شەو.

[3]- تێبینی بەبەشداری ڕاستەوخۆی خوێندکار لە نوێژی ڕۆژی (٢٠١٦/٩/١٤) لە کەنیسەی ماریوسف لە سلێمانی.

[4]- چاوپێکەوتن لەگەڵ لطیف پۆلس اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١.

دوای نوێژ ئامادەبووان پیرۆزبایی لەیەکتری دەکەن و هەر یەکێکیان چلێك زەیتوون لەگەڵ خۆیان بۆ ماڵەوە دەبەنەوە.[١]

## ٩- یادکردنەوە ئاینییەکانی مەسیحییەکانی سلێمانی:

یادکردنەوە ئاینییەکان( تذکار)، ئەو یادکردنەوانەن کە مەسیحییەکان لە یادی ڕووداوێکی ئاینیدا بە مەراسیم و سروتی تایبەت یادی دەکەنەوە، لە شاری سلێمانی مەسیحییەکان مەراسیمی چەند یادکردنەوەیەکی ئاینی ئەنجام دەدەن:-

**أ) مانگی ئایار ( مانگی مەریەمی پاکیزە):**

لەم مانگەدا نوێژ بۆ مەریەمی پاکیزە دەکەن و لە مانگەکانی تر زیاتر سەردانی کەنیسە دەکەن.

**ب) مانگی حوزەیران( مانگی دڵی مەسیح):**

لەم مانگەدا لەکەنیسە یادی حەزرەتی مەسیح دەکەنەوە و نوێژ و قداس بۆ مەسیح دەکەن.

**ج) تەناول- عید التناول الأول(خواردنی یەکەم):**

تەناول ناوی مەراسیمێکی ئاینییە، تایبەتە بە منداڵانی مەسیحی تەمەن (١١-١٢)ساڵی، کە لە کۆتایی خولێکی یەك مانگەی پشووی هاویندا کەنیسە سازی دەکات. هەموو ساڵێك یان دوو ساڵ جارێك مەراسیمی تەناول لە کەنیسەی ماریوسفی سلێمانی بەڕێوە دەچێت. ئەو منداڵانەی کەتەمەنیان دەگاتە (١١-١٢) ساڵ، لە پشووی هاویندا خولێکی یەك مانگییان لەلایەن کەنیسەوە بۆ دەکرێتەوە، لەو مانگەدا هەموو ڕۆژێك لە بەیانی تا نیوەڕۆ لە کەنیسە لەلایەن (ڕاهیبەکانەوە)* وانەی ئاینییان پێدەوترێتەوە و فێری ڕێنماییەکانی ئاینی مەسیحی دەکرێن، لەکۆتایی خولەکەدا (کەنیسە) مەراسیمێك بۆ منداڵە بەشداربووەکان ڕێکدەخات و بەو مەراسیمە دەوترێت(تەناول)، منداڵە بەشداربووەکانی خولەکە لە مەراسیم و ئاهەنگی تەناولدا جلێکی تایبەتی سپی لەبەردەکەن، کە هێمایە بۆ پاکی منداڵ، هەروەها زنجیرێکی خاچیش دەکەنە ملی منداڵە بەشداربووەکان، لە کۆتایی مەراسیمە ئاینییەکەدا گروپی موزیك و منداڵانی بەشداربوو لە تەناول سرودی ئاینی دەڵێنەوە، لەم مەراسیمەدا مەترانی مەسیحییەکانی کەرکوك و سلێمانی و قەشە و شەماسەکان و دایك و باوك و خوشك و برا و خزمی منداڵە بەشداربووەکانی خولەکە بەشداری لەو بۆنەیەدا دەکەن.

---

[١]- تێبینی بە بەشداری ڕاستەوخۆی توێژەر لە نوێژ و مەراسیمی جەژنی ئۆشەعنا، سلێمانی- کەنیسەی ماریوسف، ٢٠١٧/٤/٨.

*- ئەوژنانەن کە ژیانی خۆیان بۆ ئاینی مەسیحی تەرخان کردوە، ئەم تەرخان کردنە، بەشوونەکردن، بە بەستنی گرێبەستێکی خودایی لە نێوان خۆی وخودا، ئەویش بە وازهێنانە لە ژیانی گشتی و ڕووکردنە یەکێك لە(دێرەکان) بۆ تەئەمول و نوێژ ، ئەوان ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە کەنیسە و کۆمەڵگەی مەسیحی کاسۆلیکی( ڕۆژهەڵاتی، خۆرئاوایی )دا، لەئێستادا ژمارەی ڕاهیبەکان لە کەمبوونەوە دایە، بەبڕوای توێژەر ئەم کەمبوونە بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە، گرنگترینیان: (کەم بونەوەی ڕێژەی منداڵ بوون لەخیزانی مەسیحی، توانای بەدەستهێنانی خوێندەواری بۆ ڕەگەزی مێ، کەمبوونەوەی هەژاری. دواتر ڕێگری لە شوکردنی راهیبە، شونەکردنیان لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئاینی مەسیحی بۆ بەجێهێنانی چوارەم روکنی ئاینەکە، کە بریتییە لە خزمەتکردنی ئاین، تێڕوانینیان وایە کە پێکهێنانی خێزان و سەرقاڵییەکانی ژیان لە خۆشەویستی خودا و پەیامبەرەکەی دوریان دەخاتەوە. هەمان هۆ بۆ ژن نەهێنانی قەشەکانە. چاوپێکەوتن لەگەڵ: قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی ، ٢٠١٦/٤/٢٠.

لەم مەراسیمەدا سەرجەم منداڵە بەشداربووەکانی خولەکە بۆ یەکەمجار (قوربان) وەردەگرن، کە هێمایە بۆ جەستەی مەسیح و ژیانی تازە، لە کۆتایدا منداڵە بەشداربووەکان لەگەڵ مەتران و قەشە وێنە دەگرن و پاشان خێزانەکانیش لەگەڵ منداڵە بەشداربووەکەیان و لەگەڵ مەتران و قەشە وێنە دەگرن و دەبێتە هەل هەلە لێدان و شکولاتە هەڵدان و شیرینی و نان خواردن[1].

ئەم مەراسیمە پەیامێکە بۆ منداڵە بەشداربووەکان، کە متمانە و هەستکردن بە بەرپرسیارێتیان پێ دەبەخشێت، وایان لێدەکات هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن و شانازی بەخۆیانەوە بکەن، کە ئەندامی کۆمەڵی مەسیحی و کەنیسەن، منداڵ لەدوای قۆناغ و مەراسیمی تەناول دەچێتە قۆناغی هەرزەکارییەوە و بەشێوەیەکی گشتی هەرزەکارێکی مەسیحی لە چەژن و بۆنە ئاینی کۆمەڵایەتییەکاندا سەردانی کەنیسە دەکات، هەروەها بەشداری لەو خولانەدا دەکات کە کەنیسە ساڵانە لە پشووی هاویندا دەیکاتەوە وەك خولی(خوێندنی مەسیحی، زمان، چالاکی ڕۆشنبیری.)

**د) هەینی خەمباری:**

ئەم هەینییە خەمبارترین ڕۆژی مەسیحیەکانە کە بە( هەینی ئازارەکان ) ناسراوە، لەم ڕۆژەدا مەسیح ئازار دەدرێت و بە تۆمەتی ئەوەی کە خەڵك هاندەدات دژی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانەکان و پیاوانی ئاینی جوولەکە لەلایەن کاربەدەستانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانەکان لە ئۆرشەلیم لەخاچ دەدرێ، ئەم هەینییە دەکەوێتە(٣) ڕۆژ پێش جەژنی هەستانەوە(عید القیامة).[2]

لەم هەینییەدا کاتژمێر(٥:٣٠)ئێوارە لە کەنیسە نوێژ و تەراتیل و یادکردنەوەی ئەم ڕۆژە دەستپێدەکات، ئەم یاد کردنەوەیە(٢)کاتژمێر دەخایەنێت، ئافرەتان لەم یادەدا زۆرینەی بەشداربووان پێکدەهێنن، زۆربەی هەرەزۆری ئافرەتە بەشداربووەکان جلی ڕەش دەپۆشن، قەشە بەهاوکاری ڕاهیبەکان و گروپی جەوقە و شەماشە و قوتابییەکان نوێژ و دوعا و موناجات دەخوێنێت، لەم یادەدا قەشە وتارێك پێشکەش دەکات، کە باس لەخۆشەویستی مەسیح و خاچ دەکات، لەم یادکردنەوەیەدا پەیکەری زیوینی مەسیح بە خاچێکی تەختەدا لە هۆڵی نوێژکردنی کەنیسە هەڵدەواسن و کەنیسە بە وێنەی مەسیح دەڕازێننەوە، پاشان پەیکەری مەسیح لە خاچەکە دەکەنەوە و دەیخەنە دارەمەیتێکەوە و شەماشەکان بەشان هەڵی دەگرن و بەناو هۆڵی نوێژکردنی کەنیسەدا دەیگێڕن، خەڵکەکەش دەستی لێدەدەن و ماچی دەکەن، پاشان دارەمەیتەکە کە پەیکەری مەسیحی تێدا دانراوە لە ناوەڕاستی کەنیسەدا دایدەنێن و ئامادەبووان بەڕیز دەچن دەستی لێدەدەن و ماچی دەکەن و کەسێکیش لەتەنیشت دارەمەیتەکە دەوەستێت و گوڵ پێشکەش بەو کەسانە دەکات کە بۆ تەوافی مەسیح دێن [3]

---

[1] – تێبینی بەبەشداری خوێندکار لەمەراسیم و ئاهەنگی تەناولی کەنیسەی ماریوسف لەسلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ: توانا بەشیر داود، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٩ . ئامانج نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠. ئاڤان نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٩.

[2] – چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی ، ٢٠١٦/٤/٢٠.

[3] – تێبینی بەبەشداری توێژەر لە نوێژ و یادی هەینی خەمباری، کەنیسەی ماریوسف، سلێمانی، ٢٠١٧/٤/١٤.

## ١٠- تێگەیشتنی مەسیحییەکان بۆ بەهەشت و جەهەننەم:

مەسیحییەکان باوەڕیان وایە بەهەشت و جەهەننەم لەژیانی دونیادایە و ئەوەی کاری باشە دەکات ئاسوودە دەژی و ئەوەی کاری خراپە دەکات ئاسوودە نییە و لە ناخۆشیدا دەژی، دونیای دوای مردن تەواوکاری ئەم دونیایەیە، لە باوەڕی ئاینی مەسیحییەکاندا جەهەننەم شوێنێك نیە کە مرۆڤی بێ باوەڕی تێدا بسوتێنرێت و شوێنێك نیە بۆ ئاگر و سوتان، بەڵکو جەهەننەم ئەوەیە کە لەڕۆژی حسابدا(دەینوونە)کەسی جەهەننەمی خوا نابینێت و ڕۆحەکەی دەچێتە شوێنێکی ناخۆش، بەڵام کەسی بەهەشتی ئەوەیە کە خوا دەبینێت و ڕۆحەکەی دەچێتە شوێنێکی خۆش، واتە لە ئاینی مەسیحیدا زیندووبوونەوەی جەستەیی نییە، تەنها ڕۆحیانەت دەچێتە بەهەشت یان جەهەننەم، هەروەها لەباوەڕی مەسیحییەکاندا عەزابی قەبر نییە.[١]

## ١١- پابەندبوونی ئاینی:

زۆربەی هەرە زۆری مەسیحییەکانی سلێمانی باوەڕیان بە ئاینی مەسیحی هەیە و شانازی پێوەدەکەن، باوەڕداری مەسیحی سلێمانی وەك باوەڕداری ئاینەکانی تر پابەند و نا پابەندیان هەیە و ڕادەی پابەندبونیان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لەڕەگەزێکەوە بۆ ڕەگەزێکی تر و لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر جیاوازە. بەشێوەیەکی گشتی لەناو مەسیحییەکانی سلێمانیدا ڕەگەزی مێ زیاتر لە ڕەگەزی نێر پابەندن بە سروت و ڕێنماییە ئاینیەکانەوە، هەروەها کەسانی بەساڵاچوو زیاتر لەگەنجەکان پابەندن بە ئاینی مەسیحییەوە[٢].

پابەندبوونی ئاینی لای مەسیحییەکانی سلێمانی بووەتە (نەریتێکی کۆمەڵایەتی) تەنانەت شیوعی و بێباوەڕەکانیشیان کە ڕێژەیان لە سلێمانیدا زۆر کەمە، سروتە ئاینییەکانی وەك: ( نوێژی جەژن، ژن مارەکردن لە کەنیسە، مناڵ ناونان و لە ئاوهەڵکێشان لە کەنیسە، سروتەکانی پرسە)یان جێبەجێکردووە.[٣]

زۆرینەی مەسیحییەکانی سلێمانی لە جەژنەکان و یادکردنەوە ئاینییەکاندا نوێژ دەکەن، لە کاتی بە ڕۆژووبووندا بەرۆژو دەبن و لە جەژنەکان و یادکردنەوە و بۆنە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکاندا سەردانی کەنیسە دەکەن، ژمارەیەکی کەمی مەسیحییەکانی سلێمانی لە ڕۆژانی یەك شەممەدا سەردانی کەنیسە دەکەن و لەو ژمارەیەش زۆرینەیان ئافرەتی پێگەیشتوو و بەساڵاچوون. هەروەها لە ( هاوسەرگیریی و جەژنەکان و تەعمیدکردن و بەشدارییپێکردنی منداڵەکانیان لە خولی تەناولدا ) سەرجەم مەسیحییەکانی سلێمانی بە ڕێنماییەکانی ئاینی مەسیحییەوە پابەندن.[٤]

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕیڤین نوفل بابایوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١١.

[٢]- تێبینی ڕاستەوخۆی توێژەر ، چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی ، ٢٠١٦/٤/٢٠.

[٣]- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەیان عیسى یوسف، سلێمانی،٢٠١٧/١/٣١، سلێمانی.

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: ڕیڤین نوفل بابایوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٠. سوعاد یوسف یعقوب حداد، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٥. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ . الیزابێت داود یوسف، سلێمانی ٢٠١٦/٨/٢٦. سمیره حنا عازر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٧. ئامانج نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠. بەیان عیسى یوسف، سلێمانی،٢٠١٧/١/٣١، سلێمانی.

## ١٢- لەئاوهەڵکێشان ( التعميد ):

مەسیح لەسەر دەستی پیاو چاکی سەردەمی جولەکە "ماریۆحەنای ئاوهەڵکێش"یوحنا المعمدان" لە ڕوباری ئوردن لەئاوهەڵکێشراوە، بەپێی ئەم سرووتە لە کاتی لەئاوهەڵکێشانی مەسیح لەڕووباری ئوردن ڕۆحی پیرۆزی خودا، لە شێوەی کۆترێك لە سەری نیشتووەتەوە و ( دەنگێك لەئاسمانەوە بەرزبۆتەوە و وتوویەتی: تۆی ڕۆڵەی خۆشەویستم، ئەوەی پێی دڵشادم.)[١]
مەسیح لە دواڕاسپارەدەکانیدا بۆ نێردراوانی، داوایان لێدەکات کە مەسیحییەکان لەئاوهەڵکێشن و پێیان دەڵێت: (بڕۆن هەموو نەتەوەکان بکەن بەقوتابی، بەناوی باوك و کوڕ و رۆحی پیرۆز لەئاویان هەڵبکێشن، فێریان بکەن هەموو ئەوەی فەرمانم پێ کردوون بیپارێزن، ئەوەتا هەموو ڕۆژێك لەگەڵتانم تا کۆتایی ڕۆژگار.)[٢]

سەرجەم مەسیحییەکانی سلێمانی لە ڕابردوو ئێستاشدا پابەندن بەم سرووتە ئاینییەوە و منداڵەکانی خۆیان لەماوەی تەمەنی ( ٨ تا٤٠ ) ڕۆژی دەبەن بۆ کەنیسە و لەوێ قەشە منداڵەکە لە ئاو هەڵدەکێشێت، بەمەش ئەو منداڵە دەبێتە خاوەنی (شهادة العماذ)هەر ئەو ڕۆژەش لە کەنیسە قەشە ناوی دەنێت، هەندێك خێزان ئاهەنگێکی بچوکی لە ماڵەوە، یان لە هۆڵێکدا بۆ ساز دەکەن.[٣]
تۆمارێکی دەست نووس لە کەنیسەی (ماریوسف)لە سلێمانیدا هەیە، کە لە ساڵی(١٩٠١)وە ناوی ئەو منداڵانەی تێدا نوسراوە، کە لە کەنیسەی(مريم العذراء) و کەنیسەی(ماریوسف)دا، لە ئاو هەڵکێشراون، یەکەم منداڵ بەناوی(نعومی رزوقی علکة) لە بەرواری(١٩٠١/٣/١٩)دا لە ئاو هەڵکێشراوە، کۆتا منداڵیش تا بەرواری (٢٠١٧/١٠/١٣)بە ژمارە(١٣٤٤) بەناوی( ئەلن دیلان لطيف بۆلس)لە ئاوهەڵکێشراوە، واتە لە ساڵی(١٩٠١) تا (٢٠١٧/١٠/١٣)، (١٣٤٤)منداڵ لە سلێمانیدا لە ئاو هەڵکێشراوە[٤].

## ١٣- سوێند:

مەسیحییەکانی سلێمانی بە (خوا، مريم العذراء ،قەبری باوك، سەری باوك، خاچ) سوێند دەخۆن.[٥] بە شێوەیەکی گشتی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا سوێند ناخۆن. وەك نەریت و ڕێنمایی ئاینی حەز بە سوێندخواردن ناکەن، چونکە دەڵێن: ئەگەر مرۆڤ ڕاست بکات پێویست بە سوێند خواردن ناکات، ئەگەر ڕاستیش نەکات، سوێند نەخواردن بە درۆ، یەکێکە لە ئامۆژگارییەکانی (حەزرەتی موسا و حەزرەتی مەسیح)، لەژیانی ڕۆژانەدا، زیاتر دەڵێن: باوەڕبکە.

---

١- مەرقۆس ١/٩-١١

٢- مەتتا١٩/٢٨-٢٠

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ: نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ . سناء ناصر قدوري، سليَماني، ٢٠١٧/٨/١٣ . پەروین ئێلیا حنا، سلێمانی، ١٩/ ٢٠١٧/٦.. لطيف پۆلس اسطيفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١.

٤- تۆماری دەستنووسی تایبەت بە لە ئاوهەڵکێشانی منداڵ، لە کەنیسەی (ماریوسف)، لە سلێمانی، ٢٠١٧/١٠/١٣. تێبینی بە بەشداری ڕاستەوخۆی خوێندکار لە مەراسیمی لە ئاوهەڵکێشانی(ئەلن دیلان لطيف)، کەنیسەی ماریوسف، سلێمانی، ٢٠١٧/١٠/١٣.

٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ: نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، لەدایکبووی ١٩٥٤، پیشە: خانەنشین، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥.

## ١٤- مەرج و بنەماکانی بوون بە قەشە: [١]

دەبێت کەسەکە مەسیحی بێت، حەز و خولیای لەکاری قەشەیی هەبێت، دەبێت قۆناغی (سمینێر)* و (کۆلێژی بابل بۆ فەلسەفە و لاهووت) **ی خوێندبێت. یان ئەوانەی (راهیبی دێر)ن*** و زۆر زیرەکن دەبن بە قەشە.

## ١٥- گوناه و تاوان :

لە ئاینی مەسیحیدا (خیانەتی هاوسەرگیری، کوشتن، دزی) گوناه و تاوانی گەورەن، هەروەها (درۆکردن، جوێندان، ڕێزنەگرتنی دایك و باوك، توندوتیژی بەرامبەر منداڵ، ئیرەیی، حەسادەت، ڕق، سوێندخواردنی درۆ، )لە کەلتووری کۆمەڵایەتی مەسیحییەکاندا گوناهە.[٢]

## ١٦- خەتەنەکردن:

خەتەنەکردن وەك نەریت لە ناو ئاینەکانی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا(جولەکە و مەسیحی و ئیسلام) پەیڕە و دەکرێت، ئاینی مەسیحی خەتەنەکردنی کوڕی واجب نەکردووە و هیچ دەقێکیشی نییە بۆ خەتەنەکردنی کچ، مەسیحییەکانی سلێمانی لە ڕابردوو ئێستادا منداڵی کچیان خەتەنە نەکردووە و لە ڕابردوودا کوڕیشیان خەتەنە نەکردووە، بەڵام لە ئێستادا سەرجەم مەسیحییەکانی سلێمانی منداڵی کوڕ خەتەنە دەکەن، لەبەر ئەوەی بەهۆکاری تەندروستی دەزانن.[٣]

بەپێی گێڕانەوەی ئینجیل لە سەر شەریعەتی موسا لە تەمەنی (٨)ڕۆژیدا مەسیح خەتەنە کراوە[٤]، بەڵام تێگەیشتنی خەتەنەکردن لە ئاینی مەسیحیدا بریتییە لە بڕینی مرۆڤ لە گوناهەکانی، نەك بڕینی بەشێك لە جەستەی مرۆڤ وەك پابەندبونێك بە خودا، لە ئاینی مەسیحییدا هەوڵ دراوە ئەو هەوڵەی جولەکە پوچەڵبکرێتەوە کە ئەگەر خەتەنە نەکرابیت، واتا ئەندامێك نیت لە پادشایەتی خودا، لەم ئاینەدا

---

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی ، ٢٠١٦/٤/٢٠.

*- سمینێر: وشەیەکی فەڕەنسییە واتە باخچەی گوڵ،دامەزراوەیەکە و ئەو قوتابیانەی کە دەیانەوێت ببن بەقەشە تێیدا دەخوێنن و دەمێننەوە. قوتابی سمینێر واتە ئەو قوتابیانەی کە لە دوانزەی ئامادەیی دەرچوون و چوونەتە( کۆلێژی فەلسەفە و لاهوت) بۆ ماوەی(٦)ساڵ لە(معهد الکهنوتی لسمینیر)شەو و ڕۆژ تێیدا دەمێننەوە لە عەنکاوەیە و خوێندن لەم پەیمانگایەدا(٦)ساڵە، ئەو کەسەی ئەم پەیمانگایە تەواو دەکات ئەگەر خۆی ویستی دەبێت بەقەشە. چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی ، ٢٠١٧/٨/٢٠.

**- کۆلێژی بابل بۆ فەلسەفە و لاهووت: ساڵی خوێندن(٦)ساڵە و لە عەنکاوەیە و تایبەتە بە خوێندنی ئاینی مەسیحی بۆ پێگەیاندنی قەشە و شەماشە و مەتران.

***- ڕاهیبی دێر یان ڕەبەنی دێر: ئەو کوڕانەن کە لە دێرەکاندا دەژین و خۆیان بۆ خزمەتکردنی ئاینی مەسیح تەرخانکردووە و هاوسەرگیری ناکەن.

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ الیزابێت داود یوسف، سلێمانی ٢٠١٦/٨/٢٦. نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥.

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ . عبدالاحد یوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ ..

٤- لۆقا( ٢ : ٢١-٢٤ )

خەتەنەکردن بەبڕین و میکانیزمێکی فیزیکی نییە، بەڵکو ڕەهەندێکی ڕۆحی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێت: ( خەتەنەکردن سوودی نییە، بەڵکو ئیمان بهێنن بە مەسیح)[1]

## سێیەم: توخمەکانی کەلتووری کۆمەڵایەتی:

### ١- بنەماکانی هاوسەرگیری (Marriage):

هاوسەرگیری پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بایۆلۆجی نێوان ژن و پیاوە، کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسەندکراوە و ڕەزامەندی لەسەر دراوە، بە پڕاکتیزەبوونی ئەم پەیوەندییە لە ئەنجامدا خەسڵەتی ( ژن و مێردایەتی) یان بەسەردا دەچەسپێت، بەمەبەستی دەربڕینی سیفەتی قبووڵکردنی کۆمەڵایەتی و ئاینی، ئاهەنگ و دابونەریتی ئاشکرای تایبەت بەخۆی بۆ ئەنجام دەدرێت، بە دروستبوونی ئەم پەیوەندییە خێزانێك دروست دەبێت و منداڵیان دەبێت، منداڵەکانیان دەبێتە نەوەیەکی شەرعی بۆ ژن و مێردەکە، یاسا و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی پەیوەندی و خزمایەتی نێوانیانی ڕێکخستووە[2].

لە پێناسەیەکی تردا هاوسەرگیری، بریتییە لە کۆمەڵێك جۆری کەلتووری بۆ بڕیاردانی باوکایەتی و دایکایەتی و تێرکردنی پێداویستی سێکسی و دابینکردنی بنەمایەکی جێگیر و ئارام بۆ بایەخدان بە منداڵ و پەروەردەکردنیان و هۆکارێکی کەلتووری بنەڕەتییە بۆ دڵنیایی بەردەوام بوونی خێزان و خزمایەتی[3].

هەروەها هاوسەرگیری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و پەیوەندییەکی ڕێکخراوی نێوان ژن و پیاوە و تا ڕادەیەك هەمیشەییە، بەئامانجی دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتی و دەروونی و بایۆلۆجییەکان، لەڕێگەی هاوسەرگیرییەوە خێزان پێکدێت و ژن و پیاو ئەرك و ماف و بەرپرسیارێتی نوێ لەژیانی هاوسەرگیریدا وەردەگرن[4].

هاوسەرگیری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و بریتییە لە پەیوەندیی و گرێبەست و بەیەکەوە ژیانی ژن و پیاوێك، کە بەڕەزامەندی کۆمەڵگە پەیوەندی سێکسی لە نێوانیاندا هەیە و لە یەکەیەکی نیشتەجێبوونی دیاریکراودا بەیەکەوە دەژین، بە پێی قۆناغەکانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی گۆڕان لە سیستەم و جۆر و شێواز و نەریتەکانیدا ڕوویداوە، لە کۆمەڵگەیەکیشەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر شێواز و پێکهاتەکەی جیاوازە[5]، هاوسەرگیری پەیوەندییەکی ڕێگەپێدراوی نێوان ژن و پیاوە، کە لە چوارچێوەیدا شەرعییەت دەدرێت بەو منداڵانەی کە لە ژنەکە دەبێت[6].

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی،

[2]- شاكر مصطفى سليم، قاموس الأنثروبولوجيا، المصدر السابق، ص٦٠١. لوسي مير، مقدمة في الانثروبولوجيا الاجتماعية، ترجمة: شاكر مصطفى سليم، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ص ٣٨٦.

[3]- محمد الجوهری، علياء الشكری، مقدمة فی دراسة الأنثروبولوجيا، القاهرة، ٢٠٠٧، ص٨٥.

[4]- سناء الخولي، الاسرة فی العالم المتغير، الاسكندرية، دار المعرفة،١٩٨٩،ص١٩٦-١٩٧

[5]- محمد خطيب، الأثنولوجيا، الطبعة الثانية، دار علاءالدين، دمشق، ٢٠٠٩، ص١٧٢-١٧٣

[6]- فيليب لابورت- تولرا، جان. بيار فارنييه، اثنولوجيا و انتروبولوجيا، ترجمة: مصباح الصمد، الطبعة الأولى، المؤسسة المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر، بيروت،٢٠٠٤، ص٦٦.

**هەروەها هاوسەرگیری پەیوەندییەکی سێکسییە کە لە نێوان دوو ڕەگەزی جیاوازی مرۆڤی پێگەیشتوودا ڕوودەدات و لەلایەن کۆمەڵگەوە شەرعییەتی پێدەدرێت، یاسا و سروت و ڕێسای تایبەتی خۆیی هەیە و لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی تر جیاوازە[١].**

**مەسیحییەکانی سلێمانی بەپێی ڕێنماییەکانی ئاینی مەسیحی و دابونەریتی تایبەتی خۆیان بنەماکانی هاوسەرگیری دیاری دەکەن. کە چوار بنەمای سەرەکییە و بریتین لە :[٢]**

**١- لایەنی ئاینی:**

**بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی کەنیسە لە سلێمانیدا، کەسێکی مەسیحی نابێت هاوسەرێك هەڵبژێرێت کە مەسیحی نەبێت، لە ئێستا و ڕابردوودا مەرجی سەرەکی کەنیسە و دایك و باوك بۆ هاوسەرگیری کوڕ و کچ، ئەوەیە کە دەبێت لەگەڵ کەسێکی مەسیحیدا هاوسەرگیری بکەن.**

**٢- ڕەزامەندی و خۆشەویستی و گونجان:**

**هەردوو ڕەگەزی نێر ومێ بۆ بەجیهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری دەبێت بەیەك ڕازیبن، بەبێ زۆرلێکردنی کەسوکار، لەناو مەسیحییەکاندا ئەو دیاردەیە زۆر باوە کە کوڕ ژن بۆ خۆی دێنێت، نەك بۆ کەسوکار، هەروەها کچ بۆ خۆی شودەکات، نەك بۆ کەس و کار.**

**٣- ڕەزامەندی دایك و باوك:**

**لەڕابردوودا لەناو مەسیحییەکانی سلێمانیدا دایك و باوك بڕیاری یەکلایکەرەوەیان داوە دەربارەی هاوسەرگیری کوڕ و کچەکانیان، بەڵام لەئێستادا کوڕ و کچ ئازادن لەهەڵبژاردنی هاوسەر، بەمەرجێك ئەو کەسەی هەڵیدەبژێرن مەسیحی بێت.**

**٤- تەمەن:**

**بەپێی یاسا و ڕێنمایی کڵێسای کلدان کاسۆلیکی لە سلێمانی، تەمەنی( ١٨ )ساڵی بۆ ڕەگەزی نێر و مێ، بە تەمەنی ڕێگەپێدراو بۆ هاوسەرگیری دیاریکراوە و ئەبێت کچ و کوڕ بۆ هاوسەرگیری تەمەنیان لە ( ١٨ ) ساڵ کەمتر نەبێت، هەرچەندە لەڕابردوودا لەناو شاری سلێمانیدا ژمارەیەك کچی مەسیحی لەتەمەنی( ١٤ – ١٦) ساڵیی و زیاتر هاوسەرگیریان کردووە، بەهۆی ئەمەشەوە وازیان لەخوێندن هێناوە. بەڵام لەئێستادا وەك واقعێکی کۆمەڵایەتی، کچ بەزۆری لە تەمەنی(٢٠-٢٥)ساڵی هاوسەرگیری دەکات، کوڕیش لەتەمەنی(٢٥-٣٠)ساڵی هاوسەرگیری دەکات، بەپێی ئەزموونی کۆمەڵایەتییان بەلایانەوە باشترە تەمەنی کوڕ چەند ساڵێکی کەم لەتەمەنی کچ زیاتر بێت.**

---

**[١]- دینکن میشیل، معجم علم الاجتماع، ترجمة: احسان محمد الحسن، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠، ص ١٩٥.**

**[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. ڕێڤین نوفل بابایوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٠. سوعاد یوسف یعقوب حداد، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٥. عبدالاحد یوحنا توما، سلیَمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ . الیزابێت داود، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٦. توانا بەشیر داود، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٩ . ئامانج نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠. جولێت فایەق عزیز شینە، سلێمانی،٢٠١٦/١١/١٠. بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. نیان یعقوب گورگیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١٢. ئەدمۆن أنوەر نیسان، لە دایکبووی١٩٧٣، پیشە: بازرگان، سلێمانی، ٢٠١٧/٤/٢٩.**

هەروەها لە ئاینی مەسیحیدا شوکردن و ژن هێنان گرنگی پێدەدرێت و هانی کوڕان و کچان بۆ هاوسەرگیری دەدرێت، لەهەمان کاتدا سەبارەت بە شاری سلێمانی، قەیرە کچی مەسیحی(ئافرەتی شونەکردوو)ی زۆر تێدایە، هۆکارەکانیشی بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە:[1]

**أ) خوێندەواری:**

ئارەزومەندی و ڕێگەدان بە خوێندنی کچانی مەسیحی سلێمانی و تەواوکردنی کۆلێژ و پەیمانگا، وایکردووە کچان لە پرۆسەی هاوسەرگیری دوابکەوون، هەروەها لەبەرئەوەی ڕازی نەبوون هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێکدا بکەن لە ئاستی خوێندنەکەی ئەودا نەبێت، ئاستی خوێندەواری کچانی مەسیحی کاریگەری نەرێنی لەسەر شوکردنیان بەجێهێشتووە.

**ب) توانای خۆبەڕێوەبردن:**

خوێندەواریی و دامەزراندنی کچان لەفەرمانگەکان و بەدەستهێنانی بژێوی ئابوری، بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی پاڵنەری هاوسەرگیری لای کچانی مەسیحی.

**ج) کۆچ:**

کۆچی ژمارەیەکی زۆری کوڕانی مەسیحی سلێمانی بۆ هەندەران لەچەند قۆناغێکی جیاوازدا، وایکردووە لەناو مەسیحییەکانی شاری سلێمانیدا ژمارەی ڕەگەزی مێ لە ڕەگەزی نێر زیاتر بێت.

**د) ئازادی:**

لە ئاینی مەسیحیدا فشار لە کوڕ و کچ ناکرێت بۆ هاوسەرگیری، بەهۆی ئەمەشەوە خێزانەکان نەیانتوانیوە بەزۆر کچەکانیان بەشوبدەن.

**هـ) دەست تێوەردانی دایك و باوك:**

لە ڕابردوودا دایك و باوکی مەسیحی، تاڕادەیەك نەیانهێشتووە کچەکەیان، یان کوڕەکەیان، هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکدا بکەن، کە بەدڵیان نەبووبێت.

## ٢- قۆناغ و داب و نەریتەکانی هاوسەرگیری مەسیحییەکانی سلێمانی:

داب فەرهەنگ و فۆلکلۆرە و نەریت هەڵسوکەوت و ڕەفتاری خەڵکە، دابونەریت توخمێکی سەرەکی کەلتوورە و بەشێکن لە ژیانی کۆمەڵایەتی، لە کۆمەڵگەدا شێوەی نیمچە یاسایەکی نافەرمی وەرگرتووە و لە ڕووناکبیری خەڵکدا کۆن و چەسپاوە و زۆر دەمێننەوە و درەنگ دەگۆڕێن، کۆمەڵێك بیروباوەڕ و بەهای کۆمەڵایەتی و باوەڕی ئاینی و ئەدەبی میللی و ئەفسانە و خورافیات و زانیاری گشتییە، لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەستییان پێدەکەین و دەیانبینین، دابونەریتی کۆمەڵایەتی مەرج نییە شتێکی لۆژیکی و بەهای عەقڵانی هەبێت، بەڵکو تەنها زانراوێکی وەرگیراوە، ئەگەر کۆمەڵگە بچووك و داخراوبێت ئەوا دابونەریت زۆر باڵادەست ئەبێت بۆ ئاڕاستەکردن و بڕیاردان لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، هەروەها دابونەریت لایەنەکانی بیروباوەڕ و ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەگرێتەوە، لە پێشینانەوە ماوەتەوە و ئاسان و بەردەستە و ئاڕاستەی ڕەفتارەکانی خەڵك دەکات، بەسەر مرۆڤدا زاڵە و

[1]- الیزابێت داود یوسف، لەدایکبووی ١٩٥٥، پیشە، مامۆستا، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٦.

مرۆڤ ناتوانێت بەئاسانی خۆی لێیان ڕزگار بکات، پەیڕەوی نەکردنیان بەلادان و کەمتەرخەمی دادەنرێت، بار و سیستەمی ئابووری و سیاسی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و جۆر و ئاستی زانیاری، کار لە پێکهێنانی نەریتەکانی کۆمەڵ دەکەن[١].

هەروەها دابی کۆمەڵایەتی دیاردە و شێوازێکی کۆمەڵایەتییە، لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دروست دەبێت و لە کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تاکەکان و کۆمەڵەکانی کۆمەڵگە پڕاکتیزە دەکرێت، داب (Custom) هەموو ڕەفتارێکی دووبارەبووەوەی کۆمەڵایەتییە، نەریتیش هەموو دابێکی پەسەندکراوە و گشتگیرە کە لە یاساوە نزیکە، یان سیمایەکی یاسایی هەیە و نەنوسراوەتەوە، لادان لێی تاوانە و سزای کۆمەڵایەتی لەسەرە[٢].

ئیدوارساپیر دەڵێت: دابی کۆمەڵایەتی زاراوەیەکە بەکاردەهێنرێت بۆ گوزارشتکردن لە کۆی جۆرەکانی ڕەفتار، کە گرووپێك ئەنجامی دەدەن و بەشێوەی لاسایکردنەوە بەرجەستەی دەکات[٣].

دابونەریت بەشێکی سەرەکی کەلتووری مرۆڤایەتییە و هەموو کۆمەڵگە و نەتەوە و ئاینێك خاوەنی دابونەریتی تایبەت بەخۆیەتی، کە ڕەفتاری تاکەکان ئاڕاستە دەکات و چۆنیەتی هەڵسوکەوت و سازکردنی مەراسیمە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان فێری تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات، ڕۆڵی سەرەکیش دەبینێت لە ڕێکخستن و ئارامی کۆمەڵگەدا، لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا ئاین دابونەریت دروست دەکات، لەکۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیشدا پەروەردە دابونەریتەکان دروست دەکات و تاکەکانی کۆمەڵگەی لەسەر ڕادەهێنێت.

دابونەریت بەشێکی گرنگی کەلتوورە و کۆمەڵێك ڕەفتاری کۆمەڵایەتییە، کە مرۆڤەکان فێری بوون و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ئەنجامی دەدەن و دووبارەی دەکەنەوە و بەشێکە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێتەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەبێت و جێگر دەبێت و لە لایەن کۆمەڵگەوە پەسەند دەکرێت[٤]، داب و نەریت هۆکارێکە بۆ ڕێکخستن و مانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری خەڵك ئاڕاستە دەکات و فێریان دەکات، کە چۆن هەڵسوکەوت و ڕەفتار لە هەلومەرجە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا بکەن، هەروەها کاریگەری لەسەر لایەن و چالاکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی هەیە[٥].

بەشێوەیەکی گشتی دابونەریت شێوازی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە، ئاماژەیە بۆ جۆری بیرکردنەوە و ڕەفتاری بەردەوام و جێگیر، کە تاك لە کۆمەڵگەدا نمایشی دەکات، کە شێوازی قسەکردن و بەکارهێنانی هێما و ئاماژەکان و ڕەفتارو هەڵسوکەوتە بەردەوامەکانی ژیانی ڕۆژانە و سرووتەکان دەگرێتەوە و لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی تر جیاوازە.

---

١- حوسێنی خەلیقی، کۆمەڵناسی کوردەواری، بەرگی دووەم، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، ١٩٩٢،ل ٣٠-٣١.

٢- فوزیَە دیاب،القیم والعادات الاجتماعیة،دار النهضة العربیة،الطبعة الثانیة،بیروت،١٩٨٠،ص٣٦، ١٠٤- ١٠٥

٣- المصدر نفسه، ص ١١٩-١٣٣.

٤- أحمد زكي بدوي، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعیة، مكتبة لبنان، بیروت، ١٩٨٢، ص ٩٤.

٥- باسم عبدالحمید حموودی، عادات و تقالید الحیاة الشعبیة العراقیة، الطبعة الأولى، دار الشؤون الثقافیة، بغداد-العراق، ١٩٨٦،ص ٦.

داب و نەریتی هاوسەرگیری و خێزان، بە پێی ئەو دابونەریتانە بەڕێوەدەچێت، کە سیستەمی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی (بونیادی کۆمەڵایەتیدا)* ڕێکیخستووە.

هەر کەلتوور و وردە کەلتوورێك، خاوەنی چەند دابونەریتێکە، لێرەدا داب و نەریتی پرۆسەی هاوسەرگیری مەسیحییەکانی سلێمانی بە چەند خاڵێك ڕووندەکەینەوە:- [1]

**بە گشتی قۆناغەکانی هاوسەرگیری لای مەسیحییەکانی سلێمانی بەم هەنگاوانە بەڕێوە دەچێت:-**

**أ) ناسین:**

کوڕ و کچی مەسیحی لە سلێمانیدا زۆربەیان یەکتری دەناسن، چونکە زۆربەی ماڵە مەسیحییەکانی سلێمانی یەکتری دەناسن و بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە پەیوەندی خزمایەتی لە نێوانیاندا دروست بووە. هەروەها لە جەژنەکان و لە گروپی موزیکی کەنیسە و لە ئاهەنگی بووك گواستنەوەدا یەکتری دەبینن، ئەم یەکتر بینین و یەکتر ناسینە سەرەتایەك بووە بۆ پەیوەندی خۆشەویستی یان بۆ پەسەندکردنی یەکتری بۆ داواکردنی هاوسەرگیری.

**ب) پەیوەندی خۆشەویستی:**

پەیوەندی خۆشەویستی قۆناغێکی سەرەکییە لە قۆناغەکانی هاوسەرگیری کوڕ و کچی مەسیحییەکانی سلێمانی، لای مەسیحییەکانی سلێمانی کوڕ و کچ وەك یەك ئازادن کە خۆشەویستی بکەن، بەمەرجێك ئەو کەسەی خۆشیاندەوێت مەسیحی بێت و خۆشەویستییەکە بۆ هاوسەرگیری بێت و لە سنووری ئاین و دابونەریتی کۆمەڵایەتیدا بێت.

زۆربەی جار کوڕ و کچی مەسیحییەکانی سلێمانی خۆشەویستی لەنێوانیاندا دروست بووە، یان ڕەزامەندی یەکتریان بەدەست هێناوە بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتریدا، دواتر کوڕەکە خێزانەکەی ئاگادار کردووەتەوە بۆ ئەوەی بچن بۆ داوای ئەو کچەی کە خۆی دەیەوێت.

**ج) داواکردنی ژن- خوازبێنی(الخطوبة) :**

ئەم پرۆسەیە دوای ئەوە دەستپێدەکات کە کوڕو کچ یەکتری دەناسن یان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، یان کوڕەکە کچەکەی بینیوە و داوا لە دایك و باوکی دەکات کە ئەو کچەی بۆ داوا بکەن. داواکردنی ژن داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتییە لای مەسیحییەکانی شاری سلێمانی، سەرەتا (دایك و خوشکی) کوڕەکە سەردانی ماڵی کچەکە دەکەن بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی کچەکە و دایك و باوکی، سەبارەت بە هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕەکەیاندا، بەزمانی سریانی بەمەش دەوترێت:(مەشمێتە)واتە قسەوەرگرتن، دوای چەند ڕۆژێك

---

* - بونیادی کۆمەڵایەتی: پێکدێت لە کۆی ئەو پەیوەندییە ڕێکخرا و بەردەوامانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و بەیەکەوە دەبەستێتەوە و هەروەها پێکدێت لەو پەیوەندییانەی نێوان گروپ و سیستەم و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بە مەبەستی ڕێکخستن و جێگیری و مانەوە و بەردەوامی و گۆڕان و نوێبوونەوەی کۆمەڵگە. عاطف وصفي، الانثروبولوجيا الاجتماعية، الطبعة الثالثة، دار النهضة العربية،بيروت، ١٩٨١، ص٨٢.

هەروەها بونیادی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پەیوەندی کارلێکی ڕێکخراو، لە نێوان سیستەمە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا. کە پێوەر و بەها و دابونەریت و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە. جون سكوت وجوردون مارشال، موسوعة علم الاجتماع، ترجمة محمد الجوهري واخرون، المجلد الأول، المصدر السابق، ص ٢٨٣.

[1] - بەیان گورگیس ئەودیشۆ، لەدایکبووی ١٩٦١، پیشە: توێژەری کۆمەلایەتی، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. سناء ناصر قدوري، سلێمانی،٢٠١٧/٨/١٣ .پەروین ئێلیا حنا، سلێمانی، ١٩/ ٦/ ٢٠١٧

ئەگەر کچەکە و کەس و کاری ڕازی بوون و وەڵامی ئەرێنیان دایەوە، سەردانی دووەم دەکرێت، کە کوڕەکە و باوك و دایك و خوشك و براکانی کوڕەکە سەردانی ماڵی کچەکە دەکەنەوە و کچەکە داوا دەکەن، زۆربەی کات ماڵی کوڕ لەداواکردنی کچەکە دەڵێن: ئێمە هاتووین گوڵێك لەباخچەی ماڵەکەی ئێوە هەڵکەنین و لەباخی ماڵەکەی خۆماندا جێی بکەینەوە یان(گوڵێکی جوان لەباخچەی ماڵەکەتاندایە ئەمانەوێت بیبەین بۆ باخچەی خۆمان)، یان دەڵێن: هاتوین بۆ داوای(کچەکەتان، خوشکەکەتان) بۆ کوڕەکەمان ئەگەر مەناعەتتان نییە، لەوکاتەدا باوکی کچە، یان گەورەی ماڵ لە کچەکەی دەپرسێت ئایا ڕازیت بەم شووکردنە؟ ئەگەر بەڵێ بوو، ئەوا هەموویان هەڵدەستن و یەکتری ماچ دەکەن، کچەکە و دایك و باوکی کچەکە هەر داواکارییەکیان هەبێت لە ئاڵتوون و یان هەر شتێکی تر لەم سەردانەدا بەکوڕەکە و کەس و کاری کوڕەکە دەڵێن.[1]

وەك نەریت ماڵی کوڕ، کەدێنە ماڵی کچ هیچ شتێك ناخۆن لەو شتانەی کەبۆ میوان دادەنرێت هەتا ماڵی کچە ڕازی نەبن بەوەی کچەکەیان بدەن بەکوڕەکە. لە هەفتەی کۆتایی قۆناغی ختووبەدا ئەو کوڕ و کچەی کە بڕیاریان داوە بەیەکەوە هاوسەرگیری بکەن، بۆ ماوەی هەفتەیەك دەچنە کەنیسە بۆ وانە وەرگرتن و ڕاهێنان لەسەر شێوازی هاوسەرگیری لە ئاینی مەسیحیدا کەپێی دەوترێت(دەورەی مۆخطوبین)، بەشێکی ئەوڕاهێنانە خۆی لە ئامۆژگارییەکانی کەنیسە و مەسیح دەبینێتەوە بۆ دوو مرۆڤ، کەبەنیازن ژیانی هاوسەرگیری پێکەوە بنێن، لەم خولەدا لەلایەن قەشەوە وانە بەکوڕ و کچەکە دەوترێتەوە و بۆیان باسدەکرێت کە لە هاوسەرگیری مەسیحیدا تەڵاقدان نیە و هۆشیار دەکرێنەوە دەربارەی(بنەماکانی هاوسەرگیری سەرکەوتوو، چۆنیەتی هەڵس و کەوت و پەیوەندی ژن و مێردایەتی، تایبەتمەندییەکانی هاوسەرگیری مەسیحی، گرنگی هاوسەرگیری، چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە)لەڕێگەی ئەم وانانەوە کوڕ و کچەکە ئامادە دەکرێن بۆ ژیانی هاوسەرگیری مەسیحی.[2]

ئەگەر ماوەی ختووبە(ماوەی دەزگیرانی)* سەرکەوتووبوو ئەوا کوڕو کچەکە بڕیاری نیشان دەدەن و ڕۆژێك دیاریدەکەن بۆ نیشانەکردنی کچەکە و ئاهەنگی نیشان، بەڵام ئەگەر لەقۆناغی ختووبەدا دەرکەوت کە کوڕو کچەکە بەیەکەوە ناگونجێن، ئەوا هاوسەرگیری ناکەن و ئەو ئاڵتوونانەی کەلەلایەن کوڕەکەوە بۆ کچەکە کڕاون دەگەڕێندرێتەوە بۆ کوڕەکە و ختووبەکە هەڵدەوەشێتەوە[3] .

ماوەیەکی دیاری کراو نییە باس لەوەبکات کە ماوەی ختووبە درێژ بێت یان کورت، بەگشتی لەرابردودا ماوەی دەزگیرانی(فترة الخطوبة)کورت بووە، سێ مانگ بۆ ساڵێکی خایاندووە، لە ئێستادا بەهۆی گۆڕانکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی، شەش مانگ بۆ دوو ساڵ دەخایەنێت، ئەمەش کاتێکی پێویستە

---

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. ڕێڤین نوفل بابایوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٠. بەیان گورگیس ئەودیشۆ، لەدایکبووی١٩٦١، پیشە: توێژەری کۆمەلایەتی، سلێمانی،٢٠١٦/١١/١١. الیزابێت داود، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٦. توانا بەشیر داود، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٩. ئامانج نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠.

[2] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: ئەدمۆن أنوەر نیسان، سلێمانی، ٢٠١٧/٤/٢٩. شوان جمیل عیسی، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٨.

* – ماوەی دەزگیرانی(فترة الخطوبة): لای مەسیحییەکان ماوەی نێوان ڕەزامەندی کوڕ و کچ و دایك و باوکی کوڕ و کچە، تا ڕۆژی مارەکردن و گواستنەوە(واتە کچ لەم قۆناغەدا مارە نەکراوە، بەماوەی پێش مارەکردن دەوترێت ماوەی داواکردن و دەزگیرانی).

[3] –چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەیان گورگیس ئەودیشۆ،لەدایکبووی ١٩٦١، پیشە:توێژەری کۆمەلایەتی،سلێمانی،

بۆئامادەکارییەکانی ژن هێنان و شوکردن و بۆ یەکتر ناسین و هەڵسەنگاندنی یەکتری تابزانن ئایا بەیەکەوە ئەگونجێن یان ناگونجێن؟ (تعاروف و اختبار و انسجام)، مەسیحییەکانی سلێمانی زۆر گرنگی بەدرێژکردنەوەی ماوەی ختووبە دەدەن و پشتگیری ماوە درێژی ختوبە دەکەن، چونکە بۆ ڕێگری لە فرەژنی و هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری و تەلاق ماوەی شەش مانگ بۆ دووساڵ بە گرنگ دەزانن بۆ قۆناغی ختوبە.[1]

## د) نیشان:

قۆناغێکی تری پێش هاوسەرگیری قۆناغی(نیشان)ە، لەم قۆناغەدا وەك هێمایەك بۆ نیشانەکردنی کچەکە، کوڕ یان دایك و باوکی کوڕەکە، ( موستیلەیەك ) یان زنجیر و خاچێکی ئاڵتوون بۆ کچەکە دەکەن، هەروەها مەسیحییەکانی سلێمانی ئاهەنگێکی بچووکی(١٥ بۆ ٢٠)خێزانی بۆ ختووبە ساز دەکەن، لەماڵەوە بێت یان لەهۆڵ، پێی دەوترێت: (ئاهەنگی نیشان) لەو ڕۆژەدا سەرەتا قەشە دەچێت بۆ ماڵی کچەکە یان بۆ هۆڵ و نوێژێك لەسەر ئەڵقەی کوڕ و کچەکە دەکات و کوڕ و کچەکە ئەڵقەی هاوسەرگیری دەکەنە دەستی ڕاستی یەکتری، پاشان قەشە مەراسیمەکە جێدەهێڵێت، لەو ئاهەنگەدا خزمە نزیکەکانی وەك(خوشك و برا، مام، خاڵ، پور، ئامۆزا، خاڵۆزا، پورزا، دراوسێ و هاوڕێی زۆر نزیك)ی کوڕ و کچەکە بانگ دەکەن و هەر ماڵەی شەکراوێکی پێ دەدرێت، سەرجەم خەرجییەکانی ئەم ئاهەنگە و کڕینی شەکراو لەسەر بوك و ماڵی بوکێیە. ئەگەر کوڕ و کچەکە لە قۆناغی نیشانەدا گونجان و بەیەکەوە ئاسودەبوون بڕیاری کۆتاییاندا کە هاوسەرگیری بەیەکەوە بکەن، ئەوا بڕیاری مارەکردن دەدەن و ڕۆژێك دیاری دەکەن بۆ مارەکردن و گواستنەوە، بەڵام ئەگەر لەم قۆناغەدا کوڕ و کچەکە نەگونجان ئەوا دەتوانن جیاببنەوە و مارەکردن ڕوونادات، لەم قۆناغەدا ئەگەر کوڕ لە هاوسەرگیری پەشیمان بێتەوە، ئەوا ئەو ئاڵتوونانەی کە بۆ کچەکەی کردووە، بۆ کچەکە دەبێت، بەڵام ئەگەر کچ پەشیمان بێتەوە، ئەبێت ئەو ئاڵتوونانەی بۆی کراوە و ئەو پارەیەی کوڕەکە خەرجی کردووە بۆ کوڕەکەی بگەڕێنێتەوە [2].

## هـ) مارەکردن :

مەسیحییەکانی سلێمانی بە چەمکی(مارەکردن)دەڵێن:(بوراخ)، پرۆسەی مارەکردن لە ناو مەسیحییەکانی سلێمانیدا چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە ئەمانەن:-

١- مارەکردنی کچ و گوێزانەوەی بۆ ماڵی زاوا لەهەمان ڕۆژدا ڕوو دەدات، واتە هەمان ئەو ڕۆژەی بووك لە کەنیسە مارە دەکرێت، بووك دەگوازنەوە.

٢-دوای تەواو بوونی بووك لە ئارایشتگا، کچەکە و کوڕەکە و کەسوکاریان دەچن بۆ کەنیسە و مارەکردن لە کەنیسە لە لایەن قەشەوە ئەنجام دەدرێت.

٣- هیچ بڕە ئاڵتونێك یان پارەیەك ناکەنە مارەیی ( نەقەرز، نەحازر).

---

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. نیان یعقوب گورگیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١٢. نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥.

[2] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەیان گورگیس ئەودیشۆ، لەدایکبووی ١٩٦١، پیشە: توێژەری کۆمەلایەتی، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١ . ئەدمۆن أنوەر نیسان، سلێمانی، ٢٠١٧/٤/٢٩.

٤- هەموو مەسیحییەکی شاری سلێمانی لە کەنیسە پرۆسەی مارەکردنی هاوسەرگیری ئەنجام دەدات بەم شێوەیەی خوارەوە:[١]

**أ) هاوسەرگیری کەنیسە (الزواج الكنسي):**

پرۆسەی مارەکردن لە کەنیسە و لە کاتی(ئێوارە)دا کچ لە کوڕ لەلایەن قەشەوە مارە دەکرێت، کە پێی دەوترێت هاوسەرگیری لە کەنیسە(الزواج الكنسي).

هەمان ڕۆژی مارەکردن و لەکۆتایی کاتی مارەکردندا لە تۆماری هاوسەرگیری کەنیسەدا ناوی بووك و زاوا تۆمار دەکرێت و کەنیسە گرێبەستی فەرمی هاوسەرگیری کەنیسەیان بۆ دەکات[٢].

**ب) گرێبەستی یاسایی هاوسەرگیری:**

دوای مارەکردن لە کەنیسە و دوای گواستنەوەی بووك، دوای چەند ڕۆژێکی کەم کچ و کوڕەکە دەچن بۆ دادگا و ڕێکارە یاساییەکانی هاوسەرگیری تەواو دەکەن و گرێبەستی یاسایی هاوسەرگیری لە دادگا دەردەهێنن، بەڵام لای قازی و لە دادگای باری کەسێتی ناڵێن پرۆسەی گواستنەوەمان ئەنجام داوە، چونکە بەپێی یاسا ئەگەر پێش دەرهێنانی گرێبەستی یاسایی هاوسەرگیری، کوڕ و کچێك پرۆسەی گواستنەوەیان ئەنجام دابێت، دوو ملیۆن دینار غرامە دەکرێن[٣].

بەپێی یاساکانی کەنیسەی کاسۆلیکی کلدان، پرۆسەی هاوسەرگری لەدەرەوەی کەنیسە ڕەوایەتی پێنادرێت و مەرجە لەناو کەنیسەدا قەشە پیرۆزی کردبن، بەمانایەکی تر ئەگەر لەدادگاش وەك دووهاوسەر تۆمار بکرێن هەتا لەکەنیسە مارەکردن(بوراخ) و پرۆسەی هاوسەرگیری بەئامادەبوونی خزمان و شاهێدەکان و ئیشبیلەکان* ئەنجام نەدرێت ئەو هاوسەرگیرییە ڕەوایەتی و شەرعییەت وەرناگرێت و کوڕەکە ناتوانێت کچەکە بگوازێتەوە. لە ڕۆژی مارەکردندا ڕێوڕەسمی مارەکردن بەم شێوەیە بەڕێوە دەچێت:[٤]

١- سەرەتا زاوا و باوك و خزمە پیاوەکانی زاوا دەگەنە کەنیسە، دواتر بووك و دایك و باوك و کەس و کاری بووك لەگەڵ خزمە ئافرەتەکانی زاوا دەگەنە کەنیسە.

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. سناء ناصر قدوري، سلێمانی،٢٠١٧/٨/١٣ . پەروین ئێلیا حنا، سلێمانی، ١٩/ ٢٠١٧/٦. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠. عبدالاحد یوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ . الیزابێت داود یوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٦. بەیان گورگیس ئەودیشۆ، لەدایکبووی ١٩٦١، پیشە: توێژەری کۆمەلایەتی، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥.

[٢]- بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١ . شوان جمیل عیسی،سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٨. نیان بەشیر داود عەلەکە، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٨.

[٣]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥.

*- ئیشبیلەکان(قەریوا و قەروتا): پێکهاتوون لە کوڕ و کچێکی گەنج، کە هێشتا هاوسەرگیرییان نەکردووە.کوڕەکە خزمی زاوایە و کچەکەش خزمی بووکەکەیە، لە کاتی مارەکردندا لە کەنیسە، کوڕەکە لە تەنیشتی زاوا و کچەکەش لەتەنیشتی بووك دەوەستێت، ئامانج لەم ئیشبیلانە هاندانی ئیشبیلەکان و کوڕ و کچی گەنجە بۆ هاوسەرگیری.

[٤]- تێبینی بە بەشداری ڕاستەوخۆی خوێندکار لە مەراسیمی ژن مارەکردنی ( لیڤیار نەزهەت مەتا )، لە کەنیسەی ماریوسف، سلێمانی. ( ٢٠١٧/٤/٢١)

٢- باوکی بووك خۆی بەتەنها لە بەردەرگای کەنیسەوە دەستی کچەکەی دەگرێت و بەمەراسیمێك دەیبات تا ناوەڕاستی هۆڵی نوێژکردنی کەنیسە، لەگەڵ گەیشتنی بووك بە کەنیسە ئافرەتان دەست دەکەن بە هەلهەلە لێدان.

٣- لە پێش بووك و باوکی بووکەکەوە ( ئیشبیلەکان ) دەڕۆن و دوو گوڵیان بەدەستەوەیە.

٤- لە ناوەڕاستی هۆڵی نوێژکردنی کەنیسە، زاوا بووك لە خەزووری وەردەگرێت و ئەملاولای خەزووری ماچ دەکات.

٥- بووك و زاوا و ئیشبیلەکان لەبەردەم قەشە ڕادەوەستن، قەشە چەند ئایەت و نوێژ و دوعایەك دەخوێنێت و پرسیار لە بووك و زاوا دەکات، کە ئایا ڕازین هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتری بکەن؟ دوای ئەوەی بووك و زاوا بەجیا و بە ئاشکرا ڕەزامەندبوونی خۆیان ڕادەگەیەنن، قەشە بووك لە زاوا مارە دەکات. لەو کاتەدا بووك و زاوا ئەڵقە لە دەستی ڕاستەوە دەکەنە دەستی چەپی یەکتر، دواتر قەشە تاجێکی زەرد کە لە شێوەی ئەڵقەدایە، دەکاتە سەری بووك و زاوا و قردێلەیەکی سپی گوڵدار دەکاتە قۆڵی بووك و زاوا و ئیشبیلەکان.

٦- بووك و زاوا و باوکی بوك و زاوا و ئیشبیلەکان پەیمانی هاوسەرگیرییەکە ئیمزا دەکەن و لەلایەن کەسوکاری کوڕ و کچەکەوە دەبێتە چەپڵەلێدان و سەماو هەلهەلە لێدان و هەندێك کەسیش لەگەڵ بووك و زاوا وێنە دەگرن، لە کۆتاییدا لە کەنیسەوە ڕاستەوخۆ بووك و زاوا بەرەو هۆڵی ئاهەنگی بووك گواستنەوە بەڕێدەکرێن.

بەپێی تۆماری تایبەت بە هاوسەرگیری، لە کەنیسەی (ماریوسف )لە سلێمانیدا، لە ساڵی(٢٠١٠ تا ٢٠١٧/١٠/١٥)، (٢٢) *هاوسەرگیری تۆمار کراوە.

**خشتەی(١٧) ژمارەی هاوسەرگیری مەسیحییەکانی سلێمانی لە کەنیسەی(ماریوسف)دا نیشان دەدات[١].**

| ساڵ | ژمارەی هاوسەرگیری |
|---|---|
| ٢٠١٠- ٢٠١٧ | ٢٢ |

## و) گواستنەوەی بووك و ئاهەنگی بووك گواستنەوە

بووکی مەسیحی، هەمان ئەو ڕۆژەی لە کەنیسەدا مارەدەکرێت، دەگوازرێتەوە، لەپاش تەوابوونی مەراسیمی مارەکردن( تکلیل )** لە کەنیسەدا، ڕاستەوخۆ بووك دەگوێزرێتەوە، لە ڕابردوودا لە ماڵی زاوا ئاهەنگی بووك گواستنەوە ئەنجامدراوە و بووك و زاوا دەچوونە ماڵی باوکی زاوا بۆ مەراسیمی ئاهەنگ و شەوی زاوایەتی، بەڵام لە ئیستادا بووك  و زاوا بۆ ئاهەنگی بوك گواستنەوە دەچن بۆ هۆڵ و هەمان شەویش دەچنە ئوتێل بۆ بەسەربردنی شەوی زاوایەتی.

* - تێبینی/ ئەم ژمارەیە، ئەو مەسیحییە ئاوارانەی تێدا نییە، کە لە دوای ساڵی(٢٠٠٣)وە، هاتوونەتە شاری سلێمانی و لە کەنیسەی (ماریوسف)دا هاوسەرگیریان کردووە.

١- نوسراوی کەنیسەی ماریوسف لە سلێمانی، ژمارەی(٢٠١٧/١٢٧)لە ٢٠١٧/١١/٢، کە لە پاشکۆی ژمارە(٣)دا نیشان دراوە.

** - مەسیحییە ئاشوورییەکان بە مارەکردن ئەڵێن(تەکلیل) و لەزمانی نوسین و ڕێزمانیشدا بەکاری دەهێنن،بەڵام کلدانەکان پێی دەڵێن(بوراخ) و لە زمانی قسەکردنیشدا بەکاریدەهێنن.

لە ڕابردوودا بۆ ڕێنمایکردنی بووك و زاوا دەربارەی شەوی زاوایەتی، ژنێکی بەساڵاچوو دایکی بوك بێت یان خوشکی گەورەی ئەزموندار، پێش گواستنەوە بەرۆژێك یان هەر لەهەمان رۆژ کۆمەڵێك ئامۆژگاری ژنانە دەدات بەبوکێ، هەروەها پیاوێکی ئەزمونداریش، هاوڕێی زاوا بێت یان برایەکی گەورەی ئامۆژگاری پیاوانە دەدات بە زاوا، گرنگترین ئامۆژگاری کەبەهەردوولا دەدرێت ئەوەیە هەوڵ بدرێت بەهێمنی و بێ زۆرلێکردن ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدەن، چونکە ئەوان نوێنەرایەتی خێزانێکی مەسیحی دەکەن، جووت بوون دەبێت لەسەر بنەمای خۆشەویستی و ڕێز لێگرتن ئەنجام بدرێت و نابێت زۆرلێکردنی تێدا بکرێت.[1]

وەك نەریتماڵی بوکێ ڕۆژی دوای گواستنەوە، بوك وزاوا بانگهێشت دەکەن بۆ ماڵی خۆیان بۆ خوانێك کە بۆیەکەمین جارە وەك دووکەسی هاوسەر دەچنە ماڵی بوکێ، ئەمەش لەڕاستیدا بۆ ئەوەیە کوڕەکە بچێتە ماڵی بوکێ بۆ سوپاسکردنیان کە کچێکی پاکیزە و بەرەوشت بۆتە هاوسەری و ئەمەش نەریتێکی کۆمەڵایەتییە و هیچ پەیوەندیەکی بەئاینی مەسیحییەوە نییە[2].

ئاهەنگی بووك گواستنەوەی مەسیحییەکانی سلێمانی چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، کە لێرەدا بەخاڵ ڕوونی دەکەینەوە:[3]

١- لەئاهەنگ و بۆنەی خۆشی مەسیحییەکاندا مەی بەئاشکرا دەخورێتەوە و وەك بەشێك لە سروتی ئاهەنگەکە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، چونکە لەم بارەیەوە ئینجیلی پیرۆز پێمان دەڵێت: مەسیح و دایکی و حەوارییەکانیش میوان بوون لە ئاهەنگی بووك گواستنەوەدا و باشترین شەرابیان خواردووەتەوە[4]، ئەمەش بووەتە نەریتێکی خەڵکی مەسیحی لە ئاهەنگ و بۆنەی خۆشیدا باشترین جۆری مەی بەمیوانەکان دەدرێت.

٢- دوو مێز جیادەکرێتەوە بۆ هەردوو خێزانی کوڕ و کچ و بەجیا لەدەستی ڕاست و چەپی کەژاوەکە دادەنیشن.

٣- لەپاش چەند گۆرانییەك و دانیشتنی هەموو میوانەکان، گەورەی ماڵی زاوا دەچێتە سەرستێج بەناوی هەردوو خێزانەکە بەخێرهاتنی میوانەکان دەکات، هەردوو کەسی گەورەی ماڵی بوك و زاوا پێکەوە دەچنە سەرمێزی هەموو ئامادەبووان بۆ بەخێرهاتن و نەهێشتنی کەموکوڕی میوانداری.

٤- بوك و زاوا سەمای هێواشی ڕۆژئاوایی لەگەڵ یەکەم گۆرانی خاودا دەکەن، بەدوایاندا و لە گۆرانی دووهەمدا ئیشبیلەکانیش دێنە سەرستێج، بەدوای گۆرانی دووهەم، هەرکەسێك بیەوێت لەگەڵ خۆشەویستەکەی یان کەسێکی ئازیزی خۆی سەما دەکات.

٥- ژن و پیاو و کوڕ و کچ بێ جیاوازی بە یەکەوە هەڵدەپەڕن و سەما دەکەن.

---

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١.

[2] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥.

[3] - تێبینی بە بەشداری ڕاستەوخۆی توێژەر لە ئاهەنگی بووك گواستنەوەی ( مریم فیصل عبدالکریم بۆ لیڤیار نەزهەت مەتا) ، لە هۆڵی یانەی کۆمەڵایەتی، سلێمانی،٢٠١٧/٤/٢١.

[4] - (یۆحەنا ٢/ ١٠)

٦- بۆ هاتنە ژوورەوەی بوك و زاوا، خێزان و میوانەكان ڕێڕەوێكیان بۆ دروست دەكەن بۆ ئەوەی بەنێویاندا بەهەلهەلە لێدان و گۆرانی وتن تێپەڕن تادەگەنە شوێنی دانیشتینیان، لە كۆندا ئەم نەریتە جیاواز بووە، ئازیزان و خزمانی هەردوولا هەر لەگەڵ گەیشتنی بووك و زاوا بە هەلهەلە و سەماكردن لەبەردەمیان دەستیان پێ دەكرد هەتا دەگەیشتنە شوێنی دانیشتن، بەتایبەت ئەو ئاهەنگانەی كە لەماڵ ئەنجام دەدرا.

٧- لەناوەڕاستی ئاهەنگەكەدا بوك و زاوا بۆ كێك بڕین بانگ دەكرێن، پاشانیش گۆڕینەوەی دیارییەكان لەلایەن ماڵی زاوا بۆ بوك و لەلایەن ماڵی بوكێش بۆ زاوا، دیارییەكان زیاتر ئاڵتونە، كە ماڵی زاوا بۆ بوكێی كڕیوە و لەوێ پێشكەشدەكرێت.

٨- بوك و زاوا پێكەوە دەچن بۆ لای میوانەكان و شەكراوەكەیان بەسەر میوانەكاندا دابەش دەكەن.

٩- لەسەر هەموو مێزەكان مەشروب دانراوە.

١٠-كەسانی ئاینی (ڕاهیب و ڕاهیبە) و (قەشە) لە ئاهەنگی بوك و زاوا ئامادە دەبن و بەشدار دەبن .

١١- لە ئاهەنگی بووك و زاوادا گۆرانییەكان بە چەند زمانێك دەوترێن، بەشێكیان گۆرانی هەڵپەركێی كوردین، بەشێكی هەڵپەركێی سریانی، بەشێكی هەڵپەركێی عەرەبی و بەشێكی سەمای خۆرئاوایی، لە دەساڵی ڕابردووش بەشی سەمای دیسكۆی ئەوروپیشی بۆ زیاد كراوە، ئاهەنگەكانی بوك و زاوای مەسیحی سلێمانی بەشی زۆری بۆ هەڵپەركێی كوردییە بەهەردوو شێوازەكەی (سلێمانی و سێپێی كۆیە و شەقڵاوە) و هەڵپەركێی سریانی.

١٢- سەرجەم مەسرەف و خەرجییەكانی ئاهەنگی بووك گواستنەوە لەسەر پارەی كوڕەكە و ماڵی كوڕەكەیە.

١٣- لە كۆتاییدا هەموو میوانەكان دەستە دەستە دەچن بۆ لای بوك و زاوا بۆ پیرۆزبایی و دیاری پێشكەشكردن، زۆربەی دیارییەكان بڕێك پارەیە و كەسە نزیكەكان لەگەڵ بووك و زاوا دەوەستن و وێنەی یادگاری دەگرن.

١٤- بەگۆرانی بای بای كۆتای دێت و هەندێك لەنزیكەكان لەگەڵ بوك و زاوا دەمێننەوە تا بەڕێكردنیان بۆ ئوتێل یان ماڵەوە.

## ٣- تایبەتمەندییەكانی هاوسەرگیری مەسیحییەكانی شاری سلێمانی:

### أ- جۆری هاوسەرگیری:

مەسیحییەكانی سلێمانی یەك جۆر هاوسەرگیری پەیڕەو دەكەن، كە بریتییە لە: ( تاك هاوسەری-یەك هاوسەری)[*] لە ڕابردوو ئێستاشدا هەر ئەم جۆرە لە هاوسەرگیری لە نێوانیاندا پەیڕەو كراوە، لەبەر ئەوەی ئاینی مەسیحی بەهیچ شێوەیەك و لەهیچ كاتێكدا ڕێگا بە فرە هاوسەری نادات[1].

---

[*]- تاك هاوسەری: بریتییە لە پەیوەندی هاوسەرگیری یەك پیاو لەگەڵ یەك ژندا. قیس النوری، المدخل الی علم الانسان، المصدر السابق، ص ٢٣٢. ابراهیم ناصر، الانثروبولوجیا الثقافیة، المصدر السابق، ص ١٣٤.

[1]- چاوپێكەوتن لەگەڵ: نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس،سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥.

## ب- هاوسەرگیری ناوخۆیی ئاینی:

هەموو پێکهاتەیەکی ئاینی بەپێی داب و نەریت و یاسا و ڕێساکانی خۆی هاوسەرگیری کردووە، مەسیحییەکانی سلێمانی تەنها لەناو هاوئاینی خۆیاندا واتە تەنها لە نێوان مەسیحییەکاندا هاوسەرگیری و ژنوژنخوازی ئەکەن، ئامادەنین هاوسەرگیری لەگەڵ کەسانی ئاینەکانی تر بکەن[١].

## ت- هاوسەرگیری لەگەڵ خزم:

بە پێی ڕێنمایی کەنیسەی (کاسۆلیك) هاوسەرگیری لەگەڵ ئامۆزا پەسەند نییە، لای کەنیسەی (ڕۆژهەڵاتی ئاشووری) هاوسەرگیری لەگەڵ ( ئامۆزا، خاڵۆزا، پورزا) پەسەند نییە، ئەمەش پەیوەندی بە نەخۆشییە بۆماوەییەکانەوە هەیە، لە ساڵانی (١٩٥٠)کاندا و پێشتر، پۆلێنکردنی ڕێگری لە هاوسەرگیری لەگەڵ خزم لای کلدان کاسۆلیکەکانی سلێمانی لە (ئامۆزا ، خاڵۆزا ، پورزا) کراوە، بەڵام هەر لەو سەردەمەدا لەهەندێك حاڵەتدا ڕەزامەندی بە هاوسەرگیری (پورزا و خاڵۆزا) دراوە، هەروەها لەناو مەسیحییەکانی شاری سلێمانیدا چەند حاڵەتێکی کەم هاوسەرگیری لەگەڵ(ئامۆزا) بە ڕەزامەندی (مەترانییە*) ئەنجام دراوە[٢].

هاوسەرگیری لەگەڵ خزم لەناو مەسیحییە کلدانییەکاندا تەنها لەنێوان (ئامۆزا و ئامۆزا) نابێت و هاوسەرگیری لەنێوان (ئامۆزاکاندا) ڕێگەی پێنادرێت و بەگوناه دەزانرێت، لەحاڵەتی زۆر پێویست و دەگمەندا نەبێت، بەڵام لە ئێستادا مەسیحییە کلدان کاسۆلیکەکانی سلێمانی هاوسەرگیری لەگەڵ خزمی نزیك دەکەن، بەتایبەت لە نێوان پورزاکان و خاڵۆزاکاندا، هاوسەرگیری لە نێوان (پورزا و پورزا)، (خاڵۆزا و پورزا)، لەلایەن کەنیسەوە ئاسانکاری بۆ کراوە، بەبیانوی زۆرکردنی خێزانی مەسیحی، بەڵام هاوسەرگیری لەگەڵ (ئامۆزا) دەگمەنە.[٣]

شایەنی باسە ئاشوورییەکانی سلێمانی بە پێی ڕێنماییەکانی کەنیسەی ڕۆژهەڵات، هاوسەرگیری لەگەڵ (ئامۆزا و خاڵۆزا و پورزا ) ناکەن و بەگوناهی دەزانن[٤]. بەشێوەیەکی گشتی هاوسەرگیری لەگەڵ خزم لای مەسیحییەکانی سلێمانی پەسەند نییە و لە ڕابردوودا زیاتر ڕویداوە بە بەراورد بە ئێستا، هەروەها لە نێوان مەسیحییە کلدانەکاندا زیاترە، بە بەراورد بەمەسیحییە سریانییە ئەرسەدۆکسەکان و ئاشوورییەکانی کەنیسەی ڕۆژهەڵات .[٥]

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. نیان یعقوب گورگیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١٢

*- مەترانیە ئەو دامەزراوەیەیە کە مەتران لێپرسراویەتی، مەتران لێپرسراوی قەشەکان و مەسیحییەکانە لە شارێك یان دوو شاردا. چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی ، ٢٠١٦/٤/٢٠.

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. ڕێڤین نوفل بابایوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٠. عبدالاحد یوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ . الیزابێت داود، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٦. بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. توانا بەشیر داود، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٩. ئامانج نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠.

[٣]- چاوپێکەوتن لەگەڵ لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١.

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ:بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. نیان یعقوب گورگیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١٢

[٥]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەیان عیسی یوسف، سلێمانی،٢٠١٧/١/٣١، سلێمانی.

## پ- هاوسەرگیری ئاینزا جیاوازەکانی مەسیحی:

شاری سلێمانی سەرەتا خاوەنی یەك كەنیسە بووە، ئەو كەنیسەیەش بەحوكمی زۆری ژمارەی مەسیحییەكانی نەتەوەی كلدان كە سەر بەمەزهەبی كاسۆلیك بوون، ناوی( كەنیسەی مریەمی پاكیزەی كلدان) بووە، ئەم تاكە كەنیسەیەش وای كردووە مەسیحی هەموو مەزهەبە جیاوازەكان بۆ بەجێهێنانی نوێژ و مەراسیمی جەژن بێ جیاوازی بچن بۆ ئەو كەنیسەیە و لەوێ بەیەكتری ئاشنابن، ئەمەش بووەتە هۆكاری ژن و ژنخوازی لەنێوانیاندا، لە سلێمانیدا مەسیحییەكانی كلدان و ئاشوری و سریان و ئەرمەنییەكان هاوسەرگیرییان بەیەكەوە كردووە، هەروەها مەسیحییە مەزهەب ئەرسەدۆكسەكان و كاسۆلیكەكان هاوسەرگیرییان بەیەكەوە كردووە.[1]

ئەم تایبەتمەندییەی ژن و ژنخوازی نێوان مەسیحییە ئاینزا جیاوازەكاندا، لەسەر ئاستی عێراق، شاری سلێمانی لە پێشەنگدا بووە، ئەمڕۆش كە سلێمانی دوو كەنیسەی تێدایە، هەر بەهەمان نەریتی جاران، ڕێگری لە هاوسەرگیری نێوان مەسیحییە ئاینزا جیاوازەكان ناكرێت، لە ئێستادا كرانەوەیەكی زیاتر هەیە بۆ هاوسەرگیری و پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكان.[2]

## ج- هاوسەرگیری لەگەڵ موسوڵمان:

كەنیسەی مەسیحی بەگشتی و خێزانی مەسیحییەكانی سلێمانی، ڕێگرن لە هەموو جۆرە هاوسەرگیرییەكی كەسێكی مەسیحی لەگەڵ كەسێكدا، كە مەسیحی نەبێت. لەبەر ئەوەی كەنیسە تێگەیشتنی بۆ خێزانی مەسیحی لە هاوسەرگیریی و پێكەوەبوونی دوو مەسیحیدایە، كە دواتر كۆمەڵگەی مەسیحی پێكدێنن، پرۆسەی هاوسەرگیری نابێت لەگەڵ كەسێك ئەنجام ئەنجام بدرێت كە مەسیحی نەبێت، بەمانایەكی تر كەسێك بەتعمید (لەئاوهەڵكشان) نەبوبێتە مەسیحی، كەنیسە ڕازی نابێت كەسێكی مەسیحی هاوسەرگیریی لەگەڵدا بكات و پرۆسەی مارەكردنیان بۆ ئەنجام نادات[3].

لە ماوەی ژیانی مەسیحییەكانی شاری سلێمانیدا، (چوار) كچی مەسیحی هاوسەرگیرییان لەگەڵ چوار كوڕی موسوڵماندا كردووە، بەڵام هیچ كوڕێكی مەسیحی هاوسەرگیری لەگەڵ كچی موسوڵماندا نەكردووە. لەكۆی ئەو (چوار) هاوسەرگیرییەی لەسلێمانیدا ڕوویداوە، كار بەیاسا و مەرجی گۆڕینی ئاینی كەسی مەسیحی بۆ ئیسلام كراوە و لە پێناسی باری شارستانیدا كراوون بەموسوڵمان، پاشان لەدادگا مارەكراوون و گرێبەستی هاوسەرگیرییان بۆ كراوە، ئەمەش بەپێی یاسای باری كەسێتی عێراق و

---

[1]- چاوپێكەوتن لەگەڵ: كامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. سناء ناصر قدوري، سلێمانی،٢٠١٧/٨/١٣ . پەروین ئێلیا حنا، سلێمانی، ١٩/ ٢٠١٧/٦. بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. توانا بەشیر داود، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٩ . ئامانج نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠.: جولێت فایەق عزیز شینە،سلێمانی،٢٠١٦/١١/١٠. لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١.

[2]- چاوپێكەوتن لەگەڵ: نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥.

[3]- چاوپێكەوتن لەگەڵ: كامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. ڕێڤین نوفل بابایوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٠. سوعاد یوسف یعقوب حداد، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٥. نەجلە پەترۆس ئەسكەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠. الیزابێت داود، سلێمانی ٢٠١٦/٨/٢٦. بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. نیان یعقوب گورگیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١٢. ئامانج نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠.

کوردستان، چونکە بە پێی یاسای باری کەسی عێراقی، ئەگەر کچێکی مەسیحی شوو بەکوڕێکی موسوڵمان بکات، دەبێت کچە مەسیحییەکە لە پێناسی باری شارستانیدا ببێت بەموسوڵمان، دوای ئەوە دادگا ئەو کچە لە کوڕەکە مارە دەکات و گرێبەستی هاوسەرگیرییان بۆ دەکات.[1]

شایەنی باسە هۆکاری هاوسەرگیری ئەو(٤)کچە مەسیحییەی کە لە سلێمانیدا شوویان بە کوڕی موسوڵمان کردووە، ناگەڕێتەوە بۆ باوەڕبوونیان بە ئاین و شەریعەتی ئیسلامی، بەڵکو بە هۆی دروستبوونی خۆشەویستیان بۆ ئەو کوڕە موسوڵمانانە هاوسەرگیریان کردووە، واتە هۆکاری هاوسەرگیرییەکەیان خۆشەویستی بووە، نەك قەناعەتی ئاینی، چونکە چەند کەسێك لەو کچانەی کە هاوسەرگیرییان لەگەڵ کوڕی موسوڵماندا کردووە، لای مەسیحییەکان وتوویانە: ئێمە بە بیروباوەڕ هەر مەسیحیین، بەڵام لە پێناو مارەکردنمان لە دادگادا، یاسا ناچاری کردووین پێناسی باری شارستانیمان بگۆڕین و لە پێناسی باری شارستانیمان بنوسرێت موسوڵمان(مسلم)[2].

مەسیحییەکانی سلێمانی، ڕەخنە لە یاسای باری کەسی عێراقی دەگرن، کە یاسایەکی مەدەنی نییە و مافەکانی مرۆڤ لە ئازادی ئاینی و ئازادی هاوسەرگیری ناپارێزێت و لە حاڵەتی هاوسەرگیریان لەگەڵ کەسێکی موسوڵماندا، ناچاریان دەکات کە ئاینەکەیان بگۆڕن، مەسیحییەکانی سلێمانی پێیان خۆشە یاساکانی باری کەسی مەدەنی بن و لە سەر بنەمای ئاین دانەڕێژرابن، وەك لوبنان و وڵاتە ئەوروپییەکان، کەسانی ئاین جیاواز بتوانن هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتریدا بکەن، بەبێ ئەوەی یاسا و دادگا یەکێیکان یان هەردووکیان ناچار بە ئاین گۆڕین بکەن) [3].

چەندین چیرۆکی خۆشەویستی لە نێوان کچ و کوری موسوڵمان و مەسیحی ڕویداوە، بەڵام دواجار بێ ئەنجام ماونەتەوە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی موسڵمانی کوردستان بەهۆی شەریعەتی ئیسلام و داڕشتنی یاساکان بەپێی شەریعەتی ئیسلامی و دابو نەریتی خێڵەکی، هیچ کچێکی موسوڵمان ناتوانێت هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێکی مەسیحی بکات، لەهەمانکاتدا هیچ کوڕێکی مەسیحیش ناتوانێت کچێکی موسڵمان بێنێت و دوژمنایەتی مەسیحی و موسوڵمان لەیەك کاتدا بکات، چونکە شەڕی دووئاین زۆر زەحمەتە لەیەککاتدا، لە مێژووی کۆن و نوێی پێکەوەژیانی مەسیحی و موسوڵمان لە سلێمانیدا ڕوینەداوە کچێکی موسوڵمان هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێکی مەسیحی کردبێت[4].

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەیان عیسی یوسف، سلێمانی،٢٠١٧/١/٣١، سلێمانی.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهرۆز میخائیل رزوقی، لەدایکبووی ١٩٦١، پیشە: ئەندازیار، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٨. نیان بەشیر داود عەلەکە، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٨.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ نیان بەشیر داود عەلەکە، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٨. بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. نیان یعقوب گورگیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١٢.

[4]- چاوپێکەوتن لەگەڵ نیان بەشیر داود عەلەکە، ، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٨.

**ح- کاردانەوەی خێزانە مەسحییەکان لەگەڵ ئەو کچانەی شوویان بەکوڕی موسوڵمان کردووە:**

مەسیحییەکانی سلێمانی کۆمەڵێك هەنگاویان پەیڕەو کردووە بۆ ڕێگرتن لە هاوسەرگیری کچەکانیان لەگەڵ کوڕی موسوڵمان، سەرەتا هەر لەقۆناغی هەرزەکارییەوە کوڕ و کچی مەسیحی هۆشیار دەکرێنەوە، کەنابێت هاوسەرگیری لەگەڵ موسوڵمانەکاندا بکەن، پاشان ئەگەر ئیرادەیەك هەبوو لەلایەن کچێکی مەسیحی بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ موسوڵمان هەوڵ دەدرێت لەڕێگای دایك و باوکی و کەس و کاری و قەشەوە ڕێگە لەو شوکردنە بگیرێت، لەکاتی شکستهێنانی ئەم هەوڵە، پەنا بۆ دۆزینەوەی کوڕێکی مەسیحی دەدرێت بۆ ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، بەڵام ئەگەر ئەم هەوڵەش بەئاکام نەگەیشت و سەرکەوتوو نەبوو، لەڕابردوودا کۆمەڵێك کاری توندوتیژی گیراوەتەبەر لەوانە: (ئەشکەنجەدانی جەستەیی، ڕێگەگرتن لەچوونەدەرەوەی لەماڵ) ئەم توندوتیژییە بەدەگمەن کوشتنی کچەکەی لێ کەوتووەتەوە، چونکە کوشتن لەئاینی مەسیحیدا لادانە لەڕاسپاردەی خودا، دواجار ئەگەر هەرکچەکە شووی بە کوڕێکی موسوڵمان کرد، خێزانەکەی حاشای لێدەکات و ڕێگە نادرێت هاموشۆی کەنیسە و کۆبوونەوەی مەسیحی و دایك و باوك و خزم و کەس و کاری بکات.[1]

خەمی گەورەی خێزانی مەسیحی لە شووکردنی کچەکانیاندا بەکوڕانی موسوڵمان، (فرەژنی و موسوڵمانبوون و ئەگەری تەڵاقدان)ی کچەکەیانە، لەبەر ئەوەی ئاینی ئیسلام ڕەزامەندی بە(فرەژنی و جیابوونەوە و تەلاقدان) داوە، لە کاتێکدا (فرەژنی و تەلاق) لە ئاینی مەسیحیدا ڕەزامەندی پێنەدراوە[2].

لە شاری سلێمانیدا( ٤ )کچی مەسیحی بەبێ ڕەزامەندی دایك و باوك و خزم و کەسوکاریان، شوویان بە کوڕی موسوڵمان کردووە و بەهۆی یاسای باری کەسی کوردستان، لە پێناسی باری شارستانی کراوون بە موسوڵمان، چونکە بەپێی یاساکە ئەگەر کچە مەسیحییەکە نەبێت بەموسوڵمان دادگا لە کوڕێکی موسوڵمان مارەی ناکات و گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ ناکات.[3]

لەکاردانەوەی دایك و باوك و کەسوکاری ئەو کچە مەسیحییانەی کە شوویان کردووە بەکوڕی موسوڵمان، کاردانەوەی خێزانەکانیان جیاواز بوون بەم شێوەیە:-[4]

١- یەکێکیان لە ساڵی( ١٩٨٠ )کان بەدەستی براکەی کوژراوە .

٢- دوو (٢) ئافرەتی تریان لەلایەن دایك و باوك و خزمەکانیانەوە حاشایان لێکراوە و تا چەند ساڵێك قسەیان لەگەڵدا نەکردوون، بەڵام دوای چەند ساڵێك لەگەڵ دایك و باوك و خوشك و براکانیان پەیوەندییان بەشێوەیەکی نهێنی دروست کردووەتەوە و لەبەرچاوی خەڵك هاتوچۆی یەکتری ناکەن، هەتا ئێستاش هاوسەرگیرییەکەیان بەردەوامە و منداڵیشیان هەیە و لە سلێمانیدا دەژین.[5]

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. ڕێڤین نوفل بابایوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٠. عبدالاحد یوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ . ئامانج نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠. بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ، بەیان عیسی یوسف، سلێمانی،٢٠١٧/١/٣١، سلێمانی.

[4]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: ئەدمۆن أنوەر نیسان، ، سلێمانی، ٢٠١٧/٤/٢٩. بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١ . نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥.

[5]- چاوپێکەوتن لەگەڵ لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١.

۳- له چوار ساڵی ڕابردوودا کچێکی تری مەسیحی شووی بەکوڕێکی موسوڵمان کردووە، بەڵام تەنیا دایکی لەژیاندا ماوە و دایکیشی حاشای لێنەکردووە و بەیەکەوە دەژین.[١]

لەئێستاشدا کەنیسە و مەسیحییەکانی سلێمانی ئەو حاڵەتەیان پێخۆش نییە و ڕازی نین کچێك یان کوڕێکیان هاوسەرگیری لەگەڵ موسوڵماندا بکات، ئەم ڕازی نەبوونەش چەندە پەیوەندی بە ئاینی مەسیحییەوە هەیە، هێندەی ئەوەش پەیوەندی بەدابونەریتی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، هەر مەسیحییەك لە سلێمانیدا هاوسەرگیری لەگەڵ موسوڵمانێکدا بکات خۆی و خێزانەکەی لە لایەن مەسیحییەکانەوە بەر تانە و تەشەری کۆمەڵایەتی دەکەون و بەسووك سەیر دەکرێن و تووشی (التحقیر الاجتماعی) دەبنەوە و خزم و کەسوکارەکەی قسە لەگەڵ خۆی و خێزانەکەیدا ناکەن و پەیوەندییان لەگەڵ دەپچڕێنن[٢].

## خ- شووکردنەوە و ژنهێنانەوە :

ئاینی مەسیحی ڕەزامەندی داوە بە شوکردنەوەی بێوەژن و ژن هێنانەوەی پیاوی بێ ژن، بەڵام ئەم ڕەزامەندییە مانای ئەوە ناگەێنێت، کە بەهەمان ئاستی پێکهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری بۆ یەکەم جار لەلایەن کەنیسەوە تەماشابکرێت، لەم بارەیەوە بەپێی ڕاسپاردەی (پۆلس) بۆ باوەڕدارانی ئاینی مەسیحی هاتووە (( ئەوانەی ژن و مێردیان مردووە بۆیان باشترە وەك من بمێننەوە، بەڵام ئەگەر خۆیان ڕانەگرت با هاوسەرگیری بکەن، چونکە هاوسەرگیری لەسووتان بەهەوەسەکانی لەش باشترە.))[٣]

تێڕوانینەکان بۆ شوکردنەوە و ژن هێنانەوە لە ئاینی مەسیحیدا بۆ دورخستنەوەی مرۆڤە لە (زیناکردن) لە ڕاستیشدا کەنیسە ژنهێنانەوە و شوکردنەوەی بەلاوە خۆش نییە، بەڵام هیچ ڕێگرییەکی ئاینی لە شوکردنەوە و ژنهێنانەوەدا نییە، جێگەی سەرنجە( پیاو ) زیاتر ژن دەهێنێتەوە، پاش مردنی ژنەکەی.

لەشاری سلێمانیدا ئەو ژنانەی کە مێردەکانیان مردوون و بێوەژن بوون، چەند کەسێکیان شوویانکردووەتەوە و لە کەنیسە و دادگا مارەکراون، بەڵام زۆربەیان شوویان نەکردووەتەوە، هەروەها بێوەژنی جیابووەوە و تەڵاقدراویش ئەتوانێت شوو بکاتەوە، تائێستا تەنها یەك ژنی مەسیحی لە سلێمانیدا تەڵاقدراوە و پاشان شووی کردووەتەوە، ئەو پیاوانەشی کە ژنەکانیان مردووە ژنیانهێناوەتەوە، ئەوانەشیان کە لە ژنەکانیان جیابوونەتەوە یان ژنەکانیان تەڵاقداوە، ژنیان هێناوەتەوە و لە دادگا و لە کەنیسەش مارەیانکردووە و گرێبەستی هاوسەرگیریان بۆ کراوە.[٤]

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ نیان بەشیر داود عەلەکە، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٨.

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. نیان یعقوب گورگیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١٢.

[٣]- ئینجیلی پیرۆز/ نامەی پۆلس بۆ کۆرنسۆس،نامەی یەکەم ٧/ ٨-٩

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. سوعاد یوسف یعقوب حداد، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٥. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ عبدالاحد یوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ . الیزابێت داود، سلێمانی ٢٠١٦/٨/٢٦. سناء ناصر قدوري، لەدایکبووی١٩٦٢، پیشە: ئارایشتگا، ٢٠١٧/٨/١٨. سلێمانی، توانا بەشیر داود، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٩ . ئامانج نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠.

### د- یاسای کەنیسە بۆ هاوسەرگیری کەسی کەهنوتی (قەشە و شەماسە و مەتران و پەتریەرك):[١]

کەسی کەهنووتی( قەشە ) لە بنەڕەتدا قەشەی کاسۆلیکی نابێت ژنی هەبێت، بەڵام ئەگەر پێش بوونی بە قەشە ژنی هێنابوو، هەروەها لە شوێنێکیش بێت پێویستیان بەو کەسە هەبێت بۆ قەشە، ئەوا دەیکەن بە قەشە، بەڵام ئەگەر دوای بوونی بەقەشە ژنەکەی مرد، نابێت ژن بهێنێتەوە، مەگەر واز لە قەشەیی بهێنێت. واتە پێش ئەوەی ببێت بەقەشە دەتوانێت ژن بێنێت و پاشان ئەگەر پێویست بوو ببێت بەقەشە، بەڵام ئەگەر بوو بە قەشە و ژنی نەبوو، ئیتر ناتوانێت ژن بهێنێت، مەگەر واز لە قەشایەتی بهێنێت. مەتران نابێت بەهیچ جۆرێك ژنی هەبێت. شەماشەی ئاسایی، ئاساییە ژن بهێنێت، بەڵام لە پلەی شەماشەی ئینجیلیدا ناتوانێت ژن بهێنێت، مەگەر واز لە شەماشەیی بهێنێت. پەتریەرك نابێت ژنی هەبێت. شەماشەیەك ئەگەر ژنی هەبێت و گونجاو و پێویست بێت بۆ قەشە، دەچێت کۆلێژی فەلسەفە و لاهووت دەخوێنێت و پاشان دەبێت بەقەشە.

هەروەها قوتابی (سمینێر) و ئەوانەی ( کۆلێژی فەلسەفە و لاهووت)تەواو دەکەن ئەگەر ژنیان نەبێت، دەبن بە قەشە. راهیبی دێر بەهیچ جۆرێك ژنیان نییە و ئەگەر کۆلێژی فەلسەفە و لاهووتی خوێند، دەبێت بەقەشە. قەشەی دێر بۆی نییە بەهیچ جۆرێك هاوسەرگیری بکات. ڕاهیبە بۆیان نییە هاوسەرگیری بکەن، بەڵام ئەگەر ویستیان هاوسەرگیری بکەن، ئەوا دەبێت واز لە ڕەبەنی بهێنن. هەرچەندە ئەمانە نابنە قەشە و هەتا ئەمرن ڕاهیبەن یان سەرۆکی دێرن.

### ژ- فرەژنی لە ئاینی مەسیحیدا:

بەپێی ئینجیل و یاسای کەنیسە بۆمان دەردەکەوێت بەهەمان شێوەی تەڵاق، فرەژنیش قەدەغە کراوە. پیاوانی مەسیحی تەنها یەك ژن دەهێنن و ژنانیش تەنها یەك مێرد دەکەن، ئەمەش دەکرێت بەخاڵێکی گرنگی یەکسانی لە ئەرك و ماف لە نێوان ژن و پیاودا لە ئاینی مەسیحیدا بزانین، ئەم یەك ژنییە تەنها لەناو باوەڕدارنی هەرێمی کوردستان یان شارێکی وەك سلێمانی نییە، بەڵکو لەسەرجەم کەنیسەکانی جیهاندا، فرەژنی حەرامە. هیچ یاسایەکی کەنیسە نییە ڕێگا بە فرەژنی بدات، ئەگەر ژن نەتوانێت منداڵی ببێت، یان نەخۆش بێت، نابێت پیاو ژنی بەسەر بهێنێت و کەنیسە مارەی ناکات. واتە ئاینی مەسیحی لە هیچ بارودۆخ و حاڵەتێکدا، ڕێگا بە فرەژنی نادات[٢]. هەر لەبەر ئەم هۆکارە ئاینییە بەهیچ جۆرێك حاڵەتی فرەژنی لە ناو مەسیحییەکانی سلێمانیدا ڕووی نەداوە.

### ر- دیاردەکانی، گەورە بە بچوك، شیربایی، چارەسەرکردنی دوژمنایەتی بە ژن، تەڵاق بە تەڵاق، بەهیچ جۆرێك و لە هیچ سەردەمێکدا لەناو مەسیحییەکانی سلێمانیدا ڕووی نەداوە[٣].

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی ، ٢٠١٦/٤/٢٠.

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. سوعاد یوسف یعقوب حداد، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٥. عبدالاحد یوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ .

٣- ئاڤان نجیب شمعون صراف، سلێمانی،٢٠١٧/٩/١٧. عالیة بطرس اسکندر علکة، سلێمانی، ٢٠١٧/٩/١٩

سەبارەت بە (ژن بەژن) لەناو مەسیحییەکانی شاری سلێمانیدا وەك نەریتێکی هاوسەرگیری ڕووی نەداوە، بەڵام حاڵەت ڕووی داوە، کە بەماوەیەك دوای هاوسەرگیری کوڕ و کچێك، برای کچەکە هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکی کوڕەکە کردووە.

**ژ– حەرامکردنی هاوسەرگیری لە نێوان هەندێك لەخزمە نزیکە هاوخوێنییەکان(تحريم الزنا بالمحارم):**

هەموو کەلتوورێك یاسا و دابونەریتێکی تایبەتی هەیە بە ڕێکخستنی هاوسەرگیری لە نێوان خزمایەتی خوێنی، بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە مانەوە و ئارامی بەردەوامی خێزان، لە ئاینی مەسیحیدا هاوسەرگیری لەگەڵ (دایك، خوشك، برازا، خوشکەزا، پوور، ئامۆژن، خاڵۆژن، براژن) ڕێگەپێدراو نییە و حەرامە[1].

## ٤- جیابونەوە (تەڵاق)Divorce:

جیابونەوە هەڵوەشانەوەیەکی یاسایی پەیوەندی هاوسەرگیرییە[٢]. تەڵاق لە ئاینی مەسیحیدا قەدەغەکراوە، چونکە پرۆسەی هاوسەرگیری لە ئاینی مەسیحیدا پیرۆزیی خۆی هەیە، بە یەکێك لە نهێنییەکانی مانەوە و یەکگرتوویی خێزانی مەسیحی ناودەبرێت، تەنانەت کەنیسە تێڕوانینی بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری لە بوون و بەردەوامی خێزانێکی یەکگرتوودا دەبینێتەوە. مەسیح دەڵێت: (ئەوەی خودا بەیەکتری گەیاندووە مرۆڤ جیای ناکاتەوە)[٣] بەمەش دەردەکەوێت ئاینی مەسیحی و کەنیسە ڕەزامەندی بە تەڵاقدان نادات.

لە ئێستادا کەنیسەی کاسۆلیکی لەبەر زۆربوونی کێشەی خێزانی و پێکەوە نەگونجانی هاوسەرەکان، وەك خۆگونجاندنێك لەگەڵ گۆڕانکاریی و ئاڵۆزییەکانی سەردەم و هاوکات لانەدان لەو پرەنسیپە گشتییەی کە خێزانی مەسیحی لەسەر بونیاد نراوە، ڕێگەدراوە کە هاوسەرگیرییە پڕ کێشەکان(ژن و پیاوێك کێشەیان هەبێت و بەیەکەوە نەگونجێن) ماوەیەك لە یەك دوربخرێنەوە، ئەم پرۆسەیەش پێی دەوترێت (تفريق مؤقت– انفصال ) سەرەتا لە کەمترین ماوە کە (سێ) مانگە دەستپێدەکات و درێژترین ماوەی (چوار) ساڵە، بەئامانجی ئەوەی لەو ماوەیەدا هەوڵ بدرێ خۆیان ڕێکبکەونەوە، یان خزم و کەسوکاریان و قەشە بتوانن بەیەکیان بگەیەننەوە و کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتری، بەڵام ئەگەر لەو ماوەیەدا ڕێکنەکەوتنەوە و نەچوونەوە لای یەك بە بڕیاری (دادگای کەنەسی)* لەیەك جیادەبنەوە و دەتوانن هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی تر بکەنەوە[٤].

---

١- سوعاد یوسف یعقوب حداد، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٥.

٢- عبد علي سلمان المالكي، المدخل الى الانثروبولوجيا الاجتماعية، الطبعة الأولى، دار نيبور، العراق، ٢٠١٤، ص ١١٦.

٣- مەرقۆس: ١٠/ ٩

*– دادگایەکە تایبەتە بە یەکلایکردنەوەی کێشەی یاسای مەسیحییەکان بەتایبەت کێشەی تەڵاق و زینا، لەسەر ئاستی مەترانیە هەیە و لەسەر ئاستی کەنیسە نییە، بۆ نموونە لەهەرێمی کوردستاندا تەنها لە عەنکاوە هەیە. چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەیان عیسی یوسف، سلێمانی،٢٠١٧/١/٣١، سلێمانی .

٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. ئاڤان نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٧/٧/١٩. سوعاد یوسف یعقوب حداد، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٥. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ عبدالاحد یوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥. بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١.

حاڵەتی تەڵاق لە نێوان مەسیحییەکانی سلێمانیدا دەگمەنە، بەجۆرێك لە(٧)ساڵی ڕابردوودا، (٢) حاڵەتی جیابوونەوە ڕوویداوە، کە ئەوانیش لە ساڵەکانی(٢٠١٣ و ٢٠١٧)دا ڕوویيان داوە[١].

ئاینی مەسیحی منداڵ نەبوونیش بەهۆ نازانێت بۆ جیابونەوە لە هاوسەر ، بۆیە چەندین خێزانی مەسیحی، خاوەنی منداڵ نین، بەڵام لەیەك جیانەبوونەتەوە. بەمانایەکی تر لە ئاینی مەسیحیدا هۆکاری منداڵ نەبوون ئەگەر پیاو بێت، نابێت ژن بیکاتە بەهانە بۆ جیابوونەوە، بەهەمان شێوە ئەگەر هۆکاری منداڵ نەبوون ژن بێت، پیاو بۆی نییە بیکاتە بەهانە بۆ جیا بوونەوە. هەروەها ئەگەر ژن نەخۆش بێت و توانای سێکسی نەبێت، پیاو ناتوانێت لێی جیابێتەوە.[٢]

تەڵاق بە دادگای کەنەسی و بە لیژنە لە عەنکاوە دەکرێت(لەبەر ئەوەی دادگای کەنەسی لە سلێمانی نییە)، دەبێت هۆی تەڵاق و لەیەکجابوونەوەکە لە دادگا بسەلمێنرێت، هەروەها ئەگەر پیاویش ناپاکی هاوسەری بکات، یان خراپ بێت لەگەڵ ژنەکەی، ژنەکەی دەتوانێت لە دادگای کەنەسی داوای جیابوونەوەی لێ بکات.

شایەنی باسە ئەگەر کچ یان کوڕێك لە خوار تەمەنی (١٨)ساڵی هاوسەرگیری کردبێت و کێشەی هەبێت لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، یان ژن و پیاوێك جیاوازییەکی زۆری تەمەنیان هەبێت و نەگونجابن بەیەکەوە، یان هەر جۆرە کێشەیەکیان هەبووبێت، کەنیسە و دادگای کەنەسی بەهۆکاری تەواونەکردنی تەمەنی (١٨)ساڵی، یان بە هۆکاری (جیاوازی تەمەن) هاوسەرگیرییەکەیانی هەڵوەشاندووەتەوە (ابطال الزواج) و لای کەنیسە بە (تەڵاق ) هەژمارنەکراوە[٣].

هەندێك لە مەسیحییەکان ئەم پرەنسیپەی کەنیسە کە ڕێگە بەتەڵاق نادات، بەشتێکی باش نازانن، چونکە دەڵێن: هەقە کەنیسە ڕەزامەندی جیابوونەوە بدات بەو ژن و پیاوانەی کە ناگونجێن و بەردەوام کێشەیان هەیە و حەز دەکەن جیاببنەوە[٤].

ڕێگە نەدان بەتەڵاق دوو ڕەهەندی هەیە:-

١- **<u>ڕەهەندی ئەرێنی:</u>** ڕێگە نەدان بەتەڵاق، خێزانەکان لە هەڵوەشاندنەوە دەپارێزێت و وا لە ژن و مێرد دەکات هەوڵبدەن بەیەکەوە بگونجێن و بەئاسوودەی بژین، بەهۆی ئەم ڕەهەندەوە منداڵەکانیان لەو کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییانە دەپارێزن، کە ڕووبەڕوی ئەو منداڵانە دەبێتەوە کە دایك و باوکیان جیابوونەتەوە.

٢- **<u>ڕەهەندی نەرێنی:</u>** ڕێگە نەدان بەتەڵاق، وا لە ژن و پیاو دەکات کە چەندین ساڵ بە کێشەو نائاسوودەیی بژین و پەیوەندی ژن و مێردایەتییان بەردەوام کێشەو ئاژاوەی خێزانی تێدابێت و بەهۆی ئەمەشەوە دەگونجێت توشی کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی ببنەوە.

---

[١]- نوسراوی کەنیسەی ماریوسف لە سلێمانی، ژمارە ٢٠١٧/١٢٧، لە ٢٠١٧/١١/٢. لە پاشکۆی ژمارە(٣)دا نیشان دراوە.

[٢]- بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١.

[٣]- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەیان عیسی یوسف، سلێمانی،٢٠١٧/١/٣١.

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ نیان بەشیر داود عەلەکە،، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٨. بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. ئاڤان نجیب شمعون صراف، سلێمانی،٢٠١٧/٩/١٧. عالیة بطرس اسکندر علکة، سلێمانی، ٢٠١٧/٩/١٩

## ٥- خێزان: (جۆر و ئەرکی خێزانی مەسیحییەکانی سلێمانی):

خێزان،گروپێکی کۆمەڵایەتی و یەکەیەکی بنەڕەتی کۆمەڵگەیە، لەناو هەموو گەل و کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتیدا بوونی هەیە، لە ژن و پیاو و منداڵەکانیان پێکهاتووە، بە ڕەزامەندی کۆمەڵگە پەیوەندی سێکسی لە نێوان ژن و پیاوەکەدا ئەنجامدەدرێت، ئەندامەکانی لە یەك خانوو(ماڵ)دا دەژین و پەیوەندی خزمایەتی و هاوکاری ئابووری لە نێوانیاندا هەیە، خێزان بەهۆی پرۆسەی منداڵبوونەوە توانای بەردەوامی و نوێبوونەوەی هەیە، ، هەموو ئەندامێك لە خێزاندا ماف و ئەرکی دیاریکراوی هەیە[١].

خێزان بریتییە لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و لە ژن و پیاوێك کە هاوسەرگیرییان بەیەکەوە کردووە و ئەو منداڵانەی لە ئەنجامی ئەو هاوسەرگیرییەوە لە دایکبوون پێکهاتووە، خێزان ئەرکی منداڵ خستنەوە و پڕکردنەوەی پێداویستی سێکسی ژن و مێرد و پەروەردەکردنی منداڵ و بەخێوکردنیان و تێرکردنی پێداویستییە دەروونییەکانی ئەندامەکانی و فێرکردنی سروتە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان جێبەجێ دەکات، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر سروشت و پێکهاتە و دەسەڵات و ئەرکەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە[٢].

هەروەها خێزان بریتییە لەو یەکە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا بەهۆی پرۆسەی پەروەردە و بە کۆمەڵایەتیبوونەوە،دابونەریتە کەلتوورییەکانی کۆمەڵگە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازێتەوە[٣].

خێزان دیاردەییەکی کۆمەڵایەتی جیهانی و دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە، لە( ژن و پیاو) و مناڵەکانیان پێکهاتووە و لە شوێنێکی دیاریکراوی هاوبەشدا دەژین و لە دوای مەراسیمی هاوسەرگیری پەیوەندییەکی سێکسی فەرمی و ڕێگەپێدراو لە نێوان (ژن و پیاو)دا هەیە و ئەرکی مناڵبوون و پەروەردەی مناڵەکانیان جێبەجێ دەکەن و هاوکاری ئابووری یەکتری دەکەن[٤]. هەروەها خێزان بناغەی سەرەکی کۆمەڵگەیە لە ڕووی ئەرکە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانییەوە[٥].

خێزانی مەسیحی لەسەر بنچینەی هاوسەرگیری ژن و پیاو دروست بووە، ئینجیلی پیرۆز دەربارەی پێکهێنانی هاوسەرگیری و خێزان دەڵێت: (لەسەرەتای دروستبوونەوە خودا مرۆڤی بەنێر و مێ دروستکرد، ئەو پیاوەی هاوسەرگیری دەکات دایك و باوکی بەجێدەهێڵێت و لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دەژی، ئیتر هەردووکیان دەبن بەیەك لەش و دوو نین، بەڵکو یەك لەشن، ئەوەی خودا بەیەکی گەیاندووە، مرۆڤ جیای ناکاتەوە.)[٦] لای مەسیحییەکان جیابوونەوە لە ماڵی باوکی کوڕ بەشێکە لە بەجێهێنان و تەواوکردنی پرۆسەی هاوسەرگیری، بەڵام کوڕە مەسیحییەکانی سلێمانی کە جیابوونەتەوە نەچوونەتە کرێچییەوە، بەڵکو چوونەتە خانووی خۆیان یان نهۆمی دووەمی ماڵی باوکی[٧].

---

١- شاكر مصطفى سليم، قاموس الأنثروبولوجيا، المصدر السابق،ص ٣٢٨.

٢- قيس النوري، المدخل الى علم الانسان، المصدر السابق، ص ٢١٣-٢١٩.

٣- لوسى مير، مقدمة فى الأنثروبولوجيا الاجتماعية، ترجمة وشرح: شاكر مصطفى سليم، الطبعة الثانية، دار الحرية للطباعة والنشر،بغداد، ١٩٨٣، ص٥٨٠.

٤- عاطف وصفي،الانثروبولوجيا الاجتماعية، الطبعة الثالثة، دار النهضة العربية،بيروت، ١٩٨١،ص ٩١

٥- قبارى محمد اسماعيل،رادكليف براون،مطبعة الوادى،الناشر المعارف بالاسكندرية،١٩٧٧،ص٥٤.

٦- مەرقۆس ١٠/٧-١٠

٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١.

له ڕابردوودا بەهۆی هەژارییەوە هاوسەرە تازە بەیەکگەیشتووەکان لەماڵی باوکی کوڕدا دەژیان، پاشان دوای چەند ساڵێك ماڵی خۆیان جیادەکردەوە، هەندێکیشیان ئەگەر توانای داراییشیان باش بوو‌بێت تا چەند ساڵێك جیانەبوونەتەوە، لە ئێستادا ئەو کوڕە مەسیحییانەی لە سلێمانیدا هاوسەرگیری دەکەن، زۆربەیان سەرەتا جیانابنەوە و وەك (خێزانی درێژکراوە)* لەگەڵ ماڵی باوکیان دەژین، ئەوانەی توانای داراییان باش نییە جیانەبوونەتەوە و هەر لەگەڵ ماڵی باوکیانا دەژین و نانخواردن و دانیشتنیان بەیەکەوەیە و تەنها ژووری نوستنیان جیایە، یان لە قاتێکی خانووی ماڵی باوکیاندان، ئەگەر توانای داراییان باش بێت خانوویەك یان شوقەیەك دەکڕن و جیادەبنەوە، هەندێکیشیان ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکەم ڕۆژی هاوسەرگیری بووك و زاوا لە ماڵی خۆیان وەك (خێزانی ناوکی)** دەژین.(١)

ماڵی جیا بۆ هاوسەرگیری لای مەسیحییەکانی سلێمانی مەرجی کچ و ماڵی کچ نییە و پەیوەندی بە(بڕیار و باوەڕ و توانای دارایی) کوڕ و کچەکەوە هەیە، کچ و ماڵی کچەکە هیچ فشارێك ناخەنە سەر کوڕەکە تا جیا ببێتەوە لەماڵی باوکی، یەکێك لە هۆکارەکانی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی باشی نێوان بووك و خەسوو لەناو مەسیحییەکاندا، بوکی مەسیحی بە دایکی مێردەکەی ناڵێت(خەسوو) کە بەزمانی کلدانی واتە(خماتە) بەڵکو پێی دەڵێت دایە(یمی) و بە باوکی مێردەکەی ناڵێت خەزوور و بە مامە(عمی) بانگی دەکات. هەروەها دایکی کوڕ لەبەر خاتری کوڕەکەی لە هەڵەی بووکەکەی چاوپۆشی دەکات چونکە دەزانێت کوڕەکەی ناتوانێت ژنەکەی تەڵاق بدات و بووکەکەش هەڵەی خەسووی قبووڵ دەکات، چونکە دەزانێت کە ناتوانێت لە مێردەکەی جیاببێتەوە.(٢)

* – خێزانی درێژکراوە(العائلة الممتدة): جۆرێکە لە جۆرەکانی خێزان و پێکهاتووە لە باوك و دایك و منداڵەکانیان و کچ و کوڕەکانیان کە هاوسەرگیرییان کردووە و منداڵەکانیان، کە بەخێزانی (هاوخوێن) دەناسرێت. ئەم خێزانە دروست دەبێت لە ئەنجامی بەردەوامی نشینگەی کوڕ و کچ دوای ئەوەی هاوسەرگیری دەکەن و منداڵیشیان دەبێت هەر لەگەڵ ماڵی دایك و باوکیان ئەمێننەوە و بەیەکەوە ئەژین. قيس النوری، المدخل الى علم الانسان، دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٢، ص ٢٢١. أحمد أبو زيد، البناء الاجتماعي– الأنساق، المصدر السابق، ص ٣١٥.

هەروەها خێزانی درێژکراوە: پێکهاتووە لە دایك و باوك و منداڵەکانیان و ئەو کوڕ و کچانەی کە هاوسەرگیریان کردووە و لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانیان لە ماڵی باوکیان یان لە یەك شوێنی نیشتەجێبووندا دەژین و هاوکاری ئابووری لە نێوانیاندا هەیە. محمد الخطيب، الأثنولوجيا، دار علاءالدين، الطبعة الثانية، ٢٠٠٩، دمشق، ص١٦١–١٦٣.

** – خێزانی ناوکی: جۆرێکە لە خێزان و لە دایك و باوك و ئەو منداڵانەیان کە هاوسەرگیرییان نەکردووە پێکدێت. محمد الجوهری، علياء شكری، مقدمة فی دراسة الأنثروبولوجيا، القاهرة، ٢٠٠٧، ص٦١.

خێزانی بچووك پێکهاتووە لە یەك (ژن و پیاو) و منداڵەکانیان کە لە یەك شوێنی نیشتەجێبووندا دەژین.

عاطف وصفي،الانثروبولوجيا الاجتماعية،المصدر السابق، ص٩١.

ئەم خێزانە بە خێزانی شارستانی دەناسرێت و بچوکترین یەکەی کۆمەڵایەتی شار و کۆمەڵگەیە و یەکەیەکی بنەڕەتییە بۆ تێگەیشتن لە شار. قيس النوري، الأنثروبولوجيا الحضرية، المصدر السابق، ص ٩٤.

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. ڕێڤین نوفل بابایوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٠. سوعاد یوسف یعقوب حداد، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٥. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠. عبدالاحد یوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥. الیزابێت داود، سلێمانی ٢٠١٦/٨/٢٦. بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. ئامانج نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠. جولێت فایەق عزیز شینە، سلێمانی،٢٠١٦/١١/١٠.

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١.

بەشێوەیەکی گشتی بوك و زاوای نوێی مەسیحییەکانی سلێمانی ئەگەر توانای مادییان باش بێت، لە ماڵی باوکیان جیادەبنەوە و بەجیا دەژین، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینییە خێزانی مەسیحی لە سلێمانیدا، یەکێك لە کوڕەکانیان(کوڕی گەورەی ماڵ یان کوڕی بچووك)بێت، ئەگەر باری ئابووریشی باش بێت، لە ماڵی باوکی دەمێنێتەوە و جیانابێتەوە، بەشێکیشیان حەز دەکەن کوڕی گەورەیان لەسەر ماڵی باوکی بمێنێتەوە و جیا نەبێتەوە، هەروەها کوڕی مەسیحی ئەگەر تەنیا دایکی لەماڵەکەدا مابێتەوە ئەوا دایکی بەتەنها جێناهێڵێت و جیانابێتەوە[1]، حاڵەتی دەگمەنیش هەیە کە کوڕەکە چووەتە سەر ماڵی کچەکە و مەسیحییەکان پێی دەڵێن(ختن علی بیت) لەکوردەواریدا پێی دەوترێت(زاوا ڕێوی)، ئەم چەمکە بە بڕوای ئێمە شیاو و پەسەند نییە، چونکە حاڵەتێکی زۆر ئاساییە ئەگەر کوڕ لە گەڵ هاوسەرەکەی لە ماڵی خەزووری بژی، ئەگەر لەبەر خاتری خەزوری یان خەسوی بێت بۆ چاودێری و بەخێوکردنیان ئەوە جێگەی ڕێز و پێزانینە و کارێکی مرۆڤدۆستانەیە.

لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا خێزان ئەرکی( بایۆلۆجی- تێرکردنی پێداویستی سێکسی ژن و پیاو و منداڵبوون، ئابووری، پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونی) [2] هەیە و جێبەجێیان دەکات. خێزانی مەسیحییەکانی سلێمانی سێ ئەرکی سەرەکی جێبەجێ دەکەن، کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین:- [3]

**أ) ئەرکی سێکسی و منداڵ بوون:**

یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی خێزان تێرکردنی پێداویستی سێکسی ژن و مێردە، ژن ومێردی مەسیحییەکانی سلێمانی لە ڕێگای هاوسەرگیریی و لە خێزانی خۆیاندا، پێداویستییە سێکسییەکانی خۆیان دابین دەکەن و لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییەشدا منداڵیان دەبێت. هەموو پەیوەندییەکی سێکسی لەدەرەوەی هاوسەرگیری و خێزان ڕەت دەکەنەوە.

**ب) ئەرکی پەروەردە:**

یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی خێزانی مەسیحییەکانی سلێمانی پەروەردە کردنی منداڵەکانیانە، ، هەروەها خێزان لە ناو مەسیحییەکانی سلێمانیدا کاریگەری بەهێزی هەیە لە سەر منالەکانیان، مرۆڤی مەسیحی لە سلێمانیدا لە ناو خێزانەکەی خۆیدا فێری قسە و زمانی ئاخاوتن بەها و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان بووە، سەرەتا لەناو خێزانەکەیدا زانیوویەتی ئاینەکەی چیە و بە ڕێنماییەکانی ئاینی مەسیحی ئاشنا بووە و پەروەردە کراوە، هەروەها بەهۆی خێزانەوە کەلتووری خۆیان بۆ منداڵەکانیان گواستووەتەوە.

هەروەها خێزانی مەسیحییەکانی سلێمانی، گرنگی بەمنداڵەکانیان دەدەن و چاودێرییان دەکەن و خۆشەویستی و ڕێز و پەسەندکردنیان بۆ دەردەبڕن. دایك و باوکی مەسیحی لە سلێمانیدا، زۆر جدین لە هاندان و هاوکاری کردن و چاودێری کردنی منداڵەکانیان بۆ خوێندن و سەرکەوتنیان لە قوتابخانە،

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١.

[2]- عبد علي سلمان المالكي، المدخل الى الأنثروبولوجيا الاجتماعية، المصدر السابق، ص١٠٠-١٠١.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. پەروین ئێلیا حنا، لەدایکبووی ١٩٥٢، پیشە: خانەنشین، سلێمانی، ١٩/ ٦/٢٠١٧. ئاڤان نجیب شمعون صراف، سلێمانی،٢٠١٧/٩/١٧. عالیة بطرس اسکندر علکە، سلێمانی، ٢٠١٧/٩/١٩

بەهۆی ئەمەشەوە ژمارەیەکی زۆریان زانکۆ و پەیمانگایان خوێندووە و خاوەنی بڕوانامەی بەرزو پسپۆڕی گرنگن.

**ج) ئەرکی ئابووری:**

ئەرکێکی تری سەرەکی خێزانی مەسیحییەکانی سلێمانی ئەرکی ئابووری و بەخێوکردنی منداڵەکانیانە، بەشێوەیەکی گشتی دایك و باوك تا ئەو کاتەی منداڵەکانیان خوێندن و تەواو دەکەن و کاری تایبەتی خۆیان دەبێت خەرجی ڕۆژانەیان بۆ دابین دەکەن، ژن و مێردی مەسیحییەکانی سلێمانی هەردووکیان کار دەکەن بۆ دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ خۆیان و منداڵەکانیان و دابینکردنی خۆراك و پاراستن و بەخێوکردنی منداڵەکانیان، بەشێك لە خێزانەکان هاوکاری کوڕەکەیان دەکەن لە دابینکردنی خەرجی ژن هێنان و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبووندا.

## ٦- پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لەو پەیوەندییانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگە پێکەوە دەبەستێتەوە، کە لە خێزان و خزمایەتیی و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تری ناو کۆمەڵگەدا ڕوودەدات [١]. هەروەها بریتییە لە پەیوەندی نێوان ئەندام و گروپەکانی کۆمەڵگە، کە دەبێتە هۆی کارلێکی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی بنەمای کارلێکی کۆمەڵایەتییە و مەرجی پێویستی بەردەوام بوونییەتی[٢]. مەسیحییەکانی سلێمانیی ڕایەڵەیەکی فراوانی پەیوەندی کۆمەڵایەتییان هەیە، کە لەم باسەدا دابەشمان کردووە بۆ شەش ئاست ، یان شەش جۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی:-

### أ) پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان مەسیحییەکانی سلێمانی (Social Contact):

پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان مەسیحییەکانی شاری سلێمانی پەیوەندییەکی بەهێزە و سەردانی یەکتری دەکەن و بەشداری خۆشی و ناخۆشی یەکتری دەکەن، هەرچەندە لە ڕابردوودا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەهێزتر بووە، چونکە ئەو کات هەموویان لە یەك گەڕەکدا(گەڕەکی سابونکەران- گەڕەکی گاوران) نیشتەجێ بوون و زیاتر تێکەڵی یەکتری بوون، بەیەکەوە گەورەبوونی منداڵەکان لە گەڕەکی گاوران و بەیەکەوە ڕۆشتنی باوکان بۆ چایخانەکان و قسە و باسی بەردەرگای ژنەکان و گێڕانەوەی سەرگوزشتە و باسکردنی ئیشی ڕۆژانە بۆ یەکتری، جۆرێکی تایبەتی لە پەیوەندی دراوسێیەتی و کۆمەڵایەتی لە ناو مەسیحییەکانی سلێمانیدا دروست کردبوو، هەروەها لە ڕابردوودا چالاکی ڕۆشنبیری و ئاهەنگ و کۆبوونەوەی گەنجان و خێزانەکانیان زیاتر بووە، بەڵام لە ئێستادا هەر ماڵە و لە گەڕەکێکن و ژمارەیەکی زۆریشیان کۆچیان بۆ ئەوروپا کردووە.[٣]

---

١- مليحة عوني القصير، معن خليل عمر، المدخل الى علم الاجتماع، جامعة بغداد، ١٩٨٦، ص ٧١.

٢-- شاكر مصطفى سليم، قاموس الأنثروبولوجيا، المصدر السابق، ص ٨٩٥

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ: توانا بەشیر داود، سلێمانی،٢٩ /٢٠١٦/٨ . نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥. ئاڤان نجیب شمعون صراف، سلێمانی،٢٠١٧/٩/١٧. عالية بطرس اسكندر علكة، سلێمانی، ٢٠١٧/٩/١٩

هەروەها نەوەی نوێی مەسیحییەکانی سلێمانی لەگەڵ دایك و باوکیان و کەسانی بەساڵاچوودا، ململانێی (بەها ئاکاری و کۆمەڵایەتییەکانیان)* نییە، چونکە گۆڕان لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئاینیاندا ڕووی نەداوە و لەسەر (پێوەرە کەلتوورییەکان)** ڕێکەوتوون و تێگەیشتنێکی هاوبەشیان بۆ بەها کۆمەڵایەتی و ئاکارییەکان هەیە. ئاینی مەسیحی ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە لە ڕێکەوتنیان لەسەر پێوەرە کەلتوورییەکان و یاسا ڕەوشتییەکان و دابونەریتەکانیان.

## ب) پەیوەندی ژن و مێردایەتی:

دەربارەی پەیوەندی ژن و مێردایەتی ئینجیلی پیرۆز دەفەرموێت:( پێویستە پیاوان ژنەکانیان وەك لەشی خۆیان خۆش بوێت، ئەوەی ژنی خۆی خۆش بوێت، خۆی خۆش دەوێت، چونکە کەس ڕقی لە لەشی خۆی نابێتەوە، بەڵکو خۆراکی دەداتێ و بایەخی پێدەدات دەکات، باهەریەك لە ئێوە ژنەکەی وەك خۆی خۆش بوێت، ژنیش دەبێ ڕێز لە مێردەکەی بگرێت.)[1]

ژن و مێردی مەسیحی لە شاری سلێمانیدا ڕێز لەیەك دەگرن و بیروبۆچونی یەکیان بەلاوە گرنگە و پەیوەندییەکی باشی خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەیە، بە شێوەیەکی گشتی پیاوی مەسیحی لە سلێمانیدا لەگەڵ ژن مێردێکی باشە و زۆربەی هەرە زۆریان لەم سەردەمەدا لە ژن نادەن و جنێو بەژن نادەن. هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاینی مەسیحی، کە ڕێزێکی زۆر بۆ ئافرەت دادەنێت، هەروەها هیچ جیاکاری و جیاوازییەك لە نێوان ئافرەت و پیاودا لە جێبەجێکردنی سروتە ئاینییەکاندا ناکرێت، ئاینی مەسیحی هەمان ئەو مافانەی داوە بە ئافرەتان کە پیاوان هەیانە، ئەمانەش بوون بە بنەمای پەیوەندی نێوان ژن و پیاو، چونکە بەپێی ڕێنمایی ئاینی مەسیحی و یاساکانی کەنیسە، پیاو ناتوانێت توندوتیژی جەستەیی و دەروونی بەرامبەر ژنەکەی ئەنجام بدات، پیاو ناتوانێت ژنەکەی تەڵاق بدات، پیاو ناتوانێت فرەژنی ئەنجام بدات [2].

---

* - بەها ئاکاری و کۆمەڵایەتییەکان: لە هەموو قۆناغێکدا پەیوەندییەکی بونیادیی و وەزیفییان بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئاینییەوە هەیە، بەهۆی ئەوەی هەموو گۆڕانێك لەو سیستەمانەدا دەبێتە هۆی گۆڕانی بەها کۆمەڵایەتی و ئاکارییەکان. محمد عاطف غيث، دراسات فی علم الاجتماع القروي،دار المعارف،الاسکندرية،١٩٦٧،ص ٧٧.

** - پێوەرە کەلتوورییەکان: کۆمەڵێك پێوەرن کە تاکەکانی کۆمەڵگە لە سەر بنەمای گونجانی ئەو پێوەرانە لەگەڵ کەلتوورەکەیان لەسەر قبووڵکردنی ڕێککەوتوون.

قيس النوري، الانثروبولوجيا النفسية، دار الحكمة، الموصل، ١٩٩٠،ص٣٠٤.

[1] - نامەی پۆلس بۆ باوەڕدارانی ئەفەسۆس ٥/٢٨-٣٣ )

[2] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: عبدالاحد يوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ . ئەدمۆن أنوەر نیسان، سلێمانی، ٢٠١٧/٤/٢٩. شوان جميل عيسى، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٨. نیان بەشير داود عەلەکە، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٨. بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. ئاڤان نجيب شمعون صراف، سلێمانی،٢٠١٧/٩/١٧. عالية بطرس اسكندر علكة، سلێمانی، ٢٠١٧/٩/١٩.

ژن و پیاو لە ئاینی مەسیحیدا، لە بەجێهێنانی ئەرك و مافی هاوسەرگیریدا هاوسەنگ و یەکسانن، لەم بارەیەوە نامەی پۆلس بۆ (کۆرنسۆس)* دەڵێت: (( بامێرد مافەکانی ژن و مێردایەتی سەبارەت بەژنەکەی کە دەکەوێتە ئەستۆی بدات بە ژنەکەی، هەروەها ژنیش مافی مێردەکەی بدات، چونکە ژن دەسەڵاتی بەسەر لەشی خۆیەوە نییە، بەڵکو هی مێردەکەیەتی، هەروەها مێردیش دەسەڵاتی بەسەر لەشی خۆیەوە نییە، بەڵکو هی ژنەکەیەتی، کەستان خۆی بێ بەش نەکات لەوەی دیکە، تەنها کاتێك نەبێ کە هەردووکتان لەسەر ئەوەڕێکەوتبن، بەمەبەستی کات تەرخان کردن بۆ نوێژ،ئینجا بگەڕێنەوە بۆ ژیانی ژن و مێردایەتی.))[١]

ژن و مێردی مەسیحییەکانی سلێمانی ڕێزو خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەیە، لەبەر ئەوەی کەنیسەی کاسۆلیك ڕێگە بە تەڵاق و جیابوونەوە نادات، هەموو هەوڵێك دەدەن بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتری بگونجێن و یەکتری ڕازی بکەن، ئەوەی شایەنی سەرنجە پیاوانی مەسیحی کلدانی لەگەڵ ژنەکانیان نەرمترن، بە بەراورد بە پیاوی مەسیحی ئاشووری، بەدەربڕینێکی تر دەوترێت: ( لە ناو مەسیحییە کلدانییەکاندا ژن لە ناو خێزاندا دەسەڵاتی زیاترە، مەسیحییە ئاشوورییەکانیش پیاو لە خێزانەکەیدا دەسەڵاتی زیاترە.)

## ج) پەیوەندی خزمایەتی مەسیحییەکانی سلێمانی(kinship)

خزمایەتی لە بنەڕەتدا لە سەر (پەیوەندی خوێن و ژنخوازی)** دروست بووە، کە پەیوەستن بە خێزان و هاوسەرگیرییەوە، خزمایەتی بابەتێکی سەرەکییە لە توێژینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجیدا، چونکە ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لە ژیانی مرۆڤدا، بەتایبەت لە کۆمەڵگە سەرەتایی و نەریتییەکاندا [٢]. خزمایەتی پەیوەندییەکی پەسەندکرا و باوەڕپێکراوی کۆمەڵایەتییە و لە سەر بنەمای ( پەیوەندی خێزانی و خوێنی و ڕەچەڵەك و بنەچەی دایك و باوك و هاوسەرگیری و ژن و ژنخوازی)یەوە دروست دەبێت[٣].

---

* – کۆرنسوس: لە سەدەی یەکەمی زاینیدا کۆرنسۆس شارێکی یۆنانی بووە، پۆلس کە یەکێك بووە لە مژدەدەرەکانی ئاینی مەسیحی، دوو نامەی بۆ مەسیحییەکانی ئەو شارە ناردووە و کەنیسەیەکی تێدا دامەزراندووە. موسوعه الكتاب المقدس، دار منهل الحياه، ودار الكتاب المقدس، لبنان، ١٩٩٣، ص ٢٧٠.

١– ئینجیلی پیرۆز/ کۆرنسۆس نامەی یەکەم ٧/٣–٦

** – پەیوەندی ژنخوازی: بەهۆی پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە دروست دەبێت، کە پیاو بەخزم و کەسی ژن، یان ژن بە خزم و کەسی پیاو دەبەستێتەوە، بەڵام پەیوەندی خوێنی لە ئەنجامی پەیوەندی هاوسەرگیری و ڕەچەڵەکەوە دروست ئەبێت، وەك ڕەچەڵەکی دایکایەتی و باوکایەتی.

علاءالدين جاسم البياتي، البناء الاجتماعي والتغير في المجتمع الريفي، الطبعة الثانية، دار التربية، بغداد، ١٩٧٥، ص ١٥٩–١٦٠.

٢– أحمد أبو زيد، البناء الاجتماعي– مدخل لدراسة المجتمع، الأنساق، الجزء الثاني، الطبعة الثالثة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الاسكندرية، ١٩٧٩، ص٣٤١، ٣٨٠.

٣– شاكر مصطفى سليم، قاموس الأنثروبولوجيا، المصدر السابق،ص ٥٣١، دينكن ميشيل، معجم علم الاجتماع، ترجمة: احسان محمد الحسن، دار الرشيد للنشر،دار الحرية للطباعة،بغداد، ١٩٨٠، ص١٨٣. لوسي مير، مقدمة في الانثروبولوجيا الاجتماعية، ترجمة وشرح: شاكر مصطفى سليم، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ص٣٥٤.

خزمایەتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، پەیوەستە بە دیاردە بایۆلۆجییەکانەوە، سیستەم و بنەماکانی خزمایەتی لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی تر جیاوازە، هەروەها هاوسەرگیری و ژن و ژنخوازیش بنەمایەکی تری دروستبوونی خزمایەتییە[1].

پەیوەندی خزمایەتی بریتییە لەو پەیوەندییانەی کە لەسەر بنەمای کارلێکی ڕاستەوخۆ و هاوخوێنی و ژن و ژنخوازی دروست دەبێت، هەروەها خزمایەتی پشت بە ڕەچەڵەك(النسب) دەبەستێت و ئامرازێکی بەهێزی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییە[2]. هەروەها سیستەمی خزمایەتی بەشێکی سەرەکی پێکهاتە و و بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە پێك دەهێنێت[3].

مەسیحییەکانی سلێمانیش سیستەمی خزمایەتی تایبەت بە خۆیان هەیە، لێرەدا تایبەتمەندییەکانی پەیوەندی خزمایەتی مەسیحییەکانی سلێمانی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ڕووندەکەینەوە:- [4]

١- ڕایەڵەی خزمایەتی (هاوخوێنی و ژن و ژنخوازی) بنەمای سەرەکی خزمایەتییە لە نێوانیاندا.

٢- پەیوەندییە خوێنییەکان(بایۆلۆجی)بەهێزترین جۆری خزمایەتین.

٣- مۆبایل و فەیسبووك و ئینتەرنێت، تاڕادەیەك گۆڕانی بەسەر پەیوەندی خزمایەتیدا هێناوە و تاڕادەیەك شوێنی سەردانی ڕاستەوخۆی گرتووەتەوە.

٤- بەهۆی کۆچکردنی بەشێك لە مەسیحییەکانی سلێمانی بۆ ئەورووپا و ئاڵۆزی ژیانی ئەم سەردەمە و بڵاوبوونەوەیان بەگەڕەکەکانی شاری سلێمانیدا، کە جاران لە یەك گەڕەکدا نیشتەجێبوون، پەیوەندی خزمایەتی مەسیحییەکانی سلێمانی گۆڕانی بەسەرداهاتووە و کەمتر لە جاران سەردانی یەکتری دەکەن.

٥- جگە لە پەیوەندی خزمایەتی لەسەر بنەمای خوێن و ژن و ژنخوازی، جۆرێکی دیکەی خزمایەتی لە نێوان مەسیحییەکانی سلێمانیدا هەیە، کە بریتییە لە خزمایەتی لەسەر بنەمای ( شوێنی نیشتەجێبوون) هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە مەسیحییەکان لەبنەڕەتدا، کە لە سلێمانیدا نیشتەجێ دەبن، وەك خێڵ و بنەماڵە نیشتەجێ نابن، بەڵکو ئەوان لە شێوەی خێزانی بچووك لە سلێمانیدا نیشتەجێدەبن، بەشێکیان بەزگوردێتی بەهۆی دامەزراندنی حکومی و فەرمانبەرییەوە لە سلێمانیدا نیشتەجێ دەبن و هاوسەرگیری دەکەن، بەدەگمەن دەبینیت خێزانێکی مەسیحی لە سلێمانیدا خاوەنی چەندین ئامۆزا و پورزا و خاڵۆزا بێت، دەرەنجام ئەم دابڕانە لە خێڵ و بنەماڵە بووەتە هۆی ئەوەی مەسیحییەکانی سلێمانی بەهۆی پێکەوە ژیانیان لە یەك گەڕەك و لە یەك شاردا، پەیوەندییەکی تری خزمایەتی لەسەر بنەمای (شوێنی نیشتەجێبوون) دروست بکەن[5].

---

[1]- رالف ل. بيلز و هاری هويجر، مقدمة فی الأنثروبولوجيا العامة، ترجمة: محمد الجوهری و السيد محمد الحسينی، الجزء الأول، دار نهضة مصر، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، ١٩٧٦، ص ٤٦١-٤٦٢.

[2]- قيس النوري، المدخل الى علم الانسان، المصدر السابق، ص ٢٠١-٢٠٢

[3]- فاتن شريف، الاسرة والقرابة دراسات فی الانثروبولوجيا الاجتماعية، الطبعة الأولى، دار الوفاء، مصر، ٢٠٠٦، ص٣٥.

[4]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجيس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥. بەيان گورگيس ئەوديشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. چاوپێکەوتن لەگەڵ: سناء ناصر قدوري، سلێمانی،٢٠١٧/٨/١٣. پەروين ئێليا حنا، سلێمانی، ١٩/ ٢٠١٧/٦. ئاڤان نجيب شمعون صراف، سليَمانی،٢٠١٧/٩/١٧. عالية بطرس اسكندر علكة، سليَمانی، ٢٠١٧/٩/١٩

[5]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: سوعاد يوسف يعقوب حداد، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٥. عبدالاحد يوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ . اليزابێت داود، سلێمانی ٢٠١٦/٨/٢٦. سميره حنا عازر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٧. ئامانج نجيب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠.

٦- بەشداریکردنی خۆشی و ناخۆشییەکان و چوون بۆ کەنیسە لە ڕۆژانی یەك شەممەدا دەیانکات بە جۆرێکی تر لە خزم، خزمێك کە لە خوێنەوە نییە، بەڵکو لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادانەوەیە و لە ئەنجامی بەدەنگەوەچوون و خۆشەویستی و پێویستی بۆ یەکتری بونیاد نراوە و لەسەر بنەمای (پەیوەندی کۆمەڵایەتییە).

٧- بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی مەسیحییەکانی سلێمانی لەسەر بنەمای(هاوئاینی)خۆیان بەجۆرێك لە خزمی یەکتری دەزانن.

٨- بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی خزمایەتی مەسیحییەکانی سلێمانی لەگەڵ ئەو خزمانەدا، کە لە (٢٠٠)ساڵی ڕابردوو لەشاری سلێمانیدا بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە بۆیان دروست بووە، پەیوەندییەکی پتەوە و هاتوچۆی یەکتری دەکەن و لە کاتی (نەخۆشی و جەژن و پرسە)دا هەواڵی یەکتریی دەپرسن و بەشداری خۆشی و ناخۆشی یەکتریی دەکەن.[١]

٩- ڕیزبەندی سیستەمی خزمایەتی بەم جۆرەیە:

( باوك، دایك، کوڕ، کچ، برا ، خوشك ، برازا ، خوشکەزا، مام ، خاڵ، پور، ئامۆزا، خاڵۆزا، پورزا )[٢]. هەرچەندە ئەمە جێگیر نییە و لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی تر دەگۆڕێت.

١٠- پەیوەندی خزمایەتی بووك و خەسوو، باشە و کێشەی بەردەوامیان نییە و زۆربەیان بەیەکەوە لە یەك خانوودا دەژین.

١١- پشت و ڕەچەڵەکی (باوك و دایك) هەردووکیان بە یەکسانی پەیوەندی خزمایەتی دروست دەکەن و مەسیحییەکانی سلێمانی پەیوەندی خزمایەتییان لەگەڵ خزم و کەسەکانی (دایك و باوکیان)دا هەیە. ئەم جۆرە لە نەسەبی خزمایەتی لە ئەنسرۆپۆلۆجیادا پێی دەوترێت( ڕەچەڵەکی دوولایەنی- نسب ثنائي) [*] هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی پێگەی ژن لە دابونەریتی مەسیحییەکاندا و بۆ پیرۆزی ژن لە ئاینی مەسیحییدا.

١٢- مەسیحییەکانی سلێمانی خێڵ و هۆزیان نییە. تەنها خێزان و (بنەماڵە)[*]یان هەیە. بنەماڵەکانیان هەر یەکەیان بەناوی باپیرە گەورەیانەوە ناسراوە. وەك بنەماڵەی ( عەلەکە، پەری، صەراف، نیسان، عەمران، قەدوری، تۆما)

## د) پەیوەندی کۆمەڵایەتی مەسیحییەکان لەگەڵ موسوڵمانەکانی سلێمانیدا:

مەسیحییەکانی سلێمانی پەیوەندی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ موسوڵمانەکاندا لەسەرەتای دروستبوونی شاری سلێمانی و لە کاتی هاتنی مەسیحییەکان بۆ سلێمانی دەست پێدەکات،لە ڕابردووشدا مەسیحییەکانی سلێمانی پەیوەندی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ موسوڵمانەکاندا باش بووە، (مێجەرسۆن) لە ساڵی (١٩٠٩) کە لە سلێمانی بووە، لە گەشتەکەیدا نوسیویەتی:-

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەدمۆن أنوەر نیسان، سلێمانی، ٢٠١٧/٤/٢٩. شوان جمیل عیسی، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٨.

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەدمۆن أنوەر نیسان موسی، سلێمانی، ٢٠١٧/٤/٢٩.

[*]- ڕەچەڵەکی دوولایەنی( نسب ثنائي): ئەو ڕەچەڵەکەیە کە تاك باوەڕی بە پەیوەندی خزمایەتی لە ڕێگەی نێر و مێ (باوك و دایکی) هەیە. شاکر مصطفی سلیم، المدخل الى الأنثروبولوجیا، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٧٥، ص ٥٠.

[*]- لێرەدا مەبەست لە بنەماڵە یان بەرەباب: چەند خێزانێکن کە لە یەك باوك کەوتوونەتەوە.

**(چوومە سلێمانی، لە ساڵی(١٩٠٩)لە ناوبازاڕدا، مەسیحییەکی خەڵکی(موصل) ناوی(مەتی)بوو، بۆی باسکردم: کە ماوەی(٢٠)بیست ساڵە لە سلێمانیدا خەریکی کاسپی و بازرگانییە و تا ئەو کاتە توشی هیچ گێچەڵ و کێشەیەك نەبووە)[١].**

**مەسیحییەکانی سلێمانی پەیوەندی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ دراوسێ و هاوڕێ موسوڵمانەکانیاندا پەیوەندییەکی زۆرباشە و پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانەی ڕاستەقینە لە نێوانیاندا هەیە، بەشداری خۆشی و ناخۆشی یەکتری دەکەن و هاتووچۆی خێزانیان هەیە و بەیەکەوە سەیران دەکەن و بەشداری ئاهەنگی بووك گواستنەوە و پرسەی یەکتری دەکەن، لەحاڵەتی نەخۆشی و لە جەژنەکاندا سەردانی یەکتری دەکەن و جەژنە پیرۆزە لەیەکتری دەکەن[٢].**

**مەسیحییەکانی سلێمانی لە ئێستادا لە گەڕەکێکی دیاریکراودا کۆنەبوونەتەوە، بەڵکو بەچەندین گەڕەکی شاری سلێمانیدا بڵاوبوونەتەوە، بەهۆی پتەوی پەیوەندی کۆمەڵایەتیان لەگەڵ موسوڵمانەکانی شاری سلێمانی هەست بەنامۆیی ناکەن و کێشەیان لەگەڵ موسوڵمانەکان نییە، پەیوەندی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ هەندێك لە کوردە موسوڵمانەکانی دراوسێیان لەوەدا دەردەکەوێت کە موسوڵمانەکان فێری قسەکردن بە زمانی سریانی بوون، ئەمەش ئاماژەیە کە (پەیوەندی کەلتووری)* لە نێوانیاندا دروست بووە[٣].**

**جێگەی سەرنجدان و ئاماژەیە مەسیحییەکانی سلێمانی دەڵێن: پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان مەسیحییەکان و موسوڵمانەکانی سلێمانی، لە ڕابردوودا باشتر و پتەوتر بووە، چونکە بوونی حیزبی ئیسلامی سیاسی و هەندێك مەلای ئیسلامی توندڕەو، کاریگەری نەرێنی کردووەتە سەر پەیوەندی مەسیحی و موسوڵمانەکانی سلێمانی، هەروەها بوونی پرۆگرامی فراوانی ئیسلامییەکان بۆ بە ئیسلامی کردنی کۆمەڵگە، کاریگەری نەرێنی کردووەتە سەر پەیوەندی مەسیحی و موسوڵمانەکانی سلێمانی، بەتایبەت بوونی چەندین تەلەفزیۆنی ئیسلامی و سەدان کتێبی جۆراوجۆر و دەیان وتاربێژی توندڕەوی سەلەفی و پرۆگرامی پەروەردەیی ئیسلامییەکان بۆ منداڵان، کاریگەری نەرێنیشی کردووەتە سەر هەست و پەیوەندی منداڵان و نەوجەوانانی مەسیحی و موسوڵمانەکانی سلێمانی.[٤]**

---

[١]– شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، محەمەد ڕەسوڵ هاوار، بەرگی یەکەم، لەندەن، ١٩٩٠، ل ل ٨٠–٨١.

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: ڕێڤین نوفل بابایوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١١. سوعاد یوسف یعقوب حداد، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٥. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ . توانا بەشیر داود، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٩ . ئامانج نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠. نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥.

*– پەیوەندی کەلتووری: پرۆسەیەکە لە چوارچێوەیدا بەشێك لە توخم و تایبەتمەندی کەلتوورە جیاوازەکان، دەگوازرێنەوە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر، بەهۆی پەیوەندی کەلتوورییەوە نەتەوە و کۆمەڵگە جیاوازەکان توخمی کەلتووری لەیەکتری دەخوازن و ئەمەش دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی کەلتووری کە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی گۆڕانی کەلتووری. نخبة من أعضاء هيئة التدريس، الأنثروبولوجيا، دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٩، ص١٦٤.

[٣]– چاوپێکەوتن لەگەڵ: ئارام عیسا یوسف، لەدایکبووی ١٩٧١، پیشە: فەرمانبەر، سلێمانی،. ١٠/٢/ ٢٠١٧. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ . ئامانج نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠.

[٤]– نەبیل شەمعون داود، لەدایکبووی ١٩٥٧، پیشە: ژمێریار– یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی لە دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠.

شاری سلێمانی هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە سیمایی فرەئاینی و پێکهاتەی جیاوازی پێوە دیاربووە و موسوڵمان و جولەکە و مەسیحی و کاکەیی، بەیەکەوە و بەئاشتی لەم شارەدا ژیاوون، بەڵام لە دوای ساڵی(١٩٩١) بەهۆی هێرشکردنە سەر مەسیحییەکان لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و لە وتاری هەندێك مەلای ئیسلامی سیاسی سەلەفی توندڕەودا، دڵەڕاوکێ و گومانی لای مەسیحییەکانی سلێمانی دروست کردووە، سەبارەت بە ئایندەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ موسوڵمانەکاندا.

بنەمای بیرکردنەوەی ئەم پەیوەندییە باشەی نێوان مەسیحییەکان و مەسوڵمانەکانی سلێمانی، لە تێڕوانینیان بۆ کەلتووری خۆیان و بۆ کەلتووری موسوڵمانەکان سەرچاوە دەگرێت، کە لە ئەنسرۆپۆلۆجیادا پێی دەوترێت:( ڕێژەیی کەلتووری)* چونکە باوەڕیان وایە کە هەر کەس و ئاینێك لەگەڵ کەلتووری خۆیدا گونجاوە و هەر کەلتوورێك بۆ کۆمەڵی خۆی باشە.

## ه) هاوڕێیەتی:

مەسیحییەکانی سلێمانی هاوڕێیەتی مەسیحی و موسوڵمان دەکەن و بۆ هاوڕێیەتی سنورێکی ئاینییان نییە و جیاوازی ناکەن لە نێوان کەسی مەسیحی و موسوڵماندا، لەو هاوڕێیەتییەدا سەردانی ماڵی یەکتری دەکەن، دەعوەتی یەکتری دەکەن، بەیەکەوە گەشت و سەیران دەکەن. زۆربەی مەسیحییەکانی سلێمانی، زۆربەی هاوڕێکانیان موسوڵمانن، هەندێکیان هاوڕێی مەسیحییان نییە و هاوڕێی موسوڵمانیان هەیە و زۆربەیان هاوڕێ زۆر تایبەت و نزیکەکانیان موسوڵمانن. [1].

* - ڕێژەیی کەلتووری: وەك ( بواس و روث بینیدیکت) زانا ئەنسرۆپۆلۆجیە ئەمریکیەکانی تر دەڵێن: ڕێژەیی کەلتووری واتە هەموو کەلتوورێك تایبەتمەندی خۆی هەیە و هەموو کەلتوورێك ئەبێت لەسەر بنەمای بارودۆخی تایبەت و واقعی خۆی هەڵبسەنگێنرێت و هەموو کەلتوورێك کات و شوێنی دیاریکراوی خۆی هەیە و چەندین جۆر و شێوازی کەلتووری جیاواز هەیە و هەر کەلتوورێك بە شێوازی دیاریکراوی خۆی جیادەکرێتەوە و جیاوازە لە کەلتوورێکی تر، هەموو کەلتوورەکان بەرهەمی هەندێك هۆکاری مێژوویی جیاوازە، کە مانا و واتای ناوچەیی هەیە، هەموو کەلتوورێك لەسەر بنەمای بارودۆخی تایبەت و واقیعەکەی دەتوانرێت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، هەروەها هەموو کەلتوورێك کەلتوورێکی گونجاوە لەگەڵ ئامانجەکانی خۆیدا.

علي محمود ليلة، محمد محمود الجوهري، علياء علي شكري، التغير الاجتماعي والثقافي، الطبعة الثانية، دار المسيرة، عمان-الأردن، ٢٠١٥، ص ٤٣٩-٤٤٠. دنيس كوش، مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية، ترجمة: منير السعيداني، الطبعة الأولى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠٠٧، ص٦٣.

زانایانی ئەنسرۆپۆلۆجی چەمکی (ڕێژەیی کەلتووری) بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی جیاوازی نێوان کەلتوورەکان بەکاردێنن. کلود لڤی شتراوس دەڵێت: هەر واقعێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری، کەلتوورێکی جیاواز و تایبەتمەند، بەرهەم دەهێنێت، ئەمەش بنەمایەکی بەڵگەنەویستی ڕێژەیی کەلتوورییە.

كلود ليڤي شتراوس، العرق والتأريخ، ترجمة: د. سليم حداد، المؤسسة الجامعية للدراسات والتوزيع، الطبعة الرابعة، بيروت، ٢٠٠٨، ص ٩-١٣.

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: ڕێڤین نوفل بابایوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٠. نیان یعقوب گورگیس، لەدایکبووی ١٩٨٦، پیشە: مامۆستا، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١١ . نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ . ئامانج نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠.

## و) پەیوەندی خۆشەویستی:

کوڕ و کچی مەسیحییەکانی سلێمانی، خۆشەویستی لەنێوان خۆیاندا دەکەن و لەلایەن کەنیسە و دایك و باوك و کەسوکاریانەوە، ڕێگە پێدراوە و بەپێی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستانی پراکتیزەی دەکەن. زۆربەی هەرەزۆریان لە ئەنجامی ئەو خۆشەویستییەوە هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتری دەکەن[1] .

## ٧- شێوازی ژیان:

شێوازی ژیانی هەموو کۆمەڵگەیەك، یان شێوازی ژیانی هەموو کۆمەڵەیەکی کەلتووری دەرئەنجامی بیروباوەڕ و مەعریفە و زانست و هۆشیاری کۆمەڵگەیە، کلاید کلوکهون دەڵێت: فەلسەفەیەك یان شارستانییەتی کۆمەڵگەیەك، کە لە پرۆسەیەکی مێژوویدا دروست بووە، لەهەموو سەردەمێکدا لە شێوازی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیەدا ڕەنگدەداتەوە [2].

شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە شێوازی ژیان و گوزەران و شێوەی هەڵسوکەوت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کەتاکەکانی کۆمەڵگە دروستی دەکەن، هەروەها بریتییە لە شێوازی کارو پیشە و ڕەفتارو هەڵسوکەوت، کە تایبەتمەندی بە کۆمەڵگەیەك دەبەخشن و لەکۆمەڵگەیەکی تر جیای دەکەنەوە[3]

لەم ڕوانگەیەوە مەسیحییەکانی سلێمانی، کە لەناو سەنتەری شاری سلێمانیدا ژیاون و (شار)* نشینن و مۆرکی شارستانییان پێوە دیارە و زۆربەیان خوێندەوارن، لە دامەزراوە ئیدارییی و سیاسی و ئابووری و پەروەردەیی و ئاینی و تەندروستییەکانی شاری سلێمانیدا کاریان کردووە، بۆیە دەتوانین بڵێین مەسیحییەکانی سلێمانی خەڵکانێکی شارین، چونکە زۆربەیان لە شارەکانی تری عێراقەوە

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: ڕێڤین نوفل بابایوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٠. نیان یعقوب گورگیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١١. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ .

[2]- کلاید کلوکهون، الانسان فی المراة، ترجمة: شاکر مصطفی سلیم، مطبعة أسعد، بغداد، ١٩٦٤، ص ٣٧٩.

[3]- احسان محمد الحسن،موسوعة علم الاجتماع،الطبعة الأولى،دار العربية للموسوعات،بيروت- لبنان، ١٩٩٩،ل ٢٦١

*- شار: ئەو سەنتەرەیە کە سەرچاوەی بەها شارستانییەکان و داهێنان و ڕوخسارەکانی ژیار و شارستانیەتی تێدا دەردەکەوێت و پیشەی جۆراو جۆری شارستانی و بازرگانی و پیشەسازی و کرێکاری و دوکانداری تێدایە.: علی الوردی، دراسة فی طبیعة المجتمع العراقی، الطبعة الاولی، دار الوراق للنشر المحدودة، ٢٠٠٨، بیروت، ص٢٦٠.

هەروەها زۆربەی کات چەمکی شار(city) و شارستانی(Urban)بە یەك مانا بەکارهاتووە، وشەی شارستان ئاماژەیە بۆ جۆر و ستایلی ژیان کە لە شاردا تێبینی دەکرێت، هەروەها ( بوونی پیشەی جۆراوجۆر و بازرگانی و دراو بازاڕەکان، بوونی ئەرکی تایبەت بەشار و جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە ناوەندنییانەی کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و بەیەکەوە بەستراوون، بوونی دامەزراوەی یاسایی بۆ کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی حکومەتی خۆجێی، تایبەتمەندی نەریتی ڕاقی و باڵا و هۆشیاری دانیشتووانەکەی) بە بنەما و ماناکانی شار دەناسرێن.

قيس النوري، الأنثروبولوجيا الحضرية بين التقليد والعولمة، الطبعة الأولى، مؤسسة حمادة للدراسات الجامعية، الأردن، ٢٠٠١، ص١٨.

هاتوونەتە سلێمانی و لەگەڵ مۆرکی شارستانی شاری سلێمانیدا خۆیان گونجاندووە و بوون بەخەڵکی شاری سلێمانی[١].

## ٨- ئاشتی و لێبوردەیی Toleration:

کۆڵەکەی ئاینی مەسیحی بەگشتی لەسەر چەمکی خۆشەویستی بۆ یەکتری و خۆشەویستی بۆ خودا، تەنانەت بۆ دوژمنیش بونیادنراوە، ئەگەر بڕوانین لە چەند شوێنێکدا جەختکردنی ئاینی مەسیحی بۆ لێبوردەیی بەدی دەکەین، کەئەوانیش بەپێی گێڕانەوەی (مەتتا و لۆقا) هاتووە:

١- (ئەگەر لەهەڵەی خەڵکی خۆش بوون، ئەوا باوکی ئاسمانیتان لە هەڵەکانتان خۆش دەبێت، بەڵام ئەگەر لە هەڵەی خەڵکی خۆش نەبوون، ئەوا باوکیشتان لەهەڵەکانتان خۆش نابێت.)[٢]

٢- ( ئەی گوێگران، پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆش بوێت ، چاکە بکەن لەگەڵ ئەوانەی ڕقیان لێتان دەبێتەوە، داوای پیرۆزی بکەن بۆ ئەوانەی نەفرەتتان لێدەکەن، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی خراپەتان بەرامبەر دەکەن، ئەوەی کێشای بە لایەکی ڕوومەتت، لاکەی تریشی بۆ ڕابگرە، گەر یەکێك چاکەتەکەی لەبەرداکەنیت، ڕێی لێمەگرە، باکراسەکەشت ببات، ئەوەی داوای شتێکت لێدەکات، بیدەرێ ئەوەی کەشتێکت لێ داگیر دەکات لێی داوامەکەوە.)[٣]

مەسیحییەکان ناتوانن لە شوێنێکدا بژین کە یاسا تێیدا سەروەر نەبێت و ئەرك و ماف لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون دابەش نەکرابێت، یاسا و پێکەوەژیانی ئاشتییانە دڵنیایی ئەوە دەکات کە مەسیحییەکان بە خۆشی و بێ ترس و دڵەڕاوکێ بژین و ئاسوودەبن، یاسا سەروەر نەبێت، مەسیحی ناتوانێت تۆڵەی خۆی بکاتەوە، واتە مەسیحی ناتوانێت بە میتۆدی (العین بالعین و السن بالسن ) مافی خۆی بەدەست بێنێتەوە، لەم بارەیەوە (پۆلس) لە نامەیەکیدا بۆ باوەڕدارانی (ئەفەسوس)** داوایان لێدەکات و دەڵێت:

( خۆتان دوور بخەنەوە لە تاڵی، لە ڕق و کینە، لە توڕەیی، لە هاوار بەسەر یەکتریدا، لە بوختان و لە هەموو دڵڕەشییەك، لەگەڵ یەکتریدا زمان شیرین بن ، بە بەزەیی بن، لە یەکتریی خۆش بن، هەر وەك چۆن خودا بەهۆی مەسیح لە ئێوە خۆش بووە.)[٤]

هەروەها مەسیح دەڵێت:

( گەر براکەت هەڵەی کرد، گلەیی لێ بکە، گەر تۆبەی کرد لێی ببورە ، ئەگەر لەڕۆژێکدا حەوت جار هەڵەی بەرانبەرت کرد و هەر حەوت جارەکەش گەڕایەوە بۆ لات و وتی: من تۆبە دەکەم، تۆ لەسەرتە لێی ببوری.)[٥]

---

[١]- چاوپێکەوتنی خوێندکار لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. بەیان عیسی یوسف، سلێمانی، ٢٠١٧/١/٣١، سلێمانی.

[٢]- مەتتا٦ : ١٤، ١٥

[٣]- لۆقا٦ : ٢٧، ٣٠

**- أفسس: شارێکی گەورەی دێرینی ڕۆمانییە، دەکەوێتە ڕۆژئاوای تورکیای ئێستا.

[٤]- ئەفەسوس ٤/٣١-٣٢

[٥]- لۆقا ١٧/٣-٥

لێبووردەیی بنەمایەکی سەرەکییە لە نوێژ و ئاینی مەسیحیدا، چونکە لێبووردەیی لە هەڵەکانی خەڵك لە لایەن مەسیحییەکانەوە ئایەتێکە لە ئایەتەکانی نوێژی مەسیحییەکان(لەگوناهمان خۆش بە، ئێمەش لەهەڵەی ئەوانەی کەهەڵەمان بەرامبەر دەکەن خۆش دەبین)[١]، مەسیحییەکان هەموو ڕۆژێك ئەم نوێژە دەیخوێنن و هەموو مرۆڤێکی مەسیحی لە پەروەردە و خوێندنی مەسیحیدا لەسەر ئەم تێزو پرەنسیپە ڕادەهێنرێت و ئەستەمە ئیمانداری ڕاستەقینەی مەسیحی لەم بنەما و تێڕوانینە لابدات[٢]، مەسیحییەکانی سلێمانی بەهۆی کەلتوورەکەیانەوە، لێبووردەیی بووەتە بەشێك لە توانای ناوەکی کەسێتییان کە لە کۆمەڵناسیدا پێی دەوترێت(هابیتوس)*، هەروەها لێبووردەیی بووەتە بەشێك و خەسڵەتی ( کەسێتی سەرەکی و بنەڕەتی) ** مەسیحییەکانی سلێمانی.

هەندێك جار ئەم لێبوردەییە لەناو مەسیحییەکان وای کردووە ساناتر لەلایەن خەڵکی ترەوە گێچەڵیان پێبکرێت، تەنانەت بەهەڵەش لێکدراوەتەوە و بە ترسنۆك و بێ غیرەتیش ناوبراون، بەڵام لە ڕاستیدا نە ترسنۆکییە و نە بێ غیرەتی، بەڵکو بەجێهێنانی ئامۆژگارییەکانی (مەسیح)ە .

## ٩- ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی( التنظیم الاجتماعی):

ئەم چەمکە بەزۆری لە زانستی کۆمەڵناسیدا بەکاردەهێنرێت و پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراوی خۆی هەیە، کە بریتییە لە ڕێکخستنی ڕەفتاری تاك و گروپەکانی کۆمەڵگە و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم پرۆسەیەش لە چوارچێوەی ئەو بەها و پێوەر و بیروباوەڕ و یاسایانەی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا هەیە بەڕێوەدەچێت، هۆکار و ئامڕازەکانی ڕێکخستنی

---

[١]- مەتتا/٦/٧-١٤.

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: ئارام عیسا یوسف، لەدایکبووی ١٩٧١، پیشە: فەرمانبەر، سلێمانی،. ١٠/٢/ ٢٠١٧.

*- هابیتوس(Habitus): لە کۆمەلناسی پیربۆردۆدا هابیتوس بریتییە لە ناوەرۆك و کرۆکی کەلتوور، بریتییە لە هێزو توانایەکی ناوەکی، کە تاك لە کەلتوورەوە وەری دەگرێت و دەبێتە هۆی بەرهەمهینانی کۆمەلێك هەڵسوکەوت. جۆرەکانی هابیتوس کۆمەڵە گروپێکی تایبەت بە گروپێکی ئیتنیکی نەتەوەیی دروست دەکات، یان لە کۆمەڵگە نوێیەکاندا جۆرەکانی هابیتوس کۆمەڵە گروپێکی دیاریکراو بە چینێکی کۆمەڵایەتی تایبەتی وەك( کرێکاران، سەرمایەداران، ڕۆشنبیران) پێکدەهێنێت، جۆرەکانی هابیتووس بە شێوەیەکی گەورە بەشێکن لە نەستی (لاواعیة)مرۆڤ، لەبەر ئەوە زۆر ئەستەمە تاك لە ڕێگەی گۆڕینی ئینتیمای کۆمەڵایەتییەوە، هەوڵی گۆڕانکارییان بدات.

نیکولا جورنە، بین الکوني والخصوصي، البحث عن البدایات – طبیعة الثقافة– تشیید الهویات، ترجمة د. ایاس حسن، الطبعة الثانیة، دار الفرقد، سوریة–دمشق، ٢٠١٤،ص ٤٧٣.

**- کەسێتی بنەڕەتی(الشخصیة الأساسیة): بریتییە لە جۆری خەسڵەتی کەسێتی، کە کەلتوورێك لە ڕێگەی دامەزراوەکانی بە کۆمەڵایەتیبوونەوە دروستی دەکات و پێی دەناسرێتەوە و لە کەسێتی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگەیەکدا ڕەنگدەداتەوە، بە بۆچوونی (مارطریَت مید و رالف لینتون و روث بینیدکت) کەسێتی بنەڕەتی واتە: کەسێتی تاك ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەو کەلتوورەی تێیدا پەروەردە بووە، هەموو کەلتوورێك لە ڕێگەی پەروەردە و بە کۆمەڵایەتیبوونەوە شێوازێکی دیاریکراو لە کەسێتی دروست دەکات. شاکر مصطفى سلیم، قاموس الأنثروبولوجیا، المصدر السابق، ص٩٥. شارلوت سیمور–سمیث، المصدر السابق، ص٣٤٧. دنیس کوش، المصدر السابق، ص٦٥-٦٨.

هەروەها کەسێتیی بنەڕەتی واتا: بەشێوەیەکی گشتی تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، خەسڵەت و سیستەمی ڕەوشتی و فیکری و سۆزداری گشتی و هاوبەشیان هەیە و لە کەسێتیاندا دەبینرێت.

قیس النوري، الحضارة والشخصیة، وزارة التعلیم العالی والبحث العلمی، دار الکتب، جامعة الموصل، ١٩٨١،ص ١٠٥.

کۆمەڵایەتی و ئەو دامەزراوانەی کە بە ئاراستەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا کار دەکەن، پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و یەکتری تەواو دەکەن و هەر یەکەیان تایبەتمەندیی دیاریکراوی خۆیان هەیە و دەبنە هۆکاری گونجانی تاکەکان لەگەڵ یەکتریی و پەیوەندی نێوان تاك و سیستەمی کۆمەڵایەتی و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕێکدەخات، کە پێویستە بۆ بەردەوامی و سەقامگیری کۆمەڵگە و سیستەم و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان[1].

کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ئەو شێوازە جیاوازانەن کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕێگەپێدراوە و کۆمەڵگە بڕیاری لەسەر داوە و دەبنە هۆی بەردەوامی سیستەم و ئارامی و سەقامگیری لە کۆمەڵگەدا، وەك: (سزادان، تەریقکردنەوە، سەرزەنشت کردن، ڕەخنەگرتن و ڕێگیریکردن، هاندان، دەست پێشخەری، ستایش و پاداشت)، بۆ ئەوەی ئەندام و گروپەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ پێوەرە کۆمەڵایەتییەکاندا بگونجێن. لە ئەنجامی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا، کۆمەڵگە ڕەفتار و چالاکی تاکەکان و کۆمەڵەکان بەجۆرێك دیاریدەکات کە ببێتە هۆی دروستبوون و دیاریکردنی پێوەرەکانی کۆمەڵگە و جێبەجێکردنی ئامانجەکانی[2].

هەروەها کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە لە هەموو جۆرەکانی فشار و کۆت و بەندێك، کە نمایندەن بۆ پێوەرەکان و داب و نەریتەکان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا و ئاماژەیە بۆ ئامرازەکانی بەڕێوەبردنی ململانێ و سیستەمی یاسایی لەکۆمەڵگەدا، کە سزادانی نافەرمی و ڕێکخستنی یاسای فەرمی دەگرێتەوە[3].

کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بابەتێکی گرنگە لە توێژینەوەی کۆمەڵناسی و ئەنسرۆپۆلۆجیدا، چونکە کۆمەڵگە و سیستەم و (بونیادی کۆمەڵایەتی)* بەهۆی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییەوە هاوسەنگی و جێگیری و مانەوە و گۆڕان و بەردەوامی خۆی دەپارێزێت.

کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی: بریتییە لە پرۆسەی ڕێکخستنی کۆمەڵگە بەهۆی پەیڕەوکردنی یاسا و بەڕێوەبردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەرقەرارکردنی دادپەروەری و دیاریکردنی سزا و پاداشت لە بەرامبەر کارە باش و خراپەکاندا، گرنگترین ڕەگەزەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بریتین لە:
داب و نەریت و ئایین و یاسا[4].

مەسیحییەکانی سلێمانی پرۆسەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بە هاوکاری چەند لایەنێك بەڕێوەدەبەن و دەمودەزگای فەرمی و نافەرمی بەشداری تێدا دەکەن:- [1]

---

[1]- فاديا أبو خليل، أثر الثقافة و التنشئة الاجتماعية في تكوين شخصية الفرد، الطبعة الأولى، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان، ٢٠١٤، ص ٢٣٥.

[2]- شاكر مصطفى سليم، قاموس الأنثروبولوجيا، المصدر السابق،ص ٨٩٥.

[3]- شارلوت سيمور- سميث، موسوعة علم الانسان، المصدر السابق، ص ٣٦٩

*- بونیادی کۆمەڵایەتی: لە کۆمەڵێك سیستەمی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و بەردەوامیان بەیەکەوە هەیە، هەر یەکێك لەم سیستەمانەش لە کۆمەڵێك پەیوەندی و یاسا و ڕێسا و پێوەر پێکهاتوون، کە پەیوەندی و ئەرك و ڕەفتاری تاك و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە ڕێکدەخات،

قباری محمد اسماعيل(د)، رادكليف براون،مطبعة الوادی، الناشر المعارف بالاسكندرية،١٩٧٧، ص٣٥٠-٣٥٥.

[4]- احمد ابو زيد، البناء الاجتماعي، الانساق،الطبعة الثالثة، مطبعة الناشر الجامعي،الاسكندرية، ١٩٧٩،ص ٤٢١.

أ) ئاینی مەسیحی بەتایبەت و خولەکانی خوێندنی مەسیحی، ڕۆڵێکی زۆر کاریگەر لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییاندا دەبینن، چونکە هەر لەمنداڵییەوە بەهۆی وانەکانی ئەم خولەوە بنەماکانی ئاینی مەسیحی فێردەبن و لەسەر بەهاو پرەنسیپ و پێوەرە ئاینی و ڕەوشتییەکان ڕادەهێنرێن.
ب) قەشە ڕۆڵی سەرەکی لە پڕۆسەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییاندا دەبینێت، بەهۆی ڕێنماییەکانی نوێژی یەکشەممان و ڕۆژانی جەژن و مەراسیمە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە، هەروەها بەهۆی سەردانی بۆ ماڵەکانیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان. ئەگەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ناوخۆیی یان دەرەکییان هەبێت، زۆر جار لە ڕێگەی قەشەوە هەوڵ دەدەن چارەسەری بکەن. قەشە لە وتار و لە وانە و قسەکانیدا جەخت دەکاتەوە، کە دەبێت مرۆڤی مەسیحی، بەرانبەر نەیارەکانی لێبوردە بێت.
ج) دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بەخۆیان، ڕۆڵی گرنگ لە پرۆسەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییاندا دەبینێت.
د) کەنیسەی (ماریوسف) لە سلێمانیدا، لیژنەیەکی بەناوی(لیژنەی کاروباری کەنیسە) دروست کردووە، کە بەرپرسە لە بەڕێوەبەردنی کاروباری کەنیسە و مەسیحییەکان، ئەگەر مەسیحییەك لە سلێمانیدا توشی کێشەیەکی خێزانی یان کۆمەڵایەتی ببێت، ئەوا ئەم لیژنەیە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات،
هـ) ئەگەر کێشەیەك بە کەنیسە و قەشە چارەسەرنەکرێت، بەتایبەت کێشەی(تەلاق) ئەوا کەنیسە بە نوسراوی فەرمی کێشەکە بۆ (مەترانیە) دەنێرێت و لە مەترانیە لە (دادگای کەنەسی) هەوڵی چارەسەرکردن و یەکلای کردنەوەی دەدرێت.
و) یاسا و دادگاکانیش ڕۆڵ دەبینن لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانیاندا، بەتایبەت ئەگەر کێشەکەیان لەگەڵ کەسێکدا بێت کە مەسیحی نەبێت، هەروەها لە ڕێکخستن و دابەشکردنی میراتیشدا هەندێکیان بە یاسای دادگا کاردەکەن.

لە (١٠٠)سەد ساڵی ڕابردووی مێژووی مەسیحییەکان، لە شاری سلێمانیدا، (٣) کەسی مەسیحی (دوو پیاو کچێك) بەدەستی کوردە موسوڵمانەکان کوژراون، یەکێکیان بەناوی (شەوکەت عەزیز شینە)، لە (١٩٧٠/١/١) و دووەمیان بەناوی (لیندا جەلیل نیسان، لەساڵی(١٩٨٦)، سێهەمیان بەناوی ( مەسیح نیسان) لەساڵی(١٩٩٧)، بەڵام ئەم کوشتنانە بەهۆی جیاوازی ئاینییەوە نەبووە، واتە بەهۆی مەسیحی بوونیانەوە نەکوژراون، بەڵکو بەهۆی ڕق و کینەی کەسی یان بۆ پارە و بەغەدر کوژراون، مەسیحییەکان هەوڵی ئەوەیان نەداوە تۆڵە لە بکوژەکان بکەنەوە و بیانکوژنەوە، داوایان لە دادگا کردووە سزای تاوانباران بدات، بەڵام لە هەندێك حاڵەتدا بکوژەکان نەدۆزراونەتەوە و مەسیحییەکانیش بەدواداچوونیان بۆ نەکردووە و بکوژ و تاوانبارەکانیش لە سەر ئەو تاوانانە دەستگیر نەکراون و سزا نەدراون![2].

---

[1]– چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەیان گورگیس ئەودیشۆ، لەدایکبووی ١٩٦١، پیشە: توێژەری کۆمەلایەتی، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١ .نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥. نەبیل شەمعون داود، لەدایکبووی ١٩٥٧، پیشە: ژمێریار– یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی لە دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠.

[2]– چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١. نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥. ئەدمۆن ئنوەر نیسان، سلێمانی، ٢٠١٧/٤/٢٩.

لەسەر ئاستی شاری سلێمانی چەمکی خێڵ و مسکێن و ئاغا لای مەسیحییەکان هەرنەبووە، خەڵکی مەسیحی بەکردارەکانی دەناسرێتەوە نەك بەخێڵ و ئاغاکەی، بۆ نموونە کەریمی عەلەکە خاوەن خێڵ نەبووە، بەلام خاوەن هەڵوێست بووە، لەکاتی گرانییەکەی(١٩١٦-١٩١٨) لە سلێمانیدا سامان و داهاتەکەی دەخاتە خزمەت خەڵکی شارەکەی بێ جیاوازی، ئەمە دەیکات بەپیاوێکی باش لەناو مەسیحی و موسوڵمانەکاندا، بەڵام نایکات بەئاغا و مەسیحییەکانی تریش ناکات بەمسکێن و ڕەعیەت.

## ز) بنەماکانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی:

دەربارەی دەسەڵات مەسیح دەڵێت: (ئێوە دەزانن سەرۆك نەتەوەکان فەرمانڕەوایی دەکەن، گەورەکانیان دەسەڵاتیان بەسەریاندا هەیە، بەڵام ئێوە با ئەوە لەنێوانتاندا نەبێت، ئەوەی دەیەوێت لەناوتاندا مەزن بێت، با وەك خزمەتکار بێت بۆتان، ئەوەش کە دەیەوێت لەناوتاندا یەکەم بێت، با وەك کۆیلەتان بێت، هەر وەك چۆن ڕۆڵەی مرۆڤ نەهاتووە تا خزمەت بکرێت، بەڵکو هاتووە تا خزمەت بکات و خۆی بەخت بکات بۆ ڕزگارکردنی زۆر کەس.) [١]

مەسیحییەکانی سلێمانی چینی دەسەڵادار و چینی ڕەعیەتیان نییە، مەسیحییەکان هەموویان (مەسیح) بە سەروەری خۆیان دەزانن، چونکە باوەڕیان وایە، کە مەسیح بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی و لێخۆشبوون لە گوناهەکانیان خۆبەختکەری مرۆڤایەتییە. هەر لەم ڕوانگەیەوە و لەسەر ئەم بنەما ئاینییە مەسیحییەکانی سلێمانی (قەشە)بە سەروەری خۆیان دەزانن و ڕێزێکی بێپایانیان هەیە بۆی.

مەسیحییەکانی سلێمانی ئەگەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یان یاساییان هەبێت، ئەو کێشەیە ناوخۆیی بێت یان دەرەکی، زۆر جار لە ڕێگەی قەشەی کەنیسەکەی خۆیانەوە هەوڵ دەدرێت چارەسەری بکەن، چونکە قەشە ڕێزێکی تایبەتی هەیە لە لایان و قەشە مەرجەعی کۆمەڵایەتی و ئاینییانە و کەسیان قسەی قەشە ڕەتناکەنەوە[٢] . قەشە لە کاتی کێشە و لەکاتی و تار و ڕێنمایی ئاینیدا ڕێنماییان دەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە دەبێت مرۆڤی مەسیحی لێبوردەبێت بەرامبەر نەیار و دوژمنەکانی، ئەگەر ناکۆکی و کێشەیەکیش لە نێوانیاندا هەبێت، دەبێت ئەو ناکۆکییە لەبەر خاتری پیرۆزی ناوی خودا و مەسیح، لە نێوان خۆیاندا چارەسەر بکەن[٣].

## ١٠- دابی سەردانی نەخۆش:

مەسیحییەکانی سلێمانی کاتێك کەسێکیان نەخۆش دەکەوێت سەردانی پزیشك و نەخۆشخانە دەکات، ئەگەر لە نەخۆشخانە داخڵکرا، ئەوا لە نەخۆشخانەدا سەردانی دەکەن، کە گەڕاشەوە ماڵەوە سەردانی دەکەن و وەك دابێکی کۆمەڵایەتی پاکەتێك شیرینی یان نەستەلەی بۆ دەبەن. ئەگەر نەخۆشەکە هیلاك بێت و مەترسی لەسەر ژیانی هەبێت، قەشە سەردانی دەکات و نوێژو دوعای بۆ دەخوێنێت[٤].

---

[١]- مەتتا ٢٠/٢٥-٢٨

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەیان عیسی یوسف، سلێمانی،٢٠١٧/١/٣١، سلێمانی.

[٣]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥.

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. نیان یعقوب گورگیس، لەدایکبووی ١٩٨٦، پیشە: مامۆستا، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١٢.

## ١١- جادووگەری (چاوەزار و نەفەس پیسی- چاوپیسی):

جادووگەری(Magic) کۆمەڵە بیروباوەڕ و جێبەجێکردنێکە، پشت بە چەند سرووت و هەڵسوکەوتێك دەبەستێت، کە کاریگەری لە هێزی (سەرو سروشت)* دەکات و دەبێتە هۆی ڕودانی کاری مەبەستی خواستراو یان ڕێگری دەکات لە ڕوودانیان (١).

( کلاید کلاکهون) لە کتێبی(جادووی هۆزی نافاهۆ)دا دەڵێت: هەندێك جار جاوو ڕەهەند و پاڵنەرێکی دەروونی هەیە، چونکە بیروبۆچوونی جادووگەری لای هۆزی (نافاهۆ) ڕۆڵی لە کەمکردنەوەی ئەو شڵەژان و شەڕەنگێزییەدا هەبوو، کە دوژمنایەتی زۆرینەی سپی پێست درووستیان کردبوو(٢).

ئەنسرۆپۆلۆجستی بەریتانی ( جیمس فریزەر) لە کتێبی (الغصن الذهبي) بە ووردی باسی کردووە و بەم شێوەیە پێناسەی جادووی کردووە: جادوو سیستەمی چەواشەکاری یاسا سروشتییەکانە، یان ڕێنیشاندەرێکی هەڵخەڵەتێنەری ئاکار و هەڵسوکەوتەکانە، یاخود زانستی چەواشەکارییە، کەپێی دەوترێ هونەری لەباربردن و لەخشتەبردن(٣).

هەروەها نوسیویەتی کاتێك جادوو بەیاسای سروشتی دادەنێین، یاخود بەو بنەمایانەی کە ڕیزبەندی ڕووداوەکانی جیهان دیاری دەکەن، دەتوانین ناوی بنێین جادووی تیۆری، وە کاتێك دایدەنێین بە کۆمەڵە بنەمایەك کە مرۆڤ شوێنیان دەکەوێت بۆ گەیشتن بەمەبەستەکانی، دەتوانین ناوی بنێین جادووی کرداری.

هەروەها (جیمس فریزەر) جادوو بۆ دوو جۆر دابەش دەکات:- (٤)

### ١- جادووی پەیوەستبوون:

لەسەر ئەو بنەمایە دادەمەزرێت، کە دوو ماددە، یان دووشت، کە جارێك بەیەکەوە پەیوەستبووبن، دەگونجێت کاریگەری یەکێکیان، لەسەر ئەویتریان لە داهاتودا بەردەوامبێت.

### ٢- جادووی هاوسۆزی:

گرنگی بەو بنەمایە دەدات، کە لێکچووەکان کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە.

(**ریموند فیرث**) زانای ئەنسرۆپۆلۆجی بەریتانی، (سێ) جۆری جادووی دەستنیشان کردووە:- (٥)

---

* - هێزی سەرووی سروشت: هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ باوەری بە بوونیان هەیە و دەکەونە پێش یان دوای سەلماندن بە هەست و سۆزە مرۆڤییەکان. بیروباوەڕی سەرووی سروشتی: کۆمەڵە بیروباوەڕێکی ڕێکخراوو پەیوەند بەیەکن، کە پەیوەستن بەو هێزانەی دەکەونە دەرەوەی هەستی مرۆڤی. جوان بختيار بهاءالدين حكمت، أنثروبولوجيا السحر في المجتمع العراقي، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعة بغداد، قسم الاجتماع، ٢٠٠٣، ص ١٤.

١- لوسي مير، المصدر السابق، ص ٤٦٢.

٢- جون سكوت وجوردون مارشال، موسوعة علم الاجتماع، المجلد الثاني، الطبعة الثانية، المركز القومي للترجمة، ٢٠١١،ص ٢١٩.

٣- جيمس جورج فرايزر، الغصن الذهبي: دراسة في السحر والدين، ترجمة: نايف الخوص، دار الفرقد، الطبعة الأولى،سورية-دمشق، ٢٠١٤، ص٢٩.

٤- شارلوت سيمور- سميث، موسوعة علم الانسان، المصدر السابق، ص ٣٣١.

٥- عبد علي سلمان المالكي، المدخل الى الأنثروبولوجيا الاجتماعية، المصدر السابق، ص ١٤٨،

**أ) جادووی بەرهەمدار:**

ئەم جادووە لەلایەن کۆمەڵگەوە پەسەند کراوە و بۆ (منداڵبوون و زیادکردنی رزق و بەرەکەتی کار و باران بارین و بە یەکگەیشتی دوو خۆشەویست) پەنای بۆ دەبرێت و جێبەجێ دەکرێت.

**ب) جادووی خۆپاراستن:**

ئەم جۆرەش لە جادوو لە لایەن کۆمەڵگەوە پەسەند کراوە و بەمەبەستی (ئاسوودەیی و دڵنیایی لە سەلامەتی گەشت و شیفای نەخۆشی و خۆپاراستن لە چاوی پیس و لە زیانەکانی جادووی خراپ و زیان بەخش) جێبەجێدەکرێت.

**ج) جادووی زیان بەخش( جادووی ڕەش):**

ئەم جۆرە لە جادوو لە لایەن کۆمەڵگەوە پەسەند کراو نییە و رەتکراوەتەوە، بەمەبەستی زیان گەیاندن بەخەڵك جێبەجێ دەکرێت.

جادووگەری(السحر)، بە بڕوای (لیڤی شتراوس)کۆمەڵێك سرووتی(کرداری) کاریگەری ڕێژەییە، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردن و زاڵبوون بە سەر دیاردە و ڕێسا سروشتی و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکاندا. هەروەها زانای ئەنسرۆپۆلۆجستی بەریتانی (مالینۆفسکی) جادووی بەهاتنەدی خۆزگە و ئاواتە دوورەکان شووبهاندووە، بەوپێیەی هەوڵدانێکی ڕەمزی ناعەقلانییە، بۆ کاریگەری لەڕووداوەکانی دەرەوەی توانای مرۆڤ [1].

بە شێوەیەکی گشتی جادوو بریتییە لە باوەڕبوون بەو هێزە نادیارانەی کە بەهەستەکانی مرۆڤ بەرجەستە نابن، نزیك بوونەوە و پەیوەندیکردن پێیانەوە، لە ڕێگەی جێبەجێکردنی هەندێك کار و کرداری سرووتییەوە دەبێت، کە ئەمانە دەگرێتەوە: ( بەکارهێنانی هەندێك ئامراز و کەرەستە و دووبارەکردنەوە و نووشتەکردن و وتنەوەی تەراتیل و سروودی تایبەت)لەلایەن جادووگەرەوە، بۆ بەجێهێنانی کۆمەڵێك ئامانج، کە واقعی کۆمەڵگە بیسەپێنێت، ئەگەر ئەو ئامانجانە کۆمەڵایەتی بن(پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان) یان سروشتی بن(باران بارین)[2].

هەندێك لە مەسیحییەکانی سلێمانی باوەڕیان بە چاو پیسی نییە، بەڵام هەندێکی تریان باوەڕیان بەکاریگەری چاو و دەروون پیسی هەیە، باوەڕیان وایە کە کەسێك بەغیل بێت بەرامبەریان و ئیرەییان پێ ببات ڕەنگە زەرەریان لێبدات، مەسیحییەکان لە بەهێزی باوەڕیان بەمەسیح و خاچەکەی، خاچی مەسیح دەکەن بە هێمای بەرەنگاربوونەوە و دورخستنەوەی( بەڵاکان، چاو و دەروون پیسی، ئیرەیی)، چونکە مەسیح بەپێی ئینجیلی پیرۆز داوایان لێدەکات واز لەخۆیان بهێنن و بەخاچێکەوە دوای بکەون، لەم بارەیەوە ئینجیلی پیرۆز دەفەرموێت: (ئەوەی دەیەوێت بەدوامەوە بڕوات، با واز لەخۆی بهێنێت و خاچی خۆی هەڵگرێ و دوام بکەوێت.)[3] .

هەروەها چەند کەسێك لە مەسیحییەکانی سلێمانی بۆ( مناڵبوون و شووکردن و باش بوونی ماڵی خەسوو)سەردانی (کەنیسەی مەسکەنە- کنیسة مسکنة، کە دێرێکە لە بەغداد، دێر مەتی لە موسڵ و

---

[1]- قيس النوري، الانثروبولوجيا النفسية، دار الحكمة، الموصل،١٩٩٠، ص٣٩٣.

[2]- جوان بختيار بهاءالدين حكمت، أنثروبولوجيا السحر في المجتمع العراقى، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعة بغداد، قسم الاجتماع، ٢٠٠٣، ص ١٥.

[3]- مەتتا ٢٤/١٦، مەرقۆس ٣٤/٨

مەربێنە قەدیشە لە کۆیە)کردووە و باوەڕیان وابووە بە زیارەتکردنی ئەو شوێنانە موراد و ڕازو نیازیان بەدی دێت[1] .

ئەمە وای کردوە هەموو مەسیحییەك لە ماڵەکەیی و لەئۆتۆمبیلەکەیدا خاچێکی مەسیح هەڵبواسێت لە جیاتی چاوەزار، هەروەها خاچێك لە مل دەکات لە جیاتی چاوەزار، باوەڕیان وایە ئەو خاچە لە دەرد و بەڵاو نەهامەتی دەیانپارێزێت و بەرەکەت دەخاتە ماڵ و کار و کەسابەتەوە، هەروەها لە ڕابردوودا بۆ پاراستنی منداڵ لە چاو پیسی مورووییەکی شینیان بەجلەکانیا هەڵواسیوە و لەکاتی خەودا خاچیان خستووەتە ژێر سەرینی منداڵ بۆ پاراستنی لەهەموو خراپە و دەرد و بەلایەك[2] .

پیاوانی ئاینی مەسیحی باوەڕیان وایە هەرماڵێکی مەسیحی خاچی مەسیحی تێدا نەبێت بەرەکەت و خۆشی ڕوناکاتە ئەوماڵە. هەروەها کە سەیارەیەك دەکڕن، هێلکەیەك لە تایەکەیا ئەشکێنن، دەڵێن بۆ چاو و نفووس باشە، بۆ کڕین یان دروستکردنی خانوو، مەڕێك سەرئەبڕن و گۆشتەکەی و سەروپێکەی دەبەخشنەوە، بۆ نەخۆشی مریشك، یان ئاژەڵێك سەر دەبڕن و گۆشتەکەی دەدەن بەخەڵك، یان شیرینی دەکەن بەخێر، هەروەها کە بەیانیان دەرگا دەکەنەوە دەڵێن: خوایە بەخێر و بەرەکەت و بێ قەزا و قەدەر.[3]

## ١٢- پەندی پێشینان و فۆلکلۆر:

مەسیحییەکانی شاری سلێمانی لە ژیانی کۆمەڵایەتییاندا چەند پەندێکی پێشینانیان باسکردووە لەوانە:[4]

أ) ( لەدوشۆخ ، لادەبەشتۆخ ) واتە: نەهەنگوینت، نەهەنگت .

ب) ( تا مەربێسە گەناوە تەئارێلیێ ، گەناوە ماربێسە تەئارێلیێ ) واتە تاخاوەن ماڵ دزی گرت ، دزخاوەن ماڵی گرت.

ج) ( قەمایە خەرایە، خەرایە قەمایە ) واتە ئەوەی لەپێش بوو، ئیستا لەپاشە، ئەوەی لەپاش بوو، ئیستا لەپێشە.

د) ( ڕێشێ لەی ماریێ گۆ پەساسە غادێلیێ ) واتە سەری نایشێت بەپەڕۆ ئەی پێچیتەوە.

هـ) ( مسلە خماسی، بێسە ئیمپلیێ ئیداسی، ڕەقدەن گۆ هەرترتو بەیاسی ) واتە خەسوم مرد و ماڵ کەوتە ژێر دەستم، بەهەردوو قاچم هەڵدەپەڕم .

هەروەها لە کۆندا مەسیحییەکان پەندێکی پێشینانیان هەبووە کە وتراوە: ( ئیسلام بیکە بەمستیلەی ئاڵتون و بیخەرەگیرفانت گیرفانت دەبڕێت )،( ئیسلام بیکە بەئاڵتون و بیخەرە گیرفانت، گیرفانت کون دەکات و لێت وون دەبێت) هەموو مەسیحییەکی سلێمانی ئەم پەندانەیان لەیادەوەریدا هەیە، چونکە هەموو تاکێکی مەسیحی باوو باپیرانی ئەم پەندەیان پێ وتووە، لە هەندێك شوێندا هێشتا

---

[1]- بەیان گورگیس ئەودیشۆ، لەدایکبووی ١٩٦١، پیشە: توێژەری کۆمەڵایەتی، سلێمانی. ٢٠١٦/١١/١١

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠. عبدالاحد یوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ . جولێت فایەق عزیز شینە، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١٠.

[4]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١.

ئەم پەندە بەیەکێك لە کاریگەرترین هۆ دەزانرێت بۆ ئەوەی مەسیحی متمانە بە موسوڵمان نەکات، لەسەر ئاستی سلێمانی لە ڕابردوودا ئەم پەندە زۆر ووتراوە، ئەمەش بەهۆی ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی نێوان مەسیحییەکان و موسوڵمانەکان دروست بووە، کە ڕەنگە بەهۆی پاشگەزبوونەوەی موسوڵمانەکان لە پەیمانە(کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسییەکان)دا ئەم پەندەی هێنابێتە ئاراوە، کە ڕاستییەکەی مانای متمانە نەکردن بەخەڵکی موسوڵمان دەگەیەنێت.

باوترین ئەو پەندانەن کە مەسیحی شاری سلێمانی بەزمانی سریانی لەناوخۆیاندا وتوویانە ئەمانەن:[1]

أ) (ئیسێلە کسێسە نخڕێتە تەپەڵتاڵە ماربێسە) واتە مریشکی نامۆ هاتەماڵەوە، خاوەن ماڵی لە ماڵ دەرکرد، ئەم پەندە لە فەرهەنگی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی لەلایەن خەسوو دەوترا بۆ تازە بووك، خەسوو ئەگەر بیویستایە توانج لە بوکێ بدات کە ئەوغەریبەیە ئەمەی پێ دەووت .

ب)( ئەخنی ئەخنی، کولوگوێروپیش ئەخنی ) ئەم پەندە کچان لەناوخۆیاندا دەیانگوت واتە: ( ئەی ئێمە ئێمە ئێمە، هەمووی شوی کرد بەس ئێمە ماینەوە.)

ج) ( بەسڕ عورتیتە شرمە عەسرالە) ئەم پەندە هەمان پەندە کە بەکوردی هەمانە کە دەڵێت لەپاش تڕێ خەمشەی بڕێ .

د) ( کسێسە کەشەمنە تەڕبە گەریە) واتە مریشك کە قەڵەو دەبێت، چەوری دەگرێت، بەکەسێك دەوترێت کە دەوەڵەمەند ببێت و ڕەزیل بێت .

ه) ( تاسمیخە هاوێ کمی لەیلەپلە بالی یمی ) واتە هەتا دەمم وەستابێت دایکم بیر ناکەوێتەوە ، ئەم پەندە وەك ئەوە وایە هۆیە هۆیە هەرکەس بۆ خۆیە .

و) ( مەرگڵە گەندڕ گەندڕ مەشتخلێ قەپاخێ) واتە مەنجەڵ ئەسوڕێتەوە، ئەسوڕێتەوە تا سەرقەپاخی خۆی ئەدۆزێتەوە .

ز) ( براتا پەڵتا ئیل یما) واتە کچ دەچێتەوە سەردایکی .

ح) لیشانخ ڕێلێ، ڕێشەخ ڕەحەتێلێ واتە ( زمانت بگرە، سەرت ڕەحەتە)

## ١٣- ماف و پێگە و ڕۆڵی ئافرەت:

بەشێکی ستایشی باوەڕی مەسیحی بۆ بەهێزی پێگە و ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا، لە سکپڕبوونی مریەمی پاکیزە بۆهێنانە دونیای ڕزگاری مرۆڤایەتی(عیسای کوڕی مریەم) و لە یەکەم دەرکەوتنی مەسیح لەپاش زیندوبونەوەی بۆ(مەریەم مەجدەلی)* سەرچاوەی گرتووە.[2]

هەرچەندە نێردراوانی مەسیح(الرسل) پیاون و ئافرەتی تێدا بەدی ناکرێت، وێڕای ئەوەی کە نوسینی ئینجیل و نامەی نێردراوان بەدەستی ڕەگەزی نێر نوسراون و ئاراستەکراون، بەڵام پێگەی ئافرەت لەئاینی مەسیحیدا لەسەر بنەمای ڕێز و یەکسانی لە ئەرك و ماف لە نێوان ژن و پیاو بونیادنراوە، ژن لەئاینی

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٧. سناء ناصر قدوري، سلێمانی،٢٠١٧/٨/١٣. پەروین ئێلیا حنا، سلێمانی، ١٩/ ٢٠١٧/٦. لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١.

*- کاتێك مەسیح لە یەکەم دەرکەوتنی پاش زیندووبوونەوەی بۆ مەریەم مەجدەلی دەردەکەوێت، ئیدی لەوێوە مەریەم مەجدەلی لە لاهوتی مەسیحیدا بە (رسولە الرسل)ناودەبرێت.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی ، ٢٠١٧/٢/٢٢.

مەسیحیدا هاوڵاتی پلە دوو نییە و سەردەمی مەسیح بەسەردەمی زێڕین و بناغەی ئەو پێگە بەهێزەی ژن دادەنرێت.[1]

دەستەبەرکردنی مافی ڕادەربڕین، یەکسانی لە ئەرك و مافدا، نەبوونی هیچ ڕیزبەندییەکی هەرەمی جێندەری لە ئاینی مەسیحیدا، هەموو ئەمانە پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی مەسیحیدا بەهێز دەکات.[2] ئافرەتانی مەسیحی سلێمانی لە کەنیسەدا و لە کاتی نوێژکردندا لەگەڵ پیاوان بەیەکەوە دادەنیشن، هیچ جۆرە جیاکارییەك بۆ پێکەوە دانیشتنی نێر و مێ بەدی ناکرێت، ژنی مەسیحی لە شارێکی وەك سلێمانیدا هاوشانی پیاوی مەسیحی بەشدارە لەڕۆڵگێڕانی ئاسایی و خۆرسکی خۆی و هیچ بەربەستێکی ئاینی یان دابونەریت ڕێگر نەبووە لە ( خوێندنی، کارکردنی، هەڵکەوتنی لەکۆمەڵگەدا)، ئێستاش لە کەنیسەی سلێمانیدا زۆربەی هەرە زۆری نوێژ خوێنەکان ئافرەتانن.[3]

کەنیسەی سلێمانی هاوشانی هەموو کەنیسەیەك تیپێکی مۆسیقای هەیە پێی دەوترێت ( الجوقة الكنسية ) واتە کۆرسی کەنیسە، کوڕان و کچان بەیەك ئەندازە لە کۆرسی وتنی سروودی ئاینیدا بەشدارن و کەنیسە هانی کچان دەدات بۆ بەشداریکردن لەو کۆرسەدا.[4]

پیاوەکانیان بەهۆی ڕێنمایی ئاینەکەیانەوە، توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت ئەنجام نادەن و ژن وەك کاڵایەك سەیر ناکەن، بەڵکو ژن وەك مرۆڤێك کەسێتی خۆی هەیە و باوەڕ و بڕیار و بۆچوونی هەیە، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە تەڵاق لەناو مەسیحییەکاندا نییە ژن و پیاو هەوڵدەدەن بە ئاسوودەیی بەیەکەوە بژین.[5]

لە کەنیسەی سلێمانیدا و لەلایەن (قەشە یوسف پەری) و گەورە مەترانی کلدان (عەبدولئەحەدڕەبان) زۆرێك لە کچانی مەسیحی بوون بەشەماس و ئەندام لە کۆرسی کەنیسەی سلێمانیدا، لە ئێستاشدا چەندین ئافرەت ئەندامی لیژنە جیاوازەکانی کەنیسەی سلێمانی پێکدەهێنن، هەروەها چەندین کچ ئەندامی گروپی جەوقە و شەماشەن لە کەنیسەی ماریوسفدا و لەگەڵ کوڕان بەیەکەوەن، شایانی باسە لە خولەکانی خوێندنی مەسیحیشدا لەکەنیسە، کوڕان و کچان بەیەکەوەن و هیچ جیاکردنەوەیەك ناکرێت.

ئافرەتانی مەسیحی لە شاری سلێمانیدا یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنیان لە خوێندن و لە کارەکانیاندا دەگەڕێننەوە بۆ ئەو ئازادییەی هەیانبووە بەهۆی ئاینی مەسیحییەوە، خێزانەکانیان بەهۆی ڕێنماییەکانی ئاینی مەسیحییەوە، ئافرەتەکانیان لە خوێندن و کارکردندا ئازاد کردووە.[6]

---

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی ، سلێمانی ، ٢٠١٧/٢/٢٢.

[2] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. نیان یعقوب گورگیس، لەدایکبووی ١٩٨٦، پیشە: مامۆستا، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١٢.

[3] - تێبینی ڕاستەوخۆ بەبەشداری ڕاستەوخۆی توێژەر لە نوێژی یەکشەممانی کەنیسەی ماریوسف لە سلێمانی.

[4] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: سناء ناصر قدوري، سلێمانی،٢٠١٧/٨/١٣. پەروین ئێلیا حنا، سلێمانی، ١٩/ ٢٠١٧/٦.

[5] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: عبدالاحد یوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ . الیزابێت داود یوسف، سلێمانی ٢٠١٦/٨/٢٦. ئامانج نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠. نوال اسحاق شماس عیسی، لەدایکبووی ١٩٤٣،پیشە پزیشکی دەرمانسازی خانەنشین، سلێمانی،٢٠١٦/٩/١٥.

[6] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: الیزابێت داود یوسف، سلێمانی ٢٠١٦/٨/٢٦. بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. نیان یعقوب گورگیس، لەدایکبووی ١٩٨٦، پیشە: مامۆستا، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١٢.

## ١٤- توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت(*):

لە ئاینی مەسیحیدا هیچ شتێك ڕەوایەتی نادات بە لێدان و كوشتنی ژنان، لەم بارەیەوە لە ئینجیلدا باسكراوە، كەچۆن مەسیح حوكمی خودای بەسەر ژنێكی تاوانباردا داوە، ئەم نمونەیە هزری مەسیح و تێڕوانینی بۆ مرۆڤی گوناهبار ئاشكرا دەكات: (( مامۆستا ئەم ژنە لەكاتی ناپاكی هاوسەریدا گیراوە، موسا لەشەریعەتدا ڕایسپاردووین ئەوانەی وەك ئەم ژنە وان دەبێ بەردباران بكرێن، تۆچی دەڵێیت؟ مەسیح سەری داگرت و بە پەنجەی لەسەر زەوی دەستی كرد بە نووسین، كاتێ خەڵكەكە هەر سوور بوون لەسەر پرسیارەكەیان، عیسای مەسیح سەری هەڵبڕی و پێی وتن: كامتان بێ گوناهە بایەكەم بەردی لێ بدات، دیسان سەری داگرتەوە و دەستی كرد بەنوسین لەسەر زەوی، كە گوێیان لەم قسەیە بوو، لە پیرەكانیانەوە هەموو یەك لەدوای یەك خۆیان كشاندەوە، عیسا بەتەنها مایەوە، ژنەكەش لەشوێنی خۆی وەستا بوو، عیسا كە سەری بەرزكردەوە، تەنها ژنەكەی بینی و كەسی تری لێنەمابوو، پێی وت: ئەی ئافرەت ئەوان لەكوێن؟ كەسیان تاوانباری نەكردی؟ ئەویش وەڵامی دایەوە: (نەخێر گەورەم)عیساش پێی وت: منیش تاوانبارت ناكەم ، بڕۆ جارێكی تر گوناه مەكە.))[1]

دەربارەی توندوتیژی خێزانی (مێرد بەرامبەر بەژن) و (باوك و برا بەرامبەر كچ و خوشك)، لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا، لەهەموو ئەو كچ و ژنانەمان پرسی، كە چاوپێكەوتنمان لەگەڵیاندا ئەنجامدا، كە ئایا توندوتیژی دەروونی و جەستەی لە لایەن مێردەكانیان، یان باوك و براكانیان، بەرامبەر ئەنجام دراوە؟ سەرجەمیان بەنەخێر وەڵامیان دایەوە. قەشەی كەنیسەی (ماریوسف) لە سلێمانی دەڵێت:
( من حەوت ساڵە لەم شارەدا قەشەم، تا ئێستا(١)یەك حاڵەتی سكاڵای توندوتیژی خێزانی مەسیحی هاتووەتە لام، كە ژنەكە سكاڵای كردووە و وتویەتی پیاوەكەم لێی داوم، ئەوانیش جیابوونەوە)[2].
هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ: [3]

١-ئاستی ڕۆشنبیری خێزانی مەسیحییەكان كە هەموویان خەڵكی خوێندەوارن

٢-ئاینی مەسیحی، چونكە ڕێزێكی زۆری بۆ ئافرەت داناوە و بەردەوام قەشە لە وتاری یەك شەممان و وانەكانی خولی پەروەردەی مەسیحی جەخت لە ئاشتی و لێبوردەیی و ناتوندوتیژی دەكاتەوە.

٣- ڕێگە نەدان بە تەڵاق و جیابوونەوە لەلایەن كەنیسە و ئاینی مەسیحییەوە.

٤- یەكسانی ژن و پیاو لە ئەرك و مافەكاندا.

---

* - تێبینی: لەم توێژینەوەیەدا وشەی (ئافرەت) بۆ ڕەگەزی مێینە بەگشتی، وشەی (كچ) بۆ ئافرەتێك كە هێشتا شووی نەكردووە، وشەی (ژن) بۆ ئافرەتێ كە شووی كردووە، بەكارهێنراوون. هەروەها وشەی(پیاو) بۆ ڕەگەزی نێرینەی مرۆڤ بەگشتی و وشەی(مێرد) بۆ نێرینەیەكی مرۆڤ یان بۆ پیاوێك كە ژنی هێنابێت و وشەی (كوڕ) بۆ نێرینەیەكی مرۆڤ كە ژنی نەهێنابێت، بەكارهێنراوون.

1 - یۆحەننا ٨ :٤-١١

2 - چاوپێكەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی، ٢٠١٧/٩/١.

3 - چاوپێكەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی، ٢٠١٧/٩/١. عالیة بطرس اسكندر علكة، لەدایكبووی ١٩٥٥، پیشە: خانەنشین، سلێمانی، ٢٠١٧/٩/١٩، ئاڤان نجیب شمعون صراف، لەدایكبووی ١٩٦٣، پیشە: پزیشكی بێهۆشكاری، سلێمانی،٢٠١٧/٩/١٧. بەیان گورگیس ئەودیشۆ، لەدایكبووی ١٩٦١، پیشە: توێژەری كۆمەڵایەتی، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. ئاڤان نجیب شمعون صراف، سلێمانی،٢٠١٧/٩/١٧. عالیة بطرس اسكندر علكة، سلێمانی، ٢٠١٧/٩/١٩

لێرەوە لەوەتێدەگەین کە ئەشکەنجەدانی جەستەی مرۆڤ و سەپاندنی سزای لێدان و ئەشکەنجەدان و تۆمەتبارکردن، لە ئاینی مەسیحیدا ڕەتکراوەتەوە، بەمانایەکی تر دەسەڵاتی سەپاندنی سزا و لێدان و چەوسانەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ، لە مرۆڤەکان قەدەغەکراوە.

## ١٥- خۆکوشتن(Suicide):

کۆمەڵناسی فەرەنسی(ئمیل دورکایم) دوو جۆری خۆکوشتنی جیاکردووەتەوە: [١]

**أ- خۆکوشتنی ورووژاندن:-**

ئەم جۆرە لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا زۆر ڕوودەدات، گوزارشت دەکات لە پەیوەست بوونی تاکی خۆکوژ بە پێوەرە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانەوە، وەك پەرچەکردارێکی تاکی خۆکوژ لەبەرامبەر فشارە کۆمەڵایەتییە بەهێزەکاندا، لەبارودۆخەکانی ( هەستکردنی تاك بە ئابڕووچونێکی زۆر، ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگە، لەدەستدانی کەسێکی خۆشەویست، شکست) حاڵەتی خۆکوشتن چاوەڕوان کراوە.

**ب- خۆکوشتنی ناپێوانەیی:-**

ت- لەکۆمەڵگە نوێیەکاندا ڕوودەدەن، کاتێك تاك هەست بە گونجان لەگەڵ کەلتوورەکەیی و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەکەیدا ناکات، لەم کاتەدا تاکی خۆکوژ واهەست دەکات کە ژیان بۆ ئەو هیچ مانایەکی نییە، لەبەر ئەوە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات.

لە شاری سلێمانیدا هیچ کەسێکی مەسیحی خۆی نەکوشتووە و خۆی نەسووتاندووە[٢]. ئەمەش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە ئەرێنییە و ئاماژەیە بۆ کەلتوورێکی تەندروست. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ :- [٣]

أ- یەکسانی ژن و پیاوی مەسیحییەکانی سلێمانی لە ماف و ئەرکدا

ب- ئازادی و سەربەستی ئافرەتی مەسیحییەکانی سلێمانی

ت- باشی پەیوەندی نێوان ژن و مێرد

پ- نەبوونی توندوتیژی جەستەیی و دەروونی لەسەریان .

ج- ئەنجام نەدانی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت، لەلایەن پیاوەکانیانەوە

ح- ڕێز بەرزی پێگەی ئافرەت لە ئاینی مەسیحیدا

خ- ڕێنماییەکانی ئاینی مەسیحی گرنگییەکی زۆر دەدات بە لێبوردەیی و ئاشتی

د- بەهۆی کەمی ژمارەیانەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان باش و بەهێزن.

ژ- بەهۆی کەمی ژمارەیانەوە قەشە پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵیان هەبووە و کێشەکانی بۆچارەسەر کردوون.

---

[١]- شارلوت سیمور – سمیث، موسوعة علم الانسان، المصدر السابق، ص١١١.

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: سناء ناصر قدوري، سلێمانی،٢٠١٧/٨/١٣. پەروین ئێلیا حنا، سلێمانی، ١٩/ ٦/ ٢٠١٧.

[٣]- بەیان گورگیس ئەودیشۆ، لەدایکبووی ١٩٦١، پیشە: توێژەری کۆمەڵایەتی، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١ . عالیة بطرس اسكندر علكة، سلێمانی، ٢٠١٧/٩/١٩ . ئاڤان نجیب شمعون صراف، سلێمانی،٢٠١٧/٩/١٧. نەبیل شەمعون داود، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠.

## ١٦- نموونەی باڵای مەسیحیەکان:

بەشێوەیەکی گشتی نموونەی باڵای مەسیحییەکانی سلێمانی(عیسای مەسیحە)، مەریەمی پاکیزەش نموونەی باڵای ئافرەتانی مەسیحییە، ئەوان هەوڵی لاسایکردنەوەی کردەوە و بیری (مەسیح) یان کردووە و بەکردەوە هەوڵیان داوە پەیڕەوی ئاینی مەسیحی بکەن نەك بەڕووخسار، یان بەشێوازی پۆشینی جل وبەرگ.

ئاینی مەسیحی لەڕاستیدا بزاڤێکی ڕیفۆڕمخوازییە بەسەر بیری کۆنەخوازیدا، مەسیح مرۆڤێکی جولەکە بووە کار و ڕێنمایەکانی جەختیان لەسەرئەوە کردووە، کە مرۆڤەکان شۆڕش بەسەر بیری کۆنەخوازیدا بهێنێن.

پیاوانی ئاینی و ژنانی مەسیحی لە هەندێك لایەنی سیما و ڕوخسار و جلوبەرگدا، لاسایی حەزرەتی مەسیح و مریەمی پاکیزە دەکەنەوە، ئەوانی تر واتە: لە خەڵکی گشتی مەسیحی سلێمانیدا، هیچ جۆرە لاسای کردنەوەیەك لە ڕووکەش و هەڵسوکەوتدا بەدی ناکەین.[1]

## ١٧- خەوبینین-خەونەکان(الأحلام):

د.علی الوردی دەربارەی خەوبینین(خەون) دەڵێت: گەلانیش وەك تاکەکان خەون دەبینن، بۆنمونە کتێبی (هەزار و یەك شەوە) کۆمەڵێك خەونی میللییە، بەشێوەیەکی دیاریکراویش خەونی هەژارانن، ئەوانەی کە برسی ئافرەتێکی جوانن، یاخود خولیایی کۆشکێکی گەورە و فراوان و خواردنێکی بەتامن[2].

لەم بۆچوونەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مرۆڤ خەون بەو شتانەوە دەبینێت کە پێی نەگەشتووە و بەهۆی بارودۆخی ئابوری یان کۆمەڵایەتییەوە بەدەستی نەهێناون، بێگومان مەسیحییەکانیش وەك هەر مرۆڤێکی تر خەون دەبینن، کە یەکێکیان خەون بۆ یەکێکی تریان دەگێڕنەوە دەڵێن: ئیشاالله خێر دەبێت، یان دەڵێن: خوایە بەخێری بگێڕیت، هەندێك لەمەسیحییەکان کاتێك خەوی ناخۆش دەبینن، خێردەکەن و پارە دەدەن بە کەسێکی هەژار.[3]

## ١٨- یاری و وەرزش و سەیران و گەشت:

مەسیحییەکانی سلێمانی چەند چالاکی جەستەیی و هزری بە ئامانجی خۆشی و تەندروستی و ئارامی دەروونی ئەنجامداوە، لە ڕابردوودا زۆربەی یاری منداڵانی مەسیحییەکانی سلێمانی ئەو یارییانە بوون کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا باوبوون، لێرەدا چەند نموونەیەك دەهێنینەوە :- [4]

---

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: نوال اسحاق شماس عیسی، سلێمانی،٢٠١٦/٩/١٥. کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥.

[2] - علی الوردي، الأحلام بين العلم والعقيدة، الطبعة الأولى-٢٠٠١، المطبعة: شريعت-قم، انتشارات المكتبة الحيدرية،، ص٨٠.

[3] - چاوپێکەوتن لەگەڵ جولێت فایەق عزیز شینە، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١٠.

[4] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥.

أ) **یاری قاچ درێژکردنەوە:** قاچ درێژ دەکەن و هەڵی دەکەن، چەند مناڵێکیش بەیەکەوە ئەم شتانە دەڵێن: ئانە پانە لبانە وەردی ئەحمەد شەخسانە، ئان پان تف .

ب) **یاری( فیکلانکۆ):** فیکلانکۆ شالا مالا ئاوی دۆ، لەپاکی بکەن لەپیسی بکەن فیکلانکۆ.

ج) **یاری (حل حلی و بلبلی) چاوم ڕشتوە بەکلی، کلی نەبوو توتی بوو.**

هەندێك لەو وشانەی لەو یاریانەدا بەکارهاتوون، وشەی سریانی و کوردی نین، پێدەچێت ئەم ووشانە عیبری بن، ئەویاریانەش یاری جولەکە بووبن، مەسیحی و ئیسلام کە لەگەڵ جولەکە تێکەڵاوبوون، لە گەڕەك کردوویانە و وەریانگرتووە.

لە ڕابردوودا منداڵانی مەسیحی سەرجەم ئەو یاریانەیان ئەنجامداوە کە بە پاشگری( ن )کۆتایی دێن وەك: (خەت خەتێن، چاڵچاڵێن، هەلوکێن، پەتپەتێن، سێڕسکێن). هەروەها (کورسی کورسی، جرالحبل، هەڵماقوڵ، میزەڵان بەقاچ بەستن و تەقاندن. )[1]

لە ئێستادا مەسیحییەکانی سلێمانی یارییەکی تایبەت بە خۆیان نییە، بەڵکو هەر لەگەڵ موسوڵمانەکانی سلێمانیدا، یاری و وەرزش دەکەن، کە ئەمانەن:-[2]

أ) **یاری دۆمبەڵە:** لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا یاری دۆبمەڵە دەکەن، هەموو ئەندامانی خێزان تێیدا بەشدار دەبن، لە پێکەوەبوونی خێزانی شەوی سەری ساڵدا، لە ئاهەنگی هۆڵ بێت یان لە ماڵ، دۆمبەڵە یەکێکە لەو یاریانەی کە زۆرترین ئامادەیی لە بۆنەی مەسیحییەکاندا هەیە.

ب) **یاری مەزاد:** یەکیکە لەو یاریانەی کە لە شەوە ئاهەنگی خێزانە مەسیحییەکاندا دەکرێت، ئەویش بریتییە لە عەرزکردنی لەوحەیەك یان پێداویستییەکی ماڵ و زیادکردنی ئاشکرا، تا دەگاتە ئەو نرخەی کە لیژنەکە بۆی داناوە، زیاتر ئەم مەزادە بۆ کۆکۆکردنەوەی کۆمەکە بۆ ئاهەنگی مەسیحییەکان .

ج) **یاری کاغەز(کۆنکەن):** هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەیەك ئەندازە شارەزاییان لە یاری کاغەزدا هەیە.

د) یاری تاوڵە: هەندێك لە خێزانە مەسیحییەکان کوڕ و کچیان تاوڵە دەزانن.

هـ) بەشێك لە مەسیحییەکانی سلێمانی ژن و پیاو وەرزشی(بەپێ ڕۆشتن، ڕاکردن، مەلەکردن)دەکەن.

و) **شەتڕەنج:** وشەیەکی فارسییە، لە بنەڕەتدا شەش ڕەنگە، مەبەست لێی مەلیك و وەزیر و فیل و ئەسپ و قەڵا و سەربازە، یاری شەترەنج بە یارییەکی زەینی(عەقڵی) دادەنرێت، هزر چالاك دەکات و وریایی و توانای شیکاری زیاد دەکات، ئارامی و دانبەخۆداگرتن بەهێز دەکات، بەوە وەسف دەکرێت کە ئەو جەنگەیە کە خوێنی تێدا نارژێت.

ز) **دۆمینە.**

ح) **تۆپی پێ.**

گ)**لەش جوانی:** بەشێك لە پیاو و ئافرەتەکانیان لە هۆڵەکانی لەش جوانیدا وەرزشی لەش جوانییان کردووە.

ی) منداڵەکانیان لە قوتابخانە و کۆڵان وەرزش و یاری دەکەن، لە ماڵدا یاری بە پلەیستەیشن و ئایپاد دەکەن.

---

[1] - سناء ناصر قدوري، سلێمانی،٢٠١٧/٨/١٣. پەروین ئێلیا حنا، سلێمانی، ١٩/ ٦/ ٢٠١٧.

[2] - چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهرۆز میخائیل رزوقی میخائیل، لەدایکبووی ١٩٥٩، پیشە: ئەندازیاری ڕێگاوبان، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/٢٠. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئارام عیسی یوسف،لە دایکبووی ١٩٧١، پیشە: فەرمانبەر، سلێمانی،٢٠١٧/٩/١.

ك) بەشێك لە خێزانەكان منداڵەكانیان لەماڵەوە فێری چنین، یان (**<u>رەسم كردن، یان مۆسیقا</u>**) دەكەن[1].

لەم سەردەمەدا زۆربەی مەسیحییەكانی سلێمانی ئەو كاتانەی كە بیّ ئیشن و دەوامیان نییە، كاتەكانیان بە فەیسبووك و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە بەسەر دەبەن و بەشێك لە پیاوەكانیشیان دەچنە چاخانەكان و كافتریاكان و پاركەكان. لە جەژنەكانی( لەدایكبوون و سەری ساڵ و هەستانەوە و جەژنی خاچ و ڤالانتاین) شەوان لە هۆڵێكدا ئاهەنگ ساز دەكەن و تا درەنگانێكی شەو بەشێكیان سەما دەكەن و هەڵدەپەڕن.

سەبارەت بە سەیران و گەشت، مەسیحییەكانی سلێمانی لە بەهاراندا لەگەڵ ماڵی هاوڕێكانیان یان لەگەڵ ماڵی خزمەكانیاندا چوون بۆ سەیران، هەموو ساڵێكیش كەنیسە گەشتی بەكۆمەڵ بۆ مەسیحییەكانی سلێمانی ڕێكدەخات، كە دەچن بۆ دێرەكانی شەقلاوە و القوش و كۆیە و هەرمۆتە، هەروەها ساڵانە كەنیسە سەیران و گەشت بۆ نەوجەوانان ڕێكدەخات. [2]

## ١٩- هێما و كەلتوور(Symbolism):

هێما بریتییە لەبەخشینی واتا بەشتەكان، ئەم چەمكە چەند شێوازێكی جیاواز لەجۆرەكانی ڕەفتار دەگرێتەوە، كەمەبەست لێی ئاڕاستەكردنی گرنگیدانی تایبەتە بە كەسێك یان شتێك یان فیكرەیەك یان واقیعێك، كە پەیوەست بێت بە هێماكەوە[3].

كەلتووری هێمایی ڕێكخستنی هێماكان و شێوازەكانی بەكارهێنانیان دەگرێتەوە، كە پەیوەستن بە وەرگرتنی و ڕێكخستنی زانیارییەكان و گواستنەوەی بۆ ئەوانی تر، بۆ نموونە زمان یەكێكە لە گرنگترین سیستەمە هێماییەكان[4].

ئەو هێمایانەی مرۆڤەكان لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا بەكاریاندەهێنن، ڕۆڵێكی گەورە لە دیاریكردنی شێوازی هەڵسوكەوتیان لەگەڵ یەكتریدا دەگێڕن، لەهەندێ كاتدا لەبەر ڕۆشنایی هێماكان و مانای هێماكاندا كردار و پەرچەكردارەكانیان ئەنجامدەدەن.

بە بڕوای (لیزلی وایت ١٩٠٠-١٩٧٥ ) ئەنسرۆپۆلۆجی ئەمریكی شێوازی بەكارهێنانی هێماكان و تێگەیشتن و ڕاڤەكردنی مانای هێماكان، لە دیارترین ئەو تایبەتمەندییانەن كە مرۆڤ لە بوونەوەرەكانی دیكە جیادەكەنەوە و مرۆڤ خۆی بەها و مانا بەو هێمایانە دەبەخشێت، كە بەكاریاندەهێنێت و دەرئەنجامی كارلێكی مرۆڤەكانە لەگەڵ یەكتریدا[5].

مەسیحییەكانی سلێمانی چەند هێمایەكیان هەیە، كە ڕەهەندی ئاینییان هەیە و هەر یەكەیان مانای خۆی هەیە و بەشێكن لە سرووتی ڕۆژانەیان:- [6]

---

[1]- چاوپێكەوتن لەگەڵ ئارام عیسی یوسف،لە دایكبووی ١٩٧١، پیشە: فەرمانبەر، سلێمانی،٢٠١٧/٩/١.

[2]- نیان یعقوب گورگیس، لەدایكبووی ١٩٨٦، پیشە: مامۆستا، سلێمانی،

[3]- أحمد زكی بدوی، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٧، ص ٤١٨. نخبة من أعضاء هيئة التدريس، الأنثروبولوجيا، دار المعرفة الجامعية،الاسكندرية، ٢٠٠٩، ص١٦٠.

[4]- رالف ل. بيلز. و هاری هویجر، مقدمة فی الأنثروبولوجيا العامة، المصدر السابق، ص ١٧٤.

[5]- ئارام علی فرج، بونیاد و كرداری كۆمەڵایەتی وەك دوو ئاستی سەرەكی لە لێكۆڵینەوەی كۆمەڵناسیدا،تێزی دكتۆرای بڵاونەكراوە،زانكۆی سلێمانی،سكولی زانستە مرۆڤایەتیەكان،بەشی كۆمەڵناسی،٢٠١٣،ص ١٢١ .

[6]- چاوپێكەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی ، ٢٠١٦/٤/٢٠.

١- **خاچ:**

سەرەکی ترین هێمایە، کە ڕەهەندێکی ئاینی هەیە و لە دوو هێڵی (ستوونی و ئاسۆیی) پێکهاتووە، هێڵە ستوونییەکە، هێمایە بۆ کراوەیی و ڕاستەوخۆیی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا، هێڵە ئاسۆییەکەش، هێمایە بۆ یەك ئاڕاستەیی و یەکسانی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان، کە لەسەر بنەمایی خۆشەویستییە.

٢- **قوربان(نانی پیرۆز):** هێمایی جەستەیی مەسیحە، کەدەیخۆن هێمایە بۆ ئەوەی کە مەسیحیان لەگەڵدا دەبێت.

٣- **مۆم:**

هێمایە بۆ مەسیح کە خۆی کردووە بە قوربانی بۆ مرۆڤایەتی.

٤-**دوکەڵی بخور:**

هێمایە بۆ بەرزبوونەوەی نوێژەکانیان بۆ ئاسمان .

## ٢٠- سکپڕبوون، حەزی منالْ بوون و سنووردارکردنی ژمارەی منداڵبوون(تحديد النسل):

سکپڕبوونی ئافرەت بەمنداڵ لە کەلتووری مەسیحییەکانی سلێمانیدا، پیرۆزی خۆی هەیە، ئەم پیرۆزییە لە سکپڕبونی مریەم بە عیسای مەسیح سەرچاوەی گرتووە، ئەمە وای کردووە کە ژنی سکپڕ لە ئاینی مەسیحییدا، خاوەن ڕێز بێت، لەبەرئەوەی مرۆڤێکی تری مەسیحی لەدایك دەبێت.

سنووردارکردنی ژمارەی منداڵبوون پەیوەندی بە نەریتی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕ و هۆشیاری کەلتووری و تەندروستییەوە هەیە[١]، مەسیح ئامۆژگاری و ڕێنمایی و ڕاسپاردەی نییە بۆ سنووردارکردنی ژمارەی منداڵبوون، مەسیحییەکانی سلێمانی لەڕابردوودا بەهاندانی کەنیسە و بەگوناه زانینی ڕێگری لە منداڵ بوون، سنوردارکردنی منداڵبوونیان پەیڕەو نەکردووە، ژمارەی منداڵی خێزانێکی مەسیحی لە نێوان(٧- ١٢)دا بووە، بەڵام لە ئێستادا زۆربەی خێزانەکانیان ژمارەی منداڵبوونی خۆیان سنووردار دەکەن و هەندێکیشیان نایکەن، کەنیسە هیچ ڕێنماییەکی دەربارەی دیاریکردنی ژمارەی منداڵبوون نییە و پەیوەندی بە توانا و حەزی خێزانەکانەوە هەیە. لە ئێستادا ژمارەی منالْی خێزانی مەسیحی سلێمانی کەمیکردووە بۆ (٣-٥)منداڵ، بەشێوەیەکی گشتی مەسیحییەکانی سلێمانی سنووردارکردنی منداڵبوون دەکەن و خێزانی مەسیحی لە سلێمانیدا زۆرترین ژمارەی (٥)پێنج منداڵە و بە تێکڕاش خاوەنی(٢)دوو منداڵن[٢].

مەسیحییەکانی سلێمانی گرنگی دەدەن بە پەروەردە و ئایندەی منداڵەکانیان، یەکێك لە هۆکارەکانی دیاریکردنی ژمارەی منداڵبوون لەم دیدگایەوە سەرچاوەی گرتووە، کە دەڵێن: ئەگەر منداڵمان زۆر بێت، ناتوانین بە باشی پەروەردەی بکەین.

---

[١]- محمد علي محمد، سناء حسنين الخولي، على عبدالرازق جلبي، سامية محمد جابر، دراسات في علم الاجتماع الطبي، الطبعة الخامسة، دار المسيرة، عمان-الأردن، ٢٠١٦، ص ٧٩.

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. عبدالاحد یوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ .

## ٢١- دابونەریت و سروتی شۆردن و کفن و ناشتن و پرسەی مردوو:

مەسیحییەکانی سلێمانی بۆ مەراسیمی شۆردن و کفن و ناشتن و پرسەی مردوو، دابونەریت و سروتی تایبەت بەخۆیان هەیە، لێرەدا بە چەند خاڵێك ڕوونیان دەکەینەوە:- [١]

### أ) شۆردن و کفنی مردوو:

مەسیحییەکانی سلێمانی لە کەنیسە شوێنێکیان نییە بۆ مردوو شۆردن، وەك ئەوەی کە موسوڵمانەکان لە مزگەوت هەیانە، شۆردنی کەسێکی مردوو لای مەسیحییەکانی سلێمانی بەهۆی جیاوازی نەتەوایەتی و مەزهەبیەوە بەیەك شێوە مامەڵەی لەگەڵدا ناکەن، مەسیحییە کلدان کاسۆلیکەکانی شاری سلێمانی مردووەکانیان ناشۆن، کاتێك کەسێکیان مرد هەر لەماڵەکەی خۆیدا جلی خۆی لەبەر دەکەن، بۆنمونە تازەبوك بوبێت و مردبێت جلی بوکێنیی لەبەردەکەن، یان خەڵکێك هەیە پێش مردنەکەی دەڵێت: بەفڵان دەستە جل یان بۆینباخ بمنێژن، لە لایەن کەسوکارەکەیەوە وەسیەتەکەی جێبەجێ دەکرێت، بەگشتی مردوو جلی ژێرەوەی لەبەر دەکرێت، پاشان بەخامی سپی کفنی دەکەن.

ئەگەر کەسێك لەنەخۆشخانەش بمرێت یان بە هەر هۆیەکی تر لەماڵی خۆی نەمرێت، خاوەن مردوو، مردووەکە دەباتەوە بۆ ماڵەوە، وەك دوا نزا و ماڵ ئاوایی کردن لەماڵەکە، پاشان جەنازەکەی لەماڵەوە دەبرێت بۆ کەنیسە.[٢]

شایەنی باسە ئاشوورییەکان و سریانییەکانی سلێمانی، لە شۆردنی مردوودا جیاوازن لە کلدان کاسۆلیکەکانی سلێمانی، ئاشووری و سریانییەکان مردووەکانیان لە ماڵی مردووەکەدا دەشۆن، پاشان کفنی دەکەن و دەیبەن بۆ کەنیسە[٣].

### ب) نوێژی مردوو لە کەنیسە :

مردووی مەسیحی پێش ئەوەی بیبەن بۆ سەرقەبران بۆ ناشتن، دەبرێت بۆ کەنیسە و لە ناوەڕاستی هۆڵی نوێژکردنی کەنیسە لەناو تابوتدا(سندوق) دادەنرێت و بۆنی خۆش و گوڵاوی لێدەدەن و قەشە و ئامادەبووان نوێژی تایبەتی مردووی بۆ دەکەن. پاشان دەبرێت بۆ سەرقەبران[٤].

### ج) مردوو ناشتن:

سرووت و دابونەریتی ناشتنی مردووی مەسیحییەکانی سلێمانی بەچەند خاڵێك ڕووندەکەینەوە: [٥]

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ عبدالمسیح یوسف یعقووب، لەدایکبووی ١٩٥٧، پیشە: شەماش لە کەنیسەی مریم العذراء، سلێمانی، ٢٠١٦/٧/٢٠.

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. ئامانج نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠. جولێت فایەق عزیز شینە،سلێمانی،٢٠١٦/١١/١٠.

[٣]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: سناء ناصر قدوري، سلێمانی،٢٠١٧/٨/١٣. پەروین ئێلیا حنا، سلێمانی، ١٩/ ٢٠١٧/٦.

[٤]- تێبینی بە بەشداری خوێندکار لە مەراسیمی نوێژی مردووی( نەبیل پەترۆس ئەسکەندەر) لە کەنیسەی ماریوسف، ٢٠١٧/٩/١٠.

[٥]- چاوپێکەوتن لەگەڵ عبدالمسیح یوسف یعقووب، سلێمانی، ٢٠١٦/٧/٢٠. تێبینی بە بەشداری خوێندکار لە مەراسیمی ناشتنی (نەبیل پەترۆس ئەسکەندەر) لە سەرقەبرانی مەسیحییەکان لەگەڕەکی مامەیارەی شاری سلێمانی، ٢٠١٧/٩/١٠.

**١- بەگشتی ئێواران و شەوان مردوو نانێژرێت و لە کەنەیسە دادەنرێت تابەیانی و بەیانی دەبرێت بۆ سەرقەبران، تەنها پیاوان و قەشە و شەماشە دەیبەن بۆ گۆڕستان و لەوێ دەینێژن، ژنان بەشداری مەراسیمی ناشتنی مردوو ناکەن.**

**٢- مەسیحیەکانی سلێمانی دارەمەیتیان نییە، ( تابوت – سندوق)یان هەیە و مردوو بەکفن کراوی دەخرێتە تابوتەوە، کە سندوقێکە و لە دار دروستکراوە، مردوو لەناو سندوقدا و لەسەر پشت و ڕووی لە خۆرهەڵات دەنێژن، بەشی لای سەرەوەی تابوتەکە کەمیك پانتر لەبەشی قاچی تابوتەکە دروست دەکرێت، هەوڵ دەدرێت ئەودارەی کە بەکاردێت لە دروستکردنی تابوتەکە تۆکمە بێت و بەرگەی ژێر زەوی زۆر بگرێت، لە کەنیسەدا هەمیشە دوو تا سێ تابووتی دروستکراو ئامادەکراو هەیە، بۆئەوەی خاوەن مردوو گیرۆدەی تابوت دروستکردن نەبێت لەکاتی پرسەی ناوەختدا.**

**٣- هەڵگرتنی تەرم هەروەزییە، کەسانی یەکەمی مردوەکە بەپلەی یەکەم و لەگەڵ ئازیز و دۆستانی مردوەکە، تابوتەکەی هەڵدەگرن.**

**٤- لە سەرقەبران قەشە و شەماسەکان نوێژ بۆ مردوەکە دەکەن، قەشە مشتێك خۆڵ هەڵدەگرێت و دوعایەکی بەسەردا دەخوێنێت و هەڵی دەداتە سەر تابووتەکە لە ناو قەبرەکەدا، ئامادەبووان بە هەرەوەزی گۆڕەکەی بەخۆڵ پڕدەکەنەوە، لە کۆتایدا قەشە و شەماشەکان نوێژی مردووی لەسەر دەکەن و لەگەڵ خەڵکەکەش نوێژی (ابانا) و(سلام الملائکی)لەسەر دەخوێنن[١].**

**٥- دواتر لە سەر گۆڕەکە کەس و کاری مردوو دەوەستن و سەرەتا قەشە و شەماشەکان و دوای ئەوان خەڵکەکە یەك یەك دەچن تەوقەیان لەگەڵدا دەکەن و سەرەخۆشییان لێدەکەن و گەورەی ماڵ یان ڕیش سپییەکی مەسیحی سوپاسی ئامادەبووان و ماندووبوون و ئەرککێشانی خەڵکەکە دەکات و شوێنی پرسەکە ڕادەگەیێنێت.**

## د) پرسە:

**تایبەتمەندییەکانی پرسەی مەسیحییەکانی سلێمانی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ڕووندەکەینەوە: [٢]**

### ١- شوێنی پرسە:

**لە ڕابردوودا پرسەی پیاوان و ئافرەتان لە ماڵی مردووکە بووە، یان پرسەی پیاوان لە نهۆمی دووهەمی کەنیسەی (مەریەمی پاکیزە) لە گەڕەکی گاوران بەڕێوەچووە، لە ئێستادا پرسەی پیاوان و ئافرەتان لە نهۆمی یەکەمی کەنیسەی ماری یوسف بەڕیوەدەچێت، هەروەها لە ئێستادا پرسەی پیاوان لە کەنیسەیە و پرسەی ژنانیش ئەگەر کەم بن و خانووەکەیان گەورە بێت، ئەوا لە ماڵەوە و ئەگەر ماڵەکەیان بچووك بێت و زۆربن لە کەنیسە دادەنیشن.**

---

**١- تێبینی بە بەشداری خوێندکار لە مەراسیمی ناشتنی(نەبیل پەترۆس ئەسکەندەر) لە سەرقەبرانی مەسیحییەکان لە گەڕەکی مامەیارەی شاری سلێمانی، ٢٠١٧/٩/١٠.**

**٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ: جولێت فایەق عزیز شینە،سلێمانی،٢٠١٦/١١/١٠. عبدالمسیح یوسف یعقووب، سلێمانی، ٢٠١٦/٧/٢٠.سناء ناصر قدوري، سلێمانی،٢٠١٧/٨/١٣. پەروین ئێلیا حنا، سلێمانی، ١٩/ ٦/ ٢٠١٧.**

**٢- كاتی پرسە:**

لەڕابردوودا پرسەی مەسیحی سێ ڕۆژ بووە، لە ئێستادا دوو ڕۆژە، هەر دوو ڕۆژی پرسە بەیانیان سەعات (٨) ژن و پیاو دەچن بۆ کەنیسە و بە ئامادەبوونی قەشە، قداس(نوێژ) بۆ مردووەکە دەکەن، پاشان لەسەعات( ١٠ بەیانی تا سەعات ١٢ )ی نیوەڕۆ بۆ پرسە دادەنیشن، هەروەها لەسەعات( ١ نیوەڕۆ بۆ ٤ ئێوارە) دادەنیشنەوە. ئەوەی کەفریاش نەکەوتبێت لەو دوو ڕۆژەدا بچێت بۆ پرسە دەچنە ماڵەوە بۆلای کەس و کاری مردوو بۆ سەرەخۆشی، خاوەن پرسە دە ڕۆژێك زیاتر لە ماڵەوە دادەنیشێت نەوەك خەڵك بێت بۆ سەرەخۆشی کردن.

**٣- نان خواردنی پرسە:**

لەو دوو ڕۆژەدا، بەیانیان دوای تەواو بوونی قداس لە کەنیسە، نانی بەیانی دەخورێت، لەڕابردوودا ئاو و چاو قاوە و جگەرە لە پرسەدا دراوە بە ئامادەبووانی پرسە، لە ئێستادا تەنها ئاو دەدرێ بە ئامادەبووان، هەردوو ڕۆژی پرسەکە نیوەڕوان خاوەن پرسەکە خواردن ئامادە دەکات بۆ ئەو خەڵکانەی کە لە پرسەکەدا بەشدار دەبن، نانخواردنی نیوەڕۆی ڕۆژی یەکەم پێی دەوترێت ( وەلیتە) کە لە سەرخوانی خاوەن مردوو ئامادە دەکرێت، لە ڕابردوودا لە ماڵی مردووەکە لێنراوە لە ئێستادا لە چێشتخانە بەسەفەری ئەیهێنن بۆ پرسەی پیاوان لە کەنیسە و لە کەنیسە (لە هۆڵی نان خواردن)نان دەخورێت و بەهەمان شێوەش خواردن دەچێت بۆ پرسەی ژنان، وەك نەریت خاوەن پرسە خەڵك خوڵك دەکات بۆ نان خواردنی وەلیمە[1].

**٤- ڕۆڵی قەشە لە پرسەدا:**

هەردوو ڕۆژەکە قەشە دەچێت بۆ هۆڵی پرسەکە و دوای نوێژ کردن خاوەن مردوو لە پرسە هەڵدەسێنێت ،ئێوارەی ڕۆژی دووەمی پرسە، قەشە چەند وتەیەك پێشکەش دەکات و نوێژی بەکۆمەڵ بۆ مردووەکە دەکەن و داوا دەکات لە خاوەن پرسە ئیتر کۆتایی بە پرسەکەیان بێنن و داوای سەبوریان بۆ دەکات .دوای تەواوبونی پرسە لە هۆڵی کەنیسەدا، خاوەن پرسە دەچێتەوە ماڵەوە و قەشە سەردانیان دەکات و هاوخەمی خۆی دەردەبڕێت و دوعا بۆ مردووەکە دەکات[2].

**٥- بەشداری موسوڵمانان لە پرسەی مەسیحییەکاندا:**

لەشاری سلێمانیدا موسوڵمانەکانیش دێن بۆ پرسەی مەسیحییەکان و سەرەخۆشی خۆیان پێشکەش دەکەن، ئەوان هیچ فاتیحایەك ناخوێنن تەنها دەست بەرزدەکەنەوە و دەڵێن خوا عەفوی بکات،بەڵام خەڵکی مەسیحی کە دێتە پرسەکە هێمای خاچ لە ناوچەوانی دەکێشێت و نوێژ دەکات و سەرەخۆشی لە خاوەن پرسەکە دەکات.

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاڤان نجیب شمعون صراف، سلێمانی،٢٠١٧/٩/١٧. عالیة بطرس اسکندر علکة، سلێمانی، ٢٠١٧/٩/١٩

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی ، ٢٠١٦/٤/٢٠.

٦- هاوكاری كەسی خاوەن مردوو:

ئەگەر خاوەن مردوو هەژار بێت ئەوا خزم و كەس و كاری هاوكاری خاوەن پرسە لە خەرجی پرسەدا دەكەن. شایەنی باسە مەسیحییەكانی سلێمانی لە كەنیسە لیژنەیەكیان پێكهێناوە بۆ كاروباری كۆمەڵایەتی، كە سەرپەرشتی پرسە و هاوكاری بەڕێوەبردنی پرسەی مەسیحییەكانی سلێمانی دەكات[١].

## ه) گۆڕستان و سەردانی قەبرستانی مەسیحییەكانی سلێمانی( چوون بۆ سەرقەبران):

لە ڕابردوودا كەنیسەی مەسیحییەكانی سلێمانی(كەنیسەی مەریەمی پاكیزە)، سەرقەبرانی خۆی تێدابووە، بەشیوەیەكی مۆدێرن لەسەردەمی قەشە(یوسف پەری) بەسەرپەرشتی و فەرمانی ئەو، ئەو گۆڕستانە لە ناو كەنیسەدا دروستكراوە، مردووەكان لەناو دیوار كراون، پێشتریش باخی كەنیسەی (مریم العذراء) سەرقەبران بووە، بەڵام ئێستا سەرقەبرانەكە كراوە بە باخ، هەروەها بەشێك لەو بیانیانەی كە لە كاتی دروستكردنی سەدی دوكان و دەربەندیخان مردوون و مەسیحی بوون لە ناوباخەكەی ئێستای كەنیسەی سلێمانی نێژروان( ٧ ) بۆ (٨) كەسێك دەبن.[٢]

لە ئێستادا مەسیحییەكانی سلێمانی سەرقەبرانی خۆیان هەیە كە لە لەنزیك گردی سەیوانی موسوڵمانەكانە و لە سەر قەبرانی موسڵمانەكان جیاكراوەتەوە، مردوو دەبرێت بۆ ئەو گۆڕستانە و لەوێ دەنێژرێت، لەم ماوەیەی دواییدا بەتایبەت بەهۆی ڕەوتی ئیسلامی توندڕەوەوە لە ناوچەی ئازادی و گردی مامەیارە، زیانێكی زۆر بە سەرقەبرانی مەسیحییەكان كەوتووە هەر لەقەبرشكاندن تا بێ ڕێزی كردن بەرامبەر بە كێل و هێمای خاچی سەر قەبرەكان، بۆیە لە ئێستادا بەدیوار سیاجیان بۆ قەبرستانەكەیان كردووە و پاسەوانیان بۆ داناوە و هۆڵێكیشی تیا دروست كراوە، بە ئامانجی ئەوەی نوێژی مردوو لە كەنیسە نەكرێت، بەڵكو لەو هۆڵەی گۆڕستانەكە نوێژی مردوو بكەن.[٣]

ڕۆژی دووەمی پرسە دوانیوەڕۆكەی ژنان دەچن بۆ سەرقەبری مردوو، لە سێهەم ڕۆژیشدا (سێ ڕۆژانە) سەعات ٩ی بەیانی لە كەنیسە قەشە و كەسوكاری مردووەكە قداسێك(نوێژ) بۆ مردووەكە دەكەن و پاشان ژنان و (هەندێك جاریش پیاوی نزیكی مردووەكە)دەچنەوە بۆ سەر قەبری مردووەكە،هەروەها لە چلە و ساڵانەی مردووشدا كەس و كاری نزیكی مردووەكە دەچنەوە بۆ سەر قەبران.[٤]

هەروەها مەسیحییەكانی سلێمانی لە ڕۆژی (هەینی مردووان) كە دەكەوێتە یەكەم هەینی پێش (ڕۆژووی گەورە) واتە دەكەوێتە مانگی شوبات و لە ڕۆژی ((هەینی شەهیدان و باوەڕداران – جمعة الشهداء والمعترفین بالایمان)) كە دەكەوێتە یەكەم هەینی دوای جەژنی هەستانەوە واتە دەكەوێتە مانگی نیسان،

---

[١]- نەبیل شەمعون داود، لەدایكبووی ١٩٥٧، پیشە: ژمێریار– یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی لە دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠.

[٢]- كامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١.

[٣]- چاوپێكەوتن لەگەڵ: كامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. جولێت فایەق عزیز شینە، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١٠.

[٤]– چاوپێكەوتن لەگەڵ عبدالمسیح یوسف یعقووب ، سلێمانی، ٢٠١٦/٧/٢٠.

سەردانی قەبرستان دەکەن و هەرکەسە و دەچێتە سەر قەبری کەس و کاری خۆی. جگە لەم ڕۆژانەش بە شێوەیەکی گشتی ڕۆژانی(هەینی) دەچن بۆ سەرقەبران بۆ سەر قەبری مردووەکانیان[1]

**و) سێ ڕۆژانە:**

سێیەم ڕۆژی پرسە،پێی دەوترێت سێ ڕۆژانە، لەم ڕۆژەدا، لە کەنیسە بە نیەتی مردوەکە قداسێکی(سروتی ئاینی) بۆ دەکرێت، پاشان ژنان و پیاوانی نزیکی خاوەن مردوو سەردانی سەرقەبران دەکەن و گوڵ دەبەن بۆ سەر قەبرەکە، هەروەها نانی نیوەڕۆ لە ماڵی مردوو دەخورێ و شیرینی بۆ ئامادەبووان دادەنرێ. دوای سێ ڕۆژانە، ڕۆژانی هەینی دەچن بۆ سەر قەبران.[2]

**ز) چلە و ساڵانەی مردوو:**

مەسیحییەکانی سلێمانی بە لێدەرکردنی ژن و ژمارەی منداڵەکانی کەسی مردوو لە(٤٠)ڕۆژ، مەراسیمی چلەی مردوو ساز دەکەن، واتە ئەگەر مردوویەك ژنێك و (٢) منداڵی هەبێت، ئەوا لە دوای تێپەڕبوونی (٣٧)ڕۆژ،خزم و کەسوکاری مردووەکە مەراسیمی چلە بۆ مردووەکە ساز دەکەن، خاوەن مردوو، لە ماڵەوە یان لە کەنیسە دادەنیشن و پێشوازی لەخەڵك دەکەن، خزم و کەس و دراوسێکان و هاوڕێیانیان بۆ سەرەخۆشی سەردانیان دەکەن[3]. هەندێك جاریش کەسوکاری مردوو، لە ساڵیادی مردووەکەیاندا، خەڵکێکی زۆر بانگێشت دەکەن بۆ کەنیسە و لە هۆڵی بۆنەکانی کەنیسەدا، چێشت و نان و شیرینی بە ئامادەبووان دەدات[4]. هەروەها یەکەم جەژنی دوای مردنی کەسێك، کەپێی دەوترێت (نۆ جەژنە)، لەم ڕۆژەدا خاوەن مردوو لەماڵەوە دادەنیشێت و خەڵك سەردانیان دەکەن و سەرەخۆشیان لێدەکەن. مەسیحییەکانی سلێمانی تا چلە تەواو نەبێت قەبر هەڵنابەستن، لەپاش چلە قەبر هەڵدەبەستن.[5]

## چوارەم: پەروەردە و فێرکردن و بەکۆمەڵایەتیبوون:

پەروەردە: ئاماژە و گوزارشتە لە پرۆگرامەکانی ئایدۆلۆجیا و لە تەکنیك و ئامرازەکانی پەروەردە و فێرکردن، بەمەبەستی فێرکردنی زانست و تۆمارکردن و ڕێکخستنی زانیارییەکان و زیادبوونی بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکانی کەسێتییەکان و کەلتوورەکان، لە زانستی کۆمەڵناسیدا پرۆسەی پەروەردە لە بوارەکانی قوتابخانە و سیستەمی پەروەردەی گشتی لە کۆمەڵگەکاندا بەڕێوەدەچێت، هەموو ئەو

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ نیان بەشیر داود عەلەکە، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٨.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. جولێت فایەق عزیز شینە، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١٠.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: سناء ناصر قدوري، لەدایکبووی١٩٦٣، پیشە: قژ بڕی ئافرەتان- ئارایشتگا، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١٣. پەروین ئێلیا حنا، لەدایکبووی ١٩٥٢، پیشە: خانەنشین، سلێمانی، ١٩/ ٢٠١٧/٦.

[4]- تێبینی بە بەشداری ڕاستەوخۆی خوێندکار لە مەراسیمی ساڵانەی ( فاروق بابا یوسف)، لەکەنیسەی ماریوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٥/٢٩.

[5]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: سناء ناصر قدوري، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١٣. پەروین ئێلیا حنا، سلێمانی، ١٩/ ٢٠١٧/٦.

کەسانەش دەگرێتەوە کە لە دامەزراوە پەروەردەییەکانی وەك قوتابخانە و زانکۆکاندا پرۆسەی فێربوون پڕاکتیزە دەکەن[1].

بەکۆمەڵایەتیبوون(Socialization): پرۆسەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە، کە بریتییە لە پڕۆسەی فێرکردن و پەروەردەکردنی تاك، کە بەهۆیەوە تاك فێری زمان و زانست و بەها و داب و نەریت و بیروباوەڕ و توخمەکانی تری کەلتووری کۆمەڵگەکەی دەبێت، کە دەبێتە بەشێك لە دروستبوونی کەسێتی تاك و هاوکاری دەکات بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا، بەمەش تاك لە بوونەوەرێکی بایەلۆجییەوە دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری، چونکە بەکۆمەڵایەتیبوون بنەمایەکی سەرەکییە بۆ ڕێکخستنی ڕەفتاری تاك و کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی مرۆڤ بگونجێت لەگەڵ بەهاو پێوەرەکانی کۆمەڵگەدا. هەروەها پرۆسەیەکە کە مرۆڤ بەهۆیەوە فێردەبێت چۆن ببێت بە ئەندامی کۆمەڵگە، لە ڕێگەی جێبەجێکردنی بەها و دابونەریتەکانی کۆمەڵگەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی تاك فێر دەبێت ڕۆڵەکانی خۆی لە کۆمەڵگەدا وەك هاوڵاتییەك نمایش بکات و ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، ئەم پرۆسەیە بە بەشێکی گرنگی گەشەکردنی مرۆڤایەتی دادەنرێت، کە چەند دامەزراوەیەکی بەیەکەوە گرێدراووی وەك: ( خێزان، قوتابخانە، پەرستگا، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، هاوڕێ) جێبەجێی دەکەن و هەر یەکەیان بەشێوەیەکی ڕێژەیی کاریگەرییان لە بەکۆمەڵایەتیبووندا هەیە، کە لە چوارچێوەی ڕۆڵ و ڕەفتاری تاکەکان و شێوازی مامەڵەکردنیاندا دەردەکەوێت[2].

پرۆسەی (پەروەردە) و (بەکۆمەڵایەتیبوون)لای مەسیحییەکانی سلێمانی بە چەند خاڵێك ڕوون دەکەینەوە:-

١- مەسیحییەکانی سلێمانی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا(٦٨) مامۆستای قوتابخانەکان و سەرپەرشتیاری پەروەردەییان تێدا هەڵکەوتووە، لەو ژمارەیە (٣٠)یان مردوون و (٨)مامۆستایان خانەنشینن[3].

٢- مەسیحییەکانی سلێمانی هەموویان خوێندەوارن و کەسی نەخوێنەواریان تێدا نییە، زۆربەیان قۆناغی ئامادەیی و پەیمانگا و زانکۆیان خوێندووە، بەڵام ژمارەیەکی کەم لەساڵی نەوەدەکاندا وازیان لەخوێندن هێناوە، بەهۆی قەیرانی دارایی ئەو کاتەی کوردستان و بەهۆی حەزلێنەبوونی ئەوانە لە خوێندن، هەروەها ژمارەیەکی زۆر کەمی کچانیش بەهۆی هاوسەرگیرییەوە لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی وازیان لەخوێندن هێناوە، بەڵام لەساڵانی دوو هەزارەکاندا هەموو منداڵانی مەسیحی لەسلێمانیدا دەخوێنن و هیچ منداڵێکی مەسیحی نییە وازی لەخوێندن هێنابێت.[4]

---

[٤]- John scott and Gordon Marshall, A Dictionary of Sociology. Oxford: University Press, Third edition,٢٠٠٩, P ٢٠٥- ٢٠٦

[2]- فاديا أبو خليل، أثر الثقافة والتنشئة الاجتماعية في تكوين شخصية الفرد، الطبعة الأولى، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان، ٢٠١٤، ص ٧٥-٧٦.

[3]- لطيف پۆلص اسطيفان، لەدایکبووی١٩٣٧، پیشە: مامۆستای خانەنشین، سلێمانی،١ /٢٠١٧/٢.

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ . عبدالاحد یوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ . سمیرە حنا عازر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٧. ئامانج نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠.

**٣- قوتابیانی مەسیحی لە شاری سلێمانیدا، لە قوتابخانە (حکومی و ئەهلییەکانی)سلێمانیدا دەخوێنن، بەشێکیان لە قوتابخانەی عەرەبی و بەشێکی تریان لە قوتابخانەی کوردی و بەشێکی تریشیان لە قوتابخانەی ئینگلیزی دەخوێنن. لە قوتابخانە وانەکانی (ئاین و زمانی سریانی) ناخوێنن[١].**

## ٤- پەروەردەکردنی منداڵ:

**پەروەردەکردنی منداڵ لە ئاینی مەسیحیدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەشێکی ئەو تایبەتمەندییە لە خۆشەویستی مەسیح بۆ منداڵان سەرچاوە دەگرێت، بەپێی ئینجیل ئەم خۆشەویستییەی مەسیح لە چەند بۆنەیەکدا باسکراوە، کاتێك کە هەندێك لە قوتابییەکانی مەسیح هەوڵ دەدەن ڕێگری لەهاتنی منداڵان بۆ لای مەسیح بکەن، ئەویش پێیان دەڵێت: (مەسیح منداڵێکی بانگ کرد، گرتییە باوەشییەوە و پێی ووتن: ئەوەی بەناوی منەوە پێشوازی لەیەکێ لەم منداڵانە بکات، ئەوا پێشوازی لە من دەکات.)[٢]**

**هەروەها مەسیح بە قوتابییەکانی دەڵێت: ( واز لەمنداڵان بهێنن با بێن بۆ لام، ڕێگەیان لێ مەگرن، چونکە پادشاهێتی خودا بۆ ئەوانەیە، بەڕاستی پێتان دەڵێم: ئەوەی وەك منداڵێك پادشاهێتی خودا وەرنەگرێ، ناچێتە ناویەوە، ئینجا منداڵەکانی لە باوەش گرت و دەستی خستە سەر سەریان و پیرۆزی کردن.)[٣]**

**ئەم ڕێزی گرتنەوەی مەسیح لە منداڵ، وای کردوە منداڵ خوشەویست بێت و خێزان و پیاوانی کەنیسەی مەسیحی لە هەوڵی ئەوەدابن لە سەر کار و ووتەی مەسیح منداڵەکانیان پەروەردە بکەن.**

**خێزان و کەنیسە ئەرکی پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵ جێبەجێ دەکەن، بنەمای سەرەکی پەروەردەکردنی منداڵانی مەسیحییەکانی سلێمانی (١٠)ڕاسپاردەکەی خودایە(الوصایا العشر)، کە لە پەیمانی کۆنی (کتێبی پیرۆز)* دا هاتووە، کە بریتین لە : [٤]**

**١- خوا فەرموویەتی: منم خودای تۆ، بێجگە لەمن خودای ترت نەبێت**
**٢- سوێند بەخودا بە درۆ نەخۆیت**
**٣- ڕۆژی خودا (یەك شەممان و جەژنان) بەپیرۆز دابنێ و بیپارێزە**
**٤- ڕێزی باوك و دایکت بگرە و پاداشتیان بکە**
**٥- مرۆڤ مەکوژە**
**٦- زینا مەکە**
**٧- دزی مەکە**
**٨- شایەتی درۆ مەدە**
**٩- حەز لە ژنی خزمت مەکە.**
**١٠- هەر وەك چاکە و ئاسوودەیی و خۆشیت بۆ خۆت دەوێت، بۆ دراوسێکەشت بوویت.**

---

[١]- بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. نیان یعقوب گورگیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١٢

[٢]- مەرقۆس ٩/٣٦-٣٧

[٣]- مەرقۆس ١٠: ١٥

*- کتێبی پیرۆز(الکتاب المقدس): لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم پێی دەوترێت پەیمانی کۆن(العهد القدیم) واتە تەوراتی حەزرەتی(موسا)، بەشی دووەم پێی دەوترێت پەیمانی نوێ(العهد الجدید)واتە(ئینجیل)ی حەزرەتی مەسیح.

[٤]- الکتاب المقدس، دار المشرق، طبعة ثامنة، لبنان- بیروت، ٢٠١٢،ص ١٨٦-١٨٧. سفر الخروج١٣،٢٠-١٧.

هەموو منداڵانی مەسیحی لە سلێمانیدا لەپشووی هاویندا دەچن بۆ کەنیسە، بۆ بەشداریکردن لە خولی ( پەروەردەی مەسیحی) و بەو (١٠)ڕاسپاردەیە منداڵان پەروەردە دەکەن،
ئاینی مەسیحی باوکان و دایکان ڕادەسپیرێت کە لەمنداڵەکانیان تووڕە نەبن و زەبروزەنگ لە بەخێوکردنیان بەکارنەهێنن، ( ئێوەش ئەی باوکان منداڵەکانتان توڕە مەکەن، بەڵکو بەخێویان بکەن بەپێی ڕاسپاردەی خودا.)[1]

ڕێزی منداڵ لەئاینی مەسیحیدا لەئاستێکدایە تەنانەت لە بەجێهێنانی سروتی (شۆردنی قاچی قوتابیان) گەورە (کاهین و قەشەکان) قاچی منداڵان دەشۆن و ماچی دەکەن، لەئێستادا وەك بەجێهێنانێك بۆ وەسیەتی مەسیح: کە دەڵێت: ئێوەش لەدوای من ئەو کارە بکەن، قەشە و ڕاهیبەکان لە کەنیسە قاچی منداڵەکان دەشۆن و ماچی دەکەن، ( مەسیح کەواکەی داکەند و خاولییەکی هەڵگرت و بەستی بەناوقەدییەوە، ئینجا لە حەوزێك ئاوی پڕکرد بۆ شوشتنی قاچی قوتابییەکانی، دەستی کرد بەشوشتنی قاچی قوتابییەکانی و بەو خاولییەی کە لە قەدی بەستبووی بۆی سڕینەوە.)[2]

بەپێی بیروباوەڕی ئاینی مەسیحی ئەم جۆرە ڕێزگرتنە لەمنداڵ، لە ناواخنیدا کاریگەری ئەرێنی لەسەر کەسێتییان دەبێت و باوەڕبەخۆ بوونیان تێدا زیاد دەکات. لەسەر ڕاسپاردەی (مەسیح) لە کەنیسەی سلێمانیدا قەشە و شەماشە و ئامادەبووان ڕێز لە منداڵان دەگرن و لە نوێژی بە کۆمەڵی ئێوارانی یەك شەممەندا منداڵان بەشداری دەکەن و لای دەستی چەپی قەشە دادەنیشن و بەشداری نوێژ و سروتەکانی نوێژ دەکەن[3].

ئاینی مەسیحی ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە پەروەردەکردنیاندا، بۆجۆرێك بەدرێژای ساڵ ڕۆژانی هەینی و هەموو ساڵێکیش لە پشووی هاویندا، کەنیسە خولی خوێندن و پەروەروەردەی مەسیحی(التعليم المسيحي)* بۆ منداڵان و نەوجەوانانی مەسیحی دەکاتەوە و ژمارەیەکی زۆری منداڵان تێیدا بەشداری دەکەن، بەهۆی ئەم خولەوە منداڵان فێری ئاینی مەسیحی و خوڕەوشت و دابونەریت و زمان و کەلتووری مەسیحی دەکرێن[4].

---

[1]- ئەفسوس :٦/٤

[2]- یۆحەننا١٣/٤-٦

[3]- تێبینی ڕاستەوخۆی توێژەر لەکاتی نوێژی یەك شەممانی کەنیسەی ماریوسف

*- **خولی خوێندنی مەسیحی:** ئەم خولە لە وەرزی هاویندا لە لایەن کەنیسەوە بە هاوکاری مەترانی کەرکوك – سلێمانی بە سەرپەرشتی قەشە و راهیبەکان و مامۆستایان بۆ قوتابیانی قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی دەکرێتەوە، دەوامی خولەکە هەفتانە (٤) ڕۆژە و لەسەعات(٩ی بەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ)بەردەوام دەبێت، پرۆگرامی خولەکە بابەتەکانی: ( ئاینی، ڕۆشنبیری، ڕەوشت و ڕەفتار، وەرزشی، فیلمی ئاینی و پەروەردەی، گەشت) دەگرێتەوە، کەنیسە بەپاصی تایبەتی خۆی گواستنەوەی منداڵە بەشداربووەکان دابین دەکات . هەروەها بەدرێژایی ساڵ، ئەم خولە ڕۆژانی هەینی لە کەنیسەی ماریوسف لە سلێمانیدا بەردەوامە و ژمارەیەکی زۆری قوتابیان بەشداری تێدا دەکەن.
تێبینی بە بەشداری ڕاستەوخۆی توێژەر لە خولی هاوینەی( فێربوونی مەسیحی) لە کەنیسەی ماریوسف لە سلێمانی لە ٢٠١٧/٧/٣. هەروەها لە ( ٢٠١٧/٩/٢٢، ٢٠١٧/٩/٢٩.)

[4]- چاوپێکەوتن لەگەڵ نیان بەشیر داود عەلەکە، لەدایکبووی ١٩٦٥، پیشە: ژمێریار، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٨. نیان یعقوب گورگیس، لەدایکبووی ١٩٨٦، پیشە: مامۆستا، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١٢.

**٥- توندوتیژی بەرامبەر منداڵ:**

مەسیحییەکانی سلێمانی، لەسەر پابەند نەبوون بەئاینی مەسیحییەوە لە منداڵ نادەن، بەڵام لە سەر هار و هاجی لە قۆناغی(٧-١١)ساڵی لە منداڵیان داوە، هەروەها ئەگەر منداڵەکە بێ ڕێزی بکات بەرامبەر دایك و باوکی یان کەسێکی تر، ئەوا بە زللەیەکی هیواش لێی دەدەن، هەرگیز لەسەر خوێندن و دەرنەچوون لە قوتابخانە لە منداڵ نادەن.[1]

**٦- ناونانی منداڵی مەسیحییەکانی سلێمانی:**

مەسیحییەکانی سلێمانی کە منداڵ ناو دەنێن، نەریت و تایبەتمەندی خۆیان هەیە، هەموو مەسیحییەکی شاری سلێمانی دوو ناوی هەیە، ناوێکیان پێی دەوترێت (ناوی مەسیحی - الاسم المسیحی) ناوێکی تریش ناوی سەر پێناسی باری شارستانییە و لە ناو خەڵکدا پێی بانگ دەکرێت، بۆ نموونە: دەکرێت کەسێك لە پێناسی باری شارستانیدا ناوی ئارام بێت و لەناوخەڵکدا بەوناوە بانگ بکرێت، بەڵام لە تۆماری کەنیسەدا بەناوێکی پیرۆزی ئاینی مەسیحی ناونراوە و تۆمارکراوە.[2]

مەسیحییەکانی شاری سلێمانی لەکاتی لەئاوهەڵکێشانی منداڵدا ناو لە منداڵەکانیان دەنێن، هەموو منداڵێکی مەسیحی کوڕ بێت یان کچ، بەپێی ئاینی مەسیحی دەبێت لەپاش تێپەڕبونی (٤٠) شەو بەسەر لە دایکبوونیدا لە ئاوهەڵکشرێت و لەگەڵیدا ناوێکی مەسیحی لێبنرێت، ئەمەش ناوێکی ئاینییە.

منداڵی مەسیحی، لە کاتی لە ئاوهەڵکێشانیدا، قەشە ناوی دەنێت و بەو ناوە بانگی دەکات، کە بەگشتی ناوی شکۆدارانی ئاینی مەسیحین، لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لەوانە: (پەترۆس، پۆلس، لۆقا، یۆحەنا، بێهنام، تیماتیۆس، بنیامین، سارە، مریەم، هێلانێ، مارتا، ئیسحاق، شەمعون، زەکریا، یەحیا، مەرقۆس، ئیلیزابێت، ترێزا، کاترین، ماری، ئێلیا، لەئازەر، فەرەنسیس، حەننا، یوسف، ئیسرائیل، داوود، بەشیر، صلیۆە، عەودیش، وارینا، یعقوب، یلدا، هرمز، بویا، مۆریس، لویس، زەکیە، قریاقۆس) ئەم ناوانەش(ناوی مەسیحی و ناوی پێناس) لە کەنیسە لە تۆمارێکی تایبەتدا تۆمار و ئەرشیف دەکرێت، هەرکاتێك کەسێکی مەسیحی بیەوێت شوناسی مەسیحییەتی خۆی بسەلمێنێت بەهۆی بەڵگەنامەیەکەوە دەبێت کە پێیدەوترێت (شهادە العماد) لەم بڕوانامەیەدا سەرجەم زانیارییەکانی ڕۆژی لەدایك بوون و ڕۆژی تەعمیدکردنی و ناوی ئەو قەشەیەی کە ناویشی لێ ناوە تێیدا تۆمارکراوە.[3]

لە ڕابردوودا مەسیحییەکانی شاری سلێمانی هەردوو ناوەکەیان ناوی ئاینی بووە، واتا ناوی کەنیسە و ناوی پێناسی شارستانی-ئەوناوەی کە لە ناو خەڵکیش پێی بانگ دەکرا ناوی ئاینی مەسیحی بوون. بەگشتی ناوە مەسیحییەکان قورسن یان دوور و درێژن، هەندێك جار بۆ کوورتکردنەوە ناوێکی

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ نیان بەشیر داود عەلەکە، لەدایکبووی ١٩٦٥، پیشە: ژمێریار، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٨.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: عبدالاحد یوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ . الیزابێت داود یوسف، سلێمانی ٢٠١٦/٨/٢٦. توانا بەشیر داود، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٩ . ئامانج نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١ چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٧.

وەك مام فەرەنسیس، بە مام فەسی لە ناو خەڵكدا بانگ كراوە، یان ناوێكی قورسی وەك تیماتیۆس، بە تیمانە بانگ كراوە، قریاقۆس، بە قریۆ.[١]

مەرجە ناوی منداڵ لە تۆماری كەنیسە و لە تۆماری تعمیددا، ناوێكی ئاینی بێت، دوای ئەوە دایك و باوك ئازادن لە (ناسنامە) چ ناوێك لەمنداڵەكەیان دەنێن. شایەنی باسە لە كەنیسەی مەسیحییەكانی سلێمانیدا و لە: (تۆماری تعمید، تۆماری ناوو، لە مەزهەبدا) منداڵ دەچێتەوە سەر باوكی و لە سەر باوكی تۆمار دەكرێت [٢]

مەسیحییە ئاشورییەكان ئارەزومەندی ئەوەن ناوی ئاشوری لەمندالآنیان بنێن، وەك ناوی: ( سەرگیز، قەرداغ، ولیەم، سەرجۆن، سەنحاریب، نوهارا، نینێف، حێزەقیا، ماریا، بریپا، بیت نهرین، كورزتا، گلگامش، فایا، ئەفرێم، شامیرام، یاقۆ، یاما، ئەلبیرت، ئاشورایا، ئاشور، ئاتوڕ (بۆكچ)، ئێحیقار، جولیانا، گلیانا، ئێلماڕ، كاشیر، باسیلیا، نارامسین، ئشتار)[٣]

ناوی مندالآنی مەسیحییەكانی سلێمانی لە پێناسی باری شارستانی لە نێوان سالآنی(١٩٦٠–١٩٩٠) زۆربەیان كوردین وەك: (ئاڤان، نەوزاد، شوان، توانا، ئامانج، كامەران، ئاراس، ئالان، ، بەیان، نیان، فەرهاد) بەهۆی كاریگەری شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی كوردستان، هەروەها ویستوویانە خۆیان لەگەڵ كورد بگونجێنن، چونكە لەگەڵ ئەوان ژیاون و پرۆسەی (بەكەلتووریبوون)* لە نێوانیاندا ڕوویداوە.

لە ئێستادا بەهۆی كاریگەری كۆچی مەسیحییەكان بۆ هەندەران و كرانەوە بەڕووی جیهان و سەردەمی جیهانگیری و سۆشیاڵ میدیا، مەیلێك لەناوخێزانی مەسیحیدا هەیە، كە ناولێنانەكان لە قاڵبی لۆكاڵی و ئاینی و نەتەوەیی تەسك دەربچن و ناولێنانەكان (ڕۆژئاوایی، گرێكی و ئەمریكی) بن لەوانە: ( لویزیانا، لاریا، لارا، لیزا، ئەلەن، دانیال، دایڤد، نیكولاس، كریستیان، ئیلیسا، كرستینا، ئەنتوان، خۆلیۆ، ستاڤرۆس، كاترین، ئیلیزابێت، ماری، ماریۆ، نیكۆلاس، لوكاس، ئیمیلیا، مۆنتانا، مادۆنا، ئەلیكسەندەر، ئێنجلا، سوزن، جاسمین، جێسیكا، سۆنیا، سۆفیا، ئیڤان، ڕیتا، ئیڤلین) هەرچەندە لەئێستاشدا بەشێك لەخێزانەكان ناوی منداڵەكانیان كوردییە وەك (كانی، ئالان، میران، نالی).

شایانی باسە مەسیحییەكانی سلێمانی پاشگری شوێن وەك "نازناو" بەخۆیانەوە ناكەن.

---

[١]– چاوپێكەوتن لەگەڵ: نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥. لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١.

[٢]– چاوپێكەوتن لەگەڵ قەشە ئەیمەن عزیز هورمز بۆتانی، سلێمانی ، ٢٠١٦/٤/٢٠.

[٣]– چاوپێكەوتن لەگەڵ ئەدمۆن أنوەر نیسان، سلێمانی، ٢٠١٧/٤/٢٩. چاوپێكەوتن لەگەڵ: كامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٧ .

*– بەكەلتوریبوون–التثاقف(Acculturation): پرۆسەی هێنانەوە كایەی كەلتوورە پەرش و بڵاو و پێكەوە نەبسەتراوەكانی كۆمەڵگەیە و پێكەوە گرێدانیانە. George Ritzer, *The Blackwell encyclopedia of sociology* (Vol. ١٤٧٩) Blackwell Publishing(٢٠٠٧).

هەروەها بەكەلتوریبوون، كۆمەڵە دیاردەییەكی كەلتوورییە، لەئەنجامی كارلێك و پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان كۆمەڵێك تاكی خاوەن كەلتووری جیاواز دروست دەبێت، كە دەبێتە هۆی گۆڕانی كەلتووری لە شێوازی (نموونەی) كەلتووری یەكەمی تایبەت بە یەكێك لەدوو گروپەكە، یاخود گۆڕانكاری لە كەلتووری هەردوو گروپەكەدا ڕوودەدات.

**دنیس كوش**، مفهوم الثقافة فی العلوم الاجتماعیة، ص ٩٣.

## پێنجەم: هونەر(The Arts):

هونەر بەرهەمی بەشە جوانەکانی هەست و عەقڵی مرۆڤەکانە و بەشێکە لە کەلتوور، گوزارشتکردنی هەست و سۆزو ئەزموونی خەڵکە و لە ڕێگەی موزیك و شانۆ و گۆرانی و سەما و هەڵپەڕکێ و وێنە و چیرۆك و جلوبەرگ و هۆنراوە و دراما و ئەدەبیاتەوە، کە بەدەربڕینێکی کەلتووری دەناسرێت و کۆمەڵگە لە ڕێگەی هونەرەوە کەلتووری خۆی دەناسێنێت و دەگەیەنێت[1]

هونەرە جوانەکان توانا و بەهرەی تاکە کەسییە(المهارات والقدرات الشخصیه)، کە لە بنەڕەتدا بۆ ڕەهەندی جوانی و سوود گەیاندن ئاڕاستە دەکرێت، هونەر لە سروشتی خۆیدا گوزارشت لە کاردانەوەی هونەرمەند دەکات لە بەرامبەر ئەو شتانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و لە مانای هێمایی باڵا و ئەزموونی مرۆڤایەتیدا بەرجەستە دەبێت[2].

هونەر لقێکە لەمەعریفە، گوزارشت لە بۆچوون و تێڕوانینی ئەنسرۆپۆلۆجییەکان دەربارەی شارستانییەت دەکات، بە دەربڕینێکی تر هونەر لە دیدو تێڕوانینی ئەنسرۆپۆلۆجستەکانەوە گوزارشت لە شارستانیەت دەکات و لە کاروچالاکی و بەرهەم پێکدێت، کاروچالاکی ئیلهام بەخشی هونەرە، بەهۆیەوە ئەزموونێکی جوان و ناوازە دەخوڵقێت، پێگەی هونەر لێرەدا وەك پێگەی زانستی جوانناسییە، کەدیاردەیەکی گەردوونییە، لەمێژە لە ناوگەلانی خاوەن شارستانی و سەرەتایدا دۆزراوەتەوە، بەردەوامیش بوونی هەیە، هونەر لەناو گەلانی سەرەتاییدا زۆر پەیوەستە بەژیانی ڕۆژانەوە، کاروچالاکییەکانی کورت ناکرێتەوە بۆ هونەرمەندانی پسپۆڕی ئەو بوارە، بەڵام لەم سەردەمەدا لەناوگەلانی پێشکەوتووی شارستانیەتدا، هونەر کاری هونەرمەندانی پسپۆڕە، هەروەها هونەر بەهەوڵی تاکەکەسی نایەتەبوون، بەڵکو بەرهەمی لەسەریەك کەڵەکەبووی کار و توانای هاوبەشە و بەدرێژای سەردەمێکی دووردرێژ هاتووەتە بەرهەم[3].

هونەر پێویستییەکی بەچێژە لە پێویستییەکانی دەروونی مرۆڤ، کە بەردەوام لە گفتوگۆیەکی سەختدایە لەگەڵ کۆمەڵگەدا، چونکە هیچ هونەرێك نییە بەبێ مرۆڤ، بەهەمان شێوەش مرۆڤێکیش نییە بەبێ هونەر[4]. هونەر بەشێکە لە کەلتوور و ڕۆڵی ئەرێنی دەبینێت بۆ ئاسوودەیی و ئارامبوونەوەی لایەنی دەروونی مرۆڤ و گۆڕانی کۆمەلایەتی[5]. هونەر بۆ دوو جۆر دابەش بووە، یەکەمیان: هونەری پڕاکتیکی کە (خۆراك و جلوبەرگ و خانوو دروستکردن) دەگرێتەوە و پەیوەستە بە لایەنی ئابوورییەوە و پیشەوەرەکان ئەنجامی دەدەن. دووەمیان: هونەرە جوانەکان( الفنون الجمیلە)ی پێدەوترێت و ( مۆسیقا و وێنەکێشان و گۆرانی و شعر و چیرۆك و شانۆ و سەما)دەگرێتەوە[6].

---

1 Conrad Phillip Kottak, Cultural Anthropology,Eleventh Edition,McGraw Hill Higher Education , New York,USA,٢٠٠٦,P ٢٨٦-٢٨٥

٢- حنفی عوض، المصدر السابق، ٢٤٢.

٣- شاكر مصطفى سليم، قاموس الأنثروبولوجيا، المصدر السابق، ص ٦٨.

٤- عزالدين اسماعيل، الفن والانسان، الطبعة الأولى، دار القلم، بيروت-لبنان، ١٩٧٤، ص٥

٥- معن خليل عمر، علم الاجتماع الفن، الطبعة الأولى، دار الشروق، عمان-لاردن، ٢٠٠٠،ص ١١٥.

٦- قيس النوری، المدخل الى علم لانسان، المصدر السابق،ص ٣٠٢-٣٠٣.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئایین و هونەر دکتۆرە (روس بندیکت)دەڵێت: لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گەشەسەندنێکی گەورە لەبواری هونەردا ڕوویداوە، بەزۆری دوای دابڕانی هونەر لەپاڵنەرە ئاینی و پێداویستییە ئاینییەکان، دەتوانرێت هونەر بپارێزرێت و بەرەهای جیابکرێتەوە لە ئایینەکان، هەتا ئەگەر هەردووکیشیان لەئاستێکی بەرزی گەشەکردندابن[1].

هونەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و هەوڵ دەدات بەهێما و ڕەمزەکان وەڵامی نهێنی ژیان بداتەوە، گوزارشت لە تواناو لێوەشاوەیی و بەهرەی تاك دەكات، كە بۆ بەرهەمهێنانی هەرشتێکی جوان سەرفی دەکات. هەروەها کەلتووری کۆمەڵگە ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە گەشەکردنی هونەردا، چونکە هونەر لە کەشێکی گونجاو و کۆمەڵگەیەکی تەندروست و کەلتوورێکی گەشەسەندوودا دەتوانێت گەشە بکات و بەرەوپێش بچێت[2].

بە شێوەیەکی گشتی هونەر بریتییە لە گوزارشتی جوانی زانین و سۆزەکان و گواستنەوەی مانا و هەستەکان بۆ ئەوانی تر، لە ڕێگەی کارێکەوە کە بەدروستکردن و زیرەکیی و توانا جیادەکرێتەوە. هونەر تواناى مرۆییە بۆ دروستکردنی داهێنان، کە هونەرمەند لە چالاکی یان بەرهەمێکی تایبەتدا بەرجەستەی دەکات، کە جیاوازە لەو چالاکی و بەرهەمە نەریتییانەی کە هەموو خەڵك دەیكات.

لێرەدا لە ڕوانگەی ( ئەنسرۆپۆلۆجیای هونەر )* و (کۆمەڵناسی هونەر)**ەوە باس لە هونەری مەسیحییەکانی سلێمانی دەکەین.

بەکارهێنانی موزیك لەگەڵ مەراسیم و بۆنە ئاینییەکانی ئاینی مەسیحیدا، کارێکی پیرۆزە و کردارێکی سەرەکییە. هەر لە کۆنەوە کەنیسە ڕۆڵێکی بەرچاووی هەبووە لە پێشخستن و گەشەکردنی موزیك لەجیهاندا، زۆربەی موزیکارە جیهانییەکان سەرەتا لە کەنیسە پەروەردەبوون، لەوانەش: ( باخ ولیست، بیتهۆڤن،مۆزارت) لە عێراقیشدا هەندێك لە قەشەکان شارەزاییەکی باشیان لە موزیکدا هەبووە و بڕوانامەی بەرزیان لەبواری مۆزیکدا هەبووە، لەوانەش(کۆمیداس )کە قەشەیەکی ئەرمەنی بووە، لەهەمان کاتیشدا دکتۆرای هەبووە لە مۆزیك و گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا، هەروەها ( فیلیپ هێلایی)قەشە بووە و لەهەمان کاتیشدا لە ئەکادیمیای موزیك لە بەغداد مامۆستای وانەی موزیك بووە.[3]

مەسیحییەکانی سلێمانی بەهۆی تەراتیلەکانی کەنیسە و بەهۆی نوێژەوە هەر لە منداڵی و هەرزەکارییەوە ئاشنای هونەر و سروود و موزیك و ئاواز دەبن، پەروەردەی موزیك و هونەر بە شێکە لە

---

[1]- هربرت ريد، الفن والمجتمع، ترجمة: فارس متری ضاهر، دار القلم، بيروت-لبنان، ١٩٧٥، ص١٣

[2]- المصدر السابق،ص١٢

*- ئەنسرۆپۆلۆجیای هونەر: گرنگی دەدات بەهونەر و کەلەپوری هونەریی و وێنە و شێوازی هونەری وێنەکێشان و هونەری شێوەکاریی و گرافیك و هونەری ئاماژە و جوانناسی لە کولتوورە میللییەکاندا. لەم بوارەدا(بواس) گرنگی داوە بە ڕەهەندە دەروونی و هێماییەکانی شێوازە هونەرییەکان و (لیڤی شتراوس) کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر گەشەی ئەنسرۆپۆلۆجیای هونەر، (شارلوت سيمور-سميث،المصدر السابق،ص ١٣٠-١٣١.

**- کۆمەڵناسی هونەر: بریتیە لە تێگەیشتنی سروشتی دیاردە و ئەزموونە هونەرییەکان، کە لەئەنجامیدا دەبێتە پاڵنەری سۆسیۆلۆجیانە بۆ تێڕامان و بیرکردنەوە. ناتالي اينيك، سوسيولوجيا الفن، ترجمة: حسين جواد قبيسي، الطبعة الأولى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت-لبنان، ٢٠١١، ص ٢٣-٢٤.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: فرانسیس داود یوسف، لەدایکبووی ١٩٤٦، پیشە: سەرپەرشتیاری مۆسیقای خانەنشین، سلێمانی، ٢٦/٩/ ٢٠١٦.

پەروەردەی ئاینی مەسیحی لە کەنیسەدا، چونکە کەنیسە مندالأن فێری سروودەکان و ئاوازی سروودەکان دەکات، ڕۆژانی یەك شەممان بە کۆمەڵ لە کەنیسە بە ئاواز و سرود و موزیکەوە نوێژ دەکەن، کەنیسەی سلێمانیش یەکێك بووە لەو کەنیسانەی کە موزیکی وەك مۆسیقایەکی ڕۆژهەلأتی تێدا بەکارهێنراوە و جۆری ئەو ئامێرە موزیکییانەی کە بەکارهاتوون بریتیبوون لە: ( کەمان، ئۆرگ، ئۆکۆردیۆن، فلوت)[1].

هەروەها لە نوێژەکانیاندا فێری ئاوازی جیاواز دەبن، چونکە ئاوازی (نوێژی جەژن، سروودی ژن مارەکردن، نوێژی مردوو، پرسە)جیاوازن لە یەکتری و هەر یەکەیان ئاوازی تایبەت بەخۆیان هەیە[2].

کە دەچنە کەنیسە، تابلۆ و پەیکەری مەسیح و مەریەمی پاکیزە و خاچ دەبینن، ئەمەش کاریگەری هونەری دەکاتە سەر جوانی بینین(ستاتیکا)ی مەسیحییەکان، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو تابلۆ و پەیکەرانە لە ماڵەکانیشیاندا هەڵواسراوە و چووەتە کتێب و بڵاوکراوەکانیشیانەوە، هەوڵیانداوە چیرۆکەکانی ئینجیل بە (وێنە و تابلۆ) بەجوانترین ڕەنگ شەرح بکەن، هەموو ئەمانە وای کردووە مەسیحییەکانی سلێمانی هەست و زەوق و چێژێکی هونەرییان بۆ دروست ببێت[3].

لەبواری هونەردا مەسیحیەکانی سلێمانی ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە، نموونەی ئەوانە بریتین لە: [4]

**١- مامۆستا( ولیم یۆحنا خنانیشۆ ):**

لە ساڵی (١٩٣٤)دا لە سلێمانی لە دایکبووە، لە ساڵی (١٩٥٥)دا پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا-بەشی موزیکی تەواو کردووە، لە ساڵی(١٩٦٢)دا یەکەم لێپرسراوی بەشی مۆسیقا بووە لە بەڕێوەبەرایەتی چالاکی هونەری لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی، لە (٢٠٠٥/٩/١٤) لە سلێمانیدا کۆچی دوایی کردووە، باوکی مەسیحییەکی ئاشووری خەڵکی تورکیا بووە و لە شاری ورمێی کوردستانی ئێرانەوە بەهۆی سوپای ئینگلیزەوە بە پۆلیسی هاتووەتە شاری سلێمانی و دایکی مەسیحییەکی خەڵکی موسڵ بووە. چەندین میوزیك ژەنی گەورەی نەتەوەکەمان لەسەر دەستی ئەودا فێری موزیك بوون، لەساڵی( ١٩٥٥ ) ی زاینی ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای (مەولەوی )بووە، لە ساڵی(١٩٦٧)دا ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای سلێمانی بووە، لەساڵی( ١٩٧٤- ١٩٧٥ ) لە زانکۆی سلێمانی دوو تیپی مۆسیقای بەناوەکانی (زێڕین) و (زیوین)ی دروست کردووە، لە ساڵی(١٩٧٧) ئەندامی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای (مەولەوی نوێ)بووە و لە ساڵی(٢٠٠٥)خەڵاتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی وەرگرتووە.[5]

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: لەگەڵ فرانسیس داود یوسف، سلێمانی، ٢٦/٩/ ٢٠١٦.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: ئارام عیسا یوسف، لەدایکبووی ١٩٧١، پیشە: فەرمانبەر، سلێمانی،. ١٠/٢/ ٢٠١٧.

[3]- تێبینی ڕاستەوخۆی توێژەر لە کەنیسەکانی سلێمانی و کۆیە

[4]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: ئارام عیسا یوسف، سلێمانی،. ١٠/٢/ ٢٠١٧.

[5]- شنە عبدوڵڵا محەممەد، ولیەم یوحەننا ژیان و کاری هونەری، ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد، چاپی یەکەم، ٢٠١٣، سلێمانی، ل ٥٥-٥٩، ٧٥. جمال بابان و ئەوانی تر، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، بەرگی سێیەم، چاپی سێ یەم، سلێمانی، ٢٠٠٠زاینی، ل ١٦٠-١٦١ . چاوپێکەوتن لەگەڵ الیزابێت داود یوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٦.

ماموٚستا ولیەم هەست و جیهانبینی وابوو، کە کەنیسە شیاوترین شوێنە بۆ موزیك، ووتەیەکی بەناوبانگی هەبووە دەیووت: ( موٚسیقا لەشوێنێك بژەنن کە حورمەتی بۆ موٚسیقا هەبێت، باوەڕی وابوو کەنیسە زۆرترین حورمەت و ڕێزی بەموٚسیقا بەخشیوە، جەژن واتە موٚسیقا، جەژن بیٚ موٚسیقا بیٚ مانایە، مردویەکی بیٚ پرسەیە)[١]

ولیەم یۆحەنا ژیانی هاوسەرگیری پێك نەهێنابوو، ئەو باوەڕی وابوو کە موٚسیقا جێی هەمووشتێکی بۆ پڕکردۆتەوە، ژن ناتوانێت ئەو بۆشاییانەی ناخی مرۆۋ هاوشێوەی موٚسیقا پڕبکاتەوە! هەموو ئاوازێك کەدای دەنا وەك ئەوە وابوو منداڵێك دروست بکات، کە لە دایك دەبێت و نامرێت، موٚسیقا هاوسەر و هاوژینی بووە!

ماموٚستا (شێرکۆ بێکەس) هۆنراوەیەکی بۆ ماموٚستا (ولیەم یوحەننا) نوسیوە و لەو هۆنراوەیەدا بەم جۆرە وەسفی دەکات:

پەنجەکانی ئەبرد بۆ ژیٚ
نەك هەر تەختەم
هەرچی بزماری لە شیشمە
ئەبوو بەگویٚ!
ڕۆژێك عاشق میوانی هات. میوان هاتە ناو باڵکۆن و
ئۆگۆردیۆنی بە سنگەوە، میوانێکی زۆر بۆنخۆش بوو،
بۆنی گەردنی مەریەم و بۆنی خاچەکەی مەسیح و بۆنی
مۆردی ماڵی کەریمی ئەلەکە و بۆنی (أبونا)*ی لێدەهات.
گەنجێکی کەمیٚ گردەڵە، مەدالیای سەلیبێکی کردبووە مل
تا ئەو کاتە من نەمدیبوو هیچ میوانێك هێندەی
ئەم میوانە موٚسیقارە لەلای عاشق خۆشەویست بیٚ
من ئەڵێم دە ئێوە بڵێن سەد ماچی زیاتر کردووە، گوێمگرت
بزانم ئەم کوڕە ناوی چییە؟! بوو بوو بە مەراق
لەدڵما. چایان هێنا، هەروا بۆ چەن دەقیقەیەك
ئۆکۆردیۆنی لە باوەشی مندا دانا، دەرفەت ڕەخساو،
چرپاندم بەگوێی ئۆکۆردیۆندا: لێمببوورن، ناوی
خاوەنەکەت چییە؟! من واموت و ئیتر ئۆکۆردیۆن
تووڕەبوو، ڕقی هەستاو، یەك زیقەی درێژی کردوو
ئینجا ووتی:– تۆ کورسییەکی زۆر گەوجی! زۆر بیٚ ئاگای
ئاخر هەیە لەم شارەدا نەزانیٚ کێیە ولیەم یوحەنا ![٢]

---

١– شنە عبدوڵلا محەممەد، هەمان سەرچاوە. ل ٥٥–٥٩، ٧٥

* – ابونا: مەبەست لە ( قەشە یوسف پەرییە)

٢– شێرکۆ بێکەس، کورسی(دیوانە شیعر)، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٥، ل ١٢٣– ١٢٦.

**٢- مامۆستا(فرەنسیس داود یوسف):**

ساڵی(١٩٤٦) لە سلێمانی لە دایکبووە، لە ساڵی (١٩٦٥)وە موزیك دەژەنێت، ساڵی (١٩٦٦) خانەی مامۆستایانی سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵی (١٩٦٧) بووە بە مامۆستا و لەهەمان ساڵدا ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای سلێمانی بووە، لە زۆربەی کارە هونەرییەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانیدا بەشداریکردووە، دوای مامۆستا ( ولیەم یۆحەننا) لە ساڵی(١٩٩٣)لێپرسراوی بەشی مۆسیقا بووە لە چالاکی هونەری پەروەردەی سلێمانیدا، چەند گۆرانی و ئاوازێکی بۆ گۆرانی بێژەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی ئامادەکردووە وەك هونەرمەندان: (عوسمان عەلی، ئازاد خانەقینی، عەباس محمد، حەسەن گەرمیانی)، (٤٠٠)ئاوازی گۆرانی منداڵانی داناوە، چەند ئۆپەرێتێکی لەگەڵ مامۆستایان ( خالد سەرکار و مامۆستا ولیەم یۆحەننا ) داناوە بۆ چالاکی هونەری پەروەردەی سلێمانی بۆ میهرەجانی وەزارەتی پەروەردە کە پلەی یەکەمیان بەدەستهێناوە، بەردەوام لەکاری مۆسیقادا لەگەڵ مامۆستا( ولیم یۆحەنا ) موزیکی ژەنیوە، چەندین خەڵات و ڕێزلێنانی پێبەخشراوە، لە ساڵی (٢٠٠٤) خەڵاتی مامۆستا(ئیبراهیم ئەحمەد)ی پێبەخشراوە، لە ساڵی(٢٠٠٧) بووەبە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پسپۆڕی هونەر لە پەروەردەی سلێمانیدا، دوای(٤٢)ساڵ خزمەت لە بواری موزیکدا لە ساڵی (٢٠٠٩)دا خانەنشینکراوە.[١]

٣- ئەلبێرت عیسا سەرەفیان و فەرید عیسا سەرەفیان: ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی بوون.

٤- سەرجۆن تیما سائۆس: ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی و گروپی مۆسیقی سەهەند بووە.

٥- ئارام عیسا یوسف، ئەندامی گروپی مۆسیقی سەهەند و فۆتۆگرافەر بووە.

٦- لە سلێمانیدا لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابڕدوودا تا هەشتاکان، تیپی(کۆرس و مۆسیقا)ی کەنیسەی کلدان هەبووە،کە (قەشە یوسف پەری) و مامۆستا (ولییەم یۆحەننا) ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لەدروستکردنیدا، ئەم تیپە بەشداری کردووە لە چەندین ئاهەنگ و شانۆ و ئۆپەرێت بۆ هەموو شاری سلێمانی، ئەو ئامێرە موزیکیانەی ئەم تیپە بەکاریهێناون(کەمان، ترامپێت، سایزەر، سڕنوچ، فلود و ئۆکۆڕدۆن)بوون، ئەو کەسانەشی بەشداربوون لەم تیپەدا(ولیم یوحەننا، فرەنسیس داود، مؤید قسطنتین، جنان قسطنتین، البێرت عیسی و الیزابێت داود)بوون. هەروەها یەکەمجار لەعێراقدا بۆ وتنی سرودی ئاینی(تەراتیل) لە کەنیسەی سلێمانیدا موزیك ژەنراوە و سرودی ( واوەتەن خەمڵیوە وەك گوڵ نەو بەهاری میللەتە) کە سرودێکی نەتەوەیی کوردستانە، خراوەتە ناو ئاوازەکانی کەنیسەوە و بە هۆنراوەیەکی ئاینی ئەو ئاوازە وتراوەتەوە.[٢]

لەئێستادا هونەر ڕۆڵی سەرەکی لە کەنیسەدا دەبینێت، بەجۆرێك سروود و موزیك بەشێکە لە سرووتی ئاینی، لە نوێژەکانی یەك شەممە و جەژن و یادکردنەوە ئاینییەکاندا، سروود و موزیك بەکاردێت، سەرجەم نوێژخوێنان بە کۆمەڵ سروودەکان دەڵێنەوە، کەنیسە بە پەیکەری مەریەمی پاکیزە و خاچ ڕازێنراوەتەوە.

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ فرانسیس داود یوسف، سلێمانی، ٢٦/٩/ ٢٠١٦.

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: ئارام عیسا یوسف، سلێمانی،. ١٠/٢/ ٢٠١٧.

## شەشەم: پزیشکی میللی و تەندروستی مەسیحییەکانی سلێمانی:

پزیشکی میللی بابەتێکی سەرەکی ئەنسرۆپۆلۆجیای پزیشکییە*، هەموو کۆمەڵگەیەك ، ئەزموون و کارامەیی خۆی لە باوك و باپیرانیانەوە لە میانەی ڕاهێنانی کەلتوورییەوە بۆ بەجێماوە، مرۆڤ هەر لە کۆنەوە تا ئێستا بە ئەزموونی خۆی شێوازی چارەسەری میللی بەکارهێناوە بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشیانەی کە توشی مرۆڤ بووە، زۆربەی چارەسەرەکەش گوڵ و گژوگیای سروشتی بووە، کە پەیوەست بووە بە بیروباوەڕ و ئەزموون و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە(١).

هەروەها پزیشکی میللی، وەك توخمێك لە توخمەکانی بیروباوەڕی میللی شوێن و ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا. پەیوەستە بە سەرچاوە ژینگەییە خۆجێییەکان و بەرهەمدێت لە ئەنجامی کارلێکی نێوان مرۆڤ و هەندێك ڕووەك و گیای سروشتی، کە بۆ چارەسەری نەخۆشی بەکاردێت(٢). پزیشکی میللی بریتییە لە کارلێکی نێوان مرۆڤ و سیستەمی ئیکۆلۆجی(ژینگەی سروشتی)، سەرچاوە ژینگەییەکان لە گژوگیای پزیشکی و بەردو خۆڵ، بەبێ بوونی پسپۆڕیی و شارەزایی مرۆیی لە بەکارهێنانیاندا، ناتوانن نەخۆشییەکان چارەسەر بکەن(٣).

پزیشکی میللی ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە تەندروستی تاك و کۆمەڵگە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە (بەها و هۆکاری کەلتووریی و شێوازی ژیان و ژینگەی پیشەسازی و ئاووهەوا و جۆری خۆراك و ئامادەکردنی خۆراك و نەریتی خواردن و هۆشیاری تەندروستی و پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانەوە) هەیە(٤). مەسیحییەکانی شاری سلێمانی لەپزیشکی نوێ و پزیشکی میللیدا ڕۆڵی باشیان هەبووە بۆ کۆمەڵگە و چارەسەی هەندێك نەخۆشی خەڵکیان کردووە.

لە ڕابردوودا لە بواری پزیشکیدا چەندین دکتۆر و یاریدەدەری پزیشکیان هەبووە لەوانە:-(٥)

---

* - ئەنسرۆپۆلۆجیای پزیشکی: لقێکە لە لقەکانی ئەنسرۆپۆلۆجیای پراکتیکی، گرنگی بەو زانیاریی و ئەزموونە کۆمەڵایەتییانە دەدات کە لای خەڵك کۆبووەتەوە سەبارەت بە هۆکارەکانی نەخۆشی، چارەسەری نەخۆشی، شێوای خۆ پاراستن لە نەخۆشی، هەروەها ئەو انستەیە کە لە پەیوەندی نێوان دابونەریتە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان بە نەخۆشی و تەندروستییەوە دەکۆڵێتەوە. مجید حمید عارف، الأنثروبولوجيا الطبية، الموسوعة الثقافية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٤. ص٤ . هەروەها ئەنسرۆپۆلۆجیای پزیشکی لە کاریگەری دیاردە پزیشکییەکان بەلایەنە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان دەکۆڵێتەوە، هەروەها لە کاریگەری دیاردە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان بەلایەنی پزیشکی دەکۆڵێتەوە و گرنگی دەدات بە پەیوەندی لایەنە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ بە تەندروستی و نەخۆشی و چارەسەر. نخبة من أعضاء هيئة التدريس، رتب المادة العلمية ومهد لها دكتور محمد عباس ابراهيم، الانثروبولوجيا(علم الانسان)،دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٩، ص١٧٣-١٧٤.

١- مجيد حميد عارف، الأنثروبولوجيا الطبية، المصدر السابق، ص٤، ١٠، ٢٥.

٢- محمد الجوهري، الأنثروبولوجيا أسس نظرية وتطبيقات عملية، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية، ٢٠١٢، ص ٥١٤-٥١٥.

٣- المصدر نفسه، ص ٥١٥.

٤- محمد علي محمد، سناء حسنين الخولي، على عبدالرازق جلبي، سامية محمد جابر، دراسات في علم الاجتماع الطبي، الطبعة الخامسة، دار المسيرة، عمان- الأردن، ٢٠١٦، ص ٧٨- ٨٢.

٥- ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٧، ٤٤٨، ٤٥١.

١- دکتۆر (نوری فتوحی)* لەساڵەکانی چلەکاندا بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانی بووە و ڕۆژانی پێنج شەممە بێ بەرامبەر نەخۆشی هەژاری بینیوە.

٢- دکتۆر(نصوری عبدالکریم عەلەکە) کۆلێژی پزیشکی لەپاریس لەساڵی(١٩٤٠)تەواو کردووە و ڕۆژانی پێنج شەممە نەخۆشە هەژارەکانی بێ بەرامبەر بینیوە.

٣- دکتۆرە( نوال اسحق شماس عیسی ) یەکەم دەرمانسازی کچ بووە لە سلێمانیدا کە لە (١٩٦٨/٧/١٣) کۆلێژی دەرمانسازی زانکۆی بەغدادی تەواو کردووە و لەهەمان ساڵدا دەرمانخانەی تایبەتی خۆی لە شەقامی پیرەمیرد دامەزراندووە بە ناوی (دەرمانخانەی سلێمانی)، ئێستاش ئەو دەرمانخانەیە بەهەمان ناو ماوە. هەروەها دوو برای تری دکتۆرە نەوال بەناوەکانی: (نەجات اسحاق شماش عیسی و نەبەز اسحاق شماس عیسی) پزیشکی پسپۆڕی هەناوین و لە لەندەن دەژین.[1]

٤- خاتوون میخائیل بە (خاتوونەی مامان، یان بە سستەر خاتوون) ناسراو بووە، یەکەم مامانی ئەکادیمی بووە لە شاری سلێمانیدا، لە پەیمانگای تەندروستی بەغداد خوێندوویەتی و لەساڵی(١٩٤٤)دا لە سلێمانیدا وەك پەرستاری تەندروستی لە نەخۆشخانەی مناڵبوون دامەزراوە،لە ساڵی(١٩٤٤-١٩٩٠) لە نەخۆشخانە و لە ماڵاندا کاری مامانی بۆ مناڵبوونی ژنە مەسیحی و موسوڵمانەکانیش کردووە.

٥- ناهدە داود عەلەکە: پەرستارێکی شارەزا بووە.

لە ڕابردوودا تا ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم ژن لە ماڵی خۆیدا و بە سەرپەرشتی مامان و بە سروشتی منداڵی بووە، لە ساڵانی (١٩٤٠ تا ١٩٦٠) لە شاری سلێمانیدا چەندین ئافرەتی مەسیحی لە (پزیشکی میللی)دا شارەزا بوون، کە مامانیان کردووە و گژوگیایان بەکارهێناوە بۆ دەرمان و بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی منداڵان و نەخۆشییەکانی خوێن و نەخۆشییەکانی ژنان و مناڵبوون، لێرەدا چەند کەسێکیان باس دەکەین کە لە بواری پزیشکی میللیدا کاریان کردووە و چارەسەری چەند نەخۆشییەکیان کردووە و خەڵکی سلێمانی سەردانیان کردوون بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانیان:[2]

١- ئێلشوا پەترۆس ( نەنە ئیشوا ): لە سەرەتای دروستبوونی شاری سلێمانییەوە لە قەرەداغەوە هاتووەتە سلێمانی، یەکێك بووە لە پەرستارەکانی خەستەخانەی سەربازی لە سەردەمی حوکمی عوسمانییەکاندا، مامانێکی شارەزا بووە و کاری دەرزی لێدانی کردووە، هەروەها دەرمانسازی کردووە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبوون، دەرمانی کەچەڵی لە گژوگیا دروستکردووە بۆ چارەسەری کەچەڵی ژنان و کچان.

٢- نەعیمە سلێمان داود: دەرمانی لە گژوگیا دروستکردووە بۆ چارەسەری کەچەڵی و سکچوونی منداڵ.

٣- جەمیلە پەترۆس: ئافرەتێکی شارەزا بووە لە کەڵەشاخ(حیجامە) گرتندا .

---

* - د.نوری فەتوحی کوڕی کەریمی ئەلەکە بووە، لەسویسرا زانستی پزیشکی تەواو کردووە: هاوژین صلێوە، مێژووی هەرمۆتە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانا- سلێمانی، ٢٠١٣، ل ١٦٤.

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ نوال اسحاق شماس عیسی،لەدایکبووی ١٩٤٣،پیشە پزیشکی دەرمانسازی خانەنشین، سلێمانی،٢٠١٦/٩/١٥.

[2] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥. لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١.

٤- (حەنیفە ژنی موسا-دایکی نیسان، جەمیلە ژنی متی الله وێردی، وارینە شینا، رفقە ئیلیا، ئامینە نەنکی پەترۆس اسکندر، کاترینا ئیلیا، مەلەك الله وێردی، هدیە، جولێت) بەبۆنکەوتنی منداڵ و سوتاوییان چارەسەرکردووە.

٥- لەناو مەسیحییەکانی سلێمانیدا چەندین مامانی تری شارەزا هەڵکەوتوون کە ناسراوبوون بە (مامانەکانی گەڕەکی گاوران) کە ئەمانە بوون:

(ئەسۆمە صابر، گوڵێ داود،) زۆربەی منداڵانی ساڵانی (١٩٥٠-١٩٩٠) لە شاری سلێمانیدا بە مامانی ئەم بەڕێزانە لەدایکبوون.)[١]

مەسیحییەکانی سلێمانی لە ڕابردوودا گیای جۆراوجۆریان بۆ نەخۆشی بەکارهێناوە، بۆ نموونە: (گەڵای گوڵەباخ و چەند گەڵایەکی تر تێکەڵ کراوە و کوڵێنراوە و بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی سکچوونی منداڵ بەکاریان هێناوە، گوڵە بەیبوونیان کوڵاندووە و بۆ چارەسەرکردنی کۆکە بەکاریانهێناوە، مالینوسیان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی چاو بەکارهێناوە.[٢]

لە ئێستادا مەسیحییەکانی سلێمانی پزیشکی میللی جێبەجێ(مومارەسە)ناکەن و بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانیان و لەکاتی منداڵبووندا پەنا دەبەنە بەر پزیشك و نەخۆشخانە فەرمییەکان، لە ئێستادا (٥) پزیشك و (٢) کارمەندی تەندروستییان لە سلێمانیدا هەیە و (٨)پزیشکیشیان لە ئەوروپا دەژین، کە کۆلێژی پزیشیکی و پەیمانگای پزیشکییان تەواو کردووە و خزمەتگوزاری پزیشکی و تەندروستی پێشکەش دەکەن و لە نەخۆشخانە و نۆرینگەکاندا کاری پسپۆڕی خۆیان دەکەن[٣].

لە کەنیسەی (ماریوسف) نۆرینگەیەکی (عیادة) خێرخوازی لەساڵی (٢٠١٥)وە بەناوی( عیادة الخيرية لكنيسة ماريوسف) کراوەتەوە و تا ئێستا لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بە نەخۆشەکان بەردەوامە.

لەم عیادەیەدا بێبەرامبەر نەخۆش دەبینن و دەرمان بۆ نەخۆشەکان دابین دەکەن، زیاتر دەرمان بۆ ئەو نەخۆشانە دابیندەکەن، کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە، وەك:

(فشاری خوێن، شەکرە، کۆلسترۆڵ، غوددە، شێرپەنجە، نەخۆشییەکانی جومگە و ئێسك، چاندنی (زەرع) و نەخۆشییەکانی گورچیلە، نەخۆشییەکانی جگەر و سی) . دابینکردنی دەرمان بۆ نەخۆشەکان بەهاوکاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دابیندەکرێت.

شایانی باسە لە بینینی نەخۆشەکان و دابینکردنی دەرمانەکاندا هیچ جیاوازییەکی ئاینی و نەتەوەیی ناکرێت. بەشێك لە نەخۆشەکانیش موسوڵمانن. [٤].

---

[١]- ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٧

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: لطيف پۆلص اسطيفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١. اليزابێت داود يوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٦.

[٣]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: د. ئاڤان نجيب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٧/٧/١٩.

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: د.وسام زوهير خضر، لەدایکبووی١٩٩٠، پیشە: پزیشکی دەرمانسازی ( دکتۆری عیادەی ناوبراو)، سلێمانی، ٢٠١٧/١٠/١.

## حەوتەم: ڕەفتاری سیاسی و ڕێکخراوەیی(Action political):

له بیروبۆچونی ئەنسرۆپۆلۆجیەکاندا ڕەفتاری سیاسی بریتییه له کۆمەڵێك ڕەفتار یان چالاکی ڕێکخراو، کە هەندێك گروپ یان تاك ئەنجامی ئەدەن، بە ئامانجی کاریگەری لەو بڕیارانەی کە پەیوەستن بە بەرژەوەندی گشتییەوە، بۆ گەیشتن بە هێز و دەسەڵاتی یاسایی بۆ پارێزگاری کردن لە سیستەمی ناوخۆی کۆمەڵگە[1].

ڕەفتاری سیاسی ئەو پەیوەندییانەیە کە مرۆڤ لەگەڵ تاك یان لەگەڵ گروپ ئەنجامیان ئەدات، ئەو پەیوەندییانەش هاوکاری بن یان پەیوەندی ململانێ، تاك هان دەدات بۆ بیرکردنەوە و بۆ ئەنجامدانی چالاکی سیاسی، لە هەڵوێست و ئاڕاستە و ئارەزووی سیاسیدا ڕەنگ دەداتەوە و بەرجەستە دەبێت[2].

ڕەفتاری سیاسی بەشێکە لە ڕەفتاری مرۆیی، لەلایەکەوە پەیوەستە بە کرداری مرۆڤ، کە تاکەکەس ئاڕاستەی ژینگەی سیاسی دەکات، بە مەبەستی ڕوودانی کاریگەری سیاسی تیایدا، لەلایەکی تریشەوە پەیوەستە بە پەرچەکرداری مرۆڤ بەڕووی ژینگە سیاسییەکەیدا[3].

ڕەفتاری سیاسی هەڵسوکەوتێکی دیاریکراوە، کە تاك پێی هەڵدەستێت و پەیوەندی بە کاروباری گشتییەوە هەیە، وەك فەرمانڕەوایی و دەسەڵات و باڵادەستی و دەرکردنی بڕیارەکان و ململانێ[4].

بە ڕای (ئیڤانز بریتشارد) سیاسەت پەیوەندییەکی ڕێکخراوەییە و پێویستییەکی کۆمەڵگەیە، هۆکارێکە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی پێکهاتەیی ڕێکخراو لە نێوان تاکەکاندا[5].

هەروەها مەبەست لە ڕەفتاری سیاسی(کردەی سیاسی)هەموو ئەو ڕەفتارانەیە کە تاك یان گروپ، لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسیدا ئەنجامی ئەدەن، ڕەفتاری سیاسی دەکرێت کارێکی پلان بۆ داڕێژراو یان بەشێوەیەکی بێ پلان بێت، یان بەشێك بێت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار، بەمەبەستی کاریگەری کردنە سەر حکومەت، یان هەوڵدەدات کاریگەری لە دروستکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتیدا بکات.[6]

ڕەفتاری سیاسی کۆمەڵێك چالاکی و کردەی کۆمەڵایەتین، کە وابەستەن بە بەشداری سیاسی مرۆڤەوە، بەو ئامانجەی کاریگەری لە سیستەمی دەسەڵات و شێوازی بەڕێوەبردندا بکات.

مەسیحیەکانی سلێمانی لەساڵی(١٩٢٠)زدا ڕەفتار و چالاکی سیاسیان ئەنجام داوە و بەشداری سیاسیان کردووە و لە حکومەتی خۆجێی سلێمانیدا و کاریگەری ئەرێنییان لە کۆمەڵگەدا هەبووە، لێرەدا چەند کەسێکیان باس دەکەین: [7]

---

[1]- محمد عبده محجوب، الأنثروبولوجيا السياسية، الطبعة الثالثة، دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٩، ص٥٧-٦٣.

[2]- صادق الأسود، علم الاجتماع السياسي: أسسه و إبعاده، مكتبة السنهوري، بغداد، ١٩٩٠، ص٥٣٧.

[3]- خضر عباس عطوان و أحمد عبدالله الناهي، السلوك السياسي: دراسة في المؤثرات والعمليات المعرفية لنماذج مختارة من السلوك السياسي في العراق بعد العام ٢٠٠٣، مركز حمورابي للبحوث و الدراسات الستراتيجية، بغداد، ٢٠١١، ص١٢.

[4]- عطا محمد زهرة، مقدمة في العلوم السياسية، مؤسسة حمادة للدراسات الجامعية، اربد-الاردن، ٢٠٠٨، ص٢٣٣

[5]- جورج بالاندية، الأنثروبولوجيا السياسية،ترجمة: على المصرى، الطبعة الثانية، المؤسسة الجامعية، بيروت-لبنان، ٢٠٠٧، ص٤٤.

[6]- محمد محمود ربيع، اسماعيل صبرى مقلد، موسوعة العلوم السياسية،جامعة الكويت، الجزء الأول، ص ٤٩٠.

[7]- ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٥-٤٤٨

## ١- كەریمی عەلەكە:

كەریمی عەلەكە ناوی (عبدالكریم كوڕی الیاس كوڕی پۆڵس كوڕی ئیبراهیمە) لەساڵی (١٨٦٧)زدا لە شاری سلێمانیدا لەدایكبووە، مەسیحییەكی كلدانی خەڵكی گوندی هەرمۆتەی قەزای كۆیە بووە و ماڵی باوكی لە هەرمۆتەوە هاتوونەتە سلێمانی،لە ساڵی(١٩٢٣)ز ئەندامی ئەو وەفدە بووە كە شێخ مەحمودی حەفید دەیانێرێت بۆ كەركوك و بەغداد، ڕۆژی( ١٩٢٣/٣/٣) بە ئەندامێتی ئەو وەفدە بۆلای كاربەدەستانی ئینگلیز بۆ كەركوك دەچن، ڕۆژی (٢١ی٣ ) دەچنە بەغدا و (هێنی دۆپسی) كۆمیسێری بەرزی ئینگلیز دەبینن و لە ڕۆژی (٢٣یمارت) (مەلیك فەیصەڵ) دەبینن، بەپێی بەڵگە نامە بازرگانییەكانی (كەریمی عەلەكە) دوای ئەو ڕۆشتنەی ئیتر نەهاتۆتەوە بۆ سلێمانی و لە ساڵی(١٩٢٣)خۆی و خێزانەكەی لە كەركوك نیشتەجێبووە، لە ساڵی (١٩٢٦)دا چووەتە بەغدا و لەوێ نیشتەجێبوون و لە ( ١٩٤٨/١/٢٥ )ز لە شاری بەغدا كۆچی دوای كردووە و لە گۆڕستانی كاسۆلیك بەخاك سپێردراوە. ئێستا لە سلێمانی شەقامێك و خوێندنگەیەك بەناویەوە كراوەتەوە.[١]

لە سەردەمی شێخ محموودی حەفیددا، لە ڕۆژی(١٠/ ١٠/ ١٩٢٢)زاینی بەرێز ( كەریمی عەلەكە بووە بە وەزیری دارایی حكومەتەكەی سلێمانی، كە مەسیحییەكی كلدانی و بازرگانێكی دەوڵەمەند و خێرخواز و خاوەن موڵك و ماڵێكی زۆر بووە، لەسەر پارەی خۆی ئاوی كارێزی بۆ چەند مزگەوتێكی شاری سلێمانی ڕاكێشاوە، گەنجینەی دانەوێڵەی هەبووە و لەكاتی جەنگی جیهانی یەكەمدا بڕێكی زۆری دەنەوێڵەی بەگران كڕیوە، لەگرانیەكەی جەنگی جیهانی یەكەمدا واتە (لە زەمانی سەفەربەرلك)دا لەساڵی (١٩١٦ - ١٩١٨) ئاشێكی ئاردی هەبووە بەناوی(ئاشی گاوران) و ئاردی بەخۆڕایی بە هەژاران داوە و نانەواخانەیەكی دامەزراندووە و ڕۆژانەش نانی بەخۆڕایی بەخەڵك داوە،بەم شێوەیە گیانی زۆر كەسی لە برسیەتی و مردن رزگاركردووە.)[٢]

ئەدمۆندز راوێژكاری سیاسی بەریتانیا لەبەغدا لەساڵی (١٩١٨- ١٩١٩)لە كتێبەكەیدا نوسیوویەتی:دوو كوڕی (كەریم ئەلەكە)كارمەندی زۆر باوەڕپێكراوی ئیدارەی ئێمە بوون، یەكێك لەكوڕەكانی دوای ماوەیەك چووە زانكۆو بوو بەپزیشك و بۆ خزمەت كردن بە هاونیشتمانانی، بۆ شارەكەی گەڕایەوە.[٣]

تا ئێستاش لە سلێمانیدا خەڵك ڕێزو تەقدیری بۆ كەریمی عەلەكە هەیە و چاكە و كارە مرۆڤییەكانی لە كۆڕ و كۆبوونەوە كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەكاندا باس دەكرێت.

---

[١]- كەریم زەند،ئایین و باوەڕ لەكوردستاندا،چاپخانەی كامەرانی، سلێمانی، ١٩٧١، ل٤٤ . صدیق صالح،لەتیف پۆلس ئەستیفان،جەمیل عیسی،كەریمی عەلەكە فریادڕەسی هەژاران، بابەت و لێكۆڵینەوەكانی ٦٨ هەمین ساڵیادی كەسایەتی نیشتمانی و كۆمەڵایەتی (كەریمی عەلەكە) وەزارەتی ڕۆشنبیری،سلێمانی،چاپخانەی ڕوون،٢٠١٦.ل ٢٠-٦٠.

[٢]- جمال بابان و ئەوانی تر، سلێمانی شارە گەشاوەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، بەرگی سێیەم، چاپی سێ یەم، سلێمانی، ٢٠٠٠زاینی، ل ١٠٦ . صدیق صالح،لەتیف پۆلس ئەستیفان،جەمیل عیسی،كەریمی عەلەكە فریادڕەسی هەژاران، بابەت و لێكۆڵینەوەكانی ٦٨ هەمین ساڵیادی كەسایەتی نیشتمانی و كۆمەڵایەتی (كەریمی عەلەكە) وەزارەتی ڕۆشنبیری،سلێمانی،چاپخانەی ڕوون،٢٠١٦.

[٣]- سیسێل جۆن ئیدمۆندس، كورد تورك عەرەب، وەرگێرانی:حامید گەوهەری، چاپی سێیەم، لەبڵاوكراوەكانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، ٢٠٠٤، ل ١٢٢

**٢- يوسف سلێمان حەننا (قەشە یوسف پەری):**

ساڵی ١٩٣٧ لە شاری کۆیە لە دایکبووە، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا دەچێتە بەر خوێندن و پەیمانگای "مار یۆحەننا"ی ئاینی لە شاری موسڵدا تەواو دەکات و پاشان لە سلێمانی لە دەستپێکی ساڵەکانی شەستەکاندا دەبێتە قەشەی کەنیسەی کلدان لە شاری سلێمانی، لە ساڵانی شەستەکاندا ئەندامێکی کارای ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی بووە و ڕۆڵێکی گرنگی لە پەرەپێدانی شاری سلێمانیدا هەبووە، لە سەرەتاکانی ساڵانی شەستەکاندا تێکەڵ بە بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان دەبێت و دەبێتە یەکێك لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە کۆتایی ساڵانی شەستەکان دەستگیر دەکرێت، بەڵام بەهۆی بڕیارەکانی بەیاننامەی(١١ ی ئازاری ١٩٧٠) ئازاد دەکرێت، لە ساڵی(١٩٧٢)دا دەچێتە ئەورووپا و لە پاریس نیشتەجێ دەبێت و لە یەکێك لە کەنیسەکانی پاریسدا دەست بەکار دەبێت و لەپاڵ کاری ئاینی و کوردایەتیدا دەست دەکات بەخوێندن و بڕوانامە لە نەخشەکێشانی شار بەدەست دێنێت ( Urban Design).[١]

لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا، نوێنەری حکومەتی هەرێم بووە لە ڤاتیکان و چەندین کاری دیبلۆماتی ئەنجام داوە، هەروەها لە ڕێگەی ئەو ناسینە زۆرەی کە لەگەڵ خەڵکانی ڕۆژئاوادا هەیبووە، کوردستان و مەسەلەی کوردی بە گەلانی ڕۆژئاوا ناساندووە، قەشە یوسف پەری لەگەڵ مامۆستای ناوداری کورد (م.کەریم زەند) ئینجیلی پیرۆزیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، زمانی (کوردی و سریانی و عەرەبی و فەرەنسی و ئیتاڵی) زانیووە، تیمێکی میوزیکی بۆ کەنیسەی کلدانی سلێمانی پێکهێناوە[٢].

لە ڕۆژی ( ٢٠٠٣/١٢/٦ )دا لە پاریس بەنەخۆشی شێرپەنجەی پەنکریاس گیانی سپاردووە، لە ( ٢٠٠٣/١٢/١٢ ) تەرمەکەیان هێناوەتەوە بۆ شاری سلێمانی و لە ناو کەنیسەی (مریم العذراء) لە گەڕەکی سابونکەران ناشتوویانە. لەوەسیەتەکەیدا داوای کردووە، ئاڵای کوردستان لەسەر تابوتەکەی بێت و لە کەنیسەی شاری سلێمانیدا بنێژرێت، ئێستا لە شاری سلێمانیدا بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی ناوەکەی، باخچەیەك بەناوی (باخچەی قەشە یوسف پەری) ناونراوە.[٣]

**٣- اسحق شماس عیسی** [*] :

لە ساڵی(١٩٣٤- ١٩٧١) ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بووە.[٤]

**٤- ئەندازیار ستار و وەستا شمعون داود:**

سەرپەرشتیاری یەکەمین وێستگەی کارەبای(DC)بوون، لە سلێمانی.

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئالان ئیسحاق پەری، لەدایکبووی ١٩٧٨، پیشە: فەرمانبەر لە شارەوانی کۆبنهاگن لەبەشی چاودێری کۆمەڵایەتی، شاعیر و وەرگێڕ، ٢٠١٧/٣/١٥، لەڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك. Alan Pary

[٢]- هەمان چاوپێکەوتن.

[٣]- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئالان ئیسحاق پەری، هەمان چاوپێکەوتن.

[*]- باوکی نەوالی صیدەلی و خوشکەزای کەریمی عەلەکە بووە. دیدەنی خوێندکار لەگەڵ نوال اسحاق شماس عیسی، سلێمانی،٢٠١٦/٩/١٥.

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ نوال اسحاق شماس عیسی، سلێمانی،٢٠١٦/٩/١٥.

٥- شەهید(شوكت عزیز شینه تۆما):
بەڕێوەبەری كارگەی پوختەكردنی توتن لەسلێمانی، لە ساڵی (١٩٢٥) لەدایك بووەو لە( ١٩٧٠/١/١ ) لە شاری سلێمانیدا تیرۆر و شەهید كراوە و لە سلێمانی لە كەنیسەی (مریم العذراء ) نێژراوە. لە ئێستادا و لە سلێمانیدا باخچەیەك لە بەرانبەر پاركی ئازادی بەناوی( باخچەی شەهید شەوكەت عزیز شینە) ناونراوە.[1]

٦- عالیە بطرس أسكندر عەلەكە:
لەساڵی(١٩٥٥) لە سلێمانی لەدایكبووە و لەساڵی(١٩٩٨-٢٠٠٦)ڕاوێژكار بووە لە ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان.

٧- خالد جمال البێر شاكر تەلیە:
لە ساڵی(١٩٧٦) لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، لە ئێستادا بەڕێوەبەری گشتی كاروباری مەسیحییەكانە لە وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئاینی حكومەتی هەرێمی كوردستان. كاری ئەم بەڕێوەبەرایەتییە دابینكردنی پێداویستییەكانی كەنیسەكان و چارەسەركردنی كێشەی مەسیحییەكانە لە(حكومەت و قوتابخانە و زانكۆكان و دادگا).

هەروەها مەسیحییەكانی سلێمانی سەرەڕای ئەوەی كە بەشداری سیاسین لە سلێمانیدا كردووە، بەڵام لەم بوارەدا هەست دەكەن ناهەقیان بەرامبەر كراوە و لەبەر مەسیحی بوونیان، بێبەش كراوون لە پۆستە ئیدارییەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا، چونكە زۆرجار پۆستەكان لەسەر بنەمای پسپۆڕیی و لێوەشاوەیی نییە، بەڵكو لەسەر بنەمای هەقی هەڵبژاردنی(الاستحقاق الانتخابي)حزبی و دەسەڵاتی كۆمەڵایەتی خێڵەكیی و بنەماڵەیە، مەسیحییەكانیش بەهۆی كەمی ژمارەیانەوە، ئەو دەسەڵاتە خێڵەكیی و كۆمەڵایەتییەیان نییە.

مەسیحییەكانی سلێمانی چەند كۆمەڵە و مەڵبەندێكی مەدەنی و ڕۆشنبیرییان دامەزراندووە، كەكاری سەرەكییان چالاكی خێرخوازیی و ڕۆشنبیریی و هونەری بووە، كە لێرەدا باسیان دەكەین:-

١- یانەی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئاشووری:-
لە ساڵی (١٩٧٢)دا لەلایەن كۆمەڵێك خوێندكاری مەسیحی زانكۆی سلیمانییەوە بەهاوكاری كەنیسەی سلێمانی دامەزراوە، تا ناوەڕاستی هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو شوێنێك بووە بۆ گردبوونەوە و ئاهەنگگێڕانی كۆمەڵایەتی مەسیحییەكانی سلێمانی.[2]

٢- مەڵبەندی ڕۆشنبیری كۆمەكی مەسیحی (مەڵبەندی ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی مەسیحی):-
لە ساڵی (١٩٩٣) لە لایەن مامۆستا(فوئاد ئەسكەندەر)و چەند كەسێكی تری مەسیحییەوە دامەزراوە و تا ساڵی(١٩٩٦) بەردەوام بووە. خولی زمانی ئینگلیزی و چالاكی رۆشنبیریی و هونەرییان ئەنجامداوە. ئەم مەڵبەندە ڕاستەوخۆ لەلایەن بەڕێز ( مام جەلال ) سكرتێری گشتی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان كۆمەكی مادی كراوە و بەشداری لە دروستكردنی باڵەخانەی كەنیسەی (ماری یوسف)دا

[1] - چاوپێكەوتن لەگەڵ جولێت فایەق عزیز شینە،لەدایكبووی ١٩٥٧،پیشە:فەرمانبەر،سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١٠.
[2] - چاوپێكەوتن لەگەڵ: كامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. نەبیل شەمعون داود، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠.

کردووە[1] هەروەها لیژنەی لاوانی ئەم مەڵبەندە، لەساڵی(١٩٩٦)دا تەنها یەك ژمارەی لە گۆڤاری " ڕێگای ڕێگای ڕوناکی " دەرکردووە، بەهۆی شەڕی ناوخۆ و نەبوونی کۆمەکی مادییەوە نەتوانراوە بەردەوام بێت[2].

**٣- کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کلدان:-**

ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی(٢٠٠٧)دامەزراوە، وەك ڕێکخراوێکی مەدەنی تا ئێستا بەردەوامە و چەندین خولی (زمانی ئینگلیزی، کۆمپیوتەر، مۆسیقا، صالۆن)کردووەتەوە[3].

**٤- هاوبەندی کلدانی لە عێراق:-**

لەساڵی(٢٠١٧) بە سەرۆکایەتی (سرمد عمان یاس)دامەزراوە و لقی لە شاری سلێمانیدا کردووەتەوە[4].

لە سەردەمی دوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستاندا لەساڵی(١٩٩١)وە ، مەسیحییەکان وەك بەشێك لە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی کوردستان، لە چوارچێوەی یاساکانی پەرلەمانی کوردستاندا، بەسیستەمی (کۆتا) لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدارن.

لە ئێستادا بەشێوەیەکی گشتی مەسیحییەکانی سلێمانی تاڕادەیەك بەشدان لە چالاکی سیاسیدا، لە کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا (١) یەك کورسی کۆتا هەیە بۆ مەسیحییەکان، لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا لەساڵی(٢٠١٤)دا، پێنج کاندیدیان هەبووە، (٤) کەسیان بە (٤) لیستی جیاواز کێبڕکێیان کردووە بۆ کورسی کۆتای مەسیحییەکان، کاندیدێکیان لە سەر لیستی(پارتی دیموکراتی کوردستان) و کاندیدێکی تریشیان لەسەر لیستی (بزووتنەوەی گۆڕان) هەبووە، لەئەنجامدا (**ئامانج نەجیب شمعون صراف**)بۆ کورسی کۆتاکە دەرچووە، کە کاندیدی (بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری)بووە بەناوی لیستی(ڕافدین)، لە ئێستادا لە فراکسیۆنی (ڕافدین)دا، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییە.[5]

## هەشتەم: کۆچی مەسیحییەکانی سلێمانی :

کاتێك شاری سلێمانی دروستبووە، مەسیحییەکان کۆچیان بۆ کردووە، ئەم کۆچکردنەش بەهۆی ئەوە بووە کە هەم دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و هەم خەڵکی شارەکەش، ئەو پێکەوەژیانەی موسوڵمان و مەسیحی و جولەکە و کاکەیی و قەرەجەکانی پێ قبووڵ و پەسەند بووە.

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: نەبیل شەمعون داود، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨.

[3]- شوان جمیل عیسی، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٨.

[4]- چاوپێکەوتن لەگەڵ سرمد عمان یاس، لەدایکبووی ١٩٦٩، پیشە: بازرگان، سلێمانی، ٢٠١٧/٥/١٧.

[5]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: سمیرە حنا عازر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٧. توانا بەشیر داود، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٩ . ئامانج نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠.

لە ئێستادا، ژمارەیەکی کەمی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی ئیقامەی ئەوروپایان نییە، زۆربەیان لە قۆناغە جیاوازەکاندا کۆچیان کردووە و ئیقامەی ئەوروپایان هەیە، ئەوانەی کە ئیقامەشیان هەیە، بەشێکیان لە ئەوروپا دادەنیشن و بەشێکیشیان لە کوردستاندا دەژین، جگە لە هاوینان کە بەسەفەر بۆ ئەوروپا دەچن.

لەسەر ئاستی تاك و خێزان، ژمارەیەکی زۆریان بۆ ئەوروپا و ئەمریکا کۆچیان کردووە، بەتایبەت بۆ وڵاتی سوید. مەسیحییەکان دەڵێن: ( لەساڵی (١٩٩٠)دا، (٢١٠)ماڵی مەسیحی لەسلێمانیدا هەبووە، بەڵام لە ئێستادا لەو ژمارەیە(٧٥)ماڵیان ماوەتەوە و ئەوانەی تریان بۆ ئەوروپا و ئەمریکا کۆچیان کردووە.)[١]

لێرەدا دیاردەی کۆچی مەسیحییەکانی سلێمانی بەچەند خاڵێك ڕووندەکەینەوە: [٢]

## ١- کۆچی ناوخۆیی:

کۆچی مەسیحییەکانی سلێمانی زیاتر لە ساڵانی (١٩٥٠-١٩٨٠) بۆ شاری بەغدا بووە، کە ژمارەیەکی زۆرکەمی ماڵە مەسیحییەکانی سلێمانی دەگرێتەوە.

## ٢- کۆچی دەرەکی:

بەشێك لە مەسیحییەکانی سلێمانی لەدوای(١١)ی ئەیلولی ساڵی(١٩٦١)ی زاینییەوە سلێمانیان بەجێهێشتووە و بۆ ئەمریکا ڕۆشتوون.[٣] کۆچی مەسیحییەکانی سلێمانی زیاتر بۆ دەرەوەی عێراق و کوردستان بووە.

زۆرترین ژمارەی مەسیحی سلێمانی کۆچیان بۆ وڵاتانی ئەسکەندەنافیا و بەتایبەت سوید کردووە، کەئەوانیش بەسەر دووشاری سەرەکی (ستۆکهۆڵم و یۆتۆبۆری) دابەش بوون، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەوانەی لەسەرەتادا کۆچیان کردووە بۆ هەندەران، لەم دووشارەدا نیشتەجێ بوون.

## ٣- هۆکارەکانی کۆچی مەسیحییەکانی سلێمانی:- [٤]

**أ) شەڕی عێراق - ئێران.**

**ب) شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستان:**

لەشەڕی ناوخۆدا دیاردەی کۆچ بەجۆرێکی فراوان گەشەی سەندووە، هۆکارەکەشی تەنیا بەهۆی لەیەك کوشتنی یەکێتی و پارتی نەبووە، بەڵکو هاندانی ئەوانەی لەسەرەتادا کۆچیان بۆ ئەوروپا کردووە، کاریگەری ئەرێنییان لەسەر کۆچی کۆمەڵگا بەگشتی و مەسیحی بەتایبەت هەبووە. لەشەڕی ناوخۆدا

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی،٢٠١٦/٨/٢٠. کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٧/٤/٢٩ نەبیل شەمعون داود، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠. ئاڤان نجیب شمعون صراف،سلێمانی، ٢٠١٧/٩/١٧.

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: ڕێڤین نوفل بابایوسف،سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٠. سوعاد یوسف یعقوب حداد، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٥. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ . بەیان عیسی یوسف، سلێمانی،٢٠١٧/١/٣١. نەبیل شەمعون داود، سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠.

[٣]- ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٨.

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: ئەدمۆن أنوەر نیسان، سلێمانی، ٢٠١٧/٤/٢٩. شوان جمیل عیسی، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٨. خالد جمال البێر شاکر، سلێمانی، ئاڤان نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٧/٧/١٩. نەبیل شەمعون داود، سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠.

کەس لەمەسیحییەکان شەهید نەبووە، بەڵام ئەو وێرانکارییەی کەبەسەر خەڵکی کوردستاندا لەو شەڕەدا هێنرا، وای کردووە مەسیحییەکان ناچار بن وولات بەجێبهێڵن .

مەتران (عبدالأحد ربان) کە لەساڵی(١٩٩٨)دا کۆچی دوای کردووە، پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات، لەسەر جێگە و بە هێمنی هەمیشە وتوویەتی: (من شوانێکم هەموو مەڕەکانم لێ وون بوون و پەرتەوازەبوون، ئاخر من بۆچی بژیم کەنەتوانم شوانی ڕەعیەتەکەم بکەم؟!)، مەبەستی لە کۆچی ڕادەبەدەری مەسیحییەکانی سلێمانی بووە[1].ئەمەش بەو مانایە دێت کە قەشە کۆچی مەسیحییەکانی سلێمانی پێخۆش نییە.

## ج) تیرۆر و شەڕی داعش:

توندوتیژی و تەقینەوەکان و ئیرهابی فکری و دەرکەوتنی عەقڵیەتی توندڕەوی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان و عێراق و مەترسییەکانی شەری داعش، بووتە هۆی ئەوەی مەسیحییەکان دڵنیا نەبن لە ئایندەی ئەم وڵاتە و ئاسۆیەکی گەش نابینن بۆ داهاتوویان، ئەمەش هۆکارێکی تری کۆچی مەسیحییەکانی سلێمانییە.

## د) گرنگیدان بە ئایندەی منداڵەکانیان:

هۆکارێکی سەرەکی کۆچکردنیانە. مەسیحییەکان دەڵێن:

بەهۆی شەڕ و ململانێ سیاسیەکانی ناوچەکە و بەهێزی ئیسلامی سیاسی لەناوچەکەدا لە ئایندەی منداڵەکانمان دڵنیانین، بۆیە بۆ دابینکردنی ئایندەیەکی گەش بۆ منداڵەکانمان کۆچ بۆ ئەوروپا دەکەین[2].

**هـ) قەیرانی دارایی:**

**قەیرانی دارایی لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیست و لەساڵی(٢٠١٤)وە هۆکارێکی تری کۆچی مەسیحییەکانی سلێمانی بووە.**

**و) سەروەرنەبوونی یاسا و پێشێلکردنی مافی هاوڵاتیبوون و دابەشنەبوونی ئەرك و مافەکان لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون:**

**ز) پەراوێز خستنیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە:**

---

[1]- کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٧/٤/٢٩.

[2]- نەبیل شەمعون داود، سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠.

## باسی دووەم:

## توخمەکانی کەلتووری مادی و ڕەفتار و چالاکییە ئابوورییەکان

کەلتووری مادی ئەو بەشە زۆرەی کەلتووری مرۆڤایەتی دەگرێتەوە کە لە ڕەهەندی مادییەوە ڕاڤە دەکرێت، ئاماژەیە بەو ڕەفتار و چالاکی و بەها و بیروباوەڕانەی کە بەلایەن و بارودۆخ و پڕەنسیپە مادییەکان کاریگەرن[1]. کەلتووری مادی و چالاکییە ئابوورییەکان بوارێکی سەرەکی (ئەنسرۆپۆلۆجیای ئابورییە)* و بەشێکی سەرەکی سیستەمی ئابوورییە** .

کەلتووری مادی(ماتریالیزمی کەلتوری) تیۆرییەکی گشتییە لە بواری ئەنسرۆپۆلۆجیادا، کەهەموو لایەنەکانی کەلتووری مرۆڤ دەگرێتەوە، کە دەکرێت لە چوارچێوەی مادیدا شیبکرێنەوە، کەلتووری مادی بە سیستەمکراوترین پێکهاتەیە بۆ گەشەکردنی تیۆرە ئەنسرۆپۆلۆجییەکانی کەلتوور[2].

کەلتووری مادی کۆمەڵە دروستکراوێکی مادین وەك( کەلوپەلی دروستکرا و ئامێرەکان کە تەکنۆلۆجیا بەرهەمیان دەهێنێت[3]، هەروەها هەموو ئەو ئامێر و کارە هونەریی و شتانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ دروستی کردوون و بەکاریاندەهێنێت، وەك( ئامێرەکان، ڕەنگەکان، خۆراك، جلوبەرگ، خانو و شوێنی نیشتەجێبوون، ئامڕازەکانی گواستنەوە و کەلوپەلە مادییەکانی تر)[4].

لە ڕوانگەی ئەنسرۆپۆلۆجستەکانەوە، سیستەم و چالاکی ئابووری بە شێوەیەکی دابڕاو لە سیستەمەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی کارناکات، بەڵکو کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێت و سیستەمی

---

١ John scott and Gordon Marshall, A Dictionary of Sociology. Oxford: University Press, Third edition,٢٠٠٩, P ١٤٩ .

* – ئەنسرۆپۆلۆجیای ئابووری: بایەخ بەلێکۆڵینەوەی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و ئاڵوگۆڕ و بەکارهێنان دەدات و توێژینەوەی وەسفی ئەسنۆگرافی بۆ سیستەمی ئابووری کۆمەڵگەیەکی بچووك دەکات. شارلوت سیمور– سمیث،موسوعة علم الانسان، المصدر السابق، ص١١٣.شاكر مصطفى سليم، قاموس الأنثروبولوجيا، المصدر السابق، ص٢٩٠.

هەروەها ئەنسرۆپۆلۆجیای ئابووری بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەو شێواز و ئاڕاستانەی کە گروپ و نەتەوە و کۆمەڵگەکان بەکاریانهێناوە لە بوارەکانی کارکردن و بەرهەمهێنان و سەروەت و سامان و دابینکردنی پێداویستییە ئابوورییەکان. قيس النوري، المدخل الى علم الانسان، دار الكتب، بغداد، ١٩٨٢، ص ١٧٥.

** – سیستەمی ئابووری بریتییە لە کۆی ئەو چالاکی و کردە مرۆییانەی کە پەیوەستن بە قازانج و سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی سامانی سروشتی و بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی، هەروەها سیستەمی ئابووری بریتییە لە بەکارهێنان و کار و دابەشکردنی کار و سەرمایە و ئاڵوگۆڕی ئابووری و بازرگانی و دابینکردنی پێداویستییە بایۆلۆجییەکانی مرۆڤ. سیستەمی ئابوری بە شێوەیەکی دابڕاو لە سیستەمی کۆمەڵایەتی کارناکات بەڵکو یەکتری تەواو دەکەن و کاریگەریش لەیەکتری دەکەن. علاءالدين جاسم البياتي، علم الاجتماع بين النظرية والتطبيق، دار التربية، بغداد، ١٩٧٥، ص ٢٥٢. قيس النوري، الأنثروبولوجيا الاقتصادية، جامعة بغداد، بيت الحكمة، طبع بمطبعة التعليم العالي بالموصل، ١٩٨٩،ص ١١.

٢ -John scott and Gordon Marshall, A Dictionary of Sociology. Oxford: University Press, Third edition,٢٠٠٩, P ١٤٩.

٣– رالف ل. بيلز، هاری هويجر، مقدمة فی الانثروبولوجيا العامة، المصدر السابق، ص ٢٢٠.

٤- عبدالحميد لطفی، الأنثروبولوجيا الاجتماعية، الطبعة الثانية، دار المعارف بمصر، مطبعة دار نشر الثقافة، ١٩٧١، ص٦٠.

کۆمەڵایەتیش کاریگەری لەسەر چالاکی ئابووری دەبێت، گۆڕانی ئابووری دەبێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا بەکاربردن و کار و دابەشکردن و چالاکییە ئابوورییەکانی دیکە لە ژێر کاریگەری و هەژموونی ڕێساو پێوەرە ڕەوشتییەکان و بیروباوەڕەکاندا ئەنجامدەدرێن، چونکە هەموو کردار و هەڵسوکەوتێکی ئابووری مرۆڤ، کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەنجامی دەدات، بەشێکی دانەبڕاوە لە کەلتووری ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی[1].

کەلتووری مادی بریتییە لە هەموو ئەو شتە مادیانەی کە مرۆڤ دروستی کردوون، وەك: ( خانووبەرە، پەرستگاکان، ئامێرەکانی گواستنەوە، چەك و ئامێرەکانی شەڕکردن، جلوبەرگ، ئامێرەکانی مۆسیقا، پەیکەر و هەر شتێکی تری مادی کە مرۆڤ دروستی بکات[2].

هەروەها کەلتووری مادی، هەموو درووستکراوەکانی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا و بەرهەمە مادییەکانی کاری مرۆڤ لە شتە دەست لێدراوەکان و هەموو ئەو شتە مادیانە دەگرێتەوەکە خەڵك لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیاوە بەدەستی دەهێنێت[3]. کەلتووری مادی لە چەند ئامێر و بەرهەمێکی مادی پێکهاتووە کە لە لایەنە جیاوازەکانی ژیاندا بەکاردێن، وەك: (ئامرازەکانی کۆکردنەوە و بەرهەمهێنانی خۆراك،شوێنی نیشتەجێبوون و کەلوپەلی ناوماڵ،جلوبەرگ و ئامرازەکانی خۆڕازاندنەوە و جوانکاری،پەیکەر و بەرماڵ و ئامێرەکانی سرووت و عیبادەت،یاری و ئامێرەکانی هونەر و ڕەنگەکان، ئامێرەکانی بەرگری و شەڕکردن و ئامێرەکانی گواستنەوە)[4] کەلتووری مادی پێکهاتووە لەهەموو ئەو پێداویستییە مادییانەی لەژیانی ڕۆژانەدا بەکاردێن، وەکو: (خۆراك، جلوبەرگ، خانوو، کەلوپەلی ناوماڵ، ئامێرەکانی کارپێکردن، ئامێرەکانی گواستنەوە و هاتوچۆپێکردن، ئامێرەکانی مۆسیقا، خشڵ، چەك، ئامێر و کەرەستەکانی ڕاوکردن.)[5] .

لەم باسەدا بە چەند خاڵێك باسی سەرجەم توخمەکانی کەلتوری مادی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی دەکەین:-

## ١- کار و پیشەی مەسیحییەکانی سلێمانی:

زانایانی ئەنسرۆپۆلۆجی باوەڕیان وایە کە تاکەکانی کۆمەڵگەیەك کردەوە و چالاکییە ئابوورییەکانیان بە پێی نەخشەی بیرکردنەوەیەك(Mental map) ئەنجام دەدەن، کە لە ڕێگەی بەکۆمەڵایەتیبوونی کەلتوورییەوە بۆیان دروست بووە[6]. واتە مرۆڤ کارو کردەوەیەکانی بەپێی بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی کەلتووری کۆمەڵگەکەی ئەنجام دەدات، هەروەها سیستەمی ئابووری دابڕاو نییە لە سیستەمە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو کاریگەری لە یەکتری دەکەن و یەکتری تەواو دەکەن.

[1]- قيس النوری، الأنثروبولوجيا الاقتصادية،مطبعة وزارة التعليم العالی، الموصل، ١٩٨٩، ص١١.

[2]- أحمد زكي بدوي، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٨٢،ص ٩٣.

[3]- احمد أبو زيد، محاضرات في الانثروبولوجيا الثقافية،المصدر السابق،ص٤٧.

[4]- محمد رياض، الانسان دراسة فی النوع والحضارة،دار النهضة العربية، بيروت،ص ٣٣٤-٣٣٥.

[5]- ڕەشاد میران،ئیتنۆگرافیاو یەکێتی ئێتنیکیی کورد،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،هەولێر،چاپی یەکەم،٢٠٠٩ ل ٥٩

[6]- قيس النوري، الأنثروبولوجيا الاقتصادية، المصدر السابق، ص ١١

ئاینی مەسیحی کاریگەری زۆری هەیە بەسەر ئەو چالاکییە ئابوورییانەی کە مەسیحییەکان ئەنجامی دەدەن، زانای کۆمەڵناسی ئەڵمانی (ماکس ڤێبەر) باس لە پەیوەندی نێوان ئاینی مەسیحی و ئابووری دەکات و لە کتێبی (کۆمەڵناسی ئاین)دا، باسی (ڕەفتاری پرۆتستانتی و گیانی سەرمایەداری) دەکات و دەڵێت: مەزهەبی پرۆتستانتی بایەخ بە کار دەدات، وەك یەکێك لەئەرکە گرنگەکانی مەسیحییەت، ئەوەش لە ئەوروپادا، پاڵنەر و هۆکاری سەرەکی و کاریگەری دروستبوون و گەشەکردنی سەرمایەدارییە ، چونکە ئاینزای پرۆتستانتی داوا لەو کەسانەی کە باوەڕیان پێی هەیە دەکات، لە کارکردندا دڵسۆزبن و قوربانی بۆ بدەن و پابەندی ئەو بەهایانە بن کە ئەو دەستکەوتە مادی و زانستییانە بەرهەم دەهێنێت، کە بنەمای پێشکەوتنی کۆمەڵگە و بەڵگەی ڕوونی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و بەرەکەتی خودایە. پرۆتستانیەت کۆکردنەوەی سامان و پارە بە کارێکی باش دەزانێت، بڕوای بە ژیانێکی سادە هەیە و داوا لە پەیڕەوانی دەکات دەستبلاوی و زیادە مەسرەفی نەکەن[1].

هەروەها (ماکس ڤێبەر) دەڵێت:

مەزهەبی پرۆتستانتی باوەڕی وایە خوا ئەو کەسانەی خۆشدەوێت و لێیانەوە نزیکە کە دەوڵەمەندن و پارەو سامانەکەیان بەهەدەر نادەن و دەیپارێزن و لە خەرجکردندا دەست بلاونین و پارەکانیان لەو پرۆژە ئابوورییانەدا بەرهەم دەهێنن کە سوودی بۆ کۆمەڵگە هەیە[2]. ئەوەی لەم تیۆرەوە ئێمە تێبینیمان کردووە، مەسیحییەکانی سلێمانیش هەرچەندە پەیوەستن بە ئاینزای کاسۆلیکییەوە، بەڵام لە کارەکانیاندا، کاریگەریی ئاینی مەسیحییان بەسەرەوە هەبووە، بەردەوام لەهەوڵی کارکردندا بوون، لە کارەکانیاندا جدیی و دڵسۆزن و گرنگی بەکارەکانیان دەدەن، دەست بلاو نین و لە شتی ڕووکەش و خۆدەرخستندا، حەزیان بە پارە خەرج کردن نییە.

ئاینی مەسیحی هانی باوەڕدارانی دەدات بۆ کار و کاسبی و کەسی ئیش نەکەر، لای مەسیحییەکانی سلێمانی کەسێکی بێزراوە[3]، لەڕابردوودا مەسیحیەکانی سلێمانی ئەم پیشە جیاوازانەیان کردووە:-[4]

١- بازرگانی کەتیرە و مازو و شەکری کەللە، لەلایەن (عبدالکریم عەلەکە)وە.

٢- ئاشەوانی، ئاشی ئاوی گاوران و ئاشە مەکینەی قوستەنتین و گەرماوی سورەت کەموڵکی کەریمی عەلەکە بوون.

٣- کارگەی شیکردنەوە و ڕستنی موو(بەبەن کردن) بۆ دروستکردنی دەوار و ڕەشکە و پێچاڵ (توتنی تیا هەڵئەگیرا) و خاوەنی ئەم کارگەیە (پۆلص اسطیفان موتاپچی)[*]بووە، کارگەکەی لە ماڵەکەی خۆیدا

---

[1] -Max Weber, the Sociology of Religion, Beacon press, Boston ,١٩٦٣,introduction - preface to the book,p.x. ١-١٩.

[2] -Max Weber, the Protestant Ethic and the Spirit of Capitalism, Translated byTalcott Parsons, London, George Allen and Unwin LTD, Third Impression ١٩٥٠, p. ٥٢-٥٦.

[3] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەیان عیسی یوسف، سلێمانی،٢٠١٧/١/٣١، سلێمانی.

[4] - ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٤٦-٤٤٨ .

[*] - لەساڵی(١٩٠٠) لەگەرەکی گاوران لەدایك بووە و لەساڵی(١٩٥٤) کۆچی دوایی کردووە و لەکەنیسەی مریم عذراء نێژراوە.: ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٤٦

**هەبووە، کە بەرانبەر ماڵی کەریمی عەلەکە بووە، چەند کەسێکی مەسیحی و موسوڵمانیش کاریان تێدا کردووە.**

**٤- کارگەی دروستکردنی جاجم کە(سرکیس ڕەزوقی) لە ماڵەکەی خۆیدا بەرامبەر کەنیسەی گەڕەکی مەسیحییەکان کاری تێدا کردووە.**

**٥- شیکردنەوەی موو بەمەکینە کە(مەجید قەدووری )ئەم کارەی کردووە.**

**٦- دوکانی پێڵاو فرۆشی(باتە)**

**٧- دوکانداریی فرۆشتنی مەی لەلایەن:(جرجیس و متی، میخائیل ساکۆ و فتوحی برای، نوئیل حداد، نیسان موسی، تۆبیا مەنصور، مەجید قەدووری.)**

**٨- بازرگانی پێستە و سابوونی حەلەب و چا لەلایەن (اسحاق شماس عیسی.)**

**لە ئێستادا، کار و پیشەی مەسیحییەکانی سلێمانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و چەندین کارو پیشەی جیاوازیان هەیە وەك: (مامۆستایی، پزیشکی، توێژەری کۆمەڵایەتی، موزیکژەن، دادوەری، ئەندازیاری، ژمێریاریی، بازرگانی مەشروب، دوکانداریی، فیتەریی، دارتاشی، قژ بڕی ئافرەتان – ئارایشتگا، زەڕەنگەری، ریستۆرانت، خاوەنداریەتی یانەی مەشروب خواردنەوە، خاوەنی ئوتێل، فەرمانبەری فەرمانگە حکومییەکان، پۆلیسی)، بەشێکیشیان خانەنشینن.[١]**

**لەڕابردوودا واتە پێش ساڵی(١٩٩١) بازرگانی مەشروب تایبەت بووە بە مەسیحییەکان، بەڵام لە ئێستادا چەندین کەسی موسوڵمان لە سلێمانیدا بازرگانی مەشروب دەکەن و مۆڵەتی فەرمییان لە حکومەتی هەرێم وەرگرتووە.**

**لێرەدا، لە جۆری پیشەی مەسیحییەکانی شاری سلێمانیدا، گۆڕانێکی زۆر دەبینین، لە کاری دەستی سەرەتایی و دوکاندار و ئاشەوان و مووڕێس و بازرگانی بچووکەوە، بۆ بازرگانی گەورە و خاوەن ئوتێل و پزیشك و فەرمانبەری حکومەت گۆڕاوون. لە خەڵکانێکی هەژارەوە، بۆ کەسانێکی چینی ناوەند و دەوڵەمەند، گۆڕاوون. هەروەها ئەگەر بڕوانینە خێزانێکی وەك (کەریمی عەلەکە) پیشەکەی بازرگان بووە، نەوەکانیان لەپاش خۆیاندا بازرگانیان تێدا هەڵنەکەوتووە، بەڵکو زۆربەیان پزیشکن، یان بنەماڵەی (شەمعون سەراف) کە پیشەی سەراف بووە، نەوەکانی دوای خۆی سەراف نین، هەوەك چۆن خێزانێکی ئیمانداری وەك ماڵی (قەشەیوسف پەری) تا ئێستا قەشەیەکی تر لەخانەوادەکەیان دروست نەبووەتەوە.**

**دەکرێت بڵێین فرەپیشەیی خەسڵەتی مەسیحییەکانی سلێمانییە، مەسیحییەکانی سلێمانی لە زۆربەی بوار و جومگەکانی ژیانی شار دەبینرێن، لە چەندین پیشەدا سەرکەوتوون و جێدەستیان دیارە کە پێشتر باسمانکردوون. ئەم هەمەڕەنگییە لە پیشەی مەسیحییەکاندا بەشێکی پەیوەستە بە هاتنی یەکەم شەش خێزانی مەسیحی بۆ سلێمانی، کە هەرشەش خێزانەکە خاوەنی پیشەی جۆراوجۆر بوون،**

---

**[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ . عبدالاحد یوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ . ئەدمۆن أنوەر نیسان، سلێمانی، ٢٠١٧/٤/٢٩. شوان جمیل عیسی، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٨. نەبیل شەمعون داود، لەدایکبووی ١٩٥٧، پیشە: ژمێریار– یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی لە دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠. سناء ناصر قدوري، سلێمانی،٢٠١٧/٨/١٣ .پەروین ئێلیا حنا، سلێمانی، ١٩/ ٦/ ٢٠١٧.**

بەشێکی تری بۆ سروشتی شار و دروستکردنی سلێمانی دەگەڕێتەوە، کە لە شوێنی جوگرافی جیاوازەوە خەڵکی بۆ هاتووە.

## ٢- هاوبەشیکردن لە کار و کاسبیدا:

سەبارەت بە پیشەوەریی و کار و کاسبی، مەسیحییەکانی سلێمانی لەگەڵ یەکتریدا و لەگەڵ موسوڵمانەکانی ناسیاویاندا هاوبەشی مامەڵە و (کارو کاسبی) دەکەن، لەم ڕەهەندەوە هیچ جیاوازییەك لە نێوان مەسیحی بوون و نامەسیحی بووندا نییە، بۆ هاوبەشی کردن لە پیشە و کار و کاسبیدا مەرجیان ناسین و متمانەیە، لە ئێستادا چەند مەسیحییەکی سلێمانی، لەگەڵ چەند موسوڵمانێکی سلێمانیدا، لە کاردا هاوبەشن.[١]

شایەنی باسە هەرچەندە مەسیحییەکانی سلێمانی لەگەڵ موسوڵمانەکانی سلێمانیدا هاوبەشیان کردووە لە کاروکاسبیدا، بەڵام چەند حاڵەتێکی ئەزموونی خراپ ڕوویداوە و پارەی بازرگان و خاوەن کارە مەسیحییەکان لەلایەن هاوبەشەکانیانەوە کە موسوڵمان بوون خوراوە.

## ٣- موڵکدارێتی(خاوەندارێتی) :

موڵکدارێتی بە واتای مافێکی دیاریکراو دێت، بۆ کەسێك یان کۆمەڵێك، بەبێ ئەوەی ئەوانی تر مافی بەکارهێنان و مامەڵە پێوەکردنیان هەبێت[٢].

دەربارەی موڵك، وتەیەکی میللی باو لە سلێمانیدا هەیە، کە وتراوە: ( پارە و خشڵ و زێڕ لای مەسیحی و جولەکەیە و موڵکیش لای ئیسلام.) بەمانایەکی تر، مەسیحییەکان خاوەنی زەوی و زارێکی زۆری کشتوکاڵی نین، بەڵکو زیاتر پیشەوەرن، دوکاندار و بازرگان و سەرمایەدارن.)[٣]

لە سلێمانیدا مەسیحییەکان خاوەنی موڵکی خۆیانن و هیچ کێشەیەکی موڵکدارییان نییە و زۆربەی هەرە زۆریان خاوەنی خانووی خۆیانن و هەندێکیان لە خانویەك زیاتریان هەیە و خانووەکانیش هەندێکیان لەسەر پیاوەکان و هەندێکیشیان لەسەر ژنەکان تاپۆ کراون. هەروەها بەشێك لە پیاو ژنەکانیان خاوەنی سەیارە و پارەی خۆیانن [٤]

## ٤- بەکرێدان :

مەسیحییەکانی سلێمانی ئەگەر خانوویەکیان هەبێت بۆ بەکرێدان، زۆر ئاسایی بە موسوڵمان و بە مەسیحیش بەکرێی دەدەن و هیچ مەرج و پێشخستنێك بۆ مەسیحی بوون لە بەکرێداندا نییە، لە ئێستادا

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: ڕێڤین نوفل بابایوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١١. لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١. نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥. نەبیل شەمعون داود، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠.

[٢]- أحمد أبو زيد، البناء الاجتماعى – مدخل لدراسة المجتمع(الانساق)، الجزء الأول، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الاسكندرية، مصر، ١٩٧٩، ص١٣٠ .

[٣]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: ڕێڤین نوفل بابایوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٠. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ . عبدالاحد يوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ . سميره حنا عازر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٧.

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١. نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥. نەبیل شەمعون داود، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠.

خانوویان هەیە کە بەکرێ داویانە بە موسوڵمان، زۆربەی ئەو دوکانانەی کە کاری مەی فرۆشی تێدا دەکەن، بەموڵك نەیانکڕیوە، چونکە بەگشتی دوکان فرۆشتن لە سلێمانی سەرقفڵانەیە، مەسیحی دوکان بە سەرقفلانە دەکڕێت(بەکرێی دەگرێت) و موڵکی تەواوی خۆی نییە، زۆربەی خاوەن دوکانەکانی مەشروب کە توانیویانە مەشروب بفرۆشن هی ئەوەبووە کە دوکانەکانیان بە سەرقفڵانە کڕیوە و خاوەن موڵکەکان ڕازی بوون مەسیحییەکان مەی تێدا بفرۆشن، لەهەمان کاتدا کێشەیەك هەیە بۆ مەی فرۆشە مەسیحییەکان، ئەویش ئەوەیە لە زۆر شوێنی ئابوری باشی شاردا، هەوڵیان داوە دوکان بە سەرقفڵانە بکڕن یان بەکرێی بگرن، بۆئەوەی مەی تێدا بفرۆشن، خاوەن موڵکەکە لەبەرئەوەی کەسێکی دینداری موسوڵمان بووە، بەمەسیحی نەداوە بەکرێ یان پێی نەفرۆشتووە.[1] هەروەها مەسیحییەکانی سلێمانی، خانوویان لە موسوڵمان و مەسیحی بەکرێ گرتووە و خانووشیان بەکرێ بە مەسیحی و موسوڵمان داوە[2].
داوە[2].

## ٥- دابەشکردنی کار

مەسیحییەکانی سلێمانی دابەشکردنی کار پەیڕەو دەکەن، لە هەمان کاتیشدا هاوکاری یەکتری دەکەن بەمەبەستی بەیەکەوە ژیان و هێنانەدی خەون و ئامانجەکانیان.

### أ- دابەشکردنی کار لەسەر بنەمای ڕەگەز:

لە ڕابردوودا لە نێوان مەسیحییەکانی سلێمانیدا کاری ژن و پیاو لەماڵدا تاڕادەیەکی کەم لەسەر بنەمای (جێندەر)* دابەشکراوە و پیاو ئیشی ماڵی نەکردووە، پیاو لە کۆمەڵگای کوردیدا، بە گشتی بەوە ناسراوە، کە یارمەتی ژنەکەی لە کاری ناو ماڵدا نەداوە و زیاتر بەکاری دەرەوە سەرقاڵ دەبێت، ژنیش بە کاری ناوماڵ. هەروەها لە ڕابردودا، پیاوی مەسیحی کەمتر لە کاری ناوماڵدا، هاوکاری ژنی کردووە، بەتایبەت ئەوکارانەی کە لە کۆمەڵگەدا بەکاری ژن ناسراوان، ئەم دیاردەیە زیاتر لەناو ئەوخێزانانەدا بووە، کەژنەکانیان ژنی ماڵ بوون و هیچ کار و پیشەیەکی لە دەرەوەی ماڵدا نەبووە.[3]

لەم سەردەمەدا ئەم تێگەیشتنە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، پیاو لەماڵەوە لەکاری ناوماڵدا هاوکاری ژنەکەی، یان هاوکاری خوشك و دایکی دەکات، بەتایبەت کە ئێستا ژنی مەسیحی ژنێکی خوێندەوارە و لە دەرەوەی ماڵدا خاوەن کارە، هەرچەندە لە ئێستاشدا ئیشەکانی ماڵ وەك:(گسکدان، جلشتن، منداڵپاککردنەوە، نانکردن، چێشت لێنان، قاپ شتن) ژن دەیانکات و بەئیشی ژن ناسراون، بەڵام پیاو لە

---

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ . سمیرە حنا عازر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٧. لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١

[2] – نەبیل شەمعون داود، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠.

* – جێندەر: بریتییە لە جیاوازی کەلتووری لە نێوان پیاو ئافرەتدا، کە گوزارشتە لە نایەکسانی لەنێوان ئافرەت و پیاودا لە ڕووی (ماف و ئەرك و و چالاکی و پێگە و دەسەڵات و هەیمەنە) لە کۆمەڵگەدا،

[3] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١/٢/١. نەبیل شەمعون داود،سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠. چاوپێکەوتن لەگەڵ: سمیرە حنا عازر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٧.جولێت فایەق عزیز شینە، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١٠.

ئیشی ناوماڵدا هاوکاری ژنەکەی دەکات و ئەگەر ژن لەماڵ نەبێت پیاو ئیشەکانی ژن دەکات، هەروەها لەکاتی پێویست و لەوکاتەی کە ژن نەخۆش بێت، پیاو هاوکاری ژنەکەی دەکات[١].

لە ئێستاداو لەناو نەوەی نوێی مەسیحییەکاندا، جیاکاری کار لە ماڵەکانیاندا لەسەر بنەمای جێندەر نییە، پیاوی مەسیحی لەشاری سلێمانیدا لە سەرجەم کار و ئیشەکانی ماڵدا یارمەتی ژنەکانیان دەدەن، لەم بوارەدا ژنەکان گلەییان لە پیاوەکانیان نییە.هەروەها ئیشی دەرەوەی ماڵ، وەك (مەشروب فرشتن) تەنها کاری پیاوە و ژنانی مەسیحی ئەو کارە ناکەن. هەروەها تا ئێستاش لە سلێمانیدا ئافرەتی مەسیحی نەبوون بە پۆلیس یان پۆلیسی هاتووچۆ [٢].

## ب- دابەشکردنی کار لەسەر بنەمای تەمەن:

منداڵانی مەسیحی لە سلێمانیدا لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا دەخوێنن و کار ناکەن، ڕێگەیان نەداوە منداڵەکانیان لەسەر شەقامەکان و لە بازاڕدا کار بکەن، کاری سەرەکی و بەخێوکردنی خێزان لە ئەستۆی گەنجەکانیاندایە، گەنجەکانیان ئەو کارانە دەکەن کە پێشتر لە بابەتی کارو پیشەدا ئاماژەمان پێداوە، کەسە بەتەمەن و بەساڵاچووەکانیان کار ناکەن و بەشێکیشیان خانەنشینن[٣].

## ٦- دابەشکردنی میرات:

بەپێی ڕاسپاردەکانی (مەسیح) دەربارەی پرسی میرات بەشکردن دەبێت ( بەیەکسانی) میرات لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا دابەش بکرێت و دەبێت کچ و کوڕ لە میراتدا یەکسان و هاوبەشبن.

بەشێك لە مەسیحییەکانی سلێمانی میرات بە یەکسانی بە سەر کوڕ و کچدا دابەش دەکەن، هەرچەندە لە دادگاکانی کوردستاندا مەسیحییەکان بۆ دابەشکردنی میرات یاسایەکی تایبەت بەخۆیان نیە، لە دادگا هەر ئەو یاسایەی ئیسلام (کوڕ دوو بەش و کچ یەك بەش) لەگەڵ مەسیحییەکانیشدا پەیڕەو دەکرێت، هەندێکیان بەو یاسایە (کچ نیوەی کوڕ) میراتیان دابەشکردووە، بەڵام هەندێکی تریان لە دوای ڕێکارەکانی یاسا و دادگا، لەماڵەوە میراتیان بە یەکسانی بەسەر کوڕ و کچدا دابەش کردووە و کاریان بەو ڕێنماییە کردووە، کە (مەسیح) بۆی دەست نیشان کردوون[٤]، ئەویش ئەوەیە، کە چاوچنۆك نەبن و بەشی کوڕ و کچ بە یەکسانی دابەش بکەن، لە ئینجیلدا هاتووە کە یەکێك بە مەسیحی ووت: (مامۆستا بەبراکەم بفەرموو میراتم لەگەڵ دابەش بکات.) بەڵام ئەو پێی فەرموو: ئەی مرۆڤ، کێ منی کردووە

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. نیان یعقوب گورگیس، لەدایکبووی ١٩٨٦، پیشە: مامۆستا، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١٢.

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی،٢٠١٦/٨/٢٠. الیزابێت داود، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٦. نەبیل شەمعون داود، ، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠.

[٣]- نەبیل شەمعون داود، ، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠.

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١/٢/١. نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥. نیان بەشیر داود عەلەکە، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ: کامەران اسحاق پەری ، سلێمانی،٢٠١٦/٨/٨. ئەدمۆن أنوەر نیسان، سلێمانی، ٢٠١٧/٤/٢٩. شوان جمیل عیسی، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٨.

بەدادوەر بەسەرتانەوە؟ بەخەڵکەکەی فەرموو: (ئاگاداربن و خۆتان لە چاوبرسێتی بپارێزن، چونکە ژیانی مرۆڤ بە زۆری سامانەکەی نییە .)[1]

دەکرێت میرات بەشکردن لە ئاینی مەسیحیدا، بە بنەمایەك بۆ یەکسانی لە ئەرك و مافدا لە نێوان رەگەزی نێر و مێدا بزانین.

## ٧- باری ئابووری مەسیحییەکانی سلێمانی:

بەشێوەیەکی گشتی باری ئابووری مەسیحییەکانی سلێمانی بۆ سێ ئاست دابەشبوون:-[2]

أ- ناوەند: ئەم ئاستە، زۆرینەی مەسیحییەکانی سلێمانی پێکدەهێنێت و زۆربەیان موچە خۆری حکومەتن و ئەوانەن کە خانوو، ئۆتۆمبێل و کارو پیشەی خۆیان هەیە.

ب- دەوڵەمەند: بەشێکی کەمی مەسیحییەکانی سلێمانی خەڵکی دەوڵەمەند و سەرمایەدارن، کە (٦) خێزانی مەسیحی سلێمانی لەم ئاستەدان و خاوەنی چەند خانوو یان چەند دوکانێکن و بازرگانن، یان خاوەن کۆمپانیان.

ت- هەژار: بەشێکی کەمی مەسیحییەکانی سلێمانی خەڵکی هەژارن، لێرەدا ئەو خێزانانەی کە (کرێچی)ن بەهەژار هەژمارمان کردوون، بەم پێوەرەش تەنها (٣) خێزانی مەسیحی لە سلێمانیدا هەژارن، چونکە تەنها(٣)خێزانی مەسیحی لە سلێمانیدا کرێچین.

## ٨- بەهرەداری:

مەسیحییەکانی سلێمانی لە بوارەکانی ( مۆسیقا، تەندروستی، پەروەردە )دا هەڵکەوتوون، هەرسێ بوارەکەش پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ئاینەکەیانەوە هەیە، (مۆسیقا و تەراتیلی کەنەسی) بەشیکە لە سرودە ئاینییەکەیان، (پەروەردە و فێرکردن) مەسیح خۆی بە ( معلم ) ناوبانگی دەرکردوە و مامۆستایی بەشێك بووە لە کاری مەسیح، هەروەها زۆرێك لە خانمانی مەسیحی کاری خزمەتگوزاری پزیشکی و پەرستاری دەکەن(کاری چارەسەرکردنی نەخۆش) یەکێك بووە لە موعجیزەکانی مەسیح.[3]

## ٩- ئیشی دەست و بەرهەمهێنان:

لە ڕابردوودا مەسیحییەکانی شاری سلێمانی لە ئیشی دەستیدا، بەتایبەت ژنانیان لەکاری چنیندا (چنینی بلوزی خوری و لفکە) شارەزا و دەست ڕەنگین بوون، چنینی خوری ئەو مەسیحییانە کردوویانە کە لە موسڵەوە هاتوونەتە سلێمانی و چنینی لفکەش بە تەشی، ئەو مەسیحییانەی لە سنە و دێی هەرمۆتەی کۆیەوە هاتوونەتە سلێمانی، کردوویانە، هەروەها دروستکردنی مرەبای هەنجیر، خۆشکردنی زەیتوون، ترشیات و شەراب دروستکردن لە تایبەتمەندییەکانی لێزانیی خێزانە

---

[1]- لۆقا ١٢/١٣- ١٥

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: بەیان عیسی یوسف، سلێمانی،٢٠١٧/١/٣١. ئەدمۆن أنوەر نیسان، سلێمانی، ٢٠١٧/٤/٢٩. شوان جمیل عیسی، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٨. نەبیل شەمعون داود، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: نەبیل شەمعون داود، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ .

**مەسیحییەکانە و لە ڕێکخستنی ماڵ و ئامادەکردنی خۆراك و چێشت لێنان و دروستکردنی شیرینی و ئیشی هەویردا، خۆیان بە شارەزا دەزانن.[١]**

## ١٠- خێرو هاوکاری کۆمەڵایەتی

**بەشێك لە مەسیحییەکانی سلێمانی کاتێك کە منداڵیان دەبێت، یان کاتێك لەنەخۆشییەك چاك دەبنەوە، یان لە تەنگانە و کێشەیەك، یان لە پێکدادانێکی ئوتومبێل ڕزگاریان دەبێت، خێرێك لەسەر خۆیان نەزر دەکەن، جۆری خێرەکەش زۆر جار پارەیە، کە دەیدەن بە کەسێکی هەژار، یان بە فەرمانگەیەکی خزمەتگوزاری وەك نەخۆشخانەی هیوا، بەمەبەستی ئەوەی خودا لێیان خۆشببێت و سوپاسگوزاری خودا بکەن و لە ڕووی دەروونییەوە ئاسوودە بن[٢].**

## ١١- جلوبەرگی مەسیحییەکانی سلێمانی:

**بەچەند خاڵێك ئاماژە بە جلوبەرگی مەسیحییەکانی سلێمانی دەکەین:-**

**لە ڕابردوودا مەسیحییەکانی شاری سلێمانی جلوبەرگی ئەو شوێنەیان لەبەرکردووە کە لێوەی هاتوون بۆ سلێمانی، ئەوانەی لە سنەوە هاتوون (جلوبەرگی کوردی سنەیی) و ئەوانەی لە کۆیە و هەرمۆتە وە هاتبوون جلوبەرگی کوردی(دەستوری کۆیی)ان لەبەردابووە، ئەوانەی لە موسڵ و کەرکوکەوە هاتبوون، ئەفەندی و جل و بەرگی قات (چاکەت و پانتۆڵ و تەنورە)یان لەبەردابووە و جلوبەرگیان مۆدە بووە، هەر خێزانێکیان شێوازی جلوبەرگی ئەو شوێنەی، کە لێوەی هاتووە، لەگەڵ خۆیدا هێناوە.**

**هەروەها چەند ساڵێك دوای هاتنیان بۆ سلێمانی جلوبەرگێکی تایبەتییان نەبووە، کە مەسیحی سلێمانی پێ بناسرێتەوە. تەنانەت خێزانە ئاشوریەکانیش کە هاتوونەتە سلێمانی لە سەرەتادا جلوبەرگی ئاشورییان لەبەردابووە، بەڵام دواتر ئەو جلوبەرگانە گۆڕاون بە جلوبەرگی ئاسایی سلێمانی، کە جلی کوردی(ڕانکوچۆغە)* و (چاکەت و پانتۆڵ یان پانتۆڵ و کراس)بووە.[٣]**

### لە ئێستادا:

### أ) جلوبەرگی پیاوان:

**ڕۆژانی ئاسایی بۆ دەرەوەی ماڵ و بۆ دەوام پیاوان پانتۆڵ و کراس لەبەر دەکەن، لە ماڵدا پیاو بیجامە، یان قات و تراکسود، یان پانتۆڵ و کراس لەبەر دەکەن، لە ئاهەنگی نیشاندا زۆربەی پیاوەکانیان**

---

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ: سوعاد یوسف یعقوب حداد، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٥. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ . عبدالاحد یوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ . نەبیل شەمعون داود، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠.

٢- ئاڤان نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٧/٧/١٩.

*- ڕانکوچۆغە: پێکهاتووە لە شەڕواڵێکی فشی درێژ و چاکەتێك کە پشتوێنێکی قوماشی دوو مەتری لەسەر دەبەسترێت.

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ: لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١ . نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥.

چاکەت و پانتۆڵ لەبەر دەکەن، چەند کەسێکی کەمیشیان لە ئاهەنگی نیشان و بووک گواستنەوەدا جلی کوردی لەبەر دەکەن، بەشێك لە پیاوانی مەسیحی سلێمانی لە ئاهەنگی نەورۆز و سەیراندا جلی کوردی لەبەر دەکەن[1].

## ب) جلوبەرگی ئافرەتان:

لە ماڵدا ئافرەت مەکسی یان عەزی، یان قات و تراکسود لەبەردەکات، هەندێك ئافرەتی مەسیحی سلێمانی لەماڵیشدا ڕۆژانی ئاسایی تەنوورە و بلوس(بۆدی)لەبەر دەکەن. بۆ دەوام و دەرەوەی ماڵ و بازاڕ ئافرەت پانتۆڵ و بۆدی(بلوس)یان تەنورە و بۆدی(بلوس) لەبەردەکەن[2].

چەند کەسێکی کەمی ئافرەتە مەسیحییەکانی سلێمانی، لە ئاهەنگی نیشان و بووك گواستنەوەدا جلی کوردی لەبەر دەکەن، زۆربەیان عەزی لەبەر دەکەن، زۆربەی ئافرەتە مەسیحییەکانی سلێمانی لەئاهەنگی نەورۆز و سەیراندا جلی کوردی لەبەر دەکەن، هەروەها ئافرەتی مەسیحی سلێمانی لە ڕۆژی(٨)ی مارسدا(ڕۆژی جیهانی ژنان)جلی کوردی لەبەر دەکەن.[3] بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتیان زیاتر لە پیاوەکانیان جلی کوردی لەبەر دەکەن.

## ١٢- خشڵ :

کەلتووری خشڵی مەسیحییەکانی سلێمانی بە چەند خاڵێك ڕووندەکەینەوە:-[4]

أ- مەسیحییەکان بەگشتی و ئافرەتانیان بە تایبەتی، حەز لە خشڵ و زێڕ دەکەن، ئاڵتون لای مەسیحییەکان بە سەرمایە حیساب دەکرێت، کە لە کاتی تەنگانەدا فریایان دەکەوێت یان لە کاتێکدا، کە بیانەوێت پرۆژەیەکی ئابوری جێبەجێ بکەن، ئاڵتونەکە دەفرۆشن و بە پارەکەی کارەکەیان جێبەجێ دەکەن.

**ب- خاچی ئاڵتونی:** لەملکردنی خاچ بۆ خۆشەویستی حەزرەتی مەسیحە و یەکێکە لەو خشڵانەی کە زۆربەی باوەڕدارانی مەسیحی لەملی دەکەن. هەندێکیان حەز دەکەن بە زنجیری (قاردۆن) لەملی بکات،

---

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: عبدالاحد یوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ . ئامانج نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠. نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥.

[2] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: پەروین ئێلیا حنا، لەدایکبووی ١٩٥٢، پیشە: خانەنشین، سلێمانی، بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. نیان یعقوب گورگیس، لەدایکبووی ١٩٨٦، پیشە: مامۆستا، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١٢.

[3] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: سناء ناصر قدوري، سلێمانی،٢٠١٧/٨/١٣ .پەروین ئێلیا حنا، سلێمانی، ١٩/ ٢٠١٧/٦. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ . الیزابێت داود یوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٦. سمیرە حنا عازر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٧. جولێت فایەق عزیز شینە،سلێمانی،٢٠١٦/١١/١٠. نیان بەشیر داود عەلەکە، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٨.

[4] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: سوعاد یوسف یعقوب حداد، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٥. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ . عبدالاحد یوحنا توما، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٥ . سمیرە حنا عازر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٧. ئەدمۆن أنوەر نیسان، سلێمانی، ٢٠١٧/٤/٢٩. شوان جمیل عیسی، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٨. نیان یعقوب گورگیس، لەدایکبووی ١٩٨٦، پیشە: مامۆستا، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١٢.

ئەو خاچانە زۆر گران بەهان چونکە گوایە لەناو خاچەکەدا شتێکی تێدایە پێی دەڵێن ( حەییا ) مەبەستیان لە وردە گڵی گۆڕی مەسیحە، یان ئەودارەی کە مەسیحی لەسەر لە خاچ دراوە .

ت- ئافرەتەکانیان موستیلە و بازنی ئاڵتوون لە دەست و گوارەی ئاڵتوون لە گوێ و (ملوانکە و گەردانە و زنجیر و خاچی) ئاڵتوون لە مل دەکەن و گۆبەرۆکیش بەخۆیانەوە دەکەن، زۆربەی ملوانکەکانیان خاچ یان ڕەسمی مەریەمی پاکیزەی پێوەیە، ئەگەر ئافرەتیان هاوسەرگیری کردبێت ئەڵقەی ئاڵتوون لە دەست دەکات.

پ- پیاوەکانیان موستیلەی ئاڵتوون لەدەست دەکەن، کە ڕەسمی خاچی لەسەر کێشراوە، ئەوانەشیان کەزەواجیان کردووە ئەڵقەی ئاڵتوون لە دەست دەکەن، هەندێکیشیان بەتایبەت گەنجەکانیان زنجیری ئاڵتوون کە وێنەی خاچی پێوەیە لەمل دەکەن.

ج- هەموو ئافرەتێکی مەسیحی کە هاوسەرگیری ئەکات (**زنجیر و خاچی ئاڵتوون**)ی بۆ ئەکڕن و لەملی ئەکات، کە پێی دەوترێت(**صلیوە و زنجیر**).

ح- زنجیر و خاچی کەسی مردوو نافرۆشنەوە و لەماڵەوە هەڵی ئەگرن بۆ یادگاری یان کەسێکی تریان لەملی ئەکات.

## ١٣- خانووی مەسیحییەکانی سلێمانی:

مەبەستمانە شێوازی خانووەکانیان و ئاستی گۆڕانکاری لە خانووی مەسیحییەکانی سلێمانیدا، لە ڕابردوو* ئێستادا، وەسف بکەین و بەچەند خاڵێك ڕوونی بکەینەوە: [١]

**أ- لەڕابردوودا:**

خانووە کۆنەکانی مەسیحییەکان لە شاری سلێمانیدا، لەڕووی بیناسازییەوە تێبینی جۆرێك لە جیاوزی دەکەین، لەڕابردوودا ماڵە مەسیحییەکان، هەندێکیان بەتایبەتی ئەوانەی لە گڵ و بەردوو دار دروست کرابوون، بەشێکی زۆریان لە دوو بەش یان لە دوو دەستەی بەرانبەریەك پێکهاتبوون، بەشێك لە خۆرهەڵات و بەشێکیش لە خۆرئاوا، لە ناوەڕاستی هەردووکیشیاندا حەوشە هەبووە، لە ناو حەوشەکەدا باخچە هەبووە. هەروەها داری زەیتوون سیمای ناسینی ماڵی مەسیحی بووە، بەتایبەت لە گەڕەکی گاوران(مەسیحییەکان)دا، لە زۆربەی خانووی مەسیحییەکاندا، داری زەیتوون لە حەوشە یان لەبەر دەرگاکانیاندا ڕوێنراوە.

هەروەها هەندێك لە خانووی مەسیحییەکان بەتایبەت دەوڵەمەندەکانیان دوو قات بوون، واتە قاتی سەرەوە و قاتی خوارەوە، وەك ماڵی کەریمی عەلەکە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی تری خانوی مەسیحی ئەوەیە لە ناو دیواری ژورەکاندا تاقیان هەبووە، کە کتێب یان شتی تری تێدا دانراوە. لە ڕابردوودا ماڵی موسوڵمانەکانیش لە سلێمانیدا هەر وابووە.[٢]

**ب- لە ئێستادا:**

---

* - مەبەست لە ڕابردوو لەم توێژینەوەیەدا واتە پێش ساڵی(١٩٩١).

[١] - چاوپێکەوتن لەگەڵ لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١.

[٢] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: سوعاد یوسف یعقوب حداد، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٥. نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥. نەبیل شەمعون داود، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠.

سەرجەم خانووەکانیان چیمەنتۆن، لە (چیمەنتۆ و بلۆك و شیش)دروستکراوون، زۆربەی خانووەکانیان پێکهاتووە لە(٤)ژوور، ژووری ( میوان و چێشتخانە و ژووری خەوتنی دایك و باوك ژووری منداڵ). هەندێکیشیان گەورەترن و دووقاتن. لە حەوشەی خانووەکانیاندا چیمەنێکی بچوکیان چاندووە و درەختی زەیتوونیان ڕواندووە، هەروەها هەندێکیان لە حەوشەی خانوەکانیاندا مێو و پرتەقاڵ و نارنجیان ڕواندووە. لە ئێستاشدا وەك زۆرێك لە شتەکانی تر لە ژێر کاریگەری بیناسازی مۆدێرندا لە ڕووی بیناسازییەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان خانوویەکی مەسیحی و خانوویەکی موسوڵماندا نابینین. تەوالێتی خانووەکانیان کردووە بەغەربی و هەندێکیان بەتایبەت ماڵە کۆنەکان تەوالێتی شەرقیشیان هەر ماوە[1].

## ١٤- کەلوپەلی ناوماڵی مەسیحییەکانی سلێمانی:

کەلوپەلی ناوماڵی مەسیحییەکانی سلێمانی بەپێی ژوورەکان جیاوازە، بەم شێوەیە: [2]

أ) **ژووری میوان:** ژووری میوان تایبەتمەندی خۆی هەیە و تاقم قەنەفە و تەپلەك و مێز و تەلەفزیۆنی تێدایە.

ب) **ژووری چێشتخانە(مطبخ):** لە چێشتخانەدا تەباغ و سەلاجە و مجەمیدە و کەوانتەر و مێزی نانخواردن و قاپ و کەوچك و مەنجەڵی تێدایە.

ج) **ژووری نوستن:** زۆر گرنگی بەژووری نوستنی ژن و مێرد دەدرێت و لە هەندێك ماڵدا ڕەسمی ژن و مێردەکە هەڵواسراوە، هەموو منداڵێك یان دوو منداڵ ژوری نوستنی خۆیان جیایە. لە ژووری نوستندا سیسەمی نوستنی تێدایە و کەسەکان لەسەری دەخەوون.

د) لە زۆربەی ماڵاندا وێنەی خاچ یان وێنەی مەسیح یان مەریەمی پاکیزەی تێدا هەڵواسراوە و تابلۆی شێوەکاری دەبینرێت، کە وێنەی مەسیح و مەریەمی پاکیزەی تێدایە، هەندێك لەماڵە مەسیحییەکانی سلێمانی پەیکەری مەسیح یان پەیکەری مەریەمی پاکیزەیان داناوە، زۆربەشیان لەماڵەکانیاندا تابلۆ یان پەیکەری خاچیان هەڵواسیوە، لە ژووری نانخواردنیش وێنەی (عشاء الاخیر)* هەڵواسراوە[3].

## ١٥- خۆراك و خواردن و خواردنەوەی مەسیحییەکانی سلێمانی:

خۆراك لە ڕەهەندی بایۆلۆجییەوە سەرچاوەی سەرەکی ژیانە، لێرەدا ڕوانگەی (ئەنسرۆپۆلۆجیای خۆراك) بۆ خۆراك و خواردن و خواردنەوە، لەم چەند خاڵەدا دەیخەینە ڕوو:- [4]

---

[1]- تێبینی ڕاستەوخۆی توێژەر، لە ماوەی توێژینەوەکەدا

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: سوعاد یوسف یعقوب حداد، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٥. نەجلە پەترۆس ئەسکەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ . ٢٠١٦/٨/٢٦. نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥.

*- وێنەی مەسیحە کە لە کۆتا ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممەی پێش لەخاچدانیدا لەگەڵ ١٢ قوتابییەکەیدا نان و شەراب دەخوات،

[3]- تێبینی ڕاستەوخۆی خوێندکار

[4]- کارول م. کونیهان، أنثروبولوجیا الطعام والجسد، ترجمة: سهام عبدالسلام، الطبعة الأولى، المرکز القومي للترجمة، قاهرة، ٢٠١٣، ص ٢١-٢٩.

أ- خۆراك سەرچاوە و هێمای هێزی بایۆلۆجی و كۆمەڵایەتییە.
ب- هەندێك خۆراك لە ڕووی هێمایی و بەهای خۆراكییەوە، لە ڕووی واتای كۆمەڵایەتییەوە، كاریگەری دەكاتە سەر پەیوەندی نێوان ژن و مێرد، خۆراك پەیوەندییەكی هێمایی(ڕەمزی) لەگەڵ پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و پەیوەندییە سێكسییەكانی ژن و پیاودا هەیە، خۆراك دەبێتە وێستگەی پەیوەندی لە نێوان ژن و پیاودا، هێمای بەهێزی پەیوەندی خۆشەویستی و سێكسی نێوان ژن و مێردە، كە خۆی دەبینێتەوە لە نەوە خستنەوە و دەرخستنی لایەنی نێرایەتی و مێینەیی ژن و پیاودا.(هەندێك خۆراك هێمایە بۆ نێرایەتی پیاو و مێینەیی ژن).
ت- هەموو كەلتوورێك یاسای حەرامكراوی خۆی بۆ ڕێكخستنی خۆراك هەیە.
پ- هەندێك جار مرۆڤ كەم خواردنی خواردووە، یان خۆی برسی كردووە، بەمەبەستی هاوسەنگی لە نێوان و ڕۆح و جەستەدا.
ج- لە هەندێك لە كەلتوورەكاندا، خۆراك و مامەڵەكردن لەگەڵیدا، هۆكارێكە بۆ جیاكاری ڕەگەزیی لە نێوان ژن و پیاودا.

لە ڕابردوودا خواردنی مەسیحییەكانی سلێمانی خواردنە كوردەوارییەكان و خواردنی تر بوون، وەك: ( دۆینە، ساوەر، كفتەی ساوەر، كوبەی ساوەر، ترخێنە، گەنمە كوتاو، شۆربا، ماسی)، بەڵام لە ئێستادا خواردن و خواردنەوەی مەسیحییەكانی سلێمانی بەپێی ژەمەكان جیاوازە، بەم شێوەیە:- [1]
أ- **بەیانیان:** مەسیحییەكانی سلێمانی بەیانیان (نان و ماست یان نان و هێلكە و پەنیر و چا) دەخۆن، هەروەها لە بەیانیاندا زەیتوون دەخۆن. زۆربەیان بەیانیان بەتایبەت ئەگەر ئەو بەیانییانەی كە هیچ كارێكیان نەبێت و پشوویان هەبێت، لە دوای نانخواردنی نانی بەیانی پێكەوە قاوەدەخۆنەوە.
ب- بەشێوەیەكی گشتی مەسیحییەكان حەز لە قاوە خواردنەوە دەكەن، بەجۆرێك هەموو ڕۆژێك قاوە لەماڵی مەسیحییەكاندا دەخورێت، تەنانەت لە میوانداریكردنی خەڵكیشدا لەپاڵ چایی بۆ میوانداری قاوەش یەكێكە لەو خواردەمەنیانەی كە ڕێزی میوانی پێدەگیرێت.
ت- **نیوەڕوان:** ژەمی سەرەكی مەسیحییەكانە، كە یەكێك لەم خواردنانە دەخۆن: (برنج و شلە، ساوەر، تشریب، (كوبەی موصلّ)*، (كفتەی سابونكەران)، یاپراخی گەڵامێو، سەروپێ، بریانی، ماسی و ترشیاتیش دەخۆن.
پ- **ئێواران:** چێشت لێنانێن و زۆربەی ئێواران نان ناخۆن، یان كەم دەخۆن و زیاتر خواردنی ئامادەكراو (شفتە، یان گۆشتی برژاو، یان پەتاتە، یان چلفرا، یان لەفەی مریشك،یان ماست و خەیار) دەخۆن.
ج- عەسران یان شەوان میوە دەخۆن.

---

[1]- چاوپێكەوتن لەگەڵ: كامەران ئیسحاق پەری، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٨. ڕێڤین نوفل بابایوسف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/١٠. نەجلە پەترۆس ئەسكەندەر، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٠ . الیزابێت داود، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٢٦. چاوپێكەوتن لەگەڵ: بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. نیان یعقوب گورگیس، لەدایكبووی ١٩٨٦، پیشە: مامۆستا، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١٢.. ئامانج نجیب شمعون صراف، سلێمانی، ٢٠١٦/٨/٣٠. جولێت فایەق عزیز شینە،سلێمانی،٢٠١٦/١١/١٠. لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١ . سناء ناصر قدوري، سلێمانی،٢٠١٧/٨/١٣ .پەروین ئێلیا حنا، سلێمانی، ١٩/ ٢٠١٧/٦.. نەبیل شەمعون داود، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠.

*- كوبەی موصلّ: لە بڕوێش و ساوەری ورد و قیمە و كشمیش و بادەم و پیاز دروست دەكەن.

**ح-** ترشیات، حەزیان لە خواردنی ترشیات هەیە و لەگەڵ (شفتە، بریانی، برنج و شلە، مریشك، گۆشت) ئەیخۆن.

**خ-** زەیتوون: بەشێوەیەکی گشتی مەسیحییەکانی سلێمانی حەزیان لە خواردنی زەیتوون هەیە و دەیخۆن و لە لایان پیرۆزە.

**د-** سەبارەت بەمەی خواردنەوە، بەشێك لە پیاوە مەسیحییەکانی سلێمانی هەفتەی شەوێك یان دوو شەو بەرێژەیەکی کەم (چارەکێك یان نیو چارەك)ویسکی یان عارەق دەخۆنەوە، بەشێکی کەمیشیان هەر ناخۆنەوە و تەنها لەچەژن و بۆنە و ئاهەنگەکاندا بڕێکی کەم دەخۆنەوە، زۆربەی ئافرەتانی مەسیحی سلێمانی مەشروب ناخۆنەوە و ئەوانەشی دەخۆنەوە بڕێکی زۆر کەم و تەنها لە ئاهەنگ و چەژنەکاندا (پێکێك یان دوو پێك ویسکی یان شەراب یان نیو یان یەك پەرداخ بیرە) دەخۆنەوە.[١]

**ژ-** ئامادەکردن و لێنانی یاپراخ لای مەسیحییەکان بەم شێوەیەیە: ( قیمەی گۆشت لەگەڵ برنج تێکەڵ دەکرێت و بەهاراتی تێدەکرێت، گۆشتی پەراسوو دەکرێتە بنی مەنجەڵەکە، دواتر یاپراخەکە بەگەڵا مێو یان سلق و باینجان و کولەکە و پیاز، ئەپێچرێتەوە و بە ئاو ترش لێدەنرێت.

**ر-** لای مەسیحییەکانی سلێمانی عەسران نەریتێك هەیە پێی دەوترێت ( عەسرونیە) کەنەریتێکی موسڵاوییە و خەڵکی مەسیحی موسڵ هێناویانە لەگەڵ خۆیاندا، لەگەڵ خۆرئاوابووندا چا لێدەنرێت و کەمێك ماست و پەنیری لەگەڵ دەخورێت یان کێك و بابەتی بەهەویر دروست کراو.

**ز-** خواردنەکانی:(یاپراخی گەڵامێو، کفتەی سلێمانی، ماسی، بریانی) لای مەسیحییەکانی سلێمانی خۆشترین خواردنن.

**س-** لەماوەی ڕۆژو گرتندا( زەیتون، خورما، گوێز ، تاحین، سەوزایی، پەتاتە، نان، ماسی) دەخۆن.

**ش-** لە ئاینی مەسیحیدا هیچ جۆرە خواردن و خواردنەوەیەك قەدەغەکراو و حەرام نییە، مەسیح لەوبارەیەوە دەڵێت: (گوێ بگرن و تێبگەن، ئەوەی دەچێتە ناو دەمەوە مرۆڤ گڵاو ناکات، بەڵکو ئەوەی لەدەم دێتەدەرەوە، ئەوە مرۆڤ گڵاو دەکات.)[٢]

**ص-** ماسی: لەناو باوەڕدارانی مەسیحی زۆر دەخورێت و جۆرێك لە پیرۆزی خۆی هەیە لەبەرئەوەی بەپێی گێڕانەوەی ئینجیل مەسیح لەچەند بۆنەیەکدا توانیوویەتی چەند هەزار کەسێك بەتەنها چەند نانێك و چەند ماسییەکی بچووك تێر بکات .

**چ-** لای ئیماندارانی مەسیحی، شەراب و نان وەك بەشێك لە بەجێهێنانی سرووتی ئاینی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و بەهێمای جەستە و خوێنی مەسیحی دەزانن، چونکە مەسیح لەدوا ساتەکانی ژیانیدا لەگەڵ هەر دوانزە قوتابییەکانی لە ئێوارەخوانێکدا ئەوەی کە بە(العشاء الاخیر) ناسراوە جامێ شەراب و لەتەنانێکی بەرزکردووەتەوە و وتوویەتی: ( نانەکەی لەت کرد و دای پێیان و وتی ئەم نانە لەشی منە ئەوەی لەپێناوتاندا بەخت دەکرێت، بۆیادکردنەوەم ئەمە بکەن، ئینجا دوای نانخواردنەکە جامێ شەرابی هەڵبڕی و وتی: ئەم شەرابە بریتییە لە پەیمانی نوێ کە بەخوێنی من دروست دەبێت، ئەو خوێنەی لە

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: ئەدمۆن ئنوەر نیسان، سلێمانی، ٢٠١٧/٤/٢٩. شوان جمیل عیسی، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٨. نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥. نیان بەشیر داود عەلەکە، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٨.

[٢]- مەتتا ١٥/١٠-١٢

پێناوتاندا دەڕژێ)[1] لەگەڵ ئەوەی لای مەسیحییەکان شەراب خواردنەوەیەکی پیرۆزە، زۆر حەزیش بە خواردنەوەی دەکەن بەڵام بە بڕێکی کەم ( پێکێك یان دوو پێك)لەگەڵ نان خواردن یان هەر کات بێت دەخۆنەوە[2].

## ١٦- نەریتی خواردن:

نەریت و ئەتەکییەتی خواردن بۆ ناسینی کۆمەڵگا و دەستنیشانکردنی شێوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان خەڵك و کارلێك و کاری هاوبەشی نێوان تاکەکان گرنگە، فرۆید باوەڕی وایە کە خواردن و خواردنەوە لەگەڵ یەکتری، هێمایە بۆ بەهێزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە و بۆ ئەرکی کۆمەڵایەتی هاوبەش، هاوبەشی کردن لەخواردندا کاریگەری دەبێت لەسەر مانەوەی گروپ لە ژیاندا، هەروەها خۆراك خواردن لەگەڵ کەسێکدا هێمایە بۆ هاوڕێیەتی و متمانە و خۆشەویستی، ڕەتکردنەوەی خواردنیش لەگەڵ کەسێکدا هێمایە بۆ دژایەتی و ڕق لێبوونەوە، بۆ نموونە پەندێك هەیە دەڵێت: ( پیاو لەگەڵ دوژمنەکەی نان ناخوات) یان ( هاوڕێ ئەو کەسەیە کە نانی لەگەڵ دەخۆیت)[3].

نەریتی خواردن و خواردنەوەی مەسیحییەکانی سلێمانی بەچەند خاڵێك ڕوون دەکەینەوە: [4]

أ- لە ڕابردوودا چێشتی ساوەر و دۆڵمە و تشریبیان بە پاروو(بەدەست) خواردووە.

ب- لە ئێستادا زۆربەی خواردنەکان بە کەوچك و چەتاڵ دەخۆن و هەر کەسە و قاپی خۆی بەکاردێنێت.

ت- لە ڕابردووا لەسەر سفرە، کە لە سەر ئەرز ڕاخراوە نانیانخواردووە. هەندێك ماڵیش لەسەر مێزێکی نزم بەبێ کورسی نانیان خواردووە.

پ- لە ئێستادا لەسەر مێزی نانخواردن و لەسەر کورسی نان دەخۆن .

ج- لە ڕابردوو ئێستاشدا بە کۆمەڵ نان دەخۆن، دایك و باوك و منداڵەکانیان بەیەکەوە نان دەخۆن.

ح- ئەگەر میوانیشیان هەبێت بەیەکەوە لەگەڵ میوانەکەیان نان دەخۆن.

## ١٧- دیاری گۆڕینەوە:

ئەنسرۆپۆلۆجیا وەك بابەتێکی کولتووری لێکۆڵینەوە لە دیاردەی دیاری گۆڕینەوە لە کۆمەڵگەکاندا دەکات، (مالینۆفسکی و مارسیل موس و لڤی شتراوس) سێ زانای ئەنسرۆپۆلۆجین کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەم دیاردەیە کردووە، لڤی شتراوس دەڵێت: دیاری گۆڕینەوە جۆرێکە لە (هاوپەیمانییەتی) و ڕەفتارێکی بنەڕەتییە بۆ ئاڵوگۆڕی خۆشەویستی و ئاماژە دەکات بە سێ ڕەهەند بۆ پەیوەستبوون کە بریتین لە: ( بەخشین و وەرگرتن و ڕەتکردنەوە) هەروەها مارسیل موس دەڵێت: لەو کۆمەڵگایانەی کە شتەکان بەشێکن لە کەسەکان و شوناسی کۆمەڵایەتی، دیاری پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆحی دروست ئەکات لەنێوان تاکەکان و کۆمەڵەکان و لەنێوان کەسی دیاری بەخش و

---

[1]- لۆقا ٢٢/١٩-٢١

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥.

[3]- کارول م. کونیهان، أنثروبولوجیا الطعام والجسد، ترجمة: سهام عبدالسلام، الطبعة الأولى، المرکز القومی للترجمة، قاهرة، ٢٠١٣، ص ٣٠-٣١.

[4]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: لطیف پۆلص اسطیفان، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١. بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. نیان یعقوب گورگیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١٢. نەبیل شەمعون داود، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠.

**کەسی دیاری وەرگردا. لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی دیارییەکاندا پلەوپایەی کەسەکان جۆری دیارییەکان دیاری دەکەن.[1]**

**مەسیحییەکانی سلێمانی گرنگی بە بردنی دیاری بۆ یەکتری دەدەن و لە نێوان خۆیاندا لە کات و بۆنەی جیاوازدا دیاری بۆ یەکتری دەبەن:–[2]**

**أ. لە یادی لەدایکبووندا:**

**یەکێك لەم شتانە بۆ ئەو کەسەی کە یادی کراوەتەوە ئەبەن (پارە، ئاڵتوون، خاچ، جلوبەرگ، خشڵ، کێك، مکیاج، عەتر. ئەگەر کەسەکە منداڵ بێت یاری منداڵانی بۆ ئەبرێت.**

**ب. لە کاتی منالّبووندا:**

**یەکێك لەم دیارییانە بۆ یەکتری دەبەن: جلی منالّان، ئاڵتوون، پارە.**

**ج. لە کاتی هاوسەرگیریدا:**

**(پارە) بۆ یەکتری دەبەن**

**د. لە کاتی چوونە ناو خانووی تازە:**

**کەلوپەلی ناومالّ یان پارە.**

**هـ. لە کاتی تەواوکردنی خوێندندا:**

**یەکێك لەم شتانە بۆ ئەو کەسەی خوێندنی تەواو کردووە دەبەن: (گوڵ، شیرینی، بۆن)**

**و. لە کاتی منداڵ لەئاوهەڵکێشاندا:**

**جلوبەرگی منداڵان ، یان بەتانی بۆ منداڵەکە دەبەن.**

**ز. لە جەژنی دایکدا:**

**کوڕ و کچ، عەتر یان جلوبەرگ یان ئاڵتوون، بەدیاری بە دایکیان دەدەن.**

**ح. لەکاتی نەخۆشیدا:**

**شیرینی یان گوڵ بۆ نەخۆشەکە دەبەن.**

**گ. لە جەژنەکاندا:**

**جەژنانە دەدرێت بە منالّ، لە ڕابردوودا پارەیان وەك جەژنانە داوە بەمنالّ، لە ئێستادا(یاری منداڵان، جلوبەرگ، بابەنوئێل)دەدەن بەمنداڵ.**

**شایانی باسە جۆر و بەهای دیارییەکان پەیوەندییان بە ئاستی نزیکی خزمایەتییەوە هەیە، هەتا کەسی دیاری بەخش و دیاری وەرگر، خزمی نزیکی یەك بن، دیارییەکان بە نرختر دەبن، ئەو دیارییانەش هێمایی خۆشەویستی و دڵسۆزی و تەقدیر و گرنگی پێدانە، بۆ مەبەست و ئامانجی دڵخۆش کردنی ئەو کەسەیە کە دیارییەکەی بۆ دەبرێت و هەروەها بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە لە نێوان ئەو کەسەی دیارییەکە دەبەخشێت و ئەو کەسەی دیارییەکە وەردەگرێت، بردنی دیاریش بۆ یەکتری ئاڵوگۆڕی دیارییە و دەسەوامە، واتە ئەو کەسەی دیارییەکە وەردەگرێت، لە کات و مەراسیم و بۆنەیەکی**

---

1– شارلوت سیمور– سمیث، موسوعة علم الانسان، المصدر السابق، ص٥٥٢

2– چاوپێکەوتن لەگەڵ: نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥. نیان بەشیر داود عەلەکە، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٨. نەبیل شەمعون داود، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠. ئاڤان نجیب شمعون صراف،سلێمانی، ٢٠١٧/٧/١٩. بەیان گورگیس ئەودیشۆ، سلێمانی، ٢٠١٦/١١/١١. نیان یعقوب گورگیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٨/١٢

تردا، هەمان دیاری یان بەنرختر بۆ ئەو کەسە دەباتەوە، کە دیاری بۆ هێناوە، وەك جێبەجێکردنی دابونەریتێکی کۆمەڵایەتی.[1]

ئاڵوگۆڕی دیاری لە نێوان مەسیحییەکانی سلێمانیدا، کاریگەری ئەرینی هەبووە لە بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هێمایەك بووە بۆ گرنگیپێدان بەیەکتری، هەندێك جار ژن و مێرد و ئەو کوڕ و کچانەی پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبووە، دیارییان بۆ یەکتری بردووە.

## ١٨- ئامرازەکانی گواستنەوە:

مەسیحییەکانی سلێمانی لە ڕابردوودا بە (پێ) هاتوچۆیان کردووە لە ماڵەوە بۆ بازاڕ و بۆ شوێنی کار و دەوامکردنیان، چونکە ئەو کات شاری سلێمانی شارێکی بچووك بووە و گەڕەکی مەسیحییەکانیش (سابونکەران)لە ناوەڕاستی شاردا بووە و نزیکی بازاڕ و فەرمانگە حکومییەکان بووە، بۆ شوێنە دوورەکانی شاری سلێمانیش بە ئەسپ و عارەبانە(عارەبانەی دوو ئەسپ)، یان بە پاس هاتوچۆیان کردووە، بەڵام لەدوای ساڵی (١٩٨٠)وە بە پاس و تەکسی هاتوچۆ دەکەن و بەشێکی زۆریشیان ئوتومبێلی تایبەت بەخۆیان هەیە و بە ئوتومبێلە تایبەتەکانی خۆیان هاتوچۆ دەکەن.[2]

## ١٩- شوێنەواری مەسیحییەکانی سلێمانی:

شوێنەوار تۆمارێکی ناوازەمان لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ پێشکەش دەکات، چونکە شوێنەوار بەرجەستەی کۆمەڵگە کۆنەکان و ڕەنگدانەوەی بیروڕاکانیان و باوەڕەکانیان و چالاکییەکانیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەکانی ڕابردوو نیشان دەدات، هەروەها شوێنەوار دەتوانرێت بە بەڵگەنامە سەرەکییەکانی ڕەفتاری مرۆڤ لەقەڵەم بدرێت و زانیارییان لێوەربگیرێت[3].

بە پێی یاسای شوێنەواری عێراق و هەرێمی کوردستان، هەر شتێك مادی بێت و دروستکراوی مرۆڤ بێت (گوازراوە بێت یان نەگوازراوە ) و تەمەنی لە (٢٠٠)ساڵ زیاتر بێت و لەسەر شێوازە کۆن و ڕەسەنەکەی خۆی مابێتەوە و بەهایەکی مێژوویی یان نیشتمانی یان نەتەوەیی یان ئاینی یان هونەری هەبێت، بە شوێنەوار لە قەڵەم دەدرێت[4]. بەپێی ئەم یاسایە و بەهۆی کەمی تەمەنی دروستبوونی شاری سلێمانی، مەسیحییەکانی سلێمانی لە شاری سلێمانیدا خاوەنی یەك شوێنەوارن، کە ئەویش خانووەکەی (**کەریمی عەلەکە**)یە لەگەڕەکی سابونکەرانی شاری سلێمانی. بەڵام لەدەرەوەی ناوەندی قەزای شاری سلێمانی چەند شوێنەوارێکی مێژووییان هەیە.

---

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: سناء ناصر قدوري، سلێمانی،٢٠١٧/٨/١٣ .پەروین ئێلیا حنا، سلێمانی، ١٩/ ٢٠١٧/٦. نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥. نیان بەشیر داود عەلەکە، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٨. نەبیل شەمعون داود، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠. ئاڤان نجیب شمعون صراف،سلێمانی، ٢٠١٧/٧/١٩.

[2] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: نەزهەت مەتا پەترۆس جەرجیس، سلێمانی، ٢٠١٧/٦/٥. نەبیل شەمعون داود، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/١٠.

[3] Sease, Catherine , Artifact Conservation , The Oxford Encyclopedia of Archaeology in the Near East, vol.١,Oxford University Press, Oxford ,١٩٩٧,P.٢١٥.

[4] - قانون الاثار والتراث العراقی، رقم ٥٥، لسنة ٢٠٠٢، الوقائع العراقية، العدد ٣٩٥٧، ٢٠٠٢/١١/١٨، ص ٥٦٦.

له کۆتایی ئەم باسەدا دەتوانین بڵێن(گۆڕانی کەلتووری)* لە زۆربەی توخمەکانی کەلتووریی مادی مەسیحییەکانی سلێمانیدا بەتایبەت لە پیشە و ئاستی ئابووریيان و خانووەکانیان و کەلوپەلی ناوماڵ و جلوبەرگ و ئامێرەکانی گواستنەوەیاندا ڕوویداوە. بەڵام بەکەمی گۆڕان لە توخمەکانی کەلتووری مەعنەوی مەسیحییەکانی سلێمانیدا ڕویداوە، بەمەش دیاردەی (دواکەوتووی کەلتووری یان بۆشایی یان کەلێنی کەلتووری)* لە کەلتووری مەسیحییەکانی سلێمانیدا ڕوویداوە.

---

* – گۆڕانی کەلتووری: گوزارشت لەکۆی ئەو گۆڕانە دەکات کەبەسەر بارودۆخ و ڕەگەزە کەلتورییەکاندا دێت، بەمەرجێك ئەو گۆڕانە کاریگەری لە بونیادی کۆمەڵگەدا وەك بابەتی لێکۆڵینەوە یاخود جێبەجێکردنی وەزیفەی بکات. ئەم دیاریکردنەش گۆڕانی کەلتووری جیادەکاتەوە لە گۆڕانکارییە ڕوکەشیەکان یان سنوردارەکان کە سیفاتی ماددی یا کەسییان هەیە و نابنە هۆی گۆڕانکاری لە بونیادی کۆمەڵگەدا. ئەم گۆڕانکاریانە زۆرن و بەردەوام نوێدەبنەوە و ناتوانرێت سنوردار بکرێن، گۆڕانی کەلتووری بەسەر ئەو دیاردانەی کەپەیوەندی و کاریگەری هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە جێگیر دەبێت، بەنموونە گۆڕانی کەلتووری بەشێوەیەکی گشتی لەم دیاردە و ڕەگەزە کەلتووریانەدا ڕوودەدات-:

١- بەهاو ئارەزوو و بیروبۆچونی ئاینی و شێوازەکانی پەروەردە و فێرکردن و دام ودەزگاکانی ناو کۆمەڵگە.

٢- شێوازەکانی چالاکی و ڕەفتاری هونەری و تەکنەلۆجی و ئابووری ، بەرهەم هینان و شێوازەکانیی و ئاستەکانی.

٣- شێوازەکانی گوزارشتکردن لەهونەری وێنەکێشان و مۆسیقا و ئەدەب و دانس و هتد.

٤- ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چڕی و دابەشبوونی دانیشتووان و شێوازو بنەماکانی دابەشکردنی کار و پیشە لە کۆمەڵگەدا و ڕۆڵی خێزان و بنەماڵە و کۆمەڵگەی خۆجێی و دەوڵەت.

محمد الجوهري، علم الاجتماع وقضايا التنمية فى العالم الثالث، دار المعارف،الطبعة الثالثة، قاهرة،١٩٨٢،ص ١٠٤

* – کەلێنی کەلتووری(Cultural Lag): واتە توخمەکانی کەلتووری مادی و تەکنۆلۆجی لە کۆمەڵگەدا گەشەی کردووە و گۆڕانیان بەسەدا هاتووە، بەڵام توخمەکانی کەلتووری مەعنەوی بەهەمان ئاستی کەلتووری مادی گەشەیان نەکردووە و گۆڕان بەسەریاندا نەهاتووە. ئەمەش سەرچاوە و هۆکاری کێشە و ململانێ کۆمەڵایەتییەکانە لە کۆمەڵگەدا.

John scott and Gordon Marshall, A Dictionary of Sociology. Oxford: University Press, Third edition, ٢٠٠٩, P ١٤٩

واتە توخمەکانی کەلتووری مادی بە خێراتر لە توخمەکانی کەلتووری مەعنەوی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ، بۆیە بەم دیاردەیە دەڵێن (دواکەوتووی کەلتووری- تخلف ثقافی)، چونکە کەلتووری مەعنەوی دواکەوتووە لە کەلتووری مادی.

فاروق أحمد مصطفى، محمد عباس ابراهيم، الأنثروبولوجيا الثقافية، دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٩، ص٥٥.

# بەشی سێیەم:
# کەلتووری مەسیحییەکانی قەزای کۆیە و گوندی هەرمۆتە

شاری کۆیە لە ڕابردوودا پێکهاتەی ئاینی جیاوازی وەکو: زەردەشتی، جولەکە، مەسیحی و موسوڵمانی تێدا ژیاوە، لە ئێستادا جولەکەی تێدا ناژی، چونکە لە ساڵی(١٩٥١)دا گەڕاونەتەوە بۆ ئیسرائیل. ژن و پیاوە بەتەمەنە مەسیحییەکانی کۆیە دەڵێن: (باو باپیرانیشمان هەر لە کۆیە ژیاون) و مێژووی مەسیحییەکانی ناو سەنتەری قەزای کۆیە دەگێڕنەوە بۆ نزیکەی( ٣٠٠ )ساڵ پێش ئێستا.

مەسیحییەکانی قەزای کۆیە؛ ئەو مەسیحییانە دەگرێتەوە، کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا لە سەنتەری قەزای کۆیە نیشتەجێبوون. زۆربەی ئەو مەسیحییانەی کە چوونەتە سەنتەری قەزای کۆیە، لە ناوچەکانی:( هیران و نازەنین و ڕەواندوز و دیانە و خۆشناوەتی و خۆران و سنە و سابلاغ و ناوچەکانی موسڵ)ە وە چوونەتە سەنتەری قەزای کۆیە، هەندێکیشیان لە سەردەمی حوکمڕانی میر محەمەدی ڕەواندزی(پاشای کۆرە-گەورە) لە ساڵی(١٨١٣-١٨٣٦)دا بەهۆی ترسی(کوشتن و چەوسانەوە) کە ئەو سەردەمە بەهۆی جیاوازی ئاینییەوە، کە لە دژی مەسیحییەکان پەیڕەو کراوە، کۆچیان بۆ کۆیە کردووە، هەروەها مەسیحییەکانی گوندی (هەرمۆتە)ش دەگرێتەوە، کە بەنەژاد خەڵکی هەرمۆتەن.[1]

سەبارەت بە مێژووی مەسیحییەکانی ناو سەنتەری قەزای کۆیە لەساڵی( ١٨٧٨)وە بەڕوونی دیارە لەو کاتەی کە مسیۆنێری فەرەنسی(ژاك ڕیتۆری) لە کۆیە سەردانیان دەکات و باس لە ڕەوشی ژیانی بەش مەینەتی و چەوسانەوە سەختەکانیان بەدەست کوردە موسوڵمانەکانەوە دەکات، کە ناهێڵن بەئازادی پڕاکتیزەی سرووتی ئاینی خۆیان بکەن و کەنیسەیەك دروست بکەن[2]

لە ڕابردوودا مەسیحییەکانی کۆیە خانوویان لە گەڕەکی (هەوار و بەفریقەندی)دا دروستکردووە و گەڕەکێکی تایبەت بەخۆیان هەبووە بەناوی گەڕەکی (دیانان)* و کەنیسەکەشیان تا ئێستاش هەر لەو گەڕەکەدا ماوە، ئێستا ئەو گەڕەکە دەکەوێتە ناوەڕاستی قەزای کۆیە[3]. لە ئێستادا تەنها (٣)ماڵی مەسیحی لەو گەرەکەدا ماون و زۆربەیان بۆ گەڕەکە تازەکانی(زانکۆ و هەیبەتسوڵتان و شوقەی مەسیحییەکان)چوون.

لەم بەشەدا بە (دوو)باس، وەسفی کەلتووری مەسیحییەکانی(کۆیە و گوندی هەرمۆتە)کراوە، باسی یەکەم : توخمەکانی کەلتووری مەعنەوی، باسی دووەم: توخمەکانی کەلتووری مادی.

---

[1]- کەریم شارەزاو ئەوانی تر، کۆیە لەڕەوتی شارستانیەتدا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری – هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، ل ٢٠٢-٢٠٦.

[2]– ژاك ڕیتۆرێ، گەشتنامەی مسیۆنێرێك بۆ ناوچەکانی کەرکوك و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨،وەرگێڕانی:نەجاتی عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان،سلێمانی،چاپی یەکەم،٢٠٠٨،ل٤٧-٤٨.

*– تێبینی: لەشاری کۆیە بە مەسیحی دەڵێن: (دیان)، بە مەسیحییەکان دەڵێن: (دیانان)

[3]– چاوپێکەوتن لەگەڵ: دنحا سلێمان یەلدا. مریەم ئێلیا عمان، کۆیە، ٢٠١٦/٦/٥.

## باسی یەکەم:

## توخمەکانی کەلتووری مەعنەوی مەسیحییەکانی کۆیە و گوندی هەرمۆتە

**توخمەکانی کەلتووری مەعنەوی، ڕەفتار و داب و نەریت و بەها و هزر و باوەڕ دەگرێتەوە[١]، هەروەها هەموو پێداویستییە ڕۆحی و نامادییەکانی ئەندامانی (ئیتنۆس)* دەگرێتەوە، کە ڕۆژانە بەکاریان دێنن، وەکو: زمان، داب و نەریت، ئاین، فۆلکلۆر.[٢]، لەم باسەدا بەچەند تەوەرێك کەلتووری مەعنەوی مەسیحییەکانی کۆیە و گوندی هەرمۆتە دەخەینە ڕوو:**

### یەکەم: زمانی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە:

**مەسیحییەکانی(کۆیە و هەرمۆتە) زمانێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە بە چەند خاڵێك ڕوونی دەکەینەوە :-**

**١-زمانی دایك:**

**أ) زمانی دایکی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە زمانی ( سریانیە) [٣] .**

**ب)زمانی مەسیحیەکانی کۆیە لە زمانی مەسیحیەکانی هەرمۆتە هیچ جیاوازییەکی نییە.سەبارەت بە جیاوازی زمانی (سریانی) و زمانی (کلدانی)، (کلدان و سریان و ئاشوور) بەزمانی سریانی (سورەت)قسە دەکەن، کە یەك زمانە[٤]**

**ج) زمانی دایکیان زمانی ئاینەکەیانە، ئینجیلی پیرۆز و کتێبە ئاینییەکانی دیکەیان بە زمانی سریانی نوسراوە، نوێژ بە زمانی سریانی دەخوێنن و سروت و مەراسیمی ئاینی بەزمانی ( سریانی ) لە کڵێسا جێبەجێ دەکەن و بۆ خوێندنی سرووتە ئاینییەکان بە سریانی قسە دەکەن، قەشە نوێژ و وتاری نوێژی یەکشەممان و جەژنەکان بە زمانی سریانی دەخوێنێت.[٥]**

**٢- زمانی سرودی ئاینی:**

**سرووەدی ئاینی بە زمانی سریانی دەخوێنن، تەنها چەند کۆپلەیەکی کەم لە تەراتیل بە زمانی عەرەبی دەڵێن. لە نوێژی یەکشەممان و جەژنەکان و یادکردنەوە ئاینییەکاندا بەگروپ سروودی ئاینی دەڵێن.**

---

١- احمد أبو زید، محاضرات في الانثروبولوجيا الثقافية،دار النهضة العربية،بيروت،١٩٧٨،ص٤٧.

*- ئیتنۆس- ئیتنیك(Ethnic) واتە نەتەوە یان گەل. مجيد حميد عارف، الاثنوغرافيا والاقاليم الحضارية،طبع بمطابع جامعة الموصل،١٩٨٤،ص ٩. ئیتنیك(الاثنية): واتە ئەو کەمینە نەتەوەییانەی  کە داب و نەریت و شێوازی ژیان و پێوەر و بیروباوەڕی هاوبەشیان هەیە. أندرو ادجار وبيتر سيد جويك، المصدر السابق، ص ٣٨.

٢- ڕەشاد میران، ئیتنۆگرافیا و یەکێتی ئێتنیکیی کورد،دەزگای چاپی ئاراس،هەولێر،چاپی یەکەم،٢٠٠٩،ل ٦٠

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ: هاوژین صلیوە، کۆیە-هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٤.  کۆیە، ٢٠١٦/٦/١٢. سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. ڕۆکان گوریل شیبا، لەدایکبووی ١٩٧٨،پیشە مامۆستای زانکۆ، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. ڕەوشەن لۆقا حنا، لەدایکبووی ١٩٦٧، پیشە: مامۆستا لە پەیمانگای تەکنیکی کۆیە، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوژین صلیوە، کۆیە-هەرمۆتە، ٤-٥-٢٠١٦ .

٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ: قەشە دنحا تۆما یوسف، عەنکاوە، ٢٠١٦/٤/٦

**٣- زمانی قسەکردن :**

**أ) لە ژیانی کۆمەڵایەتی ناوماڵ و خێزانی خۆیاندا لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ منداڵەکانیان بەزمانی(سریانی) قسە دەکەن، بەڵام لەژیانی کۆمەڵایەتی گشتی و دەرەوەی خۆیاندا بەکوردی قسە دەکەن.[١]**

**ب)لەماڵی خۆیاندا بەزمانی سریانی قسەدەکەن و سروتی ئاینی لە کڵێسا بەزمانی سریانی دەخوێنن، کاتێك لەسەر شەقام یان بازاڕ یان فەرمانگەیەك (مەسیحییەکان)یەکتری دەبینن بەهەردوو زمانی سریانی و کوردی قسەدەکەن.**

**ج) هەموو مەسیحییەکی قەزای کۆیە و گوندی هەرمۆتە، زمانی قسەکردنی سریانی دەزانێت و لە نێوان خۆیاندا و لەگەڵ یەکتریدا بە زمانی (سریانی)قسە دەکەن.**

**٤- زمانی گۆرانی و ئاهەنگ:**

**لە ڕابردوودا گۆرانی شایی و ئاهەنگی خەنەبەندان و بووك گواستنەوەیان و لاوانەوەی شین لە پرسەی مردوودا بە زمانی کوردی بووە.[٢]((هەر چەندە لە بۆنەکاندا گۆرانی سریانیان وتووە، بەڵام گۆرانی کوردی کوردی باوتر بووە و زۆرتر وتراوە))[٣]**

**٥- زمانی خوێندنەوە و نووسین:**

**ئەوەی جێگەی سەرنجە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە جگە لە قەشە و شەماشەکان زۆربەی هەرە زۆریان نوسین و خوێندنەوەی زمانی سریانی نازانن و تەنها دەزانن بەزمانی سریانی قسە بکەن، هەر چەندە لەم چەند ساڵەی ڕابردووەوە تا ئێستا زمانی سریانی لە قوتابخانەی هەرمۆتەدا دەخوێنرێت*، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەوانەی لەم چەند ساڵەی کۆتاییدا زمانی سریانیان لە قوتابخانەی هەرمۆتەدا خوێندووە، ئاخافتن و نوسین و خوێندنەوەی زمانی سریانی فێر ببێت.[٤]**

**٦- زمانی سرووتی ئاینی:**

**نوێژ و سرووتە ئاینییەکان بە زمانی سریانی جێبەجێ دەکەن[٥]، مامۆستا (کەریم زەند) نوسیویەتی: زمانی (سریانی) تائێستاش زمانی کڵێسایە لە کوردستاندا[٦].**

**٧- سەبارەت بەچۆنیەتی فێربوونی منداڵانی مەسیحی بە زمانی (سریانی)د. هاوژین صلیوە دەڵێت:**

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: قەشە دنحا تۆما یوسف،عەنکاوە،٦/٤/٢٠١٦. هاوژین صلیوە، کۆیە-هەرمۆتە، ٤-٥-٢٠١٦. جەمیل عیسی کریم،هەولێر – عەنکاوە،٦/٩/٢٠١٦. هرمز عیسی کریم،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٧. قەشە(زەییا شابا ججی)،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٢. دنحا سەلمان یەلدا. مریەم ئێلیا عمان،کۆیە، ٢٠١٦/٦/٥. ئیمان بەهنام عبۆ،کۆیە،٢٠١٦/٩/٢١.

[٢]- کەریم شارەزاو ئەوانی تر، کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا، سەرچاوەی پێشوو،ل ٢١٢. کەریم شارەزا، مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لە تەرازووی ڕەسەنایەتیدا، ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری و لاوان،مطبعة حسام،بغداد، ١٩٨٢،ل ١١-٢٥.

[٣]- چاوپێکەوتن لەگەڵ پ.ی.د. هاوژین صلیوە،کۆیە، ٢٨-٦-٢٠١٧

*- بەبڕیاری پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوژین صلیوە، کۆیە-هەرمۆتە، ٤-٥-٢٠١٦. جەمیل عیسی کریم،هەولێر – عەینکاوە،٦/٩/٢٠١٦.

[٥]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: قەشە دنحا تۆما یوسف، عەنکاوە، ٢٠١٦/٤/٦

[٦]- کەریم زەند،ئایین و باوەڕ لەکوردستان،چاپخانەی کامەرانی،سلێمانی،١٩٧١،ل٣٥

**(( مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لەماڵەوە لەگەڵ دایك و باوكیان و خزمەكانیاندا بە زمانی سریانی قسەدەکەن و بەم هۆکارە فێری زمانی سریانی دەبن، بەڵام فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی سریانی لە خولەکانی کەنیسە یان لەقوتابخانە فێردەبن، چونکە لە ساڵی(١٩٩٢)وە، لە هەرێمی کوردستاندا، لەو شوێنانەی ژمارەیەکی زۆری مەسیحی تێدا دەژی و مەسیحی نشینن، لە قۆناغی بنەڕەتی وانەی ( زمانی سریانی ) دەخوێنن، ئەو کەسانەی لە دوای ساڵی (١٩٩٢)وە لە قوتابخانەی هەرمۆتە خوێندوویانە فێری ( خوێندنەوە و نوسینی زمانی سریانی) بوون، چونکە لەو قوتابخانەیە خوێندوویانە. لە ئێستادا خوێندکارانی مەسیحی لە قوتابخانەی (هەرمۆتەی بنەڕەتی) نووسین و خوێندنەوە و قسەکردنی زمانی (سریانی) دەزانن.))[١]**

**٨- سەبارەت بەفێربوونی زمانی (کوردی)، کاتێك منداڵی مەسیحی لە کۆیە و هەرمۆتە ((لە تەمەنی شەش ساڵیدا دەچێتە کۆڵان و باخچەی ساوایان و قوتابخانە، بەتایبەتیش کە چووە قوتابخانە، لە قوتابخانەدا زمانی کوردی دەخوێنن و لەگەڵ مناڵەکانی تردا فێری زمانی کوردی دەبێت. لەماڵەوەش هەندێك کات بەزمانی کوردی دەپەیڤن و گوێ لە گۆرانی کوردی دەگرن))[٢]**

**٩- نەوجەوان و گەنجەکانیان زمانی عەرەبی دەزانن، ئافرەت و پیاوە بە تەمەنەکانیان ئەگەر لە قوتابخانە نەیانخوێندبێت زمانی (عەرەبی) نازانن[٣]، ((بەڵام هەندێکیان بەتەمەنن و زمانی عەرەبی دەزانن، چونکە کاتی خۆی سەربازییان کردووە، یان ماوەیەك لەبەغدا ژیاون،))[٤]، سەبارەت بەچۆنیەتی فێربوونی زمانی عەرەبی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لەگەڵ ئەو مەسیحییانەی کە لە شارە عەرەبەکاندا ژیاون، بەزمانی عەرەبی دەدوێن، چونکە مەسیحییەکان زوو فێری زمانی عەرەبی دەبن لەبەر چەند هۆیەك:[٥]**

**أ) زمانی سریانی نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ زمانی عەرەبیدا هەیە، وەك چۆن زمانی فارسی و کوردی زۆر لێك نزیکن، بەهەمان شێوەش زمانی سریانی و عەرەبی لێك نزیکن، هەردوو زمانەکە سامین و وشەی هاوبەش و لەیەك نزیکیان زۆرە، چۆن کوردێك زووتر فێری زمانی فارسی دەبێ لە تورکێك، چونکە کوردەکە بەشێك لە فەرهەنگی زمانی خۆی لەزمانی فارسی دەبینێتەوە، زمانی عەرەبی و (سریانی)ش بەهەمان شێوەیە.**

**ب)مەسیحییەکانی کوردستان خزمایەتییان لەگەڵ مەسیحییەکانی بەغدا و موسڵ و شوێنە عەرەب نشینەکاندا هەیە و هاتووچۆی یەکتری دەکەن.**

**ج) زۆربەی کات منداڵان و گەنجانی مەسیحی لە کۆیە و هەرمۆتە سەیری تەلەفزیۆنی عەرەبی دەکەن وەك(mbc,mbc٤فیلم و تەلەفزیۆنی عشتار)[٦]**

**د) لەسەردەمی ڕژێمی بەعسی عێراقدا، هەموو ئەم شوێنانەی لە کوردستاندا، مەسیحی نشین بوون، بەفشاری ڕژێم، بە عەرەبی دەیاننووسی و زمانی خوێندنیشیان لە قوتابخانەدا، بەزمانی عەرەبی بووە،**

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوژین صلیوە، کۆیە-هەرمۆتە، ٤-٥-٢٠١٦ .

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوژین صلیوە، کۆیە-هەرمۆتە، ٤-٥-٢٠١٦

[٣]- چاوپێکەوتن لەگەڵ حەنێ مەربێن عیسا، لەدایکبووی ١٩٤٧، پیشە: ژنی ماڵ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٣/٨.

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوژین صلیوە، کۆیە-هەرمۆتە، ٢٨-٦-٢٠١٧

[٥]- چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوژین صلیوە، کۆیە-هەرمۆتە، ٤-٥-٢٠١٦

[٦]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: هێدی هرمز عیسی، گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٦/١٢.

بۆنموونە زمانی خوێندن لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە قوتابخانەی گوندی هەرمۆتەدا تا ڕاپەڕینی ساڵی(١٩٩١)بەزمانی عەرەبی بووە. لەگەڵ ئەمەشدا مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لەگەڵ کوردە موسوڵمانەکان لەپێش ساڵی (١٩٩١)و ئێستاش هەر بەزمانی کوردی دەدوێن.

١٠) خەڵکی کۆیە و هەرمۆتە دیالێکتەکەیان بە دیالێکتی ( لا) ناوبانگی دەرکردوە، خەڵکی ئەو دەڤەرە پێشگری ( لا) دەخەنە پێش وشەکان، ئەم لایە لەجیاتی ئەوەی بۆ نەفی کردن بێت بۆ جەختکردنەوەیە، بۆ نموونە خەڵکی کۆیە و هەرمۆتە دەڵێن: لالبێتە ( لەماڵەوەیە ). لامپلە ئەرە ( لەسەر زەوی کەوتووە) لایتێلی(ئەوەهاتم) لاتۆخیلێ ( لای تۆیە ) لایزلی ( واڕۆیشتم )[1]

١١) لەشاری کۆیە و هەرمۆتەدا دیاردەی (ئاوێتەبوونی زمان*)هەیە، لە نێوان زمانی مەسیحییەکانی کۆیە کە زمانی سریانییە و زمانی موسوڵمانەکانی کۆیە کە زمانی کوردییە، زۆر وشەی کوردی هاتونەتە نێو زمانی سریانی، چونکە مێژوویەکی دوور و درێژە بەیەکەوە دەژین، بوونی شیعری فۆلکلۆریش بەڵگەی ئەو ڕاستییەن.[2]

## دووەم: سیستەم و سرووتی ئایینی (Religion):

سروتی ئایینی ڕەگەزێکی سەرەکی کەلتووری مەعنەوی مەسیحییەکانە، لێرەدا باس لەسەرجەم توخم و ڕەگەزەکانی سیستەم و سروتی ئاینی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە دەکەین:

### ١- بیروباوەڕی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە:

لە بیروباوەڕی ئاینی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا (بەناوی باوك و کوڕ و ڕۆحی ڕەوان- بسم الاب والابن والروح القدس واله الواحد) کە بە سریانی و بە پیتی کوردی وا دەنوسرێت(**شمد بابا برۆنا ڕۆحات قودشا خائالاها**) ناوەڕۆکی بیروباوەڕەکەیانە، لە بیروباوەڕی مەسیحییەکاندا هەر سێکیان (بەناوی باوك و کوڕ و ڕۆحی ڕەوان) یەك خودان، واتە باوەڕیان بەیەك خودا هەیە، کە بە زمانی سریانی ناوی (ئالاها)یە، واتە: خودا، لەگەڵ ئەمەشدا باوەڕیان بە کوڕی خودا هەیە-(مەسیح)، هەروەها باوەڕیان بە ڕۆحی ڕەوانیش هەیە (ڕۆحی خودا) ئەو ڕۆحەی کە حەزرەتی(مەسیح)ی لە سکی (مەریەمی پاکیزە) بەبێ پیاو دروست کردووە، واتە باوەڕیان بەوە هەیە کە (مەسیح) خودایە و لەهەمان کاتیشدا کوڕی خودایە- ( ڕۆحی مەسیح خودایە و جەستەکەی کوڕی خودایە)، هەروەها باوەڕیان بە (مەریەمی پاکیزە) هەیە وەك دایکی خودا-(مەسیح)[3].

---

1- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کەریم عزیز بطرس، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/١.

*- ئاوێتەبوونی زمان: بریتییە لە ئاوێتەبوونی دوو زمان، یان زیاتر لەکاتی قسەکردندا،ئاوێتەبوونی زمان دیاردەیەکی زمانەوانی بڵاوە لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا، کە دوو زمان، یان زیاتریان تێدا بەکاردێت. هاوژین صلیوە عیسا،شادان شکر صابر، ئاوێتەبوونی زمانی کوردی و زمانی سریانی لە شاری کۆیە، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیە لە گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان،خولی سێیەم،بەشی(B)،ژمارە( ٧ )،(کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان) و (دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی)،چاپخانەی سەردەم،سلێمانی،حوزەیرانی ٢٠١٦،ل ٨٥

2- هەمان سەرچاوە، ل ٩٧

3- چاوپێکەوتن لەگەڵ: قەشە دنحا تۆما یوسف، عەنکاوە، ٢٠١٦/٤/٦

## ٢- ئايينزا(المذهب):

مەسيحييەكانی كۆيە و هەرمۆتە لە ڕابردوودا پەيوەستبوون بە كەنيسەی(خۆرهەڵاتی كۆن- كەنيسەی خۆرهەڵاتی ئاشووری)، بەڵام لە ساڵی (١٧٧٩-١٧٨٣) زايينييەوە لەگەڵ مەسيحييەكانی عەنكاوە و شەقڵاوە پەيوەندييان كردووە بە كەنيسەی كاسۆليكی و ئاينزای خۆيان لە كەنيسەی (ڕۆژهەڵاتی ئاشووری)يەوە گۆڕيوە بۆ ئايينزا و كەنيسەی(كلدانی كاسۆليك)ی لەسەر دەستی قەشە (يوسف عەنكاوی)[١].

لە ئێستادا پەيوەستن بە كەنيسە و ئاينزای ( كلدان كاسۆليك) و پەيڕەوی ئايينزای(كاسۆليكی) دەكەن و بە سەرۆكايەتی پاپای ڤاتيكانەوە پەيوەستن[٢].

## ٣- كەنيسەكانی قەزای كۆيە:

كەنيسە لە ژيانی مەسيحييەكانی كۆيە و هەرمۆتەدا گرنگييەكی زۆری هەبووە و هەيە، نوێژی ڕۆژانە و نوێژی بەكۆمەڵی يەك شەممانی تێدا كراوە، نوێژ و مەراسيمی جەژنەكان و يادكردنەوە ئاينييەكانی تێدا كراوە، ژنی تێدا مارەكراوە، منداڵی تێدا لەئاوهەڵكێشراوە و ناونراوە، نوێژی مردووی تێدا كراوە، منداڵان وانەی ئاينی و فێربوونی زمانی سريانييان تێدا خوێندووە. لە ئێستادا مەسيحييەكانی كۆيە و هەرمۆتە خاوەنی (٢)دوو كەنيسەن بەم شێوەيە:-

**أ) كەنيسەی ( مەريەمەی پاكيزە ) لەگوندی هەرمۆتە:**

ئەم كەنيسەيە لەساڵی (١٨٦٨)ی زاينی لەگوندی هەرمۆتە دروستكراوە[٣]. سەرەتا بە بەردوو گەچ دروستكراوە، حەوشەی كەنيسەش گۆڕستان بووە، بەڵام لە ساڵی(١٩٧٩) و (٢٠٠٩)ی زاينيدا نۆژەنكراوەتەوە و چيمەنتۆ كراوە و گۆڕەكانيش چيمەنتۆ كراوون و كێلی قەبرەكان لابراوون و ئاسەواريان نەماوە[٤].

لەم كەنيسەيەدا ( دوو) بەردەنووس هەيە كە مێژووی دروستكردنی ئەم كەنيسەيان تێدا نوسراوە، لە بەردەنووسێكی ناو ئەم كەنيسەيەدا نووسينێك بە زمانی (سريانی) نووسراوە، وەرگێڕانەكەی بە كوردی ئەمەيە:((ئەم كەنيسەيە لە ساڵی (١٨٦٨)ی زاينی بەناوی حەزرەتی (مەريەمی پاكيزە) لە گوندی هەرمۆتە

---

[١] - ق.ب.ماتفييف(بارمتي)، الأشوريون والمسألة الأشورية في العصر الحديث، دمشق، ١٩٨٩، ص ١١٠. سعدي المالح، المصدر السابق، ص ٢٧. بين النهرين، مجلة فصلية حضارية تراثية،العددان( ٣٤-٣٥ )١٩٨١، و العددان( ٥٣-٥٤ ) ١٩٨٦ز، الدار الوطنية، مطرانية الكلدان، الموصل-العراق،ص ١١٧. عزيز عبدالأحد نباتى، تأريخ عنكاوة، الطبعة الأول، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٠، ص١٩٥-١٩٦. چاوپێكەوتن لەگەڵ: قەشە دنحا تۆما يوسف، عەنكاوە، ٢٠١٦/٤/٦. جەميل عيسى كريم،هەولێر- عەنكاوە،٢٠١٦/٩/٦.

[٢] - چاوپێكەوتن لەگەڵ: قەشە دنحا تۆما يوسف، عەنكاوە، ٢٠١٦/٤/٦. هاوژين صليوە،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٢/٢٨. قەشە(زەيیا شابا ججی)، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٢. كەژاڵ عمان حنا،كۆيە،٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق ميخا، كۆيە، ٢٠١٦/٩/٤. اندريا عمان ئيليا، لەدايكبووی: ١٩٥٧، پيشە: ژمێرياری كڵێسای مار يوسف لە كۆيە، كۆيە، ٢٠١٦/٩/٥. ئيمان بەهنام عبۆ، كۆيە،٢٠١٦/٩/٢١.

[٣] - طاهر احمد حويزی،مێژووی كۆيە، بەرگی دووەم،بەشی يەكەم،مطبعة نمير- بغداد،١٩٨٣،ل ٧٢

[٤] - چاوپێكەوتن لەگەڵ يوسف تۆما يوسف، لەدايكبووی١٩٦٧،پيشە:شەماسەی كەنيسەی مەريەمی پاكيزە لە هەرمۆتە، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٨/١٤.

دروستكراوه، له سەردەمی مارپیۆزی نۆیەم – پاپای ڕۆما و یوسف ئۆدۆ –پاتریارك و یوحەننا تمرز – مەترانی كەركوك))[*] هەروەها ناوی ئەو كەسانەش نووسراوه كه هاوكاری دروستكردنی ئەم كەنیسەیان كردووه.

هەروەها بەردەنووسێكی تر له حەوشەی ئەم كەنیسەیەدا هەیه و به پیتی سریانی ((ناوی ئەو كەسانەی تێدا نوسراوه كه هاوكاری دروستكردنی ئەم كەنیسەیان كردووه و ساڵی دروستكردنی كەنیسەكەش نوسراوه، كه ساڵی(١٨٦٨)ی زاینییه.[١]

**ب) كەنیسەی ( ماریوسف ) له كۆیه:**

دەكەوێته ناوەڕاستی شاری كۆیه، نووسینێك لەسەر دیواری ناوەوەی ئەم كەنیسەیه به زمانی سریانی نوسراوه و مێژووی دروستكردنی كەنیسەی تێدا نوسراوه: ( ساڵی (١٩٢٣)ی زاینی دروستكراوه.)[٢]

(( لەساڵی( ١٩١١ ) جێگەی ئەم كەنیسەیه ماڵێك بووه لەگەڕەكی دیانان، لەهەمان ساڵدا قەشە ( یۆحنای موصلاوی ) له كۆیه كۆچی دوایی دەكات، وەسیەت دەكات كه خانوەكەی تەبەڕوعی كەنیسه بكرێت.)[٣] سەرەتا ئەم كەنیسەیه(( بەقوڕ دروستكراوه، هەر ماڵێك بووه كراوه به كەنیسه، لەساڵی(١٩١٣)بەردیان كێشا بوو بۆ ئەوەی كەنیسەی پێ دروست بكەن، دەڵێن حكومەتی عوسمانی كه ویستی بینای قوتابخانه دروست بكات، بەردەكەی كەنیسەشیان بردووه، بەناوی بەخشین لەبینای قوتابخانەكەدا بەكاریانهێناوه، له ساڵی(١٩٢٣) بەگەچ و بەرد و دار تەواویان كردووه، لەسەر حسابی خەڵك و مەتران و هەندێ پارەشیان له كەركوكەوه بۆ هاتبوو، پاشان له(١٩٧٥/٨/٩)نۆژەنكراوەتەوه.))[٤] چونكه لەو سەردەمەدا كەنیسەی كۆیه و هەرمۆته سەر به مەترانیەی كەركوك بوون، بەڵام له ئێستادا سەر به مەترانییەی (عەنكاوه)ن[٥].

هەروەها له ساڵی (١٩٩٦)زاینی له لایەن حكومەتی هەرێمی كوردستان، نۆژەنكراوەتەوه، ئێستاش ئەم كەنیسەیه هەر ماوه و دەكەوێته ناوەڕاستی گەڕەكی دیانان، له ئێستادا ئەم گەڕەكه پێی دەوترێت (گەڕەكی بەفری قەندی) و دەكەوێته ناوەڕاستی شاری كۆیه و له نزیك بازاڕه.[٦]

## ٤- نوێژ:

له ئاینی مەسیحیدا نوێژ ڕۆژی دوو جار ئەنجام دەدرێت، بەیانیان و ئێواران، ڕۆژانی یەك شەممان بەیانیان سەعات(٧)و ئێواران سەعات( ٥ )نوێژ له كەنیسه دەكرێت، ئەو نوێژەی هەموو ڕۆژێك مەسیحییەكانی كۆیه و هەرمۆتەبه زمانی سریانی دەیخوێنن پێی دەڵێن:(الصلاة الربانية)به ڕێنووسی

---

[*]- واته ئەو كاته ناوی پاپای ڤاتیكان (مارپیۆز)بووه.

[١]- چاوپێكەوتن لەگەڵ یوسف تۆما یوسف،گوندی هەرمۆته،٢٠١٦/٨/١٤.

[٢]- تێبینی ڕاستەوخۆی توێژەر، چاوپێكەوتنی خوێندكار لەگەڵ اندریا عمان ئیلیا ، كۆیه، ٢٠١٦/٩/٥.

[٣] – طاهر احمد حویزی،سەرچاوەی پێشوو،ل ٧٦

[٤]- طاهر احمد حویزی،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٧٥

[٥]- چاوپێكەوتن لەگەڵ: قەشەزەییا شابا ججی، گوندی هەرمۆته، ٢٠١٦/٥/٢٢.

[٦]- چاوپێكەوتن لەگەڵ اندریا عمان ئیلیا ، كۆیه، ٢٠١٦/٩/٥.

کوردی بەم شێوەیەیە:-((بشمد بابا وبرۆناو روحاد قودشا خا ئالاها ئامین، ئاون دوە شمەییا نیسقەددەش شماخ تێتیٚ مەلکوساخ نیهویٚ صیویاناخ ئەیکەننا دبەشمەییا ئاپ بئەرعا هەولەن لەحما دسونقانەن یاومانا وەشۆق لەن حاوبەین وەحتاهەین ئەیکەننا دئابەحنان شوەقن لحەییاوەین ولا تەعلەن لنیسیۆنا ئیلا پەصان مین بیشا میتۆل ددیلاخی مەلکوساخ و حەیلا و تیشبۆحتا لعالام عالمین ئامین.))[1]

هەروەها نوێژێکی تریشیان هەیە و هەموو ڕۆژێك دەیخوێنن بە ناوی ( صلاة الملائکی- شلاما مەلا خایا) بە زمانی سریانی و بە ڕێنووسی کوردی بەم شێوەیەیە:- ( شلاما ئلاخ مەریەم ملیسا نەعمیٚ مارەن ئماخ مبورەختێوەت بئینشیٚ و مبورخیلیٚ پێرت کاسەخ ئیشۆع مارت مەریەم یمد ئالاها مصالای مبەدالەن ئەخنی حەتاییٚ دەها و گۆعدانت مۆتەن ئامین، شۆحا لاوا لەوڕا وەلڕوحاد قودشا مین عالەم وەعدەمما لەعالەم ئامین و ئامین، بشم ئاواوەوڕا ڕوحاد قودشا حەز ئەلاها ئامین.)[2]

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بەشێکیان نوێژ دەکەن و بەشێکیشیان نوێژ ناکەن. ئەوانەی نوێژ دەکەن وەك دابێکی ئاینی شەوان پێش خەوتن نوێژ دەکەن و یەك شەممان (بەیانیان و ئێواران) دەچن بۆ کەنیسە و بەکۆمەڵ لەگەڵ قەشە نوێژ دەکەن، کە زیاتر لە سەعاتێك دەخایەنێت و پیاو ژن و پیرو گەنج و منداڵ بەیەکەوە بەشداری تێدا دەکەن و لەکۆتایی نوێژەکەدا قەشە وتارێکیان بۆ دەدات و دواتر سەرجەم نوێژ خوێنەکان قوربان لە قەشە وەردەگرن و دەیخۆن، هەروەها هەموو ڕۆژێك عەصران سەعات(٥) لە کەنیسەی هەرمۆتە نوێژ دەکرێت، کە تەنها شەماشە و هەندێك ژن و پیاوی باوەڕدار بەشداری تێدا دەکەن[3]

## ٥- ڕۆژووی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە:

### أ. ڕۆژووی گەورە (الصوم الکبیر):

ئەم ڕۆژووە لە بنەڕەتدا( ٤٠ )ڕۆژە، لە مانگی شوبات تا کۆتایی مانگی ئازار، یان سەرەتای مانگی نیسان دەخایەنێت، دەکەوێتە(٥٠)ڕۆژ پێش جەژنی هەستانەوە(عیدالقیامة). لە سەعات (١٢) ی شەوەوە دەست پێدەکات تا سەعات( ١٢)ی نیوەڕۆ و هیچ خواردن و خواردنەوەیەك نابێت بخۆن، ئەو ڕۆژانەی کە بەڕۆژوو دەبن، سەعات(١٢)ی نیوەڕۆ کە ڕۆژوو دەشکێنن، نابێت گۆشت و هێلکە و شیرەمەنی بخۆن، بەڵام گۆشتی ماسی دەخۆن و ئاساییە، لەڕۆژانی یەك شەممانی ناو( ٥٠ )ڕۆژەکە بەڕۆژوو نابن و ڕێگە پێدراوە گۆشت و هێلکە و شیرەمەنی بخۆن.[4]

لە ئێستادا کار ئاسانی بۆ ئەم ڕۆژووە کراوە و خەڵکی کۆیە و هەرمۆتە ئەوانەی کە بەڕۆژوو دەبن بەم شێوەیە بە ڕۆژوو دەبن:-

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: قەشەزەییا شابا ججی، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٢. یوسف تۆما یوسف، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٨/١٤.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ یوسف تۆما یوسف،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٨/١٤.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کەژاڵ عمان حنا،کۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. بەشداری ڕاستەوخۆی خوێندکار لە نوێژی بەکۆمەڵی عەسری ڕۆژی یەك شەممە لەکڵێسای ماریوسف لەکۆیە،٢٠١٦/٩/٤.

[4]- چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشە(زەییا شابا ججی)، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٢.

١- یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی ڕۆژووی گەورە کە ڕۆژی ( دوو شەممە) دەکات، لەگەڵ کۆتا ڕۆژی هەینی ڕۆژووی گەورە، واتە ڕۆژی هەینی پێش جەژنی هەستانەوە، کە پێی دەوترێت ( هەینی خەمباری-هەینی ئازار) بەڕۆژوو دەبن.

٢- هەفتەی یەکەم و ناوەند و کۆتایی ( ٥٠ ) ڕۆژەکە بە ڕۆژوو دەبن، جگە لە ڕۆژانی یەك شەممان.

٣- هەموو ڕۆژانی هەینی ناو ماوەی (٥٠) ڕۆژەکە بەڕۆژوو دەبن.

لە ماوەی ئەو (٥٠) ڕۆژەدا، ڕۆژانی(هەینی) بەیانیان و عەسران بەشێك لە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە سەردانی کەنیسە دەکەن و لەگەڵ شەماشە و قەشە نوێژ و دوعا دەکەن.

**ب. ڕۆژووی بچوك:**

ئەم ڕۆژووە لەڕۆژی( ١ )ی مانگی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێك دەستپێدەکات تا ڕۆژی( ٢٤ )ی مانگی کانوونی یەکەم، کە دەکاتە (٢٥)ڕۆژ، لە سەعات(١٢)ی شەو تا(١٢)ی نیوەڕۆ دەخایەنێت، بەهەمان شێوەی ڕۆژووی گەورە لەماوەی ئەو(٢٥)ڕۆژەدا سەعات(١٢)ی نیوەڕۆ کە ڕۆژوو دەشکێنن، نابێت گۆشت و شیرەمەنی بخۆن، جگە لەڕۆژانی یەك شەممانی(٢٥)ڕۆژەکە کە بەڕۆژوو نابن و ڕێگەپێدراوە گۆشت و شیرەمەنی بخۆن، بەڵام ئێستا کەنیسەی کلدان کاسۆلیکی ئەم( ٢٥ )ڕۆژەی کەمکردووەتەوە بۆ(٣)ڕۆژی پێش جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح، واتە ڕۆژانی( ٢٢و٢٣و٢٤ی مانگی کانونی یەکەم)ی هەموو ساڵێك، لە ئێستادا بەپێی ڕێنمایی کەنیسەی کاسۆلیکی ئەو( ٣ )ڕۆژەش فەرز نییە، تەنها(یەك) ڕۆژ لەم ڕۆژووە فەرزە، کەڕۆژی(٢٤ی مانگی کانونی یەکەم)ە، هەرچەندە مەسیحییە ئاشووری و سریان ئەرسەدۆکسەکان (٢٥) ڕۆژەکە بەڕۆژوو دەبن، هەندێك لە کلدانەکانیش(٢٥)ڕۆژەکە بەڕۆژوو دەبن.[1]

**ج. صوم السيدة:**

دەکەوێتە ڕۆژی( ١٣ )ی ئابی هەموو ساڵێك، لەم ڕۆژەدا مەسیحییەکان بەڕۆژوو دەبن، لەسەعات (١٢)ی شەو تاسەعات( ١٢)ی نیوەڕۆ دەخایەنێت، دوای سەعات (١٢)ی نیوەڕۆ کە ڕۆژوو دەشکێنن (گۆشت و شیرەمەنی و هێلکە) نابێت بخۆن.

**د. ڕۆژووی باعوسا:**

ئەم ڕۆژووە( ٣ )ڕۆژە و دەکەوێتە کۆتایی مانگی (کانوونی دووەم) یان سەرەتای مانگی (شوبات) لەدوای نان خواردنی ئێوارەوە دەست پێدەکات تا نیوەڕۆ، کەنیوەڕۆ ڕۆژو دەشکێنن نابێت گۆشت و شیرەمەنی بخۆن.

بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە (سێ ڕۆژی ڕۆژوی باعوسە و هەموو ڕۆژانی هەینی ناو پەنجا ڕۆژی ڕۆژووی گەورە و هەفتەی یەکەم و ناوەند و کۆتایی پەنجا ڕۆژی ڕۆژووی گەورە و یەك ڕۆژی ڕۆژووی بچووك) بە ڕۆژوو دەبن.[2]

---

[1]- دنحا تۆما یوسف، لەدایکبووی ١٩٧٢،پیشە: قەشەی کەنیسەی ماریوسف لە کۆیە و کەنیسەی مریم العذراء لە گوندی هەرمۆتە، عەنکاوە، ٢٠١٦/٤/٢١.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کەژاڵ عمان حنا،کۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤.

## ٦- جەژنی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە :

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە چەند جەژنێکی ئاینیان هەیە، کە مەراسیم و سروتی تایبەتی خۆیان هەیە :- [١]

### أ) جەژنی کریسمس(جەژنی لەدایك بوونی حەزرەتی مەسیح):

تایبەتمەندی و ڕێوڕەسمەکانی ئەم جەژنە بە چەند خاڵێك ڕووندەکەینەوە:-

١) ئەم جەژنە دەکەوێتە( ٢٥ )ی مانگی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێك، ئەم جەژنە یەکێکە لە جەژنە سەرەکییەکانی مەسیحییەکان، مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە ڕابردوودا لەڕۆژی(٢٥ی کانوونی یەکەم) سەعات (٤)ی بەیانی لە کەنیسە نوێژی ئەم جەژنەیان ئەنجام داوە، بەڵام لە ئێستادا لە هەمان ڕۆژ سەعات(٦)ی بەیانی نوێژی جەژن لە کەنیسە ئەنجام دەدرێت.

٢) لەم جەژنەدا خەڵکێکی زۆر دەچن بۆ کەنیسە و سروتی تایبەت ئەنجام دەدەن، شادی و خۆشی خەڵکەکە بەدی دەکرێت و هەموو خەڵکەکە لە خوێندنی نوێژ و تەراتیل و سرووتەکاندا بەشداری دەکەن و بەدەنگی بەرز دەیڵێنەوە، کەنیسە دەڕازێنرێتەوە و بخورێکی زۆریش دەسوتێنرێت و دووکەڵێکی زۆر بۆنخۆش بەناو کەنیسەدا بڵاو دەکەنەوە، ئەم نوێژ و تەراتیلە نزیکەی دوو سەعات دەخایەنێت، کە مەراسیمی ئاینی تەواو دەبێت لەحەوشەی کەنیسەدا خەڵکەکە پیرۆزبایی لەیەکتری دەکەن و بەرەوماڵەوە دەڕۆنەوە، لە ماڵەکانیش تادرەنگانێکی شەو دەمێننەوە و ئاهەنگی خێزانی دەگێڕن.

٣) هەمان ڕۆژ سەعات ( ١٠- ١٢)ی نیوەڕۆ وەك نەریتێك لەهۆڵی بۆنەکان لە هەرمۆتە و کۆیە بە ئامادەبوونی قەشە خەڵکی مەسیحی کۆدەبنەوە و جەژنە پیرۆزە لەیەکتری دەکەن، خەڵك بەگشتی و بەشێك لە موسوڵمانان و مامۆستایانی ئاینی و بەرپرسە حزبی و حکومییەکانی کۆیە سەردانیان دەکەن و جەژنە پیرۆزەیان لێدەکەن، پاش نیوەڕۆکەشی مەسیحییەکان سەردانی ماڵی خزم و کەسی یەکتری دەکەن و قەشەش سەردانی ماڵی مەسیحییەکان دەکات و بەهاوکاری چەند کەسێکی تری مەسیحی ئەو کەسانەش ئاشت دەکاتەوە کە پەیوەندییان باش نییە.

٤) نان و چێشتی چەژن هەمان ڕۆژ نیوەڕوان لێدەنرێت و دەخورێت.

### ب) جەژنی خەتەنەکردن و سەری ساڵی زاینی(عيد الختان و رأس السنة الميلادية):

ئەم جەژنە دەکەوێتە ڕۆژی(١)ی مانگی کانونی دووەمی هەموو ساڵێك، ئەو ڕۆژەیە کە حەزرەتی مەسیح وەك داب و نەریتی جووەکان لەتەمەنی( ٨ ) ڕۆژیدا خەتەنە کراوە.

### ج) جەژنی لەئاوهەڵکێشان( عيد الدنح- عيد العماد):

دەکەوێتە ڕۆژی(٦)ی کانوونی دووەمی هەموو ساڵێك، ئەو ڕۆژەیە کە حەزرەتی مەسیح لەتەمەنی(٣٠)ساڵیدا بەدەستی(يوحنا المعمدان)تعميد دەکرێت و لە ئاو هەڵدەکێشرێت، وەك ڕەمزێك بۆ پاکبوونەوە لەگوناه و ڕەمزێکیش بۆ بە مەسیحی بوون. لە سەر ئەم سوننەتە هەموو منداڵێکی مەسیحی لەتەمەنی(١-٣)مانگیدا، بە ئامادەبوونی دایك و باوکی منداڵەکەو خزم و کەس و کاری بۆ یەك جار لە کەنیسە تەعمیدی دەکەن (لەئاوی هەڵدەکێشن) و نوێژی لەسەر دەکەن و مەراسیمێکی تایبەتی بۆ دەکەن.

---

[١] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: قەشە زەبیا شابا ججی، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٢.

**د) جەژنی زیندووبوونەوە- رابوون-هەستانەوە(عید القیامة):**

یەکێکە لە جەژنە سەرەکییەکانی مەسیحییەکان، بەزۆری دەکەوێتە سەرەتای مانگی نیسان، هەندێك جاریش دەکەوێتە کۆتایی مانگی ئازار. کە( ٤٠ )ڕۆژی ڕۆژووی گەورە تەواو دەبێت، ڕاستەوخۆ جەژنی هەستانەوەیە، ئەم جەژنەش لەوەوە هاتووە کە دایکی مەسیح و ئافرەتان ڕۆژی یەك شەممە، واتە سێ ڕۆژ دوای لەسێدارەدانی مەسیح، بەیانی زوو دەچنە سەر گۆڕی حەزرەتی مەسیح، سەیریان کرد بەردی سەر گۆڕەکە لاچووە و تەرمەکەی حەزرەتی مەسیح نەماوە، لەم کارە سەریان سوڕما، لەپڕ دوو پیاویان بەجلی سپی بریسکەدارەوە بەتەنیشتی خۆیانەوە بینی، کە فریشتەبوون، دوو فریشتەکە پرسیاریان لە ئافرەتەکان کردووە و وتویانە: بۆچی دەگەڕێن؟ بەدوای یەکێکی زیندوو لەناو مردووواندا؟ ئەو لێرە نییە و زیندووبووەتەوە، لەبەر ئەم یادە مەسیحییەکان لەم جەژنەدا هێلکەی مریشك دەکوڵێنن و پاشان ڕەنگی دەکەن، ئەمەش ڕەمزی جەژنی زیندووبوونەوەیە، ڕەمزی ژیانە لەناو مردندا، وەك چۆن جوجەڵە دوای تروکانی لە هێلکەدا بەزیندووی دێتە دنیاوە، بەهەمان شێوە مەسیح لە قەبر هەستاوەتەوە، واتە چۆن توێکڵی هێلکە مردووە، بەڵام لەناویدا زەردێنە و سپێنەکەی زیندووە، چونکە دواتر دەبێت بە جوجەڵە، ئاواش لەناو قەبر و مردندا ژیان هەیە و حەزرەتی مەسیح زیندووبووەتەوە.[1]

**هـ) جەژنی بەرزبوونەوە(سولاقا):**

ئەم جەژنە( ٤٠ ) ڕۆژ دوای (جەژنی زیندووبونەوەیە-عید القیامة)، ئەو ڕۆژەیە کە حەزرەتی مەسیح لەگەڵ قوتابییەکانی دادەنیشێت و خواردن دەخۆن و پارچە نانیان بەسەردا دابەش دەکات، دوای ئەوەی کە پیرۆزیان دەکات، لێیان جودا دەبێتەوە و بە بەرچاووی قوتابییەکانی و مەریەمی پاکیزەوە بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە، لەو کاتەدا بەقوتابییەکانی دەڵێن بڕۆن بۆ شاری (جەلیل)و لەوێ بمێننەوە تاهێزی ڕۆحی پیرۆزتان پێدەبەخشم، بۆ ئەوەی بچن لەهەموو دونیا ئاینی مەسیحی بڵاوبکەنەوە و بەدروشمی(بسم الأب و الأبن والروح القدس)مرۆڤایەتی هۆشیار بکەنەوە، دوای ئەوەی قوتابییەکانی مەسیح بۆ ماوەی ( ١٠ ) ڕۆژ لەشاری (جەلیل) دەمێننەوە، ڕۆژی دەیەم ڕۆحی پیرۆز لە شێوەی ئاگرێك دێتە سەریان و بەمەش هێزی ڕۆحی پیرۆز وەردەگرن، بەڵگەی ئەم ڕۆحی پیرۆزەش ئەوەیە قوتابییەکان کە ژمارەیان( ١١ )کەسە بەهەموو زمانەکانی جیهان قسەیان کردووە.

**و) عید حلول الروح القدس علی التلامیذ ومریم العذراء:** جەژنی دابەزینی ڕۆحی پیرۆز بەسەر قوتابیانی مەسیح و مریەمی پاکیزە:

ئەم جەژنە( ٥٠ ) ڕۆژ دوای جەژنی هەستانەوە و ( ١٠ ) ڕۆژ دوای جەژنی سولاقا دێت، ئەو ڕۆژەیە کە قوتابییەکانی مەسیح ڕۆحی پیرۆز وەردەگرن.

**ز) عید انتقال مریم العذراء الی السماء:** جەژنی گواستنەوەی مریەمی پاکیزە بۆ ئاسمان:

ئەم جەژنە تەنها یەك ڕۆژە و دەکەوێتە ڕۆژی (١٤)ی ئابی هەموو ساڵێك، لەم ڕۆژەدا مەریەمی پاکیزە ڕۆحی چووە بۆ ئاسمان، مەسیحییەکان و کەنیسەی هەرمۆتە و کۆیە لەم ڕۆژەدا یادی مەریەمەی پاکیزەیە دەکەنەوە و قوداس(نوێژو دوعا)ی بۆ ئەنجام دەکەن.

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشە دنحا تۆما یوسف ، هەولێر- عەنکاوە، ٦/٤/٢٠١٦.

### ح) جەژنی خاچ (عید الصلیب):

ئەم جەژنە دەکەوێتە ڕۆژی( ١٤ )ی ئەیلولی هەموو ساڵێك، ئەم جەژنە بۆ پیرۆزکردنی (خاچ)ە و مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە ئێوارەی ڕۆژی( ١٤/١٣ )ی ئەیلولی هەموو ساڵێك ئاگر دەکەنەوە بۆ پیرۆزکردنی خاچ.مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لەم ڕۆژەدا قوداسی ئاینی ئەنجام دەدەن، هەر ماڵەو ئاگرێك دەکاتەوە، بەنەشرەی کارەبایی خاچ دروست دەکەن و لەسەر بانی ماڵەکان دایدەنێن و بۆ ماوەی چەند شەوێك دایدەگیرسێنن، لەئێوارەی(١٣ی ئەیلول)لەمەزاری مەربێنە قەدیشە یادی ئەم جەژنە دەکرێتەوەو ئاهەنگی بۆ ئەنجام دەدرێت و موسوڵمانەکانیش بەشداری تێدا دەکەن، ((لەنێو کوردەواریش دا بە(ئاگیری پاین)یش ناوی دەرکردووە، چونکە وادەی ئاگر کردنەوەکە نزیك بوونەوەیە لەهاتنی سەرماو وەرزی پایز، زۆرجاریش دەوترێ جەژنی ئاگری پاین))[1].

### ط) جەژنی ئۆشەعنا:

یادی ئەو ڕۆژەیە کە مەسیح دەچێتە ئۆرشەلیم هەفتەیەك پێش ئەوەی لەخاچ بدرێت

## ٧- یادکردنەوە ئاینییەکانی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە:

### أ) یادکردنەوەی مەریەمی پاکیزە:

ئەم یادکردنەوەیە لە سەرجەم ڕۆژەکانی مانگی ئایاری هەموو ساڵێك سەعات پێنجی ئێوارە، لە کەنیسە دەکرێتەوە، مەسیحییەکان ئەم مانگە، بۆ نوێژ و دوعا و قداس بۆ حەزرەتی مەریەمی پاکیزە تەرخان دەکەن، وەك ڕێز و پیرۆزکردنی دایکی حەزرەتی مەسیح، کە مەریەمی پاکیزەیە.[2]

### ب) دڵی حەزرەتی مەسیح:

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بە مانگی حوزەیران دەڵێن مانگی (دڵی حەزرەتی مەسیح)، مەسیحییەکان هەموو ڕۆژەکانی مانگی حوزەیران ئێواران سەعات(٥) لە کەنیسە نوێژ و دوعا ئەنجامدەدەن. ئەم یادەش لەوەوە هاتووە، کە لەکاتی لەخاچدانی حەزرەتی مەسیحدا تیربەدەستێکی یەهوودی بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەمردنی مەسیح، تیرێکی لەدڵی مەسیح داوە، لەوکاتەدا دڵی حەزرەتی مەسیح، کەتیرەکەی بەردەکەوێت خوێن و ئاوی لێدێت، ئەمەش بووە بەڕەمزێك لای مەسیحییەکان، کە حەزرەتی مەسیح بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی، خۆی کردووەتە قوربانی، بەمەش مەسیحییەکان هاندەدرێن، بۆ چاکەی مرۆڤایەتی خۆیان بکەنە قوربانی، هەروەك چۆن حەزرەتی مەسیح لەپێناو چاکەی مرۆڤایەتیدا خۆی کردە قوربانی. لەبەر ئەوەی خوێن و ئاو ڕەمزی دڵی مەسیحە، هەربۆیە ئێستاش( ئاو و شەراب و نان ) لە کەنیسەکاندا هەیە و پیرۆزدەکرێت و قەشە لە جەژن و یادەکاندا نان(قوربان) دەکاتە سەر زمانی

---

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: د. هاوژین صلیوە، کۆیە-هەرمۆتە، ٢٠-٦-٢٠١٧.

[2]- تێبینی بەبەشداریکردنی راستەوخۆی توێژەر لەنوێژ و قداسی کڵێسای مریم العذراء لەهەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشەزەییا شابا ججی، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٢.

مەسیحییەکان، ئەمەش ڕەمزە بۆ جەستەی مەسیح، لەم ڕێگەیەوە جەستە و خوێنی مەسیح تێکەڵ بەجەستە و خوێنی مەسیحییەکان دەبێت، قەشەکان دەڵێن: کەنیسەش لەو خوێن و ئاوە دامەزراوە.[1]

### ج) وەرگرتنی قوربان بۆ یەکەمجار(التناول):

تەناول مەراسیمێك و ئاهەنگێکە، کە بەبۆنەی تەواوبوونی خولێکی هاوینەوە، دوو ساڵ جارێك بۆ ئەو منداڵانە ساز دەکرێت کەتەمەنیان لە(١٠-١٢)ساڵیدایە، خولەکە ماوەی مانگێك دەخایەنێت و لەلایەن کەنیسەی کۆیە و هەرمۆتەوە بەچاودێری مەترانی عەنکاوە بەڕێوە دەچێت.
لەلایەن (ڕاهیبەکانەوە) وانەکانی خولەکە دەوترێتەوە، وانەکان بریتین لە: ( بنچینەکانی ئاینی مەسیحی و فێربوون و بەکۆمەڵایەتیبوونی مەسیحی و لەبەرکردنی تەراتیلی ئاینی- التعليم و التنشئة المسيحية)، دوای تەواوبوونی ئەم خولە، مەراسیمێك بۆ منداڵە بەشداربووەکان ساز دەکەن، کەپێی دەوترێت:(تەناول)، لەڕۆژی مەراسیمەکەدا، منداڵە بەشداربووەکان جلێکی سپی تایبەت لەبەر دەکەن و بۆ یەکەمجار (قوربان)* وەردەگرن، بەمەبەستی پابەندبوون بەکەنیسە و ئاینی مەسیحییەوە، هەروەها لەو ڕۆژەدا مەترانی عەنکاوە ئامادە دەبێت و بەشێکی زۆر لەکەس و خزمی منداڵە بەشداربووەکان ئامادە دەبن و زۆر خۆشحاڵ دەبن و بەو مەراسیمە و دەیکەنە هەلهەلە لێدان، لە کۆتایشدا خۆراکی: ( گۆشت، کەباب، بریانی، ساوەر، قەرەخەرمان، کفتەی ساوەر، شلە و کفتەی بروێش، شلە، دۆڵمە) ئامادە دەکرێت و بەشێك لە میوانە بەشداربووەکانی مەراسیمەکە لەمەزاری مەربێنە قەدیشە نان دەخۆن.[2]

### د) هەینی خەمباری :

ئەو ڕۆژەیە کە ( مەسیح ) لەخاچ دەدرێت.

### ٨- پابەندبوونی ئاینی(الالتزام الديني):

پابەندبوونی ئاینی لای مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بەدیدەکرێت، باوەڕیان بەئاینی مەسیحی و بەهەشت و دۆزەخ و زیندووبوونەوەی دوای مردن هەیە، منداڵ و پیرو گەنج سەردانی کەنیسە دەکەن، بەتایبەت عەسرانی ڕۆژی یەك شەممە و جەژن و یادەکان و مانگی ئایار کە بەمانگی حەزرەتی مەریم ناودەبرێت و مانگی حوزەیران، کە بەمانگی دڵی حەزرەتی مەسیح ناودەبرێت. هەروەها زۆربەی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە نوێژ دەکەن و لە کاتی خۆیدا بەڕۆژوو دەبن. چەند کەسێکی کەمیشیان

---

[1]- تێبینی بەبەشداری ڕاستەوخۆی خوێندکار لە نوێژ و قداسی مانگی دڵی مەسیح لەڕۆژی ٢٠١٦/٦/١٥ لە کڵێسای ماریوسف لەسلێمانی.

*- قوربان: پارچەیەکی بچوکی نانە و لەقاڵبێکی تایبەتدا دروستکراوەو ڕەمزی خاچی لەسەرە و بە زەیتی زەیتوون و بە نوێژ و دوعا پیرۆزکراوە، لەتەناولدا دەدرێت بەمنداڵانی تەمەن( ١٠-١٢) ساڵی کە بەشداری خولی هاوینەیان لەکڵێسا کردووە و هەروەها لەکۆتای قوداس و نوێژەکاندا ڕۆژانی یەك شەممان و لەبۆنە و جەژنەکاندا قەشە دەیدا بەمەسیحییەکان. چاوپێکەوتن لەگەڵ هیلان عیسی کریم سەرپەرشتیاری تەناولی ساڵی (٢٠١٦) لە (٢٠١٦/٧/١٥)لەمەزاری مەربێنە قەدیشە و بەبشداری و تێبینی خوێندکار لە تەناولی ساڵی (٢٠١٦) لە (٢٠١٦/٧/١٥) لەمەزاری مەربێنە قەدیشە، لە کۆیە.

[2]- بەشداری ڕاستەوخۆی خوێندکار لەتەناولی ساڵی(٢٠١٦) لە (٢٠١٦/٧/١٥) لە مەزاری مەربێنە قەدیشە. چاوپێکەوتن لەگەڵ هیلان عیسی کریم سەرپەرشتیاری تەناولی ساڵی (٢٠١٦) لە (٢٠١٦/٧/١٥) لەمەزاری مەربێنە قەدیشە لە کۆیە.

سەردانی کەنیسە ناکەن و پابەندبوونی ئاینیان نییە، بەڵام لەکاتی نەکردنی نوێژدا مەسیحییەکان هەست بەتاوان ناکەن.[1]

مەسیحییەکان بەزۆری ڕۆژانی یەك شەممان دەچن بۆ کەنیسە و ئافرەتان زیاتر لەپیاوان دەچن بۆ کەنیسە، بەشێك لە ئافرەت و پیاوانی مەسیحی لە کۆیە و هەرمۆتە یەك شەممان سەعات( ٥ )ی ئێوارە بۆ نوێژ و قداس سەردانی کەنیسە دەکەن، لە مانگەکانی ئایار و حوزەیرانی هەموو ساڵێك بەشێك لە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە هەموو ڕۆژێك سەعات (٥)ی ئێوارە بۆ نوێژ و دوعا و قداس بۆ کەنیسە دەچن [2].

## ٩-مەرج و بنەماکانی بوون بەقەشە:

بوون بەقەشە لەناو مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا لەسەر چەند مەرج و بنەمایەکە، کە بریتین لە: [3]

أ- تەمەنی لە (١٨)ساڵ زیاتر بێت و عێراقی بێت و ڕەگەزی نێر بێت.

ب- بڕوانامەی ئامادەیی هەبێت و فەلسەفە و لاهووتی لە(كلية البابل للفلسفة واللاهوت) خوێندبێت. ئەم کۆلێجەش لە(عەنکاوە)یە و سەر بە (جامعة ئوربانيا)یە لە ڤاتیکان.

ج- بە مەیل و ئارەزووی کەسەکە بێت و بە زۆر و فشار نەبێت،

د- زمانی سریانی بزانێت،

هـ- تاوانی ڕەوشتی ئەنجام نەدابێت، نەخۆشی درێژخایەنی لەگەڵدا نەبێت، کەم ئەندام نەبێت و دەنگی تەواو بێت.

## ١٠- پلەکانی ئاینی مەسیحی لە کوردستان:

بەگشتی ڕیزبەندی پلەی ئاینی لە ئاینی مەسیحیدا بەم شێوەیە لە بەرزەوە بۆ نزم ڕێکخراوە:- پاپا، پەتریەرك،مەتران،، قەشە، شەماشە.[4] مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە (قەشە)و(شەماشە) یان هەیە، مەتران لە (عەنکاوە)یە و پاتریارك لە (بەغداد)ە و (پاپا)ش لە (ڤاتیکان)ە.[5]

## ١١- بوون بەمەسیحی:

هەموو کەس دەتوانیت ببێت بەمەسیحی، بەڵام دەبێت بەقەناعەتی خۆی بێت و بۆ بەرژەوەندی نەبێت، هەروەها ئەبێت (خولی پەروەردەی مەسیحی)بۆ ماوەی(٣)مانگ بخوێنێت و بڕوانامەیەکیشی بەناوی

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: هرمز عيسى كريم، گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٥/١٧. لويزانا جبار دنحا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٥. يوسى حيكمەت حنا ،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٩. تێبینی ڕاستەوخۆی توێژەر لەگوندی هەرمۆتە،لەبەر دەرگای کەنیسە.٢٠١٦/٥/٢٥.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە،لەبەرواری ٢٠١٦/٥/٢٩. (خەندە رياض عزيز)،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٧ . کەژاڵ عمان حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق ميخا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ (قەشە دنحا تۆما يوسف)،عەنکاوە، ٢٠١٦/٤/٦.

[4]- چاوپێکەوتن لەگەڵ (قەشە دنحا تۆما يوسف)،عەنکاوە، ٢٠١٦/٤/٦.

[5]- هەمان چاوپێکەوتنی پێشوو.

(شهادة العماذ)بۆ دەكرێت، بەڵام منداڵی تازە لەدایكبووی لەدایك و باوكێكی مەسیحی، بۆ ئەوەی بكرێت بەمەسیحی، دەبێت لە كەنیسە لە ئاو هەڵبكێشرێت كەپێی دەڵێن: (تعمید).[1]

## ١٢- دروشمی ئاینی مەسیحی:

ئاینی مەسیحی دروشمێكی هەیە بەناوی: (شكۆ لە ئاسمانی باڵا و ئاشتی لەسەر زەمین)،كە دروشمی ڤاتیكان و سەرجەم مەسیحییە كاسۆلیكەكانی جیهانە و هێما و ئاماژەیە بۆ ئاشتی و لێبووردەیی.[2]

## ١٣- تێگەیشتنی مەسیحییەكان بۆ بەهەشت و دۆزەخ:

مەسیحییەكانی كۆیە و هەرمۆتە باوەڕیان بە بەهەشت و دۆزەخ هەیە و دەڵێن: بەهەشت و دۆزەخ لە ئینجیلدا وەسف نەكراوە، تەنها ئەوەندە دەزانین بەهەشت شوێنێكی خۆشە و دۆزەخ شوێنێكی ناخۆشە.[3]

شایانی باسە قەشەكەیان لە وتاری ڕۆژی یەكشەممەندا، باسی دۆزەخ و سوتان و ئاگر و توڕەیی خودا ناكات، بەڵكو باسی خۆشەویستی و لێبوردەیی و سەردانی كەنیسە و بە پیرۆزڕاگرتنی نوێژ و یادكردنەوە ئاینییەكان دەكات[4].

## ١٤- تعمید كردن(لەئاوهەڵكێشان):

هەموو منداڵێكی مەسیحی، كە لەدایك دەبێت، دوای نزیكەی مانگێك دایك و باوكی و خزم و كەس و كاری نزیكی دەیبەن بۆ كەنیسە، بۆ ئەوەی قەشە تەعمیدی بكات(لە ئاووی هەڵبكێشێت)، تەشتێكی گەورەی ئاسایی پلاستیك لە كەنیسەدا هەیە، پڕی دەكەن لە ئاو، دواتر قەشە بە شێوەی خاچ چەند دڵۆپێك ڕۆنی زەیتوون دەكاتە ئاوەكەوە و (سێ) جار منداڵەكە لە ئاوەكە هەڵدەكێشێت و سەری و گوێی منداڵەكە بە ئاوەكە تەڕ دەكات، ئەگەر منداڵەكە كوڕ بوو، كوڕێك لەكاتی تەعمیدكردنەكەدا منداڵەكە هەڵدەگرێت و دەیداتە دەست قەشە بۆ تعمیدكردن(قەشە منداڵەكە لەئاوەكە هەڵدەكێشێت)، قەشە هەندێك تەراتیلی ئاینی و دوعا دەخوێنێت و دەبێت ئەو كەسەی منداڵەكەی هەڵگرتووە بیڵێتەوە، ئەگەر منداڵەكە كچ بوو، كچێك لەكاتی تەعمیدكردنەكەدا منداڵەكە هەڵدەگرێت و دەیداتە دەست قەشە، هەروەها هەمان كات لە كاتی تەعمیدكردندا، قەشە بەپەنجەی خۆی كەمێك ڕۆنی زەیتوون بەشێوەی خاچ لەناوچەوان و لە خوار ملی منداڵەكە دەدات بەم ڕۆنە دەوترێت:(ڕۆنی جێگیركردن لە باوەڕ یان ڕۆنی میرۆن)تەعمیدكردن و میرۆن مەرجی بوون بەمەسیحییە، ئیتر ئەو كەسە، بەو تەعمیدە دەبێت بەمەسیحی و دایك و باوك و كەس و كارەكەی لەماڵەوە یان لە هۆڵ ئاهەنگێك بەبۆنەی ئەو تعمیدكردنەوە ساز دەكەن.[5]

---

[1] - چاوپێكەوتن لەگەڵ (قەشە دنحا تۆما یوسف)،عەنكاوە، ٢٠١٦/٤/٦. یوسف تۆما یوسف،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٨/١٤.

[2]- هەمان چاوپێكەوتنی پێشوو.

[3]- چاوپێكەوتن لەگەڵ: كەژاڵ عمان حنا،كۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، كۆیە، ٢٠١٦/٩/٤.

[4]- تێبینی بە بەشداریكردنی خوێندكار لە وتاری ڕۆژی یەك شەممەی كەنیسەی كۆیە لە ٢٠١٦/٤/٢٤.

[5]- چاوپێكەوتن لەگەڵ: سەمیرە دنحا سەلمان،، كۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. (قەشە دنحا تۆما یوسف)، عەنكاوە، ٢٠١٦/٤/٦. كەژاڵ عمان حنا، ،كۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، كۆیە،٢٠١٦/٩/٤.

**لە کەنیسەی مار یوسف لە کۆیە، تۆمارێکی تعمید هەیە، لەو تۆمارەدا هەر منداڵێك لە کەنیسەی کۆیەدا تعمید کرابێت، ناوی سیانی و بەرواری تەعمیدەکەیی و بەرواری لەدایك بوونەکەی تۆمار کراوە. ئەو تۆمارەی کە ئێستا لە کەنیسەی کۆیە هەیە، لە (١٨٩٣/٨/١)یەکەم منداڵی تێدا تۆمار کراوە، تا (٢٠١٦/٢/٤) ناوی (٧٧٣) منداڵ تۆمار کراوە، یەکەم ناوی تۆمار کراو لە (١٨٩٣/٨/١) بە ناوی ( ابلحد شماشا حنا ) دەست پێدەکات و بە ناوی (لیدیا روکان گوریل شعیا) کۆتایی دێت، کە لە (٢٠١٥/٦/٥) لەدایك بووە و لە (٢٠١٦/٢/٤)تعمید کراوە.[١]**

**بەهەمان شێوەی کۆیە؛ لە کەنیسەی هەرمۆتە تۆمارێکی تایبەت بە تەعمید هەیە، لەو تۆمارەدا هەر منداڵێك کە تعمید کراوە، ناوی سیانی منداڵ و مێژووی ڕۆژی تەعمیدکردنی تۆمار کراوە، ئەو تۆمارەی کە تا ئێستا ماوە لەساڵی(١٩١٩)وە تا (٢٠١٦/٤/٢٤)(١٦٤٢)منداڵی تێدا تۆمار کراوە، یەکەم منداڵی تۆمار کراو لەو تۆمارەدا (ئەغاتەی کچی ئەنتوان تۆما)یە و دووەم منداڵ(ئەوراهای کوڕی یەڵدا پەترۆس)ە و لەساڵی(١٩١٩)تەعمید و تۆمار کراوون، کۆتا منداڵیش لە ئێستادا بەناوی(مارگرێتای کچی عەبدە ئۆخز سلێمان)ە و لە(٢٠١٦/٤/٢٤)تەعمید کراوە و بە ژمارە (١٦٤٢) تۆمار کراوە.[٢]**

## ١٥- تاوان:

**لە ئاینی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا تاوان تایبەتمەندی خۆی هەیە، تاوانی گەورە تاوانی ئاینی نییە، واتە نوێژنەکردن و ڕۆژو نەگرتن نییە، بەڵکو تاوانی گەورە تاوانی کۆمەڵایەتییە، کە بریتین لە: (کوشتن، دزی، ناپاکی هاوسەری، خیانەت، ڕێزنەگرتنی دایك و باوك، درۆ.)[٣]**

**ئەوەی شایەنی ئاماژەیە بنکەکانی پۆلیسی کۆیە دەڵێن: ( لە (١٠) دە ساڵی ڕابردوودا مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە هیچ تاوانێکی یاساییان ئەنجام نەداوە!.)[٤]**

## ١٦- خەتەنەکردن:

**مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە، نە لە ڕابردوودا و نە لەئێستاشدا بەهیچ جۆرێك کچان، خەتەنە نەکردووە. سەبارەت بەخەتەنەکردنی کوڕ، لەئێستادا زۆربەی هەرەزۆریان، کوڕ خەتەنە دەکەن، بەڵام لەڕابردوودا زۆربەیان کوڕیان خەتەنە نەکردووە[٥]. لەئاینی مەسیحیدا خەتەنەکردن هیچ ڕێنماییەکی ئاینی لەسەر نییە و خەڵك ئازادە منداڵەکانیان خەتەنە دەکەن یان نایکەن[٦].**

---

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ اندریا عمان ئیلیا،کۆیە، ٢٠١٦/٩/٥.

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ(یوسف تۆما یوسف)،لەدایکبووی ١٩٦٧،پیشە:شەماشەی کڵێسای مەریەمی پاکیزە لەهەرمۆتە،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٨/١٤.

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ: یوسف تۆما یوسف،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٨/١٤. زەکیە سلێمان مەتا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٥. هێدی هرمز عیسی، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٢. سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. یوسی حیکمەت حنا،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٩. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

٤- بنکەی پۆلیسی کەکۆن، کۆیە، ٢٠١٦/٦/٦. بنکەی پۆلیسی باواجی، کۆیە، ٢٠١٦/٦/٦.

٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ: (هیلان عیسی کریم)، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٥. کەژاڵ عمان حنا، ، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە،٢٠١٦/٩/٤.

٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ: قەشە(زەییا شابا ججی)، گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٥/٢٢. کەژاڵ عمان حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە،٢٠١٦/٩/٤.

به بەڵگەی ئەوەی لە ڕابردوودا کوڕیان خەتەنە نەکردووە، دەگونجێت ئەم نەریتەیان لە موسوڵمانەکانەوە وەرگرتبێت، چونکە خەتەنەکردن لای موسوڵمانەکان ئەرکێکی ئاینییە، دەشگونجێت تەنیا هۆشیاری تەندروستی بێت.

## سێیەم: توخمەکانی کەلتووری کۆمەڵایەتی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە:

### ١- بنەماکانی هاوسەرگیری:

هاوسەرگیری لای مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە یەکێکە لەداب و نەریتە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان، بەپێی ڕێنمایی کەنیسە و دابونەریتی کۆمەڵایەتییان چەند مەرج و بنەمایەکیان بۆ هاوسەرگیری داناوە [1]

**بنەماکانی هاوسەرگیری لای مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە:**

**أ)** تەمەنی هاوسەرگیری: ڕێنمایی کەنیسە دوای تەمەنی (١٨)ساڵی بۆ هاوسەرگیری کوڕ و کچ دیاریکردووە، لەواقعی ژیانی کۆمەڵایەتی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا بەشێوەیەکی گشتی کچ لە تەمەنی (١٨- ٢٤) ساڵی و کوڕ لە تەمەنی(٢٥-٣٠)ساڵیدا هاوسەرگیری دەکەن.

**ب)** ئەو کەسەی کە هاوسەرگیری لەگەڵدا دەکەن مەرجە(مەسیحی)بێت.

**ج)** ڕەزامەندی کوڕ و کچ مەرجێکی سەرەکییە، ئەگەر کوڕ و کچ بەهاوسەرگیری لەگەڵ یەکتریدا ڕازی نەبن، قەشە مارەکردن ئەنجام نادات، پێویستە ڕۆژی مارەکردن کوڕ و کچەکە بە ئاشکرا ڕەزامەندبوونی خۆیان ڕابگەیەنن.

**د)** گونجانی تەمەن، کە تا( ١٠ )ساڵێك ئاساییە کوڕ لەکچ گەورەتر بێت.

**ه)** ڕازیبوونی خێزانی کوڕ و کچ

**و)** گرنگی پێدان و ڕێزگرتن و ئازادی لەخوێندن و کارکردندا بۆ( کچ).

### ٢- قۆناغ و دابونەریتەکانی هاوسەرگیری:

قۆناغەکانی هاوسەرگیری لای مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە سەرەتا لە ناسینی کوڕ و کچەکەوە دەستپێدەکات، کە زۆرجار پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوانیاندا هەیە، کوڕ و کچێك کە یەك دەناسن و پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەیە و بڕیار دەدەن کە هاوسەرگیری بەیەکەوە بکەن، بە داواکردنی کچەکە لەلایەن کەس و کاری کوڕەکەوە دەست پێدەکات، دواتر قۆناغەکانی تر دەست پێدەکات، بەم شێوەیە:-

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: یوسی حیکمەت حنا،گوندی هەرمۆتە ٢٠١٦/٥/٢٩. (خەندە ریاض عزیز)لەدایك بووی ١٩٩٤،پیشە خوێندکاری زانکۆ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٧. کەژاڵ عمان حنا، لەدایکبووی:١٩٦٧،پیشە:مامۆستا لە پەیمانگای تەکنیکی کۆیە،کۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، لەدایکبووی ١٩٦٩، پیشە: مامۆستاو سەرۆکی بەشی پەرستاری لەپەیمانگای تەکنیکی کۆیە، کۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕەوشەن لوقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١. (دونیا جبار دنحا)، لەدایك بووی ١٩٧٥،پیشە:بەڕێوەبەری باخچەی منالانی هەرمۆتە، هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٥. کساندرا ئارام کریم، کۆیە، ٢٠١٦/٦/١٢.

**أ) داواكردنی ژن – خوازبێنی(الخطوبة):**

داواكردنی ژن لای مەسیحییەكانی كۆیە و هەرمۆتە بەچەند قۆناغێك ئەنجام دەدرێت، داواكردن كاتێك ڕوودەدات كە كوڕ و كچێك یەكتری بناسن، یان پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوانیاندا هەبێت، یان ناسیاوییەكی خێزانی لە نێوانیاندا هەبێت، سەرەتا دایك و خوشكی كوڕەكە دەچێت بۆماڵی كچەكە، بەمەبەستی ڕاوەرگرتنی كچەكە و دایك و باوكی كچەكە، سەبارەت بە هاوسەرگیری لەگەڵ كوڕەكەیاندا، واتە سەرەتا ژنان بۆ خوازبێنی دەچن، ئەگەر كچەكە و دایك و باوكی ڕازی بوون هاوسەرگیری لەگەڵ كوڕەكەدا بكات، ئەوا جاری دووەم كوڕەكە و دایك و باوكی و خوشك و براكانی و خزمی نزیكی دەچنەوە بۆ ماڵی كچەكە و یەكێك لە پیاوە بەتەمەنەكانی خزمی كوڕەكە، یان باوكی كوڕەكە داوای كچەكە دەكات بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ كوڕەكەیان و دەڵێت: ( هاتوین گوڵێك لەباخەكەتاندایە ببەین بۆ خۆمان، هاتوین بۆ داوای(......ناوی كچەكە) بۆ (......ناوی كوڕەكە).[1]

**أ) نیشان:**

لە هەندێك خێزاندا، لە قۆناغی ختووبەدا ماڵی كوڕەكە لەگەڵ خۆیاندا ئەنگوستیلەیەكی ئاڵتوون و چەپكێك گوڵی سروشتی بۆ ماڵی كچەكە دەبەن، لەو ڕۆژەدا ماڵی كوڕەكە ئەنگوستیلەیەكی ئاڵتوون دەكەنە دەستی كچەكە و بەم مەراسیمە دەڵێن(نیشان)، ئەم ماوەیە دانراوە بۆ ئەوەی بەئازادی كوڕو كچەكە بەیەكەوە قسە بكەن و بچنە دەرەوە و لەیەكتری تێبگەن، ئەگەر ئەو ماوەیە كوڕ و كچەكە نەگونجان ئەوا ڕێكەوتنەكە هەڵدەوەشێتەوە و موستیلەكە دەدەنەوە بەماڵی كوڕەكە، بەڵام ئەگەر گونجان و هەڵنەوەشایەوە، پاشان قۆناغی(نیشان خطوبە) دەست پێدەكات، بۆ ئەمەش ئاهەنگێكی بچوك ساز دەكرێت پێی دەڵێن(ئاهەنگی ختووبە) بەزۆری لە هۆڵێك دەكرێت و خزم و كەس و كاری نزیكی بووك و زاوا بانگ دەكرێن و بەشدار دەبن، بەئامادەبوونی قەشە لەو ڕۆژەدا كوڕ و كچەكە ئەڵقەی هاوسەرگیری دەگۆڕنەوە و ئەڵقەی ئاڵتوون دەكەنە پەنجەی دەستی ڕاستی یەكتری و بەدەم سەما كردن و گۆرانی وتنەوە دایك و باوك و خزمی نزیكی كوڕەكە ئاڵتوون بەكچەكەوە دەكەن.[2]

مەسیحییەكانی كۆیە و گوندی هەرمۆتە، ئاڵتوون بۆ بووك دەكەن، بڕی ئاڵتوون بۆ بووك دیاریكراو نییە و لە هەندێك خێزاندا كچەكە و ماڵی كچەكە بڕەكەی دیاری ناكەن، زاوا بەپێی توانای ماددی خۆی ئاڵتوون بۆ بووك دەكڕێت، بەڵام لە هەندێك خێزانی تردا كچ و ماڵی باوكی كچەكە داوای ئاڵتوون بۆ كچەكەیان دەكەن و بڕەكەشی دیاری دەكەن، بە شێوەیەكی گشتی ئافرەتی مەسیحی حەزی لە ئاڵتوونی زۆر نییە و زۆربەی زاوا هەر ئەڵقەیەك و زنجیرێكی خاچی ئاڵتوون و بازن بۆ بووك دەكەن، بە تێكڕا (٢٥)مسقاڵ ئاڵتوون بۆ بووك دەكەن، بە پێی توانای ماددی زاوا ئەو بڕە زیادوو كەم دەكات، لەڕابردووشدا هەر زێڕ بۆ بووك كراوە.[3]

---

[1]- چاوپێكەوتن لەگەڵ: ڕەوشەن لۆقا حنا، كۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١. سەمیرە دنحا سەلمان، كۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩.

[2]- چاوپێكەوتن لەگەڵ: امل اسحاق میخا، لەدایكبووی١٩٦٥، پیشە: مامۆستا،كۆیە، ٢٠١٦/٦/٢٠. ڕەوشەن لۆقا حنا، كۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

[3]- چاوپێكەوتن لەگەڵ: دنحا سلێمان یەلدا، مریەم ئێلیا عمان،:كۆیە،٢٠١٦/٦/٥. سۆزان مەرقۆس عەودیش، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٨.

ماوەی قۆناغی داواکردنی ژن( ١ مانگ تا ٢ساڵ) دەخایەنێت و لە قۆناغی(داواکردن)دا کوڕو کچ ئەتوانن پەشیمان ببنەوە و هاوسەرگیری نەکەن و مارەکردن ڕوونەدات، بەڵام دوای مارەکردن ناتوانن پەشیمان ببنەوە، چونکە تەڵاق لە کەلتووری مەسیحییەکاندا نییە، بەتایبەتیش لای کاسۆلیك کە مەسیحییەکانی هەرمۆتە و کۆیە سەر بەم ئایینزایەن.[1]

## ب) خەنەبەندانی بووك لە کۆیە و هەرمۆتە:

بەزمانی سریانی پێی دەڵێن(سواتە)لە ڕابردوودا خەنەبەندان شەوی پێش گواستنەوەی بووك لە ماڵی باوکی بووکدا ئەنجام دراوە و تەنها ئافرەتان بەتایبەت کچان بەشداریان تێدا کردووە، بەڵام لە ئێستادا خەنەبەندان بۆ بووك هەفتەیەك پێش گواستنەوەی بووك لە شەوێکدا لە ماڵی باوکی بووك یان لەهۆڵی بۆنەکانی هەرمۆتە دەکرێت و ئافرەت و پیاو تێیدا بەشداری تێدا دەکەن، کەتیایدا بەگۆرانی کوردی و سریانی و عەرەبی و بیانییەوە هەڵدەپەڕن و سەما دەکەن.[2]

## ج) مارەکردن :

**مارەکردن؛** لە کولتووری مەسیحییەکاندا ئەو پرۆسەیەیە کە کوڕو کچێکی مەسیحی ڕۆژی گواستنەوە لەگەڵ دایك و باوك و خزم و کەس و کاری نزیکیان دەچن بۆ کەنیسە، بەمەبەستی ئەوەی قەشە کچەکە لە کوڕەکە مارە بکات، چونکە بەمارەکردن لەلایەن قەشەوە هاوسەرگیری شەرعییەت و پیرۆزیی کەنیسە وەردەگرێت، مارەکردن لە کۆندا، لە کەنیسە کاتی بەیانی پێش نیوەڕۆ بە ئامادەبوونی کوڕ و کچەکە و دایك و باوك و خزم و کەس و کاری نزیکیان، ئەنجام دراوە، بەڵام (( لەئێستادا ئەو مارە کردنە دووسەعات پێش ئاهەنگی گواستنەوە ئەنجام دەدرێت، واتا عەسران زۆر جاریش لەدوای سەعات پێنجی عەسرەوە ئەنجام دەدرێت، چونکە ماوەی بیست ساڵێك دەبێت مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە، ئاهەنگی بوك گواستنەوەیان دەخەنە شەوان))[3] .

لەمەراسیمی مارەکردندا کوڕ و کچەکە ئەڵقەی هاوسەرگیری دەکەنە پەنجەی دەستی چەپی یەکتری، قەشە بە بەرچاوی خەڵکەکەوە لە کوڕ و کچەکە دەپرسێت کە ڕازین بەم مارەکردنە؟، ئەگەر هەردووکیان بە بەڵێ وەڵامیان دایەوە، ( قەشە ) کچ لە کوڕ مارە دەکات و دوو شاهید و بووك و زاواش واژۆی گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە دەکەن، لەو کاتەدا قەشە بەزاوا دەڵێت: لەگەڵ هاوسەرەکەت بویتە یەك جەستە و ئیتر ژنەکەت لە هەموو کەس نزیکترە لەتۆ، هەمان شتیش بە بووك دەڵێت. هەر ئەو ڕۆژەی کە مارە کردنەکە کرا، دەبێت ئێوارەکەی بووك بگوازرێتەوە و نابێت دوابخرێت، مارەکردنی ئافرەتی

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: سۆزان مەرقۆس عەودیش، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٨. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: سۆزان مەرقۆس عەودیش، لەدایکبووی ١٩٦٥، پیشە: مامۆستا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٨. سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ د. هاوژین صلیوە، ٢٥-٦-٢٠١٧، کۆیە- هەرمۆتە

مەسیحی تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئافرەتی مەسیحی هیچ مارەییەکی نییە، لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا هیچ مارەییەك نانوسرێت نە قەرز و نەحازر.[1]

بە پێی نوسراوی دادگای بەرایی کۆیە، لە ساڵی(٢٠١٠- ٢٠١٧/١٠/٢٤) مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە (٦٢) هاوسەرگیرییان ئەنجام داوە، بەڵام بەپێی نوسراوی کەنیسەی کۆیە و هەرمۆتە، (٣٣)هاوسەرگیرییان ئەنجام داوە، هۆکاری ئەم جیاوازییەش ئەوەیە کە بەشێك لەخێزانی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە عەنکاوە دەژین و کە هاوسەرگیری دەکەن لە کەنیسەی عەنکاوە پرۆسەی مارەکردن ئەنجام دەدەن، بەڵام گریٚ بەستی هاوسەرگیری لە دادگای کۆیە دەردەهێنن، چونکە نفوسیان (کۆیە)یە[2].

## هـ) گواستنەوە و زەماوەندی بووك گواستنەوە:

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بەمەبەستی بەشداریکردن لە ئاهەنگی بووك گواستنەوەیاندا ئەگەر بووك و زاوا خزمی یەکبن، ئەوا لەلایەن ماڵی زاواوە بەکارتێك بانگێشتنامە بۆ خزم و کەس و کارو ناسراو دۆست و هاوڕێی ماڵی بووك و زاوا دەنێرن، ئەگەر بووك و زاوا خزم نەبن ئەوا هەر یەکەیان بەجیا کارتی بانگێشتنامە بۆ بەشداریکردن لەئاهەنگەکەیان بۆ خزم و کەسوکارو دراوسیٚ و هاوڕێکانیان دەنێرن، لەئاهەنگی مەسیحییەکاندا باوك و برای بووکیش بەشداری ئاهەنگەکە دەکەن. لەڕابردوودا ئافرەت و پیاو جلی کوردییان لەبەر کردووە، بەڵام لەئێستادا جلی کوردی کەمینەیەك لەبەری دەکەن و زۆرینەی پیاوان پانتۆڵ و کراس، یان چاکەت و پانتۆڵە و ژنانیش بەدلە لەبەر دەکەن.[3]

لەڕابردوودا تا ساڵانی ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم مەسیحییەکانی هەرمۆتە، لەناو گوندی هەرمۆتە و بەگۆرانی کوردی و دەهۆڵ و زوڕناو جلوبەرگی کوردی ئاهەنگی بوك گواستنەوەیان ساز کردووە، بووك و زاوا دەستی یەکیان گرتووەو لەماڵی بوکێوە بۆ کەنیسە چوون، خزم و کەس و کارو دراوسیٚ و هاوڕێکانیان و پیرو گەنج و مناڵ و ئافرەت و پیاو بەتێکەڵی و بەدەم سەماو هەلهەلە لێدان و گۆرانی کوردیی و دەهۆڵ و زوڕناوە لەگەڵ بووك و زاوا ڕۆشتوون تا گەیشتوونەتە کەنیسە، بەدرێژای ئەو ڕێگەیە گۆرانی بێژێك لەگەڵ دەهۆڵ ژەنەکە گۆرانی وتووە و بەشداربووەکان هەموویان بەدوایدا وتوویانەتەوە، سەرجەم گۆرانییەکان کوردی بوون و جل و بەرگی بووك و زاواو بەشداربووانیش کوردی بوون، جگە لە جلوبەرگی قەشە، کەجلوبەرگێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، بووك و زاوا کەگەشتوونەتە

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: زەکیە سلێمان مەتا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٥. قەشە(زەیبیا شابا ججی)، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٢. سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. کەژاڵ عمان حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤.

[2]- نوسراوی کەنیسەی کۆیە و هەرمۆتە ژمارە(٨) لە ڕێکەوتی(٢٠١٧/١٠/٢٥)، لە پاشکۆی ژمارە(٤)دا نیشاندراوە، نوسراوی دادگای بەرایی کۆیە، ژمارە(٢٦٧)، لە ڕێکەوتی(٢٠١٧/١٠/٢٤)، لە پاشکۆی ژمارە(٥)دا نیشاندراوە.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کەژاڵ عمان حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

**کەنیسە، قەشە پێشوازی لێکردوون و بەئامادەبوونی بەشداربووانی ئاهەنگەکە سرووتی ئاینی خوێندووە و بووکی لە زاوا مارە کردووە و گوڵێکی سپی لەیەخەی بووك و زاوا داوە.[١]**

**لە ڕابردوودا لە ناو گوندەکەدا ئاهەنگی بووك گواستنەوە ئەنجام دراوە، بووك بەسواری ماین گواستراوەتەوە و جارێك بە دەوری گوندەکەدا سووڕاندوویانەتەوە، کە بووك گەیشتووەتە بەر دەرگای ماڵی زاوا، زاوا چووەتە سەر بانی ماڵی خۆیان و سینییەکی تێکەڵ لە( نوقڵ و جکلێت و گەنم و پارە)ی بەسەر بووکدا هەڵداوە.[٢]**

**لێرەدا ئەگەر شێوازی بووك گواستنەوەی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بەراوورد بکەین بە ئێستا (گۆڕانی کەلتووریی)[*] لەم توخمە کەلتوورییەدا بەدیدەکەین، چونکە لە ئێستادا ئاهەنگی بووك گواستنەوەی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە هۆڵەکانی(عەنکاوە)دا دەکرێت، گۆرانی کوردی بۆ هەڵپەڕکێی کوردی و گۆرانی سریانی و عەرەبی بۆ هەڵپەرکێی عەرەبی و گۆرانی بیانی بۆ سەما دەوترێت، لەئاهەنگی بووك گواستنەوەدا مەیی و خواردنەوە لەسەر هەموو مێزەکان دادەنرێت، پیاو و ژن مەشرووبات دەخۆنەوە، بەڵام ڕێژەی مەی خواردنەوەی ئافرەتان زۆر کەمە و بەزۆری بیرە دەخۆنەوە و ڕەنگە تەنها دوو پێك یان یەك بیرە بخۆنەوە[٣]، پیاوان بیرە و وێسکی، یان عارەق دەخۆنەوە و واباوە پیاوانیش هەر کەم دەخۆنەوە. ئەگەر موسوڵمانێکی پیاو بانگێشت کرابێت، داوای لێدەکەن و بە باشتری دەزانن ئافرەتێکی لەگەڵ بێت، دایکی یان ژنی یان خوشکی بێت [٤]**

---

[١]– بینینی ئاهەنگێکی تۆمارکراو بەکامێرای ڤیدۆ لەلایەن خوێندکارەوە(بەرنامەی لەکەلەپوورەوەی دوایی راپەڕین ئایاری ١٩٩٢ ( هەرمۆتە) مەراسیمی ژنگواستنەوە ( نەوەی مام سێوە شوو دەکا) بەشی / ٢. )

[٢]– حەنی مەربێن عیسا، لەدایکبووی ١٩٤٧، پیشە: ژنی ماڵ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٣/٨.

[*]- گۆڕانی کەلتووریی:بریتیە لەکاریگەری خستنەسەر  تاك و کۆمەڵگە بەمەبەستی گۆڕانکاری لە ڕەفتاریاندا، ئەمەش هەندێکجار لەلایەن سیاسەتی گشتیەوە public policy  دەکریت و پێیدەوتریت ڕێکخستنەوەو دروستکردنەوەی کولتووری، زۆر جاریش بەشێوەیەکی خۆرسك ڕوودەدات.

-Petrakis, P., & Kostis, P. (2013). Economic growth and cultural change. *The Journal of Socio-Economics*, *47*, 147-157.

هەروەها گۆڕانی کەلتووری بریتییە لەو گۆڕانکارییانەی کە لە ڕەگەزە مادی و واتاییەکانی کەلتووردا ڕوودەدات.

نخبة من أعضاء هيئة التدريس(قسم الانثروبولوجيا–كلية الاداب،جامعة الاسكندرية)،  الانثروبولوجيا، دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٩، ص ١٦٣.

هەروەها گۆڕانی کەلتووری پرۆسەیەکە پەیوەستە بە دیاردە و پرۆسە کەلتوورییەکانی ترەوە، بەتایبەت پەیوەستە بە پەیوەندی کەلتوورییەوە، گۆڕانی کەلتووری هەندێك جار بەهۆی ( ڕووداوێکی نەخوازرا و چاوەڕوان نەکراو، یان بەهۆی گواستنەوەی نەریت و بیروبۆچوونە جیاوازەکان لە ڕێگەی گەشت و کۆچی تاکەکان، یان بەهۆی چڕی دانیشتووان و زۆری کەناڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا) ڕوودەدات و لە ڕەفتاری تاکەکاندا ڕەنگدەداتەوە.

رالف لنتؤن، الانثروبولوجيا و أزمة العالم الحديث، ترجمة: عبد الملك الناشف، مؤسسة فرانكلين للطباعة ، بيروت–نيويورك، ١٩٦٧، ص٢٥٣–٢٥٥، ٢٩٥.

[٣]–  چاوپێکەوتن لەگەڵ د. هاوژین صلیوە، ٢٣–٦–٢٠١٧–کۆیە–هەرمۆتە.

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: (ریاض عزیز بطرس)،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٥/١٧. زەکیە سلێمان مەتا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٥. سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. کەژاڵ عمان حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. بەفرین عزیز پەترۆس کۆرە،لەدایکبووی ١٩٥٤،پیشە فەرمانبەر لەکڵێسا،شوێنی چاوپێکەوت: گوندی هەرمۆتە، لەبەرواری ٢٢/ ٥/ ٢٠١٦. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

### و) پۆیلانە:

مەسیحییەکان پێی دەڵێن(سەبەحتە) لە ڕۆژی ئاهەنگی بووك گواستنەوەدا، لە تەنیشتی لای چەپی زاوا بە دوومەترێك سندوقێك دادەنرێت کە لە کارتۆن دروست کراوە و ڕازێنراوەتەوە، هەر کەسێك خێزانێك کە بەشداری ئاهەنگەکەی کردووە، بڕێك پارە دەخاتە زەرفێکەوە و ناوی خۆی و خێزانەکەی لەسەر دەنوسێت و بەدێڕێك دوو دێڕ پیرۆزبای خۆی دەنووسێت و دەیخاتە ئەو سندوقەوە، کارتی بانگێشت نامەکە بەناوی کێوە نوسرابوو، لەسەر زەرفی پارەکەش ئەو ناوە دەنوسرێت، زۆرجار ناوی پیاوی خێزانەکە دەنوسرێت وەك سەرۆکی خێزانەکە، ئەگەر پیاوەکەش مردبێت دەنوسرێت(خێزانی خوا لێی خۆشبێت....).

بڕی پارەی پۆیلانە دیاریکراو نییە و لەسەر بنەمای باری ئابووری کەسەکە و پلەبەندی خزمایەتی دەدرێت، هەتا خزمی نزیك بێت پارە زیاتر دادەنرێت و کەس وکاری زاوا پارە زیاتر دادەنێن، بەڵام هەموو ئەندامانی خێزان پارە نادەن، لەسەر ئاستی خێزانەکە پارە دەدرێت. کە ئاهەنگەکە تەواو دەبێت، نزیکەی سەعات(١٢)ی شەو، لەلایەنماڵی باوکی زاواوە سندوقەکە دەبرێتە ماڵەوە و زەرفی پارەکانی لێدەردەهێنن و لەدەفتەرێکدا ناوی سیانی هەموو ئەو کەسانەی کەپارەیان داناوە دەنووسن و لەبەرامبەر ناوی هەر کەسێکیشدا ئەو بڕە پارەیەش دەنووسن کەدایناوە، بۆ ئەوەی هەرکات کوڕێك یان کچێکی ئەو کەسەی کە پارەکەی داناوە هاوسەرگیری کرد، ئەمانیش هەمان پارەی بەزیادیشەوە بۆ ببەنەوە، بەڵام ماڵی باوکی بووك و زاوا، دوای سێ ڕۆژ، کە پێی دەڵێن(سێ ڕۆژانە)پارە یان زێڕ بۆ ماڵی بووك و زاوا دەبەن.[١]

## ٣- تایبەتمەندییەکانی هاوسەرگیری مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە:

### أ) نەریت یان جۆری هاوسەرگیری:

جۆری هاوسەرگیری مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە (هاوسەرگیری ناوخۆیی ئاینییە)، واتە لەناو هاوئاینی خۆیاندا هاوسەرگیری دەکەن.

### ب) ژن بەژن:

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە تا ساڵی (١٩٩١) ژن بە ژنیان کردووە و نەریتێکی هاوسەرگیری بووە، بەڵام بەکەمی کراوە،[٢]، لە ئێستادا دیاردەی ژن بەژن پەیڕەو ناکەن[٣].

### ج) هاوسەرگیری لەگەڵ موسوڵمان:

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە تەنها لەگەڵ مەسیحیدا هاوسەرگیری دەکەن، واتە هاوسەرگیری ناوخۆیی ئاینی دەکەن، نە کوڕیان و نە کچیان لەگەڵ موسوڵماندا هاوسەرگیری ناکەن. لەڕەهەندێکی

---

[١] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: سۆزان مەرقۆس عەودیش، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٨. د.هاوژین صلیوە عیسا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٧. کەژاڵ عمان حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

[٢] – چاوپێکەوتن لەگەڵ د.هاوژین صلیوە عیسا،٢٠-٨-٢٠١٧، گوندی هەرمۆتە

[٣] – چاوپێکەوتن لەگەڵ: سۆزان مەرقۆس عەودیش، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٨.

ترەوە پرۆگرامی کەنیسە و دایکان و باوکانی مەسیحی کوڕ و کچەکانیان هەر لەمنداڵییەوە بەو ئاڕاستەیە پەروەردە دەکەن، کە دەبێت هاوسەرگیری تەنها لەگەڵ مەسیحی بکەن.(١)

لە ڕێنمایی ئاینی مەسیحییەتدا هاوسەرگیری مەسیحی لەگەڵ موسوڵمان حەرام نییە، لە یاسای کەنیسەشدا حەرام نییە، بەمەرجێك مەسیحییەکە ئاینی خۆی نەگۆڕێت، بەڵگەی ئەمەش هاوسەرگیری مەسیحییەکانە لە ئەوروپا و لوبنان لەگەڵ کەسانی موسوڵماندا.(٢)

لە ساڵانی (١٩٦٠)کانی زاینییەوە تا(١٩٩٠)کانی سەدەی بیستەم، (٤)ئافرەتی مەسیحی لە کۆیە و هەرمۆتە بەشێوەی (ڕەدووکەوتن)* ، هاوسەرگیرییان لەگەڵ پیاوی موسوڵماندا کردووە و بەم هۆیەشەوە لەلایەن دایك و باوك و خزم و کەسەکانیانەوە حاشایان لێکراوە و ڕێگە نادەن سەردانیان بکەنەوە و بەچاووی سووك سەیریان دەکەن(٣)، بەڵام ئەگەر ئێستا کچێك یان کوڕێکی مەسیحی بیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێك یان کچێکی موسوڵماندا بکات، لەلایەن دایك و باوك و کەس و کارییەوە چەند ڕێکارییەك دەگرنە بەر بۆ ئەوەی پەشیمانی بکەنەوە، لەو ڕێکارییانەش:(٤)

١. دایك و باوکی بە گفتو گۆ زۆر هەوڵی لەگەڵ دەدرێت تا پەشیمانی بکەنەوە.

٢. قەشە هەوڵ دەدات بە گفتوگۆکردن پەشیمانی بکاتەوە.

٣. هەوڵدەدەن دوری بخەنەوە و دایبڕن لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە بۆ هاوسەرگیرییەکە هاوکاری دەکات.

٤. هەوڵدەدرێت بینێرن بۆ ئەوروپا.

لە حاڵەتی هاوسەرگیری کوڕێك یان کچێکی مەسیحی لەگەڵ موسوڵماندا، لەلایەن دایك و باوك و کەنیسە و کەس و کارییەوە حاشای لێدەکرێت و ڕێگە نادەن سەردانیان بکاتەوە.(٥)

---

[١] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. زەکیە سلێمان مەتا،لەدایکبووی ١٩٥٠،پیشە:ژنی ماڵ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٥. سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

[٢] - چاوپێکەوتن لەگەڵ (قەشە دنحا تۆما یوسف) عەینکاوە، ٢٠١٦/٤/٦.

[*] – ڕەدووکەوتن دابێکی کۆنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە، بەتایبەت کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە ئەنجامی کۆمەڵێك داب و نەریت و کێشە و گرفت و جیاوازی کۆمەڵایەتی، ئابووری،ئاینی،ڕوودەدات، کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئافرەت و پیاو نەتوانن بە دڵخوازی خۆیان هاوسەری ژیانیان هەڵبژێرن، ڕەدووکەوتن، کاردانەوەیەك بووە لەلایەن بکەری ئافرەتەوە کراوە یان دەکرێت، لە ئەنجامی ڕازینەبوونی ئافرەت بە رامبەر چەند داب و نەریتێك کە هۆکار بووە بۆ بەیەك نەگەیشتنی لەگەڵ پیاوی دڵخوازی خۆی، بەمەبەستی هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوی دڵخوازی خۆی. بوار نورەدین، ڕەدووکەوتن لە کەلتووری کوردیدا، ئینستیتیوتی کەلەپوری کورد ٢٤، چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٢٩٣.

[٣] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: هرمز عیسی کریم،گوندی هەرمۆتە ، ٢٠١٦/٥/١٧. بێستوون عمان حنا،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٩/٢٢. جاکلین کریم عزیز،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٩/٢٢.

[٤] -چاوپێکەوتن لەگەڵ: بێستوون عمان حنا، گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٩/٢٢. جاکلین کریم عزیز، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٩/٢٢.

[٥] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: زەکیە سلێمان مەتا، لەدایکبووی ١٩٥٠، پیشە:ژنی ماڵ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/ ٥/٢٥ . سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

هاوسەرگیری نەکردنی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لەگەڵ موسوڵماندا دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك:[1]

١- یاسای باری کەسێتی لەهەرێمی کوردستاندا، چونکە هەر مەسیحییەك هاوسەرگیری لەگەڵ موسوڵماندا بکات، بەپێی یاسای باری کەسێتی هەرێمی کوردستان و عێراق دەبێت مەسیحییەکە ئاینی خۆی بگۆڕێت و ببێت بەموسوڵمان، ئەگەر نەبێت بەموسوڵمان دادگا گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ ناکات و مارەی ناکات، لەبەر ئەم هۆکارە ئاینی مەسیحی و یاسای کەنیسە ڕەزامەندی بە هاوسەرگیری مەسیحی لەگەڵ موسوڵماندا نادات.

٢- جیاوازی ئاینی و داب و نەریتی کۆمەلایەتی.

٣- لە داب و نەریتی کۆمەلایەتی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا هاوسەرگیری کردن لەگەڵ موسوڵماندا بە(نەنگی و لەکە)دادەنرێت.

٤- هەندێك لە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە تێڕوانینێکی نێگەتیڤیان لەسەر پیاوی موسوڵمان هەیە و دەڵێن: (پیاوی موسوڵمان، برا برا دەکوژێت، موسوڵمان متمانەی نییە، پیاوی موسوڵمان فرە ژنی دەکات و ئەگەر پارەی زۆر بوو، یان ژن دێنێت، یان پیاو دەکوژێت، ژن تەلاقدەدات و ژن دەکوژێت.)

٥- دایك و باوکی مەسیحی ڕازی نابن کچەکەیان یان کوڕەکەیان هاوسەرگیری لەگەڵ موسوڵمان بکات.

٦- کوڕ و کچی مەسیحی خۆشیان حەز ناکەن هاوسەرگیری لەگەڵ موسوڵمان بکەن، چونکە بۆ هاوسەرگیری متمانەیان بە مرۆڤی مەسیحی هەیە .

٧- لەدەستوور و یاسای مەسیحی کەنیسەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا، ڕەزامەندی نەدراوە کچێکی مەسیحی شوو بەکوڕێکی موسوڵمان بکات.

٨- پەرچەکردارێکی مەسیحییەکانە بەرامبەر موسوڵمان، چونکە ئیسلام و موسوڵمانانیش ڕازی نابن کچێکی موسوڵمان بدەن بەکوڕێکی مەسیحی.

### د) هاوسەرگیری لەگەڵ خزمی نزیك:

لە دابونەریتی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا، حەزناکەن هاوسەرگیری لەگەڵ خزمی نزیکدا ئەنجام بدەن، هاوسەرگیری کوڕو کچی (ئامۆزا)لای مەسیحییە کلدانییە کاسۆلیکەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا ڕێگەپێدراو نییە و کەنیسە و داب و نەریتی کۆمەلایەتی ڕێگە نادەن، بەڵام هاوسەرگیری لەنێوان (پورزاو پورزا)و (خاڵۆزا و پورزا) ئاساییە و بەرێژەیەکی کەم کراوە.

مەسیحییە ئاشوورییە ئەرسەدۆکسەکان، هاوسەرگیری لەگەڵ خزمی نزیکدا ناکەن، بێجگە لەکچی مام هاوسەرگیری لەگەڵ کچی خاڵ و کچی پوریشدا ناکەن.

---

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: (قەشە دنحا تۆما یوسف) عەنکاوە، ٢٠١٦/٤/٦. قەشە (زەییا شابا ججی)، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٢. سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. لویزانا جبار دنحا،لەدایکبووی١٩٨٩،پیشە:خوێندکاری ماستەر،:گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٥. هێدی هرمز عیسی،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٢ . دانی سالم عیسا ،:کۆیە، ٢٠١٦/٦/١٢. ئیڤانە شێرکۆ گوریل، لەدایکبووی ١٩٩٦،پیشە:خوێندکاری زانکۆ،شوێنی چاوپێکەوتن:گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٩. زەکیە سلێمان مەتا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٥. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

مەسیحییەکانی هەرمۆتە حەز ناکەن هاوسەرگیری لەگەڵ بێگانە بەخۆیان بکەن، بەڵکو حەزدەکەن، هاوسەرگیری لەگەڵ هەرمۆتەیدا بکەن، واتە زیاتر (هاوسەرگیری ناوخۆیی ئاینی و هاوشوێنی)دەکەن[1]. لەدوای پەیدابوونی فەیسبوك و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە، ئێستا کوڕی هەرمۆتە کچی مەسیحی شوێنی تر دەهێنێت و کچی هەرمۆتەش شوو بە کوڕی مەسیحی شوێنی تر دەکات[2]

## ه) هاوسەرگیری لەنێوان ئاینزا جیاوازەکاندا:

هاوسەرگیری لەنێوان ئاینزا جیاوازەکانی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا کراوە و هیچ ڕێگرییەك نییە لەم بابەتەدا، بەتایبەت هاوسەرگیری لەنێوان مەسیحییە کاسۆلیکەکانی کۆیە و هەرمۆتە و ئایینزاکانی تری مەسیحیدا کراوە.[3]

## و) هاوسەرگیری قەشە و شەماشە :

قەشە ئەگەر پێش ئەوەی ببێت بە قەشە هاوسەرگیری کردبێت و ژنی هەبێت ئاساییە و دەتوانێت ببێت بەقەشە، بەڵام ئەگەر لەو کاتەدا کە دەبێت بە قەشە ژنی نەبوو، کە بوو بە قەشە، ئیتر دوای ئەوە بە پێی یاساکانی کەنیسە ڕەزامەندی پێنادرێت هاوسەرگیری بکات.

## ز) ژنهێنانەوە:

لەئاینی مەسیحیدا ئەگەر پیاو ژنەکەی بمرێت، ڕێگە پێدراوە ژن بهێنێتەوە، لەداب و نەریتی کۆمەڵایەتیشدا بەعەیبە دانانرێت. بەشێوەیەکی گشتی پیاوی مەسیحی لە کۆیە و هەرمۆتەدا، دوای مردنی ژنەکەی بە (ساڵێك) یان (شەش) مانگ یان (سێ) مانگ، ژن دەهێنێتەوە.[4]

## ح) شووکردنەوە:

لە ئاینی مەسیحیدا ئەگەر ئافرەتێك مێردەکەی بمرێت، دەتوانێت شوو بکاتەوە، بەڵام لەداب و نەریتی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا ئەو بێوەژنەی مێردەکەی مردووە، بەلایەوە عەیبە شووبکاتەوە، بەتایبەتی ئەگەر منداڵی هەبێت شوو ناکاتەوە، چونکە لەو باوەڕەدان ئەمە دڵسۆزییانە بۆ منداڵەکانیان، بەڵام ئەگەر بێوەژنێك منداڵی نەبێت، شوو دەکاتەوە. ئەم داب و نەریتەش هیچ پەیوەندییەکی بە ئاینی مەسیحییەوە نییە، بەڵکو هەر داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی خۆیانە، هەروەها ئەو ئافرەتانەی کە تەڵاقدراون بەپێی ئاین و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دەتوانن شوو بکەنەوە[5]

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. هێدی هرمز عیسی، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٢. یوسی حیکمەت حنا، گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٥/٢٩. دانی سالم عیسا،کۆیە، ٢٠١٦/٦/١٢. دنحا سەلمان یەلدا. مریەم ئێلیا عمان، کۆیە، ٢٠١٦/٦/٥. کەژاڵ عمان حنا،کۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا،کۆیە،٢٠١٦/٩/٤. بێستوون عمان حنا، گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٩/٢٢. جاکلین کریم عزیز،گوندی هەرمۆتە، ٢٢ /٢٠١٦/٩ .

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: د. هاوژین صلیوە، ٢٣-٦-٢٠١٧- کۆیە- هەرمۆتە

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کەژاڵ عمان حنا،کۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤.

[4]- چاوپێکەوتن لەگەڵ د.هاوژین صلیوە عیسا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٧.

[5]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: جوان مرقۆس عەودیش، لەدایکبووی ١٩٧٤، لە ساڵی ٢٠٠٥ وە بێوەژنە، پیشە: فەرمانبەر لە زانکۆی کۆیە، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٥. کەژاڵ عمان حنا، ،کۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە،٢٠١٦/٩/٤.

**گ) فرەژنی:**

**لە ئاین و کەلتووری مەسیحییەکاندا، بەهیچ جۆرێك ڕێگە بە فرەژنی نادرێت، هەر بۆیە هیچ حاڵەتێکی فرەژنی لەناو مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا نییە و لەڕابردووشدا ڕووی نەداوە[١].**

**فرە ژنی بەهیچ جۆرێك لەناو مەسیحییەکاندا نەبووە و نییە، لەئاین و لەداب و نەریتی کۆمەڵایەتیشیاندا ڕێگە پێدراو نییە[٢].**

## ٤- تەڵاق:

**حاڵەتی تەڵاق لە نێوان مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا زۆر کەم ڕوویداوە، بە واقعی لەسەر زیناش ژنیان تەڵاق نەداوە، لەسەر نەزۆکیش، بەهیچ جۆرێك ژن و پیاو لەیەك جیانەبوونەتەوە، هۆکاری نەبوونی تەڵاقیش، جگە لەوەی لە ئاینی مەسیحیدا بە تایبەت لە ئاینزای کاسۆلیکدا ڕێپێدراو نییە، هۆکارێکی تری ئەوەیە، کە ژن و پیاوی مەسیحی دڵیان لەیەکتری پیس نییە و متمانەیان بەیەکتری هەیە.[٣]**

**لەئاینی مەسیحییەتدا ئەگەر ژن و پیاوێك بەیەکەوە نەگونجان و کێشەیان هەبوو ئەوا بۆ ماوەیەك لەیەکتری جیادەکرێنەوە(انفصال) بەجیا دەژین و هەر یەکەیان لەماڵێکدا دەژین، بەئامانجی ئەوەی لەو ماوەیەدا ڕێك بکەونەوە و کێشەکەیان چارەسەر بکرێت و بگەڕێنەوە بۆ لای یەك، لە ئێستادا (٢) حاڵەتی جیابوونەوە لەکۆیە ڕوویداوە[٤] ، ئەگەر کێشەکەیان چارەسەر نەکرا، ئەوا دوای سێ ساڵ، یان چوار ساڵ، لەسەر داوای خۆیان و بەدانیشتنی دادگای کەنەسی، ئەو جیابوونەوەیە دەبێتە تەڵاق و جیابوونەوەی هەمیشەیی، پاشان دەتوانن هاوسەرگیری بکەنەوە، لە حاڵەتی (خیانەتی هاوسەریی) پیاو یان ژندا، ئافرەت و پیاو هەردووکیان بەبێ جیاوازی، مافی ئەوەیان هەیە، داوای جیابوونەوە و تەڵاق بکەن.[٥]**

**بەپێی نوسراوی کەنیسەی کۆیە و هەرمۆتە، لەساڵی(٢٠١٠- ٢٠١٧)، لە ناو مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا، (٣)حاڵەتی جیابوونەوە ڕوویداوە[٦].**

---

**[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: زەکیە سلێمان مەتا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٥. (هیلان عیسی کریم)لەدایك بووی ساڵی١٩٦٥،پیشە:بەڕێوەبەری قوتابخانەی هەرمۆتەی بنەرەتی تێکەڵاو،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٥/١٥. (دونیا جبار دنحا)، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٥. کەژاڵ عمان حنا ،کۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە،٢٠١٦/٩/٤.**

**[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: د.هاوژین صلیوە عیسا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٧. کەژاڵ عمان حنا، ،کۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە،٢٠١٦/٩/٤.**

**[٣]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: (هیلان عیسی کریم)،قوتابخانەی هەرمۆتەی بنەرەتی،٢٠١٦/٥/١٥. (دونیا جبار دنحا)، هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٥. (قەشە دنحا تۆما یوسف ، عەینکاوە،٢٠١٦/٤/٦. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.**

**[٤]- قەشە دنحا تۆما یوسف ، عەینکاوە،٢٠١٦/٤/٦.**

**[٥]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کەژاڵ عمان حنا، ،کۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.**

**[٦]- نوسراوی کەنیسەی کۆیە و هەرمۆتە، لە پاشکۆی ژمارە(٤)دا نیشاندراوە.**

## ٥- جۆر و قەبارەی خێزان(العائلة- Family):

**جۆری** خێزانی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە ڕابردوودا زۆربەیان خێزانی درێژکراوە(العائلة الممتدة) بوون، لە ئێستاشدا زۆربەی خێزانەکان خێزانی درێژکراوەن، بەشێك لە خێزانەکانیش خێزانی بچووکن(العائلة النووية- الصغيرة).

لە ئێستادا کوڕ و کچێکی مەسیحی لە کۆیە و هەرمۆتە، کە هاوسەرگیری دەکەن، زۆربەیان جیانابنەوە و لەخانوویەکی سەربەخۆدا ناژین، بەڵکو لەگەڵ ماڵی باوکی کوڕەکەدا دەژین، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ: (گەورەیی خانووەکانیان، گونجانی بوك و خەسو چونکە هەردولا دەزانن کە ئاینەکەیان ڕەزامەندی بە تەلاق نادات و دابونەریتی کۆمەڵایەتی مەسیحییەکان و کۆیە کە حەزدەکەن زیاتر لەگەڵ و لەدەووری یەکتری بن) ئەوانەشی کە جیابوونەتەوە لە قاتی سەرەوەی ماڵی باوکی کوڕەکەدا دەژین، یان لە شووقەدا دەژین(شووقەی مەسیحییەکان لە کۆیە)، بەڵام ئەگەر کچەکە تاقانە بێت و تەنها دایکی هەبێت، لەو حاڵەتەدا کوڕەکە دەچێتە ماڵی کچەکە[١].

## ٦- پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە چەند ڕایەڵە و جۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتییان هەیە، لێرەدا بە چەند خاڵێك باسیان دەکەین:-

### أ) پەیوەندی خزمایەتی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە:

سیستەمی خزمایەتی یەکێکە لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی (بونیادی کۆمەڵایەتی)[*] و لە هەموو کۆمەڵگە و کەلتوورێکدا هەیە و یاسایەکی جیهانییە و دابەش دەبێت بۆ دوو بەش: (خزمایەتی خێزانی(هاوخوێنی) و خزمایەتی هاوسەرگیری-ژن و ژنخوازی)[٢]. ئەرکی سیستەمی خزمایەتی لەشێوە تەواوکارییەکەیدا کارلێکی سیستەمی خزمایەتی و پەیوەست بوونییەتی بە خودی سیستەمەکەوە[٣].

لێرەدا سیستەم و پەیوەندی خزمایەتی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بەچەند خاڵێك ڕووندەکەینەوە:-

١) بنچینەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و خزمایەتییان بریتییە لە:(خێزان و بنەماڵە و ژن و ژنخوازی و ئاین و شوێن).

٢) بەسەر خێڵ و تیرەدا دابەش نەبوون، (دەرەبەگ و ئاغا)یان لەناودا نەبووە.

---

[١] - چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.باسیمە عیسا کریم،

[*] - بونیادی کۆمەڵایەتی: بریتییە لە تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کردارییەکان کە لەنێوان سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگەدا دروست دەبێت، بەگۆڕانی یەکەیەك لە یەکەکانی بەهۆی سیستەم و ڕێکخستنەوە هەر بەردەوام دەبێت و بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە گۆڕان و بزاوت و نوێبوونەوەدایە. قباری محمد اسماعیل(د)، رادکلیف براون، مطبعة الوادی، الناشر المعارف بالاسكندرية، ١٩٧٧، ص ٣٥٠-٣٥٢.

[٢] - احسان محمد الحسن، العائلة والقرابة والزواج، دار الطليعة للنشر، بيروت، ١٩٨١،ص ١٩. عاطف وصفي(د)، الانثروبولوجيا الاجتماعية،الطبعة الثالثة،دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨١، ص١١٧.

[٣] - قباری محمد اسماعیل، اصول الانثروبولوجيا العامة، دار المعرفة الجامعية، ١٩٨٠،ص ٢٤٨.

**٣) بنەماڵەیان هەیە و گەورەترین یەکە و دامەزراوەی خزمایەتییە، ئەو بنەماڵە مەسیحییانەی لەناوەندی قەزای کۆیەدا ژیاوون ئەمانەبوون:( بنەماڵەی قەشان لە هەرمۆتەوە چوونەتە کۆیە، بنەماڵەی مەربێنی حانیَ- بنەماڵەی خواجا ئەبرەها لە ناوچەی موسڵەوە هاتوون، بنەماڵەی خواجا فەرەنسی جەردیس کە بە بنەماڵەی (حەوێزە) ناسراوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە هیرانەوە هاتوونەتە کۆیە، بنەماڵەی شموونی پەری(بنەماڵەی باوکی قەشە یوسف پەری) لە سنەوە هاتوونەتە کۆیە و چەند بنەماڵەیەکی تریش وەك شەماس حەننا و مەربێنی قەشە و سەلمانە سوور و وەستا ئێلیا و خواجە یەلدا ( باوکی خاڵە سێوەی هونەرمەند).[1]**

**مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە، لەمەسیحییەکانی کۆیە کۆنترن و لەشەش (بنەماڵە)[**] پێکهاتوون، ( بنەماڵەی پەترۆس شمعون(پەترۆس کۆرە)، بنەماڵەی توما نیسان(تۆما قەساب)، بنەماڵەی ئسولە، بنەماڵەی عەبدالی، بنەماڵەی کەریمەزەرد، بنەماڵەی مام سبە)[2] چوار بنەماڵەیان کە لە هەموویان کۆنترن و ئەمانەن: (عەبدالی، توما نیسان(تۆما قصاب)، پطروس شمعون(کۆرە دیان)، مام سبە))، بەڵام بنەماڵەی (ئسولی) لە ئێرانەوە هاتوون و (بنەماڵەی کەریمە زەرد) لەناوچەی خۆشناوەتییەوە لای هیران و نازەنینەوە هاتوونەتە هەرمۆتە[3].**

**٤) ژن و ژنخوازییەکی زۆر لە نێوان بنەماڵەی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا ڕوویداوە و بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە پەیوەندییەکی خزمایەتی پتەو لە نێوانیاندا هەیە.**

**٥) شەڕ و ئاژاوە لە نێوانیاندا نییە.**

**٦) پەیوەندی خزمایەتی خێزانی (هاوخوێنی) و ژن و ژنخوازی لە نێوانیاندا هەیە.**

**٧) نەسەب و ڕەچەڵەکی باوك و دایك هەردووکیان ڕێگا و هۆکاری دروستبوونی خزمایەتین.**

**٨) خزمی باوك کە پێی دەڵێن:(پشت)بە خزمی نزیکتر دەزانن لە خزمی دایك کە پێی دەڵێن:(سك).**

**٩) پەیوەندی خزمایەتییان تاڕادەیەکی باش پتەوە، شەوان خزمە نزیکەکان میوانداری یەکتری دەکەن،لە کاتی نەخۆشی و لە جەژنەکان و ئاهەنگ و پرسەدا سەردانی یەکتری دەکەن و بەشداری خۆشی و ناخۆشی یەکتری دەکەن، هاوکاری و پارێزگاری لە یەکتری دەکەن.**

**١٠) بەهۆی ژن و ژنخوازیشەوە زۆربەی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بوون بە خزمی یەکتری.**

**١١) ئینتیمایان بۆ خێڵ و تیرە و هۆز نییە، چونکە لە بنەڕەتەوە خێڵ و هۆزیان نییە، بەهۆی کاریگەری ئاینی مەسیحی لەسەریان، ئینتیمایان بۆ ئاینی مەسیحی هەیە و هەموو مەسیحییەك، بەتایبەت مەسیحی**

---

[1]- کەریم شارەزاو ئەوانی تر،کۆیە لەڕەوتی شارستانیەتدا،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری - هەولێر،چاپی یەکەم،٢٠٠٩،ل ٢١٢-٢١٣.

[**]- بنەماڵە(البدنە): پێکدێت لە کۆمەڵێك خزم، کە درێژکراوەی یەك باپیرن، لە نەسەبی دایك بێت یان باوك. محمد عبدة محجوب، طرق البحث الانثروبولوجی- النسق القرابی، دار المعرفة الجامعیة، دار نشر الثقافة بالاسکندریة، ١٩٨٥، ص٩٩

[2]- هاوژین صلیوە، مێژووی هەرمۆتە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧-٥٤.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: (ریاض عزیز بطرس)لەدایك بووی ١٩٦٢،پیشە:ئەنجومەن و مامۆستای سەرەتایی، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٧. ئازاد فەرەنسیس کریم، لە دایکبووی ١٩٦٢، پیشە: جوتیار و فەرمانبەر، گوندی هەرمۆتە ٢٠١٧/٢/٢١.

هەرمۆتە و کۆیە بە جۆرێك لەخزمی خۆیان دەزانن، بەتایبەت مەسیحییە هەرمۆتەییەکان هەموویان خۆیان بەخزمی یەك دەزانن و لە ڕاستیشدا بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە هەموویان بوون بەخزمی یەکتری[١] .

**١٢) پلەبەندی سیستەمی خزمایەتی:**

کەس و کاری دایك و باوك هەردوولایان بە خزمی خۆیان دەزانن، لەسیستەمی خزمایەتییاندا پلەی خزمایەتی باوك نزیکتر و بەهێزترە لەپلەی خزمایەتی دایك، پلەبەندی خزمایەتی لەخزمی زۆر نزیکەوە دەست پێدەکات بەم جۆرە: ( باوك، دایك، برا، خوشك، مام، خاڵ، ئامۆزا، پوور – خوشکی باوك، پوور– خوشکی دایك، پورزای خوشکی باوك، خاڵۆزا، پورزای خوشکی دایك.)[٢]

## ب) پەیوەندی دراوسێیەتی:

پەیوەندی دراوسێیەتی و هاوگوندی لەنێوان مەسیحییەکان خۆیان و لەنێوان مەسیحییەکان و موسوڵمانەکانی کۆیە و گوندی هەرمۆتەدا، پەیوەندییەکی باش و بەهێزە و بەشداری پرسە و ئاهەنگی یەکتری دەکەن، میوانداری یەکتری دەکەن و لە جەژنەکان و لە کاتی نەخۆشی و منداڵبوون و هاتنی دراوسێی تازەدا، سەردانی یەکتری دەکەن و جەژنان پیرۆزبایی لەیەکتری دەکەن[٣] .

مەسیحییەکانی کۆیە وەك مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە نین، کە زۆربەی دراوسێکانیان مەسیحی بن، بەڵکو زۆربەی مەسیحییەکانی کۆیە ئەوانەی لەگەڕەکەکانی کۆیە دەژین، دراوسێکانیان موسوڵمانن، پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی باش و بەهێزیان لەگەڵ دراوسێکانیاندا هەیە و لە کاتی جەژنەکاندا پیرۆزبایی لەیەکتری دەکەن، سەردان و بەشداری پرسەی یەکتری دەکەن و لە کاتی نەخۆشیدا سەردانی یەکتری دەکەن، لەئاهەنگی بووك گواستنەوەدا بانگێشتی دراوسێ نزیکەکانیان دەکەن و بەشداری ئاهەنگی یەکتری دەکەن[٤]

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: زەکیە سلێمان مەتا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٥. هرمز عیسی کریم،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٧. ئیڤانە شێرکۆ گوریل، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٩. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

[٢]– چاوپێکەوتن لەگەڵ: دنحا سەلمان یەلدا، مریەم ئێلیا عمان،کۆیە، ٢٠١٦/٦/٥.

[٣]– چاوپێکەوتن لەگەڵ: هرمز عیسی کریم، گوندی هەرمۆتە ٢٠١٦/٥/١٧. (هیلان عیسی کریم)،قوتابخانەی هەرمۆتەی بنەرەتی، ٢٠١٦/٥/١٥. (دونیا جبار دنحا) باخچەی منالانی هەرمۆتە،٢٠١٦/٥/١٥. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١. بێستوون عمان حنا،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٩/٢٢. جاکلین کریم عزیز،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٩/٢٢ .

[٤]– چاوپێکەوتن لەگەڵ: ئیسحاق جرجیس یوسف،کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٢. سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. امل اسحاق میخا، کۆیە، ٢٠١٦/٦/٢٠.

## ج) پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ موسوڵمانەکاندا:

شاری کۆیە لە ڕابردوودا مەڵبەندی ڕۆشنبیری بووە، بوونی مەلای ڕۆشنبیر و نوسەر و بیرمەند و شاعیر و خوێندەواری ڕۆڵی ئەرێنیان لە تەبایی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و پەیوەندی دۆستانەی نێوان موسوڵمان و مەسیحییەکاندا هەبووە، بەڕێز (مەلای گەورەی کۆیە)* نەخشی گەورەی هەبووە لە پاراستنی پەیوەندی مرۆڤدۆستانەی نێوان موسوڵمان و جووەکان و مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە و هەموو کات جەختی لەسەر دادپەروەری کردووەتەوە[١]، هەروەها ئاغاکانی کۆیە یارمەتی مەسیحییەکانیان داوە و تووشی هەر گرفتێك بوونایە، هانایان بۆ ئاغاکان بردووە و (حەمە ئاغای گەورە و کاکە زیادی کوڕی)هاوکاریی و پشتیوانی مەسیحییەکانیان کردووە[٢].

پەیوەندی نێوان مەسیحییەکان و جووەکانی کۆیە لەگەڵ موسوڵمانەکاندا، بە تەبایی و برایەتی بووە، لە نێوانیاندا ڕوینەداوە، بەناوی موسوڵمانەکانی کۆیەوە و بەکۆمەڵ دەست درێژی نەکراوەتە سەر مەسیحییەکان، قەشە و پیاوانی ئایینیان لە لایەن موسوڵمانەکانەوە ڕێزیان لێگیراوە[٣]. جیاوازی ئاینی لە لە کۆیە و هەرمۆتە، نەبووەتە هۆی درووستبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی نێوان موسوڵمان و مەسیحییەکاندا، پەیوەندی کۆمەڵایەتی مەسیحییەکانی هەرمۆتە لەگەڵ موسوڵمانەکان زۆر باشە و هیچ کێشەیەکییان نییە و پەیوەندییەکی دۆستانە و (پەیوەندی کەلتووری)** لە نێوانیاندا هەیە.

---

*- مەلای گەورەی کۆیە: ناوی ( محمد کوڕی حاجی مەلاعبداللەی جەلیزادە کوڕی حاجی مەلا ئەسعەدی جەلیزادەی کوڕی مەلا عبداللەی جەلیزادەی کوڕی مەلا عبدالرحمنی جەلیزادە کوڕی مەلا عبداللەی کاکی جەلی)یە، لە ساڵی( ١٨٧٦ )ی زاینی لە کۆیە لەدایکبووە، لە ساڵی( ١٩٤٣) لە کۆیە کۆچی دوایی کردووە، یەکەم کەس بووە لە کوردستاندا کچی خۆی کەناوی (نەجیبە)یە و ناسراوە بە (نەجیبە خانی جەلیزادە) ناردووەتە قوتابخانەی کوڕان و لەگەڵ کوڕان خوێندوویەتی، هەروەها ( مەسعود محمد ) ی بیرمەند و نوسەریش، کوڕی ( مەلای گەورەی کۆیە)یە. مەسعوود محەممەد: گەشتی ژیانم، چاپی سێیەم، سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٩، ل ٥-١٢، ٣٥٥-٣٥٦.

١- عبدالخالق علاءالدین، مەلای گەورە زانا و ئەدیب و شاعیر، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر،٢٠٠٩، ل ٢٥،٣٣

٢- مەسعود محەمەد، حەمەئاغای گەورە، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٤٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ یعقووب موسا حەننا، لەدایکبووی ١٩٣٨، پیشە: جوتیار، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٣/٣١.

٣- مەسعود محەمەد، هەمان سەرچاوە. ل ٤٣.

**- پەیوەندی کەلتووری: پەیوەندی ڕاستەوخۆی دوو کۆمەڵی کەلتوور جیاواز دەگرێتەوە، بەهۆی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوانیان کە بۆ ماوەیەکی تا ڕادەیەك درێژ لە شوێنێکدا نیشتەجێن دروست دەبێت و لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییەوە کاریگەری مادی و مەعنەوی لە ڕەفتاری یەکێکیان یان هەردووکیاندا ڕوودەدات.

قیس النوري، طبیعة المجتمع البشري في ضوء الانثروبولوجیة الاجتماعیة-الجزء الثانی،مطبعة الاداب فی النجف الاشرف، ١٩٧٢،ص٣٨٤.

کلود لڤی شتراوس زانای ئەنسرۆپۆلۆجستی فەرەنسی دەڵێت: هەموو کەلتوورێکی پێشکەوتووی ئەمڕۆی سەردەم، بەرهەمی کارلێك و پەیوەندی نێوان کەلتوورە جیاوازەکانە، هەموو کەلتوورێك بۆ ئەوەی گەشەبکات پێویستی بە پێکەوە ژیان و پەیوەندی کەلتووری هەیە، هەروەها دەڵێت: ڕاستە مرۆڤایەتی بەهۆی دووری شوێنی جوگرافی و تایبەتمەندی ژینگە، کەلتووری جیاوازیان بەرهەمهێناوە، بەڵام لە هەمان کاتدا کۆمەڵگەکان ناتوانن بە دابڕاوی لە یەکتری کەلتوورێکی پێشکەوتوو بەرهەمبهێنن. کلود لیڤی شتراوس، العرق والتأریخ، ترجمة: د.سلیم حداد، المؤسسة الجامعیة للدراسات، الطبعة الرابعة، بیروت، ٢٠٠٨، ص ٩-١٢، ٥٦، ٦٢.

میوانداری یەکتری دەکەن و خواردن و خواردنەوەی یەکتری دەخۆن، لە کاتی کشتوکاڵکردن و دروێنە و باخداری و زەیتوون ڕنیندا هاوکاری یەکتری دەکەن. بەشێك لە موسوڵمانەکانی گوندی هەرمۆتەش بەهۆی تێکەڵبوونی خێزانی و کارکردن بەهەرەوەزی و دراوسێیەتییەوە زمانی سریانی دەزانن و لەزمانی سریانی تێدەگەن. پیاوە مەسیحییەکانی هەرمۆتە ڕۆژانە لەگەڵ پیاوە موسوڵمانەکان لەچایخانەی گوندەکە یاری دۆمینە و کۆنکان بەیەکەوە دەکەن، جەژنانیش مەسیحییەکان پیرۆزبای لەموسوڵمانەکان دەکەن و موسوڵمانەکانیش جەژنە پیرۆزە لە مەسیحییەکان دەکەن و بەشداری پرسە و ئاهەنگی بووك گواستنەوەی یەکتری دەکەن[1].

لە کۆیەش مەسیحییەکان بەهەمان شێوەی هەرمۆتە لەگەڵ موسوڵمانەکان پەیوەندی کۆمەڵایەتیان باشە و جەژنانیش مەسیحییەکان پیرۆزبای لەموسوڵمانەکان دەکەن و موسوڵمانەکانیش جەژنە پیرۆزە لەمەسیحییەکان دەکەن و بەشداری پرسە و ئاهەنگی بووك گواستنەوەی یەکتری دەکەن[2]

بناغەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی مەسیحییەکان لەگەڵ موسوڵمانەکاندا تێڕوانینی ڕێژەییانەیە و هەڵسەنگاندنیان بۆ کەلتووری موسوڵمانەکان( ڕێژەیی کەلتوورییە)*

پەیوەندی کۆمەڵایەتی مەسیحی و موسوڵمان لە ڕابردوودا، واتە لە ساڵەکانی نۆسەدەکانی سەدەی بیستەمدا، باش و پتە و بووە، وەك برا و خۆشەویستی یەکتری، لە گوندەکەدا بەیەکەوە ژیاون، چەندین جار کەنیسەی گوندەکە نۆژەن کراوەتەوە، موسوڵمانەکانیش شان بەشانی مەسیحییەکان خۆبەخشانە کاریان تێدا کردووە، بەهۆی ئەم پەیوەندی و کارلێکە کۆمەڵایەتییەی نێوان مەسیحییەکان و موسوڵمانەکانەوە بەشێوەیەکی ئاشتیانە (پەیوەندی کەلتووری)پەیدابووە کە لە بەشداریکردنی مەراسیمە کۆمەڵایەتییەکانی یەکتریدا دەبینرێت.

هەروەها موسوڵمانەکانی گوندەکەش بەهەمان شێوەی مەسیحییەکان، بە ئازادانە پراکتیزەی سرووتی ئاینی خۆیان دەکەن و مزگەوتێکیان لە گوندەکەدا هەیە، کە لە ساڵی(٢٠٠١)زاینی دروستیانکردووە، بەڵام منارە و موکەبەرەی نییە و بانگی تێدا نادرێت و مەلای نییە و نوێژی بەکۆمەڵی تێدا ناکرێت، تەنها مجەورێکی (کارگوزارێکی)هەیە و بەتاك موسوڵمانەکانی گوندەکە نوێژی تێدا دەکەن، هۆڵێکی پرسەی تێدایە پرسەی موسوڵمانەکانی تێدا دادەنرێت، لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی کۆیە وەك هۆڵی پرسە تۆمار کراوە[3]

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: (ریاض عزیز بطرس)،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٥/١٧. هێدی هرمز عیسی، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٢. فەهد گەوریل یوسف،لەدایکبووی ١٩٦٣،پیشە:چایچی چایخانەی هەرمۆتە، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٥. بێستوون عمان حنا،گوندی هەرمۆتە،٢٢ /٩/ ٢٠١٦. جاکلین کریم عزیز،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٩/٢٢.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. دنحا سەلمان یەلدا، مریەم ئێلیا عمان، کۆیە، ٢٠١٦/٦/٥. فەهد گەوریل یوسف،لەدایکبووی ١٩٦٣،پیشە:چایچی چایخانەی هەرمۆتە، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٥. بێستوون عمان حنا،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٩/٢٢. جاکلین کریم عزیز،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٩/٢٢ .

*— ڕێژەیی کەلتووریی: ئەو تێڕوانینەیە کە باوەڕی وایە کە هەموو مۆراڵەکان و یاساکان و پێداویستییە کەلتوورییەکان پێویستە لە کۆنتێکست و گۆشەنیگای خودی هەمان کەلتوور و کۆمەڵگەوە دادوەری بکرێت و هەڵسەنگاندنیان بۆبکرێت.
Bolaffi, G. (Ed.). (٢٠٠٣). Dictionary of race, ethnicity and culture. Sage. p. ٦٠

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ قاسم حوسێن عبدالله، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٨.

بەهۆی (بڵاوبوونەوەی کەلتورییەوە)[**] پەیوەندی کەلتووری لەنێوان مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە و موسوڵمانەکانی دراوسێیاندا ڕوویداوە، مەسیحییەکان هەندێك شتی کەلتوورییان لە موسوڵمانەکان وەرگرتووە بەنموونە وەك: (ماڵی جیا بۆ تازە بووك، زێڕ بەخۆداکردنی ئافرەتان، نەچوونە سەرکار لە ڕۆژی هەینیدا، چوونە سەرکار لەڕۆژی یەك شەممەدا، لەبەر کردنی جلی کوردی بۆ ئاهەنگ و لەکاتی ئاساییدا، زمانی کوردی، پۆشینی جلی ڕەش بۆ پرسە، چێشتی قەرەخەرمان) بەبڕوای مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە موسوڵمانەکانی کۆیە و هەرمۆتە هەندێك توخمی کەلتوورییان لە مەسحییەکانەوە وەرگرتووە، بە نموونە وەك (خۆگۆرینی ژنان، چێشتی بریانی، کفتەی ساوەر، کولیچە، ڕێکخستنی ناو ماڵ بەتایبەت ژووری نوستن و دانیشتنی میوان)[1]

## د) هاوڕێیەتی:

پەیوەندی هاوڕێیەتی وەك بەشێك لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەناو مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا پەیوەندییەکی بەهێزە، لەهاوڕێیەتیدا کوڕ و کچی مەسیحی لەناوخۆیاندا زۆر کراوە و تێکەڵن، هەروەها مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە هاوڕێی موسوڵمانیان هەیە و کوڕی مەسیحی هاوڕێیەتی کوڕ و کچی موسوڵمان دەکات، کچیشیان هاوڕێیەتی کچ و کوڕی موسوڵمان دەکات، بەتایبەت لە زانکۆ و پەیمانگا و فەرمانگەکان[2]، هەروەها ژنە مەسیحییەکانیش هاوڕێی ژنی مەسیحی و موسوڵمانیشیان هەیە[3]

## ه) پەیوەندی خۆشەویستی:

سەبارەت بە پەیوەندی خۆشەویستی لای مەسیحییەکان، بابەتێکی هەستیار و پەنهانە، لە کۆیە و هەرمۆتە، کوڕی مەسیحی، خۆشەویستی لەگەڵ کچی موسوڵماندا ناکات و کچی مەسیحیش، خۆشەویستی لەگەڵ کوڕی موسوڵماندا ناکات، تەنیا لەناو خۆیاندا خۆشەویستی دەکەن، زۆر جار خۆشەویستی کوڕ و کچەکانیش بە ئاگاداری دایك و باوکیانە و حاڵەتێکی ئاساییە، بەمەرجێك خۆشەویستەکەیان مەسیحی بێت، سەرەڕای ئەوەی کە کوڕان و کچانی مەسیحی لەبەر جیاوازی ئاینی و

---

[**] - بڵاوبوونەوەی کەلتووری( Cultural Diffusion ): دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە سەردەمی دروستبوون و بڵاوبوونەی مرۆڤ لەسەر زەوی ڕوویداوە، کە ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە گواستنەوە و گەشەکردن و گۆڕانی کەلتووردا، بەپێی قوتابخانەی ئەمریکی و بیروباوەڕی (کلارك ویسلر) بریتییە لە پرۆسەیەکی ئاڵۆزی بڵاوبوونەوەی توخمە کەلتوورییەکانی ناوچەی کەلتووریی جیاواز، یان کۆمەڵەی کەلتووریی جیاواز، کە بەهۆی ( نزیکی شوێنی جوگرافی و تێپەڕبوونی کات و هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە) بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە نێوانیاندا بڵاودەبێتەوە،

سامیة علي حسنين، نجلاء عاطف خليل، مدخل الى الأنثروبولوجيا، جامعة المنصورة، ٢٠٠٩، ص٩٨. عبدالحميد لطفى، الأنثروبولوجيا الاجتماعية، الطبعة الثانية، دار المعارف بمصر، مطبعة دار نشر الثقافة، ١٩٧١، ص١٢٥-١٣٠ .

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ (دونیا جبار دنحا)،شوێنی چاوپێکەوتن:باخچەی منالانی هەرمۆتە،بەرواری چاوپێکەوتن: ٢٠١٦/٥/١٥.

[2] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: (خەندە ریاض عزیز،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٧ . هێدی هرمز عیسی،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٢. یوسی حیکمەت حنا،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٥/٢٩. دانی سالم عیسا،کۆیە، ٢٠١٦/٦/١٢.

[3] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. (خەندە ریاض عزیز،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٧ . هێدی هرمز عیسی،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٢، یوسی حیکمەت حنا،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٥/٢٩. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

داب و نەریتی کۆمەڵایەتی لەگەڵ موسوڵمانەکاندا خۆشەویستی ناکەن، دایك و باوکیشیان ڕازی نابن کوڕ و کچەکەیان خۆشەویستی لەگەڵ موسوڵماندا بکات، هەر لەمنداڵییەوە کوڕ و کچی مەسیحی لەخێزان و لە کەنیسە بەهۆی پرۆگرامی خوێندن و پەروەردەی مەسیحییەوە فێریان دەکەن، کە نابێت خۆشەویستی لەگەڵ موسوڵماندا بکەن، ئەگەر ئاشکرا ببێت کچێکی مەسیحی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی موسوڵماندا هەیە، ئەوا لای کۆمەڵی مەسیحییەکان بەچاوی سوك سەیری ئەو کچە دەکرێت و قسە و لۆمەی خەڵکی دەچێتە سەر[1].

سەبارەت بەخۆشەویستی دکتۆر هاوژین سلێوە دەڵێت:

((سەبارەت بەوەی کوڕ و کچانی مەسیحی لەگەڵ موسوڵمانان خۆشەویستی ناکەن، ئەوە دیوە ڕووکەشەکەیەتی، لە واقعدا حاڵەت هەیە کچی موسوڵمان خۆشەویستی لەگەڵ کوڕی مەسیحی کردووە، بەپێچەوانەشەوە، کچی مەسیحیش حەزی لە کوڕی موسوڵمان کردووە، بەڵام بەهۆی جیاوازی کەلتوور و ئاینەوە،ڕێگرییان لێکردوون و پرۆسەکە بە ئاکام نەگەشتووە، لەدڵی خۆیاندا حەز و خۆشەویستییەکەیان شاردووەتەوە، بەڵام وەك ژیلەمۆ بەدزییەوە ئەم بڵێسەیە هەر هەیە و نەکووژاوەتەوە ))[2]

## و) پەیوەندی ژن و مێردایەتی:

ئەنسرۆپۆلۆجیای کۆمەڵایەتی گرنگییەکی زۆر بە پەیوەندییە سێکسییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بە درێژای قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەدات، تا دەگاتە پەیوەندی ژن و مێردایەتی باوی ئێستای کۆمەڵگە، کە لە (خێزاندا) خۆی نمایش دەکات[3].

پەیوەندی ژن و مێردایەتی، لە ناو خێزانی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا، لە ڕابردوودا جیاواز بووە لە ئێستا، لە ڕابردوودا واتە پێش ساڵانی (١٩٦٠) ژن تا ڕادەیەك چەوسێنراوەتەوە و مافەکانی پێشێلکراوە، هەندێك لە پیاوەکان لە ژنەکانیان داوە، هەندێك باوك و برا نەیانهێشتووە کچ و خوشکەکانیان لە قوتابخانە بخوێنن، هەندێك لە پیاوەکان جنێویان بەژن داوە، ئەگەر پیاوێك باش بووبێت لەگەڵ ژن و گوێڕایەڵی ژنەکەی بووبێت پێی وتراوە(ئۆمەر)، ئەگەر پیاوێکیش زاڵ بوبێت بەسەر ژنەکەیدا پێی وتراوە(خدر)[4].

لە ئێستادا پەیوەندی ژن و مێردایەتی، لە ناو خێزانی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا، لەسەر بناغەی ڕێز و خۆشەویستی و ڕاستگۆی و یەکسانییە، بەشێوەیەکی گشتی متمانەیان بەیەکتری هەیە و خیانەت لەیەکتری ناکەن، لە کار و ئیشی ماڵدا هاوکاری یەکتری دەکەن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئیشەکانی ماڵ ژن دەیکات، بەهیچ جۆرێك پیاو توندوتیژی بەتایبەت لێدان و توندوتیژی جەستەیی بەرامبەر ژن ئەنجام نادات، توندوتیژی دەروونی و جنێو و قسەی ناشیرین لە نێوان ژن و مێردا نەبووەتە دیاردە، ڕەوشی پەیوەندی ژن و مێردایەتییان ترس و لێدان و توندوتیژیی و خۆسەپاندنی تێدا نییە، ژن

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. (خەندە ریاض عزیز، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٧ . هێدی هرمز عیسی، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٢. یوسی حیکمەت حنا، گوندی هەرمۆتە ، ٢٠١٦/٥/٢٩. دانی سالم عیسا، کۆیە، ٢٠١٦/٦/١٢. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

[2]-چاوپێکەوتن لەگەڵ: د. هاوژین صلیوە، ٢٣-٦-٢٠١٧، کۆیە- هەرمۆتە.

[3]- علي جباوي، المصدر السابق،ص ٢١٣.

[4]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: هیلان سلێمان مەتا، لەدایکبووی ١٩٤٤، پیشە ژنی ماڵ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦ /٧/٢٥.

و مێرد بە ئاشتی و یەکسانی پێکەوە دەژین، ژنان هەست بە زوڵم و نایەکسانی و پێشێلکردنی مافەکانیان ناکەن و مافەکانیان پارێزراوە، لە هەندێك خێزاندا ژن هەندێك جار بیروڕای خۆی لەماڵدا زاڵ دەکات، لەبەرئەوەی ئافرەتی مەسیحی ترسی تەڵاق و ژنهێنان بەسەریدا نییە. لە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا پیاو سێبەر و پشتە بۆ ژن، پیاوی مەسیحی کارێك ناکات ئەگەر بیروڕای ژنەکەی وەرنەگرێت[1]

هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە لە پەیوەندی ژن و مێردایەتیدا، دەگەڕێتەوە بۆ خوێندەواربوونی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە، چونکە لەساڵی(١٩٤٧) وە قوتابخانەی حکومی لە گوندی هەرمۆتەدا کراوەتەوە، هەروەها ڕێنماییەکانی قەشەش ڕۆڵی ئەرێنی هەبووە لە باشکردنی پەیوەندی نێوان ژن و مێرد و بەردەوام قەشە لە وتارەکانیدا، ڕێنمایی پیاوەکانی کردووە، کە ڕێزی ژنەکانیان بگرن و لەگەڵیاندا باش بن.

## ٧- شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی:

شێوازی ژیانی مەسیحییەکانی کۆیە (شار) نشین بوون و مۆرکی شارستانییان پێوە دیارە، چونکە :- [2]

أ) زۆرینەی ڕەهای مەسیحییەکانی کۆیە خوێندەوارن .

ب) سەرجەم دامەزراوە ئیداریی و سیاسی و ئابووری و پەروەردەیی و ئاینی و تەندروستییەکان لە قەزای کۆیەدا هەیە.

ج) بوونی پیشەی جۆراوجۆر و دوکان و بازاڕ لە کۆیە، مۆرکی شار و شارستانییە.

لە ڕابردوودا شێوازی ژیانی مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە(گوند نشینی)بووە، لەو گوندەدا بە شێوەیەکی جێگیر نیشتەجێ بوون و بەهیچ جۆرێك(کۆچەری)*نەبوون و مێژووی جێگیربوون و نیشتەجێبوونیان لەو گوندەدا دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە( ١٥٠٠ )ساڵ پێش ئێستا.[3]

هەر لەڕابردووەوە شێوازی ژیانی مەسیحییەکانی هەرمۆتە(کشتوکاڵی و ئاژەڵداری )بووە، چونکە کشتووکاڵکردن و باخداریی مۆرکی پیشەی خەڵکی ئەم گوندە بووە، هەروەها هەر لە ڕابردووەوە تا ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمیش پیشەی بەخێوکردنی ئاژەڵدارییان کردووە، کە ئەمەش مۆرکێکی گوندنشینییە لە کوردستاندا، هەرچەندە ئێستا لەم گوندەدا ئاژەڵداریی زۆر کەمی کردووە و بەشێوەیەکی

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: د.هاوژین صلیوە عیسا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٧. سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. کەژاڵ عمان حنا،کۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە،٢٠١٦/٩/٤. بێستوون عمان حنا،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٩/٢٢. جاکلین کریم عزیز ، گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٩/٢٢. باسیمە عیسا کەریم، ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: جەمیل عیسی کریم، هەولێر – عەنکاوە،٢٠١٦/٩/٦. ڕەوشەن لۆقا حنا، لەدایکبووی ١٩٦٧،پیشە: مامۆستا لە پەیمانگای تەکنیکی کۆیە، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

*- کۆچەری: بەو خێزانانە دەوترێت کە بەهۆی بەخێوکردنی ئاژەڵدارییەوە لە هاویناندا کۆچ بۆ کوێستان (ناوچە سارد و فێنکەکان) و لە زستانانیش کۆچ بۆ گەرمیان (ناوچە گەرمەکان)دەکەن.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: جەمیل عیسی کریم،هەولێر – عەنکاوە،٢٠١٦/٩/٦. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١. کەریم عزیز بطرس، لەدایکبووی ١٩٤٦، پیشە خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/١.

فراوان نەماوە، بەڵام تائێستاش کشتووکاڵکردن و ڕەزگەری و باخداری بەتایبەتیش (زەیتوون) بە شێوەیەکی فراوان دەکرێت.[1]

له ئێستادا گوندی هەرمۆتە تەنها( ٣ )کیلۆمەتر لەناوەندی قەزاری کۆیەوە دوورە و لەماستەر پلانی شارەوانی کۆیەدا هەرمۆتە بووە بە گەڕەکێك لە کۆیە، هەروەها زۆربەی خەڵکەکەی موچەخۆر و فەرمانبەری حکومەتن و خوێندەوارن، ئەمەش وایکردووە تێکەڵ بە شارستانی کۆیە ببێت.[2]

مەسیحییەکانی کۆیە و گوندی هەرمۆتە هەرگیز مۆرکی خێڵەکی و عەشایەرییان نەبووە، تائێستاش شەڕ و ئاژاوەی عەشایەری لەناویاندا ڕوونەداوە، سەرۆك عەشرەتیان نییە و قەشە ئیش و کارە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانیان بەڕێوە دەبات و کێشە کۆمەڵایەتیەکانیان چارەسەر دەکات، قەشە لەسەر بنەمای خێڵ و بنەماڵە و لەباوکەوە بۆ کوڕ دانانرێت، بەڵکو لەسەر بنەمای خوێندن و زانیاری و حەز و خولیای کەسەکەیە.[3]

## ٨- ئاشتی و لێبووردەیی:

مەسیح دەفەرمووێت: (بەربەرەکانی خراپەکار مەکەن، ئەوەی لە لای ڕاستی دایت، لای چەپیشی بۆ ڕاگرە، دووژمنەکانتان خۆش بوێت، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە، چاکە بکەن لەگەڵ ئەوانەی ڕقیان لێتانە)[4]، ئەم وتەیەی مەسیح کەلتووری لێبووردەیی و ئاشتی لە کەسێتی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا بەرجەستە کردووە، بەهۆی پەروەردە و بەکۆمەڵایەتیبوونەوە کەسێکی لێبووردەن و ئارامی و هێمنی خەسڵەتی کەسێتییانە، لە بیرکردنەوە و ڕەفتاریاندا لۆژیکی تۆڵە و کوشتن و هێز و ململانێ زاڵ نییە، وەك لە باسی یاسا و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییدا باسمان کردووە، نە لە نێوان خۆیاندا و نە لەگەڵ موسوڵمانەکاندا، هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و یاساییان نییە[5].

## ٩- کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی:

کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك یاسا و دابونەریتە، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت ژیانی کۆمەڵایەتی و ململانێ جیاوازەکانی نێوان تاك و گروپەکان ڕێکبخرێت و کێشەی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکرێت. مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بەشدارییان لە پرۆسەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و بەرقەرارکردنی یاسادا کردووە، بەنموونە: لەساڵی(١٩٢٦)حکومەتی عێراق(١٣)(ئاشووری)دەکاتە پۆلیس و بەخێزانەوە دێنە کۆیە و نیشتەجێ دەبن و ناگەڕێنەوە، کە ئەم کەسانە بوون: (نەمرود یاقو،سخریا سافر،عزۆ-عزیز،برایم اسحاق، تومی جانە، دەرمان خمۆ،اسرائیل خمو(باوکی مامۆستای هونەرمەند باکووری))، یوحنا گورگیس، یوحنا باشچاوەش، بویا باشچاوەش، اسکندر، گەوریل، وەردە)، هەروەها لە

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کەریم عزیز بطرس، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/١.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: جەمیل عیسی کریم،هەولێر – عەنکاوە،٢٠١٦/٩/٦. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: جەمیل عیسی کریم،هەولێر – عەنکاوە،٢٠١٦/٩/٦. قەشە دنحا . ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

[4]- ئینجیلی پیرۆز، مەتتا، ٥/ ٣٩-٤٢، ٤٤-٤٧.

[5]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کەریم عزیز بطرس، لەدایکبووی ١٩٤٦، پیشە خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/١.سۆزان مەرقۆس عەودیش، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٨.

ساڵی(١٩٣٦) ناوی فەرمی پۆلیسە مەسیحییەکان، لەکۆیە، ئەمانەبوون: (درمان خمۆ،اسرائیل خمۆ، ابراهیم اسحاق، عەمانوئێل زماتە، شمعون ساقۆ، بویا مربین)[١].

زانایانی ئەنسرۆپۆلۆجی کەلتووری باوەڕیان وایە، کەلتوور کاریگەرییەکی بەهێز و بەردەوامی لە سروشت و خەسڵەتی کەسێتی و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەیە[٢]، کەلتووری مەسیحییەکانیش، بۆ لێبوردەیی و ئاشتی و خۆشەویستی هانی مرۆڤ دەدات.

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بەهۆی کەلتوورەکەیانەوە، خەڵکێکی بێ کێشە و گرفتی یاسایی و کۆمەڵایەتین، بەنموونە لەساڵی(٢٠١٥) و (٢٠١٦)دا هیچ جۆرە کێشەیەکی یاسایی و کۆمەڵایەتی مەسیحییەکان نەچووەتە لای بنکەکانی پۆلیس لە کۆیە، تەنانەت هیچ جۆرە کێشەیەکی یاسایی(ژن و مێرد، شەڕ، کێشەکانی نەوجەوانان و کێشەکانی مۆبایلیشیان)لای بنکەکانی پۆلیسی کۆیە نییە[٣]

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کێشەکانیان پەنایانبردووە بۆ چەند هۆکارێك لەوانە: [٤]

١- **<u>قەشە و کەنیسە:</u>** لای مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە، لە ڕابردوو ئێستاشدا قەشە و یاساکانی کەنیسە ڕۆڵی سەرەکی لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کێشەکانیاندا دەبینن.

٢- **<u>بنەماڵە:</u>** ڕیش سپی بنەماڵە یان کەسێکی شارەزا و کارامەی بنەماڵە ڕۆڵی گرنگ لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان و ڕێکخستی کۆمەڵایەتیاندا دەبینێت .

٣- **<u>دەستەی ئەنجومەنی گوندی هەرمۆتە:</u>** ڕۆڵی سەرەکی لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان و ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانیان دەبینن، لەم گوندەدا ئەنجومەن (٦)کەسە، هەر ئەنجومەنێك نوێنەری بنەماڵەیەکە لە بنەماڵەکانی گوندەکە.

٤-ئەگەر کێشەیەك بە (**<u>قەشە و ئەنجومەن و ڕیشسپی</u>**) چارەسەر نەکرا، داوا لە(**<u>مەتران</u>**)ی عەنکاوە دەکەن، بەشداری لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا بکات.

٥-(**<u>ڕای گشتی)</u>*** هۆکار و ڕەگەزێکی کاریگەرە لە ڕێکخستنی ڕەفتار و ئارامی و باشی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا. ڕێنمایی و پڕەنسیپەکانی ئاینی مەسیحی، جۆرێك لە ڕای گشتی کۆمەڵایەتی بۆ

---

١ - طاهر احمد حوێزی،مێژووی کۆیە،بەرگی دووەم،بەشی یەکەم،مطبعة نمیر-بغداد،١٩٨٤،ل١٦٩-١٧٣

٢- قیس النوري، الأنثروبولوجیا النفسیة، دار الحكمة،الموصل،١٩٩٠،ص،١٩٦،١٤٤. قباری محمد اسماعیل(د)،رادكلیف براون،مطبعة الوادی، الناشر المعارف بالاسكندریة،١٩٧٧، ص١٤٣ . قیس النوري(د)، طبیعة المجتمع البشري في ضوء الانثروبولوجیة الاجتماعیة،الجزء الثانی، مطبعة الاداب فی النجف الاشرف،١٩٧٢،ص ٢٤٢-٢٤٣.

٣- بنکەی پۆلیسی کەکۆن، کۆیە، ٢٠١٦/٦/٦. بنکەی پۆلیسی باواجی، کۆیە، ٢٠١٦/٦/٦.

٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ: قەشە دنحا تۆما یوسف ماریوسف عەنکاوە، ٢٠١٦/٤/٦. هرمز عیسی کریم،، گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٥/١٧. ریاض عزیز بطرس، گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٥/١٧. سۆزان مەرقۆس عەودیش، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٨.

*- ڕای گشتی کۆمەڵایەتی: کۆمەڵێك بیروڕا و ڕێسای کۆمەڵایەتی باوون لە کۆمەڵگەدا و تایبەتمەندی جێگیری وەردەگرن، ئەم بیروڕا و ڕێسا کۆمەڵایەتییانە لە ڕوونی و مانا و ڕاستی و پەسەندکردنیانەوە لە تێگەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵگەدا جیاوازن، بەڵام لەگەڵ بوونی ئەم جیاوازییە لە تێگەیشتنی تاکەکان، لە ڕێکەوتنێکی هاوبەشدا ئەو بیروڕا و ڕێسایانە دەبنە هۆکاری سوود و بەرژەوەندی هاوبەش. أحمد الخشاب، الضبط و التنظیم الاجتماعی، دار الحمامي للطباعة- القاهرة، ١٩٨٩،ص ١٥٨.

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە دروستکردووە، بەجۆرێك کە ناتوانن لێی لابدەن. لێرەدا مەبەست لە ڕای گشتی ئەوەیە، کە کەلتوور جۆرێك لە ڕای گشتی لە بابەت و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکاندا دروستکردووە.

٦- یاسا، مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە باوەڕیان بە یاسا هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەتایبەت ئەگەر کێشەیان لەگەڵ موسوڵمانێکدا هەبێت و بەخۆیان چارەسەر نەکرێت، بەڵام لە واقعدا بەهۆی ئەوەی کە کێشەی وایان نەبووە، پەنایان بۆ یاسا و دادگاکان نەبردووە. لە (٥٠)ساڵی ڕابردوودا تەنیا(١)کێشەیان لەگەڵ موسوڵمانەکانی گوندەکەدا هەبووە، کە لە سەر دروستکردنی مزگەوت بووە، کە لە گوندی هەرمۆتەدا لە لایەن موسوڵمانەکانەوە دروستکراوە، ئەم کێشەیە بە هەوڵی قەشە و ئەنجومەنەکانی گوندەکە و قائیمقامی کۆیە و مەڵبەندی (ی.ن.ك) چارەسەرکراوە. هەروەها بۆ دابەشکردنی میرات و دەرهێنانی گرێبەستی هاوسەرگیری سەردانی دادگا دەکەن[١].

## ١٠- سرووتی نەخۆشی و دابونەریتی سەردانی نەخۆش:

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە، ئەگەر کەسێکیان نەخۆش بکەوێت دەیبەن بۆ نەخۆشخانە، بەڵام هەندێك کەسیش نەخۆشەکە دەبەن یان نەخۆشەکە خۆی دەچێت بۆ مەزاری (مەربێنە قەدیشە)، لەوێ مۆم دادەگیرسێنن و دوعا دەکەن و دەڵێن:(یا مەربێنە قەدیشە نەخۆشەکە چاك بێتەوە)، هەندێك کەسیش خێر بۆ نەخۆش دەکەن بۆ ئەوەی چاك ببێتەوە.هەروەها ئەگەر کەسێکیان نەخۆش بێت لە نەخۆشخانە و لە ماڵ سەردانی دەکەن و شیرینی یان بیبسی یان میوە یان پارەی بۆ دەبەن[٢]

## ١١- جادووگەری و چاوپیسی و چاوەزار:

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە باوەڕیان بەجادووگەری نییە و مومارەسەی ناکەن[٣]، بەڵام وەك تاك، لەحاڵەتی منداڵ نەبوون و قەیرەبوون و شوونەکردندا، هەندێك کەس پەنایان بۆ دوعا و نوشتە بردووە[٤]، لە حاڵەتی بەزاوا نەبووندا، پەنایان بۆ کەسی نوشتەچی(جادووگەر) بردووە و کێشەکەیان چارەسەر بووە و کوڕەکەیان بەزاوا بووە. هەروەها هەندێکیان لەو باوەڕەدان، کە ئەگەر کەسێك، ئاوی پیرۆزی کەنیسە، بە نییەتی بە ئاکام گەیشتنی نیازی بخواتەوە، ئەوا ئاواتی دێتەدی(مرادی حاصل)دەبێت[٥].

زۆربەیان باوەڕیان بەچاوپیسی نییە و هیچ شتێکیش ناکەن بۆ خۆپاراستن لە چاوی پیس[٦]، بەڵام بەشێکیان باوەڕیان بە چاوپیسی هەیە و پێی دەڵێن(نەفەسی پیس)، بۆ نموونە ئەگەر مانگایەکیان

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: صلیوە حنا یوسف، لەدایکبووی١٩٤٨، پیشە: خانەنشین، گوندی هەرمۆتەر، ٢٠١٦/٧/٢٦.

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: حەننا سلێمان مەتا، لەدایکبووی ١٩٢٦، پیشە: جوتیار، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٠. سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩.دنحا سەلمان یەلدا. مریەم ئێلیا عمان، کۆیە، ٢٠١٦/٦/٥. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١. ئازاد فەرەنسیس کریم، لە دایکبووی ١٩٦٢، پیشە: جوتیار و فەرمانبەر، گوندی هەرمۆتە ٢٠١٧/٢/٢١.

[٣]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: هێدی هرمز عیسی، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٢. سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە،٢٠١٦/٥/٢٩.

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

[٥]- چاوپێکەوتن لەگەڵ مریم شمعون گورگیس، ، پیشە: خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦.

[٦]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کەژاڵ عمان حنا، ،کۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە،٢٠١٦/٩/٤.

مردار بێتەوە یان سەیارەیەکیان دەعم بکات دەڵێن: (بەچاوچووم، واتە بووم بەچاوەوە)، ئەگەر هەستیان کرد کەسێکیان بووە بەچاوەوە، دوعای چاکبوونەوەی بۆ دەکەن و دەیبەن بۆ مەزاری مەربێنە قەدیشە و داوا لەو مەزارە دەکەن کەچاکی بکاتەوە[١].

هەروەها سەبارەت بە پاراستنی مرۆڤەکان لەچاوپیسی هیچ نوشتەیەک یان چاوەزارێکیان نییە، بەڵام بۆ ئاژەڵ، بەتایبەتی کەتازە کڕیبێتیان هێلکەیەک لەقاچی ئاژەڵەکەدا دەشکێنن و هێلکەکەی لێ دەدەن، یان هێلکەیەک لەتایەی ئەو سەیارەی تازە کڕیوویانە دەشکێنن و هێلکەکە لەتایەی سەیارەکە دەدەن، بەمەبەستی پاراستنی لەچاوپیسی(خەڵکێکی کەم ئەم کارە دەکات). هەروەها بۆ خانوو دروست کردن ئاژەڵێک سەر دەبڕن، وەک خێرێک، باوەڕیان وایە ئەو خوێن ڕشتنە خێرەو لەڕووی دەروونییەوە پێیان خۆشە. هەروەها کەبووک و زاوا دوای شەوی هەنگوینی لەئوتێل دێنەوە بۆ ماڵی باوکی کوڕەکە، هەر کە گەیشتنە حەوشەکە ئاژەڵێکیان بۆ سەردەبڕن[٢]

هەروەها هەندێک قسەی ئەفسانە لە ناو مەسیحییەکاندا هەیە وەک: ( ئەگەر لە سەفەردا کەروێشک هاتە سەر ڕێگات باش نییە، کۆتر شوومە و خراپە لە ماڵدا ڕابگیرێت، قەلەڕەشکە بقیڕێنێت شتێکی ناخۆش ڕوودەدات، کوونە پەپوو خراپە ببینرێت)[٣]. ئەم شتانەش لەکەلتووری کوردەوارییەوە وەرگیراون.

## ١٢- پەندی پێشینان:

پەند وەک بەشێك لە ئەدەب و فۆلکلۆری گەلان بووەتە وێردی سەر زمانی خەڵك، کە ئەزموونی چەند ساڵەی تاك و کۆمەڵگەیە و مرۆڤەکانیش لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا سوودیان لەئەزموون و پەندەکانی پێشینانیان وەرگرتووە، زمان و کەلتووری سریانیش وەك هەموو کەلتوورەکانی تر کە زمانی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەیە، خاوەنی چەندین پەندە، لە بوارە جیاجیاکانی کەلتووردا، بەنموونە: ( گەورە نەڵێ لە بانە، گچکە ناڵێ لە خوانە) واتە( منداڵ لە گەورەوە فێردەبێت)، (چیا بەچیا ناکەوێ، چاو بەچاو دەکەوێت)، (بەقەد خۆت پێت ڕابکێشە)[٤]. (دەست دەشکێ، قەلانگۆچك دەیشارێتەوە)ئەوە لەوکاتەدا بەکاردێت کە خزمێکی نزیك تووشی کێشەیەك یان شکستێك دەبێت، ئەو پەندە دەڵێن بۆئەوەی چارەسەری کێشەکەی بکەن، هەندێك پەندیان ڕاستەوخۆ لە کوردییەوە وەرگیراوون و بەسریانیش دەوترێن، بەڵام هەندێ پەندی تریان هەیە، تایبەتە بەکەلتوور و زمانی خۆیان، هیچ پەیوەندییەکی بەزمانی کوردییە وە نییە[٥]

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: دنحا سەلمان یەلدا، مریەم ئێلیا عمان، کۆیە، ٢٠١٦/٦/٥. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ د.هاوژین صلیوە عیسا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٧.

[٣]- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد فەرەنسیس کریم، لە دایکبووی ١٩٦٢، پیشە: جوتیار و فەرمانبەر، گوندی هەرمۆتە ٢٠١٧/٢/٢١.

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کەژاڵ عمان حنا،کۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە،٢٠١٦/٩/٤.

[٥]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: د. هاوژین صلیوە،کۆیە-هەرمۆتە،٢٠-٨-٢٠١٧

## ١٣- پێگەو مافەكانی ئافرەت:

لە كەلتووری مەسیحییەكانی كۆیە و هەرمۆتەدا، ئافرەت ئازادە و هەروەك پیاوەكان خاوەنی مافەكانی خۆیانن، هیچ جیاوازییەك لەنێوان پیاو و ئافرەتدا لەماف و ئازادییەكانیاندا نییە، ژن لەماڵدا هەمان پێگە و ڕۆڵ و دەسەڵاتی پیاوی هەیە، لە كۆبوونەوە و میوانداریدا دادەنیشێت و وەك پیاوەكە بەشداری گفتوگۆكان دەكات. هەروەها ئافرەتی مەسیحی لە كۆیە و هەرمۆتەدا، لە چوونە دەرەوە و كار و پیشە و بازاركردن و هاوسەرگیری و جلوبەرگ و خوێندن و خۆڕازاندنەوەدا ئازادن، كچی گەورەی ماڵ هەروەك كوڕی گەورەی ماڵ دەسەڵاتی لە خێزاندا هەیە و پارە و داهاتی ماڵ لای كچی گەورەیە تا شوو دەكات، لە هەندێك پرسدا وەك كچ بەشوودان و ڕێكخستنی ناو ماڵ، ئافرەتان زیاتر لە پیاوان دەسەڵاتیان هەیە.

ئافرەتی مەسیحی هەست بە یەكسانی دەكەن لەگەڵ پیاواندا و هەست ناكەن ئایین و داب و نەریتی مەسیحییەت زوڵم و غەدری لێكردبن[١].

## ١٤- توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت :

لە ڕابردوودا واتە پێش ساڵانی(١٩٧٠)كانی سەدەی بیستەم، بەشێك لە مەسیحییەكانی كۆیە و هەرمۆتە توندوتیژی جەستەیی و دەروونییان بەرامبەر ئافرەت ئەنجامداوە، بەڵام لە ئێستادا پیاوەكانیان توندوتیژی جەستەیی و دەروونی بەرامبەر ئافرەتەكانیان ئەنجام نادەن، هەروەها لە نێوانیاندا بەهیچ جۆرێك حاڵەتی ژنكووشتن ڕووی نەداوە و هیچ ژنێكیش خۆی نەكوشتووە و خۆی نەسوتاندووە، لەسەر هیچ شتێكیش ئافرەتیان نەكوشتووە، تەنانەت ژن هەبووە زیناشی كردووە، یان لەگەڵ كوڕێكی موسوڵمان بەبێ ڕەزامەندی دایك و باوكیی هاوسەرگیری كردووە و ڕەدووش كەوتووە نەكوژراوە[٢].

ئەمەش دیاردەیەكی زۆر مرۆڤدۆستانەیە، چونكە ژن كوشتن دیاردەیەكی نامرۆڤی و ناڕەوشتییە. لە كوردستاندا ساڵانە ژمارەیەك ئافرەت بە بیانووی شەرەفەوە دەكوژرێت.

مەسیحییەكانی كۆیە و هەرمۆتە، بەهیچ جۆرێك بە بیانووی پاككردنەوەی شەرەفەوە، ئافرەتیان نەكوشتووە، ئەگەر ئافرەتێك یان پیاوێك زیناشی كردبێت، بەبیانووی پاككردنەوەی شەرەفەوە نەكوژراوە، ئافرەتیان لەگەڵ موسوڵمان ڕەدوو كەوتووە، نەیانكوشتووە، تەنها پەیوەندیان لەگەڵ پچڕاندووە و هاتوو چۆی ناكەن و ناشیەڵن هاتووچۆیان بكاتەوە، بەڵام هەندێك جار لەكاتی پرسەدا ئەو ئافرەتەی ڕەدوو كەوتووە، دێتەوە بۆ ماڵی خاوەن پرسەكە و ڕێگەی لێناگرن و بەشداری پرسەكە دەكات،

---

[١]- چاوپێكەوتن لەگەڵ: د. هاوژین صلیوە، كۆیە-هەرمۆتە،٢٠١٦/٦/٢٨. سەمیرە دنحا سەلمان، كۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. كەژاڵ عمان حنا،كۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، كۆیە،٢٠١٦/٩/٤. چاوپێكەوتن لەگەڵ: ڕەوشەن لۆقا حنا، كۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١. (هیلان عیسی كریم) قوتابخانەی هەرمۆتەی بنەرەتی، ٢٠١٦/٥/١٥. جاكلین كریم عزیز ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٩/٢٢. سۆزان مەرقۆس عەودیش، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٨.

[٢]- چاوپێكەوتن لەگەڵ: قەشە(زەیبا شابا ججی)، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٢. د.هاوژین صلیوە عیسا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٧. بێستوون عمان حنا،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٩/٢٢. جاكلین كریم عزیز،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٩/٢٢ . سۆزان مەرقۆس عەودیش، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٨.

یان دوای زیاتر له (٥٠)ساڵ لەڕێگەی وەچەکانیانەوە پەیوەندی لەگەڵ کەس و کاری خۆی دروست دەکاتەوە[١].

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە، نەك هەر ئافرەتیان نەکوشتووە بەڵکو لە ماوەی (١٠٠) ساڵی ڕابردوودا، هیچ کەسێك بەدەستی مەسیحییەکان نەکوژراوە، واتە هیچ مەسیحییەك، کەسێکی مەسیحی یان کەسێکی موسوڵمانی نەکوشتووە[٢]، هەروەها تا ئێستا هیچ کەسێکیان بەهۆی جیاوازی ئاینی و کێشەی کۆمەڵایەتییەوە نەکوژراوە، ئەمەش بەهۆی ئاینەکەیانەوە بووە، چونکە مەسیح لە پێناوی بڵاوبوونەوەی پەیامەکەیدا، هیچ مرۆڤێکی نەکوشت و هیچ مروڤێکی بە کوشت نەدا، بەڵکو خۆی بە کوشتدا، لە پێناوی ئەو مرۆڤانەی باوەڕی پێ دەهێنن.

## ١٥- خۆکوشتن:

لە کۆیە و گوندی هەرمۆتەدا، هیچ کەسێکی مەسیحی خۆی نەکوشتووە و خۆی نەسوتاندووە[٣]. ئەمەش دیاردەیەکی ئەرێنییە، چونکە لە کوردستاندا ساڵانە ژمارەیەکی زۆری ئافرەت بەهۆی کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە خۆیان سووتاندووە یان خۆیان کوشتووە.

## ١٦- لاسایکردنەوە و نموونەی باڵا:

بەشێکی کوڕانی گەنجی مەسیحی ڕیشێکی کەم دەهێڵنەوە، وەك هێمایەك بۆ ڕیشی حەزرەتی مەسیح، چونکە حەزرەتی مەسیح ڕیشی هێشتووەتەوە، کچانیش زنجیرێکی ئاڵتوون کە وێنەی خاچ یان وێنەی مەریەمی پاکیزەی پێوەیە لەمل دەکەن[٤]، لەگەڵ ئەوەشدا نەوەی نوێی مەسیحییەکان، لەشێوازی جلوبەرگ و سەرتاشین و ئارایشت و جوانکاری و خۆ ڕازاندنەوەدا، لەژێر کاریگەریی و هەژموونی مۆدێرنە و کەلتووری بەجیهانیبووندان[٥].

---

[١] - چاوپێکەوتن لەگەڵ د.هاوژین صلیوە عیسا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٧.

[٢] - چاوپێکەوتن لەگەڵ (قەشە دنحا تۆما یوسف)، عەینکاوە، ٢٠١٦/٤/٦. کەریم عزیز بطرس،، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/١.

[٣] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: ئازاد فەرەنسیس کریم، لە دایکبووی ١٩٦٢، پیشە: جوتیار و فەرمانبەر، گوندی هەرمۆتە ٢٠١٧/٢/٢١. کەریم عزیز بطرس،، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/١.

[٤] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: یوسی حیکمەت حنا،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٩. هێدی هرمز عیسی، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٢،

[٥] - چاوپێکەوتن لەگەڵ (قەشە دنحا تۆما یوسف)، عەینکاوە، ٢٠١٦/٤/٦.

## ١٧- سوێندخواردن:

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە، لەژیانی ڕۆژانەیاندا بەکەمی سوێند دەخۆن، بەکەمی لەکاتی قسەکردندا سوێند دەخۆن و زیاتر دەڵێن: (باوەڕکە یان بڕوابکە، شەرتبێ یان پەیمان بێ)، بەڵام هەندێك جاریش دەڵێن: (بە ئینجیل، بە مەسیح، بەخوا، بەمەریەم، بەقەبری کەسێکی ئازیز و خۆشەویستیان، بەسەری باوك، بەعیسا پێغەمبەر)[1].

## ١٨- داب و نەریتی میوانداری:

لە دابونەریتی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا، میوان ڕێزی هەیە و خۆشەویستە، میوانداری لە نێوان خزمەکاندا زۆرە و میوانداری و دەعوەتی یەکتری دەکەن. سەبارەت بەمیوان دەڵێن: (نانێك میوان لێی بخوات بەرەکەتی تێدەکەوێت، ئەگەر میوان نەبێت ماڵت بۆچیە؟)لەکاتی میوانداریدا(چا، قاوە، شەربەت، کێك، میوە، گوڵەبەڕۆژە) بۆ میوان دادەنێن، ئەگەر بۆ ژەمی نانخواردن میوانەکە بمێنێتەوە ئەوا گۆشتی بۆ دەبرژێنن، یان کفتەی ساوەر یان دۆڵمەی بۆ لێدەنێن)[2]

## ١٩- جنێودان:

مەسیحییەکان لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەدا جنێوو نادەن، ئەگەر دوو مەسیحی شەڕ لەگەڵ یەکتری بکەن، بەزمانی سریانی جنێوو بەیەك دەدەن، بەڵام بەزمانی سریانی جنێوو بە(خوشك و دایك و ژن)ی یەکتری نادەن، ئەگەر ئەو جنێوانە بەیەکتری بدەن، ئەوا بەزمانی کوردی جنێوەکە بەیەکتری دەدەن، ئەگەر هەر هەمان جنێو بەزمانی سریانی بەیەکتری بدەن، ناخۆشتر و کاریگەر ترە لای ئەو کەسەی جنێوەکەی پێدراوە و لای خەڵکیش کەسی جنێودەر زیاتر بێزرا و دەبێت[3].

## ٢٠- یاری و وەرزشی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە:

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لەڕابردو و ئێستاشدا ژن و پیاو بەیەکەوەو بەجیاش یارییان کردووە، ئەو یارییانەی کە تایبەتبوون بە پیاوان و لەڕابردوودا کراون یاری:(کۆسانێ، کەلایانێ، کێلوبەردانێ، ساپ ساپانێ، گورزە فیت فیتە) بوون، بەڵام لە ئێستادا یاری (تۆپی پێ و کۆنکان و تەڵقەومێو و دۆمینە) دەکەن، هەموو ڕۆژێك لە چاخانەی گوندەکە پیاوان یاری ( دۆمینە و کۆنکەن)دەکەن، بەمەش (مەزاج)*ێکی خۆش بۆ خۆیان دروست ئەکەن، هەندێکجاریش بەتایبەتی لەجەژن و بۆنەکاندا لەسەر (پارە)یاری (تەڵقەومێو و کۆنکەن) دەکەن[4].

---

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: د.هاوژین صلیوە عیسا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٧. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

[2] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. د.هاوژین صلیوە عیسا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٧. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

[3] - چاوپێکەوتن لەگەڵ د.هاوژین صلیوە عیسا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٧.

[*] - مەزاج: کۆمەڵە خەسڵەتێکی جیاکەرەوەیە بۆ سروشتی دەروونی و سۆزداری تاك. قیس النوري (د)، طبیعة المجتمع البشري فی ضوء الانثروبولوجیة الاجتماعیة- الجزء الثانی،مطبعة الاداب فی النجف الاشرف، ١٩٧٢، ص٢٤٠

[4] - تێبینی بە بەشداری ڕاستەوخۆی توێژەر لە چاخانەی گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٠.

مەسیحییەکان حەز دەکەن یاری بەگروپ بکەن، نەك (یەك) کەس بە (یەك) کەس، بۆنموونە یاری(کۆسانیٚ)* کە (کۆسوشەشی) پێدەوترێت، زۆرجار(٤)کەس بە(٤)کەس دەکرێت[١]. هەروەها ئەو یارییانەی لەڕابردوودا تایبەت بوون بە ژنان یاری(موری موریانیٚ، پارە پارانیٚ، جۆلانیٚ، خۆر خۆرانیٚ، فرِەلانیٚ )بوون[٢] .

لە ئێستاشدا یاری و وەرزش کردن لەنێوان مەسیحییەکانی هەرمۆتەدا گرنگی پێدەدرێت، بەتایبەتی لای نەوەی نویٚ، لەخوارووی گوندەکە یاریگایەك هەیە بۆ یاری و وەرزش کردن، کە حکومەتی هەرێم دروستیکردووە، لەهەفتەیەکدا ڕۆژێك ئەو یاریگایە تایبەتە بە ئافرەتان و ئەو ڕۆژە پیاو ناچێت بۆ ئەو یاریگایە[٣]، ئافرەتانی مەسیحی لە هەرمۆتە لەتەمەنی(١٦)بۆ(٥٠)ساڵیدا وەرزشی بەپیٚ ڕۆشتن و ڕاکردن و لەش جوانی دەکەن، بە(٢)گروپ ئێواران سەعات(٥)بۆ(٧)ی ئێوارە یان شەوان وەرزشی ڕاکردن دەکەن، بەشێکیشیان بۆ لەش جوانی دەچن بۆ هۆڵەکانی لەش جوانی لە کۆیە، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئافرەتان زیاتر لەپیاوان وەرزشی ڕاکردن دەکەن، پیاوان زیاتر لە هۆڵە وەرزشییەکانی کۆیە وەرزش دەکەن، منداڵان و نەوجەوانان و لاوانیش لەیاریگای گوندەکە یاری تۆپی پیٚ دەکەن[٤] .

---

*– یاری کۆسانیٚ: یەکێکە لە یارییە فۆلکلۆرییەکانی گوندی هەرمۆتە، ئەم یارییە تەختەیەکە و لە دوو بەش پێك هاتووە، هاوشێوەی تاوڵەیە، هەر بەشەی(١٢) کونی تێدایە، لەپشت(١٢)کونەکەوە لەهەر بەشێك(١٢)چیلکەی باریکی بچوك چەقێنراون بەناو(١٢)کوندا، ئەم یارییە بەوە دەست پێدەکات کە ئەو کەسانەی کە یارییەکە دەکەن بەیەکەوە( ٤ )دار دێنن کەقاژ کراوون، دیووێکیان ڕەنگی ناوەوەی دارەکەیە واتە سپییەو دیوەکەی تریان ڕەنگی پشتی دارەکەیە واتە قاوەییە، کە هەر دارێك (٢٠)سم درێژە و (٥)سم پانە، پاشان هەر چوار دارەکە هەڵدەدرێن و بەیەکا دەدرێن، ئەگەر(٣)قاوەیی و (١) سپی بوو ئەوە کۆسە و(١)چیلکە دەچێتە پێشەوە و دەچێتە کونەکانی بەردەمیان و هەمان کەس دارەکان هەڵدەداتەوە، ئەگەر(٤) دارەکە دووانیان لاسپیەکەی دیاربوو وە دووانەکەی تریشیان لا قاوەییەکەی دیار بوو،ئەوا زانە، واتە (٢) چیلکەی بچوك دەچنە پێشەوە و دەخرێنە(٢) کونەوە لەبەرامبەر خۆیان (بەمەرجێك پێشتر کۆسی هێنابێت، ئەگەر کۆسی نەهێنابێت هیچی بۆ هەژمارناکرێت)، وە هەمان کەس دارەکان هەڵناداتەوە و دەیدا بەلایەنی بەرامبەر، ئەگەر (سیٚ) داریان لاسپییەکەی دیار بوو، (١) داریان لاقاوەییەکەی دیار بوو، ئەوا بەکەوتن حسابە و هەمان کەس دارەکان هەڵناداتەوە و(٤) دارەکە دەدات بەکەسی بەرامبەر، بەڵام(٣)چیلکە دەچێتە پێش(بەمەرجێك پێشتر کۆسی هێنابێت، ئەگەر کۆسی نەهێنابێت هیچی بۆ هەژمارناکرێت)، ئەگەر هەر چواریان قاوەیی بوو ئەوە شەشە و(٦)چیلکە دەچێتە پێشەوە و دەچنە کونەکانی بەردەم خۆیان(بەمەرجێك پێشتر کۆسی هێنابێت، ئەگەر کۆسی نەهێنابێت هیچی بۆ هەژمارناکرێت)، بەڵام هەمان کەس دارەکان هەڵدەداتەوە، ئەگەر هەر چوار دارەکە لاسپیەکەی دیار بوو، ئەوا(٤) چیلکە دەچێتە(٤) کونی بەردەمیان(بەمەرجێك پێشتر کۆسی هێنابێت، ئەگەر کۆسی نەهێنابێت هیچی بۆ هەژمارناکرێت) و هەڵدانەوەی دارەکان دەدرێت بەلایەنی بەرامبەر، ئەو لایەنەی کە سواری لەلا مابێت، واتە چیلکە بچووکەکانی لەلا مابێت براوەیە و ئەو لایەنەی هیچ چیلکەیەکی لا نەما بوو ئەوە دۆڕاوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ سخریا عیسی کریم،شوێنی چاوپێکەوتن:گوندی هەرمۆتە،لەبەرواری ٢٠١٦/٥/٢٤ .

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ سخریا عیسی کریم،شوێنی چاوپێکەوتن:گوندی هەرمۆتە،لەبەرواری ٢٠١٦/٥/٢٤،

٢– چاوپێکەوتن لەگەڵ: شلێر سولاقە یوسف، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٤. سۆزان مەرقۆس عەودیش، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٨.

٣– چاوپێکەوتن لەگەڵ: هرمز عیسی کریم، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٧. ئیڤانە شێرکۆ گوریل، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٩.

٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ :نیگار گۆریل یوسف،لەدایکبووی ١٩٧٢،پیشە:یاریدەدەری پزیشك، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٥.

مەسیحییەکانی کۆیەش گرنگی بەوەرزش دەدەن و ڕۆژانە بەشێك لە ئافرەت و پیاوی مەسیحی لە هۆڵ و سەنتەرە وەرزشییەکانی کۆیە وەرزش دەکەن[1].

## ٢١- هێماو ڕەمز و سومبوولە ئاینی و ڕۆشنبیرییەکان:

هێما شتێکە بۆ دەرخستن و دەربڕینی شتێکی تر، ڕۆژانە چەندین هێمای جیاوازی ئاینی و سیاسی و ڕۆشنبیری دەبینین، کە لە هەموو شوێنێکدا هەیە، مرۆڤ ڕۆژانە هێماکان دەبینێت و بەشێك لە کەلتووری کۆمەڵگەیان پێکهێناوە. هەر یەکەشیان مەبەست و مانای کەلتووری خۆی هەیە، سڵاو کردن و زەردەخەنە، وەك هێمای دەربڕین بەکار دێن، ئەو کاتەی گوڵ و دیاری بۆ خۆشەویستەکانمان دەنێرین، هێمایە بۆ دەربڕینی خۆشەویستی و ڕێزلێنان، هێمای سەر ئاڵای وڵاتان هەر یەکەیان مانای تایبەتی خۆیی هەیە و بەرزکردنەوەی ئاڵا هێمای نیشتمان پەروەرییە، هەموو نەتەوە و پێکهاتەیەکی ئاینی و پیشەیی و سیاسیی، هێمای تایبەت بەخۆیان هەیە.

مەسیحییەکانی (کۆیە و هەرمۆتە)ش ئاشنان بە چەند سومبوول و هێمایەك و لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاریان دێنن، کە هەر یەکەیان ئاماژە و مانا و دەلالەتی تایبەتی خۆی هەیە و ڕەنگدانەوەی ئایین و کەلتوورەکەیانە، لێرەدا بە چەند خاڵێك باسیان دەکەین:-[2]

أ) **خاچ**: هێمای لە سێدارەدانی مەسیحە و هێمایی خۆشەویستی مەسیحییەکانە بۆ مەسیح. هێمایەکی گرنگە لە ئاینی مەسیحیدا و بەخاچ مەسیحییەکان دەناسرێنەوە. هەروەها هێمایە بۆ ئەوەی مەسیح خۆی کردووەتە قوربانی بۆ ڕزگاریی مرۆڤایەتی و هێمای هێزی خودایە بۆ پاراستنی مرۆڤ و هێمایەکە بۆ باوەڕبوون بە مەسیحییەت. خاچی ئێستا هەمان نەخشەی ئەو دوو دارەیە کە مەسیحی بە(٣)بزمار پێ لەخاچ درا.

ب) **ئاوی پیرۆز**: لە دەروازەی هەموو کەنیسەیەکدا ئاوێك لە قاپێکدا دانراوە پێی دەڵێن (ئاوی پیرۆز)، هەر مەسیحییەك کە سەرەتا دەچێتە کەنیسە پەنجەیەکی دەستی (ڕاستی) دەکاتە ئاوەکەوە و دواتر هێمای خاچ لە ناوچەوان و لای چەپ و ڕاستی سنگی دەکات، هێمایە بۆ نوێکردنەوەی تەعمید بەناوی(باوك و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز)، ئەمەش هێمایە بۆ پاك کردنەوەی کەسەکە لە هەموو گوناح و نییەتێکی خراپ.

ج) **قوربان**: لە جەژنەکان و لە کۆتایی نوێژی جەژنی یەکشەمماندا قەشە پارچەیەك نانی بچووك کە پێی دەوترێت(قوربان)دەدات مەسیحییە بەشداربووەکانی نوێژەکە و دەیخۆن، ئەو نانە هێمای جەستەی مەسیحە، هێمای یادکردنەوەی مەسیحە، هێمای ئەوەیە مەسیح خۆی کردووەتە قوربانی بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی.

د) **مۆم**، هێمای نوری مەسیحە. مۆم هەمیشە لە کەنیسە وماڵەکانیاندا هەیە و هێماو مانایە بۆ نورو ڕوناکی مەسیح.

---

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: کەژاڵ عمان حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤.

[2] - صبري المقدسي، هێما ئاینی و ڕۆشنبیرییەکان، وەرگێڕانی: دلال صلیوا عیسا، چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٥، ص ٢٧- ٨٧ . چاوپێکەوتن لەگەڵ: قەشە دنحا تۆما یوسف، عەینکاوە، ٢٠١٦/٤/٦. کەریم عزیز بطرس،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/١.

**هـ) ئاگر،** لە کڵێسادا و لە (١٣ی ئەیلوولی)هەموو ساڵێکدا ئاگر دەکرێتەوە، هێمایە بۆ دۆزینەوەی ئەو تەختانەی کە مەسیحی پیٚ لەخاچ درا.

**و)** دەنگ: زەنگی کەنیسە، لە قوبەیەکدایە و لەسەر بانی کەنیسە دانراوە و بەیانیان و ئێواران لێدەدرێت و مانایە بۆ بانگکردنی مەسیحییەکان بۆ نوێژ لە کەنیسە.

**ز) جلوبەرگی ڕەشی قەشە:** قەشە لە کەنیسە و لە دەرەوەی ماڵدا، هەمیشە جلوبەرگی ڕەنگی ڕەش لەبەر دەکات، ئەو ڕەنگە ڕەشە هێمای ڕێز و ویقاری قەشەیە. هەروەها هێمای ئەوەیە کە قەشە لەشی خۆی تەرخانکردووە تەنها بۆ خزمەت کردنی کڵێسا.

**ح) هێلکەی ڕەنگاو ڕەنگ:** هێمای هەستانەوەی مەسیحە لە قەبر و لە جەژنی هەستانەوەدا لە ماڵ و لە کەنیسەدا بەکاریدەهێنن.

**گ)چڵی زەیتوون:** هێمای ڕێزلێنان و ئاشتییە، یادی ئەو ڕۆژەیە کە مەسیح هەفتەیەك پێش لە خاچدانی دەچێتە ئۆرشەلیم، چونکە لەو ڕۆژەدا بەچڵی زەیتوون خەڵکەکە پێشوازییان لێکردووە.

**ی)بابا نوئێل**(باوکی کریسماس): لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە مەتران(نیقۆلاوس) لە تورکیا و لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی لە چەژنی لەدایکبوونی مەسیحدا دیاری بەسەر منداڵە هەژارەکاندا دابەش کردووە. هێمای خۆشەویستیی و دڵخۆشکردنی منداڵانە.

**ك) بخور و دووکەڵی بخوور:** لە کاتی نوێژی یەك شەممانی کەنیسە و لەکاتی نوێژی جەژنەکاندا لە کەنیسەدا زۆر بەکاردێت، شەماشە دووکەڵی بۆنخۆشی بخوور بە ڕووی خەڵکی کەنیسەدا بڵاو دەکاتەوە، کە هێمای بەرزکردنەوەی نوێژە بۆ ئاسمان و بۆ پیرۆزکردنی ئەو خەڵکەیە کە لە کەنیسەدا نوێژ دەکەن.

**ل)** ئەنگوستیلەی هاوسەرگیری، ئەو کەسەی لە پەنجەی دەکات هێما و مانایە بۆ ئەوەی کە هاوسەرگیری کردووە. ئەگەر لە دەستی ڕاستی کەسەکەدا بێت مانایە دەستگیراندارە، ئەگەر لە دەستی چەپی پیاودا بوو مانایە ژنی گواستووەتەوە، ئەگەر لەدەستی چەپی ژندا بوو مانا و هێمایە کە گواستراوەتەوە.

**م)** پەیکەری مەریەمی پاکیزە لەهەموو کەنیسە و زۆربەی ماڵەکاندا هەیە و بە ملوانکەی ئاڵتونیش لە ملی دەکەن، هێمایە بۆ پیرۆزی مەریەمی پاکیزەو خۆشەویستیان بۆی.

**ن)** درەختی کریسمس، یان درەختی لەدایکبوون، زۆرجار سنەوبەرە و هێمایە بۆ زیندوویێتی مەسیح و هێمایی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیحە.

## ٢٢- نەریتی منداڵبوون و حەزی منال بوون و ژمارەی منداڵ:

منداڵ لای مەسیحییەکان دیارییەکی بەنرخی خوایی بووە، لە گوندی هەرمۆتە و کۆیە تا ساڵی( ١٩٦٣) پزیشك و نەخۆشخانەی تایبەت بەمنداڵبوون نەبووە، لە ڕابردوودا منداڵ بە سەرپەرشتی(مامان)* لەدایك بووە، زیاتر لە (٥٠) ساڵە (سستەر مەریەمی مامان) مامانیان بووە، بەڵام لە ئێستادا بە چاودێری پزیشك و لە نەخۆشخانەی (منداڵبوون) منداڵەکانیان لە دایك دەبێت.

کاتێك منداڵ لەدایکبووە، پێش ئەوەی کارەبا بۆ گوندەکە ڕابکێشرێت، هەموو شەوێك بۆ ماوەی (٧) شەو چرایان داگیرساندووە و کەسوکاری لە ماڵەوە ماونەتەوە، بۆ ئەوەی شەوە نەیبات، ئەگەر منداڵێك لە

*- مامان ژنێکی خاوەن ئەزموون بووە، لە کاتی منالبووندا یارمەتی ئەو ژنەی داوە کە منالی بووە و ناوکی منالی بڕیوە.

ماوەی ئەو (٧)ڕۆژەدا بمردایە، وتوویانە (شەوە)* بردوویەتی، وێنەی مەریەمی پاکیزە لەنزیک سەری منداڵ و دایکەکە دانراوە بۆ ئەوەی نەترسن[١].

مەسیحییەکان زۆر حەز دەکەن بەڕێژەیەکی دیاریکراو منداڵیان هەبێت، بۆ نموونە لەگوندی هەرمۆتەدا، تەنها(٣)ژن و پیاو منداڵیان نییە، ئەویش بەهۆکاری نەزۆکی نایانبێت، (٦)خێزانی تر هەر یەکەیان(١)منالی بلورییان هەیە و خێزانەکانی دی هەمووی منالیان هەیە. لەخێزانە تازەکاندا کەمترین ژمارەی منالْ(٢)منالْ و زۆرترین(٤)منالە، واتە سنووردارکردنی منداڵبوون لای مەسیحییەکان هەیە، بە بوونی منداڵی (کوڕ) زیاتر دڵخۆش دەبن، ئەگەر ژنێك منداڵێکی کوڕی ببێت، کەسوکاریان بە دایك و باوکی منداڵەکە دەڵێن: (مژدەمان بەرێ کوڕتان بووە) ئەمەش بۆ مانەوەی ناوی باوکەکەیە[٢].

## ٢٣- دابونەریت و سرووتی مردن و شتن و کفن و ناشتن

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە دابونەریتی شتن و کفن و ناشتن و پرسەی مردووی تایبەت بە خۆیان هەیە، لێرەدا بەخاڵ باسیان دەکەین:-

### أ) سرووتی شتن و کفن و ناشتنی مردوو:

کاتێك کەسێکی مەسیحی لە کۆیە و هەرمۆتەدا دەمرێت، کەس و کاری هاوار دەکەن و دراوسێی و خزم و کەس و کاری بەهاواریانەوە دەچن و لەماڵی مردووەکە کۆدەبنەوە، پاشان هەر لەماڵی مردووەکە، لە گەرماودا مردووەکە دەشۆن(ئەگەر مردووەکە پیاو بێت ئەوا پیاو دەیشوات و ئەگەر مردووەکەش ئافرەت بێت ئەوا ئافرەت دەیشوات) و جوانترین جلی خۆی لەبەر دەکەن و پاشان خامی سپی لەبەردەکەن(کفنی دەکەن)، پاشان بەدارە مەیت مردووەکە دەبەن بۆ کەنیسە و لەوێ قەشە و شەماشە و ئامادەبووان بەکۆمەڵ(پیاو و ئافرەت)بەیەکەوە نوێژی مردووی بۆ دەکەن، پاشان لەکەنیسەوە بەدارە مەیت و سەیارە دەیبەن بۆ گۆڕستان.

بۆ مردوو ناشتن تەنیا پیاوان بۆ سەر قەبران دەچن، لەڕابردوودا ژنانیش دەچوون، بەڵام نزیکەی سی ساڵە، لەسەر بڕیاری قەشە، بۆ مردوو ناشتن ژنان ناچن، لەسەر قەبران قەشە ئایەتێك دەخوێنێت، پاشان لەسەر پشت و ڕووە و ڕۆژهەڵات مردوو دەخەنە قەبرەوە، واتە سەری مردوو لە ڕۆژئاوا دەبێت و قاچی لە ڕۆژهەڵات و لەسەر پشت و ڕووی لە ڕۆژهەڵات، مردوو دەخەنە قەبر، پاشان قەشە و شەماشە، ئەو تەراتیلانەی کە تایبەتن بە مردوو ناشتن دەخوێنن، قەشە مشتێك خۆڵ هەڵدەگرێت و بەسەر تەرمەکەدا دەیپرژێنێ و دەڵێت:(( لەخۆڵ بوویی و بۆ خۆڵیش دەگەڕێیتەوە))،دوای ئەوە خەڵکەکە

---

* - شەوە شتێکی خەیاڵی و ئەفسانە بووە لە خەیاڵی خۆیاندا.

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ: مریم شمعون گورگیس، لەدایکبووی١٩٤٩، پیشە: خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦ . سۆزان مەرقۆس عەودیش، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٨.

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ: (دونیا جبار دنحا)، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٥. سۆزان مەرقۆس عەودیش، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٨. کەژاڵ عمان حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

بەخاکەناس گۆڕەکە بە خۆڵ دادەپۆشن، لەکۆتایدا قەشە و شەماشە نوێژی قەبرستانی لەسەر دەخوێنن و پاشان خەڵکەکە بۆ هۆڵی تایبەت بەپرسە دەگەڕێنەوە و پرسەی بۆ دادەنێن.[1]

### ب) مەراسیمی پرسە و سەرەخۆشی:

پرسەی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە، لە ڕابردوودا لە ماڵی مردووەکەدا بەڕێوە چووە و ژنان لە ژورێك و پیاوانیش لەژورێکی تر دانیشتوون، تا چەند ساڵێك پێش ئێستا پرسە (٣) ڕۆژ بووە، بەڵام لە ئێستادا بووە بە (٢) ڕۆژ و لەهۆڵی تایبەت بە پرسە دادەنیشن، سەرەتا خاوەن پرسە و کەس و کاری مردووەکە، ژن و پیاو بەیەکەوە بەیانیان سەعات(٧ ) بۆ کەنیسە دەچن و لەوێ لەگەڵ قەشە نوێژ بۆ مردووەکە دەکەن و پاشان سەعات (٩)ی بەیانی ڕاستەوخۆ لە کەنیسەوە دەچن بۆ هۆڵی پرسە، بەمەبەستی مەراسیمی پرسە و پێشوازی لەو کەسانەی کە دێن بۆ پرسە و سەرەخۆشی، خەڵکەکە بە کەس و کاری مردووەکە دەڵێن: (بۆخۆتان خۆش بن،خوا لێی خۆش بێت،خوا بیخاتە بەهەشت)[2].

هۆڵی پرسەی مەسیحییەکان لە کۆیە و هەرمۆتە جیایە لەکەنیسە، هۆڵی پرسەی مەسیحییەکانی کۆیە لە گەڕەکی هەیبەت سوڵتانە-(گەڕەکی زانکۆ)و هۆڵی پرسەی مەسیحییەکانی هەرمۆتەش لە گوندی هەرمۆتەیە[3]

هۆڵی پرسە لە چوار بەش پێکهاتووە: بەشێکیان تایبەتە بە پیاوان و بەشێکیشیان تایبەتە بە ژنان و لەنێوان ئەو دوو بەشەدا، هۆڵێکی نانخواردن هەیە و چێشتخانەیەکیشی هەیە کەلەکاتی پرسەدا چێشتی تێدا لێدەنرێت، هەر دوو ڕۆژی پرسە سێ ژەم خواردن بە ئامادەبووانی پرسە دەدرێت، ژنان و پیاوان بەجیا لەهۆڵی نانخواردنی پرسەدا نان دەخۆن، سەرەتا پیاوان نان دەخۆن و دوای پیاوانیش ژنان لە هەمان هۆڵی نانخواردندا نان دەخۆن، یەکەم ڕۆژ خواردن لەسەر ئەرکی خاوەن مردووەکەیە و بەم نانە دەوترێت(وەلیتە) خاوەن پرسەکە لە کاتی نیوەڕۆدا داوا لەهەموو ئامادەبووان دەکات کە نەڕۆن و نان بخۆن(لای مەسیحییەکان هەر کەسێك لەم خواردنە بخوات بۆ مردووەکە خێرە)، بۆیە خەڵکێکی زۆر دەمێنێتەوە بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ و برنج و شلە و گۆشت لێدەنرێت، دووەم ڕۆژیش ئەگەر خاوەن پرسەکە هەژار بوو ئەوا خواردن لەسەر ئەرکی خزم و کەس و برادەرەکانی دابیندەکرێت، ڕۆژی دووەم تەنها خزم و کەسی نزیکی خاوەن پرسەکە بۆ نانخواردن دەمێننەوە[4].

ڕۆژی دووەمی پرسە ئێوارەکەی کە ژنان لەسەر قەبران دێنەوەبۆ هۆڵی پرسە، سەرەخۆشی لەخاوەن مردووەکە دەکەن و بەمەش پرسەی ژنان کۆتایی دێت،پرسەی پیاوانیش ئێوارەی ڕۆژی دووەمی پرسە قەشە ئایەتو دوعا دەخوێنێت و وتەیەك پێشکەش دەکات و کۆتایی بەپرسەکە دێنێت و قەشە

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: د.هاوژین صلیوە، . ریاض عزیز بطرس، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٧. سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. دنحا سەلمان یەلدا، مریەم ئێلیا عمان ، کۆیە، ٢٠١٦/٦/٥. کەژاڵ عمان حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. اندریا عمان ئیلیا،کۆیە، ٢٠١٦/٩/٥. جەمیل عیسی کریم ،هەولێر – عەینکاوە، ٢٠١٦/٩/٦.

[2] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١. اندریا عمان ئیلیا،لەدایکبووی: ١٩٥٧،پیشە،ژمێریاری کڵێسای مار یوسف لەکۆیە،کۆیە، ٢٠١٦/٩/٥.

[3] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: ئیسحاق جرجیس یوسف،کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٢ هرمز عیسی کریم، گوندی هەرمۆتە ،٢٠١٦/٥/١٧.

[4] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: جەمیل عیسی کریم ،هەولێر – عەینکاوە،٢٠١٦/٩/٦. اندریا عمان ئیلیا،کۆیە، ٢٠١٦/٩/٥.

تەوقە لەگەڵ خاوەن مردووەکە دەکات و سەرەخۆشیان لێدەکات و دەڕوات، پاشان خەڵکەکەش تەوقە لەگەڵ خاوەن مردووەکە دەکەن و سەرەخۆشیان لێدەکەن و دەڕۆن، بەمەش پرسە کۆتایی دێت[1].

## ج) چلە و ساڵانەی مردوو:

بەلێدەرکردنی ژمارەی منداڵی کەسی مردوو لە (٤٠) ڕۆژی دوای مردنی مردووەکە، واتە:(مردووەکە چەند منداڵی هەبێت ئەوەندە ڕۆژ لە (٤٠) ڕۆژی دوای مردنی مردووەکە کەمدەکرێتەوە و ئەو ڕۆژە بە چلەی مردوو دیاریدەکرێت، ئەو ڕۆژە کەس و کاری نزیکی مردوو بەیانییەکەی نوێژ بەنیەت و بۆ خێری مردووەکە  دەکەن و پاشان دەچن بۆ سەر قەبران، بۆ سەر قەبری مردووەکە، لەوێ شیرینی یان دۆڵمە دەدەن بەبەشداربووەکانی مەراسیمەکە[2].

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە پاش تێپەڕبوونی(١١) یانزە مانگ ساڵانە بۆ مردوو دەکەن، ئەو ڕۆژەی کە بەساڵانەی مردووەکە دیاریدەکرێت پێی دەڵێن: (ساڵ بڕین یان ساڵانەیان بۆ مردووەکە بڕییەوە)، ئەو ڕۆژە کەس و کاری مردوو بەیانییەکەی دەچن بۆ کەنیسە و نوێژ بۆ مردووەکە دەکەن و پاشان دەچن بۆ سەرقەبران بۆ سەر قەبری مردووەکە، لە ئێستادا نەریتی(چلە) بۆ مردوو پەیڕەو دەکەن، بەڵام بەڕێنمایی کەنیسە هەندێك لەخێزانەکان (ساڵانە) بۆ مردوو ناکەن[3].

## د)  گۆڕستان و مەزار:

مەسیحییەکانی هەرمۆتە دوو قەبرستانی تایبەت بە خۆیان هەیە ( قەبرستانی کۆن – قەبرستانی مارشمۆنی و قەبرستانی نوێ) قەبرستانی کۆن دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی هەرمۆتە و گۆڕی(خاڵە سێوەی) هونەرمەند لەم گۆڕستانەدایە، بەهۆی نەمانی جێگەوە بۆ قەبری تازە، قەبرستانێکی نوێیان دروست کردووە، کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی گۆڕستانی مارشمۆنی و باشووری ڕۆژهەڵاتی هەرمۆتەوە، بەڵام مەسیحییەکانی کۆیە گۆڕستانی تایبەت بەخۆیان نییە، مردووەکانیان دەبەن بۆ هەرمۆتە و لە گۆڕستانی مەسیحییەکانی هەرمۆتە دەینێژن[4].

لە گۆڕستانی مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتەدا، تەنیا درەختی(زەیتوون)ڕوێنراوە، ژمارەیەکی زۆری درەختی زەیتوون ڕوێنراوە، چونکە لە ئاینی مەسیحیدا ڕووەکێکی پیرۆزە، هەروەها لەسەر کێلی هەموو قەبرەکان هێمای (خاچ) کێشراوە و ناوی مردووەکە و ساڵی لەدایك بوون و ساڵی مردنی نوسراوە[5].

---

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: کەژاڵ عمان حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤.  ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

[2] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: کەژاڵ عمان حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤.  جەمیل عیسی کریم ،هەولێر – عەینکاوە،٢٠١٦/٩/٦.

[3] – دنحا تۆما یوسف، گوندی  هەرمۆتە، ٢٠١٦/١٠/١.

[4] – چاوپێکەوتن لەگەڵ: صلیوە حنا یوسف، لە دایکبووی١٩٤٨، پیشە: مامۆستای خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦.

[5] – تێبینی ڕاستەوخۆی توێژەر لەسەردانی مەیدانی بۆ گۆڕستانی قەبرستانی کۆن – قەبرستانی مارشمۆنی لە خواروی گوندی هەرمۆتە، بەیاوەری بیستوون عمان حەننا، ٢٠١٧/٨/٢٥.

**شوێنی گۆڕستانی موسوڵمانەکانی هەرمۆتە جیایە لە شوێنی گۆڕستانی مەسیحییەکانی هەرمۆتە، موسوڵمانەکانی هەرمۆتە لە ڕابردوودا گۆڕستانیان نەبووە و مردووەکانیان لە گۆڕستانی کۆیە یان گوندەکانی تر ناشتووە، بەڵام لە ئێستادا موسوڵمانەکان مردووەکانیان لە گوندی هەرمۆتە لە شوێنێکدا دەنێژن، کە زەویی و موڵکی کەنیسەی هەرمۆتەیە و دەکەوێتە باشووری هەرمۆتە و مەسیحییەکانی هەرمۆتە خۆیان ئەو زەوییەیان داوە بەموسوڵمانەکانی هەرمۆتە، بۆ ئەوەی مردووەکانی خۆیانیان تێدا بنێژن[1] .**

## **ه) سەردانی گۆڕستان و مەزار:**

**مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە، لەکاتی ناشتنی مردوودا، تەنیا پیاوان بۆ ناشتنی مردوو بەشداری دەکەن و دەچن بۆ قەبرستان، ژنان دووەم ڕۆژی پرسە، کاتی عەسر دەچن بۆ قەبرستان بۆ سەر قەبری مردوو، لەڕابردوودا کە پرسە سێ ڕۆژ بووە، ژنان سێهەم ڕۆژی پرسەکە دەچوون بۆ سەر قەبری مردوو، ئێستا دووەم رۆژی پرسەکاتی عەسر ژنان دەچن بۆ  قەبرستان بۆ سەر قەبری مردوو، پاشان ڕۆژانی هەینی یان یەکشەممان ژن و پیاو بەیەکەوە دەچن بۆ قەبرستان، هەروەها ساڵانە یەك ڕۆژ سەرجەم مەسیحییەکان سەردانی قەبرستان دەکەن، کە پێی دەوترێت(هەینی مردووان)، دەکەوێتە یەکەم هەینی پێش ڕۆژووی گەورە، بۆ نموونە: ئەم ساڵ ساڵی (٢٠١٧)هەینی مردووان(٢٤ی شوبات)بوو، یەکەم ڕۆژی ڕۆژویی گەورە(الصوم الكبير) (٢٧یشوبات) بوو، واتە دەکەوێتە کۆتایی مانگی شوبات، لەو هەینییەدا هەر کەسەو دەچێتە سەر قەبری کەس و کاری خۆیی و هەر کەسێك مردووی لەو گۆڕستانە بێت، لەهەر شوێنێك بێت لەو ڕۆژەدا دەگەڕێتەوە بۆ هەرمۆتە و دەچێت بۆ گۆڕستان و قەشە و هەموو خەڵکەکە نوێژ و دوعا بۆ مردووەکان دەکەن، خواردن و ئاوو شیرینی و میوە دەبەن بۆ خێر و لەوێ لە خواردنی یەکتری دەخۆن، یان مردووەکە کەزیندوو بووە، حەزی لە چ خواردنێك بوویێت کەس و کارەکەی ئەو ڕۆژە، ئەو خواردنە بۆ قەبرستان دەبەن[2].**

**سەبارەت بەسەردانی مەزار مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە، وەك ئەنجامدانی سرووتێکی ئاینی یان بۆ بەئاکام گەیشتنی ڕازو نیازێك، یان بۆ چاکبوونەوەی نەخۆش، یان لەکاتی جەژن و یادکردنەوە ئاینییەکانیاندا،سەردانی مەزاری مەربێنە قەدیشە دەکەن و باوەڕیان وایە هەر کەسێك بچێتە زیارەتی ئەو مەزارە، مەربێنە قەدیشە نائومێدی ناکات، هەروەها لە یەکەم هەینی دوای جەژنی هەستانەوە(جەژنی گەورە) واتە دەکەوێتە کۆتایی مانگی(نیسان)، مەسیحییەکان بەگشتی سەردانی ئەم مەزارە دەکەن و ئەو ڕۆژە یادی(مەربێنە قەدیشەیە) و (هەینی شەهیدان)ە، ئەمساڵ لە ڕۆژی هەینی(٢١/نیسان/٢٠١٧) مەسیحییەکان سەردانی ئەم مەزارەیان کرد[3].**

---

**[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ  جەمیل عیسی کریم ، هەولێر – عەنکاوە،٢٠١٦/٩/٦.**

**[2] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: کەژاڵ عمان حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤.  اندریا عمان ئیلیا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٥. جەمیل عیسی کریم ،هەولێر – عەنکاوە،٢٠١٦/٩/٦.**

**[3] – چاوپێکەوتن لەگەڵ: سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. دنحا سەلمان یەلدا،مریەم ئێلیا عمان،کۆیە، ٢٠١٦/٦/٥. (هرمز عیسی کریم،شوێنی چاوپێکەوتن:گوندی هەرمۆتە،لەبەرواری ٢٠١٦/٥/١٧. ریاض عزیز بطرس،**

## چوارەم: پەروەردە و خوێندەواری و بەکۆمەڵایەتیبوون:

### أ) پەروەردە و فێرکردن و خوێندەواری:

کەنیسەی گوندی (هەرمۆتە) هەر لەکۆنەوە کتێبی تێدابووە، بەنموونە کتێبی (گزا) بەکوردی واتە (گەنجینە) کە بەدەست و خەت و زمانی (کلدانی – سریانی)لە ساڵی(١٨٥٩)نوسراوەتەوە و باسی نوێژە فەرزەکانی ڕۆژانی یەك شەممە و جەژنەکان و بیرخەرەوەکان (تذکار)دەکات، لەکۆتایی کتێبەکەدا ناوی کتێبەکە و مێژووی نوسینی کتێبەکە نوسراوە و ناوی گوندی (هەرمۆتە)شی تێدایە کە بە(أرموتە) نوسراوە، کتیبی(حوذرا)کە تەفسیرەکەی(المدار)ە، کتێبی نوێژ و دوعای فەرزە، ئەم کتێبە لە ساڵی ( ١٨٧٣ ) لەلایەن(مار بهنام)بەدەست نوسراوەتەوە، کتیبی (کەشکۆڵ)کە ئەمەش تایبەتە بە نوێژە فەرزەکانی ڕۆژانی ساڵ و لەساڵی( ١٨٧٤)دا لەلایەن (ماربهنام)ەوە نوسراوە[1].

سەبارەت بەڕەوشی پەروەردە و خوێندن لە گوندی هەرمۆتەدا، لە ئێستادا (یەك) قوتابخانەی بنەرەتی تێدایە بەناوی (خوێندنگای هەرمۆتەی بنەرەتی تێکەڵاو- قۆناغی ١-٩ی بنەرەتی)، لەساڵی(١٩٤٧) دروستکراوە و قۆناغی(١-٦)ی تێدا کراوەتەوە و کوڕ و کچ بەیەکەوە خوێندوویانە، یەکەم مامۆستای ئەم قوتابخانەیە ناوی مامۆستا( قاقۆز بنیامین) بووە کە خەڵکی عەنکاوە بووە، یەکەمینەکانی کچ کە لەم قوتابخانەیەدا خوێندوویانە ناوی( ترێزییە عەودیش سلێمان) و ( فەریدە بترس فەرەنسیس)بوون.

لە ساڵی(١٩٧٨)دا قۆناغی ناوەندی واتە قۆناغی(٧-٩)بنەڕەتی تێدا کراوەتەوە، لە ساڵی(١٩٧٢)(وەردیە حەنا سلێمان) یەکەم کچی مەسیحی هەرمۆتە و ( عەمان حەنا سلێمان) یەکەم کوڕی مەسیحی هەرمۆتە بوون، کە بوون بە مامۆستا[2]. لە ساڵی(١٩٦٧/١/١٦) (ئەمیر حەنا سلێمان)یەکەم کەسی خەڵکی هەرمۆتە بووە کە بووە بە (مودەریس) لەبواری جوگرافیادا. لەساڵی(٢٠١٢)دا (هاوژین صلیوە عیسا)یەکەم کەسی گوندی هەرمۆتە بووە، کە دکتۆرای بەدەست هێنابێت، دکتۆراکەشی لە ئەدەبی کوردییە[3].

**خوێندنگای هەرمۆتە ژمارەی قوتابییەکانی بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠١٥-٢٠١٦)لەقۆناغی (١-٩)ی بنەرەتی(١٥٠)قوتابین، قۆناغی(١-٦)ی بنەرەتی(٦٧)قوتابین و سەرجەمیان قوتابی گوندی هەرمۆتەن، لەو ژمارەیەدا (٤٣)قوتابیان مەسیحییە، کە(٢٤)یان کوڕ و (١٩)یان کچن، (٢٤)قوتابیان موسوڵمانن، کە (١٣) یان کوڕو (١١)یان کچن، قۆناغی(٧-٩)ی بنەڕەتی(٨٣)قوتابین، لەو ژمارەیە(٣٥)قوتابیان خەڵکی گوندی هەرمۆتەن، کە(٢٦) قوتابیان مەسیحین، (٩)یان کوڕو(١٧)یان کچن، (٩)قوتابیان موسوڵمانن، کە(٤)یان کوڕو(٥)یان کچن،**

---

گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٧. کەژاڵ عمان حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. جەمیل عیسی کریم ، هەولێر – عەینکاوە،٢٠١٦/٩/٦.

[1]- طاهر احمد حوێزی،مێژووی کۆیە،سەرچاوەی پێشوو،ل ٦٧- ٦٨

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: وەردیە حەننا سلێمان، لە دایکبووی ١٩٤٩، پیشە: خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٣/٢٨. مەرقۆس ئەودیش سلێمان، لەدایکبووی ١٩٤٢، پیشە: مامۆستای خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٣/٣١. ئازاد فەرەنسیس کریم، لە دایکبووی ١٩٦٢، پیشە: جوتیار و فەرمانبەر، گوندی هەرمۆتە ٢٠١٧/٢/٢١.

[3]- هاوژین صلیوە،مێژووی هەرمۆتە،چاپخانەی زانا- سلێمانی،چاپی یەکەم،٢٠١٣، ل ٣٠٦-٣٠٨.

(٤٨)قوتابی تریان موسوڵمانن و لە گوندەکانی تۆبزاواو زەوییە سپیەوە دێن، کە نزیکی گوندی هەرمۆتەن و قوتابخانەی قۆناغی (٧-٩)ی تێدا نییە[١].

**خشتەی(١٨) ژمارەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی خوێندنگای گوندی هەرمۆتە بەم جۆرەیە[٢]**

| ژ.مامۆستا | ژ.مەسیحی | ژ.موسوڵمان | ژ.فەرمانبەر | ژ.مەسیحی | ژ.موسوڵمان |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | ١٣ | ١٣ | ١٤ | ١١ | ٣ |
| ژ.م.قۆناغی ١-٦ | ١١خەڵکی هەرمۆتەن | ٦(لەکۆیەوە دێن) | | | |
| ژ.م.قۆناغی ٧-٩ | ٢ خەڵکی هەرمۆتەن | ٧(لەکۆیەوە دێن) | | | |
| توێژەری کۆمەڵایەتی | ١خەڵکی هەرمۆتەیە | | | | |

لە گوندەکەدا باخچەیەکی منداڵان هەیە، بەناوی (باخچەی منداڵانی هەرمۆتە) کە لە ساڵی (٢٠٠٣) وە دروستکراوە و کراوەتەوە، ئەم باخچەیە (٣٤)منداڵی تێدایە، لەوژمارەیەدا (٨)منداڵیان مەسیحییە، هەروەها (٩) مامۆستای هەیە، لەو ژمارەیەدا (٦)مامۆستا و بەڕێوەبەرەکە مەسیحیین، (٤) چاودێریشی تێدایە، کە ( ٣ ) مەسیحی و (١)موسوڵمانن، (٢)پاسەوانی مەسیحی و (١) کارگوزاری موسوڵمانیشیان هەیە[٣]. مەسیحییەکانی هەرمۆتە لە ئێستادا (٣٠ )کەسیان مامۆستان، (١٩)ئافرەت و (١٤) پیاو.

**خشتەی(١٩) ئاست و ژمارەی بڕوانامەی مەسیحییەکانی هەرمۆتە نیشان دەدات.[٤]**

| ئاستی بڕوانامە | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| دەرچووی زانکۆ | ٩ | ١١ | ٢٠ |
| قوتابی زانکۆ | ٧ | ٦ | ١٣ |
| دەرچووی پەیمانگا | ٢٠ | ١٧ | ٣٧ |
| قوتابی پەیمانگا | ٦ | ٧ | ١٣ |
| کۆی گشتی | ٤٢ | ٤١ | ٨٣ |

قوتابیانی مەسیحی لە قوتابخانەی هەرمۆتەدا، ئەوانەی لەقۆناغی (١-٦)ی بنەڕەتین لەگەڵ وانەکانی تری پرۆگرامی خوێندنی هەرێمی کوردستاندا، وانەکانی (زمانی سریانی و پەروەردەی مەسیحی)دەخوێنن، بەڵام وانەی پەروەردەی ئیسلامی ناخوێنن، هەروەها ئەو قوتابییانەی کەلەقۆناغی(٧-٩)ی بنەڕەتین لەگەڵ وانەکانی تری پرۆگرامی خوێندنی هەرێمی کوردستاندا، وانەی(پەروەردەی مەسیحی)دەخوێنن و وانەی پەروەردەی ئیسلامی ناخوێنن. سەرجەم کوڕ و کچە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە، ئەوانەی تەمەنیان لە قۆناغی(١) ی بنەرەتی تا(١٢)ی ئامادەیی بێت، دەخوێنن و لەقوتابخانەن، هیچ کەسێکیان لەو قۆناغانەدا نییە، وازی لەخوێندن هێنابێت یان

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ(هیلان عیسی کریم)،گوندی هەرمۆتە، چاوپێکەوتن:٢٠١٦/٥/١٥.

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ بێستون عمان حەننا،لەدایکبوی ١٩٧٢،پیشە:یاریدەدەری بەرێوەبەری قوتابخانەی هەرمۆتەی بنەرەتی تێکەڵاو،گوندی هەرمۆتە ، ٢٠١٦/٥/١٥.

[٣]- چاوپێکەوتن لەگەڵ (دونیا جبار دنحا،شوێنی چاوپێکەوتن:باخچەی مناڵانی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٥.

[٤]- بێستوون عمان حنا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٩/٢٢.

هاوسەرگیرییان کردبێت، کوڕ و کچی مەسیحی تا نەچنە زانکۆ یان پەیمانگا هاوسەرگیری ناکەن، بەواتای هاوسەرگیری پێش وەختیان لە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیدا نییە[١].

هەروەها لە گوندی هەرمۆتەدا (٥)مامۆستای خانەنشین هەیە، (٤)مامۆستای پیاو (١)مامۆستای ئافرەت [٢]، سەبارەت بە خوێندن و خوێندەواری مەسیحییەکانی کۆیە، لە سەرەتای کردنەوەی قوتابخانە لە کۆیە لە ساڵی(١٩٢٤-١٩٢٦)دا مەسیحییەکانی کۆیە کوڕ و کچیان ناردووەتە قوتابخانە و زۆربەیان لە فەرمانگەکانی کۆیەدا بوون بە مامۆستا و فەرمانبەر.

نامق افندی کە بە(غریفۆری)دەناسرا و لە بنەڕەتدا خەڵکی عەنکاوە بووە لە ساڵی(١٩٢٢-١٩٢٣)دا بۆ یەکەمجار وانەی ئینگلیزی لە قوتابخانەی (کۆیسنجق أولی) بەقوتابییانی کۆیە وتووەتەوە، تا ساڵی(١٩٢٨) تەنها ئەو مامۆستای ئینگلیزی بووە لە کۆیە، لەساڵی(١٩٢٠)وە قوتابییە مەسیحیەکانی کۆیە لەگەڵ قوتابییە موسوڵمانەکان لە قوتابخانەی (کۆیسنجق) لە کۆیە خوێندوویانە، بەنموونە:(حنا سلێمان- هەرمۆتەیی، عزیز فرنسیس)کە لەساڵی(١٩٢٢-١٩٢٣) لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی بوون[٣].

چەند مامۆستایەکی مەسیحی لەماوەی ساڵانی (١٩٢٠-١٩٣٥)دا میلاکی قوتابخانەی (کۆیسنجق أولی) بوون وەك (باکۆس تۆما، غریب پگرس، داود شمعون)، لەساڵی(١٩٣٣)دا بۆ یەکەمجار قوتابخانەی کچان لە کۆیە کراوەتەوە بەناوی قوتابخانەی(کۆیسنجقی کچان) و دوو مامۆستای ئافرەتی مەسیحی بەناوەکانی (حیاە ناصر) و (ماریە) کە لە مەسیحییەکانی موسڵ بوون، بەعەرەبی وانەیان بەقوتابییەکان وتووەتەوە [٤].

شایانی باسە یەکەم کچ لە کۆیەدا، کە چووەتە قوتابخانەی کوڕان و لەگەڵ کوڕان خوێندوویەتی کچێکی موسوڵمان بووە، بە ناوی( نەجیبە )* لە ساڵی ( ١٩٢٥ )[٥]

لەئێستادا مەسیحییەکانی هەرمۆتە(٣١)مامۆستایان هەیە، (١٧)مامۆستای پیاو و (١٤)مامۆستای ئافرەت، هەروەها (٤) مامۆستای خانەنشینی مەسیحی لە کۆیەدا هەیە، (٣)مامۆستای پیاو و (١) مامۆستای ژن، زۆربەی مەسیحییەکانی کۆیە خەڵکی خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەی بەرزن و دەرچووی ( ئامادەیی و پەیمانگاو زانکۆ )ن و بوون بە مامۆستا و پزیشك و ئەندازیار و هونەرمەند و فەرمانبەر[٦]

---

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ(هیلان عیسی کریم)،قوتابخانەی هەرمۆتەی بنەڕەتی، ٢٠١٦/٥/١٥. (دونیا جبار دنحا)، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٥.

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ مەرقۆس ئەودیش سلێمان، لەدایکبووی ١٩٤٢، پیشە: مامۆستای خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٣/٣١.

٣ – طاهر احمد حوێزی،هەمانسەرچاوەی پێشوو،،ل ١٩٢،١٩١،١٩٠،١٨٧

٤- طاهر احمد حوێزی،مێژووی کۆیە،سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٠٢-٢٠٩،٢٠٧،٢٠٣

*- نەجیبە: ناوی ( نەجیبە کچی مەلا محمدی حاجی مەلا عبدالله ی جەلیزادەیە) ناسراوە بە ( نەجیبە خانی جەلیزادە) واتە ( نەجیبە خانی کچی مەلای گەورەی کۆیە) لە ساڵی (١٩١٧) لە کۆیە لە دایکبووە و لە ساڵی(١٩٩٩) کۆچی دوایی کردووە. مەسعوود محەممەد: گەشتی ژیانم، چاپی سێیەم، سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٩، ل ٤٠.

٥- مەسعوود محەممەد، هەمان سەرچاوە، ل ١٣١، ١٦٥.

٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ مەرقۆس ئەودیش سلێمان، لەدایکبووی ١٩٤٢، پیشە: مامۆستای خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٣/٣١.

## ب) بەکۆمەڵایەتیبوون:

بەکۆمەڵایەتیبوون بریتییە لەو پرۆسەیەی کە تێیدا مرۆڤ فێری کەلتووری کۆمەڵگەکەی دەبێت و مرۆڤ لە بونەوەرێکی بایەلۆجییەوە بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی دەگۆڕێت. بەهۆی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوونەوە کەسێتی مرۆڤ شێوەی کەلتووری ئەو کۆمەڵگەیە وەردەگرێت کەتێیدا ژیاوە، ئەم پرۆسەیەش لەدوای لەدایکبوونی مرۆڤەوە تا تەمەنی کامڵ بوونی بەردەوا دەبێت [1].

لێرەدا باسی بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵ لە خێزانی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا دەکەین :-

## ١- پەروەردەکردنی منداڵ:

خێزان و کەنیسە و قوتابخانە ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵانی مەسیحی لە کۆیە و هەرمۆتە بەڕێوەدەبەن، بەم شێوەیە:-

أ) دایك و باوك ڕۆڵی بنەڕەتی دەبینن لە پەروەردەکردن و بەکۆمەڵایەتیبوون و هۆشیارکردنەوەی منداڵدا، منداڵ لەدایك و باوکییەوە فێری ڕێساکانی ئایینی مەسیحی و نەریت و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی دەبێت، پەروەردەکردنی منداڵ لە خێزانی مەسیحییەکاندا زیاتر ئەرکی دایکە[2]،

ب) کەنیسە(کڵێسا) بەشێکی سەرەکی پەروەردەکردنی منداڵ جێبەجێدەکات، ڕۆژانی هەینی منداڵانی مەسیحی لە کۆیە و هەرمۆتە لە قۆناغی( ١- ٩ )ی بنەڕەتی لە کەنیسە وانەی (خوێندنی مەسیحی) دەخوێنن، هەروەها لە پشووی هاوینیشدا بۆ ماوەی (مانگێك) ڕۆژانە منداڵان لە خولی(خوێندنی مەسیحی)دا بەشداری دەکەن [3].

ج) قوتابیانی مەسیحی لە قۆناغی(١-٩)بنەڕەتی، لە گوندی هەرمۆتەدا وانەی(پەروەردەی مەسیحی) دەخوێنن.

لە پرۆسەی پەروەردە و بەکۆمەڵایەتیبوونی مەسیحییەکاندا، منداڵان تا تەمەنی (٦-١٢)ساڵی لە کەنیسەدا وانەی پرۆگرامی (پەروەردەی و خوێندنی مەسیحی)دەخوێنن، ئەم وانەیە هەفتانەیە و ڕۆژانی هەینی لە کڵێسا دەخوێنرێت، لە بەیانی تا نیوەڕۆ بەردەوام دەبێت و فێری نوێژ و تراتیلەکانیان دەکەن، هەروەها هانیان دەدەن لەسەر چوونیان بۆ کەنیسە بەتایبەت ڕۆژانی یەك شەممان، ئەم وانەیە زیاتر بۆ ئەو منالانەیە کە لە قۆناغی بنەرەتیدان، کەنیسە لە منداڵانی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی، گروپێکی پێکهێناوە، بەناوی (گروپی جەوقە)و لە یادەکان و جەژنەکاندا سرودی ئاینی و تراتیل دەخوێنن. هەروەها بۆ خوێندکارە مەسیحییەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانیش لەسەر ئاستی (مەترانیە)ساڵانە کۆنفرانس و سیمینار لەسەر بابەتی ئاینی و کۆمەڵایەتی ئەنجامدەدرێت[4]

---

١- قيس النوري، طبيعة المجتمع البشري في ضوء الانثروبولوجية الاجتماعية،الجزء الثانى، مطبعة الاداب فى النجف الاشرف،١٩٧٢،ص٢٣٢.

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ: ڕیڤان عزیز فەڕەنسی، لەدایکبووی ١٩٨٦، پیشە: توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی هەرمۆتە، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/١٠/٢٢.

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ: ڕیڤان عزیز فەڕەنسی، لەدایکبووی ١٩٨٦، پیشە: توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی هەرمۆتە، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/١٠/٢٢.

٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ: قەشە(زەبیا شابا ججی)،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٢. (هیلان عیسى کریم)،قوتابخانەی هەرمۆتەی بنەرەتی، ٢٠١٦/٥/١٥.

## ٢- توندوتیژی بەرانبەر منداڵ:

دایك و باوكی مەسیحی لە كۆیە و هەرمۆتەدا، بەدەگمەن ئازاری منداڵەكانیان دەدەن و بەشێوەیەكی گشتی لەمنداڵ نادەن، بەڵام جار جار دایك و باوك لە سەر درۆ و هاریی لە منداڵەكانیان دەدەن و زیاتر دایك لەمنداڵەكەی دەدات[١]، دایك و باوك بەردەوام خەرجیی ڕۆژانە بەمنداڵ دەدەن و ئەگەر ئەگەر نەخۆش بكەون ڕاستەوخۆ دەیبەن بۆ نەخۆشخانە و گرنگی بەمنداڵ دەدەن، منداڵانی مەسیحی خوار تەمەنی(١٤)ساڵ لە كۆیە و هەرمۆتە لەبازاڕ، یان لەسەر شەقام كار ناكەن، بەڵام لە كاری كشتوكاڵیدا هاوكاری دایك و باوكیان دەكەن[٢].

## ٣- ناونانی مناڵ:

لەڕابردوودا تا كۆتای ساڵانی پەنجاكانی سەدەی بیستەم، ناوی مەسیحیەكانی كۆیە و هەرمۆتە ناوی ئاینی بوون و بەزۆری ئەم ناوانە بوون:(اسحاق، لۆقا، حنا، عمان، میخا، بهنام، مەتا، یعقوب، عبدالمسیح، پەترۆس، تۆما، ئیبراهیم، فرەنسیس، یوسف، گەوریل، صلیوە، مەتا، مەرقۆص، عەودیش، مریم، ئایشان، سارا، ریتا، هیلان، جەمیلە، زەكیە، مسكۆ، سیا، فەریدە، غەریبە، هورمز، ئەمینە)[٣].

لە ساڵانی شەستەكانی سەدەی بیستەمەوە، تا كۆتایی ساڵانی هەشتاكانی سەدەی بیستەم، بەهۆی تێكەڵبوونی مەسیحییەكانی كۆیە و هەرمۆتە بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كوردستانەوە، ناوی مەسیحییەكانی كۆیە و هەرمۆتە ناوی كوردی بوون، وەك: (ڕەوشەن، گەلاوێژ، گەزاڵ، ڕوخۆش، بێستوون، هاوژین، سۆران، ئاراز، ئارام، ئازاد، ئامانج، جوان، بێخاڵ، هێرۆ، نیگار، ئاسۆ، كاروان، شەماڵ)[٤].

لەئێستادا ناوی مناڵی تازە لە دایك بوو، لە گوندی هەرمۆتە و قەزای كۆیەدا، زۆربەی هەرە زۆری ناوی بیانییە و ناوی ئاینی و نەتەوەیی كەمە، بەنموونە ناوی هەشت مناڵی مەسیحییەكانی باخچەی منالانی هەرمۆتە وەردەگرین كە ئەمە ناوەكانیانە(كالین ئارام،ئاندرا ئاسۆ،كارۆ ئیدمۆن،ئەمیلدا شێروان،نینۆس لبیدە، ڕۆژێ عودەی،ئەدریان سەرمەد،ڤیلیا فائز)، بەڵام هەر هەشتیان لەتۆماری كڵێسا ناوی ئاینیان هەیە،كە جیاوازە لە ناوی پێناسەكانیان، هەروەها ناوەكانی (لاڤان، هیبا، سان، ڕامون، ئان، هیبا، ایمیلو، ئەسكەندەر، تریزە، سەبا، ڕیم، ڕیهام )ئێستا لە ناو مەسیحییەكانداباوە، هەر مەسیحییەك كە لەدایك دەبێت دوای (مانگێك، یان دوو مانگ، یان پێش ئەوەی بگاتە ساڵێك)دایك و باوكی دەیبەن بۆ كەنیسە و لە كەنیسە (تەعمید دەكرێت-لەئاوهەڵدەكێشرێت)هەر ئەو ڕۆژەش لە كەنیسەدا ناوی لێ دەنێن، ناووی دووەمیشی دەبێت ناوێكی ئاینی بێت و لە تۆماری كەنیسەدا ناو و بەرواری لەدایكبوونەكەی و بەرواری تەعمیدەكەشی تۆمار دەكرێت و هەردوو ناوەكەی دەنووسرێت(ناوی پێناسی شارستانی و ناوی كەنیسە)، هەموو مەسیحییەك ئەگەر لەپێناسی باری شارستانی ناوەكەی ئاینی

---

[١] - چاوپێكەوتن لەگەڵ: ڕیڤان عزیز فەڕەنسی، لەدایكبووی ١٩٨٦، پیشە: توێژەری كۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی هەرمۆتە، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/١٠/٢٢.

[٢] - چاوپێكەوتن لەگەڵ: هیلان عیسی كریم، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٥. ڕیڤان عزیز فەڕەنسی، لەدایكبووی ١٩٨٦، پیشە: توێژەری كۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی هەرمۆتە، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/١٠/٢٢.

[٣] - چاوپێكەوتن لەگەڵ (قەشە دنحا تۆما یوسف)، عەینكاوە، ٢٠١٦/٤/٦.

[٤] - چاوپێكەوتن لەگەڵ: بێستوون عمان حنا،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٩/٢٢. جاكلین كریم عزیز،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٩/٢٢

نەبێت، ئەوا لەتۆماری کەنیسەدا ناوێکی تری هەیە کە ناوێکی ئاینی مەسیحییە[1]. شایەنی باسە ناوەکانی( محمد، أحمد، اسماعیل، عبدالله، عومەر، عەلی، عوسمان، فاتیمە، زەینب، عائیشە) لەناو مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا نییە[2].

## پێنجەم: هونەر:

لەم باسەدا باسی هونەرە جوانەکانی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین ئایا ئاینی مەسیحی کاریگەری هەبووە لەسەر هونەرە جوانەکان؟، ئایا مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە هونەرمەندیان تێدا هەبووە؟ تاچەند ڕۆڵیان لە پەرەپێدانی هونەری کوردیدا هەبووە ؟

ئاینی مەسیحی بەهۆی تەراتیل و موناجاتەکانی کەنیسەوە گرنگی بەهونەر و گۆرانی و موزیك دەدات، لە کەنیسەی کۆیە و هەرمۆتەدا، گروپێکی سروودی ئاینی پێکهاتووە و پێی دەوترێت گروپی(موزیك– جەوقە)، لەهەموو سەردەمێکدا کەنیسە ئەو گروپەی هەبووە، لە جەژنەکان و یادکردنەوە ئاینییەکاندا لە کەنیسەدا بە کۆرس و بە موزیکەوە تەراتیل و سرودی ئاینی دەڵێنەوە، بەشێك لە ئاواز و مۆسیقای سروودەکان بە تۆمارکراوی لە مەترانییەوە بۆیان دێت، گروپەکە پێکهاتووە لە کوڕ و کچی قۆناغی (ناوەندی و ئامادەیی) و هەندێکجاریش قوتابی زانکۆش بەشداری تێدا دەکەن، چەند ڕۆژێك پێش جەژنەکان، ئەم گروپە هەفتەی دوو ڕۆژ، وەك ئامادەکارییەك بۆ جەژن و یادە ئاینییەکان پرۆڤە دەکەن، ئەم گروپە لە جەژن و یادە ئاینییەکاندا سرودی ئاینی دەڵێن.[3]

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە ڕۆڵی گرنگیان لە بواری هونەری گۆرانی و موزیکدا هەبووە و گۆرانیبێژی دەنگخۆشیان تێدا هەڵکەوتووە، کە لەپێش ساڵانی( ١٩٢٠ )وە بەزمانی کوردی گۆرانیان وتووە و خەڵکی کۆیە بەدەنگیان ئاشنا بوون[4]، گۆرانی و مەقامبێژی مەسیحییەکانی کۆیە پێشەنگی ڕێبازی فۆلکلۆری بوون و لەسەردەمی خۆیاندا گۆرانیبێژ و هونەرمەندی بەناوبانگی شاری کۆیە بوون، کە ئەوانیش:–[5]

١– **سێوە:** ناوی ( صلیوە یەلدا صلیوە)یە، لە ساڵی ( ١٨٩١) لە کۆیە لەدایکبووە، شەماشەی کەنیسەی کۆیە بووە، بەهۆی کەنیسەوە فێری خوێندەواری بووە، لە جەژن و یادکردنەوە ئاینییەکاندا لە کەنیسە بە دەنگێکی خۆش موناجات و تەراتیلی ئاینی خوێندووە، مەقامبێژێکی بەناوبانگی کۆیە بووە و لە ساڵی (١٩٥٢)لە ئێستگەی کوردی بەغداد( پێنج ) مەقام بەناوەکانی ( ئەوە سەحەرە، ئایشە گوڵ، بەهار، گوڵی،

---

[1]– چاوپێکەوتن لەگەڵ: (دونیا جبار دنحا)،باخچەی منداڵانی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٥. کەژاڵ عمان حنا، ، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە،٢٠١٦/٩/٤.

[2]– چاوپێکەوتن لەگەڵ سۆزان مەرقۆس عەودیش، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٨.

[3]– ڕیتا سیروان ئۆغز، لە دایکبووی٢٠٠١، پیشە خوێندکار و ڕاهێنەری گروپی جەوقە لە کڵێسای هەرمۆتە، ٢٠١٧/٤/١. تێبینی ڕاستەوخۆ و بەشداری توێژەر لە ڕاهێنانی گروپی جەوقە لە کڵێسای هەرمۆتە، ٢٠١٧/٤/١.

[4]– ڕەشاد میران، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستان، چاپی دووەم، سەنتەری برایەتی، هەولێر،٢٠٠٠،ل ٣٥

[5]– هاوژین صلیوە، مێژووی هەرمۆتە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢–١٧١. باکوری، گۆرانیبێژە نەمرەکان، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠١،ل ١١٧. کەریم شارەزا، مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لە تەرازووی ڕەسەنایەتیدا، ،مطبعة حسام،بغداد، ١٩٨٢،ل ١٧–١٨.

وەی لێ لێ، شەنگە مێرەم) تۆمارکردووە،شعری شاعیران(قاسد، ئەختەر، حاجی قادری کۆیی، وەفایی، عەبدالله بەگی مصباح، صافی، دڵدار) بەمەقام وتووە، لەگەڵ(مەلا ئەسعەد کۆیی)چەند گۆرانی و مەقامێکیان بەیەکەوە وتووە و تۆمارکراوە، لەساڵی (١٩٦٣/١٢/٩) بە نەخۆشی گرانەتا لە کۆیە کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی هەرمۆتەدا بە خاکسپێردراوە[١] لە ئێستادا لە زانکۆی کۆیە پەیکەرێکی بۆ دروستکراوە.

٢- **حەننا تۆما(حەنیل)** مەقامبێژێکی دەنگخۆش بووە و سێوەی هونەرمەند زۆر مەقامی لێوە فێربووە، ساڵی لە دایکبوون و مردنی دیاریکراو نییە، بەڵام ئاشکرایە لە سەردەمی هونەرمەند(سێوە)دا ژیاوە

٣- (**مەربێنی کوڕی قەشە شابیل:** لە ساڵی(١٨٣٥)دا لە کۆیە لە دایکبووە و لە ساڵی(١٨٩٥)ز لە کۆیەدا مردووە، مەقامبێژێکی بەناوبانگی مەسیحییەکانی کۆیە بووە[٢]

٤-**باکوری:** ناوی ( أندریۆس اسرائیل خمۆ)یە، لە (١٩٢٨/١١/٥) لە شاری کۆیە لەدایکبووە، لە ساڵی (١٩٥٦)دا بەشی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی بەغداد تەواوکردووە، لە ساڵی(١٩٥٧)، لە شاری کۆیەدا بووە بە مامۆستا، بۆ یەکەمجار ئامێری موزیکی بردووەتە شاری کۆیە، خۆیی و قوتابییەکانی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای (باواجی)ن لە کۆیە، لە کۆیە و هەولێر مامۆستا بووە، لە ساڵی(١٩٩٣ تا ١٩٩٦) مامۆستا بووە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر، لە ساڵی(١٩٩٦)خانەنشین کراوە و لە عەنکاوە دەژی، تا ئێستا ( ١١ ) کتێبی لەبوارەکانی (بیرەوەرییەکانی، هونەر، زمان) بە زمانی کوردی چاپ و بڵاوکردووەتەوە.[٣]

هەروەها (باکوری)سەرەڕای ئەوەی مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووە لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەییدا، بۆ یەکەم جار لە کۆیە لەساڵی(١٩٥٧)خوێندکارانی فێری مۆسیقا کردووە و چەند قوتابییەکی هەڵبژاردوە و دوای دەوامی قوتابخانە ڕۆژی چەند سەعاتێك فێری گۆرانی و مۆسیقای کردوون، ، قوتابییەکانی باکوری کەفێری مۆسیقای کردوون ئەمانە بوون: (ظاهر محمد ابراهیم،ابراهیم فرج الله،اکرم باقی،نشأة حمید،عونی علی،سەردار احمد)، پاشان (کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان) بەسەرۆکایەتی (باکوری) پێکهێنراوە و قوتابیەکانیشی چوونە ناو ئەو کۆمەڵەیە.

لە(ی ئازاری ساڵی ١٩٧٢)بەفەرمی و بەنووسراوی وەزارەتی (ڕاگەیاندن) و بەژمارە(٨٣٢) مامۆستا باکوری و قوتابییەکانی باکووری بەسەرۆکایەتی(ظاهر محمد ابراهیم )کە قوتابی (باکووری) بووە، لەگەڵ چەند کەسێکی تر تیپی مۆسیقای (باواجی)ان دامەزراندووە، (٢)کەس لەدەستەی دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای (باواجی )مەسیحی بوون، بەناوەکانی(جان تۆماس جانۆ، عطا الله حەنا عبدالکریم )[٤]

---

[١]- باکوری، گۆرانیبێژە نەمرەکان، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠١،ل ١١٧. کەریم شارەزا، مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لە تەرازووی ڕەسەنایەتیدا، ،مطبعة حسام،بغداد، ١٩٨٢،ل ١٧-١٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ فایەق پۆلص صلیوە(سێوە)- کوڕەزای سێوەی هونەرمەند، لەدایکبووی ١٩٤٧، پیشە: خانەنشین، عەنکاوە، ٢٠١٧/٣/٢٧.

[٢]- کەریم شارەزاو ئەوانی تر،کۆیە لەڕەوتی شارستانیەتدا،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری-هەولێر،چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، هەولێر، ل٢١٢، ٤١١.

[٣]- چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا باکوری، هەولێر-عەنکاوە.

[٤] - طاهر احمد حوێزی،مێژووی کۆیە،بەرگی دووەم،بەشی یەکەم،مطبعة نمیر-بغداد،١٩٨٤،ل ٢٧٤- ٢٧٥.

هەروەها باکوری هەر لەو سەردەمەدا لە کۆیە تیپێکی شانۆیی پێکهێناوە.

٥- **جان تۆماس جانۆ:** لە (١٩٤٧)لە کۆیە لە دایکبووە، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای (باواجی)کۆیە بووە، وەك موزیك ژەن بەشداری ئامادەکردنی چەند بەرهەمێکی تەلەفزیۆنی کردووە، لە ساڵی(١٩٧٤)دا بەشداری لە یەکەم میهرەجانی هونەری کوردیدا کردووە، لە ساڵی(٢٠٠١)بووەتە (نەقیبی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی هەولێر)و چەندین بڕوانامە و خەڵاتی ڕێزلێنانی پێدراوە. کتێبێکی لە ساڵی(١٩٩٨)دا بەناوی ( ڕەزمەکانی مۆسیقای کوردی) بە چاپ گەیاندووە

٦- **سخەریا عیسا کەریم هەرمۆتەیی:** لە ساڵی(١٩٤٩) لە گوندی هەرمۆتەدا لە دایکبووە، لە ساڵی(١٩٦٩)خانەی مامۆستایانی هەولێری تەواوکردووە، لە زۆر کەناڵی تەلەفزیۆنی گۆرانی فۆلکلۆری وتووە، لە ساڵی(١٩٩٢)کاسێتێکی(یەك کاتژمێری) گۆرانی تۆمارکردووە. لە ئێستاشدا لە زۆربەی بەرنامە و ڤێستیڤاڵەکاندا بە گۆرانی فۆلکلۆری بەشداری دەکات[1]

٧- **دکتۆر هاوژین صلیوە عیسا کریم**، لە ساڵی(١٩٧٩) لە گوندی هەرمۆتە ـ کۆیە لەدایکبووە. ساڵی(٢٠٠٤) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردیدا بەدەست هێناوە، ساڵی(٢٠٠٨) بڕوانامەی ماستەری لە زمان و ئەدەبی کوردی بەدەست هێناوە. ساڵی(٢٠١٢) بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی بەدەست هێناوە. ساڵی(٢٠١٠)خەڵاتی یەکەمی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە فێستیڤاڵی گەلاوێژدا بەدەست هێناوە. ساڵی(٢٠١٢) لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستاندا لە بارەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی خەڵاتی لاوی ساڵی وەرگرتووە. تا ئێستا چەند توێژینەوەی ئەدەبی و شیعر و چیرۆکی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە، ئەندامی(سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان)و (یەکێتی نووسەرانی کورد) و (بنکەی ڕوناکبیری گەلاوێژ)ە. جێگری سەرنووسەری گۆڤاری (کۆکۆن)ە. جێگری بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (زانکۆی کۆیە)یە. بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (کلتووری کورد)ە. مامۆستای ڕەخنەی ئەدەبییە لە بەشی زمانی کوردی زانکۆی کۆیە. کتێبە چاپکراوەکانی:

١- لە پاییزەوە بۆ بەهار)، شیعر، ٢٠٠٧.

٢- وێنەی هونەری لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا)، ٢٠٠٩.

٣- خوشکە نەسیمۆ)، کۆمەڵێ حیکایەتی سریانی، وەرگێڕانی لە زمانی سریانییەوە بۆ زمانی کوردی، ٢٠١٢.

٤- مۆسیقای نامۆیی)، شیعر، ٢٠١٣.

٥- ڕەهەندی دەروونی لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا)، ٢٠١٣.

٦- خۆری دەق و ئاوێزەی ڕەخنە)، ڕەخنەی ئەدەبی، ٢٠١٣.

٧- مێژووی هەرمۆتە)، ٢٠١٣.

٨- هەڵبژاردەیەك لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس)، وەرگێڕانی لە کوردییەوە بۆ زمانی سریانی، ٢٠١٥.

٩- پاییزی نیگەرانی)، شیعر، ٢٠١٥.

١٠- ئیرۆتیك لەشیعری (حەمام)ی شێرکۆ بێکەسدا)، هاوبەش لەگەڵ د. دەریا حەوێزی، ٢٠١٥. (کاریکاتێر لە شیعری کوردیدا)، ٢٠١٦.

١١- جگەرە لەجیهانبینی شیعری شێرکۆ بێکەسدا)، توێژینەوەی هاوبەش لەگەڵ (فازیل شەوڕۆ) ٢٠١٧.

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ سخەریا عیسی کریم، لەدایکبووی ١٩٤٩،پیشە هونەرمەند و مامۆستای خانەنشین، شوێنی چاوپێکەوتن:گوندی هەرمۆتە،لەبەرواری ٢٠١٦/٥/٢٤،

**٨- ئیڤان عەزیز میخە:** لە ساڵی(١٩٨٣)ز لەدایکبووە، دبلۆمی لەهونەری شانۆگەریدا بەدەست هێناوە، بەکالۆریۆسی لە(هونەری سینەما) لە بەشی (دەرهێنان) وەرگرتووە، لە چەند(فیلم و دراما و شانۆگەری)دا وێنەگر و ئەکتەر و دەرهێنەر بووە.

**٩- ڕاستی پۆلص شمعون:** لە ساڵی(١٩٨٤) لە دایکبووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر بەشی شانۆیە، وەك ئەکتەر لە چەندین شانۆگەریدا بەشداری کردووە.

**١٠- وسام جەمال یوسف:** لە ساڵی(١٩٨٨) لە دایکبووە، بەکالۆریۆسی لە مۆسیقادا بەدەستهێناوە.

**١١- مەیسەم ئەندریا عەمان:** لە ساڵی(١٩٨٩)لە شاری کۆیە لە دایکبووە، لە ساڵی(٢٠١١) پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شەهید جەعفەری تەواوکردووە.

لە ڕابردوودا، مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لەسەر کاری دروێنەی گەنم و جۆ و توتن گۆرانیان بەزمانی کوردی وتووە، هونەرمەند مامۆستا(سخەریا عیسی کریم هەرمۆتەیی)دەڵێت: کە لە کاری دروێنەدا گۆرانیمان دەوت، بەو گۆرانی وتنە، ئێمەش و ئەوانەی کەگوێشیان لێدەگرت پشوومان دەدا، لەکاتی گۆرانی گوتندا ئافرەتان و پیاوان کۆدەبوونەوە و بەهەرەوەز ژن و پیاو بەیەکەوە کارماندەکرد، ئەمە وای دەکرد بەهێزێکی زیاترەوە کار بکەین. مەسیحییەکان لەڕابردوو ئێستاشدا لەکاتەکانی(دوروێنە، ساوەر کوتان، بوك گواستنەوە، دانیشتنی شەوان)گۆرانی و بەستە و لاوك وحەیران)دەڵێن.[1]

زۆربەی گۆرانییەکان لای مەسیحییەکانی هەرمۆتە بەگروپ دەوترێت، ئەمانە نموونەی چەند گۆرانیەکن:

**گۆرانی بووك گواستنەوە: (ئەی هاوار لەنێو ڕەزان)**

لەنێو ڕەزانت دەگەمێ / بەگروپ ئەڵێن: ئەی هاوار لەنێو ڕەزان
دەسکێ گوڵانت دەدەمێ/ ئەی هاوار لەنێو ڕەزان
لەگەڵ تۆمە ئەی حەیاتم / ئەی هاوار لەنێو ڕەزان
دوێنێ لەکن دایکت هاتم/ ئەی هاوار لەنێو ڕەزان

**گۆرانی شایی (هەڵپەڕکێ): (ڕۆژێك لە ڕۆژان)**

ڕۆژێك لە ڕۆژان سەر لە سبیانێ / هەموو ئەوانەی کە هەڵدەپەڕن دێڕ بەدێڕ لەدوای گۆرانی بێژەکەوە دەیڵێنەوە

دیتم یارە جوان لەزار هەیوانێ /
چ کراسم نینە و پێ بکەم دیلانێ /
ئەوا مانگ هەڵات مانگای دەدۆشی /
پێم گوت بۆ ماچێ و خۆی دادەپۆشی/
ئەوا مانگ هەڵات مانگای دەلاواند/
پێم گوت بۆ ماچێ و گوتی بە چاوان /

---

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ سخەریا عیسی کریم، لەدایکبووی ١٩٤٩،پیشە هونەرمەند و مامۆستای خانەنشین، شوێنی چاوپێکەوتن: گوندی هەرمۆتە،لەبەرواری ٢٠١٦/٥/٢٤،

**گۆرانی بووک گواستنەوە( فاتمیٚ زاڵمیٚ)**

**فاتمیٚ زاڵمیٚ کویٚستانان دیتن دیتن / هەموو ئەوانەی کە هەڵدەپەڕن دێڕ بەدێڕ لەدوای گۆرانی بێژەکەوە دەیڵێنەوە**

**فاتمیٚ زاڵمیٚ هەر بەقوڕو جلیتن/**

**فاتمیٚ زاڵمیٚ مەمکی کیژۆڵان قیتن/**

**فاتمیٚ زاڵمیٚ قابیل بەکراسی چیتن /**

**فاتمیٚ زاڵمیٚ لەسەر کانی بەحرکیٚ /**

**فاتمیٚ زاڵمیٚ بانگ دەکەم هۆهۆ عەیشیٚ /**

**فاتمیٚ زاڵمیٚ چاروگەی ڕەشە ڕەشە/**

**فاتمیٚ زاڵمیٚ کۆڕپەی وەك (کورە بەشە *)[1]**

**ژنانیش بەهەمان شێوەی پیاوان لەکاتی بووك گواستنەوەو لەکاتی چوونە دەرەوە بۆ دەشت و دەر بەزمانی کوردی و سریانی گۆرانی دەڵێن ،گۆرانی (بوکانە بوکانە)یەکێکە لەو گۆرانیانەی کە ژنان بەگروپ دەیڵێن لەکاتی بووك گواستنەوەدا ئەمەش گۆرانییەکەیە:**

**بوکمان گەلەك جوانە / بەگروپ دەڵێن: شەمامە بوکیٚ**

**بەمۆری مەرجانە/ شەمامە بوکیٚ. شەمام لەبەر نانی / شەمامە بوکیٚ**

**کلدان لەسەر ڕانی / شەمامە بوکیٚ . منداڵ بووم نەمزانی / شەمامە بوکیٚ**

**دەرنایٚ دەرنایٚ / شەمامە بوکیٚ. بەفیکەی زوڕنایٚ / شەمامە بوکیٚ.**

**باب هاتە رجایٚ / شەمامە بوکیٚ. داك هاتە سەمایٚ / شەمامە بوکیٚ.[2]**

**هەروەها سەبارەت بە ئاهەنگی بووك گواستنەوە لەناو مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لەڕابردوودا بەدەهۆڵ و زوڕنا کراوە و گۆرانی کوردی و کلدانیشی تێدا وتراوە، بەڵام ئێستا لە هۆڵەکانی عەنکاوە ئەنجامدەدرێت و گۆرانی کوردی و عەرەبی و سریانی تێدا دەوترێت[3].**

**مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە هەر لە ڕابردووەوە تا ئێستا هۆشیاری و حەزی هونەرییان تێدا بووە و هەر لە منالییەوە لە کەنیسە تەراتیلە ئاینیەکانیان بەزمانی سریانی وەك سرودی ئاینی خوێندووە، بەشێوەیەکی گشتی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە حەزیان لە هونەری (مۆسیقا، گۆرانی، وێنە، پەیکەرتاشی،شعر و چیرۆك) هەیە[4] بابەتی سەرەکی گۆرانییەکانیان دڵداریی و خۆشەویستییە، زۆر بە ئاشکرا لە گۆرانییەکانیاندا باسی جەستەی خۆشەویستەکەی کردووە، وەك: (ماچ، مەمك، باڵا).**

---

*- (کورەبەشە)جۆرە بونەوەرێکە هێندەی کەروێشکێك دەبێت، لە چیاکانی کوردستان هەیە و بەنەخشە و زۆر جوانە. چاوپێکەوتن لەگەڵ: هاوژین صلیوە،

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ سخریا عیسی کریم، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٤،

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ شلێر سولاقە یوسف،لەدایکبووی ١٩٥٧،پیشە:کارگوزاری کڵێسا،شوێنی چاوپێکەوتن:گوندی هەرمۆتە،لەبەرواری ٢٠١٦/٥/٢٤.

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩.

٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ: هێدی هرمز عیسی، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٢. سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. ئیڤانە شێرکۆ گوریل، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٩.

## شەشەم: پزیشکی میللی و تەندروستی:

پزیشکی میللی یەکێکە لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕادەی هۆشیاری کۆمەڵگەوە هەیە. مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەش، بەهۆی داب و نەریت و تایبەتمەندی کەلتووری خۆیانەوە، شارەزایی و پزیشکی میللی تایبەت بەخۆیان هەبووە.

مەسیحییەکانی هەرمۆتە لە بواری پزیشکی میللیدا، شارەزاییەکی باشیان هەبووە، دوو ئافرەت لەگوندەکەدا کاری پزیشکی مییللیان کردووە و بیٚ بەرانبەر یارمەتی پزیشکی ئەو کەسانەیان داوە، کە پێویستیان پێی هەبووە. ئێستا لەگوندەکەدا، ئافرەتێك بەناوی(بەفرین عەزیز کوڕە)زیاتر لە(٣٠)ساڵە کاری (کەڵەشاخ و ترس لێدەرکردن و چارەسەرکردنی خێڵی چاوی منداڵ و چارەسەری بەشەوە کەوتن و چارەسەرکردنی سکچوون و کۆکە)* دەکات و لەدایکییەوە فێربووە[١]

هەروەها لە گوندی هەرمۆتە ژنێکی شارەزا لە پزیشکی میللیدا بەناوی (مەریەم شمعون) بۆ چارەسەرکردنی چەند نەخۆشی و گرفتێك گوڵ و گژوگیا و چەند ڕەفتارێکی تایبەت ئەنجام دەدات بۆ نموونە:- [٢]

١) ئەگەر کەسێك کەم خوێن بێت، بەیانیان پێش نانخواردن (نیو)پیاڵە شەراب بخواتەوە.

٢) بۆ چارەسەری قەبزی، گیای (سەنە مەکی) دەکوڵنرێت و دەپاڵورێت و ئاوەکەی دەخورێتەوە.

٣) بۆ چارەسەری قڵیشانی دەست و قاچ، تۆوی گوڵی(غەربەند) بەکارهاتووە.

٤) بۆ چارەسەری نەزۆکی ژن، (کا) یان (تۆڵەکە)یان (بۆنخۆشکە-جاترە) لەگەڵ ئاو لە مەنجەڵێکدا دەکوڵێنێن، پاشان ئاوە کوڵاوەکە، لەسەر ئاگرەکە دادەگرن و ژنەکە لەسەری بۆ ماوەی(١٠)دەقە دادەنیشێت، بۆ ئەوەی هەڵمی مەنجەڵەکە بچێتە ڕەحمی ژنەکە، پاشان بەتیرۆك پشتی ژنەکە دەشێلن.

٥) بۆ چارەسەری نەجووڵانی منداڵ لە سکی دایکیدا، بەدەستلێدان لە سکی ژنە دووگیانەکە، چارەسەری دەکەن.

٦) بۆ چارەسەرکردنی ترسی منداڵ، دەست لە سکی منداڵەکە دەدات و دەست و قاچی ڕاست و چەپ دەکات و تەقلە بە منداڵەکە دەدات.

دەربارەی ڕەوشی تەندروستی لەگوندی هەرمۆتەدا لە ئێستادا یەك بنکەی تەندروستی تێدایە، کە لەساڵی (١٩٩٦) وە دروستکراوە و کراوەتەوە بەناوی(بنکەی تەندروستی شەهید سلیم)*، سەرەتا یەك ژووی

---

* - کەڵە شاخ بۆ تەمەنی گەورە دەکرێت. ترس لێدەرکردن لەمناڵی ٦ مانگەوە بۆ هەموو تەمەنێك دەکرێت،ئەگەر سکی کەسەکە بەخێرایی لێبدات ئەوە نیشانەی ئەوە کە ترساوە، بۆ چارەسەرکردنی دەست و قاچی راست و چەپ دەکرێت و(فرجکە لەجیٚ،هەروەجیٚ،بستەجیٚ)ی بەسەرا دەوترێت. چارەسەرکردنی خێلی بۆ مناڵی ٣ مانگ تا ٤ ساڵ دەکرێت و بۆ چارەسەرکردنی پەنجەی دۆشاو مژە دەخرێتە مەلاشووی مناڵەکە.چارەسەری بەشەوە کەوتن بۆ مناڵی تەمەن(٤)بۆ(٥)ڕۆژ دەبێت، بەگوێزانێکی پاك و تازە پشتی منداڵەکە(٥)بۆ(٦)خەت بریندار دەکرێت بۆ ئەوەی خوێنی لێبێت و خوێن بجوڵێت، بەمەش خوێنی پیس لەمناڵەکە دەردەچێت. بۆ چارەسەرکردنی سکچوون گیای خڕنووك وشك دەکرێتەوەو دەخورێت.بۆ چارەسەرکردنی کۆکە پیاز دەکرێتە شیرەوەو دەکوڵێنرێت و شیرەکە دەخورێتەوە.

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەفرین عزیز پەترۆس کوڕە،لەدایکبووی ١٩٥٤،پیشە فەرمانبەر لەکڵێسا،شوێنی چاوپێکەوتن: گوندی هەرمۆتە،٢٢/ ٥/ ٢٠١٦،

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ مریم شمعون گورگیس، لەدایکبووی١٩٤٩، پیشە: خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦.

بچووك بووە، پاشان لەساڵی(١٩٩٩) بینایەکی تایبەتی بۆ دروستکراوە و لە ڕێکەوتی (٢٠٠٠/٨/٢٨) لە لایەن بەڕێز (مام جەلال)سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کراوەتەوە، لەبەشەکانی(کوتان و چاودێری سکپڕی و دەرمانخانە و دەرزی لێدان و تەداوی) پێکهاتووە، (٩) کارمەندی تەندروستی تێدایە، کە پێکهاتوون لە:( بەڕێوەبەرێك کە یاریدەدەری پزیشکی پەیمانگایە و (١)پەرستاری پەیمانگا و (١) یاریدەدەری پزیشکی پەیمانگا و (٦) پەرستاری ئامادەیی کە (٤)یان مەسیحیین.)

هەروەها لەساڵی(١٩٧٤)(نەسرین یەلدا پەترۆس)یەکەم کچی هەرمۆتە بووە،کە بووە بە سستەر، لەساڵی(١٩٨٨)،(سەمیر لۆقا حەنا)یەکەم کەسی گوندی هەرمۆتە بووە، بڕوانامەی پزیشکی جەراحی بەدەستهێناوە[1] لە ئێستادا مەسیحییەکانی هەرمۆتە(٥)یاریدەدەری پزیشکیان هەیە، (٣)ئافرەت و (٢)پیاو[2].

ڕۆژانە بەتێکڕایی( ٥-٧ )نەخۆش لەخەڵکی گوندی هەرمۆتە سەردانی ئەم نەخۆشخانەیە دەکەن، ئەوەی جێگەی سەرنجە لەناو مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتەدا، هیچ کەسێکیان تێدا نییە لەڕووی عەقڵییەوە ناتەواو بێت و لەڕابردوشدا نەیانبووە، هەروەها هیچ نەخۆشێکی(ئۆتیزم،شەلل دەماخ، مەنگۆل، ئیفلیجی منداڵ و کەمئەندامی زگماك)یان تێدا نییە. چونکە ئەو ژنانەی تەمەنیان لە (٣٥) ساڵ زیاترە، لەژێر چاودێری دکتۆر منداڵ دەخاتەوە، نەوەك منداڵەکەی ناتەواو بێت، هەروەها ئەوان کچی مامی خۆیان ناهێنن، زانستیش ئەوەی سەلماندووە کە هێنانی خزمی زۆر نزیك باش نییە و ڕێژەی کەم ئەندامی لەمنداڵی ئەو دایك و باوکانە زۆر دەبێت[3].

دەربارەی ئەو نەخۆشیانەی لەم گوندەدا هەن ئەم جۆرە نەخۆشیانەن:(هەوکردنی سییەکان، لەوزەتێن، نەخۆشیەکانی گەدە، کۆڵۆن، شێرپەنجە، گرانەتا، حومای ماڵتا) هەروەها دوو نەخۆشی درێژخایەن لە گوندی هەرمۆتەدا هەیە کە (شەکرە و فشاری خوێن)ن، یاریدەدەری پزیشکی نەخۆشخانەکەش هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ(پارێزنەکردن و وەرزش نەکردن) لەلایەن هەندێ لەو کەسانەی تەمەنیان لەسەرو پەنجا ساڵییەوەیە، بەشێك لەو کەسانەی کە تەمەنیان لە سەروو پەنجا ساڵییەوەن، موچە خۆری حکومەتن و زۆر دادەنیشن و ئەمانەش یەکێکن لەهۆکارەکانی تووش بوون بەو دوو جۆرە نەخۆشییە، بەڵام بەشێکی زۆر لە خەڵکەکە لە نێو کێڵگەدا کاردەکەن، ئەمەش کاریگەری

---

*- شەهید سەلیم: ناوی( سەلیم حەننا کەریم ئیسحاق) لە ساڵی(١٩٥٠) لە گوندی هەرمۆتە لە دایك و باوکێکی مەسیحی لەدایکبووە، لە ساڵی(١٩٦٩) خانەی مامۆستایانی هەولێری تەواوکردووە، لە ساڵی (١٩٧٠) بووە بە مامۆستا، لە ساڵی(١٩٨٢) پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، کە باڵێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە، لە ( ١٩٨٦/١١/٢٣، دەستگیرکراوە، لە ڕێکەوتی( ١٩٨٧/١٢/٣٠) لە سێدارەدراوە و شەهیدکراوە. ئێستا سێ کوڕی هەیە بەناوەکانی( د.نەهرۆ، م.کوردۆ، م.هەڵۆ) و یەك کچی هەیە بەناوی (م.بێتاوان) چاوپێکەوتنی خوێندکار لەگەڵ صلاح حەننا کریم(برای شەهید سەلیم)،لەدایکبووی١٩٤٥، پیشە: خانەنشینی پێشمەرگە دێرینەکانی(ی ن ك)، عەنکاوە، ٢٠١٧/٣/٢٧.

[1] - هاوژین صلیوە،مێژووی هەرمۆتە،چاپخانەی زانا- سلێمانی،چاپی یەکەم،٢٠١٣،ل ٣٠٧ .

[2] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: نیگار گەوریل یوسف، لەدایکبووی ١٩٧٢،پیشە:یاریدەدەری پزیشك، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٥.

[3] - چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەکرەم فتاح حمد امین،یاریدەدەری پزیشك و بەڕێوەبەری بنکەی تەندروستی شەهید سلیم لەگوندی هەرمۆتە، نەخۆشخانەی شەهید سەلیم لەهەرمۆتە، ٢٠١٦ /٥/١٧.

ئەرێنی لەڕووی تەندروستییەوە هەبووە، چونکە باری ئابووری باش و کاکردن، کاریگەری ئەرێنی لەسەر تەندروستی دەبێت، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشێوەیەکی گشتی تەندروستی خەڵکی گوندەکە زۆر باشە[1].

لەڕووی هۆشیاری تەندروستییەوە، مەسیحییەکانی گوندەکە پاك و خاوێنن، ماڵەکانیان و شوێنی نیشتەجێبوونیان پاك و خاوێنە، سەوزە و میوە زۆر دەخۆن، ئاوی خواردنەوەیان پاکەو پڕۆژەی ئاوەکەیان حکومییە و بەبۆری چووەتە هەموو ماڵێك، چاودێری تەندروستی و هەڵمەتی کوتان بۆ منداڵان و ژنی دووگیان(حامیلە) بەردەوامە و ستافی نەخۆشخانە و خەڵکی گوندەکە زۆر پێوەی پابەندن، هەروەها شوێنی ئاژەڵ بەخێوکردنیشیان جیاوازە لە خانووەکانیان[2]

مەسیحیەکانی کۆیەش لە بواری تەندروستیدا، نەخشێکی شارەزایانەیان هەبووە و لەبواری مامانیدا بوونەتە پێشەنگی ئەو بوارە، بەجۆرێك زۆربەی خەڵکی کۆیە بەموسوڵمان و مەسیحییەوە بێ جیاوازی منداڵەکانیان بە مامانی ژنێکی مەسیحی بەناوی(مریەم) لەدایك بووە، ئەم ژنە ساڵی(١٩٥٢)خولی پەرستاری مامانی لە کەرکوك خوێندووە، لە ڕۆژی(١٩٥٣/١/١٨ ) یەکەم (مامانی)لەنەخۆشخانەی کۆیە کردووە، تا ساڵی(١٩٦٣)لە کۆیەدا یەکەم مامانی پەرستار بووە، لەساڵی( ٢٠٠٤) دوای(٤٩)ساڵ و(٨)مانگ خزمەت وەك مامان لەنەخۆشخانەی کۆیە خانەنشین کراوە، نزیکەی(٢٠)هەزار منداڵ لە کۆیە بەمامانی ئەم ژنە لەدایك بووە، ڕۆژ هەبووە(٥)بۆ(٦)حاڵەتی منداڵ بوونی هەبووە، ئەوەندە لای خەڵك ناسرا و و بەڕێزە پێی دەڵێن(دایە مریەم)، تا ئێستا واتە(٦٢)ساڵە بە بەردەوامی کاری مامانی دەکات، هەموو ئەو ژنانەی ئەم مامانی بوون بەسروشتی منداڵەکەیان بووە، لەکاتی مامانی ئەمدا هیچ ژنێك نەمردووە و هیچ منداڵێك نەمردووە و ئیفلیجیش نەبووە، سەبارەت بەکاریگەری ئاینی مەسیحی لەسەر شێوازی منداڵ بوون مەریەم خان دەڵێت: (ئاین پەیوەندی نییە بەشێوازی منداڵبوونەوە، بەڵام بەئەزموونی خۆم بۆ منداڵەکە و بۆ دایکەکەش واباشترە منداڵ بەسروشتی لەدایك ببێت، جگە لەو کاتەی کە دەستی منداڵەکە لەپێشدا بێت، یان ژنەکە پێش ئەوەی منداڵەکەی ببێت، تووشی خوێن بەربوون بێت.)[3]

---

1- چاوپێکەوتن لەگەڵ: نیگار گەوریل یوسف ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٥.

2- چاوپێکەوتن لەگەڵ: هێرۆ علی صالح،پیشە:پەرستار لەنەخۆشخانەی شەهید سەلیم لەگوندی هەرمۆتە،بنکەی تەندروستی شەهید سەلیم لەهەرمۆتە، ١٧/ ٥/ ٢٠١٦.

3- چاوپێکەوتن لەگەڵ مریم یوسف قاقۆس(سستەر مەریەمی مامان) لە ساڵی ١٩٣٦ لە عەنکاوە لە دایکبووە، پیشە:مامانی خانەنشین، شوێنی چاوپێکەوتن:کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٢

## حەوتەم: ڕەفتاری سیاسی و ڕێكخراوەیی:

مەسیحییەكانی كۆیە و هەرمۆتە لە سەردەمی (عبدالكریم قاسم)[*]دا و لە سالانی(١٩٥٠-١٩٨٠) زۆربەیان شیوعی بوون، پاشان لە سالانی(١٩٨٠)كانی سەدەی بیست، بەشدارییان لە شوڕشی نوێی گەلی كوردستاندا كردووە، لە ڕابردوودا بەهۆی شەڕی نێوان حكومەتی عێراق و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كوردستانەوە تووشی نەهامەتیی زۆر بوون و لە مێژووی نوێدا لە سالی (١٩٥٨)زاینییەوە بەشدارییان لەچالاكی سیاسی و ڕێكخراوەییدا كردووە، بەم شێوەیە:[١]

١- لە سالی (١٩٦٣)دا گوندی هەرمۆتە لە لایەن سوپای حكومەتی عێراقەوە بۆمباران كراوە و بەهۆی ئەو بۆمبارانەوە (٩)كەس لە خێزانی(دنحا عیسا حەنا)شەهید كراون.

٢- لەسالی(١٩٧٤)دا گوندی هەرمۆتە لەلایەن سوپای بەعسی عێراقەوە بۆمباران كراوە و لە ئەنجامدا دایك و (٣) مندالی (ئیبراهیم گورگیس موسا)شەهید بوون.

٣- مەسیحییەكانی گوندی هەرمۆتە و كۆیە (٢٢) شەهیدیان لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كوردستاندا هەیە،كە بە شێوازی جیاواز شەهید كراون:-

أ- شەهیدی سەنگەر:(٢)شەهید، بەناوەكانی: ( چاپووك یوسف ئێلیا لەسالی(١٩٩١) و حیكمت حەنا یوسف لەسالی(١٩٨٧)لە بەرگەلو بەر كیمیایی دەكەوێت و بریندار دەبێت و لە سالی(١٩٩٦)شەهید دەبێت.

ب- شەهیدی لە سێدارەدان: (٢)شەهید بەناوەكانی: ( سەلیم حەنا كەریم، هیمداد منصور پەترۆس) .

ت- شەهیدی گوللە باران: (٤)شەهید بەناوەكانی( بەشیر جەرجیس یوسف لە سالی(١٩٦١)، فەرەنسیس عیسا لە سالی(١٩٦٣)، یوسف حەنا عبدالكریم لەسالی(١٩٦٣)،حەنا یوسف تۆما لەسالی(١٩٦٣) بەدەستی چەكدارەكانی(حەرەس قەومی بەعس)شەهید كراون.

پ- شەهیدی تۆپباران: (١٣)شەهید، بەناوەكانی: (نەسرین عیسا حەنا، وەردییە عیسا شابیلە، مجید دنحا عیسا، بنیامین دنحا عیسا، جەمیل دنحا عیسا، بارزان دنحا عیسا، وارینە دنحا عیسا، ئەدیبە دنحا عیسا، زەكی دنحا عیسا) لە سالی(١٩٦٣) و ( ئامینە كەریم ئیسحاق، خێرییە ئیبراهیم گورگیس، ڕوناك ئیبراهیم گورگیس، شامل ئیبراهیم گورگیس) لە سالی(١٩٧٤) شەهید كراون[٢].

ج- شەهیدی تیرۆر: (١) شەهید، لە سالی (٢٠٠٧) لەبەغداد بەدەستی ئیرهابیەكان تیرۆر كراوە بەناوی(هاوكار جبار دنحا)

٤-(یەك) زیندانی سیاسییان هەیە بەناوی( صباح حەنا كەریم) كە لەسالی(١٩٨٦)لەگەل براكەی شەهید(سەلیم)دەستگیر كراوە و دوای(٩)سال زیندانی، بەهۆی لێبووردنی گشتییەوە لە سالی (١٩٩٥) ئازادكراوە.

٥- لە پێشمەرگایەتیدا بەشداربوون و (٣)پێشمەرگەی دێرینیان هەیە.

---

[*]- عبدالكریم قاسم: لە سالی (١٤ی تەموزی ١٩٥٨ تا ٨ی شوباتی ١٩٦٣)سەرۆك وەزیرانی عێراق بووە.

[١]- چاوپێكەوتن لەگەل: صباح حەننا كریم، لە دایكبووی١٩٤٩، پیشە: خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢١. (قەشە دنحا تۆما یوسف)، عەنكاوە، ٢٠١٦/٤/٦. جەمیل عیسی كریم، لەدایكبووی: ١٩٥٠،پیشە: ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی (ی.ن.ك) و ڕاوێژكاری بەڕێز مام جەلال بۆ كاروباری مەسیحییەكان،هەولێر- عەنكاوە،٢٠١٦/٩/٦.

[٢]- چاوپێكەوتن لەگەل: ابراهیم گورگیس موسی، لە دایكبووی ١٩٣٢، پیشە، بێكار، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٠.

٦- له ڕێکخستنەکانی( پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی عێراق، یەکێتی نیشتمانی کوردستان) دا چالاکی سیاسی و پێشمەرگایەتییان کردووە.

٧- له کۆتا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە دەنگیان داوە بە: (یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حزبی شیوعی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری(لیستی ڕافیدەین)[1] .

٨- مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە زۆربەیان بەشداری کاری حزبی و ڕێکخراوەیی ناکەن، بەڵام ئەندام و لایەنگریان هەیە لە حزبەکانی(یەکێتی، شیوعی، پارتی، بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری) [2]

## هەشتەم: کۆچ :

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە چەند جارێك کۆچی ناوخۆیی و دەرەکییان کردووە، بەم جۆرە:

١- بەهۆی هێرشی سوپای ئیسلام لەسەردەمی فراوانبوونی دەوڵەتی ئیسلامیدا، لەدوای شەڕو کوشتارێکی زۆر خەڵکی هەرمۆتە پەرت و بڵاو بوون و بەرەو شاری (موصل ) و دەشتی نەینەوا و دهۆك و زاخۆ ڕۆشتوون[3].

٢- له ساڵانی(١٩٧٩-١٩٩٤) ژمارەیەك لە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بەمەبەستی کارکردن و باش کردنی بژێوی ژیانیان کۆچیان بۆ شارەکانی(بەغدا و هەولێر-عەنکاوە و سلێمانی و کەرکوك) کردووە. لە ساڵی(٢٠٠١-٢٠٠٣) ئەوانەی کۆچیانکردبوو بۆ شاری بەغداد، گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان بۆ ( کۆیە و هەرمۆتە).[4] لەدوای ڕاپەرینیش ژمارەیەکی زۆری گەنجی هەرمۆتە کۆچیان بۆ وڵاتانی ئەوروپا کردووە، لە ساڵی(٢٠١٤)دا، (٤)خێزانیان کۆچیان بۆ ئەمریکا و ئوستراليا و کەنەدا و وڵاتانی ئەوروپا کردووە، ساڵانەش بەهۆی هاوسەرگیری، یان کارو کەسابەت، یان هۆکاری خۆشگوزەرانی، ژمارەیەکی کەمیان کۆچ بۆ عەنکاوە و ئەوروپا دەکەن، [5]

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کوردۆ سەلیم حەنا، لەدایکبووی ١٩٨٠، پیشە مامۆستا و سەرتاش، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٢/١٥.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: صباح حەننا کریم، لە دایکبووی١٩٤٩، پیشە: خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢١. ئیڤانە شێرکۆ گوریل،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٩.چاوپێکەوتن لەگەڵ دانی سالم عیسا، کۆیە، ٢٠١٦/٦/١٢.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ ریاض عزیز پطرس، گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٥/١٧.

[4]- چاوپێکەوتن لەگەڵ یعقووب موسا حەننا، لەدایکبووی ١٩٣٨، پیشە: جوتیار، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٣/٣١.

[5]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: قەشە(زەییا شابا ججی)،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٢. ریاض عزیز بطرس، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٧. کەژاڵ عمان حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٤.

# باسی دووەم:

# چالاکی ئابووری و توخمەکانی کەلتووری مادی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە

## ١- پیشە:

### أ- پیشەی مەسیحییەکانی کۆیە:

لەڕابردوودا کار و پیشەی مەسیحییەکانی کۆیە (مووڕستن و هەلاجی و جۆلایی و ڕستن و چنین و تەون) بووە، کەسانی کارا و شارەزا بوون لە دروستکردن و چنینی (خەرار، لباد، توورەگە، دەوار، ڕەشماڵ، جاجم، بەرماڵ، رانکوچۆغە)، جۆلایی پیشەیەکی دەستیی گرنگ بووە، بەشێك لە پۆشاکی خەڵکی ناوچەکە و پێویستییەکانی ناوماڵی دابین کردووە، (وەستا ئیلیا و حەنیل و شەعیەی مەربێن ) تا کۆتایی سەدەی بیستەم لەم پیشەیە بەردەوام بوون، چەند کەسێکیشیان بۆ بازرگانەکانی کۆیە کڕین و فرۆشتنیان کردووە، وەك کڕین و فرۆشتنی:(تووتن، خوری، مازوو، کەتیرە).[١]

هەروەها لە ڕابردوودا، چەندین ژنی مەسیحی پیشەوەر هەبوون، کە ئەم پیشانەیان کردووە: (تەونکردن، جاجم و بەرماڵ و بەڕە چنین، لێفەدوورین، عارەق و شەراب و ترشیات دروستکردن و فرۆشتنی، پەڕەکردنی لێفە و دۆشەك، مەڕبڕینەوە، مامانی، پزیشکی میللی، کوپە و شەربە دروستکردن)[٢]

هەروەها تا کۆتایی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم مەسیحییەکانی کۆیە (شەراب و عارەق)یان دروستکردووەو زەیتونیشیان خۆشکردووە. بەڵام لە ئێستادا مەسیحییەکانی کۆیە پیشەکانیان گۆڕاوە و ژیانی ڕۆژانەیان لەسەر چەندین پیشەی جیاوازە وەك:[٣]

أ. فەرمانبەری حکومەت وەك:((مامۆستا، مامۆستای زانکۆ، فەرمانبەری فەرمانگەکان، پزیشك، یاریدەدەری پزیشك، ئەندازیار، خانەنشین،هونەرمەند، پۆلیس.)

ب. دوکانداری : چەندین مەسیحی دانیشتووی شاری کۆیە پیشەی دوکانداری دەکەن بەم جۆرە:

**خشتەی(٢٠) ژمارە و جۆری دوکانی مەسیحییەکانی کۆیە نیشان دەدات**

| ژ | جۆری دوکان | ژمارەی دوکان |
|---|---|---|
| ١ | دیکۆراتی سقف و دیوار | ١ |
| ٢ | سەرتاشخانە | ١ |
| ٣ | پێداویستی کارەبایی | ٢ |
| ٤ | مەشروب فرشتن | ٥ |
| ٥ | کەل و پەلی بیناسازی | ١ |
| ٦ | مارکێت | ٣ |
| | کۆی گشتی | ١٢ |

---

[١]- کەریم شارەزاو ئەوانی تر،کۆیە لەرەوتی شارستانیەتدا،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری-هەولێر،چاپی یەکەم،٢٠٠٩،هەولێر،ل،٣٩٨، ٢٠٩.

[٢]- فازیل شەوڕۆ، ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە، چاپخانەی شەهاب،هەولێر،چاپی یەکەم،٢٠١٥، ل ٨٠-٩٣ .

[٣]- چاوپێکەوتن لەگەڵ شەماڵ گەوریل شەعیا، لە دایکبووی ١٩٨٤، پیشە: مامۆستا و دوکانداری مەشروب فرۆشتن، کۆیە ٢٠١٧/٢/١٥.

## ب– پیشەی مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە:

### أ- جوتیاریی و کشتوکاڵکردن:

لەڕابردوودا، یەکێك لە پیشە سەرەکییەکانی مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە، پیشەی (جوتیاری)بووە و دانەوێڵەی(گەنم و جۆ و نیسك و نۆك) و سەوزەوات و توتنیان چاندووە و زەیتوون و و میوەجاتیان ڕوواندووە.[1] مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە، لەڕابردوو ئێستاشدا، پیشەی جوتیاری دەکەن، لە گوندی هەرمۆتە هەتا ساڵی(١٩٩٦)چاندنی (توتن و گەنم و جۆ و نیسك و نۆك) کشتوکاڵی سەرەکی بووە، بەڵام ئێستا(گەنم و جۆ) و (تەماتە، پیاز، سیر، بیبەر، پاقلە، بامیَ، لۆبیا، کولەکە، باینجان، ترۆزی) دەچێنرێت، هەروەها باخ و ڕەزی (زەیتون ،هەنار، هەنجیر، قەیسی و مێو) ڕوێنراون و باخداری پیشەیەکی سەرەکییان بووە[2]. لە ئێستادا بەشێك لە مەسیحییەکانی هەرمۆتە، پیشەی جوتیاری دەکەن و خەریکی کشتوکاڵکردنن و سەرچاوەی داهاتیان کشتوکاڵی گەنم و جۆ و سەوزەوات و فرۆشتنی زەیتوونە[3].

ساڵانە فرۆشتنی (زەیتوون)[*] یەکێکە لە پیشەکان و سەرچاوەی داهاتی بەشێك لە مەسیحییەکانی هەرمۆتە، هەموو ساڵێك سەرجەم زەوییە کشتوکاڵییەکانی گوندەکە لەلایەن(٣١) جوتیارەوە دەکێڵرێت، لەو ژمارەیە (٢٧) جوتیاریان مەسیحییە و(٤) جوتیاریشی موسوڵمانن، بەڵام موسوڵمانەکانی گوندی هەرمۆتە خۆیان زەوی کشتوکاڵیان نییە، بەڵکو زەوی ئاغاموسوڵمانەکان یان هی مەسیحییەکان بەرهەمدەهێنن، خەڵکی گوندەکە بیرێکی ئیرتیوازیان بۆ کشتوکاڵ کردن هەڵکەندووە کە(٣٠٧)م قووڵە.[4]

گوندی هەرمۆتە، خاوەن زەوییەکی فراوانی بەپیتە، ڕووبەری گشتی گوندی هەرمۆتە (٢٩٥٨) دۆنمە، لەو ڕووبەرە(٢٣٠٠) دۆنمی زەوی دێمی و(٢٥٢)دۆنمی زەوی بەراوو موڵکی تایبەتی تاپۆی

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: هیلان سلێمان مەتا، لەدایکبووی ١٩٤٤، پیشە ژنی ماڵ، گوندی هەرمۆتە، ٢٥/٧/ ٢٠١٦. مریم شمعون گورگیس، لەدایکبووی١٩٤٩، پیشە: خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. ابراهیم گورگیس موسی، لە دایکبووی ١٩٣٢، پیشە، بێکار، گوندی هەرموتە، ٢٠١٦/٦/٢٠. صباح حەننا کریم، لە دایکبووی١٩٤٩، پیشە: خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢١. حەننا سلێمان مەتا، لەدایکبووی ١٩٢٦، پیشە: جوتیار، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٠. صڵیوە حنا یوسف، لە دایکبووی١٩٤٨، پیشە: مامۆستای خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦.

[2]– عیسا مەربێن عیسا، لە دایکبووی ١٩٦١، پیشە فەرمانبەر، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٨/٢. جەمیل عیسی کریم،هەولێر – عەنکاوە،٢٠١٦/٩/٦.

[3]– چاوپێکەوتن لەگەڵ(هرمز عیسی کریم، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٧. چاوپێکەوتنی خوێندکار لەگەڵ ریاض عزیز بطرس، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٧.

[*]– زەیتوون لە گوندی هەرمۆتەدا لە مانگی(١٠)پێدەگات و دەیڕنن، (١٠)ماڵ لە گوندەکەدا باخی گەورەی زەیتوونیان هەیە، لە ڕابردوودا ساڵانە(١٠–١٥)تەن زەیتوون لەهەرمۆتەدا بەرهەم هاتووە، لە ئێستادا بەهۆی (کەمی ئاو و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و پیسبوونی ژینگەی ناوچەکە)وە کەمی کردووە و ساڵانە(٢–٤)تەن زەیتوون بەرهەم دێت، ئەو ماڵانەی کە باخە زەیتوونیان هەیە، خۆیان لە ماڵەکانیاندا زەیتوونەکە خۆش دەکەن، کە بە (٢٠)ڕۆژ پێدەگات و لە کۆیە و سلێمانی دەیفرۆشن. چاوپێکەوتن لەگەڵ: پەیمان کریم یەڵدا، لەدایکبووی ١٩٦١، پیشە: ژنی ماڵ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦ /١٠/١١.

[4]– چاوپێکەوتن لەگەڵ: ریاض عزیز بطرس، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٧. ابراهیم گورگیس موسی، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٠. صباح حەننا کریم، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢١. حەننا سلێمان مەتا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٠. صلیوە حنا یوسف، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. عیسا مەربێن عیسا،، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٨/٢.

مەسیحییەکانی هەرمۆتەیەو،(١٠٨)دۆنمی دێمی و(١٠)دۆنمی بەراوو موڵکی چاکسازی کشتوکاڵی حکومییە و بەدەست موسوڵمانەکانی هەرمۆتەوەیە، سەرجەم زەوییە کشتوکاڵییەکانی هەرمۆتە بەم جۆرەی خوارەوە دابەشکراوە و بەکار هاتووە لەلایەن جوتیاران و خەڵکی گوندەکە و حکومەتەوە.

**خشتەی(٢١) ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی گوندی هەرمۆتە نیشان دەدات.**(١)

| ڕووبەری گشتی | ژمارەی دۆنم |
|---|---|
| ڕووبەری گشتی گوندەکە | ٢٩٥٨ |
| ڕووبەری گشتی شیاو بۆ چاندن | ٢٧٠٤ |
| ڕووبەری گشتی زەوی دێم شیاو بۆ چاندن | ٢٤٠٨ |
| ڕووبەری گشتی زەوی بەراوو شیاو بۆ چاندن | ٢٢٦ |
| ڕووبەری گشتی باخچە | ٧٠ |
| ڕووبەری لەوەڕگا | ٣٤ |
| جێخانوو یاریگاو پردو رێگاو بان و ڕووبارو قوتابخانەو نەخۆشخانەو کڵێسا و هتد | ٢٢٠ |

## ب- ئاژەڵداری:

یەکێکی تر لە پیشە سەرەکییەکانی مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە لە ڕابردوودا (ئاژەڵداری) بووە و (مەڕو بزن و مانگا)یان بەخێوکردووە، لەڕابردوودا تا ساڵی نەوەدەکانیش یەکێك لە سەرچاوە سەرەکییەکانی داهاتی مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە (ئاژەڵداری ) بووە، لەکۆندا، واتا پێش ساڵانی (١٩٨٠)بەشێکی زۆری ماڵەکانی هەرمۆتە(٤٠٠-١٠٠٠) سەر مەڕو بزنی هەبووە، بەڵام ئێستا ئاژەڵداریی کەمبووەتەوە و چەند ماڵێکی کەم (مانگا) بەخێودەکەن(٢)، چونکە:(٣)

١. سەرچاوەی داهاتی خەڵکەکە گۆڕاوە و سەرچاوەی داهاتی زۆربەی خەڵکی گوندەکە موچەی حکومەتە.

٢. لە ئێستادا ژیانی خەڵکەکە لە گوند نشینییەوە گۆڕاوە بۆ ژیانی شارنشینی و گوندەکەش بووە بە یەکێك لە گەڕەکەکانی ناوەندی قەزای کۆیە.

## ت- فەرمانبەریی و دوکانداریی و پیشەوەریی:

لە ئێستادا پیشەی مەسیحییەکانی هەرمۆتە وەك ڕابردوو نیە، لە ئێستادا زۆربەیان فەرمانبەری حکومەتن و موچە خۆرن، بەشێکی تریشیان لەناو گوندەکەدا پیشەی دوکانداری دەکەن بەم جۆرە:- (٤)

---

١- بەڕێوەبەرایەتی کشتووکاڵی کۆیە، هۆبەی ئاماری کشتوکاڵی لە بەشی پلاندانان ، کۆیە،٢٠١٦/٦/٢٧.

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ: هیلان سلێمان مەتا ، ، گوندی هەرمۆتە، ٢٥/ ٧/ ٢٠١٦. مریم شمعون گورگیس، ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. ابراهیم گورگیس موسی، ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٠. صباح حەننا کریم، لە گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢١. حەننا سلێمان مەتا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٠. صلیوە حنا یوسف، ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. عیسا مەربێن عیسا، ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٨/٢.

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ: د.هاوژین صلیوە، زانکۆی کۆیە،٢٠١٦/٥/١٥.

٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ: د.هاوژین صلیوە، زانکۆی کۆیە،٢٠١٦/٥/١٥. مریم شمعون گورگیس، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. ابراهیم گورگیس موسی، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٠. صباح حەننا کریم، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢١. صڵیوە حنا یوسف، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. عیسا مەربێن عیسا،، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٨/٢.

دوو دوكانی مەشروب فرۆشتن، یەك چاخانە[*]، یەك سۆپەرماركێتی بچووك. هەروەها چەندین مەسیحی دانیشتووی گوندی هەرمۆتە پیشەی دوكانداری دەكەن لە شاری كۆیە.

**خشتەی(٢٢) ژمارە و جۆری دوكانی مەسیحییەكانی گوندی هەرمۆتە نیشان دەدات**

| ژمارە | جۆری دوكان | ژمارەی دوكان |
|---|---|---|
| ١ | مەشروب فرۆشتن | ٢ |
| ٢ | پێداویستی كارەبایی (پلاك،وایەر،گلۆپ) | ٦ |
| ٣ | ئامێری كارەبایی(سەلاجە،مجەمیدە) | ٢ |
| ٤ | ماركێتی بچووك | ١ |
| ٥ | دیكۆراتی سقف و دیوار | ٢ |
| ٦ | سەرتاشخانە | ٢ |
| ٧ | بریكاری خۆراك | ٢ |
| ٨ | چاككردنەوەی ماتۆڕی كارەبایی و مزەخەی ئاو | ٢ |
| | كۆی گشتی | ١٩ |

## ٢- دابەشكردنی كار:

### أ- دابەشكردنی كار لەسەر بنەمای ڕەگەز:

لە كولتووری مەسیحییەكانی كۆیە و هەرمۆتەدا، ئافرەت و پیاو ئەگەر فەرمانبەر بن وەك یەك ئیشی فەرمانبەری دەكەن و لەم بوارەدا جیاكاری جێندەری ناكرێت، هەروەها لە ئیشی كشتوكاڵكردن و باخ ڕنین و میوە چنیندا بەیەكەوە كاردەكەن، بەڵام ئیشی ماڵ هەروەك كەلتووری كوردەواری لەسەر بنەمای ڕەگەز دابەشكراوە و ئیشەكانی ماڵ وەك (چێشت لێنان، قاپ شتن، گسكدان،جل شتن، شیرپێدان و پاككردنەوەی منداڵ) ژن دەیكات و بەئیشی ژن ناسراون، هەرچەندە لە حاڵەتێكدا ئافرەتەكە نەخۆش بێت، پیاویش هاوكاری دەكات و پیاوەكە ئەو ئیشانە دەكات[١].

جیاوازی جێندەری كاریگەری هەبووە لەسەر دابەشكردنی كار و پیشە لەناو مەسیحییەكانی كۆیە و هەرمۆتەدا لە پیشەی (پۆلیسی و دوكانداری مەی فرۆشتن)دا تەنها پیاوەكانیان دەیكەن[٢]

### ب- دابەشكردنی كار لەسەر بنەمای تەمەن:

---

[*]- لە ساڵی(١٩٦٩)،(مەربێن عیسا حەنا) بۆ یەكەم جار چایخانەی لەهەرمۆتەدا داناوە. هاوژین صلیوە،مێژووی هەرمۆتە،چاپخانەی زانا- سلێمانی،چاپی یەكەم،٢٠١٣،ل ٣٠٧.

[١]- چاوپێكەوتن لەگەڵ: د.هاوژین صلیوە عیسا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٧. هیلان سلێمان مەتا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦ /٧/٢٥. مریم شمعون گورگیس، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. ابراهیم گورگیس موسی، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٠. صباح حەننا كریم، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢١. حەننا سلێمان مەتا، ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٠. صڵیوە حنا یوسف، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. عیسا مەربێن عیسا،، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٨/٢. بێستوون عمان حنا، گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٩/٢٢. جاكلین كریم عزیز،گوندی هەرمۆتە، ٢٢ /٢٠١٦/٩ .

[٢]- چاوپێكەوتن لەگەڵ: هاوژین صلیوە، زانكۆی كۆیە، ٢٠١٦/٥/١٥. هیلان سلێمان مەتا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦ /٧/٢٥. مریم شمعون گورگیس، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. ابراهیم گورگیس موسی، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٠. صباح حەننا كریم، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢١. حەننا سلێمان مەتا، ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٠. صڵیوە حنا یوسف، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. عیسا مەربێن عیسا،، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٨/٢.

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە بازاڕ و لەسەر شەقامەکاندا ئیشوکار بەمندالٚ ناکەن، بەڵام لە ڕابردوودا لە کاری ئاژەڵداری و لە ئێستاشدا لە کاری کشتوکاڵکردندا هەندێك کاری سادە و ئاسان وەك بژارکردن و ڕنینی تەماتە و بامیٚ و باینجان ترۆزی بە منداڵی سەرو تەمەنی (١٢)ساڵی بەهاوکاری دایك و باوك و کەسانی گەورەتر لەخۆیان دەکەن[١].

## ٣- هاوبەشی لەکار و کاسبی لەگەڵ موسوڵماندا:

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بەگشتی لە کەسابەت و کارکردندا، هاوبەشی مرۆڤی موسوڵمان دەکەن، بەڵام چەند کەسێکی کەمیان هاوبەشی لەگەڵ موسوڵماندا لە کارو کەسابەتدا ناکەن.[٢]

## ٤- کڕین و فرۆشتن:

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە، لەکڕین و فرۆشتنی شتومەك و کەلوپەل لەبازاڕ و کار و کەسابەتدا هیچ کێشەیەکیان نییە، لەناو خۆیاندا و لەگەڵ موسوڵمانیش کڕین فرۆشتن دەکەن، لە هەرمۆتەدا مەسیحییەکان، تەنیا بۆ خانوو دروست کردن زەوییان بەموسوڵمان فرۆشتووە، بەڵام زەوی کشتوکاڵی بە موسوڵمان نافرۆشن، هەندێك کەسی مەسیحی لە هەرمۆتەدا، حەزدەکەن موڵك تەنیا بەمەسیحی بفرۆشن، بۆ ئەوەی سەرجەم گەڕەکەکە مەسیحی نشین بن، هەروەها بۆ ئەوەی سیمای مەسیحی بوونی هەرمۆتە بپارێزرێت، بەڵام لە کۆیەدا، هیچ جیاوازییەك ناکەن، موڵك بەموسوڵمان و بەمەسیحیش دەفرۆشن.[٣]

## ٥- بەکرێدان:

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لەبەکرێدانی دوکانێك، یان خانوویەك، بەموسوڵمان هیچ کێشەیەکیان نییە، دوکان یان خانوو بەکریٚ بە موسوڵمان دەدەن و کیٚ کرێی زۆر بدات دەیدەن بەو کەسە، پێوەر بۆ بەکرێدان زۆرترین کرێیە نەك ئاین.[٤]

## ٦- موڵك و تاپۆ (خاوەندارێتی):

هەموو مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە خانووی خۆیان هەیە و مەسیحییەکانی کۆیەش زۆربەیان خانووی خۆیان هەیە، سەبارەت بە تاپۆی خانووەکانیشیان، بەشێك لە خێزانە مەسیحییەکان موڵکەکانیان لەسەر پیاو و بەشێکی تر لە مەسیحییەکان موڵکەکانیان لەسەر ئافرەت تاپۆ کردووە، کە

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: مریم شمعون گورگیس، ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. صباح حەننا کریم، لە گوندی هەرمۆتە، هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢١ . عیسا مەربێن عیسا، ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٨/٢.

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: هێدی هرمز عیسی، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٢. سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. صڵیوە حنا یوسف، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. عیسا مەربێن عیسا،، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٨/٢.

[٣]- چاوپێکەوتن لەگەڵ د.هاوژین صلیوە عیسا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٧.

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە،٢٠١٦/٥/٢٩. د.هاوژین صلیوە عیسا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٧.

موڵكداری تایبەتە، بەشێك لە پیاو و ئافرەتەكانیان ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان هەیە، هەروەها سەرجەم مەسیحییەكانی هەرمۆتە خاوەنی زەوی كشتوكاڵی خۆیانن.[١]

## ٧- دابەشكردنی میرات:

دابەشكردنی میرات لای مەسیحییەكانی كۆیە و هەرمۆتە، بەپێی یاسا و ڕێنمایی ئاینی مەسیحی و كەنیسە، میرات لە نێوان كوڕ و كچدا، وەك یەك و بە یەكسانی دابەشدەكرێت، بەڵام كاتێك كە دابەشكردنی میرات دەبرێتە دادگا بەپێی شەریعەتی ئیسلامی دابەشدەكرێت، چونكە لە دادگاكانی كوردستاندا بۆ دابەشكردنی میرات یاسایەكی تایبەت بەمەسیحییەكان نییە، بەپێی یاسای دابەشكردنی میرات لە دادگای كۆیە، مەسیحییەكانیش هەر وەك موسوڵمانەكان بەشەریعەتی ئیسلام كچ نیوەی كوڕ وەردەگرێت، لە ڕابردوودا ژمارەیەك لە خێزانە مەسیحییەكانی كۆیە و هەرمۆتە پیاوەكانیان بە یاسای دادگاكانی كوردستان میراتیان دابەشكردووە(كچ نیوەی كوڕ میراتی وەرگرتووە)[٢].

## ٨- جلوبەرگی مەسیحییەكانی كۆیە و هەرمۆتە:

### أ- جلوبەرگی ئافرەتان:

لە ڕابردوودا* ئافرەتان جلوبەرگی كوردییان لەبەركردووە، لە ئێستاشدا ژنە بە تەمەنەكانیان هەر جلی كوردی لەبەر دەكەن[٣]، ئافرەتی مەسیحی مۆدەن و باڵاپۆش (موحاجەبە) نین، جلی ماڵەوەی ئافرەتی گەنج ( مەكسی یان قات و تراكسودە) و لە دەرەوەش (پانتۆڵ و بۆدی) لەبەردەكەن، ئافرەتە پیرەكانیش جلی كوردی لەبەر دەكەن كە پێكهاتووە لە: (ژێركراس و كراس* و ئاوەڵكراس و و كەوا و سەڵتە و هێلەك)[٤].

لە ئاهەنگدا ئافرەتانی بەتەمەن جلی كوردی لەبەردەكەن، لە (ئاهەنگی نەورۆز، ئاهەنگی بووك گواستنەوەی موسوڵمان، ئاهەنگی نیشان ئەگەر لە كۆیە و هەرمۆتە بێت، خەنەبەندان، ڕۆژی(٨)مارس) جلی كوردی لەبەر دەكەن، لە ئاهەنگی بووك گواستنەوەی مەسیحیدا، ئافرەتانی گەنج (عەزی- جلی مۆدەی قۆڵ كورت) لەبەر دەكەن، چەند كەسێكی كەمیشیان جلی كوردی لەبەردەكەن، لەكاتی پرسەدا

---

١- چاوپێكەوتن لەگەڵ: هیلان سلێمان مەتا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦ /٧/٢٥. مریم شمعون گورگیس، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. ابراهیم گورگیس موسی، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٠. صباح حەننا كریم، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢١. حەننا سلێمان مەتا، ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٠. صڵیوە حنا یوسف، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. عیسا مەربێن عیسا،، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٨/٢.

٢- چاوپێكەوتن لەگەڵ: چاوپێكەوتنی خوێندكار لەگەڵ (قەشە دنحا تۆما یوسف)، عەینكاوە، ٢٠١٦/٤/٦. كەژاڵ عمان حنا، ،كۆیە،٢٠١٦/٩/٤. ڕوخۆش اسحاق میخا، كۆیە،٢٠١٦/٩/٤. جەمیل عیسی كریم،هەولێر – عەینكاوە، ٢٠١٦/٩/٦. ڕەوشەن لۆقا حنا، كۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١.

*- مەبەست لە ڕابردوو لەم بەشەدا واتە پێش ساڵی(١٩٩١)زاینی.

٣- حەنی مەربێن عیسا، لەدایكبووی ١٩٤٧، پیشە: ژنی ماڵ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٣/٨.

*- كراسی كوردی ئافرەتان: بریتییە لە قوماشێكی تەنكی درێژ كە هەموو جەستەی ئافرەت دادەپۆشێت.

٤- چاوپێكەوتن لەگەڵ: سۆزان مەرقۆس عەودیش، لەدایكبووی١٩٦٢، پیشە: مامۆستا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٨.

ژنان جلی ڕەش دەپۆشن، ئەگەر مردووەکە گەنج بێت، ژنان(١١) مانگ جلی ڕەشی بۆ دەپۆشن، ئەگەر مردووەکە پیر بێت، چل ڕۆژ جلی ڕەشی بۆ دەپۆشن[١].

سەبارەت بە دورینی جلوبەرگیش، لای بەرگدرووەکانی کۆیە جلوبەرگ دەدوورن، بەڵام بۆ دورینی جلوبەرگی بووك دەچنە هەولێر لای بەرگدرووەکانی عەنکاوە دەیدوورن[٢].

## ب- جلوبەرگی پیاوان:

لە ڕابردوودا، پیاوانی مەسیحی لە کۆیە و هەرمۆتەدا، جلوبەرگی کوردییان لەبەر کردووە کە لە (کورتەك و شەرواڵ – شەرواڵ و مرادخانی[**]، ڕانکوچۆغە[***])پێکهاتووە، بە دەستووری کۆیی پێی دەوترێت( شێوەی جلوبەرگی کۆیە) هەروەها (کڵاو جامانە یان کڵاو مشکی)یان بەسەری خۆیانەوە بەستووە.

لە ئێستاشدا پیاوە بە تەمەنەکانیان هەر جلی کوردی لەبەر دەکەن، لەکاتی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەدا، پیاوە پیرەکانیان جلی کوردی لەبەر دەکەن، پیاوە گەنجەکانیشیان( جلی کوردی(ڕانك و چۆغە یان شەرواڵ و کراس)، یان پانتۆڵ و کراس، یان چاکەت و پانتۆڵ ) لەبەر دەکەن، کوڕی گەنجیش پانتۆڵ و کراس لەبەر دەکەن، پیاوان لەکاتی پرسەدا جلوبەرگ ناگۆڕن و هەر جلوبەرگی ڕۆژانی ئاسایی لەبەر دەکەن. لە ئاهەنگی بووك گواستنەوەی مەسیحیدا، پیاوان (چاکەت و پانتۆڵ) لەبەر دەکەن، چەند کەسێکی کەمیشیان جلی کوردی لەبەردەکەن[٣].

## ٩- هاوکاری کۆمەڵایەتی و خێرکردن:

مەسیحییەکانی کۆیە چۆنیەتی هاوکاریکردنی کەسانی هەژاریان لەناو خۆیاندا ڕێکخستووە، بەجۆرێك مەسیحییەکانی کۆیە ساڵی دوو جار پارە کۆدەکەنەوە، هەر جارەی هەموو خێزانێك(٢٥)هەزار دینار دەدات، جاری یەکەم لە لەدایکبوونی حەزرەتی عیسادا واتە لە(٢٥ی مانگی کانوونی یەکەم)و جاری دووەمیش لەجەژنی هەستانەوەدا، واتە لە(سەرەتای مانگی نیساندا)دا،پارەکە لای یەکێکیان دادەنێن و

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: سۆزان مەرقۆس عەودیش، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٨. ڕەوشەن لۆقا حنا، کۆیە، ٢٠١٦/٩/٢١. هیلان سلێمان مەتا، گوندی هەرمۆتە، ٢٥/ ٧/ ٢٠١٦. مریم شمعون گورگیس، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦.

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: نیگار گۆریل یوسف،لەدایکبووی ١٩٧٢،پیشە:یاریدەدەری پزیشك، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٥. سەمیرە دنحا سەلمان،کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. دانی سالم عیسا ، کۆیە، ٢٠١٦/٦/١٢. امل اسحاق میخا، لەدایکبووی١٩٦٥، پیشە:مامۆستا، کۆیە، ٢٠١٦/٦/٢٠.

[**]– شەرواڵ و مرادخانی: لە قوماشێکی ئەستوور دروست ئەکرێت و پێکهاتووە لە شەرواڵێکی فشی درێژ و چاکەتێك کە بە قۆپچە دادەخرێت و دوو گیرفان لە ڕووی دەرەوەو لە بەشی سەرەوەی چاکەتەدا هەیە، کاتێك پیاو لەبەری دەکات، پشتوێنێکی درێژی لە ئاستی کەمەری لەسەر دەبەستێت.

[***]– ڕانکوچۆغە: هەر وەك شەرواڵ و مرادخانییە، بەڵام و ڕانکوچۆغە لە قوماشێکی تەنکتر دروست ئەکرێت و هەندێك جاریش مەرەزە و چاکەتەکەی قۆپچەی پێوە نییە و ڕووکاری دەرەوەی چاکەتەکەی گیرفانی نییە و بەزۆریش هاوینەیە و لە شەرواڵ و مرادخانیش گەنجانەترە.

[٣]– چاوپێکەوتن لەگەڵ: ابراهیم گورگیس موسی، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٠. صباح حەننا کریم، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢١. حەننا سلێمان مەتا، ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٠. صڵیوە حنا یوسف، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. عیسا مەربێن عیسا،، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٨/٢.

لەکاتی پێویستی(نەخۆشی یان پرسە)خەرجی دەکەن. مەسیحییەکانی هەرمۆتەش هەندێك لە خێزانەکان مانگانە پارە کۆدەکەنەوە و لەکاتی پرسە و پێویستیدا خەرجی دەکەن، ئەگەر مەسیحییەکیش پێویستی بەهاوکاری پارە هەبوو بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی، لەوکاتەدا کەنیسە بەمەبەستی هاوکاریکردنی بەفەرمی نووسراوی بۆ دەکات و دەینێرێت بۆ مەترانیە لەعەنکاوە، هەروەها خێر بۆ مردوو دەکەن، کەسی زیندووش خێر بۆ خۆی دەکات، بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت لەکێشەیەك یان نیازێکیان بێتەدی، کەسەکە خێرێك لەسەر خۆی نەزر دەکات، ئەمەش بەپێی توانای مادی کەسەکە دەگۆڕێ و لەکولیچەوە خێر دەکرێت تا سەربڕینی مەڕو گا، یان دابەشکردنی پارە بەسەر هەژاراندا.[1]

لە ڕابردوودا هیچ کەسێك لە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا سواڵی نەکردووە، لە ئێستاشدا لە کۆیە و هەرمۆتەدا، هیچ مەسیحییەك سواڵ ناکات، ئەگەر کەسێك یان خێزانێك زۆر هەژار بن، ئەوا خزمە نزیکەکانیان پارەی بۆ کۆدەکەنەوە و مانگانە پێی دەدەن، یان زەوی کشتوکاڵی کەنیسەی بە نرخێکی ڕەمزی بە کرێ پێی دەدەن[2].

## ١٠- خشڵی پیاوان و ئافرەتان:

لە ئێستا و ڕابردوودا، ئافرەتان و پیاوانی مەسیحی خشڵیان بەدەست و پەنجە و ملەوە کردووە، مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە حەزیان لەخشڵ و ئاڵتوونی وردو بچووکە، وەك:(ملوانکە، مستیلە، گوارە، بازنی زنجیری یەك تاك) لەڕابردوودا ئافرەتی مەسیحی لە کۆیە و هەرمۆتەدا، لووتەوانەی لەلووت کردووە، لە ئێستا و ڕابردووشدا، ئافرەتیان (ملەگۆ)ملوانکەی ئاڵتوون لەمل دەکەن و زنجیرو خاچی ئاڵتوون یان زنجیر و ڕەسمی مەریەمی پاکیزە لەمل دەکەن و بازنی ئاڵتوون لەدەست دەکەن، بەڵام هەندێك بازنی مەسیحییەکان، وەك موسوڵمانەکان، شەش تاك نییە، بەڵکو یەك زنجیرە کە زۆرجار ڕەسمی مەریەمی پاکیزە، یان خاچێکی تێدایە و ملوانکەکەش ڕەسمی مەریەمی پاکیزە یان ڕەسمی خاچی تێدایە و گوارەی ئاڵتونیش لەگوێ دەکەن. هەروەها لەکاتی هاوسەرگیریدا، ئافرەت و پیاوی مەسیحی، وەك ڕەمزێك بۆ هاوسەرگیری، ئەڵقەی ئاڵتوون لەدەست دەکەن، سەبارەت بە پیاوانی مەسیحیش، مستیلەی ئاڵتوون لەدەست دەکەن.[3]

## ١١- شێواز و پێکهاتەی خانووەکان و (مۆرفۆلۆجیا):

أ- لەپێش ساڵی(١٩٩١)دا خانووی مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە لە (بەرد و گەچ و دار و قووڕ ) دروستکراون، کە مەسیحییەکان خۆیان دروستیان کردووە و کەرەستەکان خۆماڵی بوون، دیواری

---

[1] -چاوپێکەوتن لەگەڵ: ئیسحاق جرجیس یوسف،کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٢. ریاض عزیز بطرس،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٧. قەشە(زەییا شابا ججی)، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٢.

[2] - چاوپێکەوتن لەگەڵ د.هاوژین صلیوە عیسا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٧.

[3] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. لویزانا جبار دنحا،لەدایکبووی ١٩٨٩، پیشە: خوێندکاری ماستەر، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٥. هیلان سلێمان مەتا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦ /٧/٢٥. مریم شمعون گورگیس، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. صباح حەننا کریم، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢١. عیسا مەربێن عیسا،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٨/٢. تێبینی راستەوخۆی توێژەر لەگوندی هەرمۆتە،لە ٢٠١٦/٥/٢٥.

خانووەکانیان گەچ و بەرد بووە، سەقفی خانووەکانیشان لە شێلمانی ئاسن و تاشە بەردی بچووک و گەچ قووڕ و چیمەنتۆ پێکهاتووە[1].

ب- لە ڕووی پێکهاتەی خانووەکانیانەوە پێکهاتووە لە حەوشەیەک و هۆڵ(هەیوان)ێک و چەند ژوورێک: (ژورێک بۆ دانیشتن و نانخواردن کە تیاشیدا خەوتوون، ژوورێک بۆ میوان(دیوەخان)، ژورێکیش بۆ (عەمباری گەنم کە گەنم و خۆراکی تیا هەڵگیراوە). حەمام و تەوالێت لە حەوشەدا بوون. هەمووماڵەکان وەک یەک و بەیەک نەخشە نەبوون، هەندێک خانووی تر لە (هۆڵێک بۆ دانیشتن و نانخواردن ، ژووری چێشتلێنان(مطبخ) ، ژووری میوان، ژووری نوستنی منداڵەکان)پێکهاتووە[2].

ت- شوێنی بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان، لە خانووەکانیان جیابووە، لەبەردەم یان لەتەنیشت خانوەکانیاندا حەوشە و گەوڕ(کۆز) هەبووە، کە سەری گیراوە و ئاژەڵی تێدا وەستێنراوە و لە ناوەوە کراوە بە چەند ژورێک:( ژوورێک بۆ کار و بەرخ و گوێرەکە، ژورێک بۆ مەڕ و بزن، ژورێک بۆ مانگا) کە زستانان ئاژەڵی تێدا بەخێوکراوە و ژوورێکیش کای بۆ ئاژەڵەکان تیدا هەڵگیراوە و پێی وتراوە کادین(کایەن)[3].

پ- لە ڕابردوودا شێوەی گوندەکە بازنەیی بووە و ماڵەکان ڕوویان لە دەرەوەی گوندەکە بووە و بەتەنیشتی یەکەوە بوون، لە ناو خانووەکاندا، کونێک هەبووە، بۆ هاتوچۆکردنی نێوان ماڵەکان و بۆ ئەوەی لە حاڵەتی نەخوازراودا لەو کونەوە بچنە ماڵی یەکتر و یەکتری ئاگاداربکەنەوە[4].

ج- لە ڕابردوودا ئاوی بیر و کارێزیان بۆ خواردنەوە بەکارهێناوە.

ح- لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) بەهۆی پێشینەی خانووبەرەوە، کە (٢٥)ملیۆن دیناریان لە حکومەت وەرگرتووە، زۆربەی هەرە زۆری خانووەکانیان بەشێواز و کەرەستەی سەردەمیانە دروستکراون، خانووەکانیان بە (بلۆک و شیش و چیمەنتۆ و کاشی)دروستکردووەتەوە، ڕووبەری خانووەکانیان لە(٢٠٠) مەتر کەمتری تێدا نییە، هەموو ماڵێک باخچەیەکی لە حەوشەکەدا هەیە و نەمام و درەختیان ڕواندووە، وەک: ( توو و ژاڵە و زەیتوون و سنەوبەر و ئەرخەوان و هەنار و هەنجیر و مێو.)[5]

گوندی هەرمۆتە، ئێستا پێکهاتووە لە(١٥٤)خانوو، خانووەکانیان لە ناوەوە زیاتر گرنگیان پێدراوە تا دیکۆری دەرەوە، نەخشەی خانووەکانیان نوێ و غەربین، پێکهاتەی خانووەکانیان یەک نهۆمی و دوو

---

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ: ابراهیم گورگیس موسی، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٠.حەننا سلێمان مەتا، ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٠. صلیوە حنا یوسف، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦.

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ: کەریم عزیز بطرس، لەدایکبووی ١٩٤٦، پیشە خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/١. یعقووب موسا حەننا، لەدایکبووی ١٩٣٨، پیشە: جوتیار، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٣/٣١.

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ: یعقووب موسا حەننا، لەدایکبووی ١٩٣٨، پیشە: جوتیار، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٣/٣١.

٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ: مەرقۆس ئەودیش سلێمان، لەدایکبووی ١٩٤٢، پیشە: مامۆستای خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٣/٣١.

٥- تیبینی ڕاستەوخۆی توێژەر. چاوپێکەوتن لەگەڵ صباح حەننا کریم، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢١. صلیوە حنا یوسف، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. عیسا مەربێن عیسا،، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٨/٢. ریاض عزیز بطرس،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٧.

تێبینی راستەوخۆی توێژەر لەسەردانی مەیدانی بۆ گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٥.

**نهۆمین، پێکهاتەی ناوەوەی خانووەکانیان لە (حەوشە و هۆڵ و مەتبەخ و ژووری میوان و ژووری نوستن) پێکهاتووە و هەندێکیشیان ژووری منداڵ و کتێبخانەی تێدایە.[1]**

**هەروەها دابەشبوونی خانووەکانیان لە شێوەی گەڕەکێکی ئاساییدایە، دابەشکردنی ئاوی پاکی خواردنەوە بە بۆری و تۆڕی ئاو بۆ سەرجەم ماڵەکان گوازراوەتەوە و تۆڕی کارەبای نیشتمانی بۆ سەرجەم ماڵەکان ڕاکێشراوە و سەرجەم کۆڵانەکانی گوندەکە چیمەنتۆ کراون[2]**

**لەبەردەم ماڵەکانیاندا، سەلە و سەتڵی خۆڵ هەیە، ئاوەڕۆی ماڵەکان داپۆشراوە و بە بۆری و بەشێوازی نوێ دروستکراوە و گوندێکی پاك و خاوێنە[3]**

## ١٢- شوێنەوار:

**کۆیە و هەرمۆتە لەبەر ئەوەی شارێکی دێرینە، شوێنەواری زۆر تێدایە، بەڵام ئەو شوێنەوارانەی کە تایبەتن بە مەسیحیەکان، (سێ) شوێنەوارن[4]**

**١- دێر ماربەهنام(مەزاری مەربینا قەدیشە): کەوتووەتە ڕۆژئاوای کۆیە بە دووری (٣) کیلۆمەتر و باکوری گوندی هەرمۆتە، مێژووی دروستکردنی ئەم مەزارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هێرشەکانی مەغۆل بۆ سەر عێراق لەساڵی(١٢٥٨)ی زاینی ئەو کاتەی کە قەشەو ڕەهبانەکانی دێری (ماربهنام)لەموصڵ شاری موصڵیان بەجێهێشتووەو ڕوویان کردووەتە ناوچەی هەولێرو دەوروبەری و گوندی هەرمۆتە،پاشان ئەو دێرەیان هەر بەناوی (دێر مار بهنام و سارە)ی خوشکی کە لە ناوچەی موصڵ بوون دروستکردووە[5]، نوسینێکی سریانی لەسەر دیواری ناوەوەی مەزارەکە هەیە نوسراوە:**

**(( لەسەر دەستی (کیخوا ئۆغان) نۆژەنکراوەتەوە لە ساڵی(١٧١٤)ی یۆنانی کە بەساڵی زاینی دەکاتە ساڵی(١٤٠٣) ی زاینی.))[6]**

**٢-دێرە گچکە: لەنزیك مەزاری مەربینا قەدیشەیە و دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای گوندی هەرمۆتە، کاتی خۆی پێش نزیکەی هەزار ساڵ، دوو دێری بچوك بوون، بەناوی دێری (مار میخائیل و مار یوسف)، تا ئێستا چەندین ئاسەواری وەك گۆزەی نەخشکراو، کە وێنەی ئەسپیان لەسەر کێشراوە تێیدا دۆزراوەتەوە، هەروەها لەساڵی(١٩٩٤)دا، لەنزیك دێرە گچکە، گۆزەیەك دراو(پارە) دۆزراوەتەوە و دەرکەوتووە ئەو دراوانە مێژووەکەیان بۆ(سەردەمی ساسانیەکان)* دەگەڕێتەوە[1]**

---

[1]- تێبینی ڕاستەوخۆی توێژەر لەسەردانی مەیدانی بۆ گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٥.

[2]- تێبینی ڕاستەوخۆی توێژەر لەسەردانی مەیدانی بۆ گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٥.

[3]- تێبینی ڕاستەوخۆی توێژەر لەسەردانی مەیدانی بۆ گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ ریاض عزیز بطرس،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٧.

[4]- چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمیل عیسی کریم ، هەولێر – عەینکاوە،٢٠١٦/٩/٦.

[5]- أدی شیر(المطران)، سیرة أشهر شهداء المشرق القدیسین، جلد الأول، الطبعة الثانیة، المطبعة اراس، اربیل، ٢٠٠٩، ص٢٨٦-٢٨٧.

[6]- تابلۆیەکی نوسراو بەزمانی کوردی لەسەر دیواری مەزارەکە. سەردانی مەیدانی و تێبینی ڕاستەوخۆی توێژەر

*- سەردەمی ساسانیەکان(٢٢٦-٦٥١)زاینی: ناوی دەوڵەتی ساسانی بۆ بنەچەی بنەماڵەکەیان دەگەڕێتەوە، کە لە گەوورە کاهینی ئاینی زەردەشتی (ساسان)ەوە هاتووە، کە لە شاری (ئیستەخر)ی هەرێمی فارس(باشووری ئێرانی ئێستا) بوون، دواتر نەوەکانی بە تایبەت (ئەردەشیری کوڕی پابەك کوڕی ساسان) توانی دوا پاشای بنەماڵەی ئەشکانی بکوژێت و

**٣- مەزاری مارشمۆنی:** دەکەوێتە باشووری هەرمۆتە، بەتەنیشتیەوە گۆڕستانێك هەیە و بە گۆڕستانی (مارشمۆنی) یان کۆڕستانی کۆن ناسراوە و خاڵە سێوەی هونەرمەند لەم گۆڕستانەدا نێژراوە.[٢]
ئەم مەزارانە، بەتایبەت مەزاری (مەربێنە قەدیشە و مەزاری مارشمونی) گەشتیار سەڵانە سەردانی دەکەن، مەزاری مەربێنە قەدیشە، چونکە مەزارێکی دێرینە و لای موسوڵمان و مەسیحییەکانیش جێگەی ڕێزو تەقدیرە و هەردوولا سەردانی دەکەن، موسوڵمانەکان پێی دەڵێن(مەزاری شێخ محمدی دێرێ)، مەزاری مارشمونیش، چونکە گۆڕی (مامە سێوەی)هونەرمەندی تێدایە، خەڵك سەردانی دەکەن.

## ١٣- کەلوپەلی ناو ماڵ:

**١) لە ڕابردوودا:** ناو ماڵی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە هاوشێوەی ناوماڵی کوردەواری بووە، لە ڕابردوودا (دۆشەك، جاجم، فەڕش، مافوور، لباد، قاپ و کەوچك، تەباخ، مەنجەڵ(ئاسن و جاو)،سەتڵ، دۆلکە، شەربە و کوپە) کەرەستەی ناو ماڵی مەسیحی بوون[٣].
لە ڕابردوودا کەلوپەلی ناوماڵی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بەپێی ژوورەکان کەلوپەلەکان جیاوا بوون بۆ نموونە: [٤]
**أ)** هۆڵ یان ژووری دانیشتن و نانخواردن : لەم هۆڵەدا فەرش یان کومبار ڕاخراوە
**ب) لە ژووری نوستندا:** لە زۆر ماڵدا ژووری نوستن و ژووری دانیشتن و ژووری میوان یەك ژوور بووە، لەو ژوورەدا کەنتۆرێك دانراوە و ڕۆژانە نوێن(دۆشەك و بەتانی و سەرین)ی لەسەر دانراوە. هەروەها فەرش و کومباری تێدا ڕاخراوە و لە زستاندا زۆپای دار یان زۆپای نەوتی تێدا بووە.
**ج) لە مەتبەخدا** (ژووری چێشت لێنان)یان ئەو ژوورەی کە چێشتی تیدا لێنراوە: تەباخ، غاز، سەماوەر، قاپ و کەوشك، مەنجەڵ، چەقۆ، ، مەشکە، قۆریی و کتری، گۆزە و کوپە، کوندەی ئاوی تێدا دانراوە.

---

دەسەلاتیکی نویێ بە ناوی (شاهنشاهی ساسانی) دروست بکات. ساسانییەکان لە ساڵی(٢٢٦)زاینی تا ساڵی(٦٥١)زاینی فەرمانرەوایی (ئێران و عێراقی ئێستا و یەمەن و ئەرمەنستان و ئەفغانستان)یان کردووە. ابي جعفر محمد بن جرير الطبري، تأريخ الامم و الملوك(تأريخ الطبري)، الطبعة الأولى،الأميرة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٥، جلد١، ص٣١٧. ارثر كريستنسن: ايران في عهد الساسانيين ترجمة: يحي الخشاب، الهيئة المصرية للكتاب، القاهرة، ١٩٩٨، ص٧٤ .

[١]- سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ئەو شوێنەوارە بەیاوەری رياض عزيز بطرس،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوژین صليوە،کۆیە، ٢٠١٦/٥/١٧.

[٢]- سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ئەو شوێنەوارە بەیاوەری رياض عزيز بطرس،گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوژین صليوە،کۆیە، ٢٠١٦/٥/١٧.

[٣]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: مەرقۆس ئەودیش سلێمان، لەدایکبووی ١٩٤٢، پیشە: مامۆستای خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٣/٣١. هیلان سلێمان مەتا، گوندی هەرمۆتە، ٧/٢٥/ ٢٠١٦. مريم شمعون گورگيس، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦.

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: عیسا مەربێن عیسا، لە دایکبووی ١٩٦١، پیشە فەرمانبەر، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٨/٢. حەننا سلێمان مەتا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٠. صلیوە حنا یوسف، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. ابراهيم گورگيس موسی، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٠. يعقووب موسا حەننا، لەدایکبووی ١٩٣٨، پیشە: جوتیار، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٣/٣١. هیلان سلێمان مەتا، گوندی هەرمۆتە، ٧/٢٥/ ٢٠١٦. مريم شمعون گورگيس، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦.

**د) لە ژووری میوان یان دیوەخاندا:** بەڕە، فەرش، کومبار، سەرین(پشتی)، سەماوەر و قۆریی و کتری و تەلەفزیۆنی تێدا بووە. بەهەمان شێوەی ژووری نوستن لە زستاناندا زۆپای دار یان زۆپای نەوتی تێدا بووە.

هەروەها کوندە کە لە پێستی بزن دروستکراوە و ئاوی پاکی لە کانییەوە بۆ ماڵەوە پێهێنراوە، کوپە کە ئاوی تێدا هەڵگیراوە، بێژنگ کە دانەوێڵەی پێ پاککراوەتەوە، دەستاڕ کە گەنم و نیسکی پێهاڕدراوە، لە ماڵدا هەبوون.

**٢) لە ئێستادا:** کەلوپەلی ناوماڵی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە گۆڕانی زۆری بەسەرداهاتووە، بەهۆی گۆڕانی شێوازی ژیان و پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و هێنانی کەلوپەلی نوێی ناوماڵ .

لە ئێستادا کەلوپەلەکانی ناوماڵەکانیان بەم جۆرە بەسەر ژوورەکاندا دابەشکراوە[١]:

**أ) لە ژووری نوستندا:** تاقمی نوستن(سیسەم، کانتۆر، ئاوێنە)، تەلەفزیۆن و سەتەلایتی تێدایە.

**ب)لە مەتبەخدا:** تەباخ، کەوانتەر، سەلاجە، مجەمیدە، مێزو کورسی نانخواردن، فڕنی تێدایە.

**ج) لە ژووری میواندا:** تاقمی قەنەفە، مێز و تەپڵەك، تەلەفزیۆن و سەتەلایت، سپلێتی تێدایە.

**د) ژووری منداڵ:** هەندێك لە ماڵەکان، ژووری منداڵ جیایە و سیسەمی خەوتن و کانتۆری تێدایە.

**٣)** ئەو شتانەی کە تایبەتمەندی ناو ماڵی مەسیحییە و ماڵی مەسیحی پێدەناسرێتەوە ئەوەیە کە لە ماڵی مەسیحییەکاندا وێنە و تابلۆ و پەیکەری (مەسیح و مەریەمی پاکیزە و خاچ) دەبینرێت[٢]، لەژووی نوستندا، وێنەی (مەریەمی پاکیزە)، لە ژووری میواندا، وێنەی (عشاء الاخیر)، لە هۆڵ و ژووری میوان و ژووری منداڵاندا، وێنەی (خاچ و مەریەمی پاکیزە)هەڵواسراوە. هەروەها وێنەی ( بووك و کوڕەکەیان) و وێنەی ( بووکێنی کچ و زاواکەیان) هەڵواسراوە.[٣]

## ١٤- خۆراك و خواردنەوەی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە:

خۆراك و خواردن و خواردنەوەی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە تایبەتمەندی خۆیان هەیە و بەچەند خاڵێك دەیخەینە ڕوو:- [٤]

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد فەرەنسیس کریم، لە دایکبووی ١٩٦٢، پیشە: جوتیار و فەرمانبەر، گوندی هەرمۆتە ٢٠١٧/٢/٢١. تێبینی ڕاستەوخۆی توێژەر .

[٢]- تێبینی ڕاستەوخۆی توێژەر، چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد فەرەنسیس کریم، لە دایکبووی ١٩٦٢، پیشە: جوتیار و فەرمانبەر، گوندی هەرمۆتە ٢٠١٧/٢/٢١.

[٣]- تێبینی ڕاستەوخۆی توێژەر.

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: ریاض عزیز بطرس، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/١٧. سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە،٢٠١٦/٥/٢٩. دنحا سەلمان یەلدا، مریەم ئێلیا عمان، کۆیە، ٢٠١٦/٦/٥. امل اسحاق میخا، کۆیە، ٢٠١٦/٦/٢٠. هیلان سلێمان مەتا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦ /٧/٢٥. مریم شمعون گورگیس، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. ابراهیم گورگیس موسی، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٠. صباح حەننا کریم، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢١. حەننا سلێمان مەتا، ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٠. صڵیوە حنا یوسف، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. عیسا مەربێن عیسا،، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٨/٢. کەریم عزیز بطرس، لەدایکبووی ١٩٤٦، پیشە خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/١.

**أ-** له ڕابردوودا مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە ئەم خواردنانەیان خواردووە:( نان، کولێرە، گەنمەکوتاو، قەرەخەرمان، دۆینە، کەشك، ساوەر، بڕوێش، گەنم و سلق، ماش، نیسکێنە، نۆکاو، ترخێنە، داندۆك، گۆشت) برنجیش جەژنان خواردوویانە)[1]

**ب-** له ئێستادا بەزۆری له بەیانیاندا، نان و (ماست، هێلکە، پەنیر)دەخۆن و نیوەڕوان یەکێك لەم خواردنانە دەخۆن: (برنج و شلە، ساوەر، یاپراخ(دۆڵمە)، قەرەخەرمان، کفتەی ساوەر[*]، گیپە، بریانی)، دوای عەسر چاو نان و ماست، یان پەنیر دەخۆن، ئێوارانیش چێشتی تازە لێنانێنەوە و بەشێکیان (چێشتنی نیوەڕۆ) گەرم دەکەنەوە، یان(پیتزا، مەعکەرۆنی، ماست)دەخۆن و بەشێکیشیان ئێواران نان ناخۆن، ئەگەر میوانیشیان هەبێت، ئەوا شفتە یان ماسی یان گۆشتی بۆ ئەبرژێنن.

**ت-** هەموو ڕۆژێك سەوزە دەخۆن و شەوان یان عەسران، میوە و زەڵاتە دەخۆن.

**پ-** چا دوای نان خواردن دەخۆنەوە.

**ج-** قاوە ڕۆژانە دەخۆنەوە و بۆ میوانیش دایدەنێن.

**ح-** ئەو شلانەی کە لەگەڵ چێشتی (برنج، بریانی، ساوەر، قەرەخەرمان) خواردوویانە بریتین لە: ( فاسۆلیا، ماش، تەماتە، تەبسی، بامیّ، کولەکە، باینجان، پەتاتە).

**خ-** پیاز و سیر: بەخواردنێکی بەسوودی دەزانن و زۆر دەیخۆن و بەشێکیان ڕۆژانە دەیخۆن.

**د-مەی خواردنەوە:** شێوازی مەشروب خواردنەوەیان نەبووەتە هۆی خووپێوەگرتن و ئالوودەبوون، بەڵکو زیاتر لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا مەشروب دەخۆنەوە، هەر لەڕابردووەوە پیاوی مەسیحی لە کۆیە و هەرمۆتە مەشروبی خواردووەتەوە و بەزۆری عارەقیان خواردووەتەوە و لە ئێستادا بەشێکیان هەفتەی شەوێك یان دوو شەو مەی دەخۆنەوە و بەشێکیشیان مەشروب ناخۆنەوە، بەشێکیشیان تەنها لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا دەخۆنەوە، ئەو مەشروبانەی دەیخۆنەوە بریتن لە: ( عارەق، بیرە، ویسکی، شەراب)[2].

دەربارەی مەی خواردنەوە د.هاوژین صلیوە دەڵێت: ((ئێمە لە منداڵییەوە لەگەڵی ڕاهاتووین، بیرە وەکو بیبسی و شەربەت لەسەلاجەکانماندا هەیە، بەڵام زۆریشی لێناخۆینەوە، جار هەیە هەفتەی دوو جاری دەخۆینەوە))[3]

لەڕابردوودا ئافرەتی مەسیحی لە کۆیە و هەرمۆتە مەشروبی نەخواردووەتەوە، لە ئێستادا ئافرەتی مەسیحی مەشروبی بیرە، یان قۆدگای میوە بە بڕێکی کەم لە ئاهەنگ و جەژنەکاندا دەخۆنەوە، بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتی مەسیحی لە کۆیە و هەرمۆتە حەزی لەمەشروب خواردنەوە نییە.[4]

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: یعقووب موسا حەننا، لەدایکبووی ١٩٣٨، پیشە: جوتیار، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٣/٣١. مریم شمعون گورگیس، لەدایکبووی١٩٤٩، پیشە: خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦.

[*]- کفتەی ساوەر: پێی دەڵێن (کفتەی موسڵ) ، لە ساوەری وردە و بڕوێش و گۆشتی مانگا کە ئەکرێن بە هەویر و پاشان قیمەی گۆشت و پیازو کەرەوز و بەهارات و کشمیش و بادەمی لە ناو دەکرێت، دروستی دەکەن. چاوپێکەوتن لەگەڵ مریم شمعون گورگیس، لەدایکبووی١٩٤٩، پیشە: خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ عیسا مەربێن عیسا، لە دایکبووی ١٩٦١، پیشە فەرمانبەر، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٨/٢.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ:د. هاوژین صلیوە، کۆیە-هەرمۆتە، ٢٠-٦-٢٠١٧

[4]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: مریم شمعون گورگیس، لەدایکبووی١٩٤٩، پیشە: خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. هێدی هرمز عیسی،لەدایکبووی ١٩٩٢،پیشە مامۆستا و دوکانداری مەشروب فرۆشتن لەگوندی هەرمۆتە، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٢. هیلان سلێمان مەتا، گوندی هەرمۆتە، ٢٥/ ٧/ ٢٠١٦.

**ژ-** جگەرە کێشی ئافرەت لەهەرمۆتەدا نییە، پیاوەکانیش بە کەمی جگەرە دەکێشن.

**ر- گۆشت:** یەکێکە لە خۆراکی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە، گۆشتی( مەڕ، بزن، مانگا، قەل، قاز، مراوی، کەڵەشێر، مریشك) بە کوڵاوی و بە برژاوی دەخۆن، زۆرجاریش لەگەڵ ساوەر کفتەیان لێدروست کردووە و پێی دەڵێن(کفتەی ساوەر). بەڵام گۆشتی مریشك بەڕێژەیەکی زۆرتر دەخۆن.

بەپێی ڕێنمایی ئاینی مەسیحی لە هەینی دوای جەژنی سولاقا، واتە ئەو هەینیانەی کەدەکەوێتە(مانگی ئایار تا مانگی کانوونی یەکەم) نابێت گۆشت بخۆن، جگە لەو هەینیانەی کە بەر جەژن یان یادکردنەوەدەکەون، لەبەر ئەوەی لەڕۆژی هەینیدا حەزرەتی مەسیح لە خاچ دراوە.

هەروەها لە دوای(٦ی‌کانوونی دووەم) تا جەژنی هەستانەوە، واتە تا مانگی(نیسان) ڕۆژانی(هەینی) نابێت گۆشت و شیرەمەنی بخۆن، بەڵام لە جەژنی هەستانەوەوە تا جەژنی سعود، واتە لەسەرەتای مانگی(نیسان تا ناوەراستی مانگی ئایار)کە دەکاتە(٤٠)ڕۆژ، ڕێگە پێدراوە(هەینی و چوار شەممان) گۆشت و شیرەمەنی بخۆن، لەبەر گەورەیی و پیرۆزی جەژنی هەستانەوە ئەو(٤٠)ڕۆژە بە جەژن هەژمار دەکەن.[1]

**ز- خۆشترین خواردن لای مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە**، بریتییە لە: (یاپراخ، کفتەی ساوەر، قەرەخەرمان، کەباب-شفتە، سەروپێ، بریانی).

**س-**گۆشتی ماسی هەفتانە دەخۆن و زۆر حەزیان لێیەتی و بە پیرۆزی دەزانن، چونکە لە ئینجیلدا باس کراوە، کە(مەسیح) بەچەند ماسییەکی بچووك و (٧)نان، (٤)هەزار کەسی تێرکردووە[2]، ئەمەش یەکێك بووە لە موعجیزەکانی مەسیح.

**ش-** حەزیان لەترشیات هەیە و خۆیان دروستی دەکەن و تاڕادەیەك ڕۆژانە دەیخۆن و زەیتوونیشی تێدەکەن چونکە زۆربەی ماڵەکان داری زەیتوونیان هەیە.[3]

**ص-** شەرابی ترێی ڕەش دەخۆنەوە و لە لایان پیرۆزە.

**چ-** زەیتوون لەلایان پیرۆزە و حەزیان لێیەتی و بەیانیان و نیوەڕوان زەیتوون دەخۆن، زیاتر بەیانیان زەیتوون دەخۆن، هەموو ماڵێکی مەسیحی لە گوندی هەرمۆتە زەیتوون خۆش دەکەن و تاڕادەیەك ڕۆژانە دەیخۆن، چونکە خۆیان باخە زەیتوونیان هەیە.[4] زەیتوونی ڕەش و سەوزیش خۆش دەکەن و دەیخۆن.

**گ-** حەزیان لە سەوزە هەیە و زۆر دەیخۆن بەتایبەت(کوزەڵە و کەرەوز، کەوەر، تەماتە، خەیار، کاهو)، هەندێك لە ماڵەکانیان (کەرەوز و تەڕەتیزە و کەوەر)یان چاندووە.

**ڤ-** ژمارەیەکی کەم لە پیاوەکانیان جگەرە دەکێشن، بەڵام ئافرەتەکانیان جگەرە ناکێشن.

---

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ قەشە(زەییا شابا ججی)، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٥/٢٢.

[2] - ئینجیلی پیرۆز، مەرقۆس٨، ٨-١٠.

[3] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: باسیمە عیسا کریم، لە دایکبووی١٩٥٥، پیشە: فەرمانبەر لە کلێسا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٢/١٥.

[4] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: هیلان سلێمان مەتا، لەدایکبووی ١٩٤٤، پیشە ژنی ماڵ، گوندی هەرمۆتە، ٢٥/ ٧/ ٢٠١٦. صباح حەننا کریم، لە دایکبووی١٩٤٩، پیشە: خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢١.

**ع- لە چەژنی لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیحدا ئەم خواردنانە لێدەنرێت و دەخورێت: (برنج، قەرەخەرمان، گۆشتی مریشك، گۆشتی ئاژەڵ، کفتە) و دووان لەم شلانەش لێدەنرێت:(فاسۆلیا، بامیۆ، کولەکە، باینجان).**

**غ- ڕۆژانە تەماتە و یەکێك لەم سەوزانە ( بامیۆ، باینجان، کولەکە، فاسۆلیا، پەتاتە) دەکەن بە شلە و لەگەڵ برنج یان ساوەر دەیخۆن، بەڵام شلەی قەیسی بەدەگمەن لێدەنرێ و بە دەگمەن دەخورێ و نەبووە بە عادەت قەیسی بە شلە بخۆن، ( لە چێشتخانەکانی بازاڕدا شلەی قەیسییان خواردووە)، شلەی دەنکە لۆبیا لێنانێن، تەنها بەتەڕی(بەسەوزی) لۆبیا دەخۆن.**

**ف- ئەو میوانەی کە ئەیخۆن بریتین لە: ( قەیسی، هەنار، ترێ، شووتی، قۆخ، کاڵەك، ترۆزی، پرتەقاڵ)**

**ق- ماست: خۆراکێکی سەرەکی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەیە، بەتایبەت لە بەیانیاندا. زۆر جار (دۆ، پەنیر، کەرە، کەشك)یان لێدروست کردووە و خواردوویانە.**

## ١٥- نەریتی خواردن:

**نەریتی خواردن لای مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بەم جۆرەیە:- [١]**

**أ- لە خێزاندا بە کۆمەڵ نان دەخۆن دایك و باوك و منداڵەکان بەیەکەوە نان دەخۆن.**

**ب- ئەگەر میوانیشیان هەبێت بە کۆمەڵ لەگەڵ میوانەکە بەیەکەوە نان دەخۆن.**

**ت- لە ئامادەکردنی چێشت و تەرتیبی سفرە و جۆراوجۆری زەڵاتە، گرنگی بە ئەتەکییەتی خواردن دەدەن.**

**پ- لە ڕابردوودا ئەو خواردنانەی شلبووە، بە کەوچکی دار خواردوویانە و چێشتی(ساوەر، سەروپێ، تشریب) بە دەست خواردوویانە.**

**ج- لە ئێستادا زیاتر بە کەوچکی ئستیل شلە و چێشت دەخۆن.**

**ح- لە ڕابردوودا لە سەر سفرە و بەدانیشتن لە سەر زەوی نانیانخواردووە، بەڵام ئێستا لەسەر سفرە – لەسەر ئەرز و لەسەر مێزی نانخواردن نادەخۆن، سەرجەم خێزانە تازەکان لەسەر مێزی نانخواردن نان دەخۆن. هەرچەندە هەندێك ماڵ لە ڕابردووشدا مێزی بچوکیان هەبووە، کە نزیکەی(٥٠سم)بەرزبووە و بەدانیشتن لە سەر زەوی نانیان لەسەر ئەو مێزە خواردووە.**

## ١٦- دیاری گۆڕینەوە:

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: حەنی مەربێن عیسا، لەدایکبووی ١٩٤٧، پیشە: ژنی ماڵ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٣/٨. تێبینی بە بەشداری لە نانخواردنی نیوەڕۆی ماڵی بێستوون عمان حەنا، گوندی هەرمۆتە، ٢٥/ ٦/٢٠١٦. هیلان سلێمان مەتا، گوندی هەرمۆتە، ٢٥/٧/ ٢٠١٦.

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە گرنگی بە پێشکەشکردنی دیاری بۆ یەکتری دەدەن و نەریتی دیاری تایبەتمەندی خۆی هەیە، ( لەکاتی خانوو دروست کردن کەلوپەلی ماڵ یان پارە، لە کاتی منداڵبوون پارە یان جلوبەرگی منداڵ، یان ئاڵتوون، لە کاتی دەرچوون لە زانکۆ یان بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا پارە یان بۆن یان ئاڵتوون، لە کاتی هاوسەرگیری پارە یان ئاڵتوون، لە کاتی نەخۆشی پاکەتی چکلێت یان میوە یان پارە، لە بۆنەی تەعمید و ناونانی منداڵ پارە، یان جلوبەرگ، لە بۆنەی تەناول پارە یان ئاڵتوون، یان بۆن) بە دیاری بۆ یەکتری دەبەن و پێشکەشی یەکتری دەکەن[1].

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە (پارە یان ئاڵتوون) زۆرترین ئەو شتانەیە کە لە بۆنەکاندا بە دیاری پێشکەشی یەکتری دەکەن. ئاڵتوونیش لەم دیارییانەدا بریتییە لە ( خاچ و زنجیر یان مەریەمە و زنجیر)ی ئاڵتوون. ئامانج لە پێشکەشکردن و بردنی دیاری بۆ یەکتری، جێبەجێکردنی دەسەوامی کۆمەڵایەتی و دروستکردن و زیادکردنی خۆشەویستی و بەهێزکردنی پەیوەندی خزمایەتی و دراوسێیەتییە.

## ١٧- پیشەی دەستی و شارەزایی و بەرهەمهێنان:

لە ڕابردوودا چەند ماڵێکی گوندی هەرمۆتە، بەشی خۆیان زەیتی زەیتون و مەی(عارەق و شەراب)یان بەرهەم هێناوە، تاساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمیش، مەسیحییەکانی کۆیە (شەراب و عارەقیان) بەرهەمهێناوە، لەڕابردووشدا زۆر لە(موورێسی)دا شارەزابوون، بەڵام لە ئێستادا مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە، لە دروستکردنی(ترشیات و شەراب) و خۆشکردنی (زەیتوون)دا شارەزان و بەرهەمی دەهێنن.[2]

## ١٨- ئامێر و تەکنۆلۆجیا:

مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتەو کۆیە هەموو ئەو جۆرە ئامێر و تەکنۆلۆجیایانە کە هاتوونەتە عێراق و کوردستانەوە بەکاردەهێنن، وەك(ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، سەتەلایت، کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، ئایپاد، مۆبایل، ئوتومبێل، سپلێت، سەلاجە، موجەمیدە، غاز و تەباخ وفڕن، هیتەری کارەبایی، فلتەری ئاو پاککردنەوە،

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ سەمیرە دنحا سەلمان، کۆیە، ٢٠١٦/٥/٢٩. حەنی مەربێن عیسا، لەدایکبووی ١٩٤٧، پیشە: ژنی ماڵ، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٣/٨.

[2] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: هیلان سلێمان مەتا، لەدایکبووی ١٩٤٤، پیشە ژنی ماڵ، گوندی هەرمۆتە، ٢٥/ ٧/ ٢٠١٦. مریم شمعون گورگیس، لەدایکبووی١٩٤٩، پیشە: خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. ابراهیم گورگیس موسی، لە دایکبووی ١٩٣٢، پیشە، بێکار، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٠. صباح حەننا کریم، لە دایکبووی١٩٤٩، پیشە: خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢١. حەننا سلێمان مەتا، لەدایکبووی ١٩٢٦، پیشە: جوتیار، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٠. صڵیوە حنا یوسف، لە دایکبووی١٩٤٨، پیشە: مامۆستای خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. عیسا مەربێن عیسا، لە دایکبووی ١٩٦١، پیشە فەرمانبەر، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٨/٢.

**گەسکی کارەبایی، کاشی سرەوەی کارەبایی) لێرەدا ئەو ئامێر و تەکنۆلۆجیانەی کە بۆ یەکەم جار چووەتە گوندی هەرمۆتەوە دەنوسین:[١]**

**أ- ڕادیۆ، لەساڵی(١٩٥٦)(حەنا کەریم ئیسحاق)بردوویەتیە هەرمۆتە.**

**ب- تراکتۆر، لەساڵی (١٩٦٥)دا (مەربێن حەنا کەریم) یەکەم کەس بووە کڕیوویەتی و بردوویەتیە گوندەکە.**

**ت- بیری ئاو کە بەسەتڵ و گوریس ئاویان لێدەرهێناوە، لەساڵی (١٩٦٠)یەکەم کەس لەلایەن (عەمان حەنا سلێمان)لەگوندەکەدا لێدراوە.**

**پ- ماتۆڕ سکیڵ لەساڵی(١٩٧٠)لەلایەن (صلیوە عیسا کەریم) براوەتە گوندی هەرمۆتە.**

**ج- دەڕاسە لەساڵی (١٩٧٥)یەکەم جار لەهەرمۆتەدا گەنم و جۆی دوریوەتەوە.**

**ح- سەلاجە لەساڵی (١٩٧٠) لەلایەن(گەوریل یوسف پەترۆس)بۆ یەکەم جار براوەتە گوندەکە.**

**خ- تەلەفزیۆنی ڕەش و سپی،لەساڵی(١٩٧٦)لەلایەن (عەمان حەنا سلێمان) براوەتە هەرمۆتە.**

**د-ئاشی کارەبایی، لەساڵی (١٩٧٦) (شەمعون گورگیس نیسان) بردوویەتیە هەرمۆتە.**

**ژ-ئوتومبێل لەساڵێ (١٩٧٩)یەکەم ئوتومبێل لەلایەن (لەتیف مەتێ موسا)لەجۆری دادسۆن پیکاب براوەتە هەرمۆتە.**

**ر-لەساڵی (١٩٧٦)وە کارەبا بۆ گوندی هەرمۆتە براوە.**

**ز-غەسالە لەساڵی (١٩٨٠)(عەمان حەنا سلێمان) کڕیوویەتی و بردوویەتییە هەرمۆتە.**

**س-کامێرای ڤیدیۆ،لەساڵی(١٩٨٥)یەکەم تۆماری شایی بەڤیدیۆ کراوە،کەشایی(فەرەج عەزیز پەترۆس بووە)**

**ش- سەتەلایت لەساڵی(١٩٩٨)لەلایەن دلێر شەمعون گۆرگیس براوەتە هەرمۆتە.**

**ص- مۆبایل لەساڵی (٢٠٠٢)وە لەلایەن (کەمال تۆما، مەرقۆس عەوریش، صلیوە عیسا کەریم، یوسف گۆریل)چەند مۆبایلێکیان لەجۆری (٣٣،١٠)بردووەتە هەرمۆتە.**

**چ- بیری ئیرتیوازی لەساڵی(٢٠٠٧)وە بۆیەکەم جار لەگوندی هەرمۆتەدا هەڵکەندراوە.**

## ١٩- درەخت و ڕۆنی زەیتوون:

**مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە مێژوویەکی دێرینیان لەگەڵ درەختی زەیتووندا هەیە، بەجۆرێك لەوکاتەوەی مەسیحییەکان لە کۆیە و هەرمۆتەدا دەژین، درەختی زەیتونیش ڕوێنراوە و چەندین ڕەز و باخی زەیتوون، لەگوندی هەرمۆتەدا ڕوێنراون، درەختی زەیتوون لەحەوشە و لەبەر دەرگای زۆربەی ماڵەکانیان و لەنێو حەوشەی کەنیسەی هەرمۆتە و کەنیسەی کۆیە و مەزاری مەربێنە قەدیشەدا هەیە[٢]،چونکە :-[٣]**

---

[١]- هاوژین صلیوە،مێژووی هەرمۆتە،چاپخانەی زانا- سلێمانی،چاپی یەکەم،٢٠١٣،ل ٣٠٦-٣٠٨

[٢]- تێبینی ڕاستەوخۆی توێژەر

[٣]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: د.هاوژین صلیوە عیسا، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٧. یوسف تۆما یوسف، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٨/١٤.

١-درەختی زەیتوون لەئاینی مەسیحیدا درەختێکی پیرۆزە و لەزۆربەی بۆنە و سروتی ئاینیدا مەسیحییەکان درەختی زەیتوون و ڕۆنی زەیتوون بەکاردەهێنن، درەختی زەیتوون لەئینجیلدا وەك درەختێکی پیرۆز باسکراوە،لای مەسیحییەکان ڕەمزی ئاشتی و هەمیشە سەوزی دەگەیەنێت، چونکە حەزرەتی مەسیح هەفتەیەك پێش لە خاچدانی کاتێك چووەتە(ئۆرشەلیم) و بەناوخەڵکدا گەڕاوە، خەڵك بەچڵی زەیتوون پێشوازیان لێکردووە، وەك ڕەمزی ڕێزلێنان و ئاشتی و ئاوەدانی و هەمیشە سەوزییە، ساڵانەش ڕۆژێك پێش جەژنی قیامە، چەند چەپکێك چڵە زەیتوون بۆ کەنیسە دەبەن و پاش ئەوەی نوێژی بەکۆمەڵی لەسەر دەکرێت و چڵە زەیتوونەکان پیرۆز دەکرێن، هەر کەسە و یان هەر ماڵە و چڵە زەیتونێك بۆ ماڵەوە دەباتەوە، نیشانەی بەرەکەتە و خەڵك پێیان خۆشە لەماڵەوە هەیانبێت، هەروەها لەناو دەغل و دان دەیڕوێنن، بۆ ئەوەی خودا دەغل و دانیان جوان و بەبڕشت بکات و بەرەکەتی زیاد بکات، ئەم ڕۆژەش پێی دەوترێت جەژنی (ئۆشەعنا)*

٢-ڕۆنی زەیتوون بە بەردەوامی لەکەنیسە و دێرەکاندا بەکاردێت، ڕۆنی زەیتوون بە (سێ) شێوازی جیاواز لە کەنیسەدا بەکاردێت:-

أ. ڕۆنی تەعمید: ئەم ڕۆنەش پیرۆز دەکرێت و لە شووشە لە کەنیسەدا هەڵدەگیرێت، لەکاتی منداڵ تەعمیدکردندا دەکرێتە ئەو ئاوەی کە منداڵی پێ تەعمید دەکرێت.

ب. ڕۆنی میڕۆن: لە کاتی تەعمیدکردنی منداڵدا، قەشە بەپەنجەی خۆی، کەمێك ڕۆنی زەیتوون بەشێوەی خاچ لەناوچەوان و لە خوار ملی منداڵ دەدات. بەم ڕۆنە دەوترێت:(ڕۆنی جێگیرکردن لە باوەڕ یان ڕۆنی میڕۆن).

ج. ڕۆنی نەخۆشان: کاتێك کەسێك نەخۆش دەکەوێت، یان لەسەرە مەرگدا دەبێت،قەشە سەردانی دەکات و دوای ئەوەی چەند ئایەتێکی لەسەر دەخوێنێت، کەمێك ڕۆنی زەیتوونی پیرۆزکراو لە ( چاو و لووت و دەم و دەست و قاچی و گوێی)نەخۆشەکە دەدات، بەمەبەستی شیفای نەخۆشەکە و پاککردنەوە لە گوناهەکانی، کە بەهۆی ئەو ئەندامانەی جەستەیەوە ئەنجامی داوە.

## ٢٠- دەستنووس و کتێب

لە کەنیسەی کۆیەدا، تەنیا تۆماری لەئاوهەڵکێشانی منداڵ وەك دەستنووس هەیە، کە پێشتر لە سرووتی ئاینیدا باسمان کردووە، چەند کتێبێکی چاپی کۆن لە کەنیسەی هەرمۆتەدا پارێزراوە، کە (١٠)کتێبیان زۆر کۆنە، هەندێکیان ساڵی چاپیان لەسەر نەنوسراوە، هەندێکیتریان، ساڵی چاپکردنیان نووسراوە: (٨/١٥/ساڵی١٩٠٠)ی زاینی لە چاپخانەی دۆمینیکان، بابەتی کتێبەکان پێکهاتوون لە: (زەبووری حەزرەتی داوود، تەورات، ئینجیل، سرووتی نوێژ، یاسای کەنیسە)(١)

لە ناو کەنیسەی هەرمۆتەدا، لە ڕابردوودا چەند دەستنووسێکی تێدابووە، بەڵام لە ساڵی (١٩٦٢)دا، لە لایەن گروپێکی سوپای عێراق، کە لەو کاتەدا بە (حەرەس قەومی)ناسراون، چوونەتە هەرمۆتە و

---

* - ئۆشەعنا: وشەیەکی ئارامیە بەواتەی ڕێزلێنان و پیرۆزکردن.

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ یوسف تۆما یوسف ،لەدایکبووی ١٩٦٧،پیشە:شەماسەی کڵێسای مەریەمی پاکیزە لەهەرمۆتە،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٨/١٤. تێبینی ڕاستەوخۆی توێژەر.

دەستنووسەکانی کەنیسەیان بەتالان بردووە. لە ئێستادا (دوو)دەستنووس لە کەنیسەی هەرمۆتەدا ماوەتەوە، دەستنووسی یەکەم دەفتەرێکە و بەرگەگەی لە پێستەی ئاژەڵ دروستکراوە و بەشێك لە ئینجیلی تێدا نووسراوەتەوە و مێژووەکەی بۆ ساڵی(١٤٠٠)ی زاینی دەگەڕێتەوە، دەستنووسی دووەمیش هەندێك تەراتیلی ئاینی تێدانوسراوەتەوە و مێژووەکەی بۆ ساڵی (١٩٥٧)زاینی دەگەڕێتەوە.[١]

## ٢١- ئامێرەکانی هاتوچۆ و گواستنەوە

١- لە ڕابردوودا لە ساڵانی (حەفتاکان و هەشتاکان)ی سەدەی بیست، گوندی هەرمۆتە بە ڕێگای وشکانی- خۆڵ بە کۆیە وە بەستراوەتەوە، خەڵکی هەرمۆتە بە پێ و بە ( جێپ) هاتوچۆیان بۆ کۆیە کردووە[٢].لە ئێستادا هێڵی تایبەتی (پاص)یان هەیە و بە (پاص) هاتوچۆی بازاڕی کۆیە دەکەن، بەشێکی زۆری ماڵەکانیش ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان هەیە.[٣]

٢- مەسیحییەکانی کۆیەش لە ڕابردوودا بە جێپ و بە تەکسی هاتوچۆی هەولێریان کردووە، لەناو گەڕەکەکانەوە بۆ ناو بازاڕی کۆیە بە پێ هاتووچۆیان کردووە. لە ئێستادا بە تەکسی و بە پاص هاتوچۆی هەولێرو بازاڕی کۆیە دەکەن و بەشێکیشیان ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان هەیە.

ئامڕازەکانی هاتووچۆیان لە ڕابردوو ئێستادا، جیاوازییەکی زۆری هەیە، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای ئۆتۆمبێل و باشبوونی باری ئابوورییان و بازرگانی و هێنانی ئۆتۆمبێلی نوێی گواستنەوە لە وڵاتانی دەرەوە، بەتایبەتی لە وڵاتانی(سین و کۆریاوە) بۆ کوردستان و دروستکردنی ڕێگای نوێی گواستنەوە، لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، هەروەها بەهۆی بوونی گوندی هەرمۆتە بە یەکێك لە گەڕەکەکانی کۆیە، گۆڕان لە ئامێر و هۆکارەکانی گواستنەوەیاندا ڕووی داوە.

## ٢٢- ئامڕازەکانی کشتوکاڵکردن:

لە ڕابردوودا واتە لە پێش ساڵانی (١٩٧٠) مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بە گاو هێستر کە (هەوجاڕ)یان پێوە بەستووە جووتیانکردووە(زەوی کشتوکاڵکردنیان کێڵاوە)، بە (داس) دروێنەیان کردووە، بە جەنجەڕ و هێستر خەرمانیان کوتاوە، بەسەنە(سێلك) شەنیانکردووە(جیاکردنەوەی دانەوێڵە لە کا)، خەرار(شلیف) لە مووی بزن دروستیان کردووە و (کا)یان بۆ کایەن پێگواستووەتەوە، شەغرە لە دار دروستیان کردووە و گەنم و جۆیان بۆ سەر خەرمان پێگواستووەتەوە، بەڵام لە دوای ساڵی (١٩٧٠)وە ئامڕازەکانی کشتوکاڵکردن گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بە تراکتۆر و گاسن جووتتان کردووە، بە دەڕاسە

---

[١]- چاوپێکەوتن لەگەڵ یوسف تۆما یوسف ،گوندی هەرمۆتە،٢٠١٦/٨/١٤. تێبینی ڕاستەوخۆی توێژەر.

[٢]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: هیلان سلێمان مەتا، لەدایکبووی ١٩٤٤، پیشە ژنی ماڵ، گوندی هەرمۆتە، ٢٥/٧/ ٢٠١٦. مریم شمعون گورگیس، لەدایکبووی١٩٤٩، پیشە: خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. ابراهیم گورگیس موسی، لە دایکبووی ١٩٣٢، پیشە، بێکار، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٠. صباح حەننا کریم، لە دایکبووی١٩٤٩، پیشە: خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢١. حەننا سلێمان مەتا، لەدایکبووی ١٩٢٦، پیشە: جوتیار، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٠. صڵیوە حنا یوسف، لە دایکبووی١٩٤٨، پیشە: مامۆستای خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦.

[٣]- تێبینی ڕاستەوخۆی توێژەر

(گەنم جۆ) یان دوریوەتەوە، هەروەها (پاچ بۆ کێڵان و و خاکەناز بۆ گڵ فڕێدان و تەور بۆ دار بڕین و تەوراس بۆ لق بڕین) بەکاریان هێناوە[1].

## ٢٣- کەلەپوور

لە کۆیە و هەرمۆتە چەند ئامێرێکی فۆلکلۆری بووەنەتە کەلەپوور و لە ئێستادا بەکار نایەن، وەك: ( جەنجەڕ، هەوجاڕ، داس، سێلك(شەن)، زین، مەنجەڵی مس، کوپە، گۆزە، گوریس، شەربە، کوندە(لە پێستی ئاژەڵ دروستیان کردووە و ئاوی خواردنەوەیان تیدا هەڵگرتووە، دەستاڕ (لە تاشە بەرد دروستیان کردووە و گەنمیان پێهاڕیوە و کردوویانە بەساوەر، مەشکە لە پێستی ئاژەڵ درووستیان کردووە و ماستیان تیا ژەنیوەو دۆ و کەرەیان لیّ درووستکردووە، شەغرە)[2] .

هەرچەندە لە ئێستاشدا هەندێك لەو کەرەستانە بە شێوەیەکی کەم بەکاردێن، بۆ نموونە: داس: بۆ دروێنەی وێنجە و گیا گزرە و دوورینەوەی گیا بەکار دەهێنرێت. شەن(شەنە): بۆ تێکردنی کا بۆناو تراکتۆر و بۆ گواستنەوە بەکاردێت. هەروەها بۆ هەڵدانەوە و خستنە سەریەکی لەکادین(کا) بەکار دێت. هەندێك ماڵ ئێستاش کوپە بەکار دەهێنن و ئاوی لێدەخۆنەوە، هەندێك ماڵیش هەیە تەنها بۆجوانی لە حەوشە دایدەنێن و باڕێزە لەدەوری دەچێنن. گوریس: بۆ دروست کردنی جۆلانیّ لەناو ڕەز و باخەکان بەکار دێت، زۆر بەکەمیش بۆ بەستنەوەی ئاژەڵ بەکاری دەهێنن. دەستاڕ: ئێستاش لە هەرمۆتە بەکاردێت، جاران بۆ زۆر جۆری دانەوێڵە بەکاریان هێناوە، لە ئێستادا زیاتر بۆ وردکردنی(هاڕینی) قەرەخەرمان و نیسك و ساوەر بەکاری دەهێنن[3].

لەکۆتایی ئەم باسەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، لە زۆربەی توخمەکانی کەلتووری مادیدا، کەلتووری مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە، لەگەڵ کەلتووری موسوڵمانەکانی کۆیەدا،پرۆسەی (ئاوێزانبوونی کەلتووری)* ڕوویداوە، بەتایبەت لە ( جلوبەرگ و نانخواردن و پیشە و خانووبەرە و خشڵ )دا.

---

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ: ابراهیم گورگیس موسی، لە دایکبووی ١٩٣٢، پیشە، بێکار، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢٠. صباح حەننا کریم، لە دایکبووی١٩٤٩، پیشە: خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/٢١. حەننا سلێمان مەتا، لەدایکبووی ١٩٢٦، پیشە: جوتیار، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٦/١٠. صلیوە حنا یوسف، لە دایکبووی١٩٤٨، پیشە: مامۆستای خانەنشین، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٧/٢٦. عیسا مەربێن عیسا، لە دایکبووی ١٩٦١، پیشە فەرمانبەر، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٦/٨/٢. ئازاد فەرەنسیس کریم، لە دایکبووی ١٩٦٢، پیشە: جوتیار و فەرمانبەر، گوندی هەرمۆتە ٢٠١٧/٢/٢١.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەڵ: یعقووب موسا حەننا، لەدایکبووی ١٩٣٨، پیشە: جوتیار، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٣/٣١. ئازاد فەرەنسیس کریم، لە دایکبووی ١٩٦٢، پیشە: جوتیار و فەرمانبەر، گوندی هەرمۆتە ٢٠١٧/٢/٢١.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەڵ مەرقۆس ئەودیش سلێمان، گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٧/٣/٣١.

* - ئاوێزانبوونی کەلتووری( التثاقف): بریتییە لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی کەلتووری، کە لە ڕێگەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کارلێکی دوو کەلتووری جیاوازدا ڕوودەدات و لە ئەنجامدا توخمی کەلتووری لە یەکتری وەردەگرن، سەرەتا سیّ ئەنسرۆپۆلۆجی ئەمریکی( روبیرت ردفیلد ورالف لینتون وملفیل هیرسکوفیتش) باسی ئەم چەمکەیان کردووە.

نيكولا جورنه، بين الكوني والخصوصي، البحث عن البيدايات – طبيعة الثقافة – تشييد الهويات، ترجمة: د. اياس حسن، الطبعة الثانية، دار الفرقد، سورية–دمشق، ٢٠١٤،ص ٢٨٨، ٤٦٩.

# بەشی چوارەم

## ئەنجام و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە و پێشنیار و ڕاسپاردەکان

## یەکەم: ئەنجام و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لە کۆتایی ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە و گوندی هەرمۆتە ئەنجاماندا و بەهۆی تێبینی و بەشداریکردن لە بۆنە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانیان، سەبارەت بە کەلتووری مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە، گەیشتینە چەند ئەنجام و دەرئەنجامێك:-

### یەکەم: توخمە کەلتوورییە هاوبەشەکان:

### ١- ئیکۆلۆجیای شاری سلێمانی و قەزای کۆیە:

أ) مەسیحییەکانی شاری سلێمانی و قەزای کۆیە لە گەڕەکەکانی ناوەندی شاری سلێمانی و قەزای کۆیەدا دەژین، مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتەش لە گوندی هەرمۆتەدا دەژین، کە دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژئاوای شاری کۆیە و بە نزیکەی (٣)کم لە سەنتەری قەزای کۆیەوە دوورە.

ب) پلەی گەرمی ناوەندی شاری سلێمانی و قەزای کۆیە هاوینی گەرمە و زستانی ساردە، لە شاری سلێمانیدا گەرمترین مانگەکانی، مانگی(تەموز و ئاب)ە کە تێکڕای بەرزترین پلەی گەرمی لەو دوو مانگەدا دەگاتە (٤١) پلەی سەدی و ساردترین مانگیشی (کانوونی دووەمە) و تێکڕای نزمترین پلەی گەرما لەو مانگەدا دەگاتە (٢) پلەی سەدی، لە قەزای کۆیە گەرمترین مانگەکانی بەهەمان شێوەی سلێمانی(تەموز و ئاب)ە کە تێکڕای بەرزترین پلەی گەرمی لەو دوو مانگەدا دەگاتە (٤١) پلەی سەدی و ساردترین مانگیشی (کانوونی دووەمە) و تێکڕای نزمترین پلەی گەرما لەو مانگەدا دەگاتە (٤) پلەی سەدی.

ج) مەسیحییەکانی شاری سلێمانی و کۆیە خۆیان لەگەڵ شوێنی جوگرافی و پلەی گەرمی شوێنی نیشتەجێبوونیاندا گونجاندووە، شێوازی ژیان و پیشە و چالاکییەکانیان بەپێی شوێنی جوگرافی و وەرزەکانی ساڵ و پلەی گەرمی ڕێکخستووە.

د) لە شاری سلێمانی و قەزای کۆیەدا، باران لە وەرزەکانی ( زستان و بەهار و پایز )دا بە بڕێکی باش دەبارێت، بەڵام لە وەرزی (هاوین)دا باران نابارێت. ڕێژەی باران بارین لە شاری سلێمانی (٦٢٤)ملم و لە شاری کۆیەش بڕی باران بارین دەگاتە(٦٣٥)ملم.

هـ) لە شاری سلێمانی و قەزای کۆیە، بایەکی خۆجێیی هەڵدەکات، کەپێی دەوترێت(ڕەشەبا). ئەم بایە لە هەموو وەرزەکاندا بەتایبەت لە هاوین و زستاندا هەڵدەکات.

و) ئاووهەوا و پلەی گەرمی شاری سلێمانی و قەزای کۆیە تاڕادەیەکی زۆر هاوشێوەن.

ز) ژمارەی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە لەسەرجەم سەرژمێرییە فەرمییەکانی عێراق و کوردستاندا وەك پێکهاتەیەکی ئاینی و نەتەوەیی تۆمار کراون.

## ٢- زمانی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی و قەزای کۆیە:

أ) زمانی دایکی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە زمانی سریانییە.

ب) مەسیحییەکانی شاری سلێمانی و کۆیە بەدرێژای مێژوو تا ئێستاش زمانی دایکی خۆیان پاراستووە، هۆکاری سەرەکی ئەمەش ئاینەکەیان بووە، چونکە زمانی دایکیان زمانی ئاینەکەیانە، قەشە و ڕاهیبەکان بەزمانی سریانی سرووتە ئاینییەکانیان جێبەجێکردووە و ئینجیلی پیرۆز و زۆربەی کتێبە ئاینییەکانی تریان بەزمانی سریانی نوسراون.

ج) شێوە زاری (سریانی و ئاشووری و کلدانی)، هەر سێ زاراوەکە (یەك) زمانن، کە بە زمانی سریانی ناسراوە و ڕەگی ئەم زمانەش دەگەڕێتەوە سەر زمانی ئارامی.

د) ڕەگ و بنەچەی زمانی سریانی، دەگەڕێتەوە سەر زمانی ئارامی و لە بنەڕەتدا زمانی سریانی شێوازێکی پێشکەوتووی زمانی ئارامییە، کلدانییەکانیش لە ڕابردووی دووردا بە زمانی ئارامی قسەیان کردووە، بەهۆی گەشەسەندنی مێژووی زمانی کلدانییەوە، زمانەکەیان لە ئارامییەوە بۆ سریانی گۆڕاوە، (زمانی کلدانی و سریانی لە فەتحە و زەممەدا) کەمێك جیاوازن، بۆ نموونە لە کۆتایی وشەدا جیاوازن، کلدانی کۆتایی وشە دەکاتە دەنگی( ا )، بەڵام سریانی کۆتایی وشە دەکاتە دەنگی( ۆ )، بەنموونە: (بەکلدانی: ئالاها، بەسریانی: ئالۆهۆ).

ه) مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ منداڵەکانیان و لە ماڵەکانی خۆیان و لە کەنیسە و لە جێبەجێکردنی سروتە ئاینی و مەراسیمە ئاینییەکاندا بەزمانی سریانی قسە دەکەن، بەڵام لەگەڵ موسوڵمانە کوردەکان بەزمانی کوردی قسە دەکەن.

و) لە کاتی ئاهەنگی بوك گواستنەوە و بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەزمانی کوردی و سریانی گۆرانی دەڵێن، هەرچەندە لەئاهەنگەکانیاندا زیاتر بەکوردی گۆرانی دەڵێن. ئەمەش بەهۆی پەیوەندی کەلتوورییەوە ڕووی داوە، چونکە لە گەڕەك و قوتابخانە و بازاڕ و شوێنی کارکردندا لەگەڵ کوردە موسوڵمانەکان بەیەکەوە دەژین، هەروەها بەهۆی پێشکەوتنی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی کە کاریگەرییەکی زۆری لە مەسیحییەکانی کۆیە و سلێمانی کردووە، بەجۆرێك هونەرمەندەکانیان بە کوردی گۆرانی دەڵێن و موزیك ژەنەکانیان مۆزیکیان بۆ گۆرانی کوردی ژەنیوە و ئاوازیان بۆ گۆرانی کوردی داناوە و خزمەتێکی زۆری هونەری کوردییان کردووە.

ز) لە شاری سلێمانی و کۆیە دیاردەی ئاوێتەبوونی زمان لە نێوان (زمانی کوردی و زمانی سریانی)دا ڕوویداوە، زمانی سریانی زۆر وشەی کوردی تێکەوتووە، چونکە مێژوویەکی دوورودرێژە بەیەکەوە دەژین.

## ٣- ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە و گوندی هەرمۆتە:

أ) مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە لە نەتەوەی( ئاشووری کلدانی سریانی )پێکهاتوون. زۆرینەیان لە نەتەوەی(کلدانی و ئاشوری)ین، کە یەك نەتەوەن بەناوی(کلدۆئاشوور)ناسراوە، لە ئێستادا ( کلدانی و سریانی و ئاشووری) بە(یەك) نەتەوە خۆیان دەناسێنن، چونکە یەك زمانیان هەیە کە ئەویش زمانی (سریانی)یە.

ب) مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە و گوندی هەرمۆتە، دانیشتوانی ڕەسەن و بنچینەیی عێراق و کوردستانن.

**ج) نەتەوە و زمان ( پەیوەندی و کاریگەری زمان و نەتەوە):**
( کلدان و ئاشووری و سریان) لە بنەڕەتدا یەك نەتەوەن و یەك زمانیان هەیە، زمانی سریانی وەك زمانی ئینگلیزی ئێستا، لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی تا سەدەی(حەوتەمی)زاینی زمانێکی پێشکەوتوو بووە و زمانی ڕۆشنبیریی و نوسین و زمانی فەرمی دەوڵەت بووە.
هەروەها لە ڕابردوودا تا دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی، هەموو کتێبە زانستییەکان لە عیراق و سوریادا بەزمانی سریانی نوسراوە و زمانی ڕۆشنبیری گەلانی میسیۆپۆتامیا بووە.
لە ئەنجامی بەدواداچوونێکی زۆر بۆ ئەم بابەتە گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە: مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە و هەرمۆتە هەرچەندە وەك خۆشەویستی و هاوسۆزی بۆ نەتەوەی کورد و نیشتمانی کوردستان، بەشێکیان خۆیان بەکورد دەزانن، بەڵام لە بنەڕەت و بە ڕەچەڵەك و ڕاستی مێژوویی ئەو ئاشووریانەن کە ڕیزی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشوورییان جێهێشت و خۆیان گەیاندە کەنیسەی(کاسۆلیکی ڕۆژئاوا) و لەو کاتەوە تا ئێستا بە(کلدان)ناسراوون.

## ٤- شێوازی ژیان:

مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە لە ڕابردوودا و لە ئێستاشدا کۆچەری (ڕەوەند)نەبوون، گەرمیان و کوێستانیان نەکردووە، بەڵکو لە خانوودا نیشتەجێبوون و ژیاون. چونکە ژیانی کۆچەری زیاتر پەیوەستە بە ئاژەڵ بەخێوکردنەوە، مەسیحییەکانی سلێمانیش بەهۆی ئەوەی کەلەشاردا ژیاون ئاژەڵدارییان نەکردووە، مەسحییەکانی گوندی هەرمۆتەش سەرەرای ئەوەی ئاژەڵدارییان کردووە، بەڵام کۆچەری نەبوون، چونکە خاوەنی گوندی خۆیان بوون و زەوی و زارێکی زۆری کشتوکاڵی و ڕەز و باخ و لەوەڕگایەکی زۆریان هەبووە، پێویستیان بەوە نەبووە کۆچەری و گەرمیان و کوێستان بکەن.

## ٥- ئایین: مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە لە ڕووی ئاینییەوە ئەم خەسڵەتانەیان هەیە:-

أ) مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە و هەرمۆتە باوەڕی ئاینیان وایە کە خودا بە(سێ) شێواز خۆی بۆ مرۆڤ دەرخستووە، شێوازی یەکەم: زەوی و ئاسمان و هەسارەکان ئەوە خودا دروستی کردووە(الأب – الله)، شێوازی دووەم لە شێوەی مرۆڤێکدا هاتە سەر زەوی بۆ ئەوەی خۆی بکاتە قوربانی بۆ مرۆڤایەتی، ئەو خودایە (عیسای مەسیح) بوو. شێوازی سێیەم ئەو خودایەی کە بەردەوام وەك هێزێکی ڕۆحی لەگەڵ مرۆڤدایە و هیدایەتی دەدات و دەیپارێزێت، ئەوە ڕۆحی پیرۆزە، لەهەمان کاتدا هەر سێکیان (یەك خودان) – (الأب والابن والروح القدس)

ب) سەرەڕای هەژموونی ئیسلام و موسوڵمانان لە ناوچەکەدا، بەڵام پابەندبوون بە ئاینی مەسیحییەوە و بە ئاشکرا سرووتە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان جێبەجێکردووە و زیاتر لە (١٥٠)ساڵە کەنیسەیان بۆخۆیان دروست کردووە و بە ئاشکرا نوێژ و خوا پەرستی خۆیانی تێدا دەکەن، ئەمەش ئاماژە و بەڵگەی ئەوەیە کە بەدرێژای مێژوو ئاینی خۆیان پاراستووە.

ج) ئاینی مەسیحی ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی دەبینێت لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابوری، بەتایبەتی لە ڕێکخستنی هاوسەرگیری و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوە.

**د)** زۆربەی هەرە زۆریان پەیوەستن بە مەزهەبی (کاسۆلیکی ڕۆژئاوا)، بەشێکی کەمیشیان پەیڕەوی ئاینزای (ئەرسەدۆکس) و (کەنیسەی ئاشووری ڕۆژهەڵات)ی دەکەن.

**ه)** ئافرەتەکانیان زیاتر پابەندن بە ئاینەکەیانەوە و زۆربەی نوێژ خوێنانی کەنیسەش ئافرەتن، زۆربەی ئەوانەشیان کە بەڕۆژوو دەبن هەر ئافرەتانن.

**و)** گۆڕان لە ماوەی بەڕۆژووبونیاندا ڕووی داوە، بەجۆرێك لە ڕابردوودا ڕۆژووی بچووك(٢٥) ڕۆژ بووە، لە ئێستادا کلدانەکان(١)ڕۆژ بەڕۆژوو ئەبن، بەڵام ئاشوورییەکان وەك ڕابردوو(٢٥)ڕۆژ بەڕۆژوو ئەبن.

**ز)** جەژنەکانی( لەدایکبوون و هەستانەوە ) دوو جەژنی سەرەکی و پیرۆزن لە لایان و زۆربەی هەرەزۆریان لە مەراسیمی جەژندا لە کەنیسە بەشداری دەکەن.

**ح)** سەرجەم منداڵەکانیان کە تەمەنیان دەگاتە (١٢) ساڵ، بەشداری لە خولی تەناولدا دەکەن.

**گ)**سەرجەم خێزانی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە سروتی(لەئاوهەڵکێشانی منداڵەکانیان)جێبەجێ دەکەن، وەك ئەرکێکی ئاینی و بەمەبەستی پاراستن و مانەوەی ئاینەکەیان، منداڵی لە تازە دایکبووی دوای تەمەنی( ٨ تا ٤٠) ڕۆژ، لە کەنیسە، قەشە لە ئاوی هەڵدەکێشێت و ناوی دەنێت.

**ی)** مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە باوەڕیان بە (کتێبی پیرۆز)هەیە، واتە باوەڕیان بە (پەیمانی کۆن (تەوراتی حەزرەتی موسا)و پەیمانی نوێ–ئینجیل)هەیە،

## ٦- داب و نەریتی هاوسەرگیری و خێزانی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە:

أ) هاوسەرگیری ناوخۆیی ئاینی دەکەن و لەگەڵ کەسانی ئاینەکانی تر هاوسەرگیری ناکەن.

ب)هاوسەرگیری لە نێوان مەزهەبە جیاوازەکانی مەسیحی و هاوسەرگیری ناوخۆیی خزمایەتی ئەنجام دەدەن.

ج) پەیڕەوی لە جۆری (یەك هاوسەری) دەکەن و فرەژنی و فرەمێردی(فرەهاوسەری) لەناویاندا ڕێگەپێدراو نییە.

د) جۆری خێزانەکانیان بریتییە لە خێزانی ناوکی و خێزانی درێژکراوە. لە دوای ساڵی(٢٠٠٣)وە بەهۆی باشبوونی باری ئابوورییان خێزانی بچووك زیادی کردووە، هەرچەندە لە هەندێك خێزاندا بەشێکە لە خێزانی درێژکراوە، چونکە لە یەك خانوودا دەژین، بەڵام لەبەر ئەوەی لە نهۆمێکی جیای خانووەکەدا دەژین، بە خێزانی بچووك(ناوکی) حساب کراوون. واتە گۆڕان لە قەبارەی خێزانەکانیاندا ڕوویداوە.

ه) بەهۆی هۆشیاری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و کرانەوەی زیاتر بەهۆی کۆچ و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە، هاوسەرگیری لە نێوان خزمە نزیکەکاندا کەمی کردووە و هاوسەرگیری لە دەرەوەی خزمەکان، لە ئێستادا زیادی کردووە.

و) فرەژنی لەلایان حەرامە و جۆری هاوسەرگیرییان تاك هاوسەرییە.

ز) جیابوونەوەی (تەڵاق) ڕێگەپێدراو نییە، تەنیا لە حاڵەتی (ناپاکی هاوسەری) یان دروست نەبوونی بنەماکانی هاوسەری، بەنموونە جیاوازی زۆری تەمەن.

ح) ماوەی قۆناغی داواکردنی ژن و قۆناغی نیشان (٣مانگ تا ١ساڵ یان زیاتر)دەخایەنێت، کوڕ و کچ لەم قۆناغەدا دەتوانن پەشیمان ببنەوە و هاوسەرگیری نەکەن.

گ)سەرەتا مارەکردن لە کەنیسە ئەنجام ئەدەن و ڕۆژی مارەکردنی ژن، هەمان ڕۆژی ڕۆژی گواستنەوەی بووکە، واتە ئەو ڕۆژەی بووك لە کەنیسە مارە کرا، هەر ئەو ڕۆژەش ڕاستەوخۆ لە کەنیسەوە بووك ئەگوازرێتەوە.

ی) دوای گواستنەوە، بووك و زاوا لە دادگا گرێبەستی هاوسەرگیری دەردەهێنن.

ك) بەپێی ڕێنماییەکانی ئاینی مەسیحی تەڵاق و جیابوونەوەی ژن و مێرد ڕێگە پێدراو نییە، تەنها لەسەر (ناپاکی هاوسەرگیری) کەنیسە بەڕێگای دادگایەکی تایبەتی سەر بەکەنیسە، کە پێکهاتووە لە پیاوانی ئاینی مەسیحی، ڕەزامەندی بەتەڵاق دەدات.

ل) لە ئاهەنگی بووك گواستنەوەدا ژن و پیاو بەیەکەوە و لەدەستی یەکەوە بە ئازادانە هەڵدەپەڕن.

م) لە ڕێوڕەسم و شێوازی مەراسیمی زەماوەندی بووك گواستنەوەدا، بەتایبەت لە زەماوەندی بووك گواستنەوەی مەسیحییەکانی کۆیە و گوندی هەرمۆتەدا، گۆڕانکاری (گۆڕانی کەلتووریی)تێدا ڕوویداوە.

لەڕابردوودا ئافرەت و پیاو جلی کوردییان لەبەر کردووە، بەڵام لەئێستادا کەمینەیەك جلی کوردی لەبەر دەکەن، زۆربەی پیاوان پانتۆڵ و کراس، یان چاکەت و پانتۆڵ و ژنانیش بەدلە، یان عەزی، لەبەر دەکەن.

لەڕابردوودا تا ساڵانی ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم، مەسیحییەکانی هەرمۆتە لەناو گوندی هەرمۆتە بە گۆرانی کوردی و دەهۆڵ و زوڕنا و جلوبەرگی کوردی ئاهەنگی بوك گواستنەوەیان ساز کردووە، بووك و زاوا دەستی یەکیان گرتووە و لەماڵی بووکەوە بە پێ چوون بۆ کەنیسە، خزم و کەس و کار و دراوسێ و هاوڕێکانیان و پیر و گەنج و منداڵ و ئافرەت و پیاو بەتێکەڵی و بەدەم سەما و هەڵ هەلە لێدان و گۆرانی کوردیی و دەهۆڵ و زوڕناوە لەگەڵ بووك و زاوادا ڕۆشتوون تا گەیشتوونەتە کەنیسە، بەدرێژای ئەو ڕێگەیە، گۆرانی بێژێك لەگەڵ دەهۆڵ ژەنەکە گۆرانی وتووە و بەشداربووەکان هەموویان بەدوایدا وتوویانەتەوە، زۆرینەی گۆرانییەکان کوردی بوون و جل و بەرگی بووك و زاواو بەشداربووانیش کوردی بوون، جگە لە جلوبەرگی قەشە، کەجلوبەرگێکی تایبەت بەخۆیان هەیە.

لە ڕابردوودا لە ناو گوندەکەدا ئاهەنگی بووك گواستنەوە ئەنجام دراوە، بووك بەسواری ماین گواستراوەتەوە و جارێك بە دەووری گوندەکەدا سووڕاندوویانەتەوە، کە بووك گەیشتووەتە بەر دەرگای ماڵی زاوا، زاوا چووەتە سەر بانی ماڵی خۆیان و سینییەکی تێکەڵ لە( نوقڵ و جکلێت و گەنم و پارە)ی بەسەر بووکدا هەڵداوە.

لەئێستادا بووك و زاوا جلوبەرگی کوردی لەبەر ناکەن و زاوا چاکەت و پانتۆڵ و بوووك عەزی لەبەر دەکات، ئاهەنگی بووك گواستنەوەی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە هۆڵەکانی عەنکاوە دەکرێت و بە ئۆتومبێل بووك دەگوازنەوە، گۆرانی کوردی بۆ هەڵپەڕکێی کوردی و گۆرانی سریانی و عەرەبی بۆ هەڵپەرکێی عەرەبی  و گۆرانی بیانی بۆ سەما دەوترێت، لەئاهەنگی بووك گواستنەوەدا مەشروب و خواردنەوە لەسەر هەموو مێزەکان دادەنرێت.

هۆکاری ئەم گۆڕنکارییە لە مەراسیمی بووك گواستنەوە، دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و باشبوونی باری ئابووری خەڵك و گۆڕانی کۆمەڵایەتی سەردەم و هەوڵدانی خەڵك بۆ باشتر بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی بۆنە و مەراسیمەکان و لاسایکردنەوەی شێوازی ئاهەنگی بووك گواستنەوەی وڵاتانی تر بەهۆی سەتەلایت و کەلتووری بەجیهانیبوونەوە.

## ٧- پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە:

أ) پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان مەسیحییەکانی سلێمانی پەیوەندییەکی بەهێزە و هاوکاری لە نێوانیاندا پتەوە، بەشداری خۆشی و ناخۆشی یەکتری دەکەن، پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەش بەهەمان شێوە پەیوەندییەکی بەهێزە و بەشداری خۆشی و ناخۆشی یەکتری دەکەن.

ب) پەیوەندی ژن و مێردایەتیان لەسەر بنەمای ڕێزو خۆشەویستی و یەکسانی بونیاد نراوە، ڕێز لە یەکتری دەگرن و یەکتریان خۆش دەوێت.

ج) پەیوەندی خزمایەتییان لەسەر بنەمای ڕەچەڵەك و هاوخوێنیی و ژن و ژنخوازیی بونیاد نراوە.

د) پەیوەندی هاوخوێنی بەهێزترین جۆر و بنەمای خزمایەتییە.

هـ) خێڵ هۆز و تیرەیان نییە، تەنها بنەماڵەیان هەیە، کە گەورەترین یەکەی خزمایەتییە.

و) خزمایەتی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە لەسەر بنەمای هێڵی بنەچە و ڕەچەڵەکی دایك و باوك دامەزراوە.

ز) هاو ئاینی و هاوشوێنی(هاوشاری و هاوگوندی)جۆرێك لە پەیوەندی خزمایەتی و نزیکایەتی بۆ دروستکردوون.

ح) پەیوەندی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ موسوڵمانەکان زۆر باشە کێشەیان نییە و ڕێزیان لە ئاین و دابونەریتی یەکتری گرتووە و هەمووشیان هاوڕێی کوردی موسوڵمانیان هەیە.

گ)ململانێی کەلتوورییان لەگەڵ موسوڵمانەکاندا نییە، بەڵکو پەیوەندی کەلتووری لەنێوانیاندا هەیە و تێڕوانینیان بۆ کەلتووری موسوڵمانەکان لەسەر بنەمای( ڕێژەیی کەلتوورییە) چونکە ڕێز لە کەلتووری موسوڵمانەکان دەگرن و باوەڕیان وایە کەلتووری موسوڵمانەکان، بۆ موسوڵمانەکان گونجاوە.

## ٨- داب و نەریتی شۆردن و کفن و ناشتنی مردووی مەسیحییەکانی سلێمانی کۆیە:

أ) مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە و مەسیحییە ئاشووری و سریان ئەرسەدۆکسەکانی سلێمانی مردووەکانیان لەماڵی مردووەکەدا دەشۆن.

ب) مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە شوێنێکی تایبەتیان لە کەنیسە نییە بۆ مردوو شتن، مردووەکانیان لەحەمامی ماڵی مردووەکەدا لە لایەن مردوو شۆرەکانیانەوە دەشۆردرێن.

ج) جلی ژێرەوەی مردووەکە، لەبەر مردوو دەکەن و دواتر بەخامی سپی کفنی دەکەن و دەیبەن بۆ کەنیسە.

د) ئەگەر مردووەیەکیان لە نەخۆشخانە بمرێت، دەیبەنەوە ماڵی خۆیی و لەماڵەکەی خۆیدا کفنی دەکەن و دواتر دەیبەن بۆ کەنیسە.

هـ) هەموو مردوویەکی مەسیحی لە کەنیسەدا، نوێژی مردووی لەسەر دەکەن و دواتر بەمەبەستی ناشتنی دەیبەن بۆ گۆڕستان.

و) لەسەر بڕیاری کەنیسە ژنان بەشداری مەراسیمی ناشتنی مردوو ناکەن.

ز) مردووەکانیان لەسەر پشت و ڕووەو خۆرهەڵات دەنێژن.

## ٩- پرسەی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە و هەرمۆتە:

أ. دووڕۆژ بۆ پرسەی مردوو لە هۆڵی پرسە دادەنیشن.

ب. دوو ڕۆژی پرسە سێ ژەم نان دەدەن بە ئامادەبووانی پرسە، نانی نیوەڕۆی ڕۆژی یەکەمی پرسە پێی دەڵێن(وەلیتە)، ئەم خواردنە لەسەر مەسرەفی خاوەن مردوو ئامادە دەکرێت و هەر کەس لەم نانە بخوات، دەبێتە خێر بۆ مردووەکە، بۆیە کەس و کاری مردووەکە خولکی بەشداربووانی پرسە دەکەن، کە بۆ نانخواردنی نیوەڕۆی ڕۆژی یەکەمی پرسە بمێننەوەو نان و چێشتی وەلیتە بخۆن.

ج. موسوڵمانەکان بەشداری پرسەکانیان دەکەن و سەرەخۆشیان لێدەکەن.

## ١٠- گۆڕستانی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە:

أ. گۆڕستانی تایبەتی خۆیان هەیە و لە شوێنی گۆڕستانی موسوڵمانەکان جیایە.

ب. وێنەی خاچ لەسەر گۆڕەکانیان کێشراوە.

ج. ڕۆژانی هەینی بۆ سەر گۆڕی مردووەکانیان دەچن. چونکە حەزرەتی مەسیح لە ڕۆژی هەینیدا لە خاچ دراوە و ڕۆژێکی خەمناکە، هەروەها لە کوردستانیشدا ڕۆژانی هەینی پشووە و لەو ڕۆژەدا کاتیان دەبێت سەردانی گۆڕستان بکەن.

## ١١- خەتەنەکردنی منداڵی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە :

أ. لە ئێستا و ڕابردوودا کچیان خەتەنە نەکردووە

ب. لە ڕابردوودا کوڕیان خەتەنە نەکردووە، بەڵام لە ئێستادا منداڵی کوڕ خەتەنە دەکەن، چونکە بەهۆکاری تەندروستی و پاك و خاوێنی دەزانن.

ج. دەربارەی خەتەنەکردن فەرمان و ڕێنماییەکی ئاینی نییە، خۆیان ئازادن منداڵەکانیان خەتەنە دەکەن یان نایکەن.

## ١٢- لێبووردەیی:

أ. لێبوردەیی لە نوێژ و ئاینی مەسیحیدا، بنەمایەکی سەرەکییە. بەهۆی پەروەردە و ڕێنمایی ئاینی مەسیحییەوە،رمەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە، کەسانی لێبووردەن و لێبووردەیی بووەتە بەشێك لە هۆشیاری و بیروبۆچوون و کەلتوور و کەسێتیان. نەبوونی هیچ دۆسیە و کێشەیەکی یاسایی لە دادگاکانی سلێمانی و کۆیە، بەڵگەی هێمنی و لێبووردەیی مەسیحییەکان دەسەلمێنێت.

ب. لە ئاینی مەسیحیدا لێبووردەیی خوا لە مرۆڤەکان، بە مەرجی لێبووردەیی مرۆڤەکان، لە هەڵەی یەکتری بەستراوەتەوە.

## ١٣- تاوان و گوناه لە ئاین و دابونەریتی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیەدا:

أ. لە ئاین و هەست و عەقڵی جەمعیاندا، زینا و کوشتن و دزی و درۆ، گوناه و تاوانی گەورەن.

ب. نوێژ نەکردن و بە ڕۆژوو نەبوون گوناه و تاوان نییە.

ج. هیچ خواردن و خواردنەوەیەك، حەرام نییە.

## ١٤- بنەما و ئاستی پەروەردە و فێرکردنی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە:-

أ) لە ئێستادا، مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە لە تەمەنی(٦-٧٠)ساڵی کەسی نەخوێندەواریان تێدا نییە. بەشێوەیەکی گشتی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە خەڵکی خوێندەوارن، بەتایبەت مەسیحییەکانی سلێمانی، چونکە زۆربەیان لە شارەکانی دیکەوە هاتوونەتە سلێمانی و هەر لە بنەڕەتەوە شارنشین بوون و خوێندەواریش مۆرکێکی سەرەکی شار و شارنشینیی و شارستانییە.

ب) خێزان و کەنیسە ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە لە پەروەردە و فێرکردنی منداڵاندا.

ج) ژمارەیەکی زۆر مامۆستایان تێدا هەڵکەوتووە.

د) ژمارەیەکی زۆریان خوێندنی قۆناغەکانی زانکۆ و پەیمانگا و ئامادەییان تەواو کردووە و گرنگی بە بڕوانامە دەدەن.

هـ) خێزان و کەنیسە ئەرکی سەرەکی پەروەردە و بەکۆمەڵایەتیبوونیان جێبەجێ دەکات.

و) مەسیحییەکانی سلێمانی ژمارەیەکی زۆریان مامۆستا بوون و لە قوتابخانەکاندا وانەیان وتووەتەوە.

ز) بەشێوەیەکی گشتی توندوتیژی جەستەیی و دەروونی بەرامبەر منداڵ ئەنجام نادەن، چونکە نەرم و نیانی و خۆشەویستی و ڕێزگرتنی منداڵ، یەکێکە لە ڕاسپاردەکانی مەسیح، بۆیە بەدەگمەن لە مناڵەکانیان دەدەن.

ح) لەسەر خوێندن و دەرنەچوون و پابەند نەبوون بە سروتەکانی ئاینی مەسیحییەوە لە منداڵەکانیان نادەن.

گ) هەموو منداڵەکانیان لە تەمەنی (٨-١٦)ساڵی، بەشداری خولەکانی(خوێندنی مەسیحی و تەناول) دەکات.

ی) هەموو منداڵەکانیان ساڵانە لە پشووی هاویندا بەشداری خولی (پەروەردەی مەسیحی) لە کەنیسە دەکەن، ئەم خولانە ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەریان لە بە کۆمەڵایەتیبوون و فێرکردن و پەروەردەی منداڵاندا هەیە.

## ١٥- ماف و پێگەی ئافرەتی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە:

أ. مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە ڕێز لە ئافرەت دەگرن و ئافرەتیان بە شێوەیەکی گشتی خۆشدەوێت، یەکێك لە هۆکاری ئەمەش بۆ پیرۆزی مەریەمی پاکیزە دەگەڕێتەوە.

ب. ئافرەت مافی خوێندن و ئیشکردن و ئازادی چوونە دەرەوە و ڕادەربڕین و خۆشەویستی و هاوڕێیەتی هەیە.

ج. ئافرەت لە هەڵبژاردنی هاوسەردا ئازادە، بەمەرجێك ئەو کەسەی هەڵی دەبژێرێت مەسیحی بێت.

د. ئافرەتەکانیان هەست بە غەدر و زوڵم ناکەن کە ئاینەکەیان، یان برا و باوك و مێردەکانیان بەرامبەریان کردبێتیان.

## ١٦- ناونانی منداڵ:

أ. هەموو مەسیحییەکی سلێمانی و کۆیە دوو ناوی هەیە، ناوی یەکەمیان لە سەر پێناسی باری شارستانییە و بەو ناوە لە کۆمەڵگەدا دەناسرێت و بانگدەکرێت، کە زۆربەی ناوەکانیان کوردی و سریانی

و ئاشوورین، ناوی دووەمیان، ناوێکی ئاینی مەسیحییە و لە کەنیسەدا ناونراوە و لەسەر تۆماری لە دایکبوون و لەئاوهەڵکێشانی کەنیسەدا نوسراوە.
ب.ڕۆژی ناونانی منداڵ هەمان ڕۆژی لە ئاوهەڵکێشانی منداڵەکانیانە و لە کەنیسە و قەشە بە ئامادەبوونی کەس و کاری منداڵ ناوی منداڵ دەنێت.
ج. ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان، کاریگەری لەسەر ناوی سەر پێناسی منداڵەکانیان هەبووە، لە ڕابردوودا مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە و هەرمۆتە، ناوەکانیان ناوی ئاینی بووە، واتا هەردوو ناوەکە ناوی کەنیسە و ناوی پێناسی شارستانی، واتە ئەوناوەی کە لە ناو خەڵکیش پێی بانگ دەکرا ناوی ئاینی مەسیحی بوون ، بەڵام لە ساڵی شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە، تا کۆتایی ساڵی هەشتاکانی سەدەی بیست، بەهۆی هەستی نیشتمانی و تێکەڵبوونی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە و هەرمۆتە بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، ناوی منداڵی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە ناوی کوردی بوون، هەروەها ویستوویانە خۆیان لەگەڵ کورد زیاتر بگونجێنن، چونکە لەگەڵ ئەواندا ژیاون.
د. لە ئێستادا بەهۆی کۆچکردنی بەشێکیان بۆ ئەوروپا و کرانەوەی کوردستان بەڕووی وڵاتانی جیهان و بەجیهانیبوونی کەلتوورییەوە، ناوی زۆربەی منداڵانی تازە لە دایك بووی مەسیحی لە سلێمانی و گوندی هەرمۆتە و قەزای کۆیەدا، لەسەر پێناسی باری شارستانی ناوی بیانییە و ناوی ئاینی و نەتەوەیی کەمە.

## ١٧- هێما ئاینی و ڕۆشنبیرییەکانی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە:

أ) خاچ و مۆم دوو هێمای گرنگ و سەرەکیین لای مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە، خاچ لەماڵ و لەسەیارەدا هەڵی دەواسن و لە ملی دەکەن، وەك هێمایەك بۆ خۆشەویستی مەسیح و بۆ بەرەکەتی ماڵ و پاراستنیان لە هەموو دەرد و بەڵایەك.

## ١٨- ئاستی هونەرە جوانەکان و ڕۆڵی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە لە هونەری کوردیدا:

أ) ئاینی مەسیحی و کەنیسە هۆکاری یارمەتیدەر بوون بۆ مەسیحییەکان کە هەر لە مناڵییەوە بە مۆسیقا و سروود ئاشنا بن. چونکە لە کەنیسەدا و لەکاتی جەژنەکان و نوێژەکاندا مۆسیقا ژەنراوە و بەگروپ تەراتیل و سروودی ئاینی وتراوە.
ب)ژەنینیی مۆزیك و وتنی سرود و هەڵواسینی وێنە و تابلۆ و پەیکەر، سیمایەکی دیاری کەنیسەکانی (سلێمانی و کۆیە)یە، ئەمانەش ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە لە وروژاندن و گەشەی هەستی هونەری مەسیحییەکان.
ج) هونەر وەك بەشێك لە کەلتووری سەرەکی مەسیحییەکان، گەشەی کردووە و کاریگەریی و ڕۆڵی زۆری هەبووە، لەسەر بواری هونەر لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بەگشتی. بەجۆرێك موزیك ژەنە مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە، مامۆستا و ڕاهێنەر و پێشەنگی دەیان کەس بوون و دامەزرێنەری چەند تیپێکی موزیك بوون.
د) موزیك ژەن و حەیران بێژ و شاعیر و ئەدیبی زۆر باش لەناویاندا هەڵکەوتووە، کەخزمەتێکی زۆریان بە هونەر و ئەدەبی کوردی کردووە.

## ١٩- پزیشكی میللی و تەندروستی مەسیحییەكانی سلێمانی و كۆیە:

أ) لە ڕابردوودا بە ئەزموون و شارەزایی كۆمەڵایەتی خۆیان، گژوگیای جیاوازیان بۆ چارەسەركردنی نەخۆشی بەكارهێناوە، ئەوانەی لەم بوارەدا شارەزابوون ئافرەتەكانیان بوون.

ب) لەبواری مامانیدا كەسانی شارەزا و لێوەشاوەیان تێدا هەڵكەوتووە و مامانە مەسیحییەكان لە سلێمانی و كۆیە پێشەنگی ئەم بوارە بوون لەكۆمەڵگەدا .

ج) لە پزیشكی زانستیدا ڕۆڵی بەرچاوویان هەبووە و چەندین دكتۆریان لە سلێمانی و كۆیەدا هەبووە، كە لە دكتۆرە یەكەمین و پێشەنگەكانی ئەم دوو شارە بوون.

## ٢٠-ڕەفتاری سیاسی مەسیحییەكانی سلێمانی و كۆیە و گوندی هەرمۆتە:

أ) مەسیحییەكانی سلێمانی لە ساڵی(١٩٢٢)ەوە تا ئێستا لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدارن، مەسیحییەكانی كۆیە لە ساڵی(١٩٥٠)كاندا و لە شۆڕشەكانی گەلی كوردستاندا بەشداربوون و تا ئێستا چالاكانە بەشداریی سیاسییان كردووە. واتە مەسییحییەكانی سلێمانی (٤٠)ساڵ پێشتر لە مەسیحییەكانی گوندی هەرمۆتە و كۆیە بەشداریان لە پرۆسەی سیاسیدا كردووە، چونكە:-

١) شاری سلێمانی دوای كۆتایی جەنگی یەكەمی جیهانی ببووە مەكۆی ڕووداوە سیاسی و ڕۆشنبیرییەكانی باشووری كوردستان، بەتایبەت دوای هاتنی ئینگلیزەكان بۆ سلێمانی و شۆڕشی شێخ مەحموود و پێكهێنانی حكومەتەكەی شێخ مەحمود و شەڕو ناڕەزایەتییەكانی خەڵكی سلێمانی دژی هەردوو حكومەتی بەریتانیا و عێراق، هەروەها دەرچوونی ڕۆژنامەكانی( پێشكەوتن، بانگی كوردستان، ژیانەوە، ژیان).

٢) بەشداریكردنی (كەریمی عەلەكە) لە حكومەتەكەی شێخ مەحمووددا، لە ڕێكەوتی(١٠/ تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٢٢) و بوونی بە وەزیری دارایی لە كابینەی حكومەتی كوردستان.

٣) بوونی ئینگلیزەكان لە سلێمانیدا لەساڵانی(١٩٢٢-١٩٢٥)، چونكە كوڕەكانی (كەریمی عەلەكە) لەگەڵ ئینگلیزەكان كاریان كردووە.

٤) مەسیحییەكانی كۆیە لەو كاتەدا لە ساڵانی (١٩٢٠)كان چەند ماڵێكی كەم و هەژار بوون و خەریكی هەلاجی و ڕستن و چنین بوون و بواری كاری سیاسییان نەبووە.

٥) مەسیحییەكانی هەرمۆتە لەو سەردەمەدا بەهۆی سروشتی گوند نشینییەوە هەر خەریكی كشتوكاڵكردن و ئاژەڵداری بوون و بواری بەشداری كاری سیاسیان بۆ نەڕەخساوە.

ب) بەشدارییان لە شۆڕشەكانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی كوردستاندا كردووە و چەندین شەهیدیان داوە و دژی شۆرشەكانی گەلی كوردستان كاریان نەكردووە.

## ٢١- كۆچی مەسیحییەكانی سلێمانی و كۆیە و گوندی هەرمۆتە:

أ. كۆچی دەرەكی و ناوخۆییان هەبووە.

ب. شەڕی عێراق و ئێران و شەڕی ناوخۆی هەرێمی كوردستان و شەڕی داعش و و قەیرانی دارایی و تیرۆر و توندوتیژی هۆكاری سەرەكی كۆچكردنەكانیان بووە.

## ٢٢- كۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی:

أ. خێزان و کەنیسە و ئاینی مەسیحی و یاساکانی کەنیسە، ڕۆڵی سەرەکی لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییاندا دەبینن.

ب. بە یاسای دادگاکان و یاسای کەنیسە کار دەکەن، بەڵام زیاتر پابەندی یاساکانی کەنیسەن، چونکە یاسای دادگاکان بە تایبەت یاساکانی باری کەسی لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلام داڕێژراوە.

## ٢٣- کار و پیشە و چالاکییە ئابوورییەکانی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە:

أ) مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە کەسانی ئیشکەر و کاسبن و پیشە و کاری جیاواز و جۆراوجۆریان کردووە، لەهەلاجی و مووڕێسییەوە تا جوتیاری و دوکانداری و بازرگانی و کەرتی تایبەت.

ب) گۆڕانی زۆر لە جۆری پیشەکانیاندا ڕووی داوە، پیشە و کاریان لە هەلاجی و موڕێسی و ئاژەڵدارییەوە، گۆڕاوە بۆ دوکانداری و فەرمانبەری حکومەت و مامۆستایی و پزیشکی.

ج) دوکانداری مەشروب فرۆشتن یەکێکە لە پیشەکانیان و پیشەیەکی لێکچووە لە نێوانیاندا.

د) لەگەڵ موسوڵماندا هاوبەشیان لە کار و کاسبیدا کردووە.

ه) زۆربەی خێزانەکان داهاتیان لەسەر موچەی حکومەتەوە و فەرمانبەرێکی حکومی یان زیاتریان هەیە.

و) خانوو دوکان لەموسوڵمان بەکرێ دەگرن و بە موسوڵمانیشی بەکرێ دەدەن.

ز) دابەشکردنی کار لە هەندێك پیشەدا، لەسەر بنەمای تەمەن و ڕەگەز پەیڕەو دەکەن.

## ٢٤- گۆڕان لە ئامێرەکانی کشتوکاڵکردنیاندا ڕوویداوە، ئامێری تراکتۆری کێڵانی زەویی و و دەڕاسەی دروینەوەی گەنم و جۆ، شوێنی هێزی بازووی مرۆڤ و گاجووت و هەوجار و داس و هەباشەی گرتووەتەوە.

## ٢٥- باری ئابووری مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە

زۆربەیان باری ئابوورییان لە ئاستی ناوەندە، چونکە زۆربەی هەرە زۆریان لە ئێستادا خوێندەوارن و فەرمانبەر و موچەخۆری حکومەتن و داهاتیان لەسەر موچەی حکومەتە، لە کوردستاندا فەرمانبەر و موچەی خۆری حکومەت، لە چینی ناوەندی ئاستی ئابووریدایە. هەروەها لە هەندێك کاتدا موجازەفەی کاری بازرگانی گەورەیان نەکردووە، چونکە ترساوون لە لایەن موسوڵمانەکانەوە پارە و سامانەکەیان بخورێت، یان فێڵ و زوڵمیان لێبکرێت، چونکە لە هەندێك کاتدا ئەو حاڵەتانە ڕوویداوە.

## ٢٦-خاوەندارێتی موڵك لای مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە:

خانو و دوکان و زەوی و موڵکی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە خاوەندارێتی تایبەتە، بەشێك لە خێزانە مەسیحییەکان موڵکەکانیان بەناوی ئافرەتەکانیانەوە تاپۆکردووە، بەشێکی تریش لە خێزانەکان موڵکەکانیان بەناوی پیاوەکانیانەوە تاپۆ کردووە.

## ٢٧-پیشەسازی و پیشە دەستییەکانی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە:

أ) پیشە دەستییەکانی وەك جۆڵایی و هەلاجی رستن و چنین و مووڕێسی لەناویاندا بەتەواوی نەماوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی پیشە و ئیش و کارەکانیان. چونکە لە ئێستادا زۆربەیان خاوەن بڕوانامەن و فەرمانبەر و موچە خۆری حکومەتن و ناچار نین ئەو کارە قورسانە بکەن. هەروەها هێنانی هەمان ئەو بەرهەمانە، لە دەرەوەی وڵات لە لایەن بازرگانەکانەوە بۆ کوردستان و فرۆشتنیان بەنرخێکی هەرزانتر لەوەی مەسیحییەکان دروستیان کردووە.

ب) بەشی خۆیان شەراب و ترشیات دروست دەکەن، هەروەها بەشی خۆیان و بۆ فرۆشتنیش زەیتوون خۆش دەکەن، چونکە باخی گەورەی زەیتوونیان هەیە.

ج) پیشە دەستییەکانیان تا ڕادەیەك کەمی کردووە، چونکە ئێستا زۆربەیان فەرمانبەری حکومەتن.

## ٢٨-خشڵ:

زۆربەی هەرە زۆریان و بەتایبەت ئافرەتەکانیان ملوانکەی زنجیرو خاچ لەمل دەکەن، کەپێی دەڵێن( صلیوە و زنجیر)

## ٢٩- جۆر و پێکهاتەی خانووی مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە

أ) گۆڕان لە نەخشە و پێکهاتە و جۆری کەرەستەکانی دروستکردنی خانووەکانیاندا ڕووی داوە، کەرەستەکانی درووستکردنی خانووەکانیان لە گەچ و بەردەوە، بۆ بلۆك و چیمەنتۆ گۆڕاوە. نەخشەی خانووەکانیان، لە نەخشەی شەرقییەوە(ڕۆژهەڵاتییەوە) بۆ نەخشەی غەربی(ڕۆژئاوایی)گۆڕاوە.

ب) لە ڕابردوودا بە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی و لە (گەچ و بەرد و قوڕ و دار) خانووەکانیان دروست کردووە، لە سلێمانی لەدوای ساڵی(١٩٧٠) و لە کۆیە و گوندی هەرمۆتە لە دوای ساڵی(١٩٩١) و لە قۆناغی ئێستادا، بە نەخشەی ڕۆژئاوایی و بە (بلۆك و چیمەنتۆ و شیش و کاشی)خانوویان دروست کردووە.

ج) بوونی درەختی زەیتوون تایبەتمەندی خانووی مەسیحییەکانە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پیرۆزی درەختی زەیتوون لە ئاین و ڕۆشنبیری مەسیحییەکاندا، چونکە لە سەردەمی مەسیحدا کاتێك مەسیح دەچێتە شاری ئۆرشەلیم، خەڵك بە چڵی زەیتوون پێشوازی لێدەکەن.

## ٣٠- کەلوپەلی ناوماڵی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە

هەڵواسینی وێنەی خاچ و پەیکەر و تابلۆی شێوەکاری مەسیح و مەریەمی پاکیزە تایبەتمەندی کەلوپەلی ناوماڵی مەسیحییەکانە.

## ٣١- خۆراك و خواردن و خواردنەوەی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە

أ) بەشێوەیەکی گشتی حەز لە خواردنەوەی قاوە دەکەن و ڕۆژانە دەیخۆنەوە، بەتایبەت بەیانیان و لە میوانداریکردنی خەڵکیشدا لەگەڵ چایی قاوە دادەنرێت.

ب) زۆر حەز لە خواردنی (زەیتوون) دەکەن و زۆر دەیخۆن و لایان پیرۆزە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حەزرەتی مەسیح دەچێتە ئۆرشەلیم خەڵکەکە بە چڵی زەیتوونەوە پێشوازییان لێکردووە،

ئەمەش ئاماژە بووە بۆ ئەوەی کە خەڵکەکە زانیویانە مەسیح زەیتوونی بەلاوە جوان و بەسوودە و جۆرە پێشنیارێکی خۆی تێدابووە، مەسیح ویستوویەتی خەڵکەکە هانبدات زەیتوون بڕوێنن و بیخۆن، چونکە درەختی زەیتوون هەمیشە سەوزە و سوودی جۆراوجۆری هەیە.

ج) زۆر حەزیان لەترشیاتە و خۆیان دروستی ئەکەن .

د) حەزیان لە ماسیە و بەشێوەیەکی گشتی هەفتانە دەیخۆن و لەلایان پیرۆزە.

هـ) زۆربەی هەرە زۆری پیاوەکانیان مەشروب بە بڕێکی کەم دەخۆنەوە.

و) لە ئاین و دابونەریتی کۆمەڵایەتییاندا ڕێگەپێدراوە پیاو و ئافرەت مەشروب بخۆنەوە، بەشێك لە ئافرەتەکانیان لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا بە بڕێکی کەم مەشروب دەخۆنەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتەکانیان مەشروب کەم دەخۆنەوە و حەزیان لێی نییە.

ز) لای مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە، یاپراخی گەڵامێو کفتەی ساوەر و کفتەی سلێمانی و ماسی، خۆشترین خواردنە.

ح) بەشێوەیەکی گشتی ئێواران چێشت لێنانێن و نان و چێشت ناخۆن .

گ)خواردنەوەی شەراب وەك بەشێك لە بەجێهێنانی سروتی ئاینی دەزانن، چونکە هێمایە بۆ خوێنی حەزرەتی مەسیح.

## ٣٢- دابەشکردنی میرات:

بەشێك لە مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە میرات بەیەکسانی لە نێوان کوڕ و کچدا دابەش دەکەن، هەندێکی تریشیان بە پێی یاسای دادگاکانی کوردستان میرات دابەش دەکەن کە( کچ نیوەی کوڕ)ی پێ دەدرێت. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ئینجیلدا بە دەقێکی ڕوون و بە شێوەی فەرمان باسی میراتی نەکردووە، هەروەها لە یاسای دادگاکانی کوردستاندا دیاریکراوە کە( کچ نیوەی کوڕی) میرات بەردەکەوێت، لەبەر ئەم هۆکارە بەشێك لە پیاوانی مەسیحی لەبەر بەرژەوەندی خۆیان بە یاسای داداگاکانی کوردستان میرات دابەش دەکەن.

٣٣- بە شێوەیەکی **ڕێژەیی گۆڕانی کەلتووری**، لە سەرجەم توخمەکانی کەلتووری مادیی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیەدا ڕوویداوە.

٣٤-مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە ئایین و زمان و جێبەجێکردنی سروتە ئاینییەکان و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا، هیچ جیاوازییەکیان نییە.

٣٥-**گۆڕانی کەلتووری** لە زۆربەی توخمەکانی کەلتووری مادی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیەدا ڕوویداوە، لەکاتێکدا گۆڕان لە توخمەکانی کەلتووری مەعنەویدا بەهەمان ئاست ڕووینەداوە، واتە (کەلێنی کەلتووری) لە کەلتووری مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیەدا ڕوویداوە. ئەم دیاردە کەلتوورییە لە کەلتووری کۆمەڵگەی کوردستانیدا بەشێوەیەکی گشتی بەدی دەکرێت.

## دووەم: جیاوازییە کەلتوورییەکانی نێوان مەسیحییەکانی سلێمانی و مەسیحییەکانی کۆیە

لە ئەنجامی وەسف و شیکردنەوە و بەراوردی کەلتووری مەسیحییەکان لە شاری سلێمانی و کۆیە و گوندی هەرمۆتەدا، بۆمان دەرکەوت کە لە هەندێك توخمی کەلتووریدا جیاوازن. لێرەدا بە چەند خاڵێك جیاوازییە کەلتوورییەکانی نێوانیان دەخەینە ڕوو:-

### ١- ژمارەی مەسیحییەکان:

ژمارەی مەسیحییەکانی شاری سلێمانی و سەنتەری قەزای کۆیە، بەهۆی کۆچکردنیانەوە کەمی کردووە، بەڵام ژمارەی مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە، زیادی کردووە، چونکە مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە زۆربەی هەرەزۆریان لە گوندەکەدا ماونەتەوە و ژمارەیەکی کەمیان کۆچیانکردووە.

### ٢- جیاوازی زمانی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە و گوندی هەرمۆتە:

أ) مەسیحییەکانی سلێمانی زۆربەی هەرە زۆریان زمانی قسەکردنی سریانی ئەزانن، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان زمانی قسەکردنی سریانی نازانن، ئەمانەش ئەو مەسیحییانەن کە لە ناو سەنتەری شاری موسڵ و شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە هاتوونەتە سلێمانی، چونکە مەسیحییەکانی ناو سەنتەری شاری موسڵ و شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بە زمانی عەرەبی خوێندوویانە و بەر پڕۆسەی بەعەرەبکردن کەوتوون. مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە سەرجەمیان زمانی قسەکردنی سریانی زۆر بەباشی دەزانن.

ب) مەسیحییەکانی سلێمانی: قوتابییەکانیان لە قۆناغی(١-٦)ی بنەڕەتی لە قوتابخانەدا زمانی سریانی ناخوێنن و نوسین و خوێندنەوەی زمانی سریانی نازانن، تەنها قەشە و شەماشە نوسین و خوێندنەوەی زمانی سریانی دەزانن، چونکە قەشە و شەماشە لە کۆلێژی فەلسەفە و لاهووت و لە خول و خوێندنی تایبەت بە قەشە و شەماشەکان زمانی سریانیان خوێندووە، بەڵام مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بەشێکیان نوسین و خوێندنەوەی سریانی دەزانن، چونکە قوتابیانی مەسیحی لە گوندی هەرمۆتەدا لە قۆناغی(١-٦)ی بنەڕەتی، زمانی سریانی دەخوێنن و قەشە و شەماشە و ئەوانەی لە ساڵی(١٩٩٤) وە تا ئێستا لە قوتابخانەی هەرمۆتە خوێندوویانە، نوسین و خوێندنەوەی سریانی دەزانن.

ج) مەسیحییەکانی سلێمانی نوێژ و دوعا و سرودی ئاینی لە کەنیسە و لەماڵەکانیاندا بە زمانی عەرەبی دەخوێنن و قەشە بەشێك لە دوعا و وتاری یەکشەممان و جەژنەکان بە زمانی عەرەبی دەخوێنێت. چونکە: قەشەی مەسیحییەکانی سلێمانی خەڵکی کەرکووکە و بە زمانی عەرەبی خوێندوویەتی، هەروەها بەشێك لە مەسیحییەکانی سلێمانی لە ناوەڕاست و باشووری عێراق و سەنتەری شاری موسڵەوە کۆچیانکردووە بۆ سلێمانی و زمانی سریانی نازانن.

بەڵام مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە نوێژ و سروتەکانی کەنیسەدا زمانی سریانی بەکاردێنن و قەشە نوێژ و وتاری یەکشەممان و جەژنەکان بە زمانی سریانی دەخوێنێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە قەشەی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە خەڵکی هەرمۆتەیە و لە منداڵییەوە زمانی سریانی خوێندووە، هەروەها سەرجەم مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەش زمانی سریانی ئەزانن.

## ٣- شێوازی ژیان:

مەسیحییەکانی سلێمانی لە ڕابردوو ئێستاشدا شارنشینن، بەڵام مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە ڕابردوودا گوند نشین بوون. چونکە مەسیحییەکانی سلێمانی لەدوای دروستبوونی شاری سلێمانییەوە لە شار و شوێنی جیاوازەوە هاتوونەتە سلێمانی، بەڵام مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بە بنەچە و بنەڕەت خەڵکی گوندی هەرمۆتە و ناوچەکانی دەوروبەری کۆیەن.

## ٤- ئایین:

أ) **ئاینزا:** زۆربەی مەسیحییەکانی سلێمانی پەیڕەوی ئاینزای کاسۆلیکی دەکەن، چەند کەسێکی کەمیش لە ئاشووریی و سریانییەکانی سلێمانی پەیڕەوی ئاینزای کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری و ئەرسەدۆکسی دەکەن. بەڵام مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە سەرجەمیان پەیوەستن بە ئاینزای کاسۆلیکی، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە ساڵی (١٧٧٩-١٧٨٣) سەرجەمیان مەزهەبی خۆیان لە کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری گۆڕیوە بۆ مەزهەبی کاسۆلیکی.

ب) **قەشە:** مەسیحییەکانی سلێمانی قەشەکەیان خەڵکی کەرکوکە و ژنی هەیە و ڕاهیب نییە، بەڵام مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە قەشەکەیان خەڵکی هەرمۆتەیە و ژنی نییە و ڕاهیبە.

ج) **کەنیسە:** مەسیحییەکانی سلێمانی کەنیسەکانیان سەر بە مەترانییەی کەرکوکە، مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە کەنیسەکانیان سەر بەمەترانییەی عەنکاوەیە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی شوێنی جوگرافی کۆیە لە عەنکاوە و نزیکی سلێمانیش لە کەرکووکەوە.

د) **جەژن:** مەسیحییەکانی سلێمانی لە شەوی (٢٤/٢٥ی کانوونی یەکەم)نوێژی جەژن دەکەن و بۆ پێشوازی جەژنە پیرۆزە ڕۆژی (٢٥ی کانوونی یەکەم) لە دیوانی کەنیسە دادەنیشن، مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە بەیانی ڕۆژی(٢٥ی کانوونی یەکەم) سەعات (٧)بەیانی نوێژی جەژن دەکەن، دواتر سەعات(٩)ی هەمان ڕۆژ لە هۆڵی تایبەتی بۆنەکان، کە جیایە لە کەنیسە، بۆ جەژنە پیرۆزە و پێشوازی لە میوانەکانیان دادەنیشن. مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بە حوکمی ئەوەی کە ژمارەیان زۆرە و ناوچەکەشیان بچووکە زیاتر ناسراون و زیاتر تێکەڵی موسوڵمانەکان بوون، بۆیە خەڵکێکی زۆری موسوڵمان لە جەژنەکاندا سەردانیان دەکەن.

هـ) **نوێژ:** مەسیحییەکانی سلێمانی ژمارەیەکی زۆر کەمیان بۆ نوێژی (بەیانیان و ئێواران)یەکشەممان دەچن بۆ کەنیسە، کە ئەوانیش ژن و پیاوە بەتەمەنەکانیانن، لە کاتێکدا مەسیحییەکانی کۆیە و هەمۆتە ژمارەیەکی زۆریان بۆ نوێژی عەسری یەکشەممان بۆ کەنیسە دەچن و بەشێك لە کوڕ و کچی گەنج بەشداری نوێژی یەکشەممان لە کەنیسە دەکەن. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی کەنیسە لە ماڵی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەوە، بۆیە ژمارەیەکی زۆریان دەتوانن بەشداری نوێژەکان بکەن، بەڵام مەسیحییەکانی سلێمانی بەهۆی ئەوەی لە گەڕەکی مەسیحییەکانی سابونکەران نەماون و هەر ماڵەی لە گەڕەکێکن و لە کەنیسەوە دوورن، بۆیە کەمتر دەتوانن بەشداری نوێژەکانی کەنیسە بکەن.

## ٥- هاوسەرگیری:

أ. **کچی قەیرە:** مەسیحییەکانی سلێمانی ژمارەیەك کچی قەیرەیان هەیە، مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە کچی قەیرەیان نییە. چونکە لە کۆیە و هەرمۆتە هەلی هاوسەرگیری بەهۆی مەسیحییەکانی عەنکاوە و شەقلاوە فراوانترە.

ب. **ئاهەنگی بووك گواستنەوە:** مەسیحییەکانی سلێمانی ئاهەنگی بووك گواستنەوە لە هۆڵە مۆدێرن و پێشکەوتووەکانی سلێمانیدا، ئەنجام دەدەن، مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە ئاهەنگی بووك گواستنەوە لە هۆڵەکانی عەنکاوە ئەنجام دەدەن.

ج. **تەلاق:** مەسیحییەکانی سلێمانی لە سەر ناپاکی هاوسەری ژنیان تەلاق داوە، مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لەسەر ناپاکی هاوسەری ژنیان تەلاق نەداوە.

## ٦- ژنکوشتن:

لە سلێمانیدا، لەسەر هاوسەرگیریی لەگەڵ کوڕێکی موسوڵماندا، ژنێکی مەسیحی بە دەستی براکەی کوژراوە، هۆکاری ئەمەش بۆ کاریگەربوونی بەشێك لە مەسیحییەکانی سلێمانی بە داب و نەریتی کوردە موسوڵمانەکانی سلێمانی دەگەڕێتەوە، چونکە لەناو کوردە موسوڵمانەکاندا، ژن لەسەر شەرەف و ڕەدوکەوتن دەکوژرێت، هەروەها هۆکارێکی تریش ئەوەیە، کە ئەو کوڕە سەربازی حکومەتی عێراق بووە و لەو کاتەدا کە خوشکەکەی کوشتووە، بە مۆڵەتی سەربازی گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لەو کاتەشدا سوپای عێراق لەگەڵ سوپای حکومەتی ئێراندا لە جەنگدا بووە، ئەمەش کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی ئەو کوڕە دروستکردووە، چونکە لەو کاتەدا بەهۆی سەربازییەوە لە فەزا و ژینگەی سەربازیدا ژیاوە. لە کاتێکدا لە کۆیە و هەرمۆتەدا، بە دەستی مەسیحییەکان هیچ ژنێك و هیچ پیاوێك، نەکوژراوە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە مەسیحییەکانی هەرمۆتە لەیەك گوندا نیشتەجێن، کەزۆربەی هەرە زۆری مەسیحین، هەژموونی کەلتووری کوردە موسوڵمانەکانیان بەسەرەوە نییە و بە کەلتووری کوردە موسوڵمانەکانەوە کاریگەر نەبوون، بەڵکو بە ئاین و کەلتووری خۆیانەوە پابەندن، کە ژن لەسەر هیچ شتێك ناکوژن.

## ٧- کوشتن:

لە ماوەی (٥٠)ساڵی ڕابردوودا لە سلێمانیدا (٣) کەسی مەسیحی-(١)کچ و (٢) پیاو، بە غەدری کۆمەڵایەتی بەدەستی کوردە موسوڵمانەکان کوژراوون، تا ئێستاش تاوانبارەکان دەستگیر نەکراون و سزای یاسایی نەدراون، بەڵام لە کۆیە و هەرمۆتەدا، لە ماوەی (١٠٠)ساڵی ڕابردوودا کەسیان نەکوژراوە.

## ٨-مردوو شۆردن:

مەسیحییە کلدان کاسۆلیکەکانی سلێمانی مردووەکانیان ناشۆن، بەڵام مەسیحییە کلدان کاسۆلیکەکانی کۆیە و هەرمۆتە مردووەکانیان دەشۆن، چونکە لە ئاینی مەسیحیدا، ڕێنماییەکی ئاینی نییە لەسەر شۆردنی مردوو، هەروەها چونکە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە بنەڕەتدا لەسەر پەیڕەوی ئاینزا و کەنیسەی(ئاشووری ڕۆژهەڵاتی) بوون بەردەوامییان داوە بە نەریتی شۆردنی مردوو، چونکە ئاشوورییەکان مردووەکانیان دەشۆن.

## ٩- مردوو ناشتن:

مەسیحییەکانی سلێمانی مردووەکانیان بە سندوقەوە ئەنێژن، بەڵام لە کۆیە و هەرمۆتەدا، مردووەکانیان بێ سندووق دەنێژن. هۆکاری ئەم جیاوازییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕێنماییەکی ئاینی نییە لەسەر ناشتنی مردوو بە سندوقەوە، بەڵکو تەنها دابونەریتێکی کۆمەڵایەتییە.

## ١٠- پرسە:

مەسیحییەکانی سلێمانی پرسەکانیان لە کەنیسە دادەنێن و هۆڵی پرسە لەناو بینای کەنیسەدایە، بەڵام مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە، هۆڵی تایبەتی بۆنەکانیان بۆ پرسە هەیە و جیایە لە کەنیسە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی مەسیحییەکانی سلێمانی، ئەمەش وایکردووە پرسەکانیان خەڵکێکی کەم بەشداری تێدا بکەن و لە هۆڵی کەنیسەدا جێیان ببێتەوە، بەڵام مەسحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە ژمارەیان زیاترە و هەروەها بەهۆی فراوانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی گوندی هەرمۆتە لەگەڵ موسوڵمانەکانی کۆیە و گوندەکانی تری کۆیە، ژمارەیەکی زۆری خەڵك بەشداری پرسەکانیان دەکەن، کەنیسەکەشیان بچووکە و جێگەی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵك نابێتەوە، بۆیە دوو هۆڵێ تایبەتی پرسە و بۆنەکانی تریان لە دەرەوەی کەنیسە دروست کردووە. یەکێیان لە کۆیە و ئەوی دیکەشیان لە هەرمۆتەیە.

## ١١- کۆچ:

أ) مەسیحییەکانی سلێمانی تەنها کۆچی دەرەکییان کردووە و کۆچیان بۆ ئەوروپا و ئەمریکا کردووە، بەڵام مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە کۆچی ناوخۆیی و دەرەکییان کردووە و کۆچیان بۆ عەنکاوە و سلێمانی و بەغداد و ئەوروپا و ئەمریکا کردووە، چونکە مەسیحییەکانی سلێمانی کاتێك بڕیاریان داوە سلێمانی جێبهێڵن، عەنکاوە و بەغدایان لە سلێمانی بەباشتر نەزانیوە، بەڵکو ئەوروپا و ئەمریکایان لە سلێمانی بە باشتر زانیوە. بەڵام مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە هەندێك کاتدا عەنکاوە و بەغدا و سلێمانیان لە کۆیە و هەرمۆتە بەباشتر زانیوە، هەروەها هەندێك جاریش ویستویانە شوێنی ژیانی خۆیان بگۆڕن و لە گوند نیشینییەوە بچنە شارە گەورەکان.

ب) زۆربەی مەسیحییەکانی سلێمانی و سەنتەری قەزای کۆیە جگە لە مەسیحییەکانی گوندی (هەرمۆتە)کۆچیان کردووە. بەڵام مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە بەشێکی کەمیان کۆچیانکردووە بۆ عەنکاوە و سلێمانی و ئەوروپا و ئەمریکا، زۆربەیان لە گوندەکەدا ماونەتەوە، چونکە:-

١) مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی هەرمۆتەن، بەڵام مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە لە شوێنی ترەوە هاتوونەتە سلێمانی و کۆیە.

٢) مەسیحییە هەرمۆتەییەکان خاوەنی زەویی و زارێکی زۆری کشتوکاڵین و ساڵانە داهاتی ئابوورییان هەیە، ئەمەش وایکردووە کە پەیوەستبن بە خاك و ئاو و گوندەکەی خۆیانەوە و نایانەوێت زەویی و زارە کشتوکاڵییەکەیان لەدەست بچێت و مەبەستیانە ناسنامەی مەسیحی بوونی ئەو گوندە بپارێزن، هەروەها ئینتیما و خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ گوندەکەیان هەیە و چەند کەسێکیشیان هۆنراوە و پەخشانیان بۆ گوندی هەرمۆتە وتووە.

## ١٢- پیشە:

أ) مەسیحییەکانی سلێمانی لە ئێستا و ڕابردووشدا پیشەی کشتوکاڵکردن و باخداریی و ئاژەڵدارییان نەکردووە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە سلێمانی شارە و بواری ئاژەڵداریی و کشتوکاڵکردنی تێدا نییە، مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە ئێستا و ڕابردووشدا پیشەی کشتووکاڵکردن و باخداریی بە شێوەیەکی فراوان دەکەن و لە ڕابردووشدا پیشەی ئاژەڵدارییان زۆر کردووە، لەبەر ئەوەی زەمینەی کشتوکاڵکردن و ئاژەڵداری لە گوندی هەرمۆتەدا لەبارە و خاوەنی زەویی و زارێکی زۆری کشتوکاڵین و ئاژەڵداریش لە ڕابردوودا پیشەیەکی سەرەکی گوندی هەرمۆتە بووە. بەهۆی ئەمەشەوە (پەیوەندی و ئاوێزانبوونی کەلتووری) لە نێوان کەلتووری مەسیحییەکان و کەلتووری موسوڵمانەکاندا ڕوویداوە، چونکە کاری کشتوکاڵکردن کارێکی هەرەوەزییە و لەگەڵ موسوڵمانەکان هاوکاری یەکترییان کردووە.

ب) زۆربەی مەسیحییەکانی سلێمانی فەرمانبەری حکومەتن، چەند کەسێکیشیان دوکاندار و بازرگانن و لە کەرتی تایبەتدا کار دەکەن، بەڵام زۆربەی مەسیحییەکانی هەرمۆتە سەرەرای ئەوەی فەرمانبەری حکومەتن، پیشەی جوتیاریش دەکەن و داهاتی کشتوکاڵ و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان داهاتێکی سەرەکییانە.

## ١٣- جلوبەرگ:

مەسیحییەکانی سلێمانی لەڕابردوودا ژمارەیەکی کەمیان جلوبەرگی کوردییان لەبەر کردووە و لە ئێستاشدا ژمارەیەکی کەمیان لە بۆنەکاندا جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکەن، بەڵام مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە ڕابردوودا هەموویان جلوبەرگی کوردییان لەبەر کردووە و لە ئێستاشدا بەشێکیان لە کاتی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە و لە بۆنەکانیشدا جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکەن.

## ١٤- خۆراك:

مەسیحییەکانی سلێمانی شلەی قەیسی دەخۆن و یەکێکە لە شلەکانی چێشتی جەژن، مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە جەژنان و ڕۆژانی ئاسایی شلەی قەیسی لێنانێن. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە مەسیحییەکانی کۆیە بەهۆی ئەوەی کە زۆربەیان لە گوندی هەرمۆتەدا دەژین، کەمتر کاریگەری کەلتووری کوردە موسوڵمانەکانیان لەسەرە، بەڵام لە سلێمانیدا بەهۆی ئەوەی مەسیحییەکان بەناو گەڕەکەکانی سلێمانیدا بڵاو بوونەتەوە، بە کەلتووی کوردە موسوڵمانەکانەوە، زیاتر کاریگەر بوون، چونکە شلەی قەیسی یەکێکە لە شلە سەرەکییەکانی کوردە موسوڵمانەکان.

## دووەم: ڕاسپاردەکان

بەڕۆشنایی ئەو ئەنجام و دەرئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیان گەیشتووە، ئەم ڕاسپاردانە بە پێویست دەزانین:-

١- پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی دادوەری هەوڵ بدەن بۆ گۆڕینی یاسایی باری کەسێتی لە کوردستاندا، گۆڕانکارییەکە بە شێوەیەك بێت لە حاڵەتی هاوسەرگیری کەسێکی مەسیحی لەگەڵ موسوڵمانێکدا، پێویست بە ئاین گۆڕین و موسوڵمان بوونی مەسیحییەکە نەکات، چونکە لەکاتی هاوسەرگیری کەسێکی مەسیحی لەگەڵ موسوڵمانێکدا، یاسای باری کەسێتی لە دادگاکانی کوردستاندا، مەسیحییەکە ناچاری دەکات ئاینیەکەی بگۆڕێت و ببێت بە موسوڵمان.!

٢- پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی دادوەری یاسایی تایبەت بە گۆڕینی ئاین دابڕێژێت، بەجۆرێك گۆڕینی ئاین لە سەروو تەمەنی (١٨) ساڵییەوە ئارەزوو مەندانە و ئازادانە بێت.

٣- پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی دادوەری یاسایی تایبەت بە مەسیحییەکان دەر بکات، لەهەموو بوارە خێزانی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا.

٤- پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی دادوەری لە یاساکانیاندا ڕەچاوی جیاوازی ئاینی و پرەنسیپەکانی ئاینی مەسیحی بکات، بەجۆرێك لەو یاسایانەی کە پێویست بکات، برگەی تایبەت بەمەسیحییەکان هەبێت و لە داڕشتنی یاساکاندا پرس و ڕاوێژ بە کەسانی یاسایی و ئاینی مەسییحییەکان بکرێت، بۆ ئەوەی یاساکان لەگەڵ جیاوازیی و ئازادییە ئاینییەکاندا بگونجێت.

٥- پەرلەمانی کوردستان بەیاسایەك ئازادی و جیاوازی و یەکسانی ئاینی لەکوردستاندا بپارێزێت.

٦- پەرلەمانی کوردستان خانەی ئاین لە پێناسی باری شارستانیدا لابەرێت. چونکە ئەمە جیاکاری ئاینی لە کوردستاندا دروست کردووە.

٧- حکومەتی هەرێمی کوردستان زەمینەی زیاتر بۆ مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی شایستە چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیان ئەنجام بدەن.

٨- حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆستە ئیداریی و حکومییەکاندا جیاکاری ئاینی نەکات و جیاوازی نەکات لەنێوان کەسێکی مەسیحی و ئایندارێکی تر، بەڵکو لەسەر توانا و لێوەشاوەیی کەسەکان دابنرێن.

٩- حکومەتی هەرێم و حکومەتی خۆجێی سلێمانی و کۆیە هاوشێوەی مەراسیمی کوردە موسوڵمانەکان، مەراسیمە ئاینی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی مەسیحییەکانیش بەشێوەی شایستە بکاتەوە.

١٠- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی گرنگی بەم توێژینەوەیە بدات، بۆ ئەوەی باشتر لە ئاینی مەسیحی و مەراسیم و جەژن و بۆنە ئاینییەکانی مەسیحییەکان تێبگات، بەمەبەستی ئەوەی هاوکاریان بێت و باشتر و ئازادانەتر مەراسیمەکانیان جێبەجێ بکەن.

١١- وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر، گرنگی بە فرەکەلتووری ئاینی (پلورالیزمی ئاینی) لە کوردستاندا بدەن.

١٢- وەزارەتی شارەوانی و ئاوەدانکردنەوە و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر تایبەتمەندی و شوناس و ناسنامەی مەسیحی بوونی گوندی هەمۆتە بپارێزن.

١٣- وەزارەتی پەروەردە و ڕۆشنبیری گرنگی بە زمانی سریانی بدەن، بەجۆرێك خوێندکارانی مەسیحی لە سلێمانی و کۆیە لە قوتابخانەکاندا تا قۆناغی ئامادەیی زمانی سریانی بخوێنن.

١٤- وەزارەتی خوێندنی باڵا لە زانکۆی سلێمانی و زانکۆی کۆیەدا، بەشی زمانی سریانی و بەشی ئاینی مەسیحی بکاتەوە.
١٥- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لایەنە پەیوەندیدارەکان گرنگی بەشوێنەوار و شوێنە ئاینییەکانی مەسیحییەکان بدات و وەکو بەشێکی گرنگی کولتوور و شوێنەواری کوردستان حسابی بۆ بکرێت.
١٦- هەر یەك لە گوندی هەرمۆتە و شاری کۆیە کەنیسەیەکی بچووکیان هەیە، بەشی سرووت و مەراسیمە دینییەکەیان ناکات، لە لایەن وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینییەوە، هەوڵ بدرێت کەنیسەیان بۆ دروست بکرێت.
١٧- لە شاری کۆیە بەشێکی زۆری ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوونی مەسیحییەکان کەوتوونەتە سەر شەقامی هەیبەت سوڵتان، وا گونجاوە بۆ دەرخستنی فرەیی ئاینی و کەلتووری لە کوردستاندا، لە لایەن وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینییەوە، لەسەر شەقامی گشتی هەیبەت سوڵتان لە شاری کۆیەدا، کەنیسەیان بۆدروست بکرێت ، چونکە ئەو کۆنە کەنیسەیەی هەیانە، هەم بچووکە و هەم لەشوێنێکی پەناو لاچەپە.
١٨- لە حکومەتی خۆجێی شاری سلێمانی و قەزای کۆیە مەسیحییەکان بەشداریی کارا بن و بەجۆرێك لە بڕیار و خزمەتگوزارییەکاندا بەشداری کارا و ڕاستەقینەبن.

## چەند ڕاسپاردەیەکی تایبەت بۆ مەسیحییەکانی شاری سلێمانی و کۆیە:

١-مەسیحییەکانی سلێمانی گرنگی زیاتر بە زمانی سریانی بدەن، بەمەبەستی پاراستنی زمانەکەیان.
٢- مەسیحییەکانی سلێمانی ئازادانەتر و ئاشکراتر مەراسیمە ئاینییەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن.
٣- قەشە و کەنیسەکان زەمینە بۆ ڕوونکردنەوەی ئاینی مەسیحی بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت ببن بەمەسیحی بڕەخسێنن.
٤- قەشە و سەرجەم مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە بەشێوەیەکی ئازادانە و دیموکراسیانە و مەدەنیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو کوڕ و کچە مەسیحییانەدا بکەن، کە دەیانەوێت بە خواستی خۆیان و بە خۆشەویستی هاوسەرگیری بکەن.
٥- پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە، کە قەشە و کەنیسە ڕێگری نەکەن لە جیابوونەوەی ئەو ژن و مێردانەی کە کێشەیان هەیە و بەیەکەوە ناگونجێن و یەکێکیان یان هەردووکیان داوای جیابوونەوە دەکەن، بەجۆرێك پرۆسەی جیابونەوە لە شەش مانگ بۆ ساڵێك زیاتر نەخایەنێت. چونکە ئەو ڕەزامەندی نەدانە بە جیابوونەوە، ڕەنگە ببێتە هۆکاری لادانی ڕەفتاری ژنەکە یان پیاوەکە.
٦- پێویستە کەنیسە و مەترانیە و ڕێکخراو حزبە سیاسییەکانی مەسیحییەکان و حزب و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی، داوا لە پەرلەمان بکەن و پرۆژە یاسا پێشکەش بکەن، بۆ ئەوەی یاسای باری کەسی لەهەرێمی کوردستاندا بگۆڕێت، بەجۆرێك کە لە کاتی هاوسەرگیری کوڕ و کچێکی ئاین جیاوازدا، پێویست بە ئاین گۆڕین لە پێناسی باری شارستانیدا نەکات و کوڕ و کچەکە ناچار بە ئایین گۆڕین نەکرێن، بەڵکو بەپێی یاسا ئەوە پرۆسەیەکی ئازادانە بێت و هەر کەسەیان لەسەر ئاینی خۆیان بمێننەوە، هەروەك پێشتر لە خاڵی(٣)ی ڕاسپاردەکاندا باس کراوە.

## سێیەم: پێشنیارەکان

بەمەبەستی توێژینەوەی زیاتر لەم بوارەدا و باشتر تێگەیشتن لە مەسیحییەکانی کوردستان و پێکهاتە ئاینی و کەلتوورییەکانی تری کوردستان، چەند پێشنیارێك دەخەینە ڕوو:-

١- زانکۆی سلێمانی و زانکۆی کۆیە و زانکۆی صلاح الدین، بەشی ئەنسرۆپۆلۆجیا بکەنەوە، بەمەبەستی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجی لە کوردستاندا.

٢-توێژەرانی بواری مێژوو، توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر مێژووی مەسیحییەکانی کوردستان ئەنجام بدەن، بەمەبەستی زانینی پرۆسە مێژووییەکانیان.

٣- توێژەرانی بواری کۆمەڵناسی، توێژینەوەی ئەکادیمی بەراووردکاری لەنێوان موسوڵمان و مەسیحییەکانیدا، لەسەر دیاردەیەك، یان دابونەریتێکی کۆمەڵایەتی، یان توخمێکی کەلتووری،ئەنجام بدەن.

٤- توێژەرانی بواری دەروونناسی و کۆمەڵناسی، توێژینەوەیەك لەسەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی مەسیحییەکانی سلێمانی و کۆیە، ئەنجام بدەن.

٥- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی ماستەر یان دکتۆرا لەسەر شوێنەوارە دێرینەکانی مەسیحییەکان، بەتایبەت شوێنەواری ئاشوورییەکان لە کوردستاندا، لە لایەن خوێندکارانی بەشی شوێنەواری زانکۆکانی کوردستان.

٦- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە سەبارەت بە کەلتووری پێکهاتە ئاینی و کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی تر، لە لایەن خوێندکارانی ماستەر و دکتۆرا لە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆکانی کوردستان .

# چوارەم: لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوەی کوردی

### ا) کتێب :


١) ئەندراوس صەنا(مەتران)،مێژووی مەسیحییەت لە کەرکوک و باگەرمیٚ،وەرگێڕانی: جەمیل عیسا،چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠١٢،

٢) بوار نورەدین، ڕەدووکەوتن لە کەلتووری کورددا، زنجیرە کتێبی ئینستیتیوتی کەلەپوری کورد ٢٤، چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٧،

٣) پ.د.جەزا تۆفیق طالب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عیراق، نامەی ماستەری بڵاوکراوە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلێمانی، چاپی یەکەم،١٩٩٩

٤) پ.د.جەزا تۆفیق طالب، وانەی کۆمەڵگەی کوردی،کۆرسی ماستەر،ئەنسرۆپۆلۆجیا،زانکۆی سلێمانی،٢٠١٥

٥) د.حوسێنی خەلیقی، کۆمەڵناسی کوردەواری، بەرگی دووەم، چاپخانەی الحوادث، بغداد، ١٩٩٢،

٦) ژاك ڕیتۆریٚ، گەشتنامەی مسیۆنێریك بۆ ناوچەکانی کەرکوك و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨،وەرگێڕانی:نەجاتی عەبدوڵڵا،لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ژین،چاپی یەکەم،چاپخانەی شڤان،سلێمانی،٢٠٠٨،ل٤٠.

٧) د.ڕەشاد میران،ئیتنۆگرافیا و یەکێتی ئێتنیکیی کورد،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،هەولێر،چاپی یەکەم،٢٠٠٩

٨) د.ڕەشاد میران، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەی لە کوردستان، چاپی دووەم، سەنتەری برایەتی، هەولێر،٢٠٠٠،

٩) سیسیل جۆن ئیدمۆندس،کورد تورك عەرەب،و:حامید گەوهەری،چاپی سێیەم،لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە،٢٠٠٤،

١٠) شاسوار.خ.هەرشەمی، مێژووی ئارامیەکان لەکوردستاندا، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی ئۆفسێتی بابان، چاپی دووەم،سلێمانی،١٩٩٩،

١١) شنە عبدوڵڵا محەممەد، ولیەم یوحەننا ژیان و کاری هونەری، ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد، چاپی یەکەم،٢٠١٣،سلێمانی،

١٢) صبري المقدسي، هێما ئاینی و ڕۆشنبیرییەکان، وەرگێڕانی: دلال صلیوا عیسا، چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٥،

١٣) صدیق صالح،لەتیف پۆلس ئەستیفان،جەمیل عیسی،کەریمی عەلەکە فریادڕەسی هەژاران، بابەت و لێکۆڵینەوەکانی ٦٨ هەمین ساڵیادی کەسایەتی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی (کەریمی عەلەکە) وەزارەتی ڕۆشنبیری،سلێمانی،چاپخانەی ڕوون،٢٠١٦.

١٤) طاهر احمد حوێزی،مێژووی کۆیە،بەرگی دووەم،بەشی یەکەم،مطبعة نمیر-بغداد،١٩٨٤،

١٥) د.عەبدوڵا غفور،ئاسوورییەکانی باشوری کوردستان-لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی- ئەتنۆگرافی، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی،چاپخانەی سپیرێز-دهۆك،، هەولێر،٢٠١٠،

١٦) د.عەبدوڵڵا غەفور،فەرهەنگی جوگرافی کوردستان،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی،٢٠٠٢،

١٧) عبدالخالق علاءالدین، مەلای گەورە زانا و ئەدیب و شاعیر، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر،٢٠٠٩،

١٨) د.عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای باشووری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٥٨

١٩) عبدالخالد صابر، شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی – لەنێوان ساڵانی ١٧٨٤ز- ١٩١٤ز)چاپی دووەم، چاپخانەی گرین گلۆری – بەیروت،٢٠١٠ی‌زاینی،

٢٠) فازیل شەوڕۆ، ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە، چاپخانەی شەهاب،هەولێر،چاپی یەکەم،٢٠١٥، ل ٨٠-٩٣ .

**٢١) كەریم شارەزا، مەقامەكانی سێوەی هونەرمەندی كورد لە تەرازووی ڕەسەنایەتیدا، ئەمیندارێ گشتی ڕۆشنبیری و لاوان،مطبعة حسام،بغداد، ١٩٨٢،ل ١٧-١٨.**
**٢٢) كەریم شارەزاو ئەوانی تر،كۆیە لەڕەوتی شارستانیەتدا،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری – هەولێر،چاپی یەكەم، ٢٠٠٩،**
**٢٣) كلۆدیۆس جێمس ڕیچ،گەشتنامەی ڕیچ بۆ كوردستان ١٨٢٠،وەرگێرانی:محەمەد حەمە باقی،دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس،چاپی سێیەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر،٢٠٠٢،**
**٢٤) كەریم زەند، ئایین و باوەڕ لەكوردستان،چاپخانەی كامەرانی،سلێمانی،١٩٧١،ل٤٨،٤٧**
**٢٥) محەمەد ئەمین زەكی بەگ، تأریخی سلێمانی و وڵاتی، لەبڵاوكراوەكانی بنكەی ژین، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦،**
**٢٦) محمد ئەمین زەكی بەگ، خوڵاصەیەكی تأریخی كورد و كوردستان، بەرگی چوارەم، جلدی ئەووەل، فەصلی حەوتەم، لە بڵاوكراوەكانی بنكەی ژین، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٦،ل ٢٠٨.**
**٢٧) مەسعوود محەممەد: گەشتی ژیانم، چاپی سێیەم، سەنتەری لێكۆڵینەوە و پەخشی كۆیە، كۆیە، ٢٠٠٩، ل ٥-١٢، ٣٥٥ مەسعود محەمەد، حەمەئاغای گەورە، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٤٣.**
**٢٨) محمد ڕەسولْ هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەكەی خوارووی كوردستان،بەرگی یەكەم، لەندەن،١٩٩٠ ،**
**٢٩)نالی(دیوانی نالی) لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەی مەلا عبدالكریمی مدرس و فاتح عبدالكریم، چاپی نۆهەم، بڵاوكردنەوەی كوردستان، سنە،**
**٣٠) نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین– چەند بابەتێكی كۆمەڵناسی، كتێبی یەكەم، بەرگی دووەم، چاپی یەكەم، الدار العربیە للعلوم الناشرون، بیروت، ٢٠١٥، ل ١٥٢.**
**٣١) د.هاوژین صلێوە، مێژووی هەرمۆتە،چاپخانەی زانا– سلێمانی،چاپی یەكەم،٢٠١٣**

## ب) توێژینەوەی ماستەر و دكتۆرا

**١) د.ئارام علی فەرەج، بونیاد و كرداری كۆمەڵایەتی وەك دوو ئاستی سەرەكی لە لێكۆڵینەوەی كۆمەڵناسیدا، تێزی دكتۆرا، زانكۆی سلێمانی، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، بەشی كۆمەڵناسی،٢٠١٣،**
**٢) ئالان غفووری، بونیادی كۆمەڵایەتی كۆیە،ماستەر نامەیەكی بڵاوكراوەیە،توێژینەوەیەكی ئەنترۆپۆلۆژی كۆمەڵایەتیە، پێشكەش بەكۆلێجی ئەدەبیاتی زانكۆی صلاح الدین كراوە لەساڵی ٢٠١٤، ساڵی چاپ ٢٠١٥،چاپخانەی شەهاب– هەولێر،**
**٣) د.ئامانج حەسەن ئەحمەد، پەیوەندی نێوان كورد و ئاسوورییەكان، تێزی دكتۆرا، زانكۆی سلێمانی، كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان، بەشی مێژوو،٢٠١٤-٢٠١٥،**
**٤) د.كامەران تاهیر سەعید، كۆیە لێكۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی، نامەی ماستەری بڵاوكراوە، لە بڵاوكراوەكانی مەڵبەندی كوردۆلۆجی،چاپخانەی تیشك، چاپی یەكەم، سلێمانی، ٢٠٠٨،**

## ج) گۆڤار


١) پ.د.فوئاد حەمە خورشید، شاری سلێمانی( لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای مێژوویی)، گۆڤاری گەرمیان – گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی کوردییە دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی عێراق دەری کردووە، ژمارە(٢٩) ساڵی(٢٠٠٩)ز، بغداد، مطبعة دار الشؤون الثقافية العامة.

٢) د.هاوژین صلیوە عیسا، شادان شکر صابر، ئاوێتەبوونی زمانی کوردی و زمانی سریانی لە شاری کۆیە، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیە لە گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان،خولی سێیەم،بەشی(B)،ژمارە( ٧ )،(کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان) و (دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی)،چاپخانەی سەردەم،سلێمانی،حوزەیرانی ٢٠١٦،

## دووەم: سەرچاوەی عەرەبی

### أ) كتێب:


١) الكتاب المقدس.

٢) موسوعة الكتاب المقدس، دار منهل الحياة و دار الكتاب المقدس، لبنان، ١٩٩٣، ص ٦٨– ٦٩.

٣) د.احسان محمد الحسن، مناهج البحث الاجتماعى،دار وائل للنشر،ط١،الأردن–عمان،٢٠٠٥،

٤) د.احسان محمد الحسن،عبدالمنعم الحسنى،طرق البحث الاجتماعى، دار الكتب جامعة الموصل،١٩٨٢،

٥) د.احسان محمد الحسن،موسوعة علم الاجتماع،الطبعة الأولى، دار العربية للموسوعات،بيروت–لبنان،١٩٩٩،

٦) د.احسان محمد الحسن، العائلة والقرابة والزواج، دار الطليعة للنشر، بيروت، ١٩٨١،

٧) د.ابراهيم ناصر،الانثروبولوجيا الثقافية(علم الانسان الثقافى)،دار الكرمل للنشرو التوزيع،الطبعة الثانية،عمان–الاردن،١٩٨٥،

٨) د.أحمد أبو زيد، البناء الاجتماعى، مدخل لدراسة المجتمع، الانساق، الجزء الثانى، الطبعة الثالثة، مطبعة الناشر الجامعى، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الاسكندرية، مصر، ١٩٧٩،

٩) د.احمد أبو زيد، محاضرات في الانثروبولوجيا الثقافية،دار النهضة العربية،بيروت،١٩٧٨،

١٠) د.احمد زكى بدوى،معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية،مكتبة لبنان،بيروت،١٩٨٢،

١١) د.أحمد الخشاب، الضبط و التنظيم الاجتماعى،دار الحمامي للطباعة– القاهرة،١٩٨٩،

١٢) ايفانز بريتشارد، الأنثروبولوجيا الأجتماعية، ترجمة: د.أحمد أبو زيد، منشأة المعارف، الاسكندرية، الطبعة الأولى، ١٩٥٨،

١٣) ادى شير، سيرة أشهر شهداء المشرق القديسين، جلد الأول، الطبعة الثانية، المطبعة اراس، اربيل، ٢٠٠٩،

١٤) ارثر كريستينسن: ايران في عهد الساسانيين ترجمة: يحي الخشاب، الهيئة المصرية للكتاب، القاهرة، ١٩٩٨، ص٧٤ .

١٥) أبى جعفر محمد بن جرير الطبرى، تأريخ الامم و الملوك(تأريخ الطبري)، الطبعة الأولى،الأميرة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٥، جلد١،

١٦) أندرو ادجار وبيتر سيد جويك، موسوعة النظرية الثقافية، ترجمة: د.هناء الجوهرى، الطبعة الأولى، المركز القومى للترجمة،القاهرة، ٢٠٠٩،

١٧) د.البير ابونا، قواعد اللغة الارامية،مطبعة اوفسيت هتولێر،الطبعة الاولى،اربيل،٢٠٠١،

١٨) اسحق ساكا،كنيستى السريانية،الطبعة الثالثة،٢٠٠٧ ،

١٩) باسيل نيكتين: ترجمة: د.نوري طالباني" الكرد دراسة سوسيولوجية وتاريخية، ط٦:(مطبعة الحاج هاشم، أربيل، ٢٠١٢)،

٢٠) د.باسم عبدالحميد حموودى، عادات و تقاليد الحياة الشعبية العراقية، الطبعة الأولى، دار الشؤون الثقافية، بغداد–العراق، ١٩٨٦،

٢١) بطرس نصري، ذخيرة الأذهان فى تواريخ المشارقة و المغاربة السريان،مطبعة الاباء الدومنيكان،١٩٤٣،ج٢،

٢٢) بياربونت و ميشال ايزار واخرون، معجم الاثنولوجيا والانتروبولوجيا،ترجمة:د.مصباح الصمد،المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع،الطبعة الاولى،٢٠٠٦،بيروت–لبنان،

٢٣) جيمس جورج فرايزر، الغصن الذهبي: دراسة في السحر والدين، ترجمة: د.نايف الخوص، دار الفرقد، الطبعة الأولى،سورية–دمشق، ٢٠١٤،

٢٤) د.جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولوتيكية للأمن القومى فى اقليم كردستان، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥، اطروحة دكتورا منشورة.

٢٥) د.جوان بختيار بهاءالدين، محاضرات فى طرق البحث الانثروبولوجى، مرحلة الماجستير، قسم علم لاجتماع/ الانثروبولوجيا،جامعة السليمانية،٢٠١٥.

٢٦) جيامبيترو جوبو، اجراء البحث الاثنوجرافي، ترجمة: د.محمد رشدي، المركز القومى للترجمة، الطبعة الأولى، القاهرة، ٢٠١٤،
٢٧) د.جمال رشيد احمد، دراسات كردية في بلادسوبارتو،طبع دار افاق العربية للطباعة والنشر، بغداد ١٩٨٤،
٢٨) جاك ريتوريه، قواعد لغة السوريث،ترجمة: يلدا توما ككو،الطبعة الاولى، دار المشرق الثقافية- دهوك، ٢٠١٢،
٢٩) جون سكوت، وجوردن مارشال، موسوعة علم الاجتماع، ترجمة: د.محمد الجوهرى واخرون،المجلد الثالث،المركز القومى للترجة، الطبعة الثانية،القاهرة،٢٠١١،
٣٠) جورج بالاندية، الأنثروبولوجيا السياسية،ترجمة: د.على المصرى، الطبعة الثانية، المؤسسة الجامعية، بيروت-لبنان، ٢٠٠٧،
٣١) د.حنفى عوض، في علم الانسان دراسات وبحوث فى ثقافة الشعوب والمجتمعات، المكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية، ٢٠١٠،
٣٢) د.خليل اسماعيل محمد، اقليم كوردستان العراق دراسات فى التكوين القومى للسكان،ط٣،مطبعة زانكؤ،اربيل،١٩٩٩،
٣٣) دنيس كوش، مفهوم الثقافة فى العلوم الاجتماعية، ترجمة: د.منير السعيدانى، الطبعة الأولى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠٠٧،
٣٤) د.خضر عباس عطوان و د.أحمد عبدالله الناهي، السلوك السياسي: دراسة في المؤثرات والعمليات المعرفية لنماذج مختارة من السلوك السياسي في العراق بعد العام ٢٠٠٣، مركز حمورابي للبحوث و الدراسات الستراتيجية، بغداد، ٢٠١١،
٣٥) دانيال هيرڤية ليجيه چان بول ويلام، سوسيولوجيا الدين،ترجمة:درويش الحلوجى،المجلس الأعلى للثقافة،الطبعة الأولى،القاهرة،٢٠٠٥،
٣٦) دينكن ميشيل، معجم علم الاجتماع، ترجمة: د.احسان محمد الحسن، دار الرشيد للنشر، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠،
٣٧) د.زين الدين عبدالمقصود، البيئة والانسان، دار عطوه للطباعة، الناشر المعارف بالاسكندرية، القاهرة، ١٩٨١،
٣٨) رالف لنتؤن، الأنثروبولوجيا وأزمة العالم الحديث، ترجمة: د.عبد الملك الناشف، مؤسسة فرانكلين للطباعة، بيروت-نيويورك، ١٩٦٧،
٣٩) رالف ل. بيلز و هارى هويجر، مقدمة فى الأنثروبولوجيا العامة، ترجمة: د.محمد الجوهرى و السيد محمد الحسينى، الجزء الأول، دار نهضة مصر، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر،القاهرة، ١٩٧٦،
٤٠) ر.ك.سبرول، حقائق وأساسيات الايمان المسيحي،ترجمة: نكلس نسيم سلامة، مكتبة المنار، دار نوبار، قاهرة، ٢٠٠٠،
٤١) د.سعد سلوم، المسيحيون في العراق تاريخ شامل والتحديات الراهنة، ط١، مؤسسة مسارات للتنمية الثقافية والاعلامية ، بيروت،٢٠١٤،
٤٢) د.سعدي المالح، عنكاوا في الأصل والفصل وملاحظات اخرى، مونتريال- كندا، ١٩٩٧،
٤٣) د.سامية حسن الساعاتى، الثقافة والشخصية، دار النهضة العربية، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٨٣،
٤٤) د.سامية علي حسنين، نجلاء عاطف خليل، مدخل الى الأنثروبولوجيا، جامعة المنصورة، ٢٠٠٩،
٤٥) د.سناء الخولي، الاسرة فى العالم المتغير، الاسكندرية، دار المعرفة،١٩٨٩،
٤٦) د.شاكر مصطفى سليم، قاموس الانثروبولوجيا، الطبعة الأولى،جامعة الكويت،١٩٨١،
٤٧) شارلوت سيمور-سميث، موسوعة علم الانسان، ترجمة: مجموعة من أساتذة علم الاجتماع، الطبعة الثانية، المركز القومى للترجة، ٢٠٠٩،
٤٨) د.شاكر خصباك، الاكراد - دراسة جغرافية اثنوغرافية،مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٢،
٤٩) د.شاكر خصباك، العراق الشمالى، مطبعة شفيق، الطبعة الأولى، بغداد،١٩٧٣،
٥٠) د.شاكر مصطفى سليم، المدخل الى الانثروبولوجيا،مطبعة العانى،بغداد،١٩٧٥،
٥١) شارلين هس- بيبر، وباتريشيا ليڤى، البحوث الكيفية في العلوم الاجتماعية، ترجمة: د. هناء الجوهرى، المركز القومى للترجمة، الطبعة الأولى، ٢٠١١، القاهرة،

٥٢) د.صادق الأسود، علم الاجتماع السياسي: أسسه و إبعاده، مكتبة السنهوري، بغداد، ١٩٩٠،
٥٣) طيمثاوس ارميا مقدسي، قواعد اللغة السريانية،مطبوعات مجمع اللغة السريانية،مطبعة اوفسيت المشرق، بغداد،١٩٧٨،
٥٤) د.عبدالله محمد عبدالرحمن، د.محمد على البدوي، مناهج وطرق البحث الاجتماعى، دار الطباعة الحرية، الاسكندرية، بدون سنة الطبع،
٥٥) د.عاطف وصفي، الانثروبولوجيا الاجتماعية، الطبعة الثالثة، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨١،
٥٦) عزيز عبدالاحد، يوميات جولة غبطة البطريرك مار روفائيل الاول بيداود، لأبرشيات اقليم كوردستان، مطبعة وزارة التربية، ١٩٩٨،
٥٧) د.عبدالفتاح محمد وهيبة،جغرافية الانسان،دار النهضة العربية،بيروت،بدون سنة طبع،
٥٨) د.عبد علي الخفاف وزميله، المناخ والانسان، ط١، دار المسيرة، عمان، ٢٠٠٧،
٥٩) د.عاطف وصفي،الانثروبولوجيا الثقافية،دار النهضة العربية،بيروت-لبنان،١٩٧١،
٦٠) د.علاءالدين جاسم البياتى، البناء الاجتماعى والتغير فى المجتمع الريفى، الطبعة الثانية، دار التربية، بغداد، ١٩٧٥،
٦١) د.عزيز عبدالأحد نباتى، تأريخ عنكاوة، الطبعة الأول، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٠،
٦٢) على الوردى، دراسة فى طبيعة المجتمع العراقى، الطبعة الاولى، دار الوراق للنشر المحدودة، ٢٠٠٨، بيروت،
٦٣) د.على الوردي، الأحلام بين العلم والعقيدة، الطبعة الأولى-٢٠٠١ن، المطبعة: شريعت-قم، انتشارات المكتبة الحيدرية،،
٦٤) د.عبدالحميد لطفى، الأنثروبولوجيا الاجتماعية، الطبعة الثانية، مطبعة دار نشر الثقافة، دار المعارف بمصر،١٩٧١،
٦٥) د.عطا محمد زهرة، مقدمة في العلوم السياسية، مؤسسة حمادة للدراسات الجامعية، اِربد-الاردن، ٢٠٠٨،
٦٦) د.على جباوي، الانتروبولوجيا الاجتماعية،دار الطباعة الحديثة- دمشق،١٩٨١-١٩٨٢،
٦٧) د.عبدالسلام حيمر، فى سوسيولوجيا الثقافة والمثقفين، الشبكة العربية للابحاث والنشر، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠٩،
٦٨) د.على محمد المكاوى،الانثروبولوجيا وقضايا الانسان المعاصر ،الدار الدولية للاستثمارات الثقافية، القاهرة،٢٠٠٧ ،
٦٩) د.علي محمود ليلة، محمد محمود الجوهرى، علياء علي شكري، التغير الاجتماعى والثقافي، الطبعة الثانية، دار المسيرة، عمان-الأردن، ٢٠١٥،
٧٠) د.عبد علي سلمان المالكي، المدخل الى الانثروبولوجيا الاجتماعية، الطبعة الأولى، دار نيبور، العراق، ٢٠١٤، ص ١١٦.
٧١) د.عزالدين اسماعيل، الفن والانسان، الطبعة الأولى، دار القلم، بيروت-لبنان، ١٩٧٤،
٧٢) د.فاديا أبو خليل، أثر الثقافة و التنشئة الاجتماعية في تكوين شخصية الفرد، الطبعة الأولى، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان، ٢٠١٤،
٧٣) د.فاروق أحمد مصطفى، محمد عباس أبراهيم، الانثروبولوجيا الثقافية، دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٩،
٧٤) د.فاروق أحمد مصطفى، محمد عباس ابراهيم، المناهج الأنثروبولوجية وتطبيقتها الميدانية، دار المعرفة الجامعية، ٢٠١٠،
٧٥) فيليب لاثورت- تولرا، جان. بيار فارنيية، اثنولوجيا و انتروبولوجيا، ترجمة: د.مصباح الصمد، الطبعة الأولى، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر، بيروت،٢٠٠٤،
٧٦) فردريک معتوق، تطور علم اجتماع المعرفة،دار الطليعة للطباعة والنشر،بدون مكان و سنة الطبع،
٧٧) فرست مرعى،دراسات فى تأريخ اليهودية والمسيحية فى كردستان،دار اراس للطباعة والنشر،اربيل،٢٠٠٨،
٧٨) د.فتحية محمد ابراهيم، د.مصطفى حمدي الشنوانى، مدخل الى مناهج البحث فى علم الانسان، دار المريخ، السعودية، ١٩٨٨،
٧٩) د.فوزية دياب، القيم والعادات الاجتماعية،دار النهضة العربية،الطبعة الثانية،بيروت،١٩٨٠،
٨٠) د.فاتن شريف، الاسرة والقرابة دراسات فى الانثروبولوجيا الاجتماعية، الطبعة الأولى، دار الوفاء، مصر، ٢٠٠٦،
٨١) فيليب دي طرازي، عصر السريان الذهبي، بحث علمي تاريخي أثري، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، القاهرة،٢٠١٢،

٨٢) د.قبارى محمد اسماعيل، اصول الانثروبولوجيا العامة، دار المعرفة الجامعية، ١٩٨٠،
٨٣)د.قبارى محمد اسماعيل، رادكليف براون،مطبعة الوادى، الناشر المعارف بالاسكندرية،١٩٧٧،
٨٤) د.قيس النوري، الحضارة والشخصية، وزارة التعليم العالى والبحث العلمى، دار الكتب، جامعة الموصل، ١٩٨١،ص ١٠٥.
٨٥) د.قيس النوري وتقى الدباغ،علم الانسان الطبيعى،جامعة بغداد،بغداد،١٩٨٣،
٨٦) د.قيس النوري، طبيعة المجتمع البشري في ضوء الانثروبولوجية الاجتماعية-الجزء الثانى،مطبعة الاداب فى النجف الاشرف، ١٩٧٢،
٨٧)د.قيس النوري، الأنثروبولوجيا الاقتصادية، جامعة بغداد - بيت الحكمة، مطبعة التعليم العالي فى الموصل، ١٩٨٩
٨٨) د.قيس النوري، الانثروبولوجيا النفسية، دار الحكمة، الموصل،١٩٩٠،
٨٩) د.قيس النوري، الأنثروبولوجيا الحضرية بين التقليد والعولمة، الطبعة الأولى، مؤسسة حمادة للدراسات الجامعية، الأردن، ٢٠٠١،
٩٠) د.قيس النوري ،المدخل الي علم الانسان،دار الكتب للطباعة والنشر،جامعة الموصل،١٩٨٢، قيس النوري، المدخل الى علم الانسان، دار الكتب، بغداد، ١٩٨٢،
٩١) د.قيس النوري، الأساطير وعلم الاجناس، مؤسسة دار الكتب، جامعة الموص، ١٩٨١، ص٩٥.
٩٢) قسطنتين بتروفيچ ماتفييف(بارمتي)، الأشوريون والمسألة الأشورية في العصر الحديث، دمشق، ١٩٨٩،
٩٣) قسم الثقافة والاعلام الحركة الديمقراطية الاشورية،الاشوريون والتسميات المتعددة (بحث)، ١٩٩٢،
٩٤) كلايد كلوكهون، الانسان فى المراة، ترجمة: د.شاكر مصطفى سليم، مطبعة أسعد، بغداد، ١٩٦٤،
٩٥) كلود ليڤى شتراوس، العرق والتأريخ، ترجمة: د. سليم حداد، المؤسسة الجامعية للدراسات والتوزيع، الطبعة الرابعة، بيروت، ٢٠٠٨،
٩٦) كارول م. كونيهان، أنثروبولوجيا الطعام والجسد، ترجمة: د.سهام عبدالسلام، الطبعة الأولى، المركز القومى للترجمة، قاهرة، ٢٠١٣،
٩٧) لوسي مير، مقدمة في الانثروبولوجيا الاجتماعية، ترجمة: د.شاكر مصطفى سليم، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد،
٩٨) د.لويس ساكو،المسيحية فى كركوك تأريخ و بقاء،كركوك،٢٠١٠،
٩٩) د.مجيد حميد عارف، الاثنوغرافيا والاقاليم الحضارية،طبع بمطابع جامعة الموصل،١٩٨٤،
١٠٠) د.مجيد حميد عارف، الأنثروبولوجيا الطبية، الموسوعة الثقافية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٤.
١٠١) د.محمد الجوهرى،قاموس علم الاجتماع،الهيئة المصرية العامة للكتاب،القاهرة،١٩٧٩،
١٠٢)د.محمد الجوهرى، علم الاجتماع وقضايا التنمية فى العالم الثالث، دار المعارف،الطبعة الثالثة، قاهرة،١٩٨٢،
١٠٣) د.محمد الجوهري، الأنثروبولوجيا أسس نظرية وتطبيقات عملية، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية، ٢٠١٢،
١٠٤) د.محمد الجوهرى، د.علياء الشكرى، مقدمة فى دراسة الأنثروبولوجيا، القاهرة، ٢٠٠٧،
١٠٥) د.محمد الخطيب، الأثنولوجيا، الطبعة الثانية، دار علاءالدين، ، ٢٠٠٩، دمشق،
١٠٦) د.محمد الخطيب، الأنثروبولوجيا الثقافية، الطبعة الثانية، دار علاءالدين، سورية-دمشق، ٢٠٠٨، ص ١٦-١٩.
١٠٧) د.محمد حسن غامرى، المناهج الأنثروبولوجية، المركز العربى للنشر،القاهرة الحديثة للطباعة، اسكندرية، ص١١١
١٠٨) د.مصطفى عمر حمادة، الأنثروبولوجيا و ثقافات الشعوب، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، ٢٠١٠،
١٠٩) د.مهدى محمد القصاص،تصميم البحث الاجتماعى،الطبعة الأولى، دار نيبور،العراق-بغداد،٢٠١٤.
١١٠) د.محمد حسن غامرى، المناهج الأنثروبولوجية، المركز العربى للنشر، اسكندرية، ص١١١
١١١) د.مليحة عونى القصير، د.معن خليل عمر، المدخل الى علم الاجتماع، جامعة بغداد، ١٩٨٦،
١١٢) د.معن خليل عمر، علم الاجتماع الفن، الطبعة الأولى، دار الشروق، عمان-لاردن، ٢٠٠٠،
١١٣) د.محمد عاطف غيث، دراسات فى علم الاجتماع القروي،دار المعارف،الاسكندرية،١٩٦٧،
١١٤) د.محمد رياض، الانسان دراسة فى النوع والحضارة،دار النهضة العربية، بيروت،

١١٥) مارسيل موس، الصلاة (بحث في سوسيولوجيا الصلاة)، ترجمة: د.محمد الحاج سالم، الطبعة الأولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت-لبنان، ٢٠١٧،

١١٦) د.محمد علي محمد، د.سناء حسنين الخولي، د.علي عبدالرازق جلبي، د.سامية محمد جابر، دراسات في علم الاجتماع الطبي، الطبعة الخامسة، دار المسيرة، عمان-الأردن، ٢٠١٦،

١١٧) د.محمد محمود ربيع، د.اسماعيل صبرى مقلد، موسوعة العلوم السياسية،جامعة الكويت، الجزء الأول،

١١٨) ميجرسون،رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان،ترجمة: د.فؤاد جميل،الجزء الاول،الطبعة الاولى،،مطابع الجمهورية،بغداد،١٩٧٠،

١١٩) د.محمد عبده محجوب، مرفق العشماوي عثمان، نادية أحمد محمد، أميرة الامام، تخطيط وتطبيق البحوث الأنثروبولوجية، دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٨، الاسكندرية،

١٢٠) د.محمد عبده محجوب، الأنثروبولوجيا السياسية، الطبعة الثالثة، دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٩،

١٢١) د.محمد عبده محجوب، طرق البحث الانثروبولوجى- النسق القرابى، دار المعرفة الجامعية، دار نشر الثقافة بالاسكندرية، ١٩٨٥،

١٢٢) نخبة من أعضاء هيئة التدريس(قسم الأنثروبولوجيا- كلية الاداب-جامعة الاسكندرية)، رتب المادة العلمية ومهدلها دكتور محمد عباس ابراهيم، الانثروبولوجيا(علم الانسان)،دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٩،

١٢٣) ناتالي اينيك، سوسيولوجيا الفن، ترجمة: د.حسين جواد قبيسي، الطبعة الأولى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت،٢٠١١،

١٢٤) نيكولا جورنه، بين الكوني والخصوصي، البحث عن البيدايات – طبيعة الثقافة – تشييد الهويات، ترجمة: د. اياس حسن، الطبعة الثانية، دار الفرقد، سورية-دمشق، ٢٠١٤،

١٢٥) هربرت ريد، الفن والمجتمع، ترجمة: د.فارس مترى ضاهر، دار القلم، بيروت-لبنان، ١٩٧٥،

## ب) الاطروحات والرسائل الجامعية

١) د.جوان بختيار بهاءالدين حكمت، أنثروبولوجيا السحر في المجتمع العراقى، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعة بغداد، قسم الاجتماع، ٢٠٠٣،

٢) د.ميهربان نوشيروان فؤاد، محافظة السليمانية، دراسة في الجغرافيا الإقليمية ، أطروحة دكتوراه (غير منشورة، قسم الجغرافيا ،كلية العلوم الإنسانية .جامعة السليمانية ،٢٠١٤،

٣) د.محمد حسين محمد شوانى، الاختلاف والتنوع في ظل التضامن الاجتماعى، رسالة ماجستير منشورة، تقدم بها الى مجلس كلية الاداب في الجامعة الموصل،٢٠٠٥،

٤) د. سوران حمه أمين أحمد، التحليل الجغرافى لخصائص الرياح في محافظة السليمانية وامكانات استثمارها، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة السليمانية، كلية العلوم الانسانية، ٢٠٠٧،

٥) د.سيروان شابي بهنان، كلدان العراق، رسالة ماجستير، تقدم بها الى مجلس كلية الاداب جامعة صلاح الدين-اربيل،١٩٩٩،ملخص البحث باللغة الكردية.

٦) عصام ابراهيم محمد، طائفة الكلدان فى العراق-دراسة انثروبولوجية،رسالة ماجستير غير منشورة،جامعة بغداد،كلية الاداب،قسم الاجتماع،٢٠٠٧،

## ت) گۆڤار

١- بين النهرين، مجلة فصلية حضارية تراثية،العددان( ٣٤-٣٥ )١٩٨١، و العددان( ٥٣-٥٤ ) ١٩٨٦ن، الدار الوطنية، مطرانية الكلدان، الموصل-العراق،

## سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان

١) Conrad Phillip Kottak, Cultural Anthropology,Eleventh Edition,McGraw Hill Higher Education , New York,USA,٢٠٠٦,P٨١

٢) John scott and Gordon Marshall, A Dictionary of Sociology. Oxford: University Press, Third edition,٢٠٠٩, P ٢٠٥- ٢٠٦.

٣) George Ritzer, *Blackwell Encyclopedia of Sociology Onlin* (Vol. ١٤٧٩) Blackwell Publishing(٢٠٠٧).

٤) Jonathan H. Turner (١ September ٢٠٠٥). Sociology. Prentice Hall. p. ٨٧..

٥) Guido Bolaffi, Raffaele Bracalenti, Peter Braham and Sandro Gindro. (٢٠٠٣). Dictionary of race, ethnicity and culture. Sage. p. ٦٠

٦) Panagiotis Petrakis , pantelis kostis. (٢٠١٣). Economic growth and cultural change. *The Journal of Socio-Economics*, *٤٧*, p ١٤٧-١٥٧.

٧) Max Weber, the Sociology of Religion, Beacon press, Boston ,١٩٦٣,introduction - preface to the book,p.x. ١-١٩.

٨) Max Weber, the Protestant Ethic and the Spirit of Capitalism, Translated byTalcott Parsons, London, George Allen and Unwin LTD, Third Impression ١٩٥٠, p. ٥٢-٥٦.

# ثقافة المسيحيين

## دراسة أنثروبولوجية ثقافية ميدانية في مدينة السليمانية وقضاء كوّيه


## ملخص البحث

لا شك في أن الأنثروبولوجيا الثقافية ذلك العلم الذي يهتمّ بدراسة الثقافة الإنسانية، ويُعنى بدراسة أساليب حياة الإنسان وسلوكياته النابعة من ثقافته، لذا فإن دراسة ثقافة الشعوب أوثقافة المكونات الدينية والقومية في منطقة معينة محدودة، تُعدّ من المواضيع المهمة والرئيسة في الأنثروبولوجيا الثقافية.

سَعْينا جاهِدين في هذا البحث أن ندرس الأنثروبولوجيا الثقافية عند المكون المسيحي في مناطق معيّنة ومحدّدة من إقليم كُردستان، فاستقرّ عنوان البحث بعد التشاور والمناقشة مع اللجنة العلمية الموقّرة في قسم (علم الاجتماع)، على ( **ثقافة المسيحيين– دراسة أنثروبولوجية ثقافية ميدانية في مدينة السليمانية وقضاء كوّيه** ).

وإنّما وقع اختيار الدراسة على المكون المسيحي، في مدينة السليمانية وقضاء كؤيه، لأن المسيحيين في كوردستان لهم عاداتهم وتقاليديهم وسننهم الاجتماعية والقومية والثقافية الخاصة والتي فصّلنا فيها القول والتحليل في هذه الدراسة، ولعلّ من أهم وسائل جمع المعلومات الميدانية في هذا البحث هما: عقد لقاءات ميدانية مباشرة مع مجتمع البحث والدراسة، والملاحظة بالمشاركة في المراسم الاجتماعية والدينية الخاصة بهم في المنطقتين المذكورتين آنفاً، حيث تم جمع المعلومات والبيانات وتحليلها، بشكل موضوعي، متوخِين الدقة والحيادية في ذلك.

أمّا منهج البحث المعتمَد في هذا الدراسة فهو المنهج (الوصفي والتاريخي والمقارن)، والذي توخينا فيه الدقة عند الحديث عن ثقافة المسيحيين في مدينة السليمانية وقضاء كؤيه، كما عرضنا في هذه الدراسة، معلومات حقيقة وواقعية عن ثقافة المسيحيين في المنطقتين المشار إليهما آنفا.

يتكون هذا البحث من أربعة فصول، ويشتمل كل فصل على مبحثين اثنين:-

نتحدّث في الفصل الأول عن ( عناصر البحث الأساسية، والنَسَق البيئي)، من خلال مبحثين، سلطْنا في المبحث الأول الضوء على عناصر البحث الأساسية التي هي (موضوع البحث، وأهمية البحث، وغاية البحث، ومجتمع البحث، ومنهج البحث، ووسائل جمع المعلومات، وأبعاد البحث).

**والمبحث الثاني من هذا الفصل يتناول ( النسق البيئي في السليمانية وقضاء كؤيه). وتم التطرّق فيه أيضا إلى قومية المسيحيين وأعدادهم في السليمانية وقضاء كؤيه.**

**أمّا الفصل الثاني، فيتناول ثقافة المسيحيين في السليمانية، ويتكوّن هذا الفصل من مبحثين: نتحدّث في المبحث الأول عن العناصر الثقافية المعنوية لدى المكون المسيحي، والتي تشمل (اللغة، و الشعائر و الطقوس الدينية، والعناصر الثقافية الاجتماعية، والعادات والتقاليد الخاصة بالزواج والأسرة، والعلاقات الاجتماعية، والفن، والهجرة، والنشاطات السياسية، والطب الشعبي، الضبط والتنظيم الاجتماعي، وغير ذلك ).**

**وفي المبحث الثاني، من هذا الفصل، نتطرّق إلى العناصر الثقافية المادية، والتي تشمل (المهنة، والمستوى الاقتصادي والمعيشي، وتوزيع الإعمال والمهام، والمشاركة في العمل وكسب الرزق، والبيع والشراء، والأملاك، وتوزيع الميراث، والمساعدات الاجتماعية، والأزياء الخاصة بهم، والحُليّ، والأساليب والطرق الخاصة بترتيب المنازل، والآثار، والحاجات والأدوات المنزلية، والعادات والتقاليد الخاصة بأنواع الأطعمة والمشروبات وصنعها، وأشجار الزيتون وزيوتها، والمخطوطات، وتبادل الهدايا، وغيرها من العناصر الثقافية المادية).**

**أمّا الفصل الثالث، فيتناول ثقافة المسيحيين في قضاء كؤيه، ويتكوّن هو الآخر من مبحثين: المبحث الأول يصف العناصر الثقافية المعنوية لدى المسيحيين في قضاء كؤيه، والتي تشمل: (اللغة، و الشعائر والطقوس الدينية، والعناصر الثقافية الاجتماعية والعادات والتقاليد الخاصة بالزواج والأسرة، والعلاقات الاجتماعية، والفن، والهجرة، والنشاطات السياسية، والطب الشعبي، الضبط والتنظيم الاجتماعي، وغير ذلك).**

**وفي المبحث الثاني نتحدث عن العناصر الثقافية المادية لدى المكون المسيحي في قضاء كؤيه، والتي تشمل أيضا (المهنة، والمستوى الاقتصادي والمعيشي، وتوزيع الإعمال والمهام، والمشاركة في العمل وكسب الرزق، والبيع والشراء، والأملاك، وتوزيع الميراث، والمساعدات الاجتماعية، والأزياء الخاصة بهم، والحُليّ، والأساليب والطرق الخاصة بترتيب المنازل، والآثار، والحاجات والأدوات المنزلية، والعادات والتقاليد الخاصة بأنواع الأطعمة والمشروبات وصنعها، والإنتاج، وأشجار الزيتون وزيوتها، والمخطوطات، وتبادل الهدايا، و وسائل النقل، والأجهزة والأدوات المستخدمة في الزراعة، وغيرها من العناصر الثقافية المادية).**

**وخصّصنا الفصل الرابع، من هذا البحث، لأهم النتائج التي توصلنا إليها، من ثم أهم مقترحات وتوصيات الدراسة، والتي يمكن أن يستفيد منها أفراد المجتمع، وكذلك الوزارات والدوائر الحكومية، والجامعات، ومنظمات المجتمع المدني، والمنظمات المحلية والدولية، والمؤسسات البحثية.**

# (The Culture of the Christians)-

## an anthropological field research on Christians culture in Slemani city and the Town of Koya.

## Research summary

-  Culture and cultural system is an essential subject in anthropology; and researching the culture of peoples and the religious and ethnic groups of a specific area is a crucial and basic area of cultural anthropology.
-  The title of the research is (The Culture of the Christians)- an anthropological field research on Christians culture in Slemani city and the Town of Koya.
-  The main subject of this research is the Culture of the Christians in the city of Slemani, Koya town, and Harmota village; because the Christians in Slemani and Koya are a religious and ethnic group with their own religious, ethnic and cultural characteristics.
-  Concerning the methodology of this research has been conducted using (descriptive, historical, and comparative) method, giving a detailed account of the culture of the Christians of Slemani and Koya.
-  The main means of collecting research data were interviewing members of the target group, note taking, and participating in their religious and social events. The data has been collected, interpreted, and analyzed in an objective and impartial manner.
-  In this research, authentic information and knowledge has been showed about the culture of the Christians in in Slemani and Koya.
-  This research consists of four chapters, each chapter contains two sections: -

- **Chapter one talks about (the main elements of the research and ecological system) and includes two subheadings: -**
- **First section: - The main elements of the research is specified, which are: (subject matter of the research, importance of the research, objectives of the research, methods of the research, means of data collection, implications of the research.)**
- **The main objective of the research is knowing the cultural characteristics of the Christians in Slemani and Koaya.**
- **Second section: - the ecological system of Slemani and Koya has been described as well as the ethnic background and the number of the population of the Christians in Slemai and Koya.**
- **Chapter two: the culture of the Christians in Slemani has been explained and described and it consists of two sections:**
- **First section: - talks about the elements of the intangible culture such as (language, lifestyle, religious rituals, customs and norms of marriage and family, social relations, social habits, Social customs and norms, arts, immigration, political activities and behavior, Traditional Medicine, law and social control, conflict of the values)**
- **Second section: - talks about the Material Culture elements such as (profession, economical class, job distribution, partnership in business and jobs, buy and sell, renting, land property, distribution of inheritance, social assistance, clothes, jewelry, architecture, ancient sites (archaeological sites), household furniture, food and beverage, eating and drinking habits, production, devices and technology, olive trees and olive oil, manuscripts, gift exchange, transportation means)**
- **Chapter three: describes the culture of the Christians of Koya and it consists of two secctions:**
- **First section: - talks about the elements of the intangible culture such as (language, lifestyle, religious rituals, customs, norms and traditions of marriage and family, social relations, social habits, Social customs and norms, arts, immigration,**

**political activities and behavior, Traditional Medicine, law and social control, conflict of the values)**

- **Second section: - talks about the Material Culture elements such as (profession, economical class, job distribution, partnership in business and jobs, buy and sell, renting, land property, distribution of inheritance, social assistance, clothes, jewelry, architecture, ancient sites (archaeological sites), household furniture, food and beverage, eating and drinking habits, production, devices and technology, olive trees and olive oil, manuscripts, gift exchange, transportation means)**

- **Chapter four: it includes results, Conclusion, Proposals, recommendations and suggestions of the research.**

**After analyzing the interviews and the data, we arrived at several Conclusions.**

- **In light of the research results, the researcher offers some recommendations and suggestions that could be beneficial for the society, ministries and governmental institutions, universities, civil society organizations, local and international organizations, and research institutions.**

**Kurdistan Regional Government-Iraq**

**Ministry of Higher education and Scientific Research**

**University of Sulaimani**

**College of Humanities**

**Department of sociology**

# The Culture of the Christians

## An Cultural Anthropology Research in Sulaimani and Koya

**By**

**Jaza Hamasalih Wali**

**A dissertation**

**Submitted To The council of the College of humanities University of Sulaimani**

**In partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master in Sociology- Anthropology**

**Supervised by**

**Assist. Prof. Dr. Najat Mohammed Faraj**

**٢٧١٧ K** **٢٠١٧ D** **١٤٣٨ H**